# گۆڤارێکی ئەدەبی و رووناکبیرییە

**بنکەی رووناکبیریی گەلاوێژ دوو مانگ جارێك دەری دەکات**

**ژمارە ٦٠ نیسان- ٢٠١٣**

**سەرنووسەر**
**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی**

**سکرتێری نووسین**
**دانا فایەق**

**دیزاین**
**ئارام عەلی**

**چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی**



سلێمانی- بنکەی رووناکبیریی گەلاوێژ- نزیك فولکەی خاڵە حاجی- بەرامبەر قوتابخانەی گەشەی بنەڕەتی

٠٥٣٣٢٩٠٢٧٥

gelawejinwe@yahoo.com

*تەکنیکی پێشکەوتنی ڕووداو .......... ئارام ڕەحمان پاشا .......... ٤
*شامانیفێستی تووڕە وگومانکارانە سەبارەت بە شۆڕش .......... شێرزاد حەسەن .......... ٢٣
*چەمکی مۆدێرنیتە و دەرکەوتەکانی .......... د. نادیە کاکەسوور .......... ٣٥
*مۆسیقای پیرۆزی کوردانی ئەهلی هەق .......... و: خالید مەجید فەرە .......... ٤١
*دۆسیەی ژمارە .......... کەریم دەشتی .......... ٥٧-١٣١
*بووم بە ژێر ڕۆژە خێراکانی مۆدێرنەوە .......... داستان بەرزان .......... ١٣٣
*ئازادی .......... و: هەستی سەمەد .......... ١٣٨
*چەند شیعرێکی ئێمیلی دیکێنسۆن .......... و: بڵند باجەلا .......... ١٤٢
*ڤانی، سەگەکەم! .......... سیروان کەریم .......... ١٤٦
*تازیەباری .......... و: دلاوەر قەرداغی .......... ١٥١

*لە گۆرانییەکی غەزەلی زیاتر.......... و: تاهیر عەبدولواحید.......157
*ڕۆژێکی گونجاو بۆ کەنگارۆکان.......... و: جەبار سابیر.......161
*گفتوگۆ لەگەڵ ئۆرهان پامووک-دا.......... و: هیوا قادر.......165
*پەیامی ڕۆژی جیهانیی شانۆ 2013.......... داریۆ فۆ.......174
*بونیادی درامی لە شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا.......... عەلی عوسمان یاقووب.......176
*نامەکانی بێکێت؛ داهێنانێکی گۆشەگیرانە ئاشکرا دەکات.......... و: دانا ڕەئووف.......190
*ڕێگەکانی گەیاندن لە (خوێنی ڕۆژهەڵاتی)دا.......... کاروان عومەر کاکەسوور.......199
*ماڵ لە لای یۆن فۆسە.......... نیهاد جامی.......207
*من و شێلمفرۆشەکە.......... گەزیزە عومەر.......212
*دیدار لەگەڵ شانۆکار (کەمال هەنجیرە)دا.......... سازدانی: شۆڕش محەمەد حسێن.......221
*هەشت کتێبی شانۆیی دەزگای سەردەم.......231

# تەکنیکی پێشکەوتنی ڕووداو

ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە) وەك نموونە

ئارام ڕەحمان پاشا

## بەشی یەکەم

### تەوەرەی یەکەم:

### چەمک و پێناسەی کات:

کات تەوەرەی سەرەکیی ئەدەبی گێڕانەوە پێک دەهێنێت، بەوەی هەموو کارەکتەر و ڕووداوەکان نەک هەر دەخوڵقێنێت، بەڵکو بە یەکتریشیان دەبەستێتەوە، مادام هیچ جووڵەیەک ناکەوێتە دەرەوەی کاتەوە. کاریگەریی کات لەسەر کارەکتەر لەوەدا دەردەکەوێت، کە بە هۆی ئەو بەردەوامییەی هەیەتی پرسیاری لا دروست دەکات، "بۆیە هەستکردن بە کات؛ هەستکردنە بە بوون. بەم شێوەیە کات هەموو لایەنەکانی چیرۆک دەگرێتەوە: بابەت، فۆرم و شێواز، یاخود زمان" (1).

(نەجم خالید ئەڵوەنی) لە چوارچێوەی ڕۆماندا بەم شێوەیە پێناسەی کات دەکات: "کاتی ڕۆمان ئەو کاتەیە کە چۆنیەتیی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و جووڵانەوەی کەسایەتییەکان لە ئێستا و ڕابردوو و ئایندەدا بە گوێرەی شێوازی گێڕانەوەی تێکستەکە ڕێک دەخات و بە گونجاوترین شێوە گوزارشت لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و فیکریی ئەوان لە هەڵوێستە جیاوازەکان دەکات و فەلسەفەی ژیانیان، لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕووداوەکان پیشان دەدات"(2).

فەلسەفەی کلاسیکی بە نیگەرانییەکی قووڵەوە ڕووبەڕووی مەسەلەی تێپەڕینی کات و ڕووداوەکانی ڕۆژانە بووەوە. فەیلەسووفێکی وەک هیراکلیتس وا لە کاتی نەڕوانیوە، کە شتێکە هی ئێستا و هی ئێرەیە، بەڵکو کاتی بە گۆڕانەوە بەستووەتەوە(3)، هەروەها فەیلەسووفێکی وەک (ئەرستۆ)یش کاتی پێوەست کردووە بە جوڵانەوەوە، ئەوەشی ڕوون کردووەتەوە کە کات کۆتایی نایەت، چونکە جوڵانەوەکان بێکۆتایین، بە بۆچوونی ئەم فەیلەسووفە "کات لە هەموو جوڵانەوەیەکدا هەیە، چونکە هەر جوڵانەوەیەک ماوەی تایبەتی خۆی هەیە"(4). واتە کات پێوەری جووڵەیە و بە شوێنەوە بەندە، چونکە ئەوە جووڵەیە کات لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر دەبات، یان لە شوێنێکەوە دەیگەیەنێتە شوێنێکی ترەوە. بەم شێوەیە ماوەی کاتێک لە ماوەی کاتێکی تر جیاوازە و هەر جووڵەیەکیش گۆڕانێک بەسەر کاتی پێش خۆیدا دەهێنێت.

لای (هایدیگەر) مەبەست ئەوە نییە کات وەک ئەم بوونەوەر و ئەو بوونەوەر دەستنیشان بکرێت، "بەڵکو مەبەست گۆڕینی پرسیاری (کات چییە؟)یە بۆ (کێ کاتە؟)"(5)، کە ئەمە تاکە ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی بە شێوەی زەمەنییانە لە بارەی کاتەوە بدوێین. واتە نابێت پێمان وا بێت کات بوونەوەرێکی نەناسراوە، بەڵکو دەبێت وای دابنێین خۆمانین. بەپێی ئەو بۆچوونەی (هایدیگەر) کاتێ ئێمە دەزانین کات خودی مرۆڤە، نەوەک شتێک بێت لە دەرەوەی، ئەوە ئەوەیشمان بۆ دەدردەکەوێت، کە لە ڕێگەی کاتەوە مرۆڤ پێوەندیی بە هەموو دنیاوە هەیە، بە گیانلەبەر و بێگیانەوە، بەڵام تەنیا مرۆڤ لە بارەی کاتەوە پرسیار دەکات، چونکە ئەو پرسیارە تایبەتە بە بوونەوە.

بە هۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کات لەناو هەر تێکستێکی ئەدەبیدا هەیەتی، بە تایبەتی لە ڕۆماندا، ئەوە ڕەخنەی ئەدەبی بایەخێکی گەورە بەو ڕەگەزە دەدات. بە دەگمەن لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەبینین پێوەندیی کات و شوێن لە لایەک و پێوەندیی کات و کارەکتەری فەرامۆش کردبێت(6). (فرانک ئۆکۆنۆر) پێی وایە ڕەگەزی کات گەورەترین خەسڵەتی جیاکەرەوەی ڕۆمان و چیرۆکە، بەوەی لە ڕۆماندا دەتوانرێت بەشێکی زۆری ژیانی ڕۆژانە پێشان بدرێت، کە چۆن لە ڕووی مێژووییەوە کارەکتەر و ڕووداو گەشە دەکەن، بەڵام لە چیرۆکدا ئەو بوارە نییە(7).

ڕاستییەکەی هیچ یەکێ لەو ڕەگەزانەی ڕۆمان پێک دەهێنن وەکو کات پێوەستیی گێڕانەوە نین، "چونکە گێڕانەوە بەبێ کات بەرهەم نایەت"(8). گرنگیی کاتیش لە پرۆسەی گێڕانەوەدا لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، کە هەر دەقێک خۆی لە خۆیدا لەسەر کاتی فرەتەوەرە و فرەلایەنە دادەمەزرێت. هەر ئەم گرنگییەشە وای لە ڕەخنەگران کردووە کە چیتر وەکو بابەتێکی ئاسایی لە کات نەڕوانن، "بەڵکو بە لایانەوە کات خودی ڕۆمانە"(9). ڕۆمان نزیکترین ڕەگەزی ئەدەبییە لە واقیع و واقعیش بێ کات نابێت، هەمان ئەو هەمەڕەنگییە زەمەنییەی لە ژیاندا هەیە ڕۆماننووس بەبێ دوودڵی دەیگوازێتەوە ناو دەقی ڕۆمانەکەی، بەڵام سیستێمە زەمەنییەکەی تێک دەشکێنێت و بە شێوەیەکی باڵاتر دەریدەخاتەوە،





که هونەر هەمیشە ئەوە بەسەر نووسەردا دەسەپێنێت بە پێی سیستێمی ئیستاتیکی مامەڵە لەگەڵ ئەو وێنانەدا بکات، کە لە واقیعیان وەردەگرێت. سەرکەوتوویی ڕۆمان پێوەستە بە چۆنیەتیی ئەو مامەڵەیەی کە ڕۆماننووس لەگەڵ کاتیدا دەکات، "ئەو ڕاستییەی کە سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە زۆرینەی ئەو پێشکەوتنانەی لە هونەری ڕۆماندا ڕوویان داوە، لە بنچینەدا ئەو پێشکەوتنانەن کە لە توخمی کاتدا ڕوویان داوە"(10).

کات ئەوە بەسەر ڕۆماننووسدا دەسەپێنێت وەک ڕەگەزێک مامەڵەی لەگەڵدا بکات، کە لە ناوەوەی کارەکتەر و ڕووداوەکاندایە، نەوەک ڕەگەزێک بێت لە دەرەوە. ئەگەر شوێن لە کاری ئەدەبی گێڕانەوەدا ڕەهەندی ماددیی ژیانی کارەکتەر پێک بهێنێت، ئەوە کات هەر خۆی خودی ژیانە، یاخود هەستکردنە بە ژیان. "شوێن دنیای شتە چەسپاوەکانە، بەڵام کات بە دنیای شتە بزۆزەکان دادەنرێت"(11).

زۆربەی ئەو ڕۆماننووسانەی بە ئەزموونەکانیان بەشدارییان لە پێشخستنی ڕۆمان لە ڕووی فۆرم و شێوازەوە کردووە، خەیاڵیان لای کات بووە، "ویستوویانە لە سرووشت و بەهای کات تێبگەن، بە تایبەتی لەوەی پێوەندیی بە بونیادی ڕۆمانەوە هەیە"(12).

ئەوەی وای لە نووسینەکانی (ساموێل ڕیچاردسۆن 1689_ 1761) کردووە، کە خوێنەر بە شێوەیەکی فراوان پێشوازییان لێ بکات و جیاواز لە بەرهەمی نووسەرەکانی دیکە بایەخیان پێ بدات، هۆکارەکەی مامەڵەکردنی وردی ئەو بووە لەگەڵ کاتدا. ئەو زیاتر ناخی کارەکتەری دەرخستووە و پێی لەسەر لایەنی سایکۆلۆجییان داگرتووە. ئەمەیش وای پێویست کردووە خۆی لە قەرەی چەمکی کات بدات. دەستنیشانکردنی کاتەکان بە وردی وەک خاسیەتێکی واقیعی (realism)ی بە ڕۆمانەکانی دەدا، "ڕیچاردسۆن زۆر وردەکاریی لەوە دەکرد تا هەموو ڕووداوی چیرۆکەکانی لە تەرحی کاتێکی دیاری ڕاڤەکراودا جێگە بکاتەوە، کە بەر لەوە هەرگیز وێنەی نەبووە"(13)، هەروەها (ڕیچاردسۆن) لە نامە ڕۆمانەکانیدا، ئەو هەستە لای خوێنەر دروست دەکات، کە لە هەموو ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەدا بەشدارە، ئەمەش بە هۆی ئەو وردەکارییەوەیە، کە لە کاتدا کردوویەتی.

کات هێندەی کاریگەری لە دەرەوەی کارەکتەر دەکات وەک لە جووڵەکانی لەناو چوارچێوەی شوێندا دەردەکەوێت، هێندەیش کاریگەریی لەسەر ناوەوەیدا دەبێت وەک لە شێوازی بیرکردنەوە و خەیاڵەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. مرۆڤی سەردەمی ئەمڕۆ وەک مرۆڤی سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست نییە. تەکنەلۆجیا نەک هەر کاریگەریی گەورەی لە خێرایی مرۆڤ کردووە، بەڵکو جۆری بیرکردنەوە و خەیاڵەکانیشی گۆڕیوە، کە وای کردووە مرۆڤی ئەمڕۆ نیگەران و شپرزە بێت و هەست بە نامۆیی بکات. ئەمانە لە ئەدەب، بە تایبەتی لە ئەدەبی گێڕانەوەدا دەردەکەون. وەک دەبینین ڕۆمان، کە زیاتر لە سەرەتای سەدەی بیستەم گەشەی کردووە؛ زیاترین بایەخی بە کات داوە، کە ئەمە لە بەرهەمەکانی (مارسێل پرۆست)، (جیمس جۆیس)، (ولیام فۆکنەر) و زۆری تردا دەردەکەوێت. مەبەست لە بەکارهێنانی تەکنیکی شەپۆلی هۆش، کە پشت بە تیۆری شیکاریی دەروونیی (فرۆید) دەبەستێت، بێجگە لە لایەنی ئیستاتیکی، لایەنی دەرخستنی کاریگەرییەکانی کاتیشە لەسەر سایکۆلۆجیای کارەکتەر. کەواتە هەر کاتێ بمانەوێت لە بارەی ئەدەبی گێڕانەوە بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی بنووسین، ڕەگەزی کات خۆی بەسەرماندا دەسەپێنێت.

**تەوەرەی دووەم:**

**ناساندنی چەمک و زاراوەی پێشکەوتن:**

کاتێ دەمانەوێت لە چەمکی پێشکەوتنی ڕووداو بکۆڵینەوە، ئەوا لانی کەم دەبێت دوو خاڵ لە بەرچاو بگرین، یەکەم: دۆزینەوەی ناوێکی گونجاو بە زمانی کوردی، کە وەک زۆر چەمکی دیکەی ئەدەبی، هونەری، فەلسەفی و زانستی هێشتا تەواو ساغ نەکراوەتەوە و جێگەی خۆی نەگرتووە. دووەم: ئەو چەمکە بە زمانی کوردی زۆر کەم باسی لێوە کراوە، بۆیە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەماندا ناچار دەبین بەشێکی زۆر بۆ پێناسە و ڕەهەندەکانی تەرخان بکەین و هەوڵ دەدەین لەو چوارچێوەیەدا ئاماژە بە کۆمەڵێک سەرچاوەی جیاواز بدەین، بەو مەبەستەی هەندێ هێڵی گشتیی ئەو چەمکە پێشان بدەین.

دەتوانین بڵێین ئەو چەمکە بە بەراورد لەگەڵ چەمکەکانی دیکەی ئەدەبی گێڕانەوە؛ لەوانە فلاشباک بۆ نموونە، نوێترە و لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر برەوی پەیدا کردووە، بۆیە لە دەرەوەی زمانی کوردیشدا هەر کەم قسەی لێوە کراوە. ئەگەرچی لە زمانی کوردیدا، دروستتر لای ئەو ڕاڤەکارانەی لەو چەمکەیان کۆڵیوەتەوە، (پێشکەوتنی ڕووداو) لە بەرانبەر وشەی (Prolepsis)ی ئینگلیزی و (استباق)ی عەرەبی بە کار هاتووە، بەڵام پێمان وایە جۆرێک ناڕۆشنی لەو دوو وشەیەدا هەیە، کە دەشێت خوێنەر وا بزانێت مەبەست پەرەسەندنی ڕووداوە، کە ئەویش یەکێکە لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە، واتە چۆن هێڵی درامیی ڕووداو پەرە دەستێنێت، بۆیە ئێمە وامان پێ چاکە لێرەدا (بازدانی کات)یش بە کار بهێنین، کە لە (Time -Shift)ی ئینگلیزییەوە نزیکە و هاوواتای وشەی (Prolepsis)ە، بۆ ئەوەی مانای چەمکەکە ڕۆشنتر ببێت. وەک دەبینین (ا. ا. مندلاو) لە کتێبی (کات و ڕۆمان)دا ناوی (Time Shift)ی لێ دەنێت و پێی وایە (کۆنراد) و (فۆرد مادۆکس فۆرد) گەشەیان پێ داوە (14). دەبێت ئەوەیش بڵێین هەر بە زمانی ئینگلیزی "Flashforward"ی (15) بۆ بەکار دەهێنرێت.



دەبێت ئەوەیش بڵێین، کە پێشکەوتنی ڕووداو تەنیا تایبەت نییە بە ئەدەب، بەڵکو لە بواری فیکرییشدا چەمکێکە و کاری پێ دەکرێت، بۆ نموونە (هۆگ دی جۆڤێنال) لە کتێبی (ئایندە وەک مۆدێرنێتە دایدەهێنێت)دا دەڵێت: "پێشکەوتنی ڕووداو نە چاوەڕێکردن -توقع-ە و نە پێشبینی، ئەرکیشی ئەوە نییە نوقڵانەی داهاتوو لێ بدات؛ وەک بڵێی شتێکی ئامادەکراو بێت، بەڵکو ئەرکی ئەوەیە یارمەتیمان بدات لە دامەزراندنی، کە ئەوسا بانگهێشتمان دەکات بۆ ئەوەی ئایندە کارێکە لەسەرمانە دایبمەزرێنین و بنیادی بنێین" (16).

(لوتفی زەیتونی) لە (فەرهەنگی زاراوەکانی ڕۆمان)دا پێشکەوتنی ڕووداو بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "پێچەوانەی ڕەوتی زەمەنی گێڕانەوەیە، کە ئێستای حیکایەت تێدەپەڕێنێت و باس لە ڕووداوێک دەکات، کە هێشتا کاتی نەهاتووە. پێشکەوتنی ڕووداو لەو تێکستانەی بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک نووسراون، زۆر باوە، بە تایبەتی لە کتێبی ژیاننامە و گەشتنامەکاندا، کە نووسەر، چیرۆکبێژ و کارەکتەر سێ ڕۆڵیان هەیە و یەک کەس ئەو ڕۆڵە دەبینێت. ئەو تێکەڵکردنەی ڕۆڵەکان دەبێتە هۆی بەیەکداچوونیان و دواتر بەیەکداچوونی زەمەنەکانیشیان. پێشکەوتنی ڕووداو هەندێجار شێوەی خەون وەردەگرێت، خەونێک غەیب کەشف بکات، یان شێوەی پێشبینی و گریمانی ڕاستەقینە لەبارەی داهاتووەوە وەردەگرێت" (17).

لە (ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی)شدا وا پێناسەی پێشکەوتنی ڕووداو کراوە:



"تەکنیکێکی گێڕانەوەیە، کە ڕووداوێکی داهاتوو، یان پێشکەوتنێک پێشکەش دەکات، وەک ئەوەی کە پێشتر ڕووی دابێت، یان بوونی هەبێت"(18).

لەم پێناسەیەدا دەبینین جەخت لەسەر ڕوودانی ڕووداوەکە کراوەتەوە، وەک ئەوەی لە ڕابردوودا ڕووی دابێت، لێرەدا تەکنیکی پێشکەوتنی ڕووداو، وەک گەڕانەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە لە گەڕانەوەدا ڕووداوەکە لە ڕابردوودا ڕووی داوە، بەڵام پێشکەوتن دەبێت ڕووداوەکە لە داهاتوودا ڕوو بدات، کەواتە جیاوازیی نێوان ئەم دوو تەکنیکە تەنیا زەمەنە، لە یەکەم ڕابردوو سەنتەرە و لە دووەمیان داهاتوو. دەکرێت بڵێین پێشکەوتنی ڕووداو پێچەوانەی تەکنیکی فلاشباک "Flashback"ە، بەوەی ئەگەر مەبەست لە فلاشباک پێشاندانەوەی دیمەنێک، یان زیاتر لە دیمەنێکی ڕابردوو بێت، کە لە "ئێستا"دا خۆیان دەسەپێنن و دەردەکەونەوە، ئەوا پێشکەوتنی ڕووداو بریتییە لە هێنانە بەرچاوی دیمەنێک، یان زیاتر، کە چاوەڕێ دەکرێ لە داهاتوودا بێنە دی. ئەگەر یەکەمیان هێنانی دیمەنی (ڕابردوو) بێت بۆ (ئێستا)، ئەوا دووەمیان گواستنەوەی خودی زەمەنە لە (ئێستا)وە بۆ (داهاتوو)، چونکە لە پێشکەوتنی ڕووداودا (ئێستا) گرنگیی خۆی لە دەست دەدات و (داهاتوو) شوێنی دەگرێتەوە. بە مانایەکی تر ئەگەر لە فلاشباکدا دیمەنەکانی (ڕابردوو) بە دیمەنەکانی (ئێستا)وە ببەسترێنەوە، ئەوا لە پێشکەوتنی ڕووداودا (ئێستا) بە (داهاتوو)ەوە نابەسترێتەوە، بەڵکو بە لاوە دەنرێت و بە شێوەیەکی پارادۆکس (داهاتوو) دەست پێ دەکات، بێ ئەوەی بە ڕاستی پێی گەیشتبین. واتە بێ ئەوەی هێشتا لە ڕووی فیزیکییەوە (ئێستا) تێپەڕیبێت و (داهاتوو) هاتبێت. خاڵی لەیەکچووی نێوان ئەو دوو تەکنیکە ئەوەیە، کە هەردووکیان لەبەر گرنگی جەختیان لەسەر دەکرێت. لەم ڕووەوە (ئەحمەد حەمەد ئەلنەعیمی) لە کتێبی (ڕێتمی کات لە ڕۆمانی هاوچەرخی عەرەبیدا) دەنووسێت: "فلاشباک و پێشکەوتنی کات شێوەیەک لە شێوەکانی زەمەنی سایکۆلۆجی پێک دەهێنن، کە لە شێوەی جۆراوجۆردا خۆیان دەنوێنن؛ لەوانە چاوەڕوانی"(19).

(د. عەدنان خالید عەبدوڵڵا) پێشکەوتنی ڕووداو و پێشبینی بە یەک شت دەزانێت، بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: "پێشبینی لە چیرۆکدا بریتییە لە ڕێکخستن و پیشاندانی ڕووداوەکان لە چیرۆک و شانۆدا بە جۆرێک کە خوێنەر ئامادە بکات بۆ خوێندنەوەی، یان دیتنی ڕووداوەکانی دواتر"(20). بە بڕوای ئێمە پێشبینی یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ئەو تەکنیکە، نەوەک هاوواتای بێت. ڕۆماننووس لە ڕێگەی تەکنیکی پێشکەوتنی ڕووداوەوە فۆکووس لەسەر ڕووداوێک دەکات، کە هێشتا نەهاتووە. هەروەها بەو مەبەستەی وا لە خوێنەر بکات زیاتر گرنگی بەو پێشبینی (Prediction)یە بدات و بە پەرۆشتر چاوەڕێی ببێت. بێگومان لە ڕێی پێشکەوتنی ڕووداوەوە خوێنەر هەست دەکات کە چیرۆکبێژ زانیاریی گرنگی لایە و دەیەوێت لە بەشەکانی داهاتوودا بیانگەیەنێت، بۆیە هەوڵ دەدات پەلە بکات لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە؛ تا دەگاتە ئەو ڕووداوەی کە پێشوەخت باس کراوە. "ئەمە مانای وا نییە کاتێ ڕۆماننووس پەنا بۆ ئەو تەکنیکە دەبات و بەڵێنی ئەوە بە خوێنەر دەدات، کە ڕووداوێک لە داهاتوودا ڕوودەدات، ئەوا هەر دەبێت بێتە دی، بەڵکو نووسەر تا ڕادەیەک ئازادە لەگەڵ ئەو بەڵێنەی ڕاست بێت، یان نا، کە ئەمە لای (جیرار جینێت) بە ئامادەکاریی لەخشتەبردن ناو دەنرێت"(21).

واتە نووسەر مەبەستییەتی خوێنەر لەگەڵ خۆیدا بۆ کۆتایی ڕۆمانەکە ببات، بێ ئەوەی بیگەیەنێتە ئەو شوێنانەی پێشتر ئاماژەی پێ دابوون، کە ئەمەیان وا دەکات خوێنەر تووشی هەڵوێستی لەناکاو بکات و لەوێ بە جۆرێکی تر بیر لە تیمەی ڕۆمان بکاتەوە.

(ئامنە یوسف) لە کتێبی (تەکنیکەکانی گێڕانەوە)دا پێشبینی و پێشکەوتن لە یەکتر جیا دەکاتەوە و پێی وایە "پێشکەوتنی ڕووداو لایەنێکی دیکەیە لە جیاوازیی تەکنیکەکانی گێڕانەوە لە داهاتوودا، پێشکەوتن لە ڕووی تێگەیشتنی هونەرییەوە پێشکەوتنی ئەو ڕووداوانە دەگرێتەوە، کە بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا ڕوودەدەن، بە پێچەوانەی ئەو ڕووداوانەی پێشبینی دەکرێن ڕووبدەن، بەڵام ڕوونادەن"(22).

لێرەدا (ئامنە یوسف) مەرجی بۆ هاتنە دیی بۆ ئەو پێشکەوتنانە داناوە، کە نووسەر لە درێژەی گێڕانەوەکەدا دەیانکات. واتە پێشکەوتنی ئەو ڕووداوانەی داهاتوو، کە لە کاتی ئێستا دەگێڕدرێنەوە، دەبێت دواتر بێنە دی، تاکو لە لای خوێنەر گومان دروست نەکات. بەم شێوەیە پێشکەوتنی دەرەکی، کە جۆرێکە لە جۆرەکانی پێشکەوتنی ڕووداو لای ئەو نووسەرە بوونی نییە، چونکە ئەو پێی وایە دەبێ بە دڵنیاییەوە لە درێژەی گێڕانەوەکەدا بێنە دی. وەک گوتیشمان ئەو پێشبینی و پێشکەوتنی ڕووداو بە یەک شت نازانێت. ئەو پێی وایە پێشبینی تەنیا پێشبینیکردنی ڕووداوەکانە لە کاتی ئێستادا. واتە پێشنینی تا ئەو کاتە پێشبینییە، کە نووسەر باسی ڕووداوێک دەکات، یان ڕووداوێک بۆ خوێنەر دەورووژێنێت. ئینجا کاتێ ئەم پێشبینییە لە بەشەکانی دیکەدا هاتە دی، ئەوا ڕاستەوخۆ دەبێتە پێشکەوتنی ڕووداو، بەڵام ئەگەر ڕووی نەدا ئەوا هەر بە پێشبینی دەمێنێتەوە. ئێمە لێرەدا لەگەڵ نووسەر کۆکیکن، کە ئەو دووانە جیاوازن، بەڵام باوەڕمان وا نییە، ئەگەر نەهاتنە دی؛ نابنە پێشکەوتنی ڕووداو، چونکە وەک لای (جیرار جینێت)دا بینیمان ئەمە فێڵێکی هونەرییە و بە ئامادەکاریی لەخشتەبردن ناو دەنرێت. ئێمە پێمان وایە ئەگەرچی پێشبینی بە داهاتووەوە بەندە، بەڵام پێوەندیی بە ئێستا و ڕابردوویشەوە هەیە، بەوەی لەسەر بنەمای ڕووداوەکانی ڕابردوو و ئێستا دادەمەزرێت. کاتێک چەمکی پێشبینی دێتە پێشەوە، خوێنەر چاوەڕێی ڕووداوێکە، ئاخۆ دەبێت، یان نابێت. ئاخۆ بە دڵی ئەو دەبێت، یان بە پێچەوانەوە. چاوەڕوانی هەر خۆی پڕە لە دڵەڕاوکێ و ترس.

بەم شێوەیە پێشبینی جۆرێک لە تامەزرۆیی (Suspense) لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بەوەی وا لە خوێنەر دەکات بە دوای ڕووداوەکاندا بچێت و بزانێت بە کوێ دەگەن. کەواتە ئەرکی پێشبینی بە پلەی یەکەم خێراکردنی ڕیتمی زمان و جووڵەی کارەکتەرە. کاتێ کارەکتەر چاوەڕێی هاتنەدیی پێشبینییە؛ واز لە زۆر بیرکردنەوەی لاوەکی دەهێنێت و خەیاڵی هەر لای ئەو ڕووداوەیە، کە لای ئەو مانای تایبەتی هەیە.

(بەختیار سەجادی) و (محەمەد مەحموودی) بەم شێوەیە پێناسەی پێشکەوتنی ڕووداو دەکەن: ئەم زاراوەیە یۆنانییە بە شێوەگەلی جیاجیا بەکارئەهێنرێ، ئاماژەکردنە بۆ شتێک کە لە داهاتووی کردەی چیرۆکیدا بە ڕاستی ڕوودەدات، یاخود دەرخستنی پێشوەختی هەندێ دیاردەیە، کە دواتر لە هەمان بەرهەمدا دێنە ئاراوە. ئەم تەکنیکە پتر پەیوەندیی بە گێڕانەوەناسییەوە هەیە، جیرار جینێت دوو جۆر پێشبینیی دیاری کردووە، پێشبینیی ناوەکی، ئەو پێشبینییەیە کە ڕووداوەکان لە ناو چوارچێوەی زەمەنی گێڕانەوەکەدا ڕوودەدەن. پێشبینیی دەرەکی، ئەو پێشبینییەیە کە ڕووداوەکانی لە سنووری زەمەنی گێڕانەوەکە ڕوونادەن، واتە دەکەونە

دەرەوەی چوارچێوەی گێڕانەوەکە (23).

ئەو دوو نووسەرە زاراوەی پێشبینییان بۆ بەکارهێناوە. ڕوودانی ئەو ڕووداوانەش لە چوارچێوەی گێڕانەوەکەدا مەرجی سەرەکیی پێشبینییە، واتە نووسەر کاتێک پێشبینی دەکات، ئەوا دەبێت خوێنەر پێش تەواوبوونی گێڕانەوەکە هاتنەدیی پێشبینییەکە بخوێنێتەوە.

لە ئینسایکلۆپیدیای ویکیپیدیا "wikipedia"دا بەم شێوەیە پێناسەی پێشکەوتنی ڕووداو کراوە:

"ڕووداوێکی لەناکاوە، کە گێڕانەوەکە دەباتە پێش ئێستای کاتی چیرۆک (ڕۆمان)" (24).

ئەوەی ئاشکرایە گێڕانەوە لەسەر دوو جۆر کات بنیاد دەنرێت، کاتی ڕۆمان ئەو کاتەیە، کە ڕووداوەکانی بە زنجیرەیی یەک بە دوای یەکدا ڕوویان داوە، یان ڕوو دەدەن، کاتی گێڕانەوە ئەو کاتەیە کەوا گێڕەرەوە تێیدا ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و ڕێکیان دەخات، ئەو زنجیرەیەی ڕووداوەکان کە لە کاتی ڕۆماندا هەیە، لە کاتی گێڕانەوە بوونی نامێنێت، واتە لە کاتی گێڕانەوەدا نووسەر ئەو زنجیرەییەی کاتی ڕۆمان تێک دەشکێنێت، لە ڕێگەی تەکنیکەکانی کاتەوە ڕووداوەکان پێش و پاش دەخات، واتە نووسەر لە یەک کاتدا ڕەفتار لەگەڵ ڕابردوو و ئێستا و ئایندەدا دەکات (25). دەتوانین بڵێین ڕۆماننووس کاتێ پەنا بۆ تەکنیکی پێشکەوتنی ڕووداو، یان بازدانی کات دەبات، ئەوا مەبەستییەتی کارەکتەر لە زەمەنێکی دیاریکراودا قەتیس نەکات، بەڵکو لە هەرسێ زەمەنەکەدا هەڵی بسووڕێنێت، ئەمەیش وا دەکات ڕووداوەکان بە شێوەی کرۆنۆلۆجی، واتە بە زنجیرە، بە دوای یەکدا نەیەن. ئەمە تێکشکاندنی دەسەڵاتی حیکایەتیشە، چونکە حیکایەت پەنا بۆ گەڕانەوەی زنجیرەیی دەبات، نەوەک بازدان، بۆیە لە ڕێگەی ئەو تەکنیکەوە؛ ڕۆماننووس سنووری حیکایەت دەبڕێت و تیمەی ڕۆمان لەو تەنگەبەرە دەرباز دەکات، بگرە دەیخاتە ناو زەمەنێکی کراوەوە، کە داهاتووە. کەواتە ئەو تەکنیکە خەسڵەتێکی "بەردەوامییانە"ی هەیە و ناهێڵێت ڕووداو لە خاڵێکی دیاریکراودا بوەستێت، بەڵکو بێسنوور درێژەی پێ دەدات. لێرەدا ئەوە بەسەر ڕۆماننووسدا دەسەپێت، کە مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ زەمەندا بکات، مادام ئەو تەکنیکە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە زەمەنەوە هەیە. دەکرێت بڵێین لەو ڕۆمانانەی تەکنیکی پێشکەوتنی ڕووداویان تێدا بەکار دەهێنرێت، زەمەن دەبێتە ڕەگەزێکی گرنگ و ڕۆماننووس دەمانخاتە بەردەم تێڕوانینێکی نوێوە، هەندێجار تێڕوانینێکی فەلسەفییانەیشەوە. بەم شێوەیە ڕۆمان لەو شێوازە ستانداردە دەردەچێت، کە بەسەر سێ زەمەنی ڕابردوو، ئێستا و داهاتوودا دابەش ببێت، بەڵکو سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی جێگۆڕکێیان پێ دەکرێت. ئیتر (خاڵی کۆتایی) ئەو شوێنە نییە، کە تێکستەکە لە ڕووی فیزیکییەوە تەواو


مارسیل پروست

دەبێت. واتە (کۆتایی)ی ڕۆمان ناکەوێتە دوا لاپەڕەی کتێبەکەوە، بەڵکو بۆ چەند کەناڵێکی جیاواز دابەش دەبێت. وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا؛ ئێمە لەم چوارچێوەیەدا بەر چەمکی پێشبینی دەکەوین.

بەپێی پێناسەکەی (ویکیپیدیا) نووسەر لەناکاو ڕووداوێک دەهێنێتە پێشەوە بۆ ئەوەی خوێنەر لە هاتنەدیی پێشهاتێک ئاگادار بکاتەوە. واتە وا لە خوێنەر دەکات بکەوێتە حاڵەتی چاوەڕوانییەوە، چاوەڕوانیی ئەو پێشبینییەی، کە گێڕەرەوە ئاماژەی پێ داوە، کە ڕەنگە ڕەوتی ڕووداوەکانیش بگۆڕێت و بەرەو ئاقارێکی دیکەیان ببات. گێڕەرەوە لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە هەوڵ دەدات لەگەڵ خۆیدا خوێنەریش بە پەرۆشەوە بۆ بەشەکانی کۆتایی ڕۆمانەکە پەلکێش بکات.

ئەوەی لە سەرجەم ئەو پێناسانەدا دەردەکەوێت ئەوەیە، کە هێشتا بە تەواوی ساغ نەکراوەتەوە، ئاخۆ پێشبینیی هەمان واتای پێشکەوتنی ڕووداوی هەیە، یان جیاوازن و هەر یەکەیان ئەرک و تایبەتمەندیی خۆی هەیە. هەر نووسەرەی بە جۆرێک باسی ئەم دوو زاراوەیە دەکات. هەندێکیان بە پێشبینی ناوی ئەم تەکنیکە دەبەن، نەوەک پێشکەوتنی ڕووداو، بەڵام هەندێکی دیکەیان مەرجیان بۆ داناوە و پێیان وایە ئەگەر ڕووداوەکە، یان ئەو پێشبینییەی کە نووسەر ئاماژەی پێ دەدات، لە بەشەکانی داهاتوودا هاتە دی، ئەوا دەکرێت ناوی پێشکەوتنی ڕووداوی لێ بنرێت، بەڵام ئەگەر نەهاتە دی، ئەوا لە سنووری پێشبینیدا دەمێنێتەوە. لێرەدا ڕوودان و ڕوونەدانی ئەو ڕووداوەی کە پێشوەخت نووسەر باسی دەکات، دەبێتە خاڵی یەکلاییکەرەوە بۆ ناوی ئەم تەکنیکە. ئێمە پێمان وایە لە پرۆسێسی گێڕانەوەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە نووسەر بە چ شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ تەکنیکەکەدا دەکات. نەهاتنەدیی پێشبینی وەک لە سەرەوەیش ئاماژەمان پێی دا، دەشێ بەشێک بێت لەو فێڵە هونەرییانەی نووسەر بە مەبەستی ئیستاتیکا پەنایان بۆ دەبات، تاکو لە لایەک ئێتمۆسفێری تێکستەکە فراوانتر و فرەڕەنگتر بکات و لە لایەکی دیکەیشەوە خوێنەر بخاتە بەردەم ڕەگەزی ناکاوییەوە، بۆ ئەوەی خۆی ئەو کۆتاییەی پێی گەیشتووە لەگەڵ ئەو کۆتاییەدا بەراورد بکات، کە چاوەڕێی بوو. لێرەدا نووسەر تێکستەکەی بە پرسیار کۆتایی دەهێنێت، نەوەک بە وەڵام. لە لایەکی دیکەوە مەسەلەی خوێنەر خاڵی وەرچەرخان و گۆڕانی ڕێڕوونیی دەقەکەیە، چونکە دەشێ هەندێجار خوێنەری نەشارەزا، یان ڕەخنەگری کەمئەزموون پێشبینیی لێ ببێتە پێشکەوتنی ڕووداو، کە ئەمە ناکرێ دواتر بە ڕا و بۆچوونی ڕەخنەیی لە قەڵەم بدرێ، بەو مانایەی پێشکەوتنی ڕووداو دەبێ هەر ڕوو بدات، بەڵام پێشبینی دەشێ پووچەڵ ببێتەوە و وەک گومان و ئەگەرێک ڕیزی ڕووداوەکان تێک بشکێنێ و هەڵوێستی کارەکتەرەکان بهێنێتە گۆڕین(26).

## بەشی دووەم

### تەوەرەی یەکەم:

### جۆرەکانی پێشکەوتنی ڕووداو:

هەر نووسەرێک یان ڕەخنەگرێکی ئەدەبی بە شێوەیەکی جیاواز پێشکەوتنی ڕووداوی دەستنیشان کردووە، بەڵام بێگومان هەندێک خاڵی هاوبەش لە زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەدا دەبینرێن، ئەمەیش شتێکی سرووشتییە، کاتێ ئەوە بیر خۆمان دەهێنینەوە، کە ئەو چەمکە نەک هەر لە زمانی کوردی، بەڵکو لە دەرەوەی ئێمەیش تا ڕادەیەک نوێیە و کەمتر لە چەمکەکانی دیکەی ئەدەبی گێڕانەوەدا قسەی لێوە کراوە. ئەوانەی تاکو ئێستا بە زمانی کوردی لەو بارەیەوە نووسیویانە، هەوڵیان



داوە وەک سەرەتایەک ئەو چەمکە بناسێنن و بەسەر تێکستە خۆماڵییەکاندا پراکتیزەی بکەن، کە بێگومان ئەو هەوڵانە بایەخی خۆیان هەیە.

(جەلال ئەنوەر سەعید) لە کتێبی (تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلیدا)، بە شێوەیەکی گشتی جۆرەکانی پێشکەوتنی ڕووداوی دەستنیشان کردووە و دەنووسێت: "پێشکەوتنی ڕووداو لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەدا بە چەند شێوەیەک بەکار هاتووە، پێشکەوتنی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوو دەدەن، پێشکەوتنی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوو نادەن"(27).

وەک دەبینین ئەو ڕوودان و ڕوونەدانی کردووە بە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی جۆرەکانی، کە ئەمەش خۆی تایبەتمەندییەکی گشتیی ئەم تەکنیکەیە. هەر وەکو لە بەشی یەکەم ئاماژەمان پێ داوە، ئەو ڕووداوانەی، کە گێڕەرەوە پێشوەخت باسیان لێوە دەکات، یان ڕوو دەدەن، یان لەسەر ئاستی پێشبینیدا دەمێنێنەوە و نایەنە دی.

(چاپ لینتڤێلت) جیاوازی لە نێوان دوو جۆر پێشبینیدا دەکات "پێشبینیی دڵنیاکەر، واتە کە بە ڕاستی لە ئایندەی کەسایەتییەکاندا ڕوو دەدات، پێشبینیی گومانلێکراو، وەک ئەو گریمانانەی کارەکتەرەکان دەیکەن، بەدیهاتنیان لە ئایندەدا جێی گومانە"(28)، بە هەمان شێوەی (جەلال ئەنوەر سەعید)، (چاپ لینتڤێلت)یش جۆرەکانی ڕووداوی لەسەر بنەمای ڕوودان و ڕوونەدانی پێشبینییەکە جیا کردووەتەوە. ئێمە پێمان وایە ناکرێ ڕوودان و ڕوونەدانی ڕووداوەکان، یان بە مانایەکی تر هاتنەدی و نەهاتنەدیی پێشبینییەکان بکەین بە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی جۆرەکانی پێشکەوتنی ڕووداو، بەڵکو دەکرێ جۆری مامەڵەی نووسەر لە بەکارهێنانی تەکنیکەکەدا لە بەرچاو بگرین، بەوەی دەبێت بزانین نووسەر چۆن جەختی لەسەر ئەو پێشبینییانە کردووەتەوە و چ مەودایەکی پێ بەخشیون، دواجار چ مەبەستێکی ئیستاتیکیی لە هاتنەدی و نەهاتنەدییاندا هەیە. دەشێ ڕووداوێک پێشبینیی بۆ کرابێت و نەیەتە دی، بەڵام بەشێکی گرنگی لە تێکستەکە داگیر کردبێت و کۆمەڵێک پرسیاری گەورە و کاریگەری لای خوێنەر وروژاندبێت. نابێت ئەوەیشمان لە بیر بچێت، کە لەو ڕۆمانانەی بە شێوازی تەقلیدی مامەڵە لەگەڵ کاتدا ناکەن، ئەوا ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو جیاکردنەوەیان دەبێتە ئەستەم. تەکنیکی پێشکەوتنی ڕووداویش بەرهەمی ئەو شێوازی گێڕانەوەیەیە، بۆیە تایبەتە بەو ڕۆمانانەی کار لەسەر تێکشکاندنی کاتی فیزیکی دەکەن.

لەو بارەیەوە بۆچوونی (نەجم ئەڵوەنی) لە هی ئەو دوو نووسەرەی ئاماژەمان پێ دان، جیاوازە. ئەو بەم شێوەیە جۆرەکانی پێشکەوتنی ڕووداوی دیاری کردووە:

"1-پێشکەوتنی ناوەکی: ئەم جۆرە پێشکەوتنە هەر وەک جیرا جینێت دەڵێت: "وەکو گەڕانەوەی ناوەکی بەکاردەهێندرێت، تێکەڵی و ئاوێتەبوونێکی لەبار پێک دەهێنێت لە نێوان حەکایەتی یەکەم و ئەو حەکایەتەی کە برگەی پێش ڕووداوکەوتنەکە پێی هەڵدەستێت".

2-پێشکەوتنی دەرەکی: ئەم جۆرەیان تایبەتە بەو ڕووداوانەی کە پێشکەوتنیان تێدا بەدی هاتووە و دەکەونە دەرەوەی کاتی سەرەکیی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە، بۆیە ئەمیش هەروەکو گەڕانەوەی دەرەکی بەکار دەهێندرێت.

3-پێشکەوتنی دووبارەکراو: بریتییە لە دووبارەکردنەوەی ڕووداوێک، کە لە ئایندەدا ڕوودەدات، بەڵام لە کاتی ئێستای گێڕانەوەدا چەند جارێک و لە چەند شوێنێکی جیاواز بە درێژایی دەقەکە دووبارە دەبێتەوە"(29)، لێرەدا نەجم ئەڵوەنی سێ جۆر پێشکەوتنی ڕووداوی جیا

کردووەتەوە، کە یەکەمیان پێشکەوتنی ناوەکییە واتە ئەو پێشکەوتنانەی کە گێڕەرەوە باسیان دەکات دەبێت لە چوارچێوەی کاتی گێڕانەوەکە بێنە دی و پێویستە خوێنەر لە بەشەکانی داهاتوودا ئەو ڕووداوانە ببینێت، کە نووسەر پێشوەخت باسی کردوون. جۆری دووەم کە پێشکەوتنی ڕووداوی دەرەکییە، ئێمە ناکرێ پێناسەی بکەین و زۆر قسەی لەسەر بکەین، چونکە ئێمە نازانین ئەم جۆرەیان لە دوای کۆتاییهاتنی دەقەکە ڕوودەدات یان نا، بە گوێرەی ئەم قسەیەش کە دەڵێت ڕووداوێک تا ئێستا ڕووی نەدابێت، لەوانەشە لە ئایندەدا ڕوو نەدات. جۆری سێیەم، کە پێشکەوتنی دووبارەکراوەیە، گێڕەرەوە لەبەر گرنگیی ڕووداوەکە زیاتر لە جارێک لە چوارچێوەی گێڕانەوەکەیدا باسی لێوە دەکات، تا خوێنەر تەواو ئامادە بکات بۆ ئەو پێشهاتەی، کە ڕەنگە ڕەوتی گێڕانەوەکە بگۆڕێت. (ئەحمەد حەمەد ئەلنەعیمی) لە کتێبی (ڕیتمی کات لە ڕۆمانی هاوچەرخی عەرەبیدا) پێشکەوتنی ڕووداو بۆ سێ شێوە دابەش دەکات:

یەکەم: پێشکەوتنی ڕووداوێک، دەکرێت بە دی بێت، کە تێیدا خەیاڵ واقیعییە، وەک چۆن ئامانجەکانی کارەکتەری ڕۆمان لەگەڵ تواناکانی خۆی و مرۆڤی ئێستادا هاوڕێکە، کە ئەگەر بیەوێت هەوڵ بدات خەونەکانی لە واقیعدا بکاتە ڕاستی.

دووەم: پێشکەوتنی ڕووداوێک، ناکرێت بە دی بێت، کە تێیدا کارەکتەر سەرەوەی توانای خۆی و هی دەوروبەری دەخاتە کار لە پێناو بەدیهێنانیدا. ئەمەیان لەو ڕۆمانانەدا هەیە، کە تامەزرۆیی لای خوێنەر دروست دەکەن، ئاخۆ پێشبینییەکانی ڕاست دەردەچن، یان تووشی نائومێدی دەبێت، کە پێی وابووە ئەو کارەکتەرە بە ئامانجەکانی دەگات.

سێیەم: پێشکەوتنی ڕووداوێک، لە دەرەوەی شتی باو، ئەمەیان لە چیرۆکی زانستیدا ڕوو دەدات، کە کارەکتەر توانای هەیە هەموو ئەو کارانە بکات، کە لە واقیعدا ئەقڵ نایانبڕێت(30).

کەواتە بەپێی بۆچوونی (ئەلنەعیمی) پێشبینییەکان بێنە دی و نەیەنە دی، ئەوا هەر پرۆسێسێک هەیە بە ناوی پێشکەوتنی ڕووداوەوە.

جۆرێکی دیکە لە پۆلێنکردنی پێشکەوتنی ڕووداو، ئەوەی (جینێت)ە، کە جەختی لەسەر جیاوازیی کات کردووەتەوە، یان سەرجەمی ئەو دەوروبەرەی کەوا پێشکەوتنی تێدا ڕوو دەدات. لەسەر ئەم بنەمایەش جیاوازیی نێوان (پێشکەوتنی ناوەکی)، کە توانای ڕوودانی یاخود ماوەی کاتەکەی نوقمی ئەو ماوەیە دەبێت، کە چیرۆکەکە تێیدا دەست پێ دەکات و کۆتایی دێت، واتە هەر لە چوارچێوەی گێڕانەوەکە پێشکەوتنەکە دێتە دی. هەرچی "پێشکەوتنی دەرەکی"یە، ئەوا ماوەی ڕوودانی دەکەوێتە دەرەوەی کاتی گێڕانەوەکە. واتە لەو چوارچێوە کاتییە نایەتە دی، کە تایبەتە بە دەقەکە، بەڵام (پێشکەوتنی تێکەڵاو) بەشێکی دەکەوێتە ناوەوەی کاتی گێڕانەوەکە و بەشەکەی دیکەی دەچێتە دەرەوەی کاتی گێڕانەوە، واتە خوێنەر هەست دەکات ئەو پێشکەوتنەی کە گێڕەرەوە باسی کردووە؛ بەشێکی لە چوارچێوەی گێڕانەوەکە هاتووەتە دی، بەڵام بەشێکی پێشکەوتنەکە ماوە، کە ڕەنگە نووسەر بە ئەنقەست وا بکات، بۆ ئەوەی خوێنەر دوای تەواوبوونی تێکستەکەش هەندێک گریمانە و ئەگەر لە بیری خۆی دروست بکات، واتە کۆتایی دەقەکە بە کراوەیی بەجێدەهێڵێت(31).

(جینێت) پۆلێنکردنێکی دیکەش دەکات لەسەر بنەمای توانست لە نێوان پێشکەوتنی تەواو (هەمەکی)، کە ئەمەیان دەگمەنە و پێشکەوتنی ناتەواو (بەشەکی). لەم ڕوانگەیەوە پێشکەوتنی ناوەکی دەبێتە (پێشکەوتنی هەمەکی) ئەگەر هاتوو پێشکەوتنەکە هاتەدی تا



کۆتایی سەرگوزشتەکە، بەڵام ئەگەر هاتوو نەهاتەدی تا کۆتایی گێڕانەوەکە، دوای کۆتایی سەرگوزشتەکە بەردەوام بوو ئەوا دەبێتە (پێشکەوتنی بەشەکی)(32)، کەواتە پێشکەوتنی دەرەکی و پێشکەوتنی تێکەڵ دەبنە پێشکەوتنی بەشەکی، چونکە بەشێک لە ڕووداوەکە ڕوو دەدات.

دەگەینە ئەوەی بڵێین ئەگەرچی هێشتا لای ڕاڤەکاران بە تەواوی ساغ نەکراوەتەوە، کە چەند جۆری پێشکەوتنی ڕووداو هەیە و تێڕوانینەکان بۆ ڕوودان و ڕوونەدانی ئەو پێشبینییانە جیاوازن، بەڵام هەموویان لەوەدا کۆکن، کە یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکانی ئەدەبی گێڕانەوە.

## ڕۆمانی سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە

### کورتەی ڕۆمانەکە:

ئەم ڕۆمانە وەکو هەموو بەرهەمەکانی تری (کاروان عومەر کاکەسوور) لەسەر کۆمەڵێک بیرۆکە و تەکنیکی جۆراوجۆری گێڕانەوە دامەزراوە، بۆیە کورتکردنەوەی بۆ چەند دێڕێک کارێکی زەحمەتە. ئەگەرچی ئەم بەرهەمەی بە هاوبەشی لەگەڵ (دواڕۆژ)ی کوڕیدا نووسیوە، کە وەک لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت تێکەڵە لە نێوان ئەدەبی منداڵان و گەوراندا، بەڵام شێوازی گێڕانەوە و جێکردنەوەی بیرۆکەکان وا لە خوێنەر دەکەن لەسەریان بوەستێت و دیقەت لەو پێوەندییانە بدات، کە لە نێوان هەر بیرۆکەیەک و یەکێکی تردا دروستی کردوون. لەم ڕۆمانەدا کارێکی چڕ لەسەر کات کراوە، بۆیە خوێنەر دەبێت هەمیشە چاوەڕێی ئەوە بێت لەناکاو دیمەنێکی نوێ شوێنی ئەو دیمەنەی ئێستا بگرێتەوە، بێ ئەوەی ئەو دیمەنە نوێیە زۆر بخایەنێت، بەڵکو خێرا لا دەچێت، بۆ ئەوەی یەکێکی تر شوێنی بگرێتەوە. گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا وەکو ڕۆمانە تەقلیدییەکان نییە، تەنیا کارەکتەرێک، یان دووان بەسەرهاتەکان بگێڕنەوە، بەڵکو بە شێوازی فرەدەنگی نووسراوە و کۆمەڵێک کارەکتەر لە گۆشەنیگای جیاوازەوە دەیانگێڕنەوە. ئەگەرچی هەموویان باس لە تیمە سەرەکییەکە دەکەن، کە پێوەندیی بە کارەکتەری یەکەمەوە هەیە، بەڵام لەپاڵ ئەوەدا بەسەرهاتی ژیانی خۆیشیان دەگێڕنەوە. هەرسێ ڕاناوی کەسی یەکەم، کەسی دووەم و کەسی سێیەم بەکار هاتوون، بگرە ڕاناوی کەسی یەکەمی کۆ "ئێمە"یش لە گێڕانەوەدا بەشداریی کردووە، کە ئەمە لە ئەدەبی کوردیدا نوێیە. کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە ناوی (سەنگەر)ە و کوڕی یەکێ لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی هەولێرە. (برایم تەنتریۆف)ی باوکی پێشمەرگە بووە و کوژراوە. (دڵارام)ی دایکی زوو شووی بە پیاوێکی تر کردووەتەوە، کە دواتر دەردەکەوێت پوورزای خۆیەتی و ناوی (فەرهاد دۆستی)یە. (سەنگەر) دوای ئەوەی باوکی کوژراوە و دایکی شووی کردووەتەوە، نەنکی کە ناوی (دایە مامز)ە و لە مەیدانی باڵندان باڵندە دەفرۆشێت، بەخێوی دەکات. هەر لە منداڵییەوە لە گەراژ خەریکی دەستفرۆشییە، بۆیە زوو واز لە خوێندنیش دەهێنێت. منداڵێکی سەرکێشە و ژیانی پڕە لە کێشە. کۆمەڵێک ئارەزووی سەیریشی هەیە، کە لەبەر ئەوانە لای خەڵکی گەڕەک پەسەند ناکرێت. یەکێ لەو ئارەزووانە بەخێوکردنی سەگە. ڕۆژێکی گەرمی هاوین سەتڵێک ماستاو دەباتە گەراژ، تاکو لەوێ بیفرۆشێت، بەڵام لە ڕێگە تووشی پیاوێک دەبێت، کە بە ئەسپ و عەرەبانە بەرەو ڕووی دێت. ئەو پیاوە ژنێک، منداڵێکی ساوا، دەڵەسەگێک و پێنج شەش تووتکی لەگەڵە و زۆر تینوویانە. پیاوەکە پێی دەڵێت پارەیان نییە، بەڵام ئەگەر هەندێک ئاویان بداتێ، ئەوا

دەتوانێت بە ئارەزووی خۆی شتێکی ناو عەرەبانەکە هەڵبژێرێت، کە مەبەستی هەندێک کەلوپەلی خراپی ناو عەرەبانەکەیە، بەڵام (سەنگەر) داوای توتکەسەگێک دەکات. ئەوان ئەگەرچی زۆریان پێ ناخۆشە، کەچی ناچار دەبن بیدەنێ، چونکە زۆر تینوویانە، بەتایبەتی لەبەر منداڵە ساواکە. دواتر دەردەکەوێت ئەو پیاوە ناوی (ئارام)ە و یەکێکە لە سەرکردەکانی شۆڕش. ئەو سەگ و تووتکانەی هەر بۆ چاوبەست پێبووە. (سەنگەر) زۆر دڵسۆزانە توتکەکە گەورە دەکات، تا وای لێ دێت ئەویش دەترەکێت و کۆمەڵێک تووتکی دەبێت. ڕۆژێک پیاوانی شارەوانی دێن سەگەکان بکوژن، بەڵام (سەنگەر) بەرپەرچیان دەداتەوە. سەری یەک دووانێکیان دەشکێنێت و دەگیرێت. ئەو ڕووداوە زیاتر وەک کوڕێکی لاسار و شەڕانی دەیناسێنێت، بەڵام (دڵخواز)ی دراوسێیان لەمەوە خۆشی دەوێت. ئەو کچە لە خۆی گەورەترە و بە منداڵیش بەخێوی کردووە. ئەویش بە منداڵی کەسوکاری بە دەستی حەرەس قەومییەکان کوژراون و ماڵی مامی بەخێویان کردووە، کە لە تەنیشت ماڵی (سەنگەر)ن. دواتر شوو بە پێشمەرگەیەک دەکات، ئەگەرچی (سەنگەر) زۆر دڵی پێوەیە. لە گەڕەکدا کۆمەڵێک هاوڕێی هەیە، کە وەک هەموو گەنجانی حەفتاکانی کوردستان خەریکی کاری سیاسین. (سەنگەر) ئەگەرچی ئارەزووی لەو کارانە نییە، کەچی بەهۆی دەوروبەرەکەیەوە تێوە دەگلێت، بەڵام چەند ڕووداوێک وا دەکەن ئەو گومانی لێ بکرێت و وا بزانن سیخوڕە. لەو بەشەی ڕۆمانەکدا، کە پیاوی جەربەزە دەیگێڕنەوە و بۆ ئەوە هاتوون (سەنگەر) لەناو ماڵی خۆیدا بکوژن، باسی هەموو ئەو تاوانانە دەکرێت، گوایە دەستی ئەویان تێدا بووە. لە پێش هەموویانەوە ئاشکرابوونی (فەرهاد دۆستی)ی زڕبابی، کە ئەو بە هۆی هاوڕێیەکییەوە چووەتە ماڵیان. هەروەها بەگرتدانی دایکی خۆی. دوای ئەوە بە گرتدانی (شەماڵی مەلا مەلاریا)ی هاوڕێی. ئەو ڕۆژێکیان بە ڕێکەوت ئەو کوڕە لە گۆڕستان دەناسێت و بۆی دەردەکەوێت شەوان لەوێ دەخەوێت، چونکە باوکە مەلاکەی لەبەر بیروباوەڕ لە ماڵی دەرکردووە. لەمەوە دەیهێنێتەوە و زۆر شەو لایان دەمێنێتەوە، بەڵام نایەتە ژوورەوە، چونکە ئەویش لایەنگری (ئارام)ە و بیروباوەڕیان وایە شتی کەس بەکار نەهێنن، بۆیە لەژێر قادرمە دەخەوێت و تەنیا پاشماوەی خواردنەکانیان دەخوات. ئەو کوڕە بە (سەنگەر) دەڵێت دەچێتە شاخ، بەڵام خوشکێکیشی هەیە و دەیەوێت ئەویش لە ماڵ دەربچێت، چونکە باوکی دەیچەوسێنێتەوە. (سەنگەر) بەڵێنی پێ دەدا، کە دوای ئەوەی ئەو دەچێتە شاخ، خوشکەکەی بهێنێتە ماڵی خۆیان. ئەمنەکان دەزانن (شەماڵ) بە نیازە بچێتە شاخ، بۆیە کەمین بۆ ئەو مەفرەزەیە دادەنێن، کە دەیانەوێت لەگەڵ خۆیانی ببەن. دەبێتە شەڕ. پێشمەرگەکان دووانیان گیان لە دەست دەدەن و یەکێکیان لێ بریندار دەبێت، بەڵام (شەماڵ) ڕزگار دەکەن. (ئەنفال)ی خوشکی (شەماڵ)، کە دوایی ناوەکەی بۆ (ژیان) دەگۆڕن، ماڵی باوکی جێ دەهێڵێت و دەچێتە لای (دڵارام)ی دایکی (سەنگەر)، کە دوو کچی لە مێردی دووەمی هەیە. ڕۆژێک مەلا و کوڕەکانی دێن لە کۆڵان دەیکوژن. ئەمەیش دەدرێتە پاڵ (سەنگەر). (سەنگەر) پێش ئەوەی دایکی خۆی ببینێتەوە، کە یەکەمجار لە تەمەنی پانزدەساڵیدا بە هۆی هاوڕێیەکییەوە دەچێتە ماڵیان، وای زانیوە ژنێکە وەکو زۆربەی ژنانی دراوسێی، بەڵام دەردەکەوێت زۆر جوانە و جلوبەرگی مۆدێرن دەپۆشێت، بۆیە ئەمە بۆ ئەو زۆر ناخۆشە، چونکە بە شێوەیەکی تر پەروەردە کراوە. پێی ناخۆشە پیاوان ئاوا ببینن و سەیری بکەن،



که قژی وەک (مارلین مۆنرۆ)ی ئەکتەری سینەما بڕیوە. ڕۆژێکیان نانەوایەکی مێباز، کە ناوی (شێرۆ)یە پرسیاری ئەوی لێ دەکات، بۆیە لەمە زۆر تووڕە دەبێت و پلان بۆ کوشتنی دادەڕێژێت. دوایی دەردەکەوێت خاڵی دایکییەتی. ئەو ڕاستە نامرێت، بەڵام ئیفلیج دەبێت و بە دوو دارشەق دەڕوات. ئەویش یەکێک بووە لە ئەندامانی ڕێکخستن، بۆیە ئەوەیشی وەکو تاوانی سیاسی بۆ لە قەڵەم دەدەن. ئەمە تاکە تاوانێکە، کە بە ڕوونی لای خوێنەر دیار بێت و هۆکارەکەیشی سیاسی نەبووە، بەڵام ئەوانی تر ڕوون نین، ئاخۆ دەستی ئەویان تێدایە، یان بێگوناهە. دوای ئەوانە لەناو شۆڕش لیژنەیەک پێک دەهێنن بۆ ئەوەی لە تاوانەکانی (سەنگەر) بکۆڵنەوە. بۆیان دەردەکەوێت کاتی خۆی ئەو سەتڵە ماستاوەی بە توتکەسەگەکەیشی گۆڕیوەتەوە، ژەهری تێدا بووە، بەڵام ئەسپەکە قاچی هەڵنووتاوە و ڕژاوە، بۆیە تەنیا سەگەکان زمانیان پێدا هێناوە و گیانیان دەرچووە.

لەمەوە هەموو هاوڕێکانی لێی دوور دەکەونەوە و ناوێرن قسەی لەگەڵ بکەن، بۆیە هەست بە تەنیایی دەکات. بەیانییەکیان دەیەوێت کوڕێک ڕووت بکاتەوە، بەڵام ئەو کوڕە خۆی دەکاتە غەیبزان و پێی دەڵێت ئەو سەفەری شارێک دەکات و دەسگیرانێکی وا لەو شارە چاوەڕێیەتی. سێ قۆناغی بۆ دیاری دەکات، کە لەو گەشتەیدا دەبێت بیانبڕێت. ئەگەرچی باوەڕی پێ ناکات، بەڵام بە ڕاستی سەر هەڵدەگرێت. ئیتر بە پاسێکی سەیر سەفەر دەکات و دەگاتە کەرکووک. دوای ئەوەی بیستویەک ڕۆژ لە ماڵێک دەمێنێتەوە، ئینجا دەڕوات و کاتێک دەزانین وا لە زیندانی شۆڕشە، کە لەژێر ئەشکەنجەدا چاوەکانی لە دەست دەدات.

بە کورتی کوڕێکی هەرزەکاری سەرکێش دنیایەک کێشەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و دەروونی بە دوایدا جێ دەهێڵێت و سەر هەڵدەگرێت، گوایە غەیبزانێک پێی گوتووە دەبێت ئەم شارە جێ بهێڵێت و بچێتە شارێک، کە خۆشی دەوێت و دەسگیرانەکەی وا لەوێ چاوەڕێیەتی، کە دواتر دەردەکەوێت ئەمە تەنیا بیانوویەکە، تاکو سەر هەڵبگرێت و لە دەست ئەو کێشانە ڕا بکات، ئەگینا باوەڕی بە غەیبزانەکە هەر نەکردووە. ئەمەیش زیاتر ئەو پرسیارە لای خوێنەر دەورووژێنێت، ئاخۆ سیخوڕە یان بێتاوانە!

ئێمە ویستمان هێڵە گشتییەکانی ڕۆمانەکە بگێڕینەوە، بەو مەبەستەی تا ڕادەیەک لە بەرچاوی خوێنەر ڕۆشن بێت، ئەگینا وەک گوتمان تێکستەکە زۆر لەوە زیاترە. کۆمەڵێک کارەکتەری دیکەی تێدایە، کە ڕۆڵی گرنگ لە ڕۆمانەکەدا دەبینن و هەر یەکەیان چیرۆکی خۆی هەیە. لەوانە (ئەرخەوان)، کە لەگەڵ دایکی لە کەرکووکەوە بۆ هەولێر ڕادەگوێزرێن و ئەو بەشە دەگێڕێتەوە، کە تایبەتە بە مانەوەی (سەنگەر) لە ماڵیان. وەک چۆن دایکیشی، کە لەناو پاسەکە ناسیویەتی ئەوە دەگێڕێتەوە، چۆن (سەنگەر) ڕێگەی بڕیوە. ئێمە دواتر لەسەر هەندێک لەو بیرۆکانە دەوەستین و ڕاڤەیان دەکەین.

**تەوەری دووەم:**

**نموونەی جۆرەکانی پێشکەوتنی ڕووداو لە ڕۆمانەکەدا**

یەکەم: پێشکەوتنی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن:

1- پێشکەوتنی ڕووداوی ناوەکی:

پێشکەوتنی ڕووداوی ناوەکی لەم ڕۆمانە بەکار هاتووە، ئەم بەکارهێنانەش ئایندەی ڕووداوەکان تێکەڵی تێستای گێڕانەوەکە دەکات، هەروەها لە داهاتوودا دەبێت ئەو پێشکەوتنانە ڕوو بدەن، چونکە مەرجی پێشکەوتنی

ناوەکی ڕووداننییەتی پێش کۆتاییهاتنی گێڕانەوەکە.

-سەنگەر کە کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، ڕێگە لە کوڕێک دەگرێت دەیەوێت ڕووتی بکاتەوە، ئازارێکی زۆریشی پێ دەگەیەنێت، کوڕەکە لە ترسا گفتوگۆیەک دروست دەکات لە درێژەی گفتوگۆکەدا هەندێک پێشبینی بۆ سەنگەر دەکات دەڵێت:

"..._ من ناتوانم بە خۆم بڵێم فاڵچی، چونکە ئیشی من هەندێک لە ئیشی فاڵچی جیاوازە.

_نا، نا، دیارە تۆ لە غەیبەوە هاتوویت.. ئەدی نەتوت غەیبزانی..؟!

_دەتوانم بڵێم بۆی چوویت.. من پێت دەڵێم تۆ ئەمڕۆ، بەڵێ، هەر ئەمڕۆ و بەم بەیانییە سەفەری شارێک دەکەیت". (سوارەکان...، ل10)

لەم پێشکەوتنەدا کە یەکسەر دوای ئەو گفتوگۆیە سەنگەر دەڕواتە گەراج بۆ ئەو سەفەرەی کە بڕیارە بیکات. گێڕەرەوە لەسەر زاری ئەو کوڕە، کە ناوی نەهێناوە دەیەوێت پێمان بڵێت ئیتر ئاراستەی گێڕانەوەکە دەگۆڕێت و لە شوێنێکی دیکەدا ڕووداوەکان دەست پێ دەکەنەوە. ئەمەش پێشکەوتنێکی ناوەکییە، چونکە لە چوارچێوەی گێڕانەوەکەدا ڕوو دەدات.

-هەر لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی لە نێوان سەنگەر و ئەو کوڕەی دەیەوێت ڕووتی بکاتەوە دروست دەبێت، کوڕەکە پێشبینیی دیکە بۆ سەنگەر دەکات؛ کەوا لە کاتی سەفەرەکەدا دێتە پێشی سەنگەر دەڵێت:

"... _سەفەر بێ پارە دەکرێت..؟!

_ ئاخر ئەو سەفەرەی تۆ جیاوازە.. پارەت لێ وەرناگرن". (سوارەکان...، ل10)

-"..._دەی باشە، ئەوا وتمان پارەم لێ ناستێنن.. ئەی لەو ڕێگایە چی دەخۆم..؟! چۆن لە برسان نامرم..؟

_لە چێشتخانەیەک لادەدەیت و ژەمێکی باش دەخۆیت.

_کێ پارەکەی دەدات..؟

_پارەی چی..؟! تۆ پارەت دراوە". (سوارەکان...،ل10)

لەم دوو نموونەیەی سەرەوەدا، کە گێڕەرەوە لەسەر زاری کوڕە غەیبزانەکەوە پێشبینیی دوو ڕووداو دەکات، یان باشتر وایە بڵێین لە ئەنجامی ئەوەی سەنگەر تووشی حاڵەتێکی دەروونی بووبوو، هەر پرسیاری دەکرد کوڕە غەیبزانەکەش زۆر بە دڵنیاییەوە وەڵامی دەدایەوە، بە شێوەیەک کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا هەست دەکات ئەوە پێشکەوتنی ڕووداوە نەک پێشبینی.

سەنگەر سەری سووڕ دەمێنێت کە ئەو هیچ پارەی پێ نییە؛ چۆن دەتوانێت کرێی پاس بدات؟ غەیبزانەکە دەڵێت پارەکە دراوە. ناڵێت کێ دەیدات و چۆن دەیدات. خوێنەر لەمەوە هەست دەکات کە ئەو کوڕە غەیبزان نییە، ئەو تەنها دەیەوێت (سەنگەر) لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، بۆیە دەبینین هیچ وردەکاریی لە بارەی کێ؟! و چۆن؟! پارەکەی بۆ دەدرێت نادات.

بە هەمان شێوە بۆ نانخواردنەکەش تەنها لەوە دڵنیای دەکاتەوە کە ئەو کاتێک لە چێشتخانەکە دێتە دەرەوە، دەست بە سکیدا دەهێنێت هەست دەکات تێر تێری خواردووە، گرنگ نییە کێ و چۆن پارەکەی دراوە، ئەم ڕووداوانەش لە درێژکراوەی گێڕانەوەکەدا ڕوو دەدەن، بۆیە ئەمەش دەکەوێتە سنووری پێشکەوتنی ڕووداوی ناوەکییەوە.

- هەر لە ئەنجامی گفتوگۆکە و پرسیار کردنی سەنگەرەوە، غەیبزانەکە پێشبینیی دیکە باس دەکات، یان باشتر وایە بڵێین پێشکەوتنی ڕووداوی دیکە دەخاتە ڕوو. سەنگەر دەپرسێت:

"..._ئەوە پارەی خواردنەکەشم درا.. با بڵێین جنۆکەکانی تۆ بۆیان دام.. ئەی پێم ناڵێی دەچم بۆ لای کێ..؟

_دەچیتە لای دەسگیرانەکەت.". (سوارەکان...، ل10)

-سەنگەر دوودڵییەکی بە ڕووخسارەوە دیارە، بۆ ئەوەی زیاتر باوەڕ بەوە بهێنێت کە کەسێک چاوەڕوانی دەکات، دەڵێت:

"...ـ ڕاست دەکەیت.. هەر کە لە گەراج دادەبەزم، ئەو باوەشم پێدا دەکات و ئەملا و ئەولام ماچ دەکات"

ـ بەم ئاسانییەش نییە وەک تۆ دەیڵێیت، بەڵام کاتێک دەتبینێت، پێت شاگەشکە دەبێت.. دەتوانم بڵێم ئەمە خۆشترین کاتی ژیانی هەردووکتانە.

ـ ماچیشم دەکات.. وانییە..؟!

ـ ماچت دەکات..؟! ئەی چۆن..! دەسگیرانت نییە..؟! ماچیشت دەکات و دەشتگرێتە باوەش.."

(سوارەکان...،ل11)

لەم دوو نموونەیەدا (سەنگەر) پرسیارێکی گرنگ دەکات، کە ئایا دەچێت بۆ لای کێ؟ کە دڵنیایە بچێتە هەر شوێنێک کەس ناناسێت، بەڵام ئەوەی وای لە (سەنگەر) کردووە باوەڕ بە قسەکانی بکات، ئەوەیە غەیبزانەکە زۆر بە دڵنیاییەوە وەڵامی دەداتەوە و هیچ گومانێک نە بۆ سەنگەر و نە بۆ خوێنەریش ناهێڵێتەوە. بەبێ دوودڵی دەڵێت دەسگیرانەکەت. لە بەشەکانی داهاتوودا خوێنەر ئەم ڕووداوەش دەخوێنێتەوە، بەڵام خوێنەر هەست بە لێکتێنەگەیشتنێک دەکات، چونکە (سەنگەر) وا دەزانێت ئەوە دەسگیرانییەتی، چونکە غەیبزانەکە وای پێ گوتووە، کەچی کچەکە وا دەزانێت سەنگەر برایەتی، بۆیە دەیگرێتە باوەشی زۆرێش ماچی دەکات، لە دواییدا کچەکە دەزانێت بە هەڵەدا چووە، چونکە دایکی کچەکە پێی دەڵێت براکەت نەهاتووەتەوە لەگەڵم، تەنانەت نەمتوانی چاویشم پێی بکەوێت.

گێڕەرەوە زۆر بە چاکی ئیشی لەسەر ئەم پێشبینییانە، چاکتر وایە بڵێین لەسەر ئەو پێشکەوتنی ڕووداوانە کردووە و گێڕانەوەکەی لەسەر ئەم پێشکەوتنانە بنیاد ناوە. چارەنووسێکی بۆ کارەکتەری سەرەکیی گێڕانەوەکە دروست کردووە و دەبێت ئەو کارەکتەرەش بە دوایدا بڕوات، لە هەمان کاتدا ئەو کارەکتەرە واتە سەنگەر خۆی حەز دەکات ئەو شارە بەجێ بهێڵێت، لەبەر چەند گیروگرفتی سیاسی و دەروونی و کۆمەڵایەتی...

2- پێشکەوتنی ڕووداوی دەرەکی:

-گێڕەرەوە لەسەر زاری مام میکایل پێشبینییەک دەکات باسی چارەنووسی شاسوارمان بۆ دەکات، کە سەرکردەیەکی شۆڕشە دەڵێت:

"...ـ ئێمە شاسوارمان لە دەست چوو.. دڵم نایەت، ئەگینا دەموت مرد.. هەموو ئەو شتانەی ئەو دەیانکات، مانای ئەوەیە زۆری لە ژیاندا نەماوە.. لە سەرکردە ناچێت.. کەسانی ئاوا هەمیشە تەمەنیان کورتە.. تاق و تەنیایە.. نە عەشیرەتی هەیە، بیپارێزێت و نە خزم و کەسیشی بە دەورەوەیە." (سوارەکان...، ل39)

مام میکایل لەبەر خۆشەویستیی بۆ شاسوار وەک سەرکردەیەکی شۆڕش و باری دەروونیی خۆی و سادەیی شاسوار لە شاخ، وەک کەسێکی ئاسایی هەڵسوکەوت دەکات، هەرگیز وا دانانێت کە سەرکردەیەک بێت، لەمەوە مام میکایل دەڵێت زوو لەناو دەچێت، چونکە نەیار و دوژمنی زۆرە، ئەمەش لە چوارچێوەی گێڕانەوەکەدا ڕوو نادات. مانەوەی شاسوار لە شاخ و بەردەوامبوونی شۆڕشی کورد، ڕەنگە شاسوار شتێکی لێ بێت، کە ئەمەش دەکەوێتە دوای تەواوبوونی ڕۆمانەکە.

-گێڕەرەوە لەسەر زاری (سەنگەر برایم تەنتریۆف) پێشبینیی ڕووداوێکی ناشیرین لە (هامانی نارێ مامان) دەکات و دەڵێت:

"...ـ دوور نییە سبەینێ بۆ ژەمێکی دی، خوشک و دایکیشت بفرۆشیت.

__ کێ دەڵێت ئەوان من نافرۆشن." (سوارەکان...، 53)
سەنگەر لەبەر ئەو کارە ناشیرینەی ئەم پێشبینییەی بۆ دەکات، کەسێکی زۆڵی وەک (هامانی ناریێ مامان) هەر خۆیشی پێشبینییەکی ناشایستەتر دەکات. ئەوە لە چوارچێوەی گێڕانەوەکە ڕوو نادات، بەڵام خوێنەر کە ڕۆمانەکە دەخوێنێتەوە هەست بە زۆڵیی (هامانی ناریێ مامان) دەکات. هەروەها ئەو کارەی کە کردوویەتی، ڕەسمی کچەپوورێکی خۆی بۆ کوڕێک خستووەتە ناو کتێبە بێکەڵکەکان، تا پارەی پێ دەست بکەوێت، بۆیە من پێم وایە ئەگەر ڕووداوەکان درێژەیان هەبووایە و کاتێکی زۆرتری بخایاندایە ئەوا لە ڕووداوێک ڕەنگە کوڕێکی لاتی وەک (هامانی ناری مامان) ئەو کارە بکات.
-لە گفتوگۆیەکی نێوان سەنگەر و شەماڵدا، کە بە تەواوی لە یەکتری نەگەیشتن، شەماڵ دەیویست باسی ڕۆیشتنی خۆی بۆ بکات بۆ شاخ، بەڵام سەنگەر بە هەڵە لێی تێگەیشت وای دەزانی باسی ئەوە دەکات، کە لەسەر چەقۆ لە (شێرۆی نانەوا) داوە دەگیرێت، ئەویش لەو کاتەدا سکی بە نەنکی دەسوتێ، دەڵێت:
"...__خۆزگە وابووایە، بەڵام من دەیناسم.. لە داخا بە سک دەدات.
هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و درێژەی بە گوتەکانی دایەوە:
__نا، باوەڕم پێ بکە خەمی خۆمم نییە، بەڵام ئەوان لە داخا دەمرن." (سوارەکان...، 87)
سەنگەر خۆی دەزانێت، کە نەنکی چەندی خۆش دەوێت و هەر ئەویش بەخێوی کردووە و گەورەی کردووە، بۆیە پێشبینیی ئەو ڕووداوەی کردووە، ئەو ڕووداوەش لە چوارچێوەی گێڕانەوەکەدا ڕوو نادات، بەڵام ڕەنگە ڕوودانی ئەو ڕووداوە بکەوێتە دوای تەواوبوونی ڕۆمانەکە، چونکە نەنکی پێشتر تاقە کوڕی، کە دەکاتە باوکی سەنگەر کوژراوە، بۆیە لە تەمەنێکی وادا بەرگەی جەرگسوتانێکی دیکە ناگرێت.
3-پێشکەوتنی ڕووداوی دووبارەکراو:
نموونە بۆ ئەم جۆرەیان لەم ڕۆمانەدا ئێمە تەنها یەک نموونەمان بەرچاو کەوتووە، ئەویش ئەو پێشبینییەیە، کە غەیبزانەکە دەیکات بۆ سەنگەر لە بارەی دەسگیرانەکەیەوە. لە چەند جێگەی گێڕانەوەکە ئەمە دووبارە دەکاتەوە بەتایبەتی لە ناو پاسەکە...
"... ئێستا دەچێتە کەرکووک.. ڕاستە دوودڵە، بەڵام هەر دەچێت.. جاری جارانیش نییە بیکاتە شەڕ و پارە نەدات، بەتایبەتی ئێستا دڵدارێکی ناسک و دەسگیرانەکەی چاوەڕێیەتی" (سوارەکان...، ل18)
دەبینین ئەو پێشکەوتنە چەند جارێک لە چەند شوێنێکی جیاوازی گێڕانەوەکەدا باس دەکرێتەوە، بۆ نموونە لە لاپەڕەکانی (10، 18، 21، 111) باسی دەسگیرانەکەی دەکات.
دووەم: پێشکەوتنی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوو دەدەن:
جۆرێکی دیکەی پێشبینیکردنی ڕووداو هەیە ڕوو نادات، بەڵام کاریگەریی خۆی دەبێت لە سەر دەروونی هەندێک کارەکتەری ناو گێڕانەوەکە، هەروەها کاریگەریشی دەبێت لە سەر خوێنەر، چونکە جۆرێک پەرۆشی دروست دەکات. وای لێ دەکات تا کۆتایی لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بەردەوام بێت. لەم جۆرە نموونەمان زۆر بەرچاو دەکەوێت...
-لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا کاتێک سەنگەر ڕێگە بە کوڕێکی دەگرێت بۆ ئەوەی ڕووتی بکاتەوە، کوڕەکە نامەیەکی پێیە، کە بۆ کچێکی ئەو گەڕەکەی هێناوە، ترسی ئەوەی هەیە سەنگەر نامەکەی لێ بگرێت:
"...تەنها ترسی نامەکەتە.. پارەکە شتێکی ئەوتۆ نییە... بێگومان دەیکاتەوە و ورد ورد دەیخوێنێتە و..

دوور نییە بیناسێت.. کێ ناڵێ خزمیشی نییە.." (سوارەکان...، ل7)

ئەو پێشبینینییانەی ئەو کورە لە خەیاڵی خۆیدا دەیانکات؛ نایەنە دی، چونکە سەنگەر بە دوای نامە و شتی سەیروسەمەرەدا ناگەڕێت، بەڵکو ئەو تەنها پارەی دەوێت. نامەکەی لێ دەسەنێت و دەیخاتە بەر تیشکی خۆر، بەڵام کە بۆی دەردەکەوێت پارەی تێدا نییە، بۆی دەگەڕێنێتەوە.

-فەرەیدون یوسف پایسکلچی ئامۆژگاریی سەنگەر دەکات، کە ئیتر ئەوەندە گوێ بە نەنکی نەدات، ئەوەندە هەراسان نەبێت کاتێک ئێوارەیەک تۆزێک درەنگ دەگەڕێتەوە، چونکە کەسانی وەک سەنگەر چەقۆوەشێن کوانێ گوێ بە دایک و باوک و برا و خوشک دەدەن، جا وەرە نەنکت بێت:

"...بە قسەی من دەکەی، سووک سووک ڕای بێنە، با ئەوەندە هۆگرت نەبێت... باشە تۆ دوو ساڵی دیکە دەچیتە شاخ و دەبیتە پێشمەرگە.. کەسیش نازانێت کەی ناو شار دەبینیتەوە.." (سوارەکان...، 15)

فەرەیدون دڵنیایە کە دوو ساڵی دیکە دەچێت بۆ شاخ، چونکە سەنگەر پێی گوتوە کە تەمەنی بگاتە شانزدە ساڵ بێ دوودڵی دەچێتە ناو شۆڕش.

لە بەشەکانی داهاتوو ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە سەنگەر ناچێتە شاخ بۆ مەبەستی پێشمەرگایەتی، بەڵکو بە تاوانی سیخوڕی لە لایەن شۆڕشگێڕانەوە دەگیرێت لە زیندانی شاخ لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت. کەواتە پێشبینییەکە ڕوو نادات.

-کاتێک دەستەیەک لە سەگکوژانی شارەوانی دێن بۆ ئەوەی سەگەکانی سەنگەر ببەن و بیانتۆپێنن، هەندێکیان لێ دەکوژن، سەنگەر هێرشیان دەکاتە سەر و هەندێک لە پیاوەکان بریندار دەکات، پاشان دەیگرن، لە بەرچاوی خەڵک بە شەق بە پێش خۆیانی دەدەن. خەڵکەکە دەیانگوت:

"... _وەکو سەگ و گوجیلەکانی دەیتۆپێنن.. بەساغی نایەتەوە.

_دەیخەنە زیندان و چاوی بە دەرەوە ناکەوێتەوە." (سوارەکان...، ل33)

دیارە خەڵکەکە لە ئەنجامی توڕەبوونیان لهو سەگ و گوجیلانە ئەم قسانەیان بە سەنگەر گوتوە، چونکە ئەو خاوەنی سەگەکان بووە.

ئەم قسانەی ئەو خەڵکە وەک پێشبینی دەکەن، کە جارێکی تر سەنگەر نابیننەوە، بەڵام بە ماوەیەکی کەم سەنگەر دەگەڕێتەوە، ئەم قسانەی ئەوان پووچەڵ دەکاتەوە. پێشبینییەکەش هەر بە پێشبینی دەهێڵێتەوە.

-لە نموونەیەکی دیکە، کە سەنگەر سیمای دایکی دەهێنایە خەیاڵی خۆی زۆر پێی بێتاقەت دەبوو، زۆریش دەترسا لەوەی ڕۆژێک لە شوێنێک بیبینێتەوە، چونکە دایکی دوای مردنی باوکی سەنگەر؛ شووی کردبووەوە (هامانی نارێ مامان) پێی دەڵێت:

"... مەترسە لە هەموو ژیانت نایبینی.. یەکەم لەبەر ئەوەی نایناسیتەوە، دووەم ئەو ژنی پیاوێکی دەوڵەمەندە، ڕێی ناکەوێتە هیچ شوێنێک، کە تۆی لێیت.. ئەویش تۆ ناناسێتەوە." (سوارەکان...، ل52)

هامانی نارێ مامان دوو سێ هۆی هێناوەتەوە کە لەبەر ئەو هۆیانە سەنگەر دایکی نابینێتەوە، بەڵام لە بەشەکانی دواتردا دەبینین کە سەنگەر چۆن دەچێتە ماڵی زڕباوکی؛ واتە مێردە نوێیەکەی دایکی، لەوێ دایکی دەبینێت، زۆر باوەش بە یەکترپیدا دەکەن، بۆیە پێشبینییەکانی (هامان) نەهاتنە دی، هەر لە خەیاڵی خۆیدا مانەوە...

## ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

1- پێشکەوتنی ڕووداو تەکنیکێکە لە تەکنیکەکانی کات لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووەوە.

2- پێشکەوتنی ڕووداو لە ڕۆمانی نوێ سەری هەڵداوە، تایبەتە بە ڕۆمانەکانی شەپۆلی هۆش.

3- ئەم تەکنیکە واتە پێشکەوتنی ڕووداو لە گێڕانەوەدا؛ دەورێکی زۆر گرنگی هەیە. وا لە خوێنەر دەکات بە پەرۆشەوە پەلە بکات لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، تا دەگاتە ئەو شوێنەی نووسەر پێشوەخت باسی کردووە.

4- ئەو پێشبینییانەی، یان ئەو پێشکەوتنانەی گێڕەرەوە دەیانکات، هەموویان ڕوو نادەن، یان هەموویان نایەنەدی.

5- ئەم تەکنیکە زنجیرەی ڕووداوەکان تێک دەشکێنێت، کە لە ڕۆمانی تەقلیدیدا باو بوون.

## پەراوێزەکان:


1- أ. أ. مندلاو، الزمن والرواية، ترجمة بكر عباس، مراجعة احسان عباس، دار صادر، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٩٧، ص٣٩.

2- نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2004، ل54.

3- كولن ولسون، فكرة الزمان عبر التاريخ، ترجمة فؤاد كامل، مراجعة شوقي جلال، سلسلة كتب ثقافية شهرية، الكويت، عدد١٥٩، ١٩٩٢، ص١٥.

4- نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، ل35.

5- فرانسواز داستور، هيدغر والسؤال عن الزمان، ترجمة سامي ادهم، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٩٣، ص٢٢.

6- هەر بۆ نموونە دەکرێت لەو بارەیەوە ناوی چەند کتێبێکی گرنگ بهێنین وەک لێکۆڵینەوەکان لەبارەی ڕۆمانی نوێی مێشێل بوتۆر، مەسەلە نوێیەکانی ڕۆمانی جان ڕیکاردۆ، شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی نوێدای ڕۆبێرت هێمفری و زۆری تر. هەورەها خوێندنەوەکانی ڕۆلان بارت، تۆدۆرۆڤ، جیرار جینێت و زۆری دیکەیش بۆ ڕۆمان پێیان لەسەر ڕەگەزی کات داگرتووە).

7- فرانك اوكونور، الصوت المنفرد، مقالات في القصة القصيرة، ترجمة: د. محمود الربيعي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٣، ص٣١.

8- حسن بحراوي، بنية الشكل الروائى (الفضاء- الزمن- الشخصية)، المركز الثقافي العربي، ط1، بيروت، الدار البيضاء، 1995، ص 117.

9- رولان بورنوف و ريال اوئيلية، عالم الرواية، ت: نهاد التكرلي، ص118.

10- سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"ی بەختیار عەلیدا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، دهۆک، ل117.

11- د. حسان رشاد الشامي, المرأة في الرواية الفسطينية -1965 1985, اتحاد الكتاب العرب دمشق, 1998, http://www.awu-dam.org/book/98/study98/169-r-s/book98-sd014.htm

12- أ. أ. مندلاو، الزمن والرواية، ترجمة بكر عباس، مراجعة احسان عباس، ص22.

13- کۆمەڵێک نووسەر، تیۆری ڕۆمان، و.محەمەد کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002، ل30.

14- أ. أ. مندلاو، الزمن والرواية، ترجمة بكر عباس، مراجعة احسان عباس، دار صادر، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٩٧، ص٨٩.

15- http://en.wikipedia.org/wiki/Flashforward

16- محمد الغزي, المستقبل كما تبتكره الحداثة, السعودية, 2010, http://www.sauress.com/alhayat/99911

17- لطيف زيتوني، معجم مصطلحات نقد الروايــة، http://lzeitouni.lau.edu.lb/PDF/23.pdf

18- http://www.britannica.com/EBchecked/topic/478607/prolepsis

19- احمد حمد النعيمي، ايقاع الزمن في الرواية العربية المعاصرة، عمان، المؤسسة العربية للدراسات، ٢٠٠٤، ص١٠٨.

20- د.عدنان خالد عبدالله، النقد التطبيقي التحليلى (مقدمة لدراسة الادب و عناصر في ضوء المنهج التقدية)، دار الشؤون الثقافية، بغداد، 1986، ص80.

21- زينب عيسى صالح الياسي، البناء الفني في الرواية الكويتية المعاصرة، http://www.khawlaalqazwini.com/CriticalStudyDetail.aspx?aid=89

22- آمنة يوسف، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، دار الحوار للنشر والتوزيع، سورية،1997، ل81.

23- بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر 2004، ل118.

24- http://en.wikipedia.org/wiki/Flashforward

25- جەلال ئەنوەر سەعید، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلیدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی 2009، ل85.

26- هێمن عومەر خۆشناو، نامەی ئەلیکترۆنی، 5/4/2012.

27- جەلال ئەنوەر سەعید، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلیدا، ل105.

28- حسن بحراوي، بنية الشكل الروائى (الفضاء- الزمن- الشخصية)، ص133.

29- نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، ل234.

30- احمد حمد النعيمي، ايقاع الزمن في الرواية العربية المعاصرة، المؤسسة العربية للدراسات، عمان، ٢٠٠٤، ص٤٠.

31- محمد القاضي، معجم السرديات، الرابطة الدولية الناشرين، تونس، ط (1)، 2010، ص21.

32- المصدر السابقة، ص22.

## لیستی سەرچاوەکان:

-کتێبە کوردییەکان

1.بەختیار سەجادی و محەمەد مەحموودی، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، دەزگەی چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر 2004.

2.جەلال ئەنوەر سەعید، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلیدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی 2009.

3.سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی "شاری مۆسیقارە سپییەکان"ی بەختیار عەلیدا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، دهۆک، 2009.

4.کۆمەڵێک نووسەر، تیۆری ڕۆمان، و. محەمەد کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002.

5.نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی، 2004.

6.دواڕۆژ کاروان و کاروان عومەر کاکەسوور، سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، 2009.

-کتێبە عەرەبییەکان

1.أ. أ. مندلاو، الزمن والروايه، ترجمه بكر عباس، مراجعه احسان عباس، دار صادر، بيروت، الطبعه الاولى، ١٩٩٧.

2.احمد حمد النعيمى، ايقاع الزمن فى الروايه العربيه المعاصره، عمان، المؤسسه العربيه للدراسات، ٢٠٠٤.

3.آمنه يوسف، تقنيات السرد فى النظريه والتطبيق، دار الحوار للنشر والتوزيع، سوريه،1997.

4.حسن بحراوى، بنيه الشكل الروائى (الفضاء- الزمن- الشخصيه)، المركز الثقافى العربى، ط1، بيروت، الدار البيضاء، 1995.

5.رولان بورنوف و ريال اوئيليه، عالم الروايه، ت: نهاد التكرلى.

6.د.عدنان خالد عبدالله، النقد التطبيقى التحليلى (مقدمه لدراسه الادب و عناصر فى ضوء المنهج التقديه)، دار الشؤون الثقافيه، بغداد، 1986.

7.فرانسواز داستور، هيدغر والسؤال عن الزمان، ترجمه سامى ادهم، المؤسسه الجامعيه للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، الطبعه الاولى، ١٩٩٣.

8.فرانک اوکونور، الصوت المنفرد، مقالات فى القصه القصيره، ترجمه: د. محمود الربيعى، الهيئه المصريه العامه للكتاب، ١٩٩٣.

9.كولن ولسون، فكره الزمان عبر التاريخ، ترجمه فؤاد كامل، مراجعه شوقى جلال، سلسله كتب ثقافيه شهريه، الكويت، عدد١٥٩، ١٩٩٢.

10.محمد القاضى، معجم السرديات، الرابطه الدوليه الناشرين، تونس، ط (1)، 2010، ص21.

-سەرچاوەی ئەلیکترۆنی

1.د. حسان رشاد الشامى، المرأه فى الروايه الفسگينيه 1965- 1985، اتحاد الكتاب العرب دمشق، 1998. /http://www.awu-dam.org/book/98/study98/169-r-s book98-sd014.htm

2./http://www.britannica.com/EBchecked/topic/478607 prolepsis

3.http://en.wikipedia.org/wiki/Flashforward

4.لطيف زيتوني، معجم مصطلحات نقد الروايـة، /http://lzeitouni.lau.edu.lb PDF/23.pdf

5.زينب عيسى صالح الياسى، البناو الفنى فى الروايه الكويتيه المعاصره، http://www.khawlaalqazwini.com/CriticalStudyDetail.aspx?aid=89

6.محمد الغزى، المستقبل كما تبتكره الحدايه، السعوديه، 2010، http://www.sauress.com/alhayat/99911

-نامەی ئەلیکترۆنی

1.هێمن عومەر خۆشناو، نامەی ئەلیکترۆنی، 5/4/2012.




**کاروان عومەر کاکەسوور و دواڕۆژ کاروان**




# شامانیفێستی تووڕە و گومانکارانە سەبارەت بە شۆڕش

# یان

## کەشتیی فریشتەکان و سەردەمێکی شەیتانپەناهی

شێرزاد حەسەن



**نزار ئیدریس.. کارەکتەرێکی یاخی و نەهلیستی، وەک زادەی سەردەمێکی تاریک و کینەبار**

نزار، یەکێکە لەو کارەکتەرە نەهلیستییانەی بە درێژایی شۆڕش گەمەی مشک و پشیلە لە بەرامبەر لیڤیتانتدا دەکات، کە خۆی بە یەکە پیاوی ناو شۆڕش و کەڵەگا دەزانێت، کێویترین کەس، نە خودا و نە شۆڕش ناتوانن ڕامی بکەن، تاکە کەسێک، کە وا دەکات لیڤیتانت خۆی بە لاواز و کەم ببینێت،

ژیانی نزار بە سەر ژن و سیاسەت و بازاڕدا دابەش بووە. نەفرەتی قووڵی بەرامبەر ماڵ و مەکتەب و مزگەوت نەبڕاوەیە و ماتریالێکی نەپاڵاوتە و رامنەکراوە، دزی لە هاورێکەی دەکات. کتێبان دەدزێت، زاری خۆشە و قۆزە، جنێوفرۆش و سەرەڕۆ و کتێبخوێن و دەمهار و چەنەبازە. دەنگی سیحراوییە و ژنان لە خشتە دەبات. گومانی شیوعیبوونی لێ دەکەن و دەترسن کار بکاتە سەر پێشمەرگە سادەکان. لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە ئابڕووی باوکی دەبات و خوانەناسێکی تاقانەیە، دەنگخۆشی و بێ ئیمانی لە دایکییەوە بۆ ماوەتەوە. وەستایە لە فێڵ و دەستبڕین. یاخی تا دواهەناسە، سەرداری گرووپێکی گەنجانە دەکات بە ناوی "باوکت بکوژە و ژیانی خۆت بژی".

ئەم پەرەگرافەی سەرەوە بڕێکی کەمی ژماردنی خەسڵەت و خووخدەی نزار ئیدریسە، کە لەم تێکستەدا بەری دەکەوین. لەم رۆمانەدا درێژترین لیستی ئاوەڵناو بۆ دەستنیشانکردنی خەسڵەتە سەیر و نێگەتیڤ و خراپەکان و هەتا جوانیش بەر نزار دەکەون، کە دواجار لە کۆی رووداوەکان و ماجەرای ژیانی ناو شۆڕش و شاخ و شاردا، ئەو ئاوەڵناوانە بەرجەستە دەبن و پتر شی دەبنەوە، بەو مانایەی ئاوەڵناوەکان لە رێگەی کردارەکانی نزارەوە بەرجەستە دەبن. گەرچی نزار بێ سیحر و جوانی و بەڵێ و نەخێری خۆی نییە، کە بۆ زۆر لە خوێنەران مایەی سەرسامی و خۆشەویستییە.

نزار نمایشکەرێکی سەرسووڕهێنەر و لێبووکە، "رەوانبێژە و کتێبان دەخوێنێتەوە تاوەکو جوانتر درۆکانی خۆی بە سەر هەمواندا تێپەڕێنێت"، لە دیوەخانی مەنسوور ئاغادا و لە گوندی "سێئاسکێ"دا خۆی پەنا دەدات و خۆی دەشارێتەوە، دوای هەڵاتنی لە زیندانی پسمامانەوە، مەنسوور ئاغا لای خۆی دەیشارێتەوە، لە پاش ئەتکردنی "مامۆستا ڤینۆس" و ئاوسبوونی، لەو دیوەخانەیەدا بۆ یەکەمجار باس لە گومانی خۆی دەکات بەرامبەر شۆڕش، ئەم بڕوای بەوەیە "کە شۆڕش بۆ خۆی دەکات، شۆڕش بۆ ئەم هیچ نییە بێجگە لە حەڵاڵکردنی هەر هەموو حەرامەکان، نزار بڕوای بە شەرەف و حەرام و ئابڕوو نییە، حەزی لە شکاندنێکە کە هەموان رابچڵەکێن"، بۆ ئەم شۆڕش بێجگە لە بارگیرێک کە مەرامەکانی خۆی لێ بار بکات: هیچی دیکە نییە.

وەها ئاشکرا و بێ پێچوپەنا و خۆشاردنەوە لە ناو رەوانبێژییەکی فەلسەفیدا، نزار نەک بە تەنها ئەخلاقی



بەختیار عەلی

باو، بەڵکو خوداش ڕەت دەکاتەوە. کەسایەتییەکی وەها سەیر، کە زەحمەتە لە قاڵبێکدا جێگەی بکرێتەوە، بۆ ئەم هیچ شتێک تەواو و مایەی ڕێز نییە، زادەی سەردەمێکی شێواو و هەڵوەشاوە، کە رووخسار و ئاکاری ڕوون نییە، بۆ خۆی وەک سەردەمەکەی ناچێتە ناو هیچ پێناسەیەکەوە.

نزار هێشتا نیگای سیحرئامێزی منداڵانەی خۆی نەدۆڕاندووە، ئەم وا مەزەندە دەکات نەک هەر شۆڕش، بەڵکو هەموو گەردوون لە خزمەتی ئەودایە. بۆ ئەم شۆڕش بابەتێک نییە لە دەرەوە، بەڵکو درێژکراوەی زات و مەیلەکانی نزارە، بەوەی شۆڕش هەموو حەز و خەونەکانی بۆ بێنێتە دی و هەموو حەرامەکانی بۆ حەڵاڵ بکات، گەرچی رەخسان و شیاوبوونی ئەو سیحرە وا دەکات بۆ داوا و حەزەکانی ئەم مەحاڵ و ئەستەم بوونی نەبێت، لە ناو شۆڕشێکدا، کە کانگای هەموو ئەستەمەکانە و بگرە شۆڕش بۆ خۆی ئەستەمترین ئەستەمە، وەک هەموو ڕۆمانەکە دەیسەلمێنێت، هەر بۆیە نزار و شۆڕشگێڕەکان دڕدۆنگ و دوور و دوژمن دەکەونە بەرامبەری یەکدی. ئەم هەموو هەست و نەستی خۆی لەوەدا چڕ دەکاتەوە، کە یاساکانی زەوی و ئاسمان هیی ئەوەن بێنە پای هەموو داواکانی، نزار تاکە منداڵی ناو شۆڕشە، کە هەرگیز لەوەدا گەورە نەبووە ڕێز لە نەخێری گەورەکانی ناو حیزب و شۆڕش بگرێت، تا کۆتایی واز لە گەمەکانی خۆی ناهێنێت، بیروبۆچوونەکانی خۆی ڕەها دەبینێت و بۆ هیچ کار و شتێکیش پێویستی بە بەڵگە و سەلماندن نییە، هەر وەک منداڵ کە تێناگات ئەوانی دیکە و دونیا بۆ بەربەرەکانێی لەگەڵدا دەکەن، لەوەدا نزار و نەغەدە لە یەکدی دەچن، وەک هەڵگری هێزێکی سیحرئامێزن، وەکو دوو منداڵ، کە واقیع و بەربەستەکان مانایان نییە و هەموو شتێک بە ڕەوا و مافی خۆیان دەزانن.

ئەم بە ئیشی خۆی نازانێت کوردستان رزگار بکات، یان دونیا بگۆرێت، وا حەز دەکات "دونیا هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، کە بە منداڵی دیویەتی"، چونکە گۆڕانی دونیا بەوە دەیترسێنێت، داوای سازش و گۆڕانیش لەو بکات، لەو سیحرە بەتاڵ بێتەوە، کە خۆی ڕەسمی دونیای پێ کردووە، دەستکاریکردنی دونیا لە دەرەوە ترسێکە بە دەستکاریی شتێک لە ناو ئەمدا، کە بۆی ساز و ئامادە نییە.

بۆ نزار تەنها خۆی گرنگە، بۆ بولبولیاریش شۆڕشگێر خۆی هەموو شتێکە، بەدگومانیی نزار لە مرۆڤ، لەوەوە هاتووە، کە ملیۆنەها گیاندار سەر دەبرێت وەک جانەوەر، بۆیە چاوەڕوانیی خێری لێ ناکرێت. هەمیشە مرۆڤ لە کوشتارگەی ئاژەڵەکانەوە دەستی پێ کردووە و بە کوشتارگەی مرۆڤ کۆتایی هاتووە. بۆ ئەم بەهای فیکریش مانایەکی وەها پیرۆزی نییە، کە هەموان لە سەری ڕێک کەوتوون. بۆ نزار ئەزموون درۆیە، چونکە ئەزموون گەڕانەوەیە بۆ پەند و حیکمەت، لە کاتێکدا نزار تەنها ڕاوچیی ئەو سات و کاتەیە، کە لە هەنووکەدا هەیە. ئەوکاتەی بڕیار دەدرێت، لە گوندی سێئاسکێدا ڕاوی بکەن، لیڤیتانت دەبێت بە پێشەنگ و وەفاش بە تانجی ڕاوەکە، لەوێشدا وەفا وەک هەمیشە "بەڵێ"یەکانی خۆی دەیکات بە ئامێرد و سەگی ڕاو و سیخوڕێکی ماندوو، وەفا هەر لە سەرەتاوە دەرکی دەکات، کە بە هەموو بوونی خۆیەوە خۆی لە دەست داوە، هەر لەو کاتەوەی ئەسپەکانی کوشت، کە بۆ جاری دووەم دۆزینەوەی نزاری پێ دەسپێرن، لە دڵدا حەز دەکات بڵێت (نەخێر!) کەچی دیسانەوە پیرۆزیی شۆڕش و ڕۆحی زەبوونی خۆی ملکەچی دەکات. ئەم دوو هەڵوێست و هەڵبژاردنە، سەرلەبەری ژیانی دەگۆڕێت و ڕێڕەوێک وەردەگرێت، کە ڕاستکردنەوەی زەحمەت

دەبێت.

گەرچی شۆڕش بڕیاری داوە "ڤینۆس" بکوژن و منداڵەکە زیندەبەچاڵ بکەن، کە لە نزار ئاوس بووە، باوکی ژنەی ئەتککراو جوامێر و هۆشمەندترە لە شۆڕش خۆی، ئەم خوێنە ناڕێژێت و نایکات، چونکە "مرۆڤی پێ گەورەترە لە ئابڕووچوون، ژیان پیرۆزترە لە شەرەف."

لیڤیتانت و وەفا و شەش چەکدار لە نیوەشەودا وەک ئاسک ڕاو بکەن، هەڵدەکوتنە سەر گوندەکە، "هەتا سروشت بەو هەموو دار و بەرد و تاریکیی شەوەوە، وەک چەکدارەکان دڵڕەقە." هەر لە سەرەتاوە کارەکتەرەکان و ڕووداوەکان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن، کە خەمی سەرەکیی شۆڕش بابەتێکی لاوەکییە، شۆڕش و بەرخۆدان و خەونێک نییە بۆ سەرفرازی و خۆشەویستیی خەڵک و خاک، بەڵکو بە سەر گەمەی ڕاوچی و نێچیردا دەکەوین، گەمەی بردنەوە و دۆڕان، ڕق و کینە و گرێی گەورەی شۆڕشگێڕەکان لەتەک یەکدیدا.

لیڤیتانت هۆمەر بۆتانی وەک جەنگاوەرێکی دڵڕەق بە درێژایی مێژووی تێکۆشانی خۆی، کە لە ڕۆحی خۆیدا ترس و لاوازییەکی زۆر دەشارێتەوە، هەموو گەمەکانی بۆ بەدیارکەوتنی هێز و دەسەڵاتی بێسنووری، هیچ نییە بێجگە لە شاردنەوەی لاوازییەکی کوشندە، هەر ئەوەشە وا دەکات لەزەت لە ئازاردانی دیلەکان و زیندانییەکان ببینێت، خولیای گەورەی دەبێتە بەزاندنی "نزار ئیدریس" کە دەزانێت یاخی و ئازا و ئازادە. خۆزاڵکردنی لە مەیدانی سەربازی و سیاسەتدا و بگرە داگیرکردنی "نەغەدەی ماردینی" کە دۆست و یاری "نزار" بووە، هەوڵیکی شێتانە و "سیزیفی"ـیە بۆ کوشتنی وێنەی دژ و قاندر بە خۆی لە نزاردا. ڕەنگە هەموو جوانیی کەسیەتیی نزار لەوەدا دەروشاوە بێت و ئەو هەموو دزێوییەی بشارێتەوە، لەوەدا چڕ دەبێتەوە، کە ڕووی ناشیرینی شۆڕش پتر توخ دەکاتەوە، بەرەنگاربوونەوە و هەڵگەڕانەوەی لە لیڤیتانت بۆتانی، کە ڕۆحی زاڵ و دڕندانەی شۆڕشە، بۆ خۆی یەکێکە لە هەرە هێڵە درامییەکانی ئەم ڕۆمانە؛ هەمیشە سەرسام و سەرگەرم لەتەک خۆیدا دەمانبات. بۆ جەنگاوەرێک، کە هێز و تۆقاندن هەموو شتێکە، گومانکردن لە تواناکانی خۆی مردنیەتی. ململانێی نێوان کارەکتەرەکانی ناو شۆڕش بە جۆرێکە، سەرلەبەری فەزای ڕۆمانەکەی داگیر کردووە، ئەوەندە کوشندە و خوێناوییە وەک ئەوە وایە، شۆڕش کێشەی لەگەڵ دوژمنەکانی دەرەوە و ڕاستەقینەی خۆی لە یاد کردبێت، هەر هەموو گەمەکانی ڕاوچی و نێچیر وا لە ناو دارستانەکانی شۆڕشدا، یان تەواوی ڕۆحی سزادەر و ئەشکەنجەخوازی جەللاد و سزاخۆری قوربانییەکان وا دە نێو زیندانەکانی شۆڕشدا.

رسواترین نمایشی هێزی لیڤیتانت لەوەدایە، دوای گرتنی نزار و ڕاوکردنەوەی، وەک مەیموون نزار بە زنجیرکراوی بە ناو گوندەکاندا دەگێڕێت، ئاهەنگی دوای دەستگیرکردنی لە گوندی سێئاسکێ و سازکردنی ئاهەنگی پڕ لە خواردن و خواردنەوە لە "پسمامان" شکاندنی شکۆمەندیی نزار نییە، بە قەد ئەوەی ڕووتبوونەوەی شۆڕش و پیاوە گەورەکانیەتی لە هەموو درووشمەکانی ئازادی و جوانی و مرۆڤپەروەری. هەوڵ و تەقەللای لیڤیتانت هۆمەر بۆتانی و مامۆستا ئەسعەد و وەفا، کە دەبن بە سێ تانجی بۆ گەورەکانی خۆیان، بۆ سەرلەنوێ ڕاوکردنەوەی نزار لە دوای هەڵاتنی لە زیندانی پسمامان، هیچ نییە بێجگە لە سەرکەوتنێکی بچووک بۆ شۆڕش، کرینەوەی ئابڕووی تکاوی بە دەست

گۆڵمەزەکانی نزار و بەلەسەبوون و نەخێرەکانیەوە، پێچەوانەی وەفا، کە زاتی ئەوەی نییە یەک "نەخێر"ی هەبێت. وەفا ئامێرێکە بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانی شۆڕش، وەفا رۆحی بە کرێ داوە، ئەم رۆحی دەستەجەمعیی شۆڕش لێی دەخورێت، بێشەرمانەش هاوار دەکات "من کۆیلەم!" کە دیارە شۆڕش بە کۆیلە دەکرێت. ئەم رۆبۆت و دوورەبەزەیی و دەروێشی شۆڕشە، بەڵام تاکە شتێک کە دەیباتەوە سەر ئومێدی کڕینەوەی کەمێک لە شکۆمەندی ئەوەیە، کە لە گومان و پرسیار ناوەستێت. هەر ئەوەشە وا دەکات دوو شتی دژوار لە ناویدا سەر هەڵبدات، یەکەمیان جەنگێکی بەردەوامی ژێربەژێری لە بەرامبەی نزاردا، کە واز لە ڕاوکردن و ڕامکردنی ناهێنێت، دووەمیان سەرسامی و ڕێزێکی شاراوەی بۆ نزار هەیە، کە ئەم وێنەی پێچەوانەی خۆیەتی و خاوەنی رۆحێکی هەڵگەڕاوە و بەلەسە و ڕامنەکراوە، خاوەنی "نەخێر"ـەکانی خۆیەتی، کە لە نائاگایی خۆیدا، خەونی پێوە دەبینێت و خۆزگەی پێ دەخوازێت، هەر بۆیە نزار تا کۆتایی بە زیندوویەتی لە هەموو تەڵە و بەندوداوەکانی سیخوڕێکی وەک وەفا قورتاری دەبێت.

نزار شکاندنی حەرامەکان و گەمە سۆزدارییەکانی بە شۆڕش دەزانێت، نزار گەرەکی بوو خەڵکی هێدمەگرتی بن و بەوە تووشی شۆکیان بکات، کە ئەم هیچ پیرۆزییەک نافامێت، سەرسامکردن و تووڕەکردن و وروژاندنی ئەوانی دیکە بۆ ئەم تاکە ئامانجی چاوەڕوانکراو بوو. شکاندنی پیرۆزییەکان خولیای هەمیشەیی ئەم بوو.

بۆ هەمیشە نزار سێکس و راوەژن بە راستەقینەترین جەنگ دەزانێت، بۆ ئەم "ئۆرگازم دەرچوونە لە جەبری کات و شوێن، ئەو کاتەیە کە سیاسەت و نیشتیمان پێکەوە دەمرن." سێکس وەک شکاندنی هەموو حەرامەکان و بەزاندنی سنوورەکانی ئەخلاقە، کە کۆی کۆمەڵگە دەترسێنێت. شۆڕش بۆ ئەم پتر ئازادیی خۆیەتی، وەک تاک و شکاندنی هەموو تابۆکانە. سێکس پتر بۆ نزار ئامانجە، چونکە لەوێدا تەنها لە خۆی دەچێت و بەرجەستەکردنی تاکڕەویی خۆیەتی، شۆڕش بۆ ئەم ئۆرگازمی دەستەجەمعییە، کە بۆ نزار ناگاتە ئەو گەمەیەی خۆی و خۆیەتی و بەس. نزار دوای هەرەس بڕیار دەدات ببێت بە قەساب، تاوەکو بە بۆنی خوێن ڕابێت، چونکە پێشبینیی ئەوە دەکات وڵاتەکە ببێت بە قەسابخانەیەکی گەورە.

**هۆشەنگی بولبولیار.. هەمیشە شۆڕشگێڕ و عاشق... هەمیشە گومانکار و نائومێد**

لە چاوی بولبولیارەوە، کە سیمبولی ئەبەدیی شۆڕشگێرانە؛ "چوونە ناو شۆڕش هەڵهاتنە لە نائومێدییە گەورەکان"، پەرچەکردارێکە دژ بە دۆڕان، خۆشەویستییە بۆ رەگەزی ئینسان، بەڵام بۆ شۆڕشگێڕ مەرجە بایی ئەوەندە لە "دونیا و ناز و خۆشییەکانی دوور بێت، کە پیسی نەکات"، چونکە بۆ هەمیشە وا بووە، دوای شۆڕش و گەیشتن بە دەستەڵات و هێز، مرۆڤ ملکەچی حەز و ئارەزووە تایبەتییەکانی خۆی بووە و هەرچی رەوشت و جوانیی شۆڕشگێڕانەی هەیبووە، دایناوە و لەو رۆحە سۆفیگەرییە دەشۆرێت، کە هەموو شۆڕشگێڕێک بۆ هەتاهەتایە پێویستی پێیەتی، ئەم زاتە بڕوای وایە ئەرکی مرۆڤ و بگرە شۆڕش ئەوەیە: "دەستی مرۆڤ بگرێت، نەهێڵێت چیتر خۆی وێران بکات."

گەڕەکی غەمپاشا، ئەمی فێری دۆڕان و خۆشیی هەژاری کردووە، کە فیز و شکۆی تێدایە، ئەم وەک سوڵتانی ئەو گەڕەکە فەرامۆشکراو و لە جوگرافیا دەرکراوە، هێمن و سەنگین، هەر لە منداڵییەوە فریشتەیەک لەگەڵیدا لە دایک بووە، کە تا دواهەناسە بە سەبری ئەیووبێکەوە دەژی و

بەرگەی برسییەتی و نەهامەتییەکان دەگرێت و ناهێڵێت فریشتە نازدارەکەی بمرێت، "خاوەن نیگایەکی سادە و سارد، کە ئەستەم بوو لە چاویدا بزانیت چۆن ژیانێک دەژی"، هەمیشە نامۆ، بۆی مەحاڵە ئاسان وەک هەموان قایل بێت و جێگەیەک لەم دونیایە داگیر بکات، بام دونیای فریشتەکان، یان شەیتانەکانیش بێت، وەک بێلانە و پەناگەیەک دەردەکەوێت بۆ هەتاهەتایە. هەر بۆیە هیچ سەیر نییە، کە غەمپاشای هەژارنشین ببێت بە لانکەی یەکەمی شۆڕش لە دوای هەرەس و نسکۆ، هەژاری ڕێگەیەکە رووەو مەنزڵگەی ئازادی و تەنیایی و نائومێدی، بەڵام لە زیباترین دۆخ و بەرگی خۆیدا، ئێمە لێرەدا بۆ یەکەمین جارە تووشی پاڵەوانێک دەبین، گۆرانی بۆ هەژاری دەچڕێت و وامان لێ دەکات بەغیلی بە هەژارەکان ببەین، کە هەر لە سەر ئەم خاکە دەمانکات بە فریشتە، رۆحی بولبولیار دەرکەوتەی مەشقێکی ئەزەلیی ئەو شۆڕشگێڕە سۆفییانەیە، کە هیچیان بۆ خۆیان ناوێت، بەڵام دەگمەنە، ئەم لە ناو شۆڕشدا جێگەیەکی نییە، لەتەک زۆرینەیەک رێ دەکات، کە شۆڕش بۆ ئەوان بێجگە لە بارگیر هیچی دیکە نییە؛ نیاز و مەرامە زۆر تایبەتییەکانی خۆیانی لێ بار بکەن، هەر بۆیە هەژاری هاوشانی تەنیاییە. ئەم دەزانێت سیاسەتبازەکان وەک کەرەستەیەکی سیاسی، هەژاری دەکەن بە پەرچەم و درووشمی خۆیان و خراپ و نامەردانە سوودی لێ دەبینن، چونکە هەر هەژارە و ژیانی خراپی خۆی دەژی، رەنگە دەوڵەمەندەکان یەک جۆری ژیانی پڕ لە خۆشگوزەرانیان هەبێت، بەڵام هەژارەکان هەر یەکە و جەهەننەمێکی جیاوازی بۆ داگیرساوە و جیاوازە لەوانی دیکە. گەرچی هەژاری بۆ خۆی بە جۆرێکی دیکە "هۆشەنگ بولبولیار"ـی زەنگین و سەنگین کردووە، کە چاو و هەست و نەستی دیکەی پێ بەخشیوە و دەیەها دەروازە و پەنجەرەی دیکەی بە ڕوودا کردووەتەوە، دواجار لە ناو شاری شەیتانەکاندا ئەمی کردووە بە فریشتەی سەرزەمین، نەک ئاسمان. ئەم مرۆڤپەروەر و مرۆڤناسێکی خودانەناسە، ئەو خودایەی ئەوانی دیکە بۆ ڕیاکاریی بازاڕگەرمی دەیپەرستن. خودا و شۆڕش بۆ ئەوانی دیکە گەیشتنە بە قازانج و خێروبێر و پاداشتێک، کە هۆشەنگی بولبولیار هەرگیز تێی نەگات، وەک چۆن ئەم بە شێوەی خۆی دەڕاونێتە شۆڕش و هەژاری، بە هەمان ئەندازە ئەو خودایە ناناسێت، کە ئەوانی دیکە نەک نایدۆزنەوە، بەڵکو پتر ونی دەکەن، وەک چۆن لەتەک شۆڕشگێڕە درۆزنەکاندا خۆی ون دەکات. رۆحی خودانەناسانەی ئەم جیاوازە لەگەڵ رۆحی خودانەناسانەی "نزار ئیدریس"دا، کە خودا دەسڕێتەوە تاوەکو هەر هەموو حەرامەکان حەڵاڵ بکات، دۆستۆیڤسکی واتەنی: گەر خودا نەبوو، هەموو کارێک و شتێک ڕەوا دەبێت، خودا لێرە ئەو قیبلەنومایەیە، لە سەر ئاستی میللی ناومان ناوە "ویژدان"... یان بەهایەکی باڵا، کە وامان لێ دەکات جوانی لە ناشیرینی جیا بکەینەوە. گەرچی ئەم هەرگیز بڕوای بە فریشتە نییە، هەتا ئەو وەختەی باڵەکانی مەهدائیل دەبینێت، ئەم "خودایەک ناناسێت، کە لێ بگەڕێت مرۆڤ خۆی وێران بکات" و کەچی ئەم لە سەر عەرشی خۆیەوە بێباک تەماشای بکات و دەستی نەگرێت. هۆشەنگ هەموو هەوڵی ئەوەیە لە بری خودا و بە پەلە فریای ئەوە بکەوێت ئەوانی دیکە خۆیان خانەخراپ نەکەن. ئەم هەتا وەک مەهدائیلی فریشتەش نییە، گەرچی گەورەترین خەمخۆری فریشتە

تۆراو و نەخۆشەکانە، کەچی مەهدائیل خانەدانئاسا بێ جگەرە و شەراب هەڵناکات. گومان و تووڕەیی و نکوڵیی ئەم لە مەڕ بوونی فریشتەوە، هیچ نییە بێجگە لەوەی لە سەرووی مرۆڤ خۆیەوە، جا چ فریشتە بێت و چ شەیتان، هیچ بوونەوەرێکی دیکە نەناسێت، ئەمیش وەک مەهدائیل دەزانێت، هیچ شتێک لەوە ئەستەمتر نییە مرۆڤ لە شارێکی وەهادا فریشتە بێت، کە مرۆڤەکانی فریشتەکانیان دەتۆرێنن. ئەوەی وا دەکات فریشتەکانی ئەوانی دیکە ببینێت، پەیوەستە بەوەی خاوەنی چاوێکی دیواربڕ و کوناودەرە، کە بۆ خۆی لە رۆحی هەژارییەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەمیش وەک وەفا حەزی لە تاریکییە، وەفا وەک پیشەی سیخوڕی، کە هەست بکات ڕسوا و گوناهبارە و شادزی نهێنییەکانی ژیانی خەڵکە، پێویستی بە تاریکی هەیە، لەوەدا چیتر شەو قەڵای مێردان نییە، بولبولیار ناچارە خۆی بشارێتەوە و حەز بە تاریکی بکات، نەک خۆحەشاردان و هەڵاتن لە هەژاری، بەڵکو وەک پەناگەی ئەم و دووری لە دونیایەک، کە پیسی نەکات، بۆیە کوچە و کۆڵانە تاریکەکانی غەمپاشا تەقەتترین حەشارگەیە بۆ جۆرێک لە سەرگەمکردنی بە ئازادی و گەڕان بە دوای خەونە مەحاڵەکاندا. ئەم دەرکی ئەوەی کردووە، "لەوەدایە هەژاری ببێتە مایەی رق و کینە و وێرانکردنی دونیا"، بۆیە سەرمەشقی گەورەی ئەم رزگارکردنی مرۆڤە، نەک بە تەنیا لە مرۆڤەکانی دیکە کە لە رێگای ئەوەدان بە شەیتان وەرگەڕێن، بەڵکو "رزگارکردنی مرۆڤە لەوەی بە دەستی خۆی، خۆی کاول نەکات". هەر لە سۆنگەی ئەوەشەوەیە کە هەر زوو تیپی فتبۆلێنی منداڵانی غەمپاشا دەگۆڕێت بە گروپێکی ئەدەبیاتی سیاسی بۆ ئەو سەر مەشقی خۆ راهێنانە لەسەر مانەوە لە جوگرافیایەکدا کە شەیتانەکان ناتوانن ئاسان پێی تێبخەن.

هەر هەموو کارەکتەرەکانی ناو ئەم رۆمانە بەردەوام لە بازبازێن و جێگۆڕکێدان، کەس نییە پێگە و جوگرافیای خۆی نەگۆڕێت و سەنگەرگواستنەوە لە نێوان دۆست و دوژمن و ئاخورگۆڕین دەبێتە گەمەی رۆژانە، تەنها هۆشەنگی بولبولیار نەبێت، تاک و تاقانە "غەمپاشا" بەجێ ناهێڵێت، کە نموونەی هەژارترین گەڕەکی دونیایە و خۆی وەک هەژارترین ئادەمیزاد دەبێت بە سوڵتانی نەداری و نەبوونی، کە هاوشانە بە زەنگینییەکی رۆحی بێهاوتا، هەر ئەوەشە وا دەکات نەغەدەی ماردینی وەک حەسرەتێک لە گۆشەیەکی دڵە بەردینەکەیدا وێنەیەکی پاکی ئەم دابنێت و وەک پیاوی ناو خەیاڵی خۆی تەماشای بکات. بولبولیار وەها سەیر رۆحانی دەکەوێتەوە، کە نەغەدە نەوێرێت لەو نواڵە و نوور و خەرمانەی دەوری نزیک بێتەوە، بازنە و نواڵەی پاکی ئەم وا دەکات، وەک عەشق و هەوەس نەغەدە زات نەکات لەو بازنەیە بپەڕێتەوە، ئەم هەموو پیاوەکان دەبەزێنێت و تەنها بۆی ناکرێت سنووری جوگرافیای بولبولیار ببەزێنێت. گەر هەموان هەڵگری دووانەی دژ بە یەکن، بەوەی نشینگەی فریشتە و شەیتانن، ئەم بۆ خۆی وەک رێزانی مەلەکبین دەژنەوێت: بۆ خۆی هەر بە فریشتەیی لە دایک بووە. لە روانگەی بولبولیار خۆیەوە ترسی لەوانی دیکە هەیە، کە "شۆڕش وەک حەشارگەیەک دەدۆزنەوە تاوەکو ترس و بیمی خۆیانی تێدا بشارنەوە، خەسڵەتی شۆڕشگێڕ تەنیابوون و تەنیاکەوتنە"، هەر بۆیە هەژاری و تەنیایی، کە دووانەی یەک سکن، هۆشەنگ بەجێ ناهێڵن. لە ناو هەموو شۆڕشگێرەکاندا ئەم پارێزەری دەستکەوتەکان نییە، چونکە بۆ ئەم گەورەترین دەستکەوتی شۆڕش گەر هەبێت، "رزگارکردنی رۆحە و رێگەگرتنە لەوەی نەبین بە درندە!" کە وەک واقیع هیچ شۆڕشێکی ئاسمانی

و سەرزەمینی ئەمەی پێ نەکراوە، کوجای شۆڕشی کوردان؟! وەک گومانکارێکی گەورە شۆڕش بە دۆخێک دەبینێت، کە ئەوەندەی لە خەمی "مانەوەی دۆخی کۆیلەبوونە وەک خۆی، ئەوەندە لە خەمی ئازادیی مەردوومەکان نییە." "چ بەهەشت و چ دۆزەخ مرۆڤ ناچارە لە شۆڕشدا بەردەوام بێت، شۆڕش هەرگیز کۆتایی نایەت، تا ئەو زەمانەی ئازار مابێت." ئەم ئامادەیە وەک شۆڕشگێڕێکی ئەبەدی بمێنێتەوە و بەرگری لە مرۆڤ بکات. رۆحپەروەریی هۆشەنگ وای لێ دەکات بڵێت، "هەژاری فێری کردووم دیوە نامادییەکەی ژیان رۆشنتر ببینم" هێمایە بەوەی هەژاری هاوشانی پاکییە، لە ناوئاخندا رستەیەکی چەندە نزیکە لە وتە ئومێد بەخشەکەی "مەسیح" کە دەڵێت" تەنها هەژاران دەبنە خاوەنی مەلەکوتی یەزدان" ئەوکاتەی لە شاخ لەتەک حەسیبدا رووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە، وەک عیسا موعجیزە دەنوێنێت، کە بە وەفا دەڵێت: "من باڵەکانت دەبینم...!" ئەوکاتەیە، کە بە چاوە تیژ و کوناوەدەر و مەلەکبینەکەی باڵەکانی فریشتە بێزارەکەی ئەو سیخوڕە دەبینێت، هەر ئەوەش دەبێتە هۆکاری تکا و پاڕانەوەی وەفا لە لیڤیتانت، کە بولبولیار نەکوژن... هەر واش دەکەوێتەوە. بەوەی بولبولیار هێزی بینینی فریشتە تۆراوەکانی ناو ناخی مرۆڤەکانی هەیە، بەڵگەی ئەوەیە خۆی خاوەنی فریشتەیەکی باش و پاک و زۆر بەهێزە، هەر ئەوەشی گوێ لێ دەبێت لە سەر زاری مەهدائیلی فریشتە. پارادۆکسەکەش لەوەدایە، کە وەک فریشتەیەک بڕوای بە غەیبانییەت نییە، هەر ئەویش یەکەم پێشبینیی خۆی بە گوێی بولبولیاردا دەچرپێنێت، کە نەخۆشییەکی کوشندە، دەرد و درمێک وەک تاعوون بەڕێوەیە، بۆ یەکەمین جار دەیدرکێنێت، فریشتەگەلێکی زۆر بیمار دەکەون، کۆمەک و یارمەتیی بولبولیار دەخوازێت، چونکە فریشتەکان توخمێکی لاوازن، ئەوەش دەبێت بە سەرەتایەک بۆ ئەم، کە بچێتە ناو کەشتیی قریشتەکانەوە.

هەتا لە گەرمەی راپەڕیندا بولبولیار نائومێدە، کە دەچێتە دەر، تاوەکو مرۆڤ ببینێت لەو کاتەی هەموان مەستی راپەڕینن، کە چۆنچۆنی هەر هەموو ناکۆکییە قووڵەکانی تێدا دەردەکەون.، رەش و سپی، خێر و شەڕ، بەڵام بە لایەوە قورس بوو، کە "ئازادی بە جەهەننەمی تەقە و سووتاندن و تاڵانیدا تێپەڕێت."

هۆشەنگی بولبولیار ماوەیەک پشتی کردبووە سیاسەت، پتر خولیای شیعر و ئەدەبیات بوو، وایزانی "شیعر کەرەستەیەکە باڵا بە مرۆڤ دەبەخشێت." هەموو خەونی شۆڕشێکی بێ ئازار بوو، دوای تێکەڵبوونی لەتەک شاعیراندا، هەستی کرد ئەوانیش شەڕانگێزن. بولبولیار گەرەکیەتی و هەمیشە لە خەمی ئەوەدایە، کە شاعیرەکەی ناو نەغەدە رزگار بکات، چونکە "گومانی ئەوەی هەیە فریشتە بتوانێت شیعر بنووسێت"، چونکە رووی لە مەرگە تا ژیان.

**سەعید یۆنان.. یەکەم شەهیدی ناکامی دۆزینەوەی ژیانێکی دزراو**

وەفا و کەڵکەڵە و مەراقی کونجکۆڵی، بەوەی ئەو ژیانە دزراو و دۆڕاو و بزر و لەدەستچووە بدۆزێتەوە، کە شۆڕش کوشتوویەتی، دەیگەیەنێتە سەر رێگەی دۆزینەوەی "سەعید یۆنان"، گەرچی ئەم زووتر لە پسمامانەوە دەیناسێت، وەفا داوای چیرۆکی جوان لە یۆنان دەکات، چونکە بڕوای وایە شۆڕش ژیانی



راستەقینەی لێ دزیوە، ئەو ژیانەی کە بۆی نەڕەخسا، ئەم وەک کۆیلە و ڕۆحفرۆشێک بە شۆڕش، ژیانێکی دیکەی بەسەردا سەپێندراوە، وەلێ خۆی هەڵیبژارد، کە ئامێر و دەسکەلای میرەکانی حیزب و جەنگ و شۆڕش بێت، کەرەستەیەک بە ناوی خزمەتی شۆڕش و میللەت، هەر بۆیە ئەنجوومەنێک دادەنێت بە ناوی "جەمعییەتی ژیانی ون"، کە خۆیشی دەیزانێت چەندە ئەستەمە ئەو ژیانە بدۆزرێتەوە کە بزر بووە و نەژیاوە، ژیانی خۆی و هەزارەها لەوانەی بوونە قوربانی، چ زیندوو چ مردوو، ژیانێکی پەرش و بڵاو، کە زەحمەتە کۆ بکرێتەوە، گەڕان بە دوای ژیانێکی ونبوو، کە لە هەزار لاوە پچڕاوە، وەفا لای سەعید یۆنانی چیرۆکنووس تێدەگات، کە مێژووی شۆڕش و کارەکتەرە سەرەکی و لاوەکییەکانی پڕ بوو لە درۆ و قۆناغی ساختەکاری، خودی یادداشتەکانی خۆی، کە بەشی هەرەزۆری ئەم ڕۆمانەی داگیر کردووە، هەرگیز فریای ئەوە ناکەوێت کێومالی کۆی کارەساتەکە بکەوێت، هەر لەبەر ئەوەشە، وەفا دەخوازێت لە هەردوو سەرەوە کار بکات: یەکەمیان نووسینەوە و تۆماری کۆی بیرەوەری و یادداشتەکانی خۆی، کارەساتی خودی ژیان و شۆڕش وەکو خۆی بە هەموو ناشیرینی و جوانییەکانیەوە، گەرچی ئەو دیوەش لە ژیان پێشانی ئێمە دەدات، کە کەم کەس دەیەوێت ببینێت، دووەمیان بە گەڕخستنی دەیەها چیرۆکنووسە بە پێشەنگیی "سەعید یۆنان" کە چیرۆکی ئەو ژیانە بنووسنەوە، پاڵەوان و ڕووداوگەلێک جوانتر لەوەی تێیدا ژیان، وەفا هێشتا بۆ ئەو بەش و پارچە هەلاهەلا و لەتوپەتکراوە دەگەڕێت، کە خۆی فریای نەکەوتووە، لە دیدی وەفاوە "چیرۆک تەنها هەقیقەتێکە کە لە درۆکانی واقیع دەرماندەهێنیت. ل: 325" هەوڵی وەفا بۆ نووسینەوەی یادداشتەکانی بۆ مەرامی سیخوڕی و کۆی ماجەرای شۆڕش، کە لاپەڕە هەرە زۆرەکانی ڕەشن و کەمێکیشی سپی، بێجگە لە تۆماری ژیانێکی ساختە و درۆ، هیچی دیکە نەبووە، ئەمەیان یەکە هەوڵی تاقانەی وەفایە، لە گۆشەیەکی دیکەوە و لە هەوڵی دووەمیدا، کە تکاکارە لە سەعید یۆنانی چیرۆکنووس و قەڵەمبەدەستانی دۆستی لە ناو "جەمعییەتی ژیانێکی ون"دا، هەموان سەرگەرمی نووسینەوەی ئەو ژیانە بن، کە دزراوە و لە دەست چووە، تەواوکەری ئەو بەشە نادیارەیە لە ڕابردوودا، کە مەحاڵ بووە، مەحاڵێک کە شۆڕش دروستی کردووە، گەرچی شۆڕش بۆ خۆی بانگەشەی ڕابوون و ژیانێکی شکۆدار و دروستکردنی بەهەشتی بە هەموان داوە، لە ئاکامدا وا دەکەوێتەوە، بۆ هەر پاچ و بێڵێک، کە شۆڕش وەشاندوویەتی تاوەکو گوڵزاری ئەو فیردەوسە ئاوەدان بکاتەوە، پتر گۆڕی هەڵکەندووە و لە بری ئەوە جەهەنەمێکی ئاگر داوە. نووسینەوەی چیرۆکە جوانەکانی ژیانی مەحاڵ و لەدەستچوو، ئەو بەشە دەبێت لە کۆی یادداشتەکەی وەفا، کە ئێمەی خوێنەر وەک پاڵەوانە ڕەنج بەباچووەکانی شۆڕش هەرگیزاوهەرگیز نایبینین، پێکەوە چاوەڕوانین و... کەچی هیچ، ئەمیان ئەو نەوتراوەیە، کە پێچەوانەی ئەو ژیانە دۆزەخەیە، کە لە گەشتی ناو "کەشتیی قریشتەکان"دا بە هەموو زەخم و کوشندەیی خۆیەوە دەیبینین. "کەشتی"یەک کە بە ملیۆنەها سەرنشینی بیمارەوە، بە ناو زەریای فرمێسک و خوێن و ئارەقەی هەمووماندا سەنگینانە زەریاکە شەق دەکات ڕووەو ناو جەرگەی جەهەننەم، کە لە کۆتاییدا هەموومان پێکەوە سووتانی "کەشتیی قریشتەکان" دەبینین، داماڵراو لە هەموو بەها جوانەکان و درووشمە شیرین و درۆزنەکانی شۆڕش، ئەم نەوتراوە و نەنووسراوە و نەبینراوە و نەبیستراوە و تامنەکراوە، بە قەد وتراوەکەی ناو یادداشتەکە سەنگین و کوشندەیە، کە ڕۆح و کرۆکی ڕۆمانەکە خۆیەتی.



کوشندەتریش لەو چیرۆکی ژیانە جوان و مەحاڵەکە، بە کوشتنی"یۆنان" لاپەڕەکانی خوێناوی دەبن و ناتوانین بیخوێنینەوە، کە ئەوەش وا دەکات دوای تەواوبوونی ڕۆمانەکە خۆمان بگەڕێین و ڕابمێنین، کە ئێمە و کارەکتەرە گومناوەکانی ناو ڕۆمانەکە چیمان لە دەست چووە، چ ژیانێک کە بۆمان نەڕەخسا تێر تامی بکەین: بەرئەنجام ئەوەیە، گەورەترین ڕووداو لە ژیانی ئێمەدا شۆڕشە و شۆڕشیش بۆ خۆی دەمانباتەوە سەر ڕێگەکانی دۆزەخ، یان لە باشترین حاڵەتدا ڕووەو بیمارستانێکی گەورە ڕاپێچمان دەکات، کە بە قەد نیشتیمان پانوبەرینە، ئەوە گەر نیشتیمانەکە خۆی نەبووبێت بە بیمارستان!

بەڵام سەرەتا یۆنانی نووسەر داواکەی ڕەت دەکاتەوە، چونکە وای بۆ دەچێت ئەمەیان بێجگە لە چەشنێک لە پیشەسازی هیچی دیکە نییە، ئەمەیان گەوهەری هونەر نییە. ڕاستە گەوهەری ئەدەب، بە تایبەتی ئەدەبی داستانی بۆ خۆی پێچەوانەی مێژووە، مێژوو وەک ئەوەی باس لە هەموو ئەو شتانە دەکات، کە ڕوویان داوە و تەواو، کەچی لە ئەدەبدا قسە لە سەر ئەو هەموو شتانەیە، کە دەکرێت لە ئاییندەدا ڕوو بدەن، یان دەکرا لە ڕابردوودا ڕوویان بدایە، یان لە هەنووکەدا ڕوو بدەن، هەر بۆیە مەنتقی وەفا لەوەدا دروستە؛ یادداشت ناتوانێت لە مێژوو دەربچێت، کە ڕووی لە وتن و درکاندنی هەقیقەتە، وەک مێژوونووسەکان ڕەسمی دەکەن، نەک ڕۆحی ڕاستی وەک خۆی، کاری بە گەمەی خەیاڵەوە نییە، وەفا یان لیوا جەنگیز، وەک نازناوی دووەمی، چیدیکە لەوە پتر تەحەمولی ژیانی ناو شۆڕش ناکات، وەک ئەوەی خۆی تێیدا کارەکتەری سەرەکی بوو، وەکو نووسەری ئەو مێژووە دەزانێت، کە وەک هەقیقەت هێزی ئەوەی نەماوە بەرگەی بگرێت، هەتا شۆڕش بۆ خۆی ئەو ژیانە ڕاستەقینە و ئەو هەقیقەتە تاقانەیە نییە، کە ژیانێکی دیکەی بە هەموان دۆڕاند، کە دەکرا ڕەنگینتر بێت، بۆیە یەخەی یۆنانی نووسەر دەگرێت، بە دوای هونەردا دەگەڕێت، گێڕانەوەیەکی دیکەی دەوێت بۆ ئەوەی نەمرێت، گومانی لەو یادداشتانە هەیە، کە فریای ڕەسمکردنی هەر هەموو تابلۆکە بکەوێت: تابلۆی شێواوی ژیان و شۆڕشێک، لە ناوئاخندا گومانی هەیە لەوەی نووسیویەتی، بە بەڵگەی ئەوەی بە دوای ڕۆحی خۆی و ڕۆحی ئەوانی دیکەدا دەگەڕێت، کە لە جێگەیەک و زەمانێکی دیکەدا ونیان کردووە، بە دوای ئەو چیرۆکەدا دەگەڕێت، لە سەرزەمینێک قەوماوە، تێیدا هەموو مێژووەکە کەوتە دەستی شەیتانەکان و فریشتەکانەوە، کە ئەوانیش مردن و کوژران و کۆچیان کرد؛ لە کۆڕەوێکی گەورەدا، یان بە دەم کۆچێکی سوورەوە هەڵەتە بوون، یان هەموان وەک فریشتەکان لە تاو شەڕ و دەستی ڕەشی خاوەنەکانیان، نەخۆش کەوتن و مردن. ئەمجارەیان وەفا تەقەللا دەدات بزانێت فریشتە هەڵاتووەکان و ترازاو و ڕاکردوو لە دەست مرۆ- شەیتانەکان، گەر ژیابان.. ئاخۆ چ ڕەنگ و تەرزە ژیانێک دەژیان؟ چیرۆکی فریشتەکان ئەو وەختەی بەختی زیندەگییان بووایە.

گرفتی یۆنان ئەوەیە، چۆن بتوانێت باس لە جۆرە ژیانێکی جوانتر بکات، کە دەکرا وەفا خاوەنی بووایە، ئەو وەختەی وەفا هەڵگری ناوی "لیوا جەنگیز"ـە، کە هیی خۆی نییە، خاوەنی دەیەها ناوی دیکەی بێزەوەر، کە هێمان بۆ ملکەچی و بێنموودیی وەفا وەک مرۆڤ، بە جۆرێک لە ناوەوە تاوەکو ناوەڕۆک وەفا خۆی نییە، کە ئەم بوونێکی ڕاستەقینەی نەبووبێت، سێبەرەکەی یان

تارماییەکەی شایستەی چ جۆرە ژیانێکی جوانتر دەبێت؟ هەر بۆیە یۆنان بڕوای وایە وەفا بۆ خۆی هیچ کەسێک نییە تا بیناسێت و ببیبنێت، هەر بۆیە، کە هەموو هەست و نەستەکانی موڵکی حیزب و شۆڕش بێت، ئامێردێک و کەرەستەیەک بێت، باس لە کام چارەنووسی سەرلەنوێ نووسراو بکرێتەوە؟ گومانی یۆنان لەوەدا ڕەوایە، کە وەفا بڕوای وایە، ئەم خۆی و هاوڕێیەکانی وەک ئەردەڵان هیرانی و نەغەدە و نزار و بولبولیار، بەر لەوەی لە دەستەڵات و داگیرکەران تووڕە و تۆراو بن، لە خودی ژیان و گەردوون تووڕە و تۆراو بوون، لە بێمانایی ژیان خۆی، کەواتە هەڵبژاردنیان بۆ شۆڕش وەک ئالتەرناتیڤێک بۆ ژیان، بۆ خۆی خۆفرێدانێک بووە، بۆ بێمانایییەکی چکۆلەتر، کە مەحاڵە چیرۆکی جوان ماکیاجی بکات. ژیانی وەفا هەر ئەو وەختە بە لاڕێدا رۆیشت و وێڵ بوو، کە لە "پسمامان" ئەسپە نەخۆشەکانی کوشت.

کەواتە ئەو رۆحە بە خەیاڵ دروستکراوە مەحاڵە، ئەو چیرۆکانەش ئەستەمترن، چونکە هەموو کەسەکان شاراوەن و پتر لە خێو و تارمایی دەچن، یان درۆ و وەهمن، یان خۆیان نین، دەکرێت بووکەسەماکەرە و ئەکتەر بن، یان رۆبۆت و رمووزن و دەمامکدار بن، هەر هەمووشی دەبێ بە نمایشی دەرهێنەرێکی مایەپووچ، رەنگە هەموو شتێک بن، بێجگە لە مرۆڤبوون. دواجار وەفا/ لیوا جەنگیز، وەرگەڕاوە بۆ بوونەوەرێکی دێوئاسا، ئەژدیها، دەعەجانییەک خاوەن هەزار پێ و هەزار چاو و دەستوگوێ، کە دەستکردی ئەوانی دیکەیە، دواجار یۆنان ددانی پێدا دەنێت، ئەمیش ناچار بووە خۆی نەبێت و ئەوە بێت، کە ئەوانی دیکە دەیخوازن، ئەو رۆژەی بڕیار دەدات ملکەچ نەکات و خۆی بێت، هەر هەموان وەک مەنگەنە و مەکینەیەکی ددانددار دەیهاڕن، بەر لە هەموان خانەوادەکەی خۆی سەری دەخەنە ناو مەکینەکە. هەر بۆیە یۆنان دەکوژرێت، چونکە ئازادی لە ناو ملیۆنەها کۆیلەدا، گەورەترین هەرەشەیە بۆ تووتیستان و مەملەکەتی داهۆڵەکان و سەرزەمینی ئامێردەکان. ساتەوەختی هاواری سەربەخۆبوون و رۆحی تاکڕەوی، ساتەوەختی مەرگە. یۆنان، کە واز لە هەموو دونیا دەهێنێت، بۆ ئەوەی رۆحی سەربەستانەی خۆی بکڕێتەوە، کەچی وازی لێ ناهێنن تا بە شامەرگی دەسپێرن. ژیانێک بوونی نییە لە دەرەوەی ئەو قەفەزەی ناوی ژیانە، ژیانێکی یەکڕەنگ. شۆڕش مەحاڵە لای یۆنان، چونکە گۆڕینی مرۆڤ و دونیایە، بڕوای وایە کە "کورد میللەتێکی کوێرە و وەک لەشکرێکی نابیناش لەو مارشەدا رێ دەکات!" "میلان کۆندێرا"ی رۆماننووسی چیکی واتەنی: "مێژوو کوێرانە رێ دەکات."

یۆنان فامیدەیە و "ئەدەبیاتی شۆڕشی دونیا دەخوێنێتەوە، هێشتا نەبووەتە نائومێدێکی گەردوونگەرا، خەون بە دادپەروەریی سەرتاسەرییەوە دەبینێت!" وەک ئەوەی پێشبینیی مەرگی خۆی بکات، لە گفتوگۆیەکی گەرمدا لەتەک ئەوانی دیکەدا، بڕوای وایە کوشتن هەر کوشتنە، چ بۆ شۆڕش بێت و چ بۆ خۆت. ئاکام ئەوەیە سەرکێشیی نووسینەوەی یادداشتەکانی و نیازی بڵاوکردنەوەی، گەڕان بۆ دۆزینەوەی ژیانێکی دۆڕاو، لەدەستچوو، لەژێر سایەی "ئەنجوومەنی ژیانێکی ون"دا، وەفا دووچاری چارەنووسێک دەکات، تاڵتر لە مەرگی یۆنان.

وەفا و یۆنان، کاتێ بیر لە پووچیی ژیانی خۆیان دەکەنەوە، بە پیری، کە کەمێک حیکمەت لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، هەردووکیان هیچ سەرزەمینێک شک نابەن، بێجگە لە کاغەز، کە یۆنان ناوی دەنێت "تاراوگەی سەر کاغەز،" کە بۆ ئەوان جگە لە ژیانێکی گریمانەیی بۆکراو (ئیفترازی) هیچی دیکە نییە. کێشەی ئەم دوو کارەکتەرە ئەوەیە، هەردووکیان لە ناکاو و لە ساتەوەختێکی درەنگ

لە تەمەنی خۆیاندا، هەست بەوە دەكەن، وان لە ناو قەفەزێكی گەورەدا، سەرەتا وەها سیحریان لێ كراوە، كە وەک ژیان تێی بگەن، ژیانێک موڵكی خۆیان نییە، كە پێی دەڵێن "هاوكاریی ئینسانی و رۆحی و كۆمەڵایەتی و سوننەتی ژیان و رێز لە گەورەكان و رێز لە بچووكەكان و رێز لە خودا" ل: 335، كە لە چاوی یۆناندا هەر هەمووی درۆن. هەر لە سۆنگەی ئەم هەستە كوشندەیەوە، یۆنان وەک تاكڕەوێک، كە هوشیاری و فیكرێک دادی دەدات و هەڵدەگەڕێتەوە، لە پای خۆدزینەوە لە مێگەلەكە قورسترین باج و سزا وەردەگرێت، لە رووی كۆمەڵایەتییەوە، لەوەش كوشندەتر، تەنیا دەكەوێت و سەری خۆی دادەنێت. وەفا، كە هێشتا هێزی ئەوەی نییە كۆتوبەند و زنجیرەكانی دەست و پێیەكانی فڕێ بدات، بە رۆحی كۆیلەیەكەوە ئەوەی لە دەستی بێت ئەوەیە، بە دوای ئەو ژیانەدا بگەڕێت، كە ئەگەر خۆیشی بەختی ئەوەی نەبووبێت ئەزموونی بكات، دەكرا یان دەكرێت لە داستانێكدا فریشتەكەی ناو ناخی لەوەدا بەهرەمەند بووایە، ژیانێكی پاكتر و شكۆدارتر لەو زەلكاوەی وەفای رەفعەت بەگ/ لیوا جەنگیز، تێیدا مەلەی كرد و گەڕ بوو. گەورەترین حەسرەتی وەفا ئەوەیە، بە كوشتنی یۆنان، تەلاری ئەو خەونەی دەڕووخێت، كە چۆن ئەو ژیانە مەحاڵە بدۆزێتەوە، تاوەكو فریشتەكەی بەجێی نەهێڵێت، یان نەمرێت. دوای مەرگی یۆنان، ناسراو بە "ئەندازیاری ژیانێكی ون"، وەفا جەنگیز، دڵنیایە حیزب وەک "ئامێرێكی بێڕۆح" ئەویش دەهاڕێت. دوای مەرگی یۆنان، ئەنجوومەنەكە شپرزە دەبێت و ناچار چیرۆكنووسەكان خۆ دەشارنەوە؛ تاكە گوناهیان ئەوە بووە، وەک یۆنان چیرۆكی ژیانێک بنووسنەوە، كە نەژیابوون و نەیاندیبوو، بەڵام خەونیان پێوە دەبینی ببینن، كارەساتی گەورەش ئەوەیە، لە دونیای بێخەونەكاندا، تۆ خەون ببینیت!

***بەختیار عەلی، كەشتیی فریشتەكان، ڕۆمان/ كتێبی (یان بەشی) یەكەم 2012**





# چەمکی مۆدێرنیتە و دەرکەوتەکانی

د. نادیە کاکەسوور

زۆرێک لە مێژوونووس و ڕاڤەکاران پێیان وایە، کاتێ باس لەو چەمکە دەکرێت و هەوڵی پێشکەشکردنی پێناسەیەکی دەدرێت، ئەوا هەر لە سەرەتاوە دەبێت جیاوازی لە نێوان دوو زاراوەدا بکرێت، کە بە داخەوە زۆر جار تێکەڵی یەکتر دەکرێن، ئەوانیش: (Modernity) و (Modernite)ن1. دەکرێت لە ڕووی مێژووییەوە سیفەتی (نوێ) (حدیث

(Moderne) لە نوێگەرایی (الحداثە Modernity) کۆنتر بێت، بەوەی وشەی (نوێ) بۆ سەدەی پانزدەهەمی زایینی دەگەڕێتەوە و بۆ جیاکردنەوەی ڕابردووی ڕۆمانیی بتپەرستی (Pagan) و ئێستای ڕۆمانیی مەسیحی بە کار هێندراوە، بەڵام مۆدێرنیتە لە سەدەی نۆزدەهەمی زایینی دەرکەوت، لەگەڵ شاعیری فەرەنسی (چارلس بۆدلێر) (Charles Baudelaire) (1821 _1867)، لە کاتێکدا هەندێکی تر پێیان وایە، کە (شاتو بریان) یەکەمجار وشەی (La Modernite)ـی لە ساڵی (1849)ـدا بە کار هێناوە و (بۆدلێر) دە ساڵ دواتر ئەو وشەیەی بە کار هێناوەتەوە، بەوەی بایەخی بە ئیستاتیکا داوە2. هەروەها وشەی مۆدێرنیتە بەرانبەر (Modernus)ـی لاتینییە3. لە پاڵ ئەو چەمکانەدا چەمکی نوێکردنەوە (Modernization)ـیش لای ڕاڤەکاران کاری پێ دەکرێت، کە وەک (ماریۆن لیڤی) پێناسەی دەکات، گۆڕانکارییەکی پلە لە دوای پلە (تدریجی)ـیە و دامودەزگەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، چ ماددییەکان و چ مەعنەوییەکان، کە بە شێوەیەک بە توانای چاکتر ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن، بە مەبەستی تێرکردنی پێویستییەکان و بەدیهێنانی ئامانج و خواستەکان. لە دیدی ئەودا کۆمەڵگەی نوێکراوە (المحدث) ئەوەیە، کە ئەندامەکانی سەرچاوەی نوێی وزە بە کار دەهێنن4. لێرەوەیە، کە چەمکی نوێکردنەوە بایەخ بۆ بیرۆکەی پێشکەوتن دەگەڕێنێتەوە، لە ڕێگەی هەردوو چەمکی گەشەپێدان و پێشخستندا، واتا وێناکردنەکان (تصورات)ـەکانی ئێستای (تازەگەری) و (نوێکردنەوە) هێشتا هەڵگری نموونەی بیرۆکەی مێژووی پێشکەوتنن، وەک لای (کۆندرسای)ـی فەیلەسووفی فەرەنسیدا دەیبینین. ئەو بیرۆکەیە لە بنەڕەتەوە پشت بە توانای چاککردنی سەرجەمی مرۆڤایەتی دەبەستێت، ئەویش لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوە، بە شارستانیکردن و فێرکردنەوە5. هەندێک مێژوونووس بۆ دەرخستنی جیاوازی لە نێوان سەردەمە نوێیەکان و سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە مۆدێرنیتەی تێدا لە دایک دەبێت، ئاماژە بە دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکاش دەدەن، لە ساڵی 1492ـدا6. دەکرێت بوترێت، کە مۆدێرنیتە لە سەرەتای قۆناغی ڕێنیسانس و قۆناغی ڕۆشنگەریدا دەرکەوتووە7. هەرچیی (فەرهەنگی سۆسیۆلۆجیی ئۆکسفۆرد)ـە، بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: (چەمکێکە، بۆ وەسفکردنی قۆناغێک لە مێژووی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە کار دەهێندرێت و مێژووەکەی بۆ نزیکەی سەدەی هەژدەهەم دەگەڕێتەوە، کە بە شۆڕشەکانی دیمۆکراتی و پیشەسازی دەناسرێتەوە 8.

ئەگەرچی مۆدێرنیتە لە سەر دەستی فەیلەسووفانی وەک (بەیکۆن) و (لۆک)ـی ئینگلیز، (دیکارت)ـی فەرەنسی و (کانت)ـی ئەڵمان گەشەی کردووە، بەڵام ڕاستییەکەی هەر لای (کانت) و (هیگڵ) بووەتە مەسەلەیەکی فەلسەفی، کە دیدگایەکی نوێیە و تەعبیر لە پرسیارکردن و دەربڕینی ناڕەزایی دەکات. پرسیارکردن لە بارەی چی شیاوە و دەربڕینی ناڕەزایی لە ئاستی شتی باودا. ئیتر مۆدێرنیتە ڕێبازێکی فیکرییە و لە واقیعی کۆمەڵایەتی یاخی دەبێت9. (جان بۆدریار) باوەڕی وایە، کە (مۆدێرنیتە نە چەمکێکی سۆسیۆلۆجییە و نە سیاسییە، هەروەها چەمکێکی تەواو مێژووییش نییە، بەڵکو شێوازێکی تایبەتی شارستانییەتە و بەرەنگاری شێوازی ترادیشن (تقلید) دەبێتەوە، واتا بەرەنگاری

گەلاوێژی نوێ
60

سەرجەم کولتوورەکانی پێشوو و ترادیشنەکان دەبێتەوە. مۆدێرنیتە لە بەرانبەر هەمەڕەنگیی جیۆگرافی و سومبۆلیی ئەو کولتوورانەشدا وا خۆی دەسەپێنێت، وەک یەکەیەکی هاوچەشن بێت، لە ڕۆژئاواوە ئاڕاستە بووبێت و بە جیهاندا بڵاو بووبێتەوە. ئەو چەمکە بە گشتی ئاماژەیە بۆ پێشکەوتنی مێژوویی و گۆڕانی ئەندێشە. (ذهنیە)10.

چەمکی مۆدێرنیتە هەمیشە بە چەمکێکی ترەوە دەلکێت، کە ئەویش چەمکی عەقڵانییەتە، چونکە عەقڵانییەت زەمینە بۆ پێکهاتنی مۆدێرنیتە خۆش دەکات. بەعەقڵانیکردنیش لە لایەک مانای جیاکردنەوەی زانستە لە تێڕوانینەکانی ئایینی، ئایدیۆلۆژی و سیاسی و لە لایەکی تر لێکۆڵینەوەی دیاردەی سیاسییە وەک بابەتێکی سەربەخۆ، کە ئەمە لەگەڵ (ماکیاڤیلی) دەستی پێ کرد و دوو مانای لە خۆ گرت، یەکەم: جیاکردنەوەی لە میتافیزیکای بیرکردنەوە، لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت. دووەم: جیاکردنەوەی لە ئایدیۆلۆژیای ئایینی، کە ئەمەیان لەگەڵ دەرکەوتنی دەوڵەتی دیمۆکراتیی عەلمانیی نوێدا دەرکەوت. لە لایەکی ترەوە بەعەقڵانیکردن گوتاری مێژووییش دەگرێتەوە، بەوەی دەبێت مێژوو تێڕوانینێکی دینامیکییانە بە خۆیەوە بگرێت و لەگەڵ پێوەری پێشکەوتندا بگونجێت. لە پاڵ ئەوەدا دەبێت ئایینیش بە عەقڵانی بکرێت، کە مانای ئەوەیە تێکستی ئایینی بە شێوەی عەقڵانی بخوێندرێتەوە و لە ژێر ڕۆشنایی عەقڵدا هەوڵی تێگەیشتنی بدرێت، کە ئەمەیان لە (سپینۆزا)ـوە دەستی پێ کرد، کاتێ ئینجیلی بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە خوێندەوە. دواجار عەقڵانییەت چەمکی عەدەمییەت (Nihilism)ـیش دەگرێتەوە، کە مانای وایە هیچ شتێک ڕەها نییە و هەموو حەقیقەتێکی مۆڕاڵی بە لاوە دەنێت. ددان بە هەیکەلیەتی بەهاکاندا نانێت. (نیچە) بە دامەزرێنەری تیۆری عەدەمییەت دادەندرێت، بەوەی پێی وایە بەهاکان هیچ نرخێکیان نییە، مادام حەقیقەتەکان تەنیا وەهمن.11

لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە، هەر کاتێ باس لە مۆدێرنیتە کرابێت، ئەوا چەمکی "پۆستمۆدێرنیتە"یش خۆی قوت کردووەتەوە، کە ئەمە هێندەی دیکە ئیشکالیەتی خستووەتە ناو چەمکی مۆدێرنیتەوە، بەوەی چەمکی پۆستمۆدێرنیتە خۆی لەو کەمتر هەڵگری کێشە و ئیشکالیەت نییە.

هەندێک پێیان وایە، کە ئەو تێکستەی (جان فرانسوا لیۆتارد) (1924_1998)، کە ساڵی (1979) لە ژێر ناونیشانی (مەرجەکانی پۆستمۆدێرنیتی)ـدا بڵاو کرایەوە، یەکەمین تێکستە بیرۆکە سەرەکییەکانی پۆستمۆدێرنیتەی تێدا خرابنە ڕوو، کە سەرجەمیان بریتین لە جیاوازی لەگەڵ مۆدێرنیتەدا، لە ڕووی پێشکەوتن، ئازادی و ئەقڵەوە. لەوێدا بڕیار لە سەر سەرنەکەوتنی مۆدێرنیتەی ڕۆژئاوا دەدرێت.12

وەک دەبینین نە مێژووی سەرهەڵدانی ئەو دوو چەمکە تەواو ساغ کراونەتەوە، بەوەی هەر لایەک بۆ سەردەمێکی جیاوازیان دەگەڕێننەوە و نە مانای تەواویشیان بە ڕوونی لێک دراوەتەوە. هەندێک وای دەبینن، کە سەردەمی مۆدێرنیتە هەر بە ڕاستی بەسەر چووە و پۆستمۆدێرنیتە خۆی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی نوێ ئامادە دەکات، کە بنەماکانی لەگەڵ هیی مۆدێرنیتەدا جیاواز بن، بەڵام هەندێکی تر باوەڕیان وایە تەنیا هەندێک گۆڕانکاری و ڕێککردنەوە بە سەر مۆدێرنیتەدا هاتوون، کە ئەو گۆڕانکاری و ڕێککردنەوانە چەندیش گەورە بن، مانای دابڕان نییە لە مۆدێرنیتە.13 هەر چۆنێ بێت ئەو دوو چەمکە لەم پەنجا- شەست ساڵەی دواییدا بوونەتە جێگەی مشتومڕی زۆر لە نووسەر و بیرمەندان، بە ڕادەیەک کەم چەمکی تر

هەیە بە ئەندازەی ئەو دوو چەمکە قسەی لێوە کرابێت، ئەویش لە لایەک بە هۆی ئەوەی ئەو دوو چەمکە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، سۆسیۆلۆژی، ئەدەب، هونەر و زۆری تر دەگرنەوە و لە لایەکی تر هەندێک جار جیاکردنەوەی هەردوو چەمکەکە لە یەکتر ئاسان نییە، بەوەی پۆستمۆدێرنیتە مانای تەواوبوونی مۆدێرنیتە نییە، بەڵکو درێژکراوەیەتی. لە سەر ئاستی فەلسەفییشدا ئەو دوو چەمکە تێڕوانینی فەیلەسووفانیان بە سەر دوو لایەندا دابەش کردووە، کە (یۆرگن هابرماس) بە تەنیا لە لایەک دەوەستێت و پێی وایە (مۆدێرنیتە پرۆژەیەکی تەواونەبووە)، وەک لە کتێبی (دیسکۆرسی فەلسەفییانەی مۆدێرنیتە)ـدا پێی لە سەر دادەگرێت و دەیەوێت بەرگری لێ بکات.14 بە مانایەکی تر لە دژی ناعەقڵانییەت بەرگری لە عەقڵانییەت دەکات. لەو کتێبەیدا هابرماس بە توندی ڕەخنە لە مارتین هایدگەر، مێشێل فۆکۆ، جیل دۆلۆز، جان لیۆتارد و دێریدا دەگرێت و پێی وایە ئەمانە لە ڕەشبینی و عەدەمدا نقوومن. ڕاستییەکەی گوتاری (مۆدێرنیتە پرۆژەیەکی تەواونەبووە)ـی هابرماس، یەکەم جار وەک لێکچەیەک لە سێپتێمبەری ١٩٨٠ـدا پێشکەش کرا، کاتێ لە شاری فرانکفۆرت خەڵاتی "ت. و. ئەدۆرنۆ"ی پێ بەخشرا. دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٨١ـدا لە ژێر ناونیشانی (مۆدێرنیتە لە بەرانبەر پۆستمۆدێرنیتە)ـدا چاپ کرا. ئەو ناونیشانە دوو ئاڕاستەی دیالێکیتەل (جدلی) لە هابرماس دەردەخات، یەکەم بەرپەرچی ئەو مەیلە کۆنەپارێزییە نوێ (Neoconservatism)ـیە لای کۆمەڵناسی ئەمریکی (دانیال بێل) دەداتەوە، کە لە بارەی کۆمەڵگەی پۆستپیشەسازی (Post-industrial) و پۆستمۆدێرنەوە دەدوێت، کە هابرماس پێی وایە لە دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکانی مۆدێرنیزەی سەرمایەداری (Capitalist modernisation) لە مۆدێرنیزەی کولتووری (Cultural modernism) ـدا زیادەڕۆیی دەکات. دووەم، وەڵامی ڕەخنەی (ئاڕاستەی عەقڵانی و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی) لە دڵی پرۆژەی ڕۆشنگەری دەداتەوە، کە لە لایەن لایەنگرانی پۆستمۆدێرنیزم، فۆکۆ و دێریداوە ئاڕاستە دەکرێت. وا وەسفیان دەکات، (گەنجی کۆنەپارێز) و (ئەنتی مۆدێرنیست)ـن، لەگەڵ ئەوەیشدا هەم پشت بە مۆدێرنیزم و هەم بە عەقڵانییەتیش دەبەستن.15

بە بڕوای هابرماس، بیرۆکەی پۆستمۆدێرنیتە لای هایدگەر و مێشێل فۆکۆ و ئەوانی تر، لە قاڵبێکی سیاسیی تەواو جیاواز، قاڵبێکی ئەنارشیستی (فوچوی)ـدایە، کە هەر ئەوانە بانگەشەی کۆتایی ڕۆشنگەرییش دەکەن. بەم شێوەیە پێ دەخەنە ناو پۆستمێژوو "مابعد_التاريخ"ەوە.16 بە بڕوای هابرماس، لە نیچەوە دوو ئاڕاستە لە سەدەی بیستەمدا دەردەکەون، یەکەمیان خۆی لە تیۆری دەسەڵاتدا دەبینێتەوە، کە بە فۆکۆ کۆتایی دێت، لە ڕێگەی باتایەوە و ئاڕاستەی دووەم لە ڕەخنەگرتن لە میتافیزیکادا خۆی نمایش دەکات، کە هەر یەک لە هایدگەر و دێریدا ڕابەرایەتیی دەکەن.17 ئەو دوو ئاڕاستەیە لەوەدا دەگەنەوە یەک، کە باوەڕیان وایە مۆدێرنیتە سەرکەوتوو نەبووە و بە سەر چووە. ئێرە تەنیا خاڵی جەوهەریی کێشەی مۆدێرنیتە و پۆستمۆدێرنیتە نییە، بەڵکو سنووری ئەو دوو تێڕوانینەیشە، کە هابرماس لە هەر یەکێک لەو فەیلەسووفانەی تر جیا دەکاتەوە. دەگەینە ئەوەی بڵێین، کاتێ باس لەم دوو چەمکە دەکەین، ئەوا هابرماس بەردەوام بوونی هەیە، بەوەی

گەورەترین بەشی ژیانی خۆی بۆ ئەو مەسەلەیە تەرخان کردووە. هابرماس هەر بەوە ناوەستێت ڕەخنە لەوانە بگرێت، بەڵکو ڕەخنە ئاڕاستەی ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرتیش دەکات، لەوانە هۆرکهایمر و ئەدۆرنۆیش، کە خۆی یەکێک بووە لێیان. هابرماس لە ڕەخنەکانیدا، بە پلەی یەکەم پشتی بە ماکس ڤیبەر قایمە، بۆیە ناکرێت باس لە چەمکی مۆدێرنیتە لای ئەو بکەین و بە سەر ڤیبەردا باز هەڵبدەین. ئەوەی وایشی لێ دەکات بەردەوام بۆ ڤیبەر بگەڕێتەوە، تێگەیشتنی ڤیبەرە بۆ چەمکی عەقڵ، کە لای هابرماس بە ڕەگەزی گرنگی مۆدێرنیتە دادەندرێت، یان دەتوانین بڵێین چەمکی ئەقڵ لای ڤیبەر وەک چەمکی مۆدێرنیتە وایە لای هابرماس. بە بڕوای ڤیبەر، عەقڵانییەت "چەمکێکی مێژووییە و دنیایەکی تەواوە لە شتی دژ بە یەک (تناقظات)، پێویستە لە سەرمان لەو گیانە بگەڕێین، کە ئەو شێوە فیکرە بەرجەستە (ملموس) و ژیانی عەقڵانییەکانی تێدا لە دایک دەبێت.18 (بەعەقڵکردنیش لای ڤیبەر تەنیا تایبەت نییە بەو عەقڵانەی کولتووری ڕۆژئاوا، بەڵکو پێش هەموو شتێک پەرەسەندنی گرووپە مۆدێرنەکان دەگرێتەوە."19 بە گشتی هابرماس لە ڤیبەردا هێزی تێگەیشتنی مۆدێرنیتە دەبینێت، بەوەی ڤیبەر باوەڕی بە دەستکەوتەکانی زانست و عەقڵانییەتە، ئەگەرچی ڤیبەر ترسی هەیە لە ئەنجامی کامڵبوونی ماددیدا، بیرۆکراتییەت تەشەنە بکات، ئەنجام مۆدێرنیتە ببێتە قەفەزێکی ئاسنین و ئازادیی مرۆڤەکانی تێدا بەند بکرێت، وەک لە کتێبی "ڕەوشتی پرۆتستانتی و ڕۆحی سەرمایەداری"دا ئەمە دەخاتە ڕوو.20 هابرماس تەنیا بەو سەرەنجامانەوە ناوەستێت، کە ڤێبەر پێیان گەیشتووە، بەڵکو لە پێناوی چەسپاندنی تیۆرییەکەی خۆیدا، پەنا بۆ هیگڵیش دەبات و لایەکی دیکەی مۆدێرنیتە لای ئەو دەدۆزێتەوە، کە لایەنی گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەقڵە لە مێژوودا. هابرماس دەڵێت: "هیگڵ یەکەمین فەیلەسووفە، کە زۆر بە ڕوونی گەشەی بە چەمکی مۆدێرنیتە داوە، بۆیە دەبێت بۆی بگەڕێینەوە، بەو مەبەستەی لە مانای پێوەندیی مۆدێرنیتە و عەقڵانییەت تێبگەین، ئەو مانایەی هەتا ماکس ڤێبەریش هیچ ئیشکالیەتێکی نییە و ئەمڕۆ بووەتە جێگەی پرسیار."21 مەبەستی هابرماس ئەوەیە، کە ئەمڕۆ ئەم چەمکە لای ئەوانە بووەتە جێگەی پرسیار، کە بانگەشەی پۆستمۆدێرنیتە دەکەن، چونکە هەر دوای ئەوە دەنووسێت: "پێویستە چاو بە چەمکی هیگڵیانەی مۆدێرنیتەدا بخشێنینەوە، تاکو مەودای ڕەوایەتیی ئەوانە ببینین، کە ڕاڤەکانی خۆیان لە ژێر پێشەکییەکانی تردا دادەنێن."22 وەک دەبینین هەوڵ دەدات بنەماکانی مۆدێرنیتە لای هیگڵ بدۆزێتەوە، لە ڕێگەی تێگەیشتن لەوەی، کە ئەو چەمکە لای هیگڵ چ مانایەکی هەیە. لەم ڕووەوە دەڵێت: "هیگڵ لە کۆنتێکست (سیاق)ێکی مێژووییدا بە بەکارهێنانی چەمکی مۆدێرنیتە دەست پێ دەکات، تاکو ئاماژە بە (سەردەمە نوێیەکان) بدات، کە لە دەوروبەری ساڵی 1800 هاوواتای (Modern Times)ـی ئینگلیزی و (Temps Moderne)ی فەرەنسی بووە و ئاماژەیە بۆ سێ سەدەی پێشوو: دۆزینەوەی دنیای نوێ، ڕێنیسانس و ڕیفۆرم. ئەو سێ ڕووداوە گرنگە هیی دەوروبەری 1500ن، دەروازەیەکی مێژوویی لە نێوان سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمە نوێیەکاندا پێک دەهێنن.23 هەروەها پێی وایە، کە زاراوەی (گیانی سەردەم) (Zeitgeist) یەکێکە لەو دەربڕینە نوێیانەی هیگڵ حەزی لێ دەکات و بۆ دەمی ئێستای بە کار دەهێنێت، بەو مانایەی زەمەنێکی تێپەڕە لە هۆشیاریی خێراکەر و لە چاوەڕوانیی داهاتوویەکی جیاوازدا."24 هابرماس

بە مەبەستی ڕزگارکردنی فیکر لە خودگەرایی (الذاتیە) و پێکهێنانی پێوەندیی نێوان کولتوور و زمانەکاندا، دواجار بە ئامانجی بەردەوامبوونی مۆدێرنیتە، پێ لە سەر تیۆری کرداری گەیاندن (The Theory of Communicative Action) دادەگرێت، کە ڕێگەیەکە بۆ کارلێکی نێوان خودەکان لە ڕێگەی زمان و دیالۆگەوە. بە مانایەکی تر جەختکردنەوە لە سەر عەقڵی گەیاندن (العقل التواصلی) لە جیاتی ئەقڵی ئامرازی (العقل الاداتی)، کە ئەمەیان گوێ بە مرۆڤ و سروشت نادات، بگرە دەیەوێت بیانکاتە بابەت بۆ ئەزموون و سەرئەنجامەکانی زانست. بە مانایەکی تر، ڕزگارکردنی پێوەندیی مرۆڤایەتی لە غوربەت و بەشتبووندا، لای هابرماس، بە تیۆری کرداری گەیاندنەوە بەستراوەتەوە.

بەهەرحاڵ، جەنگی فیکریی نێوان هەردوو ڕەوتی مۆدێرنیتە و پۆستمۆدێرنیتە بەردەوامە. (هێنری لۆفێڤر Henry Lofevre) لە بارەی مۆدێرنیتەوە دەڵێت: "هێشتا هەموو ئەنجامەکانی نەخراونەتە ڕوو. مۆدێرنیتە بەردەوامە و لە قووڵبوونەوە و بڵاوبوونەوەدایە. زۆر ڕەگەزی دیکە دەیانەوێت بێنە ناویەوە و گۆڕانکاریی تێدا بکەن. دواجار قۆناغێکی تری لەگەڵ سەدەی بیستویەکەمدا دەست پێ دەکات."25

سەرچاوەکان:


1. محمد نور الدین أفایە، الحداثە والتواصل فی الفلسفە النقدیە المعاصرە، بیروت، 1998، ص107.
2. فرانک کایم، الحداثە وما بعد الحداثە، ترجمە: أحمد محمد حسن، مجلە فن المعاصر، العدد الثالث، القاهرە، ص252_254).
3. أندریە لالاند، موسوعە لالاندا الفلسفیە، ت: خلیل أحمد خلیل، منشورات عویدات، بیروت_ باریس، ط2، 2001، ص822).
4. احسان محمد الحسن، موسوعە علم الإجتماع، بیروت : الدار العربیە للموسوعات، 1999، ص151.
5. عبدالوهاب المسیری واخرون، الحداثە وما بعد الحداثە، ط1، دار الفکر المعاصر، بیروت، 2003، ص214.
6. فارح مسرحی، الحداثە فی فکر محمد أرکون،ط1، دار العربیە للعلوم، منشورات الإختلاف، الجزائر، 2007، ص26.
7. أبو النور حمدی واخرون، یورجین هابرماس، الآخلاق والتواصل، دار التنویر، بیروت، 2009، ص72.
8. (John Scott and Gordon Marshall, Oxford, Dictionary of Sociology, page 484)
9. (أبو النور حمدی واخرون، ص73.
10. فارح مسرحی، سەرچاوەی پێشوو ، ص20.
11. هەمان سەرچاوە، ص40_42.
12. هەمان سەرچاوە ص24.
13. هەمان سەرچاوە، ص25.
14. هابرماس، القول الفلسفی للحداثە، ت: فاطمە الجیوشی، دمشق، 1995، ص5.
15. Peter Brooker modernism/postmodernism, Longman Group UK Limited 1992
16. هەمان سەرچاوە، ص11.
17. (گفتوگۆ لەگەڵ هابرماسدا. ئینتەرنێت).
18. ماکس ڤیبر، الآخلاق البروتستانتیە وروح الرأسمالیە، ت: محمد علی مقلد، مرکز الآنماء القومی، بیروت41_42).
19. هابرماس، سەرچاوەی پێشوو، ص8.
20. ماکس ڤیبر، هەمان سەرچاوە،
21. هابرماس، سەرچاوەی پیشوو، ص12.
22. هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.
23. هەمان سەرچاوە، ص12.
24. هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.
25. هنری لوفیفر، ما الحداثە، ت: کاظم جهاد، دار ابن رشد للطباعە والنشر، بیروت، 1983، ص29.



# مۆسیقای پیرۆزی کوردانی ئەهلی هەق

**محەممەد موکری**

**لە عەرەبییەوە: خالید مەجید فەرج**

مۆسیقای ئایینی و تەنانەت غەیری ئایینییش لای کۆمەڵگە گوندنشینە تەقلیدییەکان، بە توندی بە هەردوو زاراوەی پەنهان و پیرۆزەوە بەستراوە.
لای کوردەکان بە گشتی و لای ئەهلی هەق[1] (کوردەکانی باشووری کوردستانی ئێران) بە شێوەیەکی تایبەتی، مۆسیقا ئامرازێک نییە تەنها بۆ رابواردن و کاتبەسەربردن و

دەنگدانەوەی عالەمی فانی. ئەم تێڕوانینە بەرەنگاری ئەو تەقلیدە ئیسلامییەی پێش سەردەمی غەزالی[2] (کە ڕێزی بۆ مۆسیقای ئیسلامی گەڕاندووەتەوە و لایەنە هەقیقییەکانی دەرخستووە) دەبێتەوە. مۆسیقا لای کوردەکان، کە میراتگری کولتووری ئێرانی کۆنن، بە توخمێکی کولتووری، یان شارستانی دادەنرێت، بۆیە نەک هەر قبووڵیانە، بەڵکو بە پێویستیشی دەزانن.

هەرچەندە جیاکردنەوەی مۆسیقای ئایینی لە غەیری ئایینی، کارێکی دژوارە، بەڵام ئێمە لە چوارچێوەی ئەم باسەدا، کە یەکەمین توێژینەوەیە لەم بوارەدا، هەوڵ دەدەین باسی مۆسیقای پیرۆزی ئەهلی هەق لە ئێران بکەین. ئەو مۆسیقایەی، کە هاوڕێی ئەرکە ئایینییەکانە، لە کاتی بەجێهێنانی کەشەکانیدا (طقوس)، پەیوەندیی بە (السماع)ەوە هەیە- مۆسیقای فەنابوونە لای سۆفییەکان- هەرچەندە لای ئەوان ئەمە زۆربەی کات بەستراوەتەوە بە گێڕانی بۆنەی کاتییەوە، کە لە ئەنجامی ڕووداوێک، یان تاقیکردنەوەیەکی سۆفییانەوە دێتە کایەوە، بەڵام لای ئەهلی هەق مۆسیقا لە سەر ئاستێکی بەرزتر جێگەی خۆی لە ڕووی کەش و بۆنە و وەزیفەوە گرتووە.هەروەها لە سەرچاوەی کولتوورێکی ڕەسەنی کوردەواریدا ئاوی خواردووەتەوە و ئاوێتەی ڕێڕەوی کۆمەڵە و تایەفە ڕادیکاڵەکان بووە (کە ئیسلامی سوننی بە بودعەیان دەداتە قەڵەم) هەروەها سوودی لەو خەرمانە کولتوورییە وەرگرتووە، کە چینە شارستانییە کۆنە جۆراوجۆرەکانی ناوچەی (حەلوان)ی ساسانی کۆن، هەڵیان گرتبوو.



سەبارەت بە تایەفەی (ئەهلی هەق)ی نهێنی، ڕووداوەکانی ئەودیوی سروشت، کە تێکەڵاون لەگەڵ ڕووداوی مێژوویی و پەیوەستن لەگەڵ کێشەی خوڵقاندنی عالەمدا، هەروەها بابەتی یەکگرتنی ئەزەلی، پێشەنگێک پێک دەهێنێ، کە ئیماندار و چینەکانی ئەو کۆمەڵە، شوێنی دەکەون. بە هۆی بەخششی مۆسیقاوە، ئەندامی (ئەهلی هەق)بەرز دەبێتەوە و دەگاتە لای ئەو ڕازانە و هەر بە هۆی ئەو بەخششەوە دەتوانێ پەیوەندی بەو عالەمەوە بکات، بە (یار)ەوە، کە مەزنترین خۆشەویستە. ئەو بەرەو ئەوە دەچێ، کە مادی و زەمەنی، لەگەڵ غەیری مادی و زەمەنی، بەرەوخوار لەگەڵ بەرەوژوور تێکەڵ بکات، هەروەها مۆسیقا توانیوەتی زمانی هەتاهەتایی یەکگرتن، بە درێژایی زەمەن، بکات. ئەو مۆسیقایە ڕۆحی ئیماندار لە خەو دەکات و هەڵچوونێکی توند و حاڵەتێکی ڕۆحیی تێدا دەبزوێنێ، کە دەبنە ئاگادارکەرەوەیەک، یان زەنگێکی دەروونی بۆی.

ئەو ئامێرە مۆسیقاییانەی ناویان لە تەقلیدی (ئەهلی هەق)دا هاتووە:

کتێبە پیرۆزەکانی ئەهلی هەق، کە زۆربەیان دەستنووسن، زۆر ئاماژە بۆ بەکارهێنانی مۆسیقا و بەستنی ئەڵقەی زیکر و مەراسیمەکانی خۆیان دەکەن، بە ئامێرێکمان



دەناسێنن، کە ناوی (ساز)[3] یان تەنبوورە.

موبارەک شا، کە بە (شاخۆشین) ناسراوە و لە سەدەی چواری هیجریدا دەرکەوتووە (تجلی)، یەکەمین تەجەلی خودایە لای ئەهلی هەق، لە دوای هاتنی ئیسلام، بە شای شاکانی ئەهلی هەقیان وەسف کردووە. دەستەکەی لە (900) نۆسەد مۆسیقاژەن پێک هاتووە.4 لە یەکێ لە دەقەکانی کۆمەڵی ئەهلی هەقدا (تنکرە اعلی)5 ئاماژەی بۆ کراوە، کە خاوەنی نۆسەد دەفژن بووە، لەگەڵ نۆسەد تەمبوورژەن و نۆسەد بلۆرژەن (شێوەیەکن لە شێوەکانی شمشاڵ) لەوەش زیاتر نۆسەد ئاوازی تایبەت بە ئایینی (یاری)یان هەبووە.6

لە یەکێک لە نووسراوە نهێنیەکانیاندا، کە بڵاو نەکراونەتەوە، بە ناوی (سەرنجامی یاری) و ئێستا لای منە، ئەمەم بەرچاوکەوت! ڕۆژێک لە ڕۆژان کاتێک شاخۆشین فەرمانی بە نۆسەد مۆسیقاژەنەکە دا، بۆ ئەوەی ئاوازەکانی (یاری)ی بۆ گێڕانی کەشەکانیان بژەنن، هیچ کام لەو مۆسیقاژەنانە نەیانتوانی مۆسیقا لێ بدەن و هەموو سازەکان نەشاز بوون، ئەوجا پادشای عالەم پێی وتن: "ئەمە بە هۆی ونبوونی کەسێکی ئازیزەوە رووی داوە!" دوایی فەرمانی دا بە (کاکە ڕەزا) (دەرکەوتنی "تجلی" پیر بنیامین، یان شاجوبرائیلە لەو سەردەمەدا) هەموو مەخلووقاتەکانی بەرووبەحر بۆ کۆشکەکەی بهێنێ، بۆ ئەوەی ئەو زاتە ببینێتەوە، کە -سازەکان- وا لێ بکا، کۆک بن و چی دیکە نەشاز نەکەن. کاکە ڕەزاش دەمودەست هەموو مەخلووقاتەکانی عالەمی هێنایە بەردەمی، پیاو و ژن، شەیتان و جنۆکە و پەرییەکان، شیردەر و باڵندەکان، بەڵام هەر بێسوود بوو، ئامێرەکان جارێکی کەش نەشازیان کردو و ڕێک نەکەوتن.

بۆیە نۆسەد مۆسیقاژەنەکە، پتر هەستیان بە نائارامی و خەجاڵەتباری کرد و لە کۆتاییدا ئامادەبووان هانایان بۆ شا خۆی برد و وتیان: هەموو پیاوان تاقی کرانەوە، داوای لێبووردنت لێ دەکەین، سەبرمان نەما. نۆ ڕۆژە گۆرانی (یاری) کپ و خامۆشە. شاخۆشین فەرمانی بە کاکە ڕەزا دا، بڕوا بۆ ئەشکەوتێکی دیاریکراو، بۆ هێنانی کەسێکی ئازیز، کە لەوێیە. کاکە ڕەزاش دەستبەجێ فەرمایشەکەی بەجێ هێنا و سەیری کرد، پیاوێکی نیوەڕووتی لێیە و لەشی بۆگەنی کردووە و کرم تێی داوە. گەڕایەوە، بەم جۆرە قسەی لەگەڵ شادا کرد: (پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکات، تۆ خۆت هەموو شتێک دەزانیت.) شا هاواری لێ کرد: (شێوەی هوما7 وەرگرە و بە هەردوو باڵت بیگرە و بیهێنە، بێ ئەوەی ئەزیەتی بدەی.) دەمودەست کاکە ڕەزا فەرمایشتەکەی بەجێ هێنا. ئەو شەخسە نابینا و لاڵە، بە (بلەشێت) بەناوبانگ بوو.کاتێک شا بە چاوی بەزەیی و بە دڵێکی پڕ لە میهرەبانییەوە سەیری کرد، یەکسەر شفای بۆ هات، ئەوجا ئامادەبووان داوایان لە شای عالەم کرد، کە ئیجازە بدا مۆسیقاژەنەکان سازەکانیان لێ بدەن، ئەویش فەرمانی دا، ئیتر سازەکان هەموو هاوئاهەنگ بوون و چیدی ناسازییان نەما و بەردەوام حەوت شەو و حەوت ڕۆژ ئاوازە ئایینییەکانیان لێ دا.

لەو بەڵگانەی کە زیاتر واتای زەبت (کۆک)کردنی تەنبوور لای تایەفەی ئەهلی هەق دەگەیەنێ، ئەوەیە کە لە چیرۆکی هاتنی باب ناعووس، یان (باباناعوس) کە دوای شاخۆشێن بە ماوەیەک دەرکەوت، هاتووە،8 ئەو پێشبینیی ئەوەی کردووە و گوتوویەتی: (کاتێک سازەکە زەبتی (کۆک) تەواو دەبێ، دەبێ ئەو ڕاستییە بزانن، کە من لە ناوتاندام. باباناعوس گەیشتە شوێنێک و بینی چوار فریشتەکە، کە شێوەی ئادەمیزادیان وەرگرتووە (چوار جەسەد) بێهوودە خەریکی زەبتکردنی

سازەکانیانن. کاتێک ئەو کەسە گەیشتە لایان، واتا ئەو کەسەی کە خودا بەرجەستەی بووە، سازەکان کەوتنە لێدان، ئیتر تێگەیشتن کە خودا ئامادەیە و لە عالەمەدایە و شێوەی باباناعوسی وەرگرتووە، کە ئەمیش دەرکەوتنی شاخۆشێن نەبێت هیچی دیکە نییە.

## ڕۆڵی تەنبوور(ساز) و خاسییەتە هونەرەییەکانی

ساز تەنیا ئامێرە، کە بۆ مۆسیقای ئایینی بە کار دێت. ئامێرێکی پیرۆزە و تەرخانە تەنها بۆ مەراسیمەکانیان. هەروەها شکۆدارە چونکە سروودە موقەدەسەکان بڵاو دەکاتەوە و لە هەمان کاتدا، لە ژێیەکانیدا سەدا ئیلاهییەکان دەپارێزێ، بۆیە بە شێوەیەک بە دیواردا هەڵدەواسرێ، کە لە بەرزترین جێگەدا بێت. ئەو ژوورەی کە لێی دادەنرێ، جۆرە ڕەفتار و هەڵسوکەوتێکمان بە سەردا دەسەپێنێ، کاتێک کە دەچینە ناوی، شیاوی ئەو ڕێز و ئیعتیبارە بێت، کە ئەو ئامێرە هەیەتی، دەبینین هەموو جارێک پێشودوای ژەنینی دەخرێتە سەر هەردوو دەست و ماچ دەکرێ.

ساز ئامێرێکە دوو جار بە قەدەر سندووقی سێتار9 دەبێ و دوو یان سێ لوولەکی تێدایە، کورتر و باریکتر. هەروەها خەرەک یان شانەی ساز نزمترە لە شانەی سێتار (لووت، شەیتانەک) مەرکەزی ژێیەکانە، نزمتر و کورتترە لە لووتی (تار)10، بەڵام سیمگیرەکەی بە تەواوی لە سیمگیری سێتار دەچێت.

دووژێ (وەتەر) یان سیانەکەی تەنبوور، داوی میتاڵین و بە سەری پەنجەکان هەستیان پێ دەکەین، بەڵام سندووقەکەی لە داری توو دروست دەکرێ و باڵەکەیشی لە داری گوێز.

ساز دوو نەغمەی هەیە: بەرز و نزم، ئەگەر سێ ژێی هەبوو ئەوا یەکێکیان نەغمەی نزم لێ دەدا و دوانەکەی تریان بەرزن.

کۆکی ساز ئەمانەن:

1- کۆکی بورز (نزم)

أ- خوماسی (خمسی)

ب- روباعی (روبعی)

2- کۆکی تورز (بەرز)

أ-خوماسی

ب-روباعی

هەرچیی پەیوەندیی بە کۆکی نزمەوە هەیە (کۆکی بورز)، ژێی یەکەم، (لا) بە هەشت یەکی پلەیەک دەکەوێتە ژێر پەیژەی مۆسیقاوە، بەڵام ژێی دووەمیان کۆکی خوماسی (خمسی)، (ڕێ) دەکەوێتە ژێر (لا)، ژێی یەکەم. کۆکی روباعی (ربعی) (می) دەکەوێتە ژێر (لا)، ژێی (وەتەری) یەکەم.

بەڵام سەبارەت بە کۆکی بەرز (کوک تورز) ژێی یەکەم دەبێتە (لا) لە پەیژەی مۆسیقادا، ژێی دووەم أ- کۆکی خوماسی (خمسی) (ڕێ) دەکەوێتە ژێر پەیژەی مۆسیقا، ب- کۆکی روباعی (می) دەکەوێتە ژێر پەیژەی مۆسیقاوە.

هەروەها کۆکی سێیەمیش هەیە، پێی دەگوترێ (باڵ فەرەنگی) یان (دووباڵا) بەڵام بەکارهێنانی بڵاو نەبووەتەوە.

لە دەوروبەری ساڵی 1930دا یەکێک لە ئەندامانی گرۆی ئەهلی هەق، سازێکی کوردیی تایبەتی هێنایە کایەوە، کە هەموو پەردەکانی تێدایە و هەموو ژێیەکانی"تار"ی فارسیی کۆنیش، بە واتا پێنج ژێی هەیە، دوانیان



نەغمەی بەرز و سیانەکەی تریشیان نەغمەی جوراوجۆر دەدەن. ئەو سازە بیستوهەشت پەردەی هەیە، بەڵام سندووق و خەرەک و لووتەکەی هەمان چەشنە لەگەڵ سازی ئاساییدا، درێژیی باڵەکەیشی یەکسانە لەگەڵ درێژیی باڵی تاردا و پانییەکەی هەمان پانییە. ئەم سازە لە لایەن گرۆی ئەهلی هەقەوە بە کار نەهێنرا و هەر کۆنەکە، کە دوو یان سێ ژێی هەیە، لایان مایەوە، بۆ بەکارهێنانی لە بۆنە ئایینییەکانیاندا، بە هۆی ئاسانیی پێکهاتنی و خاسییەتە تەقلیدییەکانیەوە.11

**مۆسیقادانەر و گۆرانیبێژەکان**

بۆ ئەوەی لیستێک بە ناوە بەناوبانگەکان بکەین، کە مۆسیقای کوردەکانی (ئەهلی هەق)یان بەرجەستە کردووە، بە شیوەیەکی بنەڕەتی پشتمان بە بیرەوەری و شایەتیی دەماودەم گێڕاوە، بەستووە. بەڵام ئەو سەرگوزشتانە هەموو، کاتێک ڕێگە بەوە نادات، کە جیاوازی لە نێوان ئەو ناوانەدا بکەین، کامیان دانەری مۆسیقا و کامیان گۆرانیبێژ بوون لە کۆندا.

لە (شانامەی حەقیقەت و کتاب ملوک الحق)12 و لە مێژووی فەرهەنگی ئەهلی هەقدا، ناوی حەوت دانەری مۆسیقا هاتووە (سازندە اهل حق)، ئەوانە لە هەمان کاتدا خۆیشیان ئەو گۆرانییانەیان گوتووەتەوە، کە دایانناوە (نەوازندە)، کەسەکان ئەمانە بوون: (تەمیر، یار محەممەد، پیرکەرەم، رەزا، شاوەیس، هەمزە، و عەبدولرەحمان) سازژەنی کۆشکی شای ئەهلی هەق بوون.

نووسەری (شانامەی هەقیقەت) ناوی ئەو مۆسیقاژەنانەی لە کتێبێکی تریدا بە ناوی (موسیقیی جماعە) (یاریی السبعە)، کۆ کردووەتەوە، دیارە دەتوانین ئەم سەرچاوەیە کە لەو دانەرە رەسمییە گرنگەوە دەرچووە بایەخی گرنگی پێ بدەین. ئەو لە کتێبەکەیدا ئەوەی روون نەکردووەتەوە لە چ سەدەیەکدا ئەم مۆسیقازانانە ژیاون، بەڵام ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ئەوان (موسیقیی ملک یوم میپاق) بوون. لێرەدا مەبەست لە (سوڵتان سوهاک)ـە، (المتجلی الکبیر) کە لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا ژیاوە؛ دەکاتە سەدەی چواردەی زایینی.

بەڵام هەرچیی پەیوەندیی بە دوو یان سێ نەوەی ئەم دواییانەوەیە، دەتوانین ناوی ئەو کەسانە بڵێین، کە شارەزاو لێهاتوو بوون لە هونەری سازژەنیندا و لە ناو سەرکردە ئایینییەکانی خێزانە رۆحییەکاندا (خانەدان) ئەمانە دەبینین:

لە ناوچەی گۆران:

سەی براکە (1863-1795ز)

سەی رۆستەم

سەی شەمسەدین حەیدەری و براکانی

سەی فەتحوڵڵا حەیدەری

سەی عەلی کەفاش

لە ناوچەی سەحنە:

شێخ حەیدەر عەلی جەناب

حاجی نیعمەتوڵڵای جەیحون ئابادی (1871-1920ز)

لە نێو خێڵی گۆراندا دەبێ بە تایبەتی ناوی ئەمانەی لای خوارەوە بهێنین:

کاسەرخاب (192-184ز)

کوڕەکەی کاراداب (1956-1876ز)

هەروەها دوو دەروێشی نوورانیی تر

کابەشیر بزهۆیی (1954-1885ز)

کارەحیم کاکەیی (1958-1890ز)

ئەو ئاوازانەی بە ناوی (شاخۆشێن)ـەوەن زیاتر لەوە دەچێ لە لایەن مۆسیقادانەرە کورد و لوڕەکانەوە پیشکەشی کرابێ، نە مێژوو، نە ڕیوایەتەکان ناوی ئەوانەیان تۆمار نەکردووە، بەڵام ئەو ئاوازانەی بە ناوی (باباناعوس، بابا سەرهەنگ، بابا جەلیل، بابا فەقێ، کاکە

ڕەزا عابدین و سەی خامۆش)ـەوەن، پێ دەچێ بەڕاستی هیی خۆیان بێت. ئەویش جەماعەتی ئەهلی هەق خۆیان دووپاتی دەکەنەوە، بەڵام بەبێ بەڵگە.بەرانبەر بەوەش بە دڵنیاییەوە دەتوانین هەندێ دانراوی مۆسیقایی بکەین بە کوڕی مۆسیقادانەری گەورە شێخ ئەمیر13، ئەو نەک هەر ئاوازدانەر بووە، بەڵکو دانەری چەندین سروود و هەڵبەست بووە، کە کراون بە گۆرانی و لە (جەمەکان)دا گوتراون.

ڕۆڵی ئەو مۆسیقاژەنەی پارچەیەک مۆسیقای نەنووسراو بە سەماعی بژەنێ، گەلێک گەورەترە لە مۆسیقاژەنێک پارچەیەک مۆسیقای نووسراو، یان تۆمارکراو دەژەنێ، چونکە یەکەمیان ئەو مۆسیقایەی دەماودەم پێ گەیشتووە. لەبەر ئەوە ئەبینین ناوی ئەو مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژە گەورانە بەستراونەتەوە بەو ئاوازە کولتوورییانەوە، کە ئەوان شێوازی تایبەتیی خۆیان تێدا بەرجستە کردووە، هەروەها دەتوانین چەند (گوتن)ێکی "ئەدا" جیاواز لە یەک ئاوازدا ببینینەوە، کە هەر یەکە بۆ شێوازێک لە ئەدا دەگەڕێتەوە.

سەرەڕای ناوی دانەری ئاوازەکان، ناوی ئەو کەسانەش کە ئاوازەکان دەژەنن، یان ناوی شوێنەکان، یان ئەو دەستە و گرووپانەی لەبەریان کردووە، وایان لێ کردووە کە تا ئەمڕۆ ببیسترێن، وەردەگرن. لەنێو گۆرانیبێژە ناودارەکاندا، دەتوانین ناوی میرزا خواکەرەم، حاجی نیعمەتوڵڵا بهێنین، کە ئەمانە ناویان بە ئاوازەکانی (شێخ ئەمیر)ـەوە بەستراوەتەوە. لەبەر ئەوەی مۆسیقا بەشێک لە مەراسیم و ژیانی ڕۆحیی ئەهلی هەق پێک دەهێنێ، دەبینین هەموو سەرکردە ئایینییەکان- پیر(مورشید)، سەید کەلامخوان (خوێنەری کەلامی ئەهلی هەق) مۆسیقازانن.14

ئەگەر بمانەوی تۆمارێکی تەواومان بە ناوی مۆسیقازانەکانی ئەهلی هەق دەست بکەوێ، ئەوەمان بەسە کە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دەماودەمگێڕاوەی ئەم دەستەیە.

## ئاواز و گۆرانییە موقەدەسەکان

(جەم) یان کۆبوونەوە لە ژیانی ئەم دەستەیەدا ڕیزی پێشەوەی گرتووە. لە میانەی ئاهەنگە ئایینییەکانیاندا ئەو قوربانییانەی بۆ ڕێنماییکەری ڕۆحانی خۆیان، کە (پیر بنیامین یاخود مەلیک جوبرائیلە لە سەر زەوی) لە ئەستۆی گرتووە، بەجێی دەهێنن. ئەم کەشە هێمایە بۆ نوێکردنەوەی زەمەنی پەیمانی یەکگرتنی یەکەم لەگەڵ خودادا. ئەو جەمە لە کاتی مومارەسەکردنیدا شوێنپێی جەمی ئەزەلیی یەکەم هەڵدەگرێ، کە بوونی دەکەوێتە پێش خولقاندنی جیهان و مرۆڤەوە، کە لە ڕیزەکانیدا خودا و فریشتەکانی تێدا بوو. ئەم جەمەی دواییان خزمەتی ئادەمیزادی گرتە ئەستۆی خۆی و قایل بوو بەوەی هەتاهەتایە پابەندی شەریعەتەکان و ئەو کەشە ڕەمزییانە بێت، کە لە جەمی یەکەمەوە بڕیاری لە سەر درابوو. بۆ ئەوەی هەموو بەشداران هەمان پلەی ئامادەبوونی ڕۆحییان بۆ ملکەچکردن و نوێژ و زیکر هەبێ، نەزرەکە بە لێدانی ئاواز و گۆرانییە تایبەتییەکانیان دەست پێ دەکات و کۆتایی پێ دێت. ئەو کەسەی ساز دەژەنێ، ئەو باسانە دەهێنێتەوە، کە لە کتێبە پیرۆزەکانی ئەهلی هەقدان، یان ئەو قسانە دەکاتە گۆرانی، پێی دەڵێن (کەلام خوان)، گۆرانیبێژ یان خوێنەری کەلام- قارئ الکلام- (سەرجەمنشین) واتا سەرۆکی کۆمەڵەکە (دانیشتنەکە) ئەو دەست دەکات



به خوێندنەوەی دوعا (بیدایەت و نیهایەتم یار ئەڵڵایە)، دوای ئەوە کەلامخوان بڕگەیەک لە کتێبە پیرۆزەکان، بە تایبەتی لە دانراوەکانی شێخ ئەمیر دەبێژێ، بۆ ئەوەی سەرنجی دڵ بەرەو زاتی ئیلاهی رابکێشێت. لێرەدا ئامادەبووان لە خشوعدان و سەریان دانەواندووە و بیر دەکەنەوە، هەر کە ئەم خوێندنەوەیە تەواو بوو، کەلامخوان جارێکی دیکە دەست بە گوتنەوەی دوعای (بیدایەت و نیهایەتم یار ئەڵڵایە) دەکاتەوە، دوای ئەوە لەگەڵ نەغمەکانی سازدا، ئەگەر بیزانێ لێی بدا، دەست دەکات بە خوێندنەوەی قەسیدە ئایینییەکان، ئامادەبووانیش سەربەندەکەی دەڵێنەوە، هەر بڕگەیەکیش لەو بڕگانەی دەگوترێ، ئاوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە. لەگەڵ گوتنەوەی سەربەندەکەدا ئامادەبووان بە رەزم هەردوو دەست لە یەک دەدەن، ئەمکارە پێی دەگوترێ (چەپدەستان) واتا لێدانی هەردوو بەری دەست لە یەکتری بە شێوەیەکی رێک لە کاتی گۆرانیدا. لە کۆبوونەوەکانی ناوچەی گۆراندا، بەشداران بە چوارمشقی دادەنیشین (چارژانوو) بەڵام لە (سەحنە) و ناوچەکانی تر لەسەر ئەژنۆ دادەنیشن، بە شێوەیەک قاچیان بردووەتەوە ژێر خۆیان (دووژانوو).
مۆسیقای ئایینیی کوردی دەبێ بە دوو بەشەوە:
یەکەم- دەستگە، دووەم- گۆرانییەکان

**دەستگەکان:**

هەندی ئاواز هەیە، چەند کۆمەڵەیەک پێک دەهێنێ، پێی دەگوترێ دەستگە، هەندێک جار چەند پارچە مۆسیقایەکی سەربەخۆی تێدایە، کە بە دوای یەکدا لێ دەدرێن. لە گۆشەنیگای هونەرییەوە، ئەم مۆسیقایە چەند خاڵێکی هاوبەشیان لەگەڵ مۆسیقای فارسیدا هەیە و لە نەزەری زۆریشدا ئەمە ئاسەواری مۆسیقای لەناوچووی ئێران دەنوێنێ.15
مۆسیقای ئایینیی ئەهلی هەق لە دوانزە کۆمەڵەئاواز پێک دێت:

**یەکەم**: دەستگەی شێخ ئەمیری: ئەم دەستگەیە دوانزە ئاوازی تێدایە، هەندێکیان بە ناوی کەلامخوانێکی بەناوبانگەوە ناو نراون، هەندێکی تریشیان بە ناوی هۆزێک، یان کۆمەڵەیەکی مەزهەبییەوە ناو نراون، هەموو ئاوازەکانی ئەم کۆمەڵەیە خەموپەژارەیەکی قووڵیان پێوە دیارە و چەند لە کاتی لێدانی سازەکاندا هەڵچوون، گەورەتر بێ، ئەو دەستگەیە زیاتر لەبەردڵان دەبێ.
1- مەقامی شێخ ئەمیری بە پێی گوتنی، یان بێژانی، میرزا خواکەرەم.
2- مەقامی ئاتەشبەگی: ئەمە لە لای کۆمەڵەی ئاتەشبەگی باوە، کە لە تایەفەی ئەهلی هەقن.
3-4-5- سێ وەرگێڕانی مەقامی شێخ ئەمیری گۆرانن، کە لە ناو هۆزی ئەهلی هەقی گۆراندا بڵاوە.
6- مەقامی شێخ ئەمیری شاهەیاسی: ئاوازێکە لە لای کۆمەڵەی شاهەیاسی بڵاوە.
7-8- مەقامی شێخ ئەمیری سەحنەیی: ئاوازێکە لە مەرتەبەی شەرەفدایە، لە لای تایەفەی ئەهلی هەق، لە سەحنە و دوو وەرگێڕانی هەیە.
9-10- مەقامی شێخ ئەمیری، لە لای تایەفەی ئەهلی هەق، لە ناوچەی کەرکووک و موسڵ بڵاوە، ئەم ئاوازەش دوو وەرگێڕانی هەیە.
11- مەقامی شێخ ئەمیری حاجی نیعمەتی: کە لەمەوبەر نیعمەتوڵڵا جیحون ئابادی دەیژەنی.
12- مەقامی شێخ ئەمیری، کە هەر بەو ناوەوە ناسراوە، ئەم ئاوازە لە هەموو ئاوازەکانی تر بڵاوتر و کۆنترە.
بەڵام سەبارەت بە دەستگەکانی تر، هەر یەکێکیان لە ئاوازێک زیاتریان نەماوە.

**دووەم**: مەقامی باباناعوسی: بە ناوی باباناعوسەوە ناو نراوە، کە یەکێکە لە دەرکەوتنەکانی (تجلیات)ی خودا، لە سەدەی پانزەی کۆچی (یانزەی. ز)دا، پاش سەردەمی شاخۆشێن بینرا. ئەم ئاوازە پڕجۆشە و بە هاوئاهەنگی لەگەڵ کۆکی نزمدا، بە ساز لێ دەدرێت.

**سێیەم**: مەقامی باباسەرهەنگی، کە بە ناوی باباسەرهەنگەوە ناسراوە، ئەمەش یەکێکە لە دەرکەوتووەکانی (متجلی) تایەفەی ئەهلی هەق. ئەم مەقامە بەبێ چەپڵە، یان دەستلەیەکدان (چەپدەستان) دەوترێ، بەڵام ئەو کەسەی ساز دەژەنێ، دەتوانێ گۆرانییشی لەگەڵدا بڵێ.

**چوارەم**: مەقامی باباجەلیلی، بە ناوی سەردەمی باب جەلیلەوە ناو نراوە، ئەمیش یەکێکە لە دەرکەوتووەکانی (متجلی) ئەهلی هەق.

ئەم مەقامە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ کۆکی بەرزدا بەبێ چەپڵە ئیجرا دەکرێ، لەم مەقامەدا کەلامخوان هەر خۆی ساز لێ دەدا و گۆرانییەکەش دەڵێ.

**پێنجەم**: مەقامی قەرەچۆپی: ئەم مەقامە جیاوازە لەو ئاوازەی بەم ناوەوە ناسراوە، لە مۆسیقای غەیری ئایینیی کوردیدا.

**شەشەم**: مەقامی تەمنیری: لە نەزەری هەندێ لە زاناکانی ئەهلی هەقدا، ئەو پێنج مەقامەی لای سەرەوە باس کران، دەستگەیەکی سەربەخۆیان پێک دەهێنا، بە ناوی (دەستگەی باباناعوسی).

**حەوتەم**: دەستگەی شاخۆشێنی: کۆمەڵەیەکی سەربەخۆیە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شاخۆشێن (چواری هیجری— دەی زایینی) و بە ساز لێ دەدرێ و گۆرانی لەگەڵدایە.

**هەشتەم**: دەستگەی رەزایی، دەگەڕێتەوە بۆ کاکە رەزا، کە مورشیدێکی (پیر)ی ڕۆحی بوو، لە سەردەمی شاخۆشێندا. ئەمەیش وەکو دەستگەی شاخۆشێنی بە ساز لێ دەدرێ و گۆرانیی لەگەڵدا نییە.

**نۆیەم**: مەقامی سەحەری سەید خامۆشی: دەگەڕێتەوە بۆ سەید خامۆشی ئەکابر، سەرۆک و دامەزرێنەری (خانەدان) (خێزانی ڕۆحی) کە یەکێکە لە یانزە خێزانەکەی ئەهلی هەق.

**دەیەم**: مەقامی بابافەقێ: ئاوازێکی سەربەخۆیە، دەگەڕێتەوە بۆ بابافەقێ، کە مورید و هاوچەرخی شاخۆشێن بوو.

**یانزە**: مەقامی عابدینی: ئاوازێکی سەربەخۆیە، دەگەڕێتەوە بۆ عابدین، موریدی سوڵتان سوهاک، کە لە سەدەی هەشتی هیجری، چواردەی زایینیدا ژیاون.

**دوانزە**: مەقامی بەیات کورد (بەیاتی کورد)، لە مۆسیقای فارسییشدا، ئەم مەقامە لە دەستگەی شووردا لێ دەدرێ، لە کرماشان بە مەقامی (بەیات صارم الدوله) بەناوبانگە. ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ حەزی یەکێک لە میرە قاجارییەکان، لەم ئاوازەدا. (میر صارم الدوله ئیبن عماد الدوله) فەرمانڕەوای کرمانشاه (کرماشان)، دەڵێن زۆربەی جار خۆی ئەم ئاوازەی لێ داوە.

ئەم دوانزە ئاوازە بە بنەماکانی مۆسیقای ئایینی لای ئەهلی هەق دادەنرێ. هەروەها چەندین گۆرانی و سروودی ئایینی هەیە، بە ئاوازی جۆراوجۆر، کە لە مۆسیقای کوردیی غەیری ئایینییەوە وەرگیراون، دەگوترێن. جاری وایش هەیە، کە لە حاڵەتی (جەزبە و وەجد)دا دەبنە هۆی لەدایکبوونی ئاوازێکی نوێ و بە هۆی چەند جار وتنەوەیەوە، گۆرانیی لێ پەیدا دەبێ.

لەم حاڵەتەدا نەوەکانی ئەهلی هەق یەک لە دوای یەک دەماودەم لەبەری دەکەن، بۆیە زۆربەی ئەو ئاوازانە هەر لە کۆنەوە چۆن دانراون تاوەکو ئێستا ماونەتەوە.

**گۆرانییەکان بەم شێوەیە دەگوترێن:**

کەلامخوان (گۆرانیبێژ) بۆ ئەوەی ئاوزێک ئاشنا بکات، بەیتی یەکەم لەگەڵ سازدا دەڵێ، بە داخڵکردنی سەربەیتەکە، دوای بڕگەی پێنج و دە لە هەر دەقێکدا، کە دەبڕگەیی بێت. هەروەها دوای بڕگەی چوارەم – هەشتەم، ئەگەر دەقەکە هەشت بڕگەیی بوو. دوای ئەوە کەلامخوان بە تەنها سازەکەی لێ دەدا، لە کاتێکدا کە ئامادەبووان بە یەکەوە گۆرانییەکە دەڵێنەوە و دوای دەستپێکردنی سەربەندی دووەم، گۆرانیبێژ لەگەڵ ئامادەبووان هەموو پێکەوە گۆرانی ئەڵێن.

هەموو ئاوازی گۆرانییەکان بە کۆکی "بورز" واتا زەبتکردنی سازەکە لەسەر دەنگی نزم و سەبەندی هەندێ گۆرانی جاری وا هەیە بە چەپڵەوەیە و جاری وایش هەیە بێ چەپڵەیە.

وشەی یەکەم وەکو کاریگەرییەک (وقع) بووە، دەستپێکێک دادەنرێت و مەرج نییە لە (کەلام) کتێبی پیرۆزی ئەهلی هەق وەرگیرابێت.

لێرەدا بە درێژی باسی ئەو ڕێگەیە دەکەم، کە ئەم ئاوازانەیان پێ لێ دەدرێ: سەرەتا بە وشەی دەستپێکردن، بۆ نموونە (ڕەژیان دالاهو) دەهێنمەوە، بەڵام ئەو بەڵگانەی کە ئاماژە بۆ سەردەمی دانان (تالیف)ی ئەم گۆرانییانە (سروودانە) دەکەن، لە ڕێگەی گێڕانەوەوە پێمان گەیشتووە.

1- ڕەژیان دالاهو- دالاهۆی ڕۆشەن-

ئەم گۆرانییە باسی شاخی دالاهۆ دەکات، کە یەکێکە لە لووتکەکانی زنجیرەچیای زاگرۆس، لە کوردستانی خۆرهەڵات و پیرۆزیی ئەم لووتکەیە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک: ئەم شاخانە بە درێژایی سەدەکان بە خاڵی بەیەکگەیشتنی ئاسمان و زەوی زانراون. ئەهلی هەقیش باوەڕیان وایە، ستوونێک لە نوور لووتکەی دالاهۆ بە عەرشی پەروەردگارەوە دەگەیەنێ، سەرەڕای ئەوە، ئەوان تەقلیدە ئایینییەکەیان تێکەڵی ئەفسانە و پڕوپووچیی ناو خەڵکە ڕەشۆکییەکە کردووە، کە باسی پێش بوون دەکات. بەدەر لەو چوارچێوە موقەدەسەی کەوا ئەو شاخەی



تێدایە، ئەو ئاوازەی کە لێرەدا لێی دەکۆڵینەوە، بەرەنگاری ئەو باسە لە گۆشەنیگای ئایینیی پەتی دەبێتەوە، ئەو شتە لێرەدا پەیوەندیی بە هاتنی دەرکەوتوو (متجلی) بۆ ئەو شوێنە هەیە، کە هەر لە ئەزەلەوە بۆ ئەو دەرکەوتنە دانراوە. لە سەدەی هەشتی کۆچیدا، لەو شوێنەدا جەمەکانی ئەهلی هەق دەبەستران، کە (سوڵتان سوهاک) پەیڕەوە چاکسازییەکانی خۆی لێ بەیان دەکرد، نموونەی ئەم رووداوە پیرۆزییەکی نۆیی بە شاخی دالاهۆ بەخشیوە و ئاوازەکەش بیرەوەریی رووداوەکە زیندوو دەکاتەوە.

لووتکەکانی شاهۆ و باڵامۆ بەشێکن لە شاخی دالاهۆ و هەموویان لەگەڵ لوتکەکانی ناوچەی (سەرانەی بەرز) یەک کۆمەڵە پێک دەهێنن و جەمەکان هەر جارەی لە سەر لووتکەیەکیان بەستراوە. فریشتەکان- بنیامین (جوبرائیل) و موسا (ئیسرافیل) و داود (میکائیل)- کە بەرجەستەی شێوەی مرۆڤ بوون، بەر لە دەرکەوتنی سوڵتان سەهاک (سلطان اسحاق) بۆ ئەو شاخە دەچن، بۆ چاوەڕوانیی بەدیهاتنی پەیمانە یەزدانییەکە. ئامانجی ئەو فریشتانەش گەڕان بووە بە دوای هەڵۆی شاهانە، کە خوداوەند تێیدا بەرجەستە بووە.

بەڵام (داوود) کە کاری تەنها جێبەجێکردنی فرمانە یەزدانییەکان بووە، شیوەی ئەو بە تیروکەوانەوە بوو، بەردەوام لەوپەڕی ئامادەباشیدایە بۆ هاویشتنی تیرەکانی. هەروەکو تۆڕەکەی بنیامین، تیرەکەی داوودیش هێمایە بۆ گەڕان بە دووی یەزداندا، لەگەڵ ئارەزوویەکی بەهێز بۆ بینینی، لەم حاڵەتەدا یەزدان کە تەنها نێچیرێکی ڕۆحە دەچێتە قاڵبی ئادەمیزادەوە. لە لایەکی ترەوە تیروکەوان و راوکەر دوو نموونەن، کە لەگەڵ جۆری بیرکردنەوەی ئەو گەلانە و داستانەکانیان رێک دەکەون.

**بیرۆکەی سەرەکی:**

زیندووکردنەوەی بیرەوەریی سوڵتان سەهاک و هاوڕێکانی، کە دەچن بۆ شاخەکانی (شاهۆ) و (باڵامۆ) لە زنجیرەچیای (دالاهۆ) لە (سەرانە) دەوەستن.

کات سەردەمی (سوڵتان سەهاک)ـە سەدەی چوارەمی هیجرییە، بە پێی ریوایەتەکە.

شوێن: ناوچەی گۆران و هەورامان

دەق: وتەکانی شێخ ئەمیرە

سەربەند:

(رەژیان ئەی دالاهۆ
شاهۆ ئەی باڵامۆ)

واتا: (ئەی دالاهۆی ڕۆشن)
شاهۆ ئەی باڵامۆ

ئەی دیدە و گیانی رەژیان، ئەی دالاهۆ
وەسەنی وەنە، شاهۆ ئەی دالاهۆ

واتا: (چاوەکەم ڕۆحەکەم، ئەی دالاهۆی رۆشن
بۆ ئێرە هاتن، شاهۆ، ئەی دالاهۆ)

دەق: (داناسیایان رژیان، ئەی دالاهۆ
سافی دیدەمەس، شاهۆ ئەی باڵامۆ)

واتا: (ئەوان راوکەری دانان ئەی دالاهۆی ڕۆشەن
پاکن سەراسیمەی رەفیقەکانیانن شاهۆ ئەی باڵامۆ)

دەق: (کردار بوتونان، رەژیان، ئەی دالاهۆ
دام شەرت وە دەس، شاهۆ ئەی باڵامۆ)

واتا: (کارەکانیان کاری رەفیقانی رازە، ئەی دالاهۆی رۆشەن
تۆڕی بەڵێنیان بە دەستەوەیە، ئەی شاهۆ ئەی باڵامۆ)






دەق: ( بنیامین، مووسا، رەژیان، ئەی دالاهۆ

داوود تیر نە شەس، شاهۆ، ئەی بالامۆ)

واتا: (بنیامین و مووسا، ئەی دالاهۆی ڕۆشەن

داوود بۆ تیرهاوێشتن لە سەر پێیە، ئەی شاهۆ، ئەی بالامۆ)

دەق: (گاو یاریشان، رەژیان، ئەی دالاهۆ

برد ئەو بەیان بەس، شاهۆ، ئەی بالامۆ)

واتا: (گای دینی هەق، ئەی دالاهۆی ڕۆشەن

بردنی بەرەو شوێنی پەیمانەکە، ئەی شاهۆ ئەی بالامۆ)

**شێوەی گۆرانیوتن:**

کەلامخوان دەست دەکات بە وتنی بەشی یەکەم لە گۆرانییەکە بە تەنیا، بەڵام بە سازەوە، بۆ ئەوەی ریتمێکیان بداتێ و وشەکانی گۆرانییەکەیان وەبیر بێنێتەوە. کاتێک دەگاتە وشەی (شاهۆ) هەموو بەشدارانی کۆڕەکە (جەم) سەربەندەکەی لەگەڵ تەواو دەکەن. ئیتر ئەوانە هەمان ئەو وشانە دەڵێنەوە، بە کۆمەڵ، لە کاتێکدا کەلامخوان بە ژەنینی سازەکەی، بەبێ گۆرانی بەشدارییان دەکات. دوای ئەوە کەلامخوان برگەیەک لە کەلامی کتێبە پیرۆزەکانیان هەڵدەبژێرێ و بە تەنیا لەگەڵ ژەنینی سازەکەیدا دەیڵێ، هەتا دەگاتە بەشی دووەمی سەربەندەکە، واتا وشەی (شاهۆ)، لێرەوە ئامادەبووانی کۆڕەکە لەگەڵیدا سەربەندەکە دەڵێنەوە تا تەواو دەبێ، دوای ئەوە بەردەوام دەبن لە گۆرانیوتن، هەروەکو بەشی یەکەم.

هەروەها دەکرێ گۆرانییەکە ماوەیەکی زۆری پێ بچێ، ئەویش بە گوێرەی حاڵەتی ڕۆحیی ئامادەبووان و رادەی ئامادەییان بۆ گۆرانی و کەشەکە و بیرتیژیی کەلامخوانەکەش لەوەدا دەور دەبینێت، کە ئایا چەند گۆرانیی لەبەرە.

2- (بەیان ئەویاری) (با بێن بۆ سەر دینی هەق)

ئەو کۆمەڵە ئیلاهییەی، کە تایەفەی ئەهلی هەق کردوویانە بە پێشەنگی خۆیان لە خوادا و حەوت فریشتە کە دەوریان داوە، پێک دێت، هەر یەکێک لەم فریشتانە ڕۆڵی تایبەتی خۆیان هەیە.

پیر بنیامین یەکەمین شایە، کە یەزدان لە (لە دوڕی سپیی) ئەزەلی خولقاندوویەتی و سەرەوەری پەیمانەکەیە. بە پێی ئەو پەیمانە، فریشتەکان رازی بوون، ئازاری مرۆڤ بچێژن و لە بەر خۆشەویستیی کائیناتی سەر زەوی بچنە هەزارویەک قاڵبەوە.

لە لایەکی ترەوە، پیر بنیامین راوکەرێکی ئیلاهییە و بەردەوام بە دوای ئەو هەڵۆ شاهانایەدا وێڵە، کە خودا تێیدا بەرجەستە بووە، بەڵام وەزیفەی داوود، هیدایەتی خەڵکە و هەوڵدانە بۆ فریاکەوتنیان، هەروەها هەوڵ دەدات بۆ دۆزینەوەی ئەو ئاسەوارانەی خودا لە کاتی تێپەڕبوونیدا بەجێی هێشتوون.

**بیرۆکە سەرەکییەکە:**

ڕۆڵی پیر داوود دۆزینەوەی (نیشانەکە) و ئاسەواری هەڵۆی یەزدانییە و ئەرکی پیر بنیامین بەدیلگرتنی ئەو هەڵۆیەیە.

کات: سەردەمی باوەیادگار- خەلیفەی سوڵتان سەهاک- لە سەرانە.

شوێن: سەرانە لە ناوچەی گۆران.

دەق (قسەکان): وتەکانی شێخ ئەمیر

سەربەندەکە: (لە برگەی شەشەمەوە لە هەر بەشێک دەست پێ دەکات.)

دەق: (ئەی دیدە و گیانی، گیان، بەیان، ئەو یاری بەیە و پیر داوود گیان، نیشانەش یاری.)

واتا: (ئەی ئازیز وەکو چاوم! رۆحم! با بێن ڕۆحەکەم بۆ دینی هەق)
ڕۆژێک داوود دێت گیانەکەم! دێت و نیشانەکەی دەدۆزێتەوە.)
دەق: (سەیای قەیم، گیان ئەو یاری
دەلوەی شەرت شانا گیان گیان نیشانەش یاری)
واتا: (راوکەری ئەبەدی با بێن ڕۆحەکەم، بۆ دینی هەق
تۆڕی بەڵێنی هەڵدا گیانەکەم! دێت و نیشانەکە دەدۆزێتەوە.)
دەق: (وەزوانی شەرت، گیان بیان، ئەو یاری
بازی شەرت و ئەنا گیان گیان نیشانەش یاری)
واتا: (بە زمانی پەیمان با بێن رۆحەکەم، بۆ دینی هەق،
هەڵۆی یەزدانی بانگی کرد گیانەکەم! دێت و نیشانەکەی دەدۆزێتەوە.)
دەق: (ئەو رو بیزار بین گیان ئەو یاری،
نە کوی زەر و سیم، گیان، بیان، یاری.)
واتا: (رەفیقان ئەو ڕۆژە گوێیان نەدایە، بابێن ڕۆحەکەم بۆ دینی هەق
شاخی زێڕ و زیو گیانەکەم! دێت و نیشانەکەی دەدۆزێتەوە.)

3- (یاران جەم نیان) رەفیقان کۆ بوونەتەوە پرۆسەی چاوەڕوانیی دەرکەوتوو (المتجلی) یەکێکە لە بیرە سەرەکییەکان، کە زۆربەی کات سەرچاوەی ئیلهامی شاعیران و مۆسیقازانەکانی ئەهلی هەق بووە. ئەوانە هەمیشە هیوایان بەو دەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەیە، کە بە پێی یەکێک لە ریوایەتەکانی ئەهلی هەق، بۆنەی تێپەڕبوونی هەر هەزارساڵێک بە تێپەڕبوونی یەزدان لەگەڵ فریشتەکان دەڕازێتەوە. هەندێ جار یەزدان بە گایەک کە لە ناو خۆردایە هێمای بۆ دەکرێ، ئەمەیش پەیوەندیی بە بیرەوەرییەکانی پەرستنی ڕۆژ و مانگەوە هەیە، لێرەوە پەیوەندیی ئەوەمان بە هێمای گای پیرۆزەوە لا ئاشکرا دەبێ.

**بیرۆکە سەرکییەکە:**
هاتنی شای جیهان بۆ جێگەی پەیمانەکە لەگەڵ فریشتەکان لە سەر چیای دالاهۆ، کۆبوونەوەی رەفیقانیش لە سەرانە و دڵخۆشیی ئەهلی هەق بەوە.
کات: سەردەمی باوەیادگار (بابایادگار) کوڕی ڕۆحیی خەلیفەی سوڵتان سەهاک.
شوێن: سەرانە لە ناوچەی گۆران.
دەق: (قسەکان) وتەکانی شێخ ئەمیر
سەربەندەکە: لە برگەی شەشەمی هەر دێڕێکەوە دەست پێ دەکات.
(ئەی یەدە و گیانی یاران ئەی جەم نیان
شادی شاکەرەمی شاشییەن وەرەو قەولگا)
واتا: (ئەی ئازیز وەکو چاوم ڕۆحم رەفیقان کۆ بوونەتەوە، با دڵخۆش بن بە شا، شا چوو بۆ شوێنی بەڵێنەکە.)
دەق: (رامان دون وە دون یاران ئەی جەم نیان
هەڵەت و هەڵەت شاشییەن وەرەو قەولگا)
واتا: (تێپەڕ بوو بە دەرکەوتوویی و دەرکەوتوویی، رەفیقان کۆ بوونەتەوە
لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی کە تێپەر بوون "شا چوو بۆ شوێنی بەڵێنەکە").
دەق: (گاو سەر مەخەل، یاران ئەی جەم نیان
نەکەردەن خەلەت، شاشییەن وەرەو قەولگا).
واتا: (گای خۆر، "رەفیقان کۆبوونەوە،"




ڕێگەی ون نەکرد، شا شوێن بەڵێنەکە کەوت)

دەق: (چەنی دونی پاک، یاران ئەی جەم نیان خاسی هەزارە شاشییەن وەرەو قەولگا).

واتا: (بە دەرکەوتنێکی (تجلی) پیرۆزەوە ڕەفیقان کۆ بوونەتەوە تایبەتە بە هەزارەیەک، شا چوو بۆ شوێنی بەڵێنەکە.)

دەق: (کاو یاریشان ئەی جەم نیان بەرد ئەو شمارە، شاشییەن وەرەو قەولگا)

واتا: (گای دینی هەق ڕەفیقان کۆ بوونەتەوە، کۆی کردنەوە لە هەزارویەک (شێوە)دا، شا چوو بۆ شوێنی بەڵێنەکە.)

4- (چل تەن چلانان) چل ڕەفیقان:

لە لای ئەهلی هەق فریشتەکان لە چەند پلەیەکدان، چل ڕەفیقان (چل تەن) پلەیەک لە خوار پلەی حەوت فریشتەکەوە. (حەوت تەن) و حەوت پیاوەکە (هەفتەوانە) دێن. ئەمانە واتا- چل ڕەفیقان- لە دوو شێوەدا بەرجەستە دەبن: چل ڕەفیقی ئاسمانی (چل تەن) ئەمانە ڕەفیقی زەمینی نوێنەرایەتییان دەکات، کە بە نەژاد ئاسمانین. خودا بارەگەی خۆی بە شیوەیەکی کاتی لەنێو ئەواندا هەڵدەبژێرێ، بە پێی گوزاشتی ئەو تایەفەیە، ئەوانە (شا مەهمان)ـن، بە واتا خودا لە ناویاندا دادەنیشێ (هەروەکو میوانیان بێت)، بۆیە ئەو چلە دانراون، بەوەی، کە لەگەڵ زاتی ئیلاهیدا یەکیان گرتووە و بەڵکو لە ڕاستیدا ئەوان هەر یەکێکن. ئەم گۆرانییە پیرۆزیەتیی ئەو چل ڕەفیقە پایەبڵند دەکات، کە لە ناو ئەهلی هەقدا چل نوێنەری زەمینییان بەردەوام هەیە.

**بیرۆکە سەرەکییەکە:**

چل ڕەفیقەکە هەموویان لە هەمان خودی یەزدانییەوە پەیدا بوون.

کات: سەردەمی باوەیادگارە لە سەرانە.

شوێن: سەرانە لە ناوچەی گۆران.

دەق: وتەکانی پیردێوی.

سەربەندەکە: (لە ئازیز یارەوە، لە دێڕی یەکەم و لە بڕگەی شەشەمەوە لە دێڕی دووەم)

(ئەی چل تەن چلان 'ئازیز یار')
شاشان مەهمانن 'چلانان')

واتا: (ئەی چل ڕەفیقان ئەی هاوڕێی ئازیز،
خودا میوانی ئەو چل ڕەفیقەیە)

دەق: (گیان ئەو چل تەنانە 'ئازیز یار'
ژێر بال هەنەن 'چلانان')

واتا: (گیانە ئەو چل ڕەفیقە ئەی هاوڕێی ئازیز
ئەوان لە ژێر باڵی هەڵۆدان ئەو چل ڕەفیقە)

دەق: (گیان هەر چل ئیقرار 'ئازیز یار'
وەبەیعەت بەنەن 'چلانان')

واتا: (گیانە ئەو چلە هەموویان ئیماندارن "ئەی هاوڕێی ئازیز"
لە پێناوی بەڵێنەکەدا یەکیان گرتووە.)

دەق: (گیان هەر چل دەفتەر شان 'ئازیز یار'
یەک میرزا وەنەن 'چلانان')

واتا: (گیانەکەم [یەک ئیمام و سەید] "چل کەسەکە" ئەی هاوڕێی ئازیز
هەموویان کتێبەکەیان خوێندەوە 'ئەو چل ڕەفیقە')

دەق: (گیان هەر چل ریشەشان 'ئازیز یار'
وە یەک زات بەنەن 'چلانان')

واتا: (گیانەکەم نەژادی ئەو چل کەسە ئەی هاوڕێی ئازیز
لەگەڵ یەک زاتی ئیلاهیدا یەکیان گرتووە 'ئەو چل ڕەفیقە'.)

## پەراوێز:

•محەممەد موکری، پرۆفیسۆر و نووسەری ئاکادیمی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دایک بووە. دەوروبەری ساڵی 1996 لە فەرەنساوە هاتبوو بۆ بەلجیکا لە شاری لیوڤن بە دیداری شاد بووم. پێم وت، ئەو لێکۆڵینەوەیەی ئێوەم، کە سەبارەت بە مۆسیقای پیرۆزی کوردانی ئەهلی هەقە، بۆ کوردی وەرگێڕاوە. زۆری پێ خۆش بوو. لە قاوەخانەی ئەو ئوتێلەی کە لێی دابەزیبوو، دانیشتبووین، رووخسەتی لێ وەرگرتم، وتی ئێستا دێمەوە، ئەوەندەی پێ نەچوو، هاتەوە بۆ لام؛ چوار کتێبی نایابی خۆی بۆ هێنام، وتی حەز دەکەم هەموویان بکەیت بە کوردی.

1-ئەهلی هەق تایەفەیەکی نهێنین لە چوارچێوەی ئیسلامی شیعەی ئێراندا. عەقیدەکەیان مۆرکی ئایینە کۆنەکانی ئێران و میسوپۆتامی (عێراق)ی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، هەروەها کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی تایفە سۆفییە رادیکاڵەکانی پاش دەرکەوتنی ئیسلامەوە.

ئەوان باوەڕیان بە بەرجەستەبوونی (تجسد) یەک لە دوای یەک و دەرکەوتنی (تجلی) خودا و فریشتەکان لە شێوەی ئادەمیزاددا بە درێژایی سەدەکان هەیە. بارەگەی سەرەکیی ئەم تایەفەیە لە ڕۆژئاوای ئێرانە. لە ناوچە کوردنشینەکان (کرمانشاه).

(گەورەترین ناوچەی کوردنشین) هەروەها لە لوڕستان و لە عێراق، لە گوندەکانی سەر مەرز و لە شارەکانی سلێمانی و کەرکووک و موسل و خانەقین، هەتا لە (بەغدا)یش هەن.

چەند کۆمەڵەیەکیشیان لە ئازەربایجان و خۆراسان و شیراز و لە ناوچەکانی نزیک تاران و قەزوین دەبینرێن. هەروەها لە تورکیا، لە ناوچە کوردنشینەکان، واتا کوردستانی باکوور و ژمارەیەکی کەمیش لە هیندستان و پاکستان و ئەفغانستانیش هەن.

2-غەزالی، فەیلەسووف و زانای ئایینی و موتەسەوفی ئیسلامی؛ (1058-1111) زایینی. بڕوانە: (احیاو علوم الدین) بەشی هەشتەم لە (کتاب العادات) و (کیمیای سەعادەت) تاران 1940، لاپەرەکانی 470-388.

3-ناوێکە هەمو ئامێرە ژێدارەکان دەگرێتەوە، بە تایبەتی تەنبوور.

4-بڕوانە: 52 قەولەکەی شێخ ئەمیر بە دیالێکتی گۆرانی (پەنجاودوو کەلیمەی ئەمیر) بە فەرەنسی محەممەد موکری، لە گۆڤاری ئاسیا، لە پاریس، ساڵی 1956ی زایینی بڵاوی کردووەتەوە. لاپەرەکانی 422-391.

5-بڕوانە: لاپەڕە 42 لە دەقە فارسییەکە، ئەهلی هەق لە کوردستان، بە زمانی ئینگلیزی، ل و ایوانف، لەندن، 1373 کۆچی = 1953ز

6- (دین یاری) یەکێکە لە ناوەکانی ئایینی ئەهلی هەق.

7-باڵندەیەکی ئەفسانەییە لە چەشنی سیمرغ و رەخی ئێرانی.

8-ریوایەتەکە لە دەوروبەری سەدەی 12ی زایینیدا دایناوە.

9-10- بۆ ئەوەی وەسفێکی درێژتر لە سەر (سێتار و تار)تان چنگ بکەوێ، بڕوانە: (التقالید الموسیقیە: ایران) بە زمانی فەرەنسی: نووسینی نیلی کارن. پاریس، 1966ز، لاپەرەکانی: (169-165).

11-فارابی لە 950 زایینیدا وەفاتی کردووە. وەسفی ئامێرێکی مۆسیقی دەکا، کە لە سەردەمی ئەودا بە کار هاتووە، ناوی (تەنبووری بەغدادی) بووە، یان (ئەلمیزانی)، پەیژەی ئەو نەغمانەی داوە، کە لە پێش ئیسلامدا باو بوون. (دائیرەی مەعاریفی ئیسلامی)

12-لە ژێر چاودێریی ئێمەدا، لە تاران، لە 1966-1965دا بڵاو بووەوە: (کتێبخانەی ئێرانی، بەشی چواردەیەم، پەیمانگەی دیراساتی ئێرانی، لە زانکۆی پاریس.) بڕوانە لاپەرەکانی: 391-390، بەیتەکان لە 7563 تاوەکو 7567.

13-شێخ ئەمیر، کەسایەتییەکی مێژووییە، لە ساڵی 1713دا وەفاتی کردووە، بە پێی ئەهلی هەق، مەلیک جوبرائیل تێیدا بەرجەستە بووە، لە سەردەمێکدا، کە خودا لە شەخسی سەید فەرزیدا دەرکەوت. مەزارەکەی لە ئاوایی قەزوینەیە لە ناوچەی کەنگاوەردا (کرمانشاه).بڕوانە: پەنجاودوو قەولەکەی شێخ ئەمیر بە فەرەنسی-محەممەد موکری.

14-ڕۆڵی ئەو کەلامخوان، یان گۆرانیبێژە، بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندیی بە (قەوال)ی سۆفییەکانەوە هەیە، کە لە کاتی دانیشتەکانی (سماع)دا دەخوێنێت. (بڕوانە سۆفیگەری و مۆسیقا)ی محەممەد موکری بە فەرنسی، دائیرەی مەعاریفی مۆسیقی، بڵاوکردنەوەی ڤاکسل، پاریس- 1961، بەشی سێیەم.)

15-خۆشبەختانە توانیم لە نێوان ساڵەکانی 1940 تاوەکو 1960، بە هۆی ژمارەیەک لە ژەنیارانی تەنبوور (تەنبورژەن)ـە بەتەمەنەکانەوە- ئەوانە ئێستا هیچیان نەماون- ئاواز و سروودە سەرەکییەکان تۆمار بکەم و لە چنگی بیرچوونەوەیان دەربهێنم. بە هیوام لە داهاتوودا ئەو دیکۆمێنتانە لە چوارچێوەی کتێبێکدا کۆ بکەمەوە، کە تایبەت دەبێ بە (مۆسیقا کوردیی ئایینی و غەیری ئایینی).

**•بە پێی ریوایەتی ئەهلی هەق- سولتان مەحموود باتڵی- کە لە سەردەمی پێغەمبەردا ژیاوە، خودا بە شێوەیەکی کاتی تێیدا بەرجەستە بووە، ئەو بنەچەی چل هاوڕێکەیە. بە پێی کتێبەکەیان، جولەکەکان زانیویانە کە پێغەمبەرێک دێت و کۆتایی بە دیانەتەکانی تر دەهێنێت. لەو کاتەی، محەممەد منداڵێکی شیرەخۆرە بووە، ئەوان ویستوویانە لە ناوی بەرن و کاتێک دایەنەکەی، کە لە هۆزی بەنی ئەسەد بووە، بەو پلانەی زانیوە، منداڵەکەی خۆی- سوڵتان محەممەد- دەخاتە جێگەکەی، واتا لانکەکەی محەممەد. کاتێک کە جولەکەکان دێن، سوڵتان مەحموود دەکەن بە چل پارچەوە و پارچەکانیش لە مەنجەڵێکدا دەکوڵێنن و دواتر لە پشتی پەرستگەکەوە فڕێی دەدەن. کاتێک دایکەکەی دەیەوێت پارچەکان کۆ بکاتەوە، بۆ ئەوەی بیان نێژێت، دەبینێت هەر پارچەیەک لەو پارچانە بوونەتە سوڵتان مەحموودێک، ئەویش لە ترسی جولەکەکان لە ئەشکەوتێدا دەیان شارێتەوە. ئیتر ئاسکەکان دێن و شیریان دەدەنێ، تاوەکو گەورە دەبن. بەم شێوەیە سوڵتان مەحموود، کە سەرەتا و گەورەی چل رەفیقەکەیە (چل تەن) لە هەمان کاتیشدا هەر خۆی چل رەفیقەکەیە.**

**بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (شاهباز ارلی و صیاد الهی)، (راوکەری ئیلاهی و داستانی هەڵۆی پادشاهی) بە فەرەنسی، محەممەد موکری. ویسبادن، ئاتۆ هاراسویچ، 1966 ز، لاپەرەکانی: 74-73.**



## دۆسیەی ژمارە

## ئەزمونی شیعریی

# کەریم دەشتی

*بەشێک لە ئەزموونی شیعریم......................کەریم دەشتی........٥٧
*شیعری کەریم دەشتی؛ حەسرەتێکی ئەزەلی..........عەبدولخالق یەعقووبی..........٦٦
*بونیادی زمان لە شیعردا..........................د. ئازاد ئەحمەد مەحموود.........٧١
*وێنەی کتێب..........................عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا..........٧٧
*هاونهێنیبوون و نهێنیگیربوون..................نەجات حەمید.............٩١
*شیعری (ناسینەوەی زیو)ی کەریم دەشتی.........زانا خەلیل.............٩٤
*دوو-سێ هێشووی مزری هەگبە پڕەکەی کەریم دەشتی.........مەسعوود پەرێشان..........١٠٠
*ئەو تاسەیەی هەرگیز کۆتایی نایەت...................و: ڕزگار شێخانی..........١٠٨
*شێرکۆ بێکەس لە بارەی کەریم دەشتییەوە.................................١١١
*قەرەنی جەمیل لە بارەی کەریم دەشتییەوە.................................١١٣
*کەریم دەشتی و چەند سەرنجێک.....................سەلاح عومەر...........١١٥
*جوانی لە باوەشی دەشتیدا شیرینە.....................تەڵعەت تاهیر...........١١٦
*تاشینی شیعر و وشە ڕەنگکردن.....................شوکر سەعید...........١١٧
*چەند سەرەقەڵەمێک لە بارەی ڕۆژانی منداڵیمەوە..............کەریم دەشتی...........١١٩

# دۆسیەی ژمارەی داهاتوو

## ئەزموونی شێوەکاریی

# باسم ڕەسام






## دۆسیەی ژمارەکانی داهاتوو

**کتێبی..**

## ئەلف و بێ ی نوێ بۆ منداڵان

**ئیبراهیم ئەمین باڵدار**



# بەشێك لە ئەزموونی شیعرم

## كورتەیەك لە بارەی ئەزموونی شیعریمەوە

**كەریم دەشتی**

1

من چۆن لە شیعر گەیشتووم؟ هەموو ئەوانەی بیانەوێ، لە مەڕ ئەزموونی شیعریی خۆیان قسە بكەن، یا چەند پاژێك لە بارەی بەرهەمەكانی خۆیانەوە بنووسن، دەبێ ئەوە دیاری بكەن، كە بینینی ئەوان چۆنە سەبارەت بە خودی شیعر، وەک ژانرێكی گرینگی نێو سەرجەمی ئەدەبیات، چونكە ئەگەر شاعیر هەموو ئەو بابەتگەلە نەناسێ، كە كۆی تێكستێكی شیعرین، یاخود دەرک بە هەموو ئەو نهێنییانە نەكات، كە دەوری بیرۆكەی شیعریان داوە و حوكمی لەدایكبوون و ژیان و دینامیكییەتی فۆرم و ناوەڕۆكی ئەو دەكەن، یاخود نەگاتە ئەو ئاستەی ئاخۆ شیعر لە كام توخم و لە كام سات و لە كام تەقینەوەدا مشتوماڵ دەبێ و خۆی وەک تێكستێكی پتەو دەنوێنێ، یان هەرنەبێ شیعر چ پێویستییەكی بە زمانێكی تۆكمە و پالاوتە هەیە، یان ئاخۆ شیعر لەدایكبووی بەهرە و خۆڕسک و سروشتی شاعیرە، یان هەمان ئەو بەهرەیە





پێویستی بە دونیایەک مەعریفە و لێکدانەوە و جیهانبینی هەیە؟ ئەوە دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە، هەموو ئەوانەیش وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە، کە من چۆن سەیری ئەو کائینە مەزنە دەکەم، کە ناوی شیعرە.

2

من بۆ خۆم پێم وایە شیعر هەر بە تەنها دارِشتنەوەی ئەو بیرۆکە و بینین و هەستپێکردن و خەیاڵ و ئەندێشە دوور و قووڵە نییە، کە شاعیر لە ئانی نووسینی تێکستێکی شیعریدا غەرقی مەوداکانیان دەبێ و لە دونیای ریئاڵیی خۆیەوە دەری دەکێشن و بەرەو بوونەوەرێکی دیکەی دەبەن، جیا لە ئاست و بوویەری مرۆڤبوونیەوە، دەخوازم بڵێم، شاعیر هەر بە تەنها ناتوانێ ئەو تێکستە شیعرییە بنووسێ، کە مەبەستیەتی بە هەمان ئەو خەیاڵ و ئەندێشە و هەست و بیرۆکانەوە، بەڵکو لە بەرامبەر ئەوانەدا دونیاییێکی دیکەی پڕ لە زەحمەتی کوشتنی حەز و کورتکردنەوەی مەودای ژیان و کوشتنی نەفس و رێگەگرتن لە ئارەزوو هەیە، کە زمان حوکمیان دەکات و جڵەویان بۆ شل ناکات.

زمان بۆ خودی شاعیر وەک هەناسە وایە بۆ شیعر، وەک داینەمۆیەکی دەگمەن و کەمدەستکەوتوو وایە بۆ شاعیر، هەموو ئەو تێکستە شیعرییانەی نەیانتوانیوە نەمر بن و بە رووخسارێکی جاویدانەوە بچنە بەردەم ژیان و هەموو خوێنەرەکانەوە، ئەوانە بووینە بە بێ زمان، واتە بە مردوویی خۆیان نواندووە، کەوتوونەتە بەر تەوقی ئەزازیلی بێ زمانییەوە، ئاخر زمان هەڵگر و پارێزەری هەموو مەعریفەکانە، بە مەعریفەی شیعرییشەوە. من لە کتێبی "بەرەو منداڵی بە جلی پاییزەوە"دا، شتێکم لە مەڕ هەمان ئەو پرۆسەیە نووسیوە، کە دەڵێم: کاری نووسین پەڕینەوەیە بۆ جیهانێک، جگە لە خودی نووسەر– شاعیر–ی راستەقینە، کەسی دیکەی تێدا نییە، جیهانێک زێتر لە شەوق و سیحر دەچێ، لە فەریکی ئەو گوڵەگەنمە دەچێ کە شیری ژیانی تێدا دەجمێ و دەکەوێتە سەماوە، بۆیە نووسین– شیعر– لە دیدوبۆچوونی مندا، ئەنجامدانی فەرزەکانی ئایینێکە لە هیی ئایینێکی دیکە ناچێ، کە ئەمە درامای نووسین بێ، دەبێ نووسەر بە چ دروودێکەوە بچێتە نێو ئەو پەرستگە پیرۆزەوە؟ چۆن لە بەردەم ئاگری نێویدا بنووشتێتەوە؟ ئەمەیان نهێنییەکە تەنها ئەوانە پەی پێ دەبەن، کە لە ناوەوەی پەرستگەکانی خۆیان سووتی داهێنان بەرێوە دەبەن، جا ئەگەر کاری نووسینی



تێکستێکی شیعری ئاوەها سەخت و دژوار بێت، دەکرێ بە کەرستەیەکی زمانیی بێهێز و بێشەوق و بێخوێن بچینە ناو ئەو مەعبەدە پیرۆزەوە؟

3

ئێستێشی لەگەڵدابێ، من باوەڕم بەوە هەیە، کە خەیاڵ و ئەندێشە دوو لە کەرەستە و رەگەزە گرینگەکانی داڕشتنی تێکستێکی شیعریی جوانن، بەڵام خەیاڵ و ئەندێشەیەکی شیعریی بەهێز، کە هەڵگری مەوداکانی سەرسامکردن بن، هەڵگری سیحر و جوانی و شەوق و بەرهەمهێن بن، نەک ئەو خەیاڵ و ئەندێشەیەی دەچنە ناو قاڵبی رۆژانەی هەموو مرۆڤێکەوە، خەیاڵ و ئەندێشەیەک لە چەشنی دەقە گەورەکەی دانتی بێ— کومیدیای خودایی- یا لە چەشنی تێکستە شیعرییەکەی نالی بێت— مەستورە- یاخود لە ئاستی دۆنکیشۆتی سێرفانتیس بێت، ئەوانە ئەو خەیاڵ و ئەندێشەیەن، کە من باسیان دەکەم، بۆیە من لە هەمان سەرچاوە و لە بەیانی یەکەمی ئەزموونی شیعریم دا دەڵێم: لە نێو ئەو مەعبەدە پیرۆزەی مندا+ مەعبەدی شیعر- ژیانی نووسین، بریتییە لە هەڵگرتنەوەی ئەو رۆحەی بە دوای وەدەستهێنانی جوانیدا، وەک گەوهەری عومر هەڵدەڕژێ، ژیانی نووسین بریتییە لە گەڕان بە دوای ئەو پارچە شکاوانەی لە جەستەی نووسەر- شاعیر- دەبێتەوە، لەو کاتانەی لە ژێر ستوون و پەنجەرەکانیدا سەیری ئاوابوونی خۆر و هەڵوەرینی گەڵا و دروستکردنی هێلانە دەکات،

بەم جۆرە هەموو شتێ لەم مەعبەدەدا قوربانیی دەوێ، هەموو جوانییەک بەشێک لە داڕمانی جەستەی دەوێ، هەموو داهێنانێک هۆیەکە بۆ خاڵیبوون لەو ئەزموونانەی بۆ ساتێکی نووسین کۆیان دەکەیتەوە، جا ئەگەر خودان ئەندێشە و خەیاڵێکی وا قووڵ نەبین، چۆن تێکستێکی نەمر و جاویدان بە خوێنەر دەبەخشین؟

4

لە ئەزموونی شیعریی مندا، کتێب دایکی هەموو کەرستەکانە، بێ کتێب هەموو کەرستەکانی شیعر دەڕزن و هێزی ئەوەیان نامێنێت بەردەوامی بە خۆیان بدەن، چونکە کتێبە سەرچاوەی هەموو مەعریفەکانی شیعر، هەڵبەت من مەبەستم لە کتێب بەردەوامبوونی شاعیرە لە خوێندنەوەی بەهێز و هۆشگر و دروستکەر، هەمیشە ئەوانەی بە دوای کەشف و دەقی بەهێز دەگەڕێن، ئەوانەن کە هەمیشە لە ژێر باری خوێندنەوەیەکی بەردەوامدان، ئەوانەن بە دوای کتێبدا دەگەڕێن. کتێبە شاعیر دەباتەوە سەر سەرچاوە راستەقینەکانی شیعر، کتێبە خانەکانی مێشک، خەیاڵ، ئەندێشە و زمان، گەشە پێ دەدا و هەڵیان دەسوورێنی، لە یەکێ لە دیمانەکانم وتوومە: کتێب







سەرچاوەی هەموو خەیاڵ و مەعریفەکانە، لە رووی دەستنیشانکردن و کەشفکردن، سەرچاوەی هەموو داهێنانەکانە، بۆیە سەفەر بە نێو کتێبەکاندا سەفەرێکی وەهمییە بە ناو دونیای واقیعدا. بۆ من کتێب سەرچاوەی هەموو شتەکانە، کتێب قاسەیەکی پڕ لە گەوهەری ئەڤین و مەعریفەیە، بانگی دەستێ دەکات بیشکێنێ و بازنە جوانەکانی هزری بفڕێنن.

5

یەکێ لە بنەما گرینگ و پتەوەکانی شاعیر و شیعری شاعیر، دوورکەوتنەوەیە لە رەوتی بە دۆگماکردنی شیعر، من هەمیشە هەوڵم داوە دوور بکەومەوە لە بە ئایدیۆلۆژیاکردنی شیعر، چونکە من دەزانم هەموو ئەو شیعرانەی بە درێژایی مێژوو نووسراون و لە خزمەت تەرزێک لە ئایدیۆلۆژیادا بووین، نەمرییان بە دەست نەهێناوە و لەگەڵ کەوتنی هەمان ئایدیۆلۆژیادا ئەوانیش کەوتوون، جگە لەوەی ئەم جۆرە ئەزموونە دەبێتە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە دوگما لای شاعیرەکە، هەڵبەت نموونەشمان زۆرە، من لە وتاری "ئەزموون و تیوریزە"ـدا نووسیومە: مەسەلەی بە ئایدیۆلۆژیاکردنی شیعر، یان توخمرێژکردنی شیعر، بە مەسەلە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانەوە، مەسەلەیێکی دێرینە، هەر لەو سەردەمەوە دەستی پێ کردووە، کە گریکەکان خەونی خۆیان گێڕاوەتەوە و جۆرێک لە رێبازگەرایەتییان لە ناو شیعردا چاندووە.

من پێم وایە شیعر جێگەی درووشمە ئایدیۆلۆژییەکانی تێدا نابێتەوە، چونکە شیعر لە بنەڕەتدا بۆ جوانی رسکاوە و بۆ بەرجەستەکردنی جوانییەکان خوڵقاوە. دەشێ شیعر بە شێوەیەکی هێجگار جوان مەسەلەیەک لەو مەسەلانەی سیاسەت ورووژاندنی، بخاتە ناو خۆیەوە، بەڵام ئەگەر هات و شاعیر بتوانێ هەمان ئەو مەسەلەیە لە ناو چوارچێوەیەکی جەمالیدا دابڕێژێ، سەرکەوتن بە دەست دەهێنێ، بەهەرحاڵ، ئایدیۆلۆژیا وەک بوویەرێکی سیاسی، بەرهەمهێنەری فۆرمەکانی خۆیەتی، بەڵام ناکرێ شیعر فۆرمێک بێت لەو فۆرمانە.

6

لە کۆی ئەزموونی شیعریی خۆمدا، کە پێکهاتەی چەندین ساڵی نووسین، کۆکردنەوەی رۆشنبیری، قسەکردن لە مەڕ ئەدەبیات، گفتوگۆ، دیالۆگ و لێکدانەوەیە. شوێنێکی هەرەبەرزم لە نووسینی شیعردا بۆ مەسەلەکانی ئەشق و ئەوین و خۆشەویستی دروست کردووە. من پێم وایە هیچ شیعرێ بەبێ هەوای ئەوین و خۆشەویستی ناژیت، لەوەش گەورەتر، خۆ ئەگەر ئەوین نەبێ، ئەدەبیات لە چەمک و بوون و بونیاتی خۆیدا دەچێتە دەرەوە و بەهایەکی ئینسانییانەی بۆ نامێنێتەوە، کەواتە من پێم وایە ئەوین بۆ شیعر ناوەڕۆک و رەگەزێکی گرینگە، هەربۆیەش من لە زۆربەی نووسینەکانمدا گوتوومە، بەبێ خۆشەویستی شیعر نانووسرێ، بەڵام ئەو ئەوین و خۆشەویستییەی من مەبەستمە، بەهایەکی باڵا و مەزنی هەیە، بە سەر هەموو ئەوانی دیکەدا دەکشێ، بەهایەکە رەنگە لە نێو بەردەڵانێکدا دروست ببێ، لەوانەیە لە چەمێکدا خۆیمان نیشان بدا، یان لە جوانیی ئافرەتێکدا، یان لە مەندیی ئاوێکدا.

ئەوین بۆ شیعر سیحرێکی دەگمەنە، سیحر وەک لە زۆر شوێن گوتوومە، گەمەیەکی جوانە و بەرامبەر بەرەو سەرسامی دەبات. گەمەی پەنجەکانی ساحیر هێندە خێرا و تیژپەڕن، مەودا بۆ پیاو ناهێڵن. هێزی موگناتیزیی

پەنجەکانی ساحیر، بەهێزترە لە تێڕوانینی چاو، بۆیە لای بینەر وەهمێک دروست دەبێت، جا خەڵقکردنی هەمان ئەو وەهمە لە لایەن ساحیرەوە، زۆر پەیوەندیدار و نزیکە لە خەڵقکردنی شیعر لە لایەن شاعیرەوە، بۆیە پەیوەندییەکی زۆر هەیە لە میانی سیحر و شیعردا.

من بەر لە چەندین ساڵ لە دیمانەیەکدا وتوومە: شیعر ئایینی شاعیرە، شاعیری راستەقینە هەمیشە هەوڵ دەدات قودسییەتێک بداتە پرۆسێسی نووسینی شیعر؛ لە ئاستیدا سەردانەوێنێ و نزاکانی خۆی بە ڕێ بکات. شیعر بەر لە ئایینەکان هەبووە، ئایینی شیعر کاریگەریەتیی خۆی خزاندووەتە سەر ئایینە ئاسمانییەکانیش، تەنانەت پەیامە ئایینیەکان زمانێکی پەخشانی شیعرییان بە سەردا زاڵە. خۆ ئەگەر سەیری مەزامیرەکانی داوود بکەین، یا غەزەلەکانی سولەیمان، ئەوە شیعر بە هەموو مەعالیمەکانیەوە لەو دەقانەدا رەنگ دەداتەوە، بەڵام پەیامی شیعر لە پەیامەکانی تر جیاوازە.

7

یەکێ لەو خاڵە گرینگانەی من بایەخێکی تەواوی پێ دەدەم، مانایە، بە لای منەوە، سەرجەمی هەوڵەکانی شاعیر بۆ ئەوەیە مانایەک جەدوایەک بگەیەنێتە خوێنەر. شاعیر پێی وایە دەبێ مانایەک لە ناو دەقەکانیدا هەبێت، تا خوێنەر ئاوی ژیانی پێ بخواتەوە، هەر بۆیە من هەموو کەرەستەکانی دیکەی شیعر لە خزمەتی مانایەکدا دەنێم و تێکستی خۆمی پێ ئاو دەدەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قەناعەتی تەواوم بەوە هەیە، کە من ناتوانم پیرۆزیی ئەو مانایانە بپارێزم، بەبێ بایەخدان بە فۆرمێکی پتەو و زمانێکی بەهێز، بتوانن بەهای ئەو مانایە بپارێزن.

من جارێکی دیکەش دەینووسمەوە و دەڵێم: پێم باشە بڵێم، شیعر لە ئەمڕۆکەدا، زیاتر بۆ چوونە ناو مانا گرینگەکانە ئەو مانایانەی، کە خۆیان لە شوێنە قایمەکاندا حەشار داوە، ئەو مانایانەی هەموو کەسێ پەیان پێ نابات، واتە شیعر دەبێ شۆڕ بێتەوە ناو ئەو کەلێن و شەقارانەی کۆدی مانا بەرزەکانی تێدا ون بووە. ئەمڕۆکە شیعر ئەگەر وێڵی واتا نهێنییەکان و واتا دامەزرێنەرەکان نەبێت، ناتوانێت لە ناو دونیای پڕ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا، هاوشان لەگەڵ



**کەریم دەشتی و ئەحمەد هەردی**



داهێنانەکانیدا بژیت، بۆیە شیعر لە ڕۆژی ئەمڕۆکەدا جیاوازە لەگەڵ شیعری ڕابردوو، شاعیرانی ئەمڕۆکە ڕێگە بە خۆیان نادەن هەموو شتێک، کە هاتە بەر قەڵەمیان، بینووسنەوە، بەڵکو ئەو شتانە دەنووسنەوە، کە هەندێ جار قەڵەم دەشکێنن.

زەمەنی ئەوە بە سەر چوو لە ناو ئایدیای شیعردا یاری بە قژ و چاو بکەیت، بەڵکو زەمەنی ئەوە هاتووە، تۆ قژێکی جوانتر دروست بکەیت، پەیکەرێک دابتاشی و ڕۆحی وەبەر بێنی، ئەمڕۆکە شیعر دەچێتە ناو هاوکێشە فەلسەفییەکانەوە، بەڵام فەلسەفە نانووسێتەوە، ڕەنگە فەیلەسووفەکان بۆ نووسینی فەلسەفەی خۆیان سوود لەو جۆرە شیعرانە وەربگرن، کە من گوزارشتیان لێ دەکەم و لە بارەیانەوە دەدوێم، بەڵام شیعر ناتوانێ فەلەسەفە بکات بە سەرچاوە بۆ خۆی، چونکە شیعر لە دەرەوەی دیوارەکانی فەلسەفە و حەقیقەتە فەرزکراوەکانیاندا دەوەستێ و مانایەک بۆ ژیان و بوون دروست دەکا.

هەموو ژانرەکانی فەلسەفە لە پێناوی ئیقناعکردنی بەرامبەر کار دەکەن، بەڵام شیعر لە پێناوی دروستکردنی واهیمییەک کار دەکات، کە مانایەک بدا بە ژیان و مرۆڤ لە هەڵدێرەکانی پرسیاری ترسناک ڕزگار بکات. شیعری ئەمڕۆکە هۆیێکی گرینگە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ڕاڕەوەکانی بێهوودەیی و نائومێدی، لەم سەرزەمینە نەجات بدا و بتوانێ بە سواری پشتی گەڵایێک گەورەترین حووتی وەڕسی و بێزاری ڕاو بکات.

ئەگەر ڕابردووی شیعری کوردی و هەتا ئێستاش لەبەر پەنجەرەوە سەیری مانگی دەکرد و ڕایدەکێشایە سەر زەوی، ئێستا شیعر لە سەر زەوییەوە ڕیشەی مانگێکی جوان دروست دەکات، مانگێک لە هەزاران پارچەی مانا و واتا خۆی شووشتبێ، بە کورتی شیعر دەبێ پارسەنگی مانەوە بێ و جەدواییێک بۆ ڕۆژانەمان دروست بکات و نەهێڵێت بخنکێین.





8

من زۆر جاران ئه‌و پرسیاره له خۆم ده‌که‌م و ده‌ڵێم، ئاخۆ بۆچی شیعر ئه‌وه‌نده په‌یوه‌سته به ڕۆحی مرۆڤه‌کانه‌وه؟ له پای چییه مرۆڤ ئه‌وه‌نده عه‌ودالی خوێندنه‌وه‌ی شیعره؟ ئایا شیعر بووه‌ته زه‌رووره‌تێکی مانه‌وه‌ی مرۆڤ له ناو مه‌جازدا؟ یاخود مرۆڤ ئه‌وه‌نده بێزاره له ژیان، له ناو جیهانی حه‌قیقیدا و ناچاره خۆی به خه‌یاڵه‌وه خه‌ریک بکا؟ له ڕاستیدا هه‌مان ئه‌و پرسیارانه به سه‌دان پرسیاری دیکه‌ش ده‌خوڵقێنن، که به‌ڕاستی مرۆڤ له وه‌ڵامدانه‌وه‌یان، زه‌حمه‌تێکی زۆر ده‌بینێ، بۆیه هه‌ر ناچارم هه‌مان ئه‌وه دووپات بکه‌مه‌وه که وتوومه: شیعر پارسه‌نگی ژیانه، من بۆ ئه‌وانه قسه ده‌که‌م، که له‌و نێوه‌نده‌دا ژیان ده‌به‌نه سه‌ر.

شاعیر له پشتی نووسینی شیعره‌کانی خۆیه‌وه هیچ هیوایێکی دیکه‌ی نییه، جگه له‌وه‌ی ببێته سه‌لوا بۆ ڕۆحی خۆی، ببێته وه‌ڵام بۆ ئه‌و پرسیارانه‌ی له ڕۆحیدا سه‌ر هه‌ڵده‌ده‌ن. شاعیر هه‌میشه له گێژاوێکدا ده‌ژی، که خودی کتێب و قه‌ڵه‌م و نووسین بۆی دروست کردووه، خۆ ئه‌گه‌ر شاعیر خۆی نه‌چووبایه نێو ئه‌م جۆره ژیانه‌وه، ئه‌ویش وه‌کو ئه‌وانی دیکه ده‌ژیا، خولیایێکی نه‌ده‌بوو بۆ پرسیارکردن، به‌م جۆره شیعر بۆ شاعیر پارسه‌نگێکی به‌هێزی ژیانه.

ئه‌گه‌ر به وردی سه‌یری ئه‌و شاعیره گه‌ورانه‌ی بواری سۆفیگه‌ریه‌تی بکه‌ین، بۆمان ڕوون ده‌بێته‌وه، که شیعر چۆن پارسه‌نگی ژیانی ئه‌وان بووه... هه‌ندێ جار بویه‌ری شیعری ئه‌وانی ڕاپێچ داوه، که خاک و نیشتیمانی خۆیان، زێدی خۆیان جێ بهێڵن و له ناو ده‌قی شیعره‌کانیاندا خاک و زێد و نیشتیمانی خۆیان دروست بکه‌ن، یان هه‌ندێ جار شیعر وای لێ کردوون، خاک و نیشتیمان و زێدی خۆیان له نێو شه‌هاده‌تدا، له پێناوی ده‌قێکی شیعری جاویدانی دروست بکه‌ن، ئه‌لێره‌وه‌یه من ده‌ڵێم شیعری ڕاسته‌قینه، شیعرێک که به هه‌ڵکفانی خوێن ده‌نووسرێ، چاره‌نووسی شاعیر ده‌گۆڕێ؛ له ته‌واوی مرۆڤه‌کانی سه‌رزه‌مینی جیا ده‌کاته‌وه و ڕووه‌و پاکییه‌کی جاویدانی و عه‌شقێکی ئه‌به‌دی ده‌بات، تا وای لێ ده‌کات له ترۆپکی سۆز و وژدێکا بوونی جه‌سته‌یی نامێنێ و ده‌که‌وێته ناو حاڵه‌تێکی هولامی و به‌رجه‌سته نابێ.

شاعیران وه‌ک ریلکه ده‌ڵێت، شوشه‌یێکی سه‌رسوورهێنه‌رن، که شه‌رابی ژیانی تێدا ده‌پارێزرێ، هه‌ر به‌م پێودانگه‌یه شاعیر ده‌بێ ڕه‌وانیی ئه‌م شووشه‌یه بپارێزی و به ئه‌مانه‌ته‌وه له ناو باخه‌ڵی زه‌ینیدا بیپارێزێ و نه‌هێڵێت ئه‌و شه‌رابه‌ی تێیدایه‌تی، تووشی ئێکسپایه‌رێتی بێ، به‌ڵام



**مه‌حموود زامدار و که‌ریم ده‌شتی**



پاراستنی نامووسی ئەم شووشەیە، ژیانی دەوێ، قوربانیی دەوێ.
شاعیر دەبێ قوربانی بە خۆشییەکانی ژیان بدات، تا هەندێ لە بەرەکەتی ئەم شەرابەی دەست بکەوێ. شاعیر هەتا بە ئەزموونداا دەچێ،
ئەوەندە شیعر لە لای ئەو گەورەتر دەبێ، هێندەش ئاڵۆز و نادیارتر دەبێ.
ئەزموونی بەردەوام فێرمان دەکات، شیعر کارێکی ئاسان نییە، چونکە شاعیر خۆی دەنووسێتەوە، بۆیە حەرامە کەسێ بەبێ ئەزموون خۆی بنووسێتەوە، چونکە بە تەئکید ئەگەر ئەو کارە بکات، تەشویهی خۆی دەکات. هەر بۆیەش بۆ ئەوەی کارێکی باش و زەنییێکی باش لە ناو دەقی شیعردا بە خەرج بدەین، جوانتر خۆمان پێشکەش بە جیهان دەکەین، ئەگینا رووخسارێکی شێواوی خۆمان لەم سەرزەمینەدا بەجێ دەهێڵین.



محەمەد موکری و کەریم دەشتی



کەریم دەشتی و عەزیزی مەلای ڕەش

9

لە دواجاردا، هەمدیس دەمەوێ ئەوە بڵێمەوە، گەورەترین، پرسەداترین، پڕئاوازترین و کاریگەرترین چەمکی شیعر، سەدای گریانی رۆحە، ئەو رۆحەی تا ئێستا مرۆڤ نازانێ لە پای چییە و لە سۆنگەی چییەوەیە، کە هەمیشە لە گریاندایە. ئایا گریان راستەقینەی رۆحی مرۆڤە؟! ئایا لە ئەزەلەوە، کە مرۆڤ بەزر بکەوە لە دایک دەبێ، ئەو زریکەیە بووەتە

سروشتی رۆحی مرۆڤ، کە هەمیشە لە پەنا ئەو پەسوە خەمگینەدا، سەدایەک بەرز دەبێتەوە، بانگمان دەکات، بەڵام هەرگیز نە بە شوێنی ئەو سەدایە دەزانین، نە پەی بە وشە و پیتی ئەو سەدایە دەبەین، بۆیە شاعیران ناچار پەنا بۆ ئەو شیعرە دەبەن، کە تەنها ئەو دەزانێ.

هەمان ئەو گریانە لە کوێوەە دێت، نهێنێ ئەم گریانە چییە؟ دەق هەمان پرسیاری گۆرانی گەورە دەکات (چییە ئەی رۆحی بێ لێوارو بێ پەی لەتۆ ناشارەزایی من هەتاکەی؟) بەڵێ شیعر پرسیاری خوڵقاوی ئەم سەدایەیە گریانی رۆحی هەڵکروزاوی مرۆڤ، شیعر دەنگدانەوەی ئەم گریانەیەکە سەلوایەکمان پێ دەبەخشێ.



کەریم دەشتی



# شیعری کەریم دەشتی..
# حەسرەتێکی ئەزەلی لە چاوەڕوانیی ئەڤینێکی ئەبەدیدا

## خوێندنەوەی دوو دەفتەرەشیعری "درەختی درەوشانەوە" و "درەختی خامۆشی"

**عەبدولخالق یەعقووبی**



شیعری کەریم دەشتی لە دوو نەریت و سوننەتی گەورەدا ڕیشەی داکوتاوە: نەریتی شیعری کلاسیکی کوردی و نەریتی شیعری مۆدێرنی ڕۆژئاوایی. لە هەر شوێنێکدا، کە شیعری کەریم دەشتی لە ستاندارد و تایبەتمەندیی ئەم دوو نەریتە نزیک دەبێتەوە، شیعرێکی سەرکەوتووی چێژبەخش بەرهەم دێت، شیعرێک کە قابیلی خوێندنەوەی ورد و فرەڕەهەندە. بە هەمان نیسبەت، لە هەر شوێنێک ئەم شاعیرە لە ستاندارد و تایبەتمەندییەکان و سروشتی ئەم دوو سوننەتە دوور دەکەوێتەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان شیعرێکی تاکڕەهەند و کەمدەرەتان بۆ خوێندنەوەیەکی قووڵ بە دەستەوە دەدرێت. لەوانەیە پرسیار بکرێت، بۆ

دووان لە شاعیرێکی مۆدێرن، شاعیرێک کە لە جیهانی مۆدێرندا دەژی و کەڵکەڵەی مۆدێرنبوونی هەیە، بۆچی دەبێت باس لە نەریت و سوننەت بکرێت. من بۆچوونم وایە، کە شاعیر ناتوانێت بە شێوەیەک لە شێوەکان ترادسیۆناڵ نەبێت، نەریتخواز و سوننەتی نەبێت، ئەگەر بخوازێت شاعیرێکی سەرکەوتوو بێت. بە بڕوای من، هیچ شاعیرێکی سەردەم و مۆدێرن توانای ئەوەی نابێت دەقێکی سەرکەوتوو بەرهەم بهێنێت، ئەگەر لە رازوڕەمزی دەقە سەرکەوتووەکانی پێش خۆی تێنەگات. جگە لەوەش، هیچ شاعیرێک ناتوانێت لە ئێستادا بەرهەمی نوێ و ناوازە بەرهەم بهێنێت، مەگەر ئەوەی کە بتوانێت لە رابردوودا ئەو شتانەی نووسراون و کەشف کراون، جارێکی دیکە کۆپی و دووپات نەکاتەوە. بۆیە خوێندنەوەی سوننەت و خوێندنەوەی رابوردوو، بەو مانایەیە، شاعیر بە وریاییەکی زیاترەوە بتوانێت دەقێک بخوڵقێنێت، کە ئەو دەقە خەسڵەتێکی جوانیناسیی تێدا بێت، کە بۆ خوێنەر نوێ بێت و بتوانێت وای لێ بکات باشتر لە جیهان و ژیان تێبگات.

شیعری کەریم دەشتی لەو بوارەدا هەوراز و نشێوی فراوانی تەی کردووە و هەندێ جار سەرکەوتووە و هەندێ جار لە کورتیی داوە، بەڵام ئەوە سروشتی شیعری هەر شاعیرێکی ماندوونەناسی باوەڕمەند بە ئەسڵی داهێنەربوونە، کە لە رێگەی کەندوکۆسپەکانی سەر رێگەی خۆیەوە، فێری ئەوە ببێت چۆن بە سەر هەورازەکاندا هەڵگەڕێ و هەوڵی گەیشتن بە لوتکە بدات.

شیعری دەشتی لەو سۆنگەیەوە کە ریشەیەکی لە خاکی سوونەتدایە و ریشەیەکی لە عەردی مۆدێرنیتەدا قایم بووە، خاوەنی تایبەتمەندییەکی پڕجووڵە و زیندەیە و بە پێی خواستی بابەت و بیرۆکە سەرەکییەکانی، جووڵەی فۆرم جووڵەیەکی یەک شێوە و یەک ئاراستە و مەند و مردوو نییە. فۆرم و پێکهاتەی زمانی لە شیعری دەشتیدا، لە رێگەی کەڵکوەرگرتن لە خەسڵەتە ناسراوەکانی شیعری کلاسیکییەوە بۆ بەرهەمهێنانی فەزایەکی مۆدێرن و دوا بە دوای ئەو مانایەکی مۆدێرن دەکەونە گەڕ و لە ئاکامدا خوێنەر رووبەڕووی دەقێک دەکەنەوە، لە هەمان کاتدا، کە دەنگی رابردووی نەریت و مێژووی نیشتیمانەکەی لە گوێیدا دەزرینگێتەوە، گوێی لە دەنگ و داوای نوێی خۆی لەم سەردەمە نوێیەشدا دەبێت. خوێنەری وردبینی شیعری دەشتی، هەم لە مانا شاراوەکانی پێوەندیدار بە ژیانی ئێستای دەگات، هەمیش چێژ لەو کایە زمانی و واتاییانە وەردەگرێت، کە دەیگەڕێننەوە بۆ وەهمی شیرینی رابردوویەکی پڕ لە شانازی و سەربەرزی، یان تژی لە دۆڕان و شەرمەساری.

دەشتی لە خوڵقاندنەوەی دەقئاسای خەون و خولیای مرۆڤی کورد، لە دووتوێی شیعرەکانیدا، لەو جێگەیانەدا کەموزۆر سەرکەوتووە، کە لە ئاوێتەکردنی وێنای رابوردوو و ئێستای ژیان و جیهانی مرۆڤی کورد، کە زۆر جار دەنگە شیعرییەکەی دەبێتە نوێنەری ئەم مرۆڤە، بە زمانێکی لێوڕێژ لە وزەی وەسفی شاعیرانە دەگات و لە درووشمبازی و ئاساییبێژیی باوی شیعری لاوازی ئیمرۆی کوردی دوور دەکەوێتەوە. بۆ نموونە، "حەسرەت" کە بە باوەڕی من یەکێک لە گرینگترینی ئەو بیرۆکە و تێمانەیە (theme) کە پێکهێنی جیهانی شیعریی دەشتی لە دوو دەفتەرەشیعری "درەختی درەوشانەوە" و "درەختی خامۆشی"ـن، بەردەوام لە قاڵبی باسکردن و وێناکردنی جۆرێک عیشقی رۆحی و ئەبەدی و مانەویدا دەردەکەوێت، وەک بڵێی دەشتی فەلسەفەی بوونی مرۆڤی جیهانی خۆی، یان جیهانی مرۆڤی خۆی لە سەر بنەمای حەسرەتخواردنێکی ئەزەلی



بۆ لەکیسدانی جۆرێک عیشقی ئەبەدی دادەمەزرێنێت. ئەم پێوەندییە لە نێوان مرۆڤ و ئەڤیندا، کە حەسرەت تێیدا نیشاندەری بۆشایی بوونی (being) ئێستای مرۆڤە لەم جیهان و ژیانەدا، لە شیعری دەشتیدا دەستەوداوێنی رەگەزەکانی سروشت دەبن و لەم سۆنگەیەوە شیعری دەشتی دەبێتە دیالۆگێکی نەبڕاوە و بەردەوامی دەنگە شیعرییەکانی لەگەڵ بەرد، با، گوڵ، گەڵا، چیا، چۆڵ، هەور و هەتاودا. حزووری بەرچاوی سروشت و رەگەزەکانی لە شیعری دەشتیدا، نابێتە تەنیا حزوورێکی فیزیکی لە پێناوی خوڵقاندنی جوانیی سروشتی نیشتیمان بۆ رێزلێنان لە جوانییەکانی نیشتیمان، ئەو شتەی بۆ نموونە بە لێشاو لە ئەزموونی شیعری کلاسیکیی سەدەی بیستەمدا دەبینرێت، وەک ئەزموونی قانیع، پیرەمێرد، سەید کامیل و هەژار و...، بەڵکو دەبێتە حزوورێکی ئۆرگانیک و زیندوو، کە تێیدا سروشت و مرۆڤ دەبنە دوو پاژی لێکدانەبڕاوی جیهانی بوون و تاو و تەئسیری دوو لایەنانەیان لە ئاکامدا هەم دیاریکەری چارەنووسی مرۆڤن، هەمیش چارەنووسی جیهان. 68

دژوازیی (contradiction) فەلسەفی و لە هەمان کات جوانیناسانە لە شیعری دەشتیدا ئەوەیە، ئەو "تۆ"-یەی زۆربەی کات بەردەنگی "من"-ی بێژەر و ئاخێوەری دەقی شیعریی دەشتییە، لە هەموو شوێن و زەمەنێکدایە، بەڵام "من" هەرگیز دەستی پێی ڕاناگات و پێی ناگات. "تۆ" لە بەر فرەپاتەیی و لە سۆنگەی ئەوەی لە هەموو شوێنێکە و هەموو شتێکی داگیر کردووە، نەدیو و نەناسراوە؛ لە چەشنی خۆر، کە ئەگەر بخوازی بیبینی و بیناسی، نەک هەر ناتوانی بە وردی سەیری بکەی، بەڵکو ئەگەر بێت و بتەوێت لێی رابمێنیت، چاویشت ئازار دەبینێت و کەرەسەی بینینیشت لە کیس دەچێت:

**چی بکەم باشە؟**
**بۆوەی تۆزێ بوەستیت و وچان بگری**
**رۆحم لە سیمات گیر بێ و**
**دەستم داوێنی تۆ بگرێ**
**تۆ ئەی شووشەییترین زێ تۆ**
**تۆ ئەی نادیارترین رێ تۆ**
**تۆ ئەی تۆباویترین جێ تۆ**

(درەختی درەوشانەوە، ل: ٤)

خاڵی گرینگ و پێوەندیدار بە تێز و بیرۆکەی سەرەکیی ئەم وتارە، لەم شێوە کارلێک (interaction) و تەعامولەی دەشتی لەگەڵ تێمی حەسرەت و قاڵبڕێژکردنی فۆرم و زمانێکی ئەوتۆ، کە بەرگێکی جوانیناسانەی پڕ بە پێستی ئەو تێمە بێت، ئەوەیە، کە دەشتی خەریکە ناخودئاگایانە دەگەڕێتەوە بۆ سەر ڕیشەی تێمێکی فرە بەکارهێنراوی شیعرێکی کلاسیکی کوردی، کە بۆ نموونە لەو شیعرانەی "مەحوی"دا خوویا دەبێت، کە دژبەریی نێوان "خورشید" و "ئاونگ"، یان "خۆر" و "شەونم،" وەک نیشانەیەک بۆ نیشاندانی هاوپێوەندیی بابەتییانەی (objective correlative)— دەستەواژەکە هیی تی.ئێس. ئیلیۆتە— نێوان "تۆ" و "من" لە دووتوێی بەیتە شیعرییەکانیدا بە کار دەهێنێت، وەک لەو دوو نموونەیەدا دەردەکەوێت:

**لە هەر جێیەك هەڵێ خورشیدی عیشقی گوڵڕووخان مەحوی**
**ئەگەر عەقڵی ببێ، لەو جێگە ئاونگی عەقڵ چ بکا؟**

****

**تۆ کە دەرکەوتی مەپرسە چی بە سەر دێ گیان و دڵ**
**حاڵەتی شەونم تەماشا کە بە وەقتی رۆژهەڵات**

یان لەم نموونەیەی "نالی"دا، کە ئەمجار دژبەرییەکەی لە نێوان "یار" و "رۆژ"دایە، بەڵام بە پێچەوانەی ئیماژەکانی مەحوییەوە، ئەمجارەیان ئەوە رۆژە کە دەبێت بە هاتنی یار و لە حزووری ئەودا مەیدان چۆڵ بکات و سەری خۆی هەڵبگرێت و غایب بێت:

**لە خەوفی تەلعەتی رۆژ هەر وەکو شێت**
**بە رووزەردی هەڵات و کەوتە کێوان**

دەشتی لە شیعری خۆیدا خەریکی دووبارەکردنەوەی تێمێکی ئاشنای جیهانی شیعری کلاسیکە، بەڵام ئەو شتەی شیعری ئەو لە لاساییکردنەوە و کۆپیکردنێکی رووتی میراتی شیعری کوردی جیا دەکاتەوە، خولقاندنی فەزایەکی شێوە مۆدێرنی زمانییە؛ پانتاییەک کە خوێنەر تێیدا هەست بەوە دەکات رووبەڕووی دەقێک بووەتەوە، کە فۆرم و زمان، لە چاو ئەو میراتەدا، تەعامولێکی جیاواز لەگەڵ واتا و دەلالەتەکانی حەسرەت و پێوەندیی ئەو جیهانە دەلالییانە بە چارەنووسی مرۆڤەوە دەکات. تێگەیشتن لە ماناکانی "حەسرەت" لە شیعری دەشتیدا، پێوەندیی بە تێگەیشتن لەو پێوەندییانە هەیە، کە "من"ـی شیعریی دەشتی، بە "تۆ"ـی ونبوو و نادیاری ئەو "من"ـەوە دەبەستێتەوە. دەشتی هەوڵ دەدات ئەم پێوەندییانە لە ئاستی دەلالەتی و زمانیی شیعری خۆی، بە هەمان ئاستی پڕپێچوپەنای ئەو ئەزموونانە لە ژیانی ئاساییدا بگەیەنێت و لەم رێگەیەوە چێژی فۆرمیک و واتایی بەرهەمی خۆی دەستەبەر و بەرفراوان بکات:

**بریقەی زیوینی یادێکە**
**لە هەزار گەوەدا دەپرژێتە درزی برینم**
**چاوم پڕ لە شەوقی رێ دەکا**
**بریقەی ئەوینی دێرینە**
**بیابانی ئەوینم پڕ ئاوی زێ دەکا**
**(درەختی درەوشانەوە، ل: ٣٤)**

*****

**تۆ ئەبەدی منی لە رۆحی کورتخایەنما**
**من ساتەوەختی تۆم لە ئەوینی ئەبەدیتا**
**(درەختی خامۆشی، ل: ٣٨)**

*****

**من وەکو با بە هەموو لایەکدا هەڵدەکەم**
**کەچی جارێ رێم نەکەوتە دارستانت**
**من وەك رووبار بە هەموو لایەکدا رەت دەبم**
**بەڵام هەرگیز ناگەمە**
**کەناری تۆ**

(درەختی خامۆشی، ل: ٣٩)

*****

**تا ئەبەد**
**وەرەوە ئێستاکەش وەستاوم**
**کتێبێکی تەنهای ناو رەفەم**
**بارانێکی وردی ئاسمانم**
**درەختێکی تەنهای بیابانم**
**لوتکەیەکی بەفراوی چیام**
**کەروێشکەیەکی خەمگینی**
**ناو پاوانێ تژی گیام.**

(درەختی خامۆشی، ل: ١٣٦)

بەڵام هەندێ جار ئەم پێوەندییە مەیلەوبازنەیی و فرەتوێژانە، لە هەناوی دەقی دەشتیدا شێوەیەکی هێڵئاسا و تاکرەهەندی وەخۆ دەگرن و لەم سۆنگەیەوە واتاکان بە سانایی خۆ بە دەستەوە دەدەن و رێژەی چێژی راڤەکردنی دەقەکەی تا رادەیەکی بەرچاو دادەبەزێت:

**منیش وەك تۆ شەوقی ئەوینم هەڵدەچێ**
**مەگەر سووتاو**
**خەسڵەتی سووتێنەر ناگرێ**

(درەختی خامۆشی، ل: ٣٧)

لەم کۆپلە شیعرییەدا "شەوقی ئەوین هەڵچوون" تەعبیرێکی نوێ و جوانە، بەڵام دێرە شیعری دواتر

60





"مەگەر سووتاو/ خەسڵەتی سووتێنەر ناگرێ" لە بەر ڕاستەوخۆ و ساکاربوونی لە ڕادەبەدەری زمانی دەربڕینی، لانیکەمی دەرەتانی فۆرمی و واتایی بۆ ڕاڤە و شرۆڤەی خوێنەر دەهێڵێتەوە. یان ئەم شیعرەی خوارەوە، کە وێدەچێت حاڵەتی دووانەلێکدژیی وەک بڵێی نەگۆڕ و ئاشکرای نێوان "ئاسمان" و "زەوی" واتا و فۆرمی شیعرەکە دەخاتە سەر ڕاستەهێڵێک، کە تێیدا خوێنەر دەرفەتێکی ئەوتۆی بۆ مانۆڕلێدان و ڕاڤەکاریی فۆرمیک و ماناناسانەی دەقەکە نییە:

**ئاسمان دڵی هێندە نەرمە**
**جارجار وەکو مناڵ دەگری**
**بەڵام زەوی هێند دڵڕەقە**
**لە مانای گریە نازانێ**
**(درەختی درەوشانەوە، ل:٨٨)**

کەریم دەشتی لەم دوو دەفتەرەشیعرەیدا، هەوڵی داوە ئەو نهێنییانە، لە دووتوێی زمانێکی بە گشتی خۆش فۆرم و بێ گرێوگۆڵ و هەندێ جار ساکار و ڕاستەوخۆدا، بە سەر بکاتەوە، کە پێشاندەری حەسرەتێکی ئەزەلیی "من"ی شیعریی ئەون، ئەو "من"ـەی عەبداڵ و تامەزرۆی گەیشتن بە ئەڤینی ئەبەدیی ئەو "تۆ"یەیە، کە بە شێوەیەکی پارادۆکسیکال لە هەموو شوێنێک حازر و ئامادەیە، کەچی هەموو کاتێکیش بزر و نادیارە. حزووری "تۆ"ی خوازراوی "من"ی شیعریی دەشتی، لە چەشنی حزووری ئەو "تۆ"یانە، کە پێشینەیان لە شیعری شاعیرانی کلاسیکی کورد، بە تایبەتی "مەحوی"، دیار و بەرچاوە و ئەمە وا لە شیعری دەشتی دەکات، کە ڕیشەیەکی پتەوی ماناناسانەی لە ئەزموونی شیعری کلاسیکی کوردیدا هەبێت و بەم جۆرە شیعری دەشتی ببێتە بەشێک لە دانوستان و دیالۆگی نێوان دەقیی (intertextuality) ئەزموونی شیعری کلاسیک و مۆدێرنی کوردی. لە لایەکی دیکەوە، زمان و تێڕوانینی شیعریی دەشتی، لە دەرەتان و زەرفییەتەکانی جیهانی مۆدێرن کەڵک وەردەگرێت و ڕیشەیەکی تری دنیای شیعریی ئەو لە درەختی ئەزموونەکانی شیعری مۆدێرندایە و هەر بۆیە لەم سۆنگەیەوە خەون و خولیاکانی "من"ی شیعریی دەشتی، سەر بەو جیهانە مۆدێرنەن، کە خۆی تێیدا ژیاوە و لە هەست و نەستیدا جێگیر و لە زەین و زمانیدا خوویا بووە. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر بڕوانینە ئەو کارلێک و تەعامولەی دەشتی لە دوو دەفتەرەشیعری "درەختی خامۆشی" و "درەختی درەوشانەوە" لەگەڵ چەمکی "حەسرەت"دا بوویەتی، دەبینین خەریکین شیعری شاعیرێک دەخوێنینەوە، هەم لە کەڵکەڵە مانابییەکانی میراتی شیعری کوردی دانەبڕدراوە، هەمیش واقیعەکانی ئێستای جیهانی مۆدێرنی کردووەتە هەوێنی هەڵوێستە فۆرمییەکانی و وا لە "من"ی دەقی شیعریی خۆی دەکات، کە بە زمانێک بپەیڤێت، لیوڕێژ لە دڵەڕاوکێی مرۆڤێکی مۆدێرن، کە ببێتە هێمای حەسرەتێکی ئەزەلی، لە چاوەڕوانیی ئەڤینێکی ئەبەدیدا:

**دواگەڵای ئەو درەختەش وەری**
**تەمەنم بە سەر چوو نەهاتی سەرومرم**
**ڕۆژێ دێ کە منیش وەك گەڵا بوەرم**

(درەختی درەوشانەوە، ل: ٣٣)



# بونیادی زمان لە شیعردا

## کەریم دەشتی بە نموونە

د. ئازاد ئەحمەد مەحموود

مۆسیقا لە قەسیدەدا، بۆ جیهانی برگەسازیی کورت و درێژی جیاواز، یان: (چەند دانەیەکی دەنگی دیاریکراو لەسەر ڕەوتێکی دەستنیشانکراو دەگەڕێتەوە، بێ گوێدان بە سەرەتا، یان کۆتایی وشەکان، پشت بە دابەشکردنی ڕستە دەبەستێت، جگە لەمە بە گوێرەی عەرووزیش، هەر بەیتەشیعرێک بە فەرامۆشکردنی بەرایی، یان دوایی وشەکان، بۆ چەند دانەیێکی دەنگی دیاریکراو، یان چەند برگەیەکی دەنگی، کە بە پێ ناسراوە، دابەش دەکرێت.1





ئەمە دەبێتە پێوەرێک بۆ نیشاندانی تایبەتمەندیی مۆسیقای شیعری هەر میللەتێک، چونکە زمانی هەر میللەتێک خاسییەتی تایبەتی خۆی هەیە. بۆیە شیعریش لای هەر میللەتێک سیستمێکی مۆسیقای دیاریکراوی خۆی دەبێت، بە پێی خاسییەتە دەنگە تایبەتییەکانی ئەو زمانە دەستنیشان دەکرێت.2

لە قەسیدەی هاوچەرخدا، جگە لە شاعیر، ئەستەمە بتواندرێت کۆتایی بۆ بەیت و کۆپلە دەستنیشان بکرێت. ئەوکاتەی باری دەروونی و هەستی شاعیر لە هەر شوێنێ ئارامی گرت، کۆتایی ڕادەگەیەنێت. بۆ نموونە شیعری (چاودێری)3، ڕاستیی بۆچوونەکەمان بە دیار دەخات:

هەموو دەمەوئێوارەیەك
وەکو شنەی گوڵەگەنمی تازەفەریك
خۆی دەخستە باوەشی ڕێیەکی تەریك
لە دووندێکی دوور ئاوایی بە تەنها خۆی دەبینیەوە
لەم ئاوەدانییە دادەبڕا و
لە کتێبی ژینی ئێستای خۆی دەبۆوە
لەگەڵ ڕابردووی خۆی دەژیا
بە یاد و ئازاری زۆری ڕۆژانی زووی دادەچۆوە
زۆر کەڕەتان هەتاوی لێ ئاوا دەبوو
دەخزایە نێو تاریکی کەڤر و درەختان
گازەرەی پشتی ڕوودەچوو
لە زەنوێری خوناو پەخش و...

لەبەر نەبوونی دیاردەی نەگۆڕی لە کۆتایی هەر بەیتێکی قەسیدەی هاوچەرخدا، گرفتی سەروا بە دیار دەکەوێت. شاعیر واز لە سەروا ناهێنێت و ناشبێت دەستبەرداری بێت، بەڵام دەبێت و دەتوانێت واز لە دەنگی دووبارەکراو و دیاریکراو لە کۆتایی هەر بەیتەشیعرێک، یان کۆپلەیەک بهێنێت. شاعیر گۆڕان لە سەروای کۆن دەکات، دەیخاتە حاڵەتێکی گونجاوی پڕ لە مۆسیقاوە، یان بۆ مەبەستی لاسەنگنەبوون، هەمەچەشنەیی لە سەروا بە کار دەهێنێت، کۆتایی هەموو شەپۆلەکانی مۆسیقا، لە قەسیدەی هاوچەرخدا بە سەروا دادەندرێت. هەڵوەستەی هەناسە و دەروونی هەڵچوو تێیدا ئارام دەگرێت. کەواتە سەروا لە شیعری تازە و هاوچەرخدا، بریتییە لە: (دوایین هەڵوەستەی مۆسیقای هەر بەیتەشیعرێک، کە لە لایەنی ڕیتمەوە کۆتایی ئەو بەیتە



دیاری دەکات.)4 ئەمە لە قەسیدەی تازەدا، ئاڵۆزیی سەروا و بەهای سەروایە. سەروا لە قەسیدەی کۆندا، پێویستی بە زمانپاراوییێکی زمانی هەبووە، دەبوایە لە لایەنی فەرهەنگەوە، شاعیر پڕتوانست و هۆشیاریی زمانی بێت، زۆر جار شاعیر بەر لە نووسینی قەسیدە، بە دوای سەروا و بنەماکانی سەروادا گەڕاوە. ئەم دیاردەیەش دەبووە هۆکاری پووکانەوەی مەبەست و ئاستەنگی واتای ڕاستەقینە گەیاندن، بەڵام سەروا لە شیعری هاوچەرخدا، پێویستی بە بەدواداگەڕانی وشە و دەنگی زمانی و تێکخزاندنی هاوسەنگییان نییە، بۆ ئەوەی یەکشێوەیی، یان یەک کۆتایی یەکگرتوو پێی بسازێت، بەڵکو شاعیر سەربەستە لە زماندا هەر وشەیەک بۆ سەروا بە کار بهێنێت و بەبێ ئەوەی دووبارەشی بکاتەوە، بە مەرجێک واتای مۆسیقا و واتای مەبەست بگەیەنێت. سەروا لە قەسیدەی هاوچەرخدا، کۆتایی هەر بەیتەشیعرێکی پڕ لە مۆسیقا و ڕیتم و مانایە. چونکە مۆسیقا ڕۆحی زیندووی گوزارشتکردنە.

قەسیدەی هاوچەرخی کوردی، جەستەیەکی پڕ لە هەڵوەستەی ئارامبەخشە، ئەم هەڵوەستانەش لە ناخی مرۆڤدا، ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە بنەماکانی دەروونی و فیسیۆلۆجییەوە هەیە، هەناسەی ئاسایی و هەناسە بڕکێیی، پێوەری بەردەوامی و ئاسایی و ئاڵۆزی دەگەیەنن. ئەگەر شەپۆلەکانی مۆسیقا، بە ئاستێکی ئاسۆیی لەگەڵ هەناسەدا هاوتەریب بوون، ئەوا هیچ گرفتێک نایەتە پێشەوە و هەست بە حەسانەوە و ئارامیی مۆسیقایەکە دەکرێت. هەمان باریش بۆ باری دەروونی ڕاستەقینەی بونیاتی قەسیدەکە ڕاستە، کاتێک لە کاتی خوێندنەوەی ڕستەکاندا، ڕێکی دەنگ و ڕیتمی گونجاو لە پێشبینیدا خۆیان نواند، بە واتایەکی دیکە، ئەوەی پێش خوێندنەوە پێشبینی دەکرێ و ئەوەی لە کاتی خوێندنەوەدا ڕوو دەدات، هاوسەنگبوون، ئاسوودەیی بە خوێنەر و سەلامەتیی قەسیدەکە دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر ئەم هاوسەنگییە هەستی پێ نەکرا، جۆرە ناڕێکییەک و بێزارییەک دێتە ئاراوە، زۆرترین هەوڵی دەروونی بۆ خۆڕاهێنان و گونجاندن دەدرێت، چونکە لە قەسیدەکەدا ڤاڵای بێزاری بە دیار دەکەوێت، لە کۆتاییدا ئەم بێزارییە دەبێتە سەرچاوەی وازهێنان.

شیعری هاوچەرخ، ناوەندێکی مۆسیقای شیاوی پڕ لە هەستە، هەموو جووڵە و شەپۆلەکانی بە تەرازووی پێوان هاوسەنگ دەکرێن، پڕاوپڕن لە گونجان و ڕێکی. هەموو بزاوتنێکیش هاوبەندییێکی ئۆرگانیکی بە ڕیتمی دەبەستێتەوە.

سەرەڕای ئەمانەش، تێکڕای لقینەکان ڕایەڵەکانی ئاواز ڕێکیان دەخات، لەگەڵ هەست و نەستی شاعیر هاوسەنگ دەبن. واتا سەرجەم جووڵەکان لە ڕێگەی ڕیتم و دەلالەتی توون و ئاوازەوە، چەقێکی جێگیر لە ناوەندی هەستی شاعیر داگیر دەکەن. هەرچی وەستانەکانە، کە پێیان دەگوترێت (سەروا- Rhyme) دیاریکردنی جێگە و دەنگە ڕیتمییەکانیان، کارێکی زۆر زەحمەت و پڕ لە ئاڵۆزییە، لە سەر توانست و کارامەیی شاعیر ڕادەوەستێت. جگە لەمەش، لە تایبەتمەندییێکی شیعری ئازادی هاوچەرخ و نوێدا: (جیاوازی لەگەڵ بەیتە درێژەکانی موەشەحاتدا هەیە، بەڵام سوودی لێی بینیوە. بۆیە شاعیرانی نوێ، نەک هەر بە تەنیا لە سەروای سنووردار ڕزگار دەبن، بەڵکو لە دواپێی باڵی ڕاست (ظرب) و دواپێی باڵی چەپیش (ظرب) دوور دەکەونەوە، کە لە شیعری ستوونیدا زۆرترین مۆسیقای گونجاو و پشوودان کۆ دەکەنەوە، کارلێکردن و کاریگەریی بوون لە پێیەکانی ترەوە، جگە لە (عروض) و (ظرب)، کە بە



(حشو) ناسراون، ڕوو دەدات.)5
ئـــەگەر ئەم دیاردەیە نەبێت، ڕەنگ بێ لە کاری داهێنان و بونیاتی قەسیدەدا سەرکەوتن بە دەست نەیەت. ئەوەی زیاتر پێوەندیی بە باسەکەی ئێمەوە هەبێت ئەوەیە، کە بونیاتی قەسیدەی کوردی هەر چۆنێک بێت، لە کاری داهێنانی هاوچەرخدا، کە کار و پرۆسەیێکی هونەرییە، لە ناخیدا یەکە و هاوسەنگبوون و هاوڕێکی پەیگانن، بۆیە باس لەو لایەن و ڕەگەزانە ناکەین، کە دەرەتانی ئاڵۆزی لە ناوەڕۆکی شیعر دروست دەکەن، چونکە پێویستە ئەو ڕاستییە بدرکێندرێت، کە شاعیری کۆن خەمی دروستکرن و بونیاتی دێڕەشیعرێک بە باڵی ڕاستوچەپیەوەی لە ئەستۆ دەگرت، بەڵام شاعیری هاوچەرخ، هەر لە بەرایی کاری نووسیندا، کار بۆ بە ئەنجامگەیاندنی سەرپاکی یاسای قەسیدەکە دەکات. کارکردن بۆ بونیاتی قەسیدەی هاوچەرخ، کارێکی گشتییە و گۆشەکانی دابەشکردن، یان کاری بەش بەشی لە خۆ ناگرێت. بونیاتنانی بینای مۆسیقای قەسیدە، پانتایی تەواو داگیر دەکات و شاعیر بۆ لای خۆی پەلکێش دەکات، ئەویش لە ناوەڕۆکدا واقیعی وێنەیێکی پڕ لە هەستە و سەرتاپای هەست و نەست دەجووڵێنێت و بونیاتی شاراوەی دەلالەت بە سەرواشەوە دەگەیەنێت. لە قەسیدەی هاوچەرخدا، هەوڵەکان بە سیستمێکی نەگۆڕ بە بەیت (دێڕ) و سەروا نـــابەسترێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆحی قەسیدەی کۆن لە ناویدا هەر زیندووە، بەڵام قاوغە تەسک و بەرزەفتکراوەکان، گۆڕانیان بە سەردا دێن، گۆڕانیش گشتگیرییە و ناوەڕۆک و فۆرم دەگرێتەوە. شیعری کۆن لەبەر سەرکەوتووبوونی بە هۆکاری هەندێ بنەمای سیستمی و یاسایی نەگۆڕ، بە جۆرێک کاریگەریی دەگەیاند، کە هەردەم خانەکانی بەرپرسی تایبەت، مێشکیان چالاک دەکرد و هەمیشە بە ئایۆنی ئەزبەرکردن و لەبیرنەچوونەوە بارگاوی دەبوون. شیعری هاوچەرخیش، هەوڵ دەدات ئەو ڕۆحە بە زیندوویی بهێڵێتەوە، چونکە ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی جوانسازیی شیعری کۆنە، سەرەڕای ئەمانەش، ناوەندی قەسیدەی هاوچەرخ، بە دەلالەت یەکسانە و هەوڵی دڵکاریی ئەم دیاردەیە بنەمای بونیاتی قەسیدەیە. بۆیە ڕۆحێکی تر، جیا لە ڕۆحی شیعری کۆن، تێیدا ڕەنگ دەداتەوە و مەسەلەکانی نەستیش، هۆکاری کاریگەربوونن:
ئاستی یەکەم: دیاردەیەکی بەش




کەریم دەشتی

بەشییە، لە بونیاتی یەک وشەدا ڕوو دەدات. بە پێی یاسای فۆنۆلۆجی، بە چوونە پاڵ یەکتری، دەنگەکان برگە، وشە، ڕستە دروست دەبن، کارلێک دەکەن.6 ئەو وشەیەی دەلالەتی کەڵەکەبوون هەڵبگرێت، بە بنەمای کرداری دیاردەی پووکانەوەی پلەیی دادەنرێت. لەم ئاستەدا دوافۆنیمی بونیاتی وشە، بۆ بەراییترین فۆنیم دەپووکێتەوە. ئەم ناوەندە هونەرییە، لە شێوازگەرییدا، لەگەڵ ڕایەڵەکانی داهێنان، بە بنەمای دەروونییەوە هاوبەندە، ڕادەی توانست و هۆشیاریی داهێنەر دیاری دەکات. لە شێوازگەریدا قەسیدەی (ئەو ئاگرە داگیرسێنەوە مێرێ)7، جوانترین نموونە بە دەستەوە دەدات:

**بانگی مەلەکانم دەکرد**
**وەرنەوە مەرجانە جوانەکانی گریان ببەشنەوە**
**بانگی ڕووبارەکانم دەکرد**
**وەرنەوە شەوقە جوانەکانی نەرگز**
**بۆ دەم کەنارەکانی خودا بەرنەوە**
**وەلێ هاوارەکانم لە زمانم ڕەت نەدەبوون**
**وردە وردە جوانییەکان هەڵدەپرووکان**
**کەون ڕەش هەڵدەگەڕا**
**ئاگرەکان دەکوژانەوە**
**بوون دەتوایەوە**
**دڵۆپ**
**دڵۆ**
**دڵ**
**د**
**ورد و خاش دەبوو**
**ئەمە ئەفسانەی دوای نەمانی جوانییەکان بوو**
**ئەمە ئەفسانەی دوای کوژانەوەی ئاگرە جوانەکان بوو**

ئاستی دووەم: ئەم ئاستە گەشە و فراوانی بە ئاستی یەکەم دەدات. هەرچەندە ئەم دیاردەیەش، هەمان بنەمای دەلالەت و هونەری لە شێوازگەریدا دەگەیەنێت، بەڵام لە ئاستی یەکەمدا، پتر تەکنیک و هونەری تێدا ئەنجام دەدرێت. وشەی کەڵەکەبوو بۆ چەند برگەیەکی ڕێزمانی دابەش دەبێت، پاشان میکانزمی دیاردەکە، لە دوابڕگەوە بۆ یەکەم برگە جێبەجێ دەکرێت. ئەگەرچی ئەم دیاردە هونەرییە، ئاستی پووکانەوەی پلەیی لە خۆ دەگرێت، بەڵام کاریگەریی تەواو بەجێ دەهێڵێت و زیاتر مەبەست بارگاوی دەکات. لە قەسیدەی (گەمەی دژەکان)دا8، نموونەی ئاستی دووەم دەخەینە ڕوو:

**بە سەر تەختەشەترەنجەکەی**
**لاتیندا**
**شێتانە گۆرانی دەچڕی**
**بێهوودە گەمەکانی خۆی دەکرد**
**گەمەیێك بۆ مەرجانەکانی خاك**





**یەکێک بۆ سەما**
**گەمەیێک بۆ درەخت و جوانی**
**یەکێک بۆ دەقێکی جاویدانی**
**هەموو سەربازەکانی تەیار کرد**
**سەربازێ بۆ دەرگەی قەڵا**
**سەربازێ بۆ هێنانی ئاو**
**سەربازێ بۆ پەڕینەوە بە ناو تێلدڕ**
**سەربازێ**
**سەربا**
**سەر**

شاعیر لەم دیاردەیەدا، وشەی (سەربازێ)ـی کردووەتە ئەنجام. ئەم وشەیە لە یاساکانی مۆرفۆلۆژیدا، یاسای بونیات بە سەر سێ برگەدا: (سەر، با، زێ) دابەش دەبێت. پرۆسەی پووکانەوەی بە پلە، لە برگەی سێیەمەوە بۆ برگەی یەکەم ئەنجام دەدرێت. بە دووبارەکردنەوەی پێکهاتەکە، لە سەر بنەمای پارادۆکسیزم، دیاردەی کەڵەکەبوون بە دیار دەکەوێتەوە.


**سەرچاوەکان:**

(1) د.عبدالعزیز عتیق، علم العروض والقافیة، ص:12.

(2) گۆران لە هەڵبەستا (کێش)، ڕۆژنامەی ژین، ژ 18، ساڵی یەکەم، 15/4/1971، ل1

(3) کەریم دەشتی، سیفری ئاگر، ل69.

(4) د. عزالدین اسماعیل، الشعر العربي المعاصر، ص: 67.

(5) الدکتور صفاء خلوصي، فن التقطیع الشعري والقافیة، ص: 409.

(6) پ. وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی زمانەوانی، ل301.

(7)کەریم دەشتی، دۆستێ هەمیشە چاوەڕوانمانە، ل22-18.

(8) کەریم دەشتی، پیاتۆی ڕۆژهەڵات و ئەوانی دی، ل359.






# وێنەی کتێب

## لە ئەزموون و ئەزموونگەریی کەریم دەشتیی شاعیردا

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

**"کتێب لە ناخی مندا بوو بە دڵ، ئێستاکەش بەو دڵە دەژیم."[1]**

بێگومان خوێندنەوە و خوێندنەوەی رەخنەیی هەر تەنها بۆ زانیاری و شارەزایی نییە، وەک چۆن تەنها خستنەڕووی بۆچوونێکی سادە و بێ بنەمای مەعریفیی سەرچاوەدار نییە، هەر تەنها ئەوە نییە مەعریفە و لێهاتوویی پێ زیاد بکەیت، دۆزینەوەی چەند رستەیەک نییە "بوون"ـەکانی (نووسەر- دەق- خوێنەر)ـی پێ بورووژێنی، یان



مانایەک تا ملکەچی دەسەڵاتەکانی "بونیادنان- چنین- هەڵنان"ت بکات، بۆ ئەوە نییە قسە لە بارەی ئەو کۆمەڵگەیەوە بکەیت، کە ئەو داهێنانەی تێدا کراوە، یان نووسەرێک کە دەکەوێتە دەرەوەی مەعریفەی تایبەت و گشتییەوە، بەڵکو گەیشتنە بە شێوازێکی دیکەی جوانتر لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و دەق، مرۆڤ و دنیا.

خوێندنەوە هەڵنانی دەق و مرۆڤە بەرەو مەعریفە و جوانی، بەرەو کرانەوە و خۆشەویستی، بەرەو خۆشی و چێژبردن...

"بۆرخیس"2 جوانی گوتووە کە دەڵێت: (تامی سێو لە خودی سێودا نییە، لە دەمی ئەو کەسەشدا نییە کە دەیخوات، بەڵکو لە بەیەکگەیشتنی هەردووکیاندایە.) بەو مانایەش خوێندنەوەی من بۆ ئەزموون و ئەزموونگەریی کەریم دەشتیی3 شاعیر بەو نیازەیە، کە تامی سێو بدات. واتە بە قەد ئەوەی نزیکبوونەوەیە لە (تێگەیشتنی ئەزموون) و (هاوژیانیی شیعری و مەعریفەی شیعری و خودی جوانی...) ئەوەندەش هەوڵ دەدات لە وروژان و رەخنەگرتنی بێ بنەما خۆی بە دوور بگرێت.

### ماڵی شیعری کەریم دەشتی

کەریم دەشتی، شاعیرێکی بە ئەزموونی پڕ بەرهەمە، بە یەکێک لە شاعیرانی نەوەی4 هەشتاکانی شیعری کوردی دەژمێردرێت، هەڵگری جۆرێک لە تایبەتمەندیی شیعرییە و پشت بە "خەیاڵ" و "وێنە" و "بیرکردنەوە" دەبەستێت و بایەخ بە چنینی ریتمی رستەی شیعری و دەنگ و سەروا دەدات. ئەوەی دوایی وای کردووە شیعرەکانی لە روونی و سادەیی نزیک ببنەوە!

بەڵام لە ڕووی بیرکردنەوەی شیعرییەوە، ئەو وەک شاعیرێکی نیگەران تەماشا دەکەین؟! ئەگەر بشێ بەشێکی چەمکی نیگەرانی بە خەیاڵی شیعرییەوە پەیوەست بکەین، ئەوە لە پرۆسەی نووسینی شیعریی کەریم دەشتیدا (خەیاڵی شیعری، کە بزوێنەری وێنەیە) زێتر خۆی لە هەڵچوونی زمانی شیعریدا دەبینێتەوە، هەڵچوونی زمانی شیعری، یان بە مانایەکی دیکە، هاوژیانیی شیعری، بە یەکێک لە بنەماکانی ئەزموونی شیعریی کەریم دەشتی دێتە ژماردن، وەک چۆن لە ڕووی دەنگ و سەروا و ریتمەوە، وەک گوتمان هەست بە جۆرە نەسەقێک دەکەین، ئەو جۆرە لە نەسەق، لە شیعری دەشتیدا، بەشێک لە خەیاڵی شیعری ئاراستە دەکات! بەڵام بەشێکی دیکەی چەمکی نیگەرانی، بە بڕوای من، دەشێ بە فیکرەی تێمەوە بەند بکەین، واتە زۆر جار شیعری دەشتی بابەتێک، یان فیکرەیەک بەرەو نووسینی دەبات! وەک دەزانین فیکر لە دروستکردنی وێنەدا بەشداریی تایبەتی خۆی هەیە، دیارە مەبەست لە فیکر وەک رەگەزێکی شیعری بینراوە، نەک وەک لۆژیک و تێگەیشتن.

لە بارەی قسەکردن لەسەر سەروا و فیکر لە شیعری دەشتیدا، دوو سەرنجی تایبەتی خۆم دەنووسمەوە، لە یەکەمیاندا دەتوانم بڵێم بایەخدانی شاعیر بە دەنگ و سەروا (ریتمی شیعری)5 بەو مانا باوەی، کە وزەیەکی بنەڕەتیی شیعرییە و توانای کێشکردنی هەیە، پەیوەندیی بە چۆنیەتیی گەیاندنەوە دەکات، ئەگەرچی لە پشت چۆنیەتیی گەیاندنەوە هێزی تەعبیرکردن وەستاوە، بەڵام خەمی گەیاندن خەمێکی گشتییە و بەرەو رێچکە باوەکانمان دەبات؟! بەڵام لە دووەمیاندا، واتە بایەخدانی بە فیکرەی "تێمە" راستەوخۆ دەکەوێتە

پاڵ فیکر و مەعریفەیەکی دیاریکراوەوە، ئەگەرچی بەرجەستەکردنی مەعریفەی دیاریکراو، پێویستی بە وێنەی شیعریی دیارەوە هەیە، بەڵام فیکر و مەعریفەی دیاریکراو، لە شیعرییەتی خەیاڵ کەم دەکاتەوە!

هەڵبەتە لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم، ئەزموون و ئەزموونگەریی شاعیر لەو نێوانەدا، بە قەد ئەوەی نیگەرانی (القلق)6 لە بیرکردنەوەدا دەستنیشانی دەکات، ئەوەندە گەڕانەوەی شیعری نییە بەرەو باو. بە مانایەکی دیکە، دەشێ پرۆسەی نووسینی شیعری لای شاعیر، زێتر پەیوەندیی بە مەعریفە و بیرکردنەوەی پاڵنەرانەوە هەبێت، نەک ڕێکخستنی ریتمی رستە سەرقاڵی بکات، واتە پرۆسەی نووسینی شیعری لای شاعیر، زێتر (ترسی نادیار) تەنگەتاوی دەکات، نەک (دەنگی رستە).

بە کورتی، بۆ دیاریکرنی میکانیزمی (نووسینی شیعری) لای کەریم دەشتی، هەوڵ دەدەم چەمکی نیگەرانی وەک "ترسی نادیار" و چنینی شیعری وەک "دەنگی دیار" بکەمە گریمانەیەک و لەوێوە بەدواداچوونی خۆم لە نێوان "خەیاڵ" و "وێنەی شیعری"دا دابمەزرێنم. دواتر هەوڵ دەدەم ترسی نادیار بە خەیاڵ و دەنگی دیار بە وێنەوە پەیوەست بکەم، بە دیوەکەی دیکەشدا، دەشێ پرسیاری شاراوە لەو نووسینەدا ئەوە بێت: ئایا ئاراستەی زمانی شیعر بەرەو دیارە، یان بەرەو نادیار، بەرەو ناوەوەیە یان بەرەو دەرەوە؟ هەر لەوێشەوە هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی ئەزموون و ئەزموونگەرییەوە، زێتر لەماڵی شیعری کەریم دەشتی نزیک ببمەوە.

**کەریم دەشتی لە نێوان ئەزموون و ئەزموونگەریدا**

بە شێوەیەکی گشتی، ئەزموون بە کۆی مەعریفە مرۆییەکان دەگوترێت، تەعبیر لەو شارەزاییە دەکات، کە مرۆڤ لە ڕێگەی نزیکبوونەوە و خۆلێکخشانی لەگەڵ واقیع و ئەوی دیکەدا بە دەستی دەهێنێ. بەو مانایە، ئەزموون بە چۆنیەتیی جیاوازەوە، دەلالەت لە شارەزایی مرۆیی دەکات.

بەڵام ئەزموونی شیعری بۆچوون و هەڵچوون و هاوژیانیی شیعری و تەعبیرکردنە لە جیاوازی. ئەزموون و ئەزموونگەریی شیعری لای شاعیری داهێنەر، هاوژیانییەکی جیاواز و روون و ناخئامێزی شاعیرە لەگەڵ کردەی شیعریدا، هەڵبەتە ئاگایی و شارەزایی خودی شاعیر، بە شێوەیەکی گشتی وەک بزوێنەری بنەڕەتیی ئەزموون دەردەکەوێت، بەڵام ئاگایی و شارەزایی هۆکارێک نییە، بەڵکو هەستکردنی پێداویستیی گۆڕان دەنوێنێ، بەو مانایەش ئەزموون وەرگێڕانی ئەو هەستە و بەرجەستەکردنیەتی بە شێوەی جۆراوجۆر، بە دیوەکەی دیکەشدا، رەگەزەکانی ئەزموونی شیعری، خۆی لە ویژدان و فیکر و وێنەی تەعبیریدا هەڵدەگرێتەوە.

لێرەوە هەوڵ دەدەم سێ جۆر لە قسەکردن لە بارەی ئەزموونەوە، بخەمە بەر چاوی خوێنەرانەوە: کەریم دەشتی لە کتێبی (بەرەو منداڵی بە جلی پاییزەوە، بناغە و ئەزموون و شیعر)دا دەڵێت: من بناغەی نووسینم لە سەر زەخیرەیەکی زەینی و هزری داڕشتووە، بۆیە قەت بە سەرچیغی نەچوومەتە ناو پرۆسەی نووسینەوە... ئەزموون تێروتەسەل و جوان نەبێ7، شیعرەکە جوان و تێروتەسەل نابێ، بەڵام لای شاعیر و رەخنەگر (محەممەد بنێس)8 ئەزموون لە دەقدا نەبێ جێبەجێ نابێت، واتە دەق تاکە ئاماژەکەری جێبەجێبوونی ئەزموونە، لە میانی ئەو جیاوازییانەی کە لەگەڵ ئەزموونی پێشوویدا دێتە دی.





وەک دەزانین، ئەو دوو جۆرە لە قسەکردن، لە خاڵی بەرهەمهێنانی دەقدا، لە یەکتر نزیک دەبنەوە. یەکەمیان پێی وایە هەرچەندە ئەزموونی زێترت هەبێ، ئەوەندە دەتوانی دەقی تێروتەسەل بنووسیت! دووەمیان دەڵێ، پێویستە لە ئەزموونی پێشووت جیاواز بیت! یەکەمیان جیاوازیی لە نێوان ئەزموون و ئەزموونگەریدا نەکردووە، بەڵام دووەمیان ئەو جیاوازییە نیشان دەدا، بەوەی پێویستە شاعیری ئەزمووندار جیاوازی لە ئەزموونی پێشووی خۆی بکات.

بێگومان من لە رووی فەلسەفییەوە نامەوێ بەرگری لە رێبازی عەقڵانی "رینیە دیکارت"9 بکەم. بە دڵنیاییشەوە بەرگری لە رێبازی ئەزموونگەریی (فرانسیس باکۆن- Francis Bacon) ناکەم.10 وەک دەزانین ئەو ئەزموونگەرییەی وەک تاکە سەرچاوەی مەعریفە تەماشا دەکرا، ئەمڕۆ تەجاوز کراوە. وەک چۆن ئەو عەقڵانییەتە دیکارتییەی وەک تاکە کارگەی بیرکردنەوە پیشینەکانی دوور لە واقیع وێنا دەکرا، وەک تێزێکی تەجاوزکراو تەماشا دەکرێت. لێرەدا من نامەوێ لە رێگەی فیکری پۆست مۆدێرنەوە فۆرمەکانی تەجاوزکردنی ئەو تێزانە شی بکەمەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی سادە هەوڵ دەدەم (ئارتۆ رامبۆ Arthur Rimbaud 1854 -1891) شاعیری فەرەنسی بیر بهێنینەوە، کە لە ماوەیەکی کورتدا کولتوورێکی شیعریی بەرفرەوانی بۆ فەرەنسا بەجێ هێشت. ئایا شیعری رامبۆ دەکەوێتە دووتوێی عەقڵانییەتی دیکارتییەوە، یان ئەزموون و ئەزمونگەری ئاراستەکانیان دیاری دەکات؟ بێگومان رامبۆ وەک چۆن بەشێکی زۆر لە عەقڵانییەتی دیکارتی دووچاری پەشێوی دەکات، بە هەمان شێوە بەشێکی زۆر لە ئەزموون و ئەزموونگەری بەتاڵ دەکاتەوە.

رامبۆ دەڵێ: ئەو کاتەی کە لە فەرەنسە شیعرم دەنووسی، منداڵ بووم، هیچم نەدەزانی، بەڵام ئێستا گەورە بووم و توانای نووسینی شیعرم نەماوە.11 بێگومان ئەو قسەکردنە ئەگەر بەشێکی گوزارشت بێ لە منداڵیەتیی شیعر و هونەری شیعری، دەشێ هەر لە (منداڵ بووم، هیچم نەدەزانی) عەقڵانییەتی دیکارتی بخاتە پەشێوییەوە، بەڵام بەشێکی راستەوخۆ خەریکە بڕوابوونمان بە ئەزموون وەک (تەمەن) و ئەزموونگەری وەک (جیاوازی) کاڵ دەکاتەوە، چونکە یەکەم، رامبۆ ئەزموونێکی ئەوەندە بەهێزی نییە، هەتا جیاوازی لە ئەزموونی پێشووی خۆی بکات. دووەم، کەواتە داهێنان پەیوەندیی بە سێنتەرگەرایی عەقڵ و تێروتەسەلی و ئەزموون و تەمەنەوە نییە. لێرەدا، (لە دەرەوەی عەقڵ و عەقڵانییەتەوە) رامبۆی شاعیر لە هەراوهۆریای ئەزموون و ئەزموونگەریدا هێڵ بە ژێر رستەیەکدا دەهێنێ، ئەویش ئەوەیە، مەرج نییە (داهێنان) هەمیشە لە بەردەوامیی تەمەنی تێروتەسەل و ئەزموون و جیاوازیی ئەزموونەوە بێتە دی. دەشێ لەگەڵ کەریم دەشتیدا لەوێوە هاوڕابین، کە سەفەریش لەگەڵ کتێب ببێتە سەرچاوەی هەموو خەیاڵ و مەعریفەکان، وەک چۆن لەوێوەش لەگەڵ محەممەد بنیس لێک نزیک دەبینەوە، کە جیاوازی لەگەڵ پێشوو دروست دەکات. سێیەمیان رەخنەگری مەغریبی "سەعید یەقتین"ـە،12 ئەو پێی وایە ئەزموون ممارەسەکردنە، لە رێگەی کارلێکردنی (خود- نووسەر) و (بابەت- مادەی نووسین)، بەبێ ئەو کارلێکردنەش ناشێ ئاماژە بە پرۆسەی بەرهەمهێنان بکەین، کە دەکەوێتە قۆناغی

دواتر. ئەو ممارەسەکردنە ئامرازی نوێ تاقی دەکاتەوە، رەگەزی نوێ و ناباو دەخاتە نێو تاقیکردنەوەکەوە. لە لای یەقتین، جەوهەری ئەزموونگەرایی بە تەواوی خۆی لە گیروگرفتی خود و بابەت، یان بە مانایەکی دیکە خودگەراییدا هەڵدەگرێتەوە! هەڵبەتە خودگەراییش وەک (جیل دۆلۆز Gilles Deleuze 1926-1995) ئاماژەی بۆ دەکات، لە ڕێگەی جووڵە و بە جووڵەوە دەناسرێتەوە، واتە خود لە ڕێگەی جووڵەوە پەرە بە خۆی دەدات، بەو مانایەش ئەوەی لە ئەزموونگەراییدا گەشە دەکات خودە، ناوەڕۆکی ئەو فیکرەیەی، کە دەشێ لە ئەزموونگەرییدا بە خود بدرێت، باڵابوون و ناوەندگەراییە. بێگومان جووڵەی گەشەی خود، یان هەبوونی دیکەی دووانەیی خود، ئەوەیە، کە خود تەجاوزی خودی خۆی دەکات، یان ئەو خودەیە کە رەنگ دەداتەوە 13.

کەواتە ئەزموونگەرایی جووڵەی ئەو فیکرانەیە، کە قابیلی جیابوونەوەیە، بەوەی کە جیاوازە، واتە جیاوازە چونکە قابیلی جیابوونەوەیە. وەک دەبینین، بنیس و یەقتین لەو خاڵەدا بە یەک دەگەنەوە، ئەگەرچی یەکەمیان جەخت لە بەرهەمهێنانی دەق دەکاتەوە و دووەم لە خود، بەڵام دەشێ قسەکردنی هەردووکیان لە چەمکی ئەزموونگەری نزیک بکەینەوە، چونکە وەک دۆلۆز دەڵێت، هەر شتێ قابیلی جیابوونەوە بێ، ئەوە جیاکارە، هەر شتێ جیاکار بێ، ئەوە جیاوازە 14.

لە نێوان ئەزموون وەک ممارەسەکردنی خود و بابەت و ئەزموون وەک جیاوازی و ئەزموون وەک تێروتەسەلیی تەمەن، پرسیار هەر تەنها لە جیاکردنەوەی چەمکی ئەزموون و چەمکی ئەزموونگەریدا قەتیس نابێت، بەڵکو پرسی سەرەکی بەرەو داهێنانمان دەکاتەوە، بەو مانایەش ئەوەی ئەزموون و ئەزموونگەری دەخاتە دواوە، پرسی داهێنانە. داهێنان وەک چۆن لە شوێنی دیکەدا گوتوومە، خەسڵەتێکە لای مارتن هایدگەر 15 Marti Heidegger 1889-1976 بوونە رەسەنەکان و لای (نیچە، فریدریچ ڤیلهیلم Friedrich Wilhelm Nietzsche 1844-1900) سوپەرمانەکان و لە نێو ئایینیشدا خواکان بەرهەمیان هێناوە. بەو مانایەش رەنگە بە جۆرێک لە جۆرەکان پرسیاری قووڵبوونەوە لە شیعر بکەوێتەوە پەراوێزەوە، چونکە شیعر ژیانە، شیعر قووڵبوونەوە نییە لە پانتاییەک، بەڵکو قووڵبوونەوەیە لە سەرجەم پانتاییەکانی ژیان، وەک چۆن مەسەلەی گرنگیدان ناچێتە نێو پرۆسەی شیعرنووسینەوە، بەڵکو دەکەوێتە سەر دەرئەنجامەکانی ئەو پرۆسەیەوە. دەمەوێت بڵێم،



کەریم دەشتی



شیعر نواندنی ئاستە بەرزەکانی خەیاڵ و زمانە و دەکەوێتە نێوان شەڕی دڵنیایی و گومانەوە. بە مانایەکی روونتر، ئەگەر دڵنیایی دەلالەتی قووڵبوونەوە لە خۆ بگرێ، ئەوە گرنگیدان دەلالەتی گومان دەنوێنێ، بەو مانایەش دەمەوێ بڵێم، لە نێوان قووڵبوونەوە و قووڵبوونەوەیەکی دیکەدا، هەمیشە بیر لە قووڵبوونەوەیەکی نوێ دەکەینەوە، کەواتە گومان ئەو بایەخەیە، کە لە دڵنیاییەکەوە بەرەو یەکێکی دیکەمان دەکاتەوە، هەر لەوێشەوە جۆرێک لە نیگەرانی لە یادەوەریدا دەهێڵێتەوە، ئەو یادەوەرییە لە شەڕی گومان رادەبێتەوە، نەک دڵنیایی. شەڕی نێوان دڵنیایی و گومان بە جوانییەوە دەلکێت و جوانییش بە پرنسیبی چێژەوە بەندە. بەشێکی دیکەی ئەو شەڕە لە پرۆسەی نووسینی شیعردا ئەوەیە، کە ناکەوێتە دووتوێی ئەزموونەکانی دیکەوە، بەڵکو بەردەوام ئەزموون و ئەزموونگەریی نوێ و پرسیاری نوێ رووبەڕووی ئەزموونەکان دەکاتەوە و جێگیربوونی قبووڵ نییە، هەر لەوێشەوە نایەڵێت دەق لە شوێن خۆی پێ بکوتێت. کەواتە شەڕی نێوان (قووڵبوونەوە- دڵنیایی) و (گرنگیدان- گومان) نەک هەر دەکەوێتە دەرەوەی بردنەوە و دۆڕانەوە، بەڵکو بەبێ خەیاڵ و بوونی گومانی بەردەوام ناژیت، وەک چۆن بەبێ پرسیاری نوێش تەواوی رووخسارەکانی خۆی لە دەست دەدات، هەڵبەتە ئەوەش دەشێ راستەوخۆ پەیوەندیی بە ئەدەب و هونەرەوە هەبێت و هەر لەوێشەوە باوەش بۆ نێودژی و جیاوازییەکان بکاتەوە.

بە کورتی دەمەوێت بڵێم، داهێنان بەردەوام کار لە سەر هەڵوەشانەوە و دووبارەبونیادنانەوە دەکات، کار لە سەر پرسیار و ئیقاعە نوێیەکانی سەردەم دەکات، هەر لەوێشەوە دژی پەرگیری و جێگیربوون رادەوەستێت، وەک چۆن نە بڕوای بە سێنتەر هەیە، نە بە پەراوێز، نە لە رێگەی شتە مەزنەکانەوە راست دەبێتەوە، نە بە هۆی شتە بچووکەکانەوە سۆزی ئەوی دیکە بۆ خۆی رادەکێشێت. شیعر پەیوەندیی بە شتەکانەوە نییە، چ پەراوێزی بن، یان سێنتەر، بێمانا بن، یان ماندار. شیعر لە خودی شتەکاندا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو لە فەزای پەیوەندیی شتەکان و پرسیارە نوێیەکانەوە بەرجەستە دەبێت، بەو مانایەش هیچ شتێ شیعری نییە، هیچ شتێ خاوەنی شیعرییەت نییە، ئەوەی شیعرییە ئەو فەزایەیە، کە ساتەوەختی نووسینی شیعر دروستی دەکات. شیعرییەت بوونێکی راستەقینەی نییە، بەڵکو بەردەوام لە رێگەی تەماشاکردن و خوێندنەوەی جیاوازەوە خەڵق دەکرێت، هەر ئەوەشە وا دەکات پێناسەکردنی شیعر مەحاڵ بکەوێتەوە. کەواتە ناشێ شیعر بە تاکلایەن و پەرگیرانە تەماشا بکرێت، بە مانایەکی دیکە، وشە لە ژێر ئیقاعی گومانی بەردەوامدا بە جۆرێک لە سەربەخۆیی رێ دەکات و فەزای جیاواز و نوێ دەنەخشێنێت، رەهەندی نوێ دەنووسێتەوە، دەکەوێتە دەرەوەی بابەتخوازی و نێرگزییەتەوە، هەر لەوێشەوە بە روونی ئاماژەکانی دەنێرێت، بەڵام ئەو وشەیەی لە ژێر سێبەری دڵنیاییەوە (دڵنیایی ئەزموون بێ، یان بەهرە) دێتە گۆ، پەیوەندیی بە بیرهێنانەوە دەکات، هەر لەوێشەوە دەرگەکان لە سەر خۆی دادەخات و لە شوێن خۆی پێ دەکوتێت. دەمەوێت بڵێم، بە یادهێنانەوە، بە مانا (هایدگەر)ییەکەی، دوژمنی عەدەمییەتی باڵایە. لە سەر ئەو بنەمایە، شیعری ئیبداعی نەک هەر دەسەڵاتی بە



بیرهێنانەوە رەت دەکاتەوە، بەڵکو تەواوی دەسەڵاتەکان لە عەدەمێکەوە بەرەو عەدەمێکی دیکە دەکاتەوە، دەقی ئیبداعی ئەو چێژەیە، کە لە نێوان دڵنیایی و گوماندا یاری بە خەیاڵی زمان دەکات، هەر لەوێشەوە نە بڕوای منی گێڕەوە بۆ خۆی رادەکێشێت، نە منی لبیدۆی بێگەرد و نە بە یادهێنانەوە، نە هەڵگری منێکی ئیرۆتیکیی نەخۆشە، بە یادهێنانەوە نییە، چونکە دەقی ئیبداعی نەرۆک نییە، تا بۆ یادەوەرییەکان بگەڕێتەوە، وەک چۆن نایەوێت چەپاندنی سێکسی لە ڕێگەی منێکی ئیرۆتیکیی نەخۆش ممارەسە بکات.

لێرەوە دەتوانین لە نێوان ئەزموون و ئەزموونگەری و داهێناندا، بڵێین ئەوەی تێگەیشتنمان بۆ ئەزموون دەشێوێنێ، ئەزموونگەرییە، بەڵام ئەوەی تێگەیشتنمان بۆ ئەزموونگەری دەشێوێنێ، داهێنانە. ئەگەر نموونەی (محەممەد بنیس) بکەوێتە نێوان قسەکردن لە ئەزموونی ڕۆژانە و ئەزموونگەرییەوە، ئەوە قسەکردنی کەریم دەشتی پەیوەندیی بە تەمەن و قووڵبوونەوەی ئەزموونەوە هەیە، هەڵبەتە بەشێکی زۆری تێروتەسەلیی ئەزموون بە شارەزایی و ئاگاییەوە دەلکێ، یان وەک سەعید یەقتین دەڵێ، بە تاقیکردنەوەی نوێوە بەندە. ڕاستە ئەوە دەقە ئاماژە بە جیاوازیی نێوان ئەزموون و ئەزموونگەری دەکات، بەڵام گرفتی قسەکردن لە سەر ئەزموون و ئەزموونگەری ئەوەیە، کە قسەکردن لە سەر یەکێک هەمیشە بەرەو ئەوی دیکەمان دەکاتەوە، بە مانایەکی دیکە، بەبێ هیچ روونکردنەوەیەک لە ڕێگەی بەبیرهێنانەوە و منی گێڕەوە و ئاگایی و شارەزاییەوە، لە یەکتر نزیک دەبنەوە، بەم جۆرە چەمکی ئەزموونگەری بە چەمکی ئەزموون دەگاتەوە، بەڵام لە نێوان چەمکی ئەزموون و ئەزموونگەرییشدا هەمیشە داهێنان تێگەیشتنمان بۆ هەردووکیان دووچاری ئیشکالی جۆراوجۆر دەکاتەوە، چونکە داهێنان جاری وا هەیە نە شارەزایی و ئاگایی دەکاتە بزوێنەری بنەڕەتی و نە منی گێڕەوە بە پێشڕەو و نە یادەوەری وەک سەرچاوە تەماشا دەکات.

ئەوەی زێتر لەو نێوانەدا دەشێ وەک بنەمایەک خوێندنەوەی بۆ بکەین، چەمکی جیاوازییە، کە محەممەد بنیس ئاماژەی پێ داوە و چەمکی ممارەسەکردنی سەعید یەقتین و تێروتەسەلیی کەریم دەشتییە، بەڵام لەبەر ئەوەی داهێنان چەمکێکی ئاڵۆز و پڕ ئیشکالە، ناتوانین بیخەینە میانی پێناسەکردنێکی لۆژیکیی دیاریکراوەوە. بۆیە لە دەرەوەی ئیشکالەکانی چەمکی داهێنانەوە، ئەزموونگەریی ئاگاییەکی گشتگیر و ڕەهایە، نە بە وەسفکردنێکی دیاریکراوەوە بەندە، نە هەڵگری هیچ ڕەهەندێکی زەمەنییە، نە بە قۆناغێک لە قۆناغەکان و قوتابخانەیەک لە قوتابخانەکان و نەتەوەیەک لە نەتەوەکانەوە دەلکێ، بەڵام ئەزموون پرۆسیسەکردنێکی هەستپێکراوە و دەکەوێتە دووتوێی زەمەن و مەکانی دیاریکراوەوە، بارێکە دووبارە نابێتەوە، واتە لە دەقێکدا جێبەجێ دەبێ، کە بە مەرجی زەمەنی و مەکانی و بارودۆخی تایبەتەوە بەندە.[16]

ئەزموون فرە و جۆراوجۆرە، پێناسەی خۆی لە کۆمەڵێ وەسفەوە هەڵدەگرێتەوە و هەر لەوێشەوە دەشێ ئەزموونەکان لە یەکتر جیا بکەینەوە. کەریم دەشتی دەڵێ لەبەر ئەوەی باوکم زانایەکی گەورە بووە و هەموو ژیانی خۆی لە نێو کتێبان بردووەتە سەر و شاعیرێکی بەهێزی ڕەوتی کلاسیک بووە و لە بەلاغەتی شیعردا کەمنەزیر بووە، بۆیە هەر لە منداڵییەوە بۆنی کتێبەکانی باوکم کاری لە من کردووە و منی بەرەو دنیای کتێب بردووە. من بناغەی نووسینم لەسەر زەخیرەیەکی زەینی





و هزری دارِشتووە، بۆیە قەت بە سەرچیغی نەچوومەتە ناو پرۆسەی نووسینەوە.17 دنیای کتێب و (وێنەی کتێب) جیاوازیی ئەزموونی ئەو دەستنیشان دەکات.

**بەرەو داهێنان بە ڕیشی سپیی ئەزموونەوە**

لە دەرەوەی ئەو ئیشکالییەتانەی لە ڕێگەی داهێنانەوە ڕووبەڕووی ئەزموون و ئەزموونگەریمان کردەوە، لە دەرەوەی چەمکی منی گێڕەرەوە و بە یادهێنانەوە و منی لبیدۆی بێگەرد و... ئەزموونی شیعریی ئەوەی، کە تەعبیر لە خودی شاعیر دەکات و هەست و سۆزی لە دەقدا وێنا دەکاتەوە، جیاوازە لە ئەزموونی گشتی، چونکە ئەزموونی گشتی تەعبیر لە ئاسۆیەکی گشتی و زێتر سیاسی دەکات، بەڵام ئەزموونی شیعری دیاریکراو نییە، بەڵکو جۆراوجۆر و کراوەیە؛ هەموو ژیان لە خۆ دەگرێت.18

شاعیر هەتا بە ئەزمووندا دەچێ، ئەوەندە شیعر لای گەورەتر دەبێ، هێندەش ئاڵۆز و نادیارتر، ئەزموونی بەردەوام فێرمان دەکات، کە شیعر کارێکی ئاسان نییە، چونکە شاعیر خۆی دەنووسێتەوە، بۆیە حەرامە کەسێ بەبێ ئەزموون خۆی بنووسێتەوە، چونکە بە تەئکید ئەگەر ئەو کارە بکات، تەشویهی خۆی دەکات.19 ئەگەر ئەو جۆرە لە قسەکردن تەعبیر لە ئەزموونی شیعری بکات، ئەوە بە دیوەکەی دیکەدا دەمەوێت ئەوە بیر خوێنەر بهێنمەوە، کە شیعری ئیبداعی دەکەوێتە دەرەوەی فێربوون و پەرستن و پێوانەکانی پاکی و پیسییەوە، چونکە ئەو پێوانانە هەمیشە لە گۆڕاندایە و لە کۆمەڵگەیەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە. شیعری ئیبداعی چرکەساتی تەقینەوەی وشە و مانایە، دەکەوێتە دەرەوەی زەمەنەکانەوە، بەڵام ئەزموون بەیەکگەیشتنی خودی ناسکارە لەگەڵ واقیعی ناوەکی و دەرەکیدا. لێرەدا پرسیار تێگەیشتن نییە لە ئەزموون، بەو مانایەی کە تێگەیشتن لە داهێنان دەیخاتە پەشێوییەوە، وەک چۆن تێگەیشتن نییە لە ئەزموون، بەو مانایەی کە ئاگایی و شارەزاییە، بەو مانایەی جووڵەی پەرەپێدانی خود و بەرەوپێشبردن و گەشەکردنی خودە. وەک دەزانین ئەو پرسیارە بە شێوەیەکی میکانیکی بەرەو چەمکی ئەزموونگەریمان دەکاتەوە، کە پێشتر لەگەڵ بنیسدا ئاماژەی بۆ کرا. لەوێ قسەمان لەوە کرد، کە ڕاستە شاعیر خۆی دەنووسێتەوە، بەڵام پێویستە ئەزموون جووڵەی ئەو فیکرانە بێ، کە قابیلی جیابوونەوەیە، بەوەی کە جیاوازە، جیاوازە چونکە قابیلی جیابوونەوەیە، بۆیە حەرامە شاعیری ئەزموووندار خۆی دووبارە بکاتەوە، چونکە بە تەئکید ئەگەر ئەو کارە بکات، تەشویهی خۆی دەکات، بڕوای تەجاوزکردن لە دەست دەدات. بێگومان بەشێکی زۆر لەو جۆرە قسەکردنە لە سەر ئەزموون و ئەزموونگەری، قسەکردن لە سەر باڵابوون و ناوەندگەرایی خود، ئێمەی خستە نێو قسەکردن لە چەمکی داهێنان و پرسیارکردن لە داهێنان. کەواتە ئایا لە نێوان ئەزموون و ئەزموونگەرایی، بەو مانایەی کە (بەردەوامی ئاراستەکانی دیاری دەکات و زەمەن پێگەیشتنی دەسەلمێنێ) و ماناکانی (ساتەوەخت و چرکەساتی نووسین و داڕژانی لە ناکاو) داهێنان دەکەوێتە کوێ؟ لە نێوان بەردەوامی و چرکەساتدا پرۆسەی داهێنان چۆن بەڕێوە دەچێ؟ هەڵبەتە ئەو جۆرە لە قسەکردن لە سەر داهێنان و پرۆسەی داهێنان، بەرەو گفتوگۆی فەلسەفی، فەلسەفەی بەردەوامی (دیمومە

duration (هنری بێرگسیۆن-20 (Henri Bergson) و فەلسەفی ساتەوەخت (اللحظە-Instant) (گاستۆن رۆبناڵ- Gaston Roupnel)ـمان دەکاتەوە.

لە فیکری بێرگسیۆندا، چەمکی بەردەوامی تەوەرەیەکی بنەڕەتییە و مانای تایبەتیی هەیە، ئەویش زەمەنی دەروونی، یان ناوەکی، واتە زەمەنی واقیعییە. ساتەوەختەکانی ئەو زەمەنە بێ پچڕان نوێ دەبنەوە؛ یەک دەچێتە نێو ئەوی دیکەوە، بۆ ئەوەی بارستاییەک پێک بهێنن. بەردەوامی بەشێکە دانابڕێ لە مرۆڤ، ئەزموونێکی دەروونییە، جووڵەیەکی بەردەوام و هەبوونێکە بۆ جەوهەری ژیان دەگەڕێتەوە، ئەو پاڵنەرە زیندووەیە، کە بە هۆیەوە تەواوی هەبوون لە بووندا جێگیر دەکات. دەیموومەی بێرگسیۆنی دەیموومەی ژیان و هاوژیانییە، مرۆڤ لە ناوەوەیدا دەژی، بۆیە ناکرێ لە دەرەوە شی بکرێتەوە و بخرێتە ژێر سەرنجەوە، چونکە ئەزموونێکی راستەوخۆیە، نەک هەر هێندە، بەڵکو بۆخۆی واقیعە. لەو بارەوە بێرگسیۆن دەڵێت: ئێمە ئەزموونێکی راستەوخۆمان بۆ (بەردەوامی- دەیموومە) هەیە، نەک هەر هێندە، بەڵکو بەردەوامی پێدراوێکی راستەوخۆی ئاگاییمانە.

لای بێرگسیۆن زەمەن پێشبینیکردنی دەیموومەیە، بێرگسیۆن رەهایی لە بەردەوامیدا دەبینێتەوە، پێی وایە بەردەوامی زەمەنی حەقیقییە، ئەو زەمەنەیە، کە مرۆڤ تێیدا دەژی، بۆیە دەبێ مرۆڤ لە جیهانی دەرەوە دوور بکەوێتەوە، بەرەو ناوەوە، چونکە هەر لە ناوەوە هەست بە هەڵقوڵینی زەمەنی حەقیقی دەکات، زەمەنێک کە رابردوو و ئێستا لە یەک باردا کۆ دەکاتەوە و سەرلەنوێ بەرەو داهاتوو پاڵی دەنێت. بێرگسیۆن دەیەوێ بوون لە سەر دەیموومە وێنا بکات. لەبەر ئەوەی (دەیموومە-بەردەوامی) دێ و دەڕوا، بۆیە قبووڵی دابەشبوون و بەشبەشبوون ناکات. بەردەوامی پێشکەوتنی رابردووە، کە داهاتوو بەرهەم دەهێنێ، هەرچەندە پێش بکەوێت گەورە دەبێت. هەر لە سەر ئەو بنەمایەش (من/الانا) لای ئەو یەکێتییەکە دابەش نابێت. ئازادییش بە دەیموومەوە بەند دەکات، دەیموومەیەک، کە جیابوونەوە ناس ناکات، یەکێتییەک پێک دەهێنێ، کە ناشێ بە سەر ساتەوەختدا دابەش بکرێت. بەم جۆرە ئازادی تەعبیر لە کەسیەتی دەکات. هەڵبەتە بێرگسیۆن بۆ جەختکردن لە تێزەکەی مۆزیکا و شێوازی ئاگایی وەک نموونە دەهێنێتەوە.21 کەواتە لای بێرگسیۆن جەوهەری ئێستا، رابردووە.





کتێبی (جدلیە الزمن)ـی باشلار22 دیموومەی زەمەن بەو مانایەی لای بێرگسیۆن هەیە، رەت دەکاتەوە و دەڵێت زەمەن بەیەکەوەنووساو نییە، بەڵکو لەیەکجیایە (متصل نییە، منفصلە)، هەروەها دەڵێ، بە هۆی فیکری بەیەکەوەنووساوەوە (متصل) ناتوانین بە شێوەیەکی جەوهەری بەرەو یەکێکی دیکە بگوازینەوە. ئەگەرچی دەیموومە پێدراوی راستەوخۆی ئاگاییە، بەڵام ئەو دیموومەیە دەستەمۆیە، کەواتە ئاگایی لە شارەزایی دەرەکییەوە وەرگیراوە، چ بە هۆی (دابڕان یان بەردەوامی) بێت. بەو مانایەش لای باشلار ئاگاییمان بە زەمەن، ئاگاییە بە ساتەوەخت: زەمەن واقیعی نییە تەنها لە چرکەساتدا نەبێت. کەواتە باشلار لەگەڵ تێزی فەلسەفی (ساتەوەخت/ چرکەسات- اللحظە- Instant) و کتێبی (Siloce)ـی (گاستۆن رۆبناڵ- Gaston Roupnel) یەک دەگرێتەوە و لە تەواوی کتێبی (حدس اللحظە)ـدا پشتگیری لە تێزەکەی ئەو دەکات.

(رۆبناڵ- Roupnel) پێی وایە واقیعی زەمەن تەنها لەو چرکەساتەدایە، یان بە مانایەکی دیکە، زەمەن واقیعێکە بە چرکەسات ئابڵووقە دراوە و دەکەوێتە نێوان دوو عەدەمەوە. کەواتە زەمەن لە نوێوە دەژی، بەڵام بەر لەوەی بژی، دەبێ بمرێ، چونکە ناتوانێ خۆی لە ساتێک بۆ ساتێکی دیکە بگوازێتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە دەیموومە.23 **لە لایەکی دیکە (گادامێر- 1900** 2002)24 پێی وایە هەر کەسێک زەمەنی تایبەت بە خۆی هەیە، زەمەنێکی سەربەخۆی هەیە. (ئێمە لەپڕ بە ئاگا دێین، کە کەسێک پیر بووە، یان زەمەنی منداڵیی تێپەڕاندووە.) بەم جۆرە گادامێر زەمەنی بێرگسیۆنی بە زەمەنی کاتژمێر دادەنێت، زەمەنی کاتژمێریش دەکەوێتە دەرەوەی زەمەنی تایبەتیمانەوە.25 ساتەوەخت لای ئەلبیر ئاینشتاین 1879-1955 Albert Einstein26 رەهایە. (مۆریس میرلۆپۆنتی 1908-1961) بڕوای بە بەردەوامی نییە، بەڵکو بڕوای بە ساتەوەختی هەنووکەیە، یان وەک خۆی دەڵێت، ئێستای نوێ، بەڵام بێرگسیۆن پێی وایە ئەوەی هەیە بوون و پڕبوون و دیموومەیە. نەبوون، بوونی نییە، چونکە کاتێک هەوڵ دەدەین خەیاڵی نەبوون، یان ناشت بکەین، ئەوە لە سەر ئاگایی خۆمان نامێنین. بۆ ئەوەی لە سەر ئاگایی خۆمان بەردەوام بین، دەبێ خەیاڵی شتێ بکەین، تاکو بتوانین رەتی بکەینەوە.27 لای ئەو واقیع پڕە، بۆیە ناشتی نوێیە، داهێنانە، بەڵام ئێمە دەرک بە نەبوون ناکەین، بەڵکو ئەوەی دەرکی دەکەین ئێستایە. هەڵبەتە باشلار هەموو ئەوانە رەت دەکاتەوە؛ لە رستەیەکی فەلسەفیدا دەڵێت: (من هەموو شتێکم ون کردووە، بۆ ئەوەی هەموو شتێ بە دەست بهێنم.) بەم جۆرە لای باشلار، هونەر، دابڕان لەگەڵ بەردەوامیی ژیانی رۆژانەی باودا دروست دەکات، چونکە بەردەوامیی ژیان نابەردەوامیی لەدایکبوونە.28 ئێمە لەو ساتەوەختەدا دەژین، هەر لەو حاڵەتەدا هەست دەکەین هەین، واتە لەو ساتەوەختە و بە هۆی ئەو چرکەساتەوە هەست بە بوونی خۆمان دەکەین. لە نێوان هەستکردن بە ئێستا و هەستکردن بە ژیان، هاویەکییەکی (وەکیەکی) رەها هەیە. لێرەدا، لە دیدی ژیانەوە، دەتوانین هەوڵ بدەین بە هۆی ئێستاوە لە رابردوو بگەین، بەبێ ئەوەی بەردەوام هەوڵ بدەین بە هۆی رابردووەوە راڤەی ئێستا بکەین. کەواتە دیموومە لە ساتەوەختگەلێک پێک هاتووە، کە دەیموومەی نییە، وەک چۆن هێڵ لە خاڵ پێک هاتووە،

کە هیچ رەهەندێکی دیکەی نییە. بەم جۆرە پرسی داهێنان و پرۆسەی داهێنان، لە دەمەتەقێی دەیموومە و ساتەوەخت نابێتەوە.

ساتەوەختخوازەکان دەڵێن، پێویستە بایەخی کردەی ئاگایی لە ئەزموونی ساتەوەختدا تۆمار بکەین، چونکە هیچ حەقیقەتێکی بەڵگەنەویست بەبێ ویست (ئیرادە) و بەبێ هەستکردن بوونی نییە، هەر ئەوە درێژ دەبێتەوە تا بڕیار لە سەر کردە بدات. بەم جۆرە خود تەنها وەک بکەرێکی زەمەنی نەبێ، ناتوانێ بڵێ هەم. زەمەنیش بوونەوەرە، چرکەساتە، جیابوونەوەیە، دابڕانە، داهێنان و خەلقکردنە، خەونە، کردەی چوونەژوورەوەی لەپڕە، خوێندنەوەی بەختیارانەیە... هەموو ئەو شتانەیە، چونکە ئەو تیۆرە دەیەوێت لە ئاسۆی ئەنتۆلۆژیی کردەی چرکەئامێزدا بوەستێ و پێدراوی راستەوخۆ و باوی زەمەن رەت بکاتەوە. لێرەوە جیاوازیی نێوان بێرگسیۆن و رۆبناڵ دەردەکەوێت، فەلسەفەی بێرگسیۆن فەلسەفەی کارە- عمل- Action، بەڵام فەلسەفەی رۆبناڵ فەلسەفەی کردەیە (فعل- Acte). کار لای بێرگسیۆن بەدواداچوونێکی بەردەوامە و دەکەوێتە نێوان بڕیار و ئامانجی دەیموومەوە، چونکە کار هەر دەبێ سەرەتای هەبێ و هەر دەبێ وەک بنچینە رووداوی هەبێ. ئەو پێی وایە واقیعی حەقیقیی زەمەن دەیموومەیە، ساتەوەخت جگە لە ئەبستراک هیچ واقعێکی نییە. ئەوەش عەقڵ لە دەرەوە فەرزی دەکات، چونکە دەیموومە بە پشتبەستن بە حاڵەتی چەسپاو نەبێ وێنا ناکرێت،29 بەڵام کردە لای رۆبناڵ بەر لە هەموو شتێک بڕیارێکی راستەوخۆی هەنووکەییە، پێشکەوتنێکی داهێنەرانەیە؛ رووداوەکان فەرامۆش دەکات. ئەو بڕیارە هەموو خەسڵەتەکانی تازەیی لە خۆدا هەڵگرتووە. بەو مانایە، واقیعی حەقیقیی زەمەن ساتەوەختییە، دەیموومە تەنها باڵەخانەیەکە و هیچ واقیعێکی رەهای نییە، بەڵکو یادەوەری لە دەرەوە فەرزی دەکات، هێزێکە بە تایبەتی خەیاڵ دەکات، دەیەوێت خەون ببینێ و ئامادە بێ، بەڵام نایەوێت تێبگات. زەمەن لای بێرگسیۆن یەک دەچێتە نێو ئەوی دیکەوە بۆ ئەوەی بارستاییەک پێک بهێنن، بەڵام لای رۆبناڵ یەک ئەوی دیکە ناگرێ، بەڵکو یەک لەوی دیکەدا دەتوێتەوە. ئەوەی بەردەوام رێگە لەو توانەوەیە دەگرێ، نوێبوونەوەیەکی وەسفنەکراوی ساتەوەختە.

کەواتە زەمەن پەستێنراوە و لە چرکەساتێکدا چڕ کراوەتەوە، چرکەساتێکی هەنووکەیی، کە دەکەوێتە نێوان دوو نەبوونەوە، بەو مانایە زەمەن لە هەر چرکەیەکدا دەژی و دەمرێ، واتە زەمەنی چرکەساتی کردەیەکی سەرکێشانەی لە ناکاوە جیهان دووبارە دادەمەزرێنێتەوە، ریتمێکی نوێ خەلق دەکات، شێوەی یەکەمی (اولی) بە خود دەدات. بەو مانایەش، کاتێک گوێ لە مۆزیکا دەگرین، ئەو درێژبوونەوە و بەردەوامییە لە مۆزیکاکەدا نییە، بەڵکو لە شعوور و هەڵچوونەکانماندایە. لێرەدا تێگەیشتنی مۆزیکا دەکەوێتە ژێر دوو مەرج، یەکەمیان ئەوەیە، کە بیرمان دەخاتەوە، چ تێپەڕ بووە، دووەم پێمان دەڵێت، چی روو دەدات. بەم جۆرە ساتەوەخت لای باشلار ماوەیەکە بۆ پشوودان لە بەردەوامی، یان بەردەوامیی سادەیی ژیان دەگەیەنێت.30

کاتێک دەڵێین هونەر دابڕان لەگەڵ بەردەوامیی ژیانی رۆژانەی باو دروست دەکات، کەواتە کردەی شیعری، یان کردەی ئیبداعی، بە مانا باشلارییەکەی، رابردووی نییە. زەمەن ئەو ساتەوەختەیە، کە تێیدا دەژین، رابردوو بەتاڵە وەک داهاتوو، داهاتوو مردووە وەک رابردوو.



بەو مانایەش زەمەن کردەیە، زنجیرەیەکە لە بەدواداچوونی داهێنان، واتە زنجیرەیەک کردەی ئیبداعییە. زەمەن کەشف ناکرێت، تەنها لە ڕێگەی زنجیرەیەک داهێنانی بەدوایەکداهاتووی چرکەسات و فرەییە لەبنەهاتووەکانەوە نەبێت. بەرانبەر ئەوەش، زەمەن بە پێی سەرنجی سەرنجدەران، جیا دەبێتەوە و چوارچێوەی گونجاو وەردەگرێ. زەمەن وێناکردنی ڕەهای نییە، بەڵکو بە پێی سەرنجدەرە جیاوازەکان دەگۆڕێت.



بە مانا باشلارییەکەی، حەقیقەتی زەمەن لە چرکەساتدایە. چرکەسات، واقیعێکە لە نێوان دوو نەبووندا (ڕابردوو و داهاتوو). بەم جۆرە زەمەن ناتوانێ هەبوونەکانی لە چرکەساتێکەوە بۆ چرکەساتێکی دیکە بگوازێتەوە، بۆ ئەوەی دەیموومە پێک بهێنێ، ئەوە خەسڵەتی دابڕانە (لێکجیابوونەوە) کە زانستی نوێ جەختی لێدەکاتەوە، وەک چۆن ریتمی مۆزیکا، یان داهێنانی هونەری و ئەدەبی، جەختی لێدەکاتەوە. بە کورتی، لە نێوان هەستکردن بە ژیان و هەستکردن بە ئێستادا، هاویەککییەکی ڕەها هەیە. بەو مانایەش لە داهێناندا (ڕابردوو و ئێستا و ئاینده) لە تاکەجووڵەیەکی هەنووکەییدا بە یەک دەگەن، جووڵەیەکی لەپڕی ئیبداعی، کە بەرەو کردەیەکی ترسناکی داهاتوومان دەکاتەوە، بۆیە ئەو ڕستەیە لای زۆربە دووبارە دەبێتەوە، کە دەڵێین: داهێنان زەمەنی تایبەت بە خۆی خەلق دەکات، بەڵام ئەزموون و ئەزموونگەری، تێروتەسەلیی خۆیان لە بەردەوامیدا هەڵدەگرنەوە.

ئەگەرچی داهێنان پرۆسەیەکی ئاڵۆز و پڕ کێشەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی داهێنان کردەیە، بۆیە حەقیقەتی داهێنان دەشێ بە حەقیقەتی چرکەساتەوە بەند بێت، نەک دەیموومە. وەک دەزانین حەقیقەتی چرکەسات (مەرج نییە) ئەزموون ڕابەرایەتیی بکات و تەمەن ئاراستەکانی دیاری بکات، بەڵکو دەشێ جووڵەیەکی لە ناکاوی هەنووکەیی بێ، یان کردەیەکی هەنووکەیی، هەموو خەسڵەتەکانی دەگمەنی لە خۆ بگرێت. دەمەوێت بڵێم، داهێنان فەلسەفەی کردەیە و کردەش هەنووکەییە. کەواتە شاعیری داهێنەر مەرج نییە خاوەنی ئەزموونێکی تێروتەسەل بێت، بەڵکو دەبێ هەڵگری ڕۆحێکی پڕشنگدار و ئاستێکی بەرزی گوتنی ئیبداعی بێت.

لە تیۆری مەعریفیدا، کەسی بناس، یان ناسکار، لە ڕێگەی عەقڵ و بەکارهێنانی عەقڵ لە بوارە جیاوازەکاندا، مەعریفە31 بە دەست دەهێنێ، بەڵام نەک بەو مانایەی کە مەعریفە سروشتی عەقڵ لە خۆ بگرێ و ئەزموونیش شێوەی تایبەتی بنوێنێ، چونکە ئەزموون و ئەزموونگەری لە خۆوە نییە، بەڵکو ڕاوێژخوازانە دەکەوێتەوە. بەو مانایەش دەبێ شاعیری ئەزمووندار بتوانێ ئەزموونی خۆی بەرەو پێشەوە بەرێت، چونکە وەک دەزانین، جیاوازی لە ڕێگەی خوێندنەوەوە، لە ناوماندا لە دایک دەبێت، کاتێک دەخوێنینەوە، هەوڵ دەدەین کەشفی ئەو مانا و دەلالەتانە بکەین، کە لە ناوەوەماندایە، بۆ ئەوەی لە میانی ئەوەی لە ئێمەدا دەگوترێت، نامەعقوولەکان بخەینە ڕوو. بەم جۆرە، هەم دەبینە کەشفکەر و هەم پابەند دەبین بە جیاوازی، بەڵام هەموو ئەوانەش مەرج نییە بکەونە دووتوێی داهێنانەوە. لای کەریم دەشتی، شیعر کارێکی ئاسان نییە، بۆیە پێویستە ئەزموونی بەردەوام فێری ئەوەمان بکات، سڵ لە نووسینی شیعری بکەینەوە. ڕاستە مەرج نییە ئەزموونی بەردەوام داهێنانی لێبکەوێتەوە، بەڵام خاڵێکی گرنگ، کە نابێ

فەرامۆشی بکەین، ئەوەیە، دەشێ ئەزموونی بەردەوام فێرمان بکات سڵ لە داهێنان بکەینەوە. کەریم دەشتی بۆ خۆنزیککردنەوە لەو کردە هەنووکەییە و لە ئاڵۆزیی داهێنان، دەڵێت: شیعر خاوەنی هیچ سەرچاوەیەک نییە، ئاو لە هیچ سەرچاوەیەک ناخواتەوە، رۆحی شڵەژاوی شاعیر نەبێت، کە خۆیشی نازانێت ئەو شڵەژاوییە چ قەدەرێک دروستی کردووە.32 بەڵام وەک دەزانین، لە پرۆسەی داهێناندا، خود وەک بکەرێکی زەمەنی، چۆن لە شتەکان جیا دەبێتەوە، بە هەمان شێوەش لە خۆی و لە ئەوانی دیکە جیا دەبێتەوە.

بە کورتی، لەسەر ئەو بنەمایە، مەرجی بنەڕەتی لە ئەزموونی شیعریدا، هاوژیانیی شیعری و تەعبیرکردن و راستگۆیی هەستی هونەرییە (یان ئەوەی کە بە ویژدانی ئەدەبی ناو دەبرێت) بەم جۆرە جیاوازیی ئەزموون و ئەزموونگەری روون دەبێتەوە، بەڵام هەموو ئەوانە دەشێ بکەونە پشت مەرجی داهێنانەوە، بەو مانایەش داهێنان لە رێگەی جووڵە هەنووکەییە دەگمەنەکانییەوە تەجاوزی ئەزموون و ئەزموونگەری دەکات.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:

1.کەریم دەشتی، بەرەو منداڵی بە جلی پاییزەوە، بناغە و ئەزموونی شیعر، دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم- 2007، ل: 112.

2.خۆرخێ لویس بۆرخیس، نووسەر و رۆماننووسی بەناوبانگی ئەرژەنتینی.

3.کەریم دەشتی، لە ساڵی 1955 لە دێیەکی دەوروبەری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری هەولێر تەواو کردووە، کۆلێژی (یاسا و رامیاری) لە زانکۆی بەغداد تەواو کردووە، بەکالۆریۆسی لە یاسا بە دەست هێناوە. هەتا ئێستا (27) کتێبی چاپکراوی هەیە، لەوانەش: هەتا درەختی خامۆشی و درەختی درەوشانەوە؛ (11) کۆمەڵەشیعر و دوو نۆڤلێت و چەند کتێب و رۆمانی وەرگێڕدراو.

4.هیوادارم دەستەواژەی "نەوە" لەو لیکۆڵینەوەیەدا ئیشکالی زۆر بۆ تێگەیشتن دروست نەکات.

5.فەیلەسووفی ئەڵمانی (هیگل) دەڵێت، رەگەزی یەکەم لە هەموو هونەرێکدا ریتمی مۆزیکییە، ریتمی مۆزیکی لای هیگل لە ریتمی گوتن و رەنگ و هێڵدا دەردەکەوێت. شێوەکاری بەناوبانگ، لیوناردۆ دافنشی، سەرنجمان بۆ ناوەڕۆکی وێنە رادەکێشێ و پێی وایە لە ناوەڕۆکی وێنەدا ریتمی مادە جیاکاریی خۆی هەیە.

6.ئەو نیگەرانییە یان دڵەڕاوکێیە، نیگەرانیی عوصابی (neurotic) نییە، یان ئەوەی لای دەروونشیکاران بە (نیگەرانیی قەدەغەئامێز) ناو دەبرێت، بەڵکو ئەو نیگەرانییە (نیگەرانیی پاڵنەرە) بەرەو بیرکردنەوەی دروست، نوێبوونەوەی بەردەوام... نیگەرانیی بیرکردنەوەی پۆزەتیف... نیگەرانییەک، کە بەرەو پرسیارکردن و بەرەوپێشبردنی فیکری بە شێوەیەکی پۆزەتیف دەمانبات، بەرەو مەعریفەی زێتر پاڵمان پێوە دەنێت.

7.بەرەو منداڵی بە جلی پاییزەوە هـ.س.پ، ل: 174، 88.

8.الشعر العربی الحدیث: بنیاته وابدالاته الشعر المعاصر ص: 240. محەممەد بنیس شاعیرێکی مەغریبییە و یەکێکە لە تازەگەرانی دنیای شیعری عەرەبی، لە ساڵی 1948دا لە شاری (فاس) لە دایک بووە، هەر لە شاری فاس کۆلیژی ئادابی خوێندووە، دواتر لە ساڵی 1972دا مۆڵەتی لە ئەدەبی عەرەبی بە دەست هێناوە، پاشان لە کۆلیژی ئەدەبی رباگ، زانکۆی محمد الخامس، ئینجا لە ساڵی 1978 دبلۆمی لە خوێندنی باڵای لە بابەتی "دیاردەی شیعری هاوچەرخ لە مەغریب" لە ژێر سەرپەرشتی عبد الکبیر الخطیبی بە دەست هێناوە، لە ساڵی 1988دا لە ژێر سەرپەرشتیی جمال الدین بن الشیخ دکتۆرای نێودەوڵەتیی لە "شیعری عەرەبی نوێ" بە دەست هێناوە.

9.دیکارت، رینیه، 1650-1586 Rene Descartes فەیلەسووف و فیزیاوی و بیرکاری فەرەنسی، بە رای زۆربەی توێژەران بە باوکی فەلسەفەی نوێ و دامەزرێنەری لە قەڵەم دەدرێت. بۆ بەدواداگەڕانی حەقیقەت، گومانی لە هەموو شتێک بوو، لێرەوە گوتە بەناوبانگەکەی (من بیر دەکەمەوە کەواتە هەم) دەخاتە روو.

10.فرەنسیس باکۆن 1626-1561 Francis Bacon سیاسی و فەیلەسووف و نووسەری ئینگلیزی، بە یەکێک لە پێشەنگانی زانستی ئەزموونگەریی نوێ دەژمێردرێت. وازی لە ژیانی سیاسی هێنا، دوای ئەوەی کە لە ساڵی 1621دا بە بەرتیلخواردن تاوانباریان کرد. زاراوەی ئەزموون بواری جۆراوجۆر دەگرێتەوە، کۆمەڵێک مەعریفە و شارەزایی لە خۆ دەگرێت، کە مرۆڤ لە رێگەی پەیوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ واقیعدا بە دەستی دەهێنێ، وەک چۆن لە رێگەی توانای دەرکردن بە دەستی دەهێنێ، بەڵام لە بواری مەعریفەی زانستیدا، ئەزموون هۆکارێکی بنەڕەتییە، کە زانای ئەزموونگەر بۆ ئەوەی یاساکانی حوکمکردنی دیاردەکان ناس بکات، پەنای بۆ دەبات. عەقڵانییەتی زانستی بەرەو دوو وێناکردنی جیاوازمان دەکاتەوە، یەکەمیان لە سەر عەقڵانییەتی کلاسیکی وەستاوە، بە جێگیربوو و داخراو.

11.بەرەو منداڵی بە جلی پاییزەوە- هـ.س.پ، ل104.

12.القراوە والتجربە: حول التجریب فی الخطاب الروائی الجدید فی المغرب. دار الثقافە، الدار البیضاء 1985. ص15. سعید یقطین ـ لە شاری "الدار البیضاء" لە 1955-5-8



لەدایک بووە، لە زانكۆی محمد الخامس بڕوانامەی دکتۆرای نێودەوڵەتیی لە ئەدەب بە دەست هێناوە.

13. جیل دولوز، التجريبيه و الذاتيه، بحث فى الطبيعه البشريه وفقا لهيوم، تعريب، اوسامه الحاج، بيروت، ط1 1999، ص131.

14. هـ. س. پ. ل136.

15. هایدگەر، مارتن Martin Heidegger 1889-1976، بە یەکێک لە فەیلەسووفە بەناوبانگەکانی ئەڵمانیا دێتە ژماردن، ئەگەرچی وەک فەیلەسووفێکی وجودی ناوی دەرکردووە، بەڵام ئەو خۆی بە وجوودی نازانێت، بەڵکو خۆی بە فەیلەسووفی زانستلیی وجوود لە قەڵەم دەدات.

16. زۆر جاران داهێنەران ئاماژە بە ئەزموونی تایبەتیی خۆیان دەدەن و لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا نووسینەکانیان بە رووداوی دەستلێدراو و هەستپێکراو دەبەستنەوە، بەدر شاکر سەییاب، لە نامەیەکدا، کە بۆ جبرا ئیبراهیم جبرای ناردووە، گلەیی لە نەخۆشییەکەی خۆی دەکات، کە بووەتە هۆی دابڕانی لە ئەزموونی ئەوانی دیکە و دەڵێ: من لە نووسینی شیعری دانەبڕوام، چونکە ئەوە تاکە سەلوای منە، بەڵام لێرەدا گرفتەکە گرفتی ئەزموونە، من لە پەراوێزی ژیاندام، لە کوێ بەو ئەزموونە نوێیانە دەگەم. "النار والجوهر لجبرا ابراهيم جبرا ص: 69.

17. بەرەو منداڵی بە جلی پاییزەوە- هـ.س.پ، ل: 51، 173.

18. لەو بارەوە کەریم دەشتی دەڵێت: هەر کاتێ شیعر لەگەڵ بویەر و جیهاندا کۆک و تەبا بێ، ئەوە مەرگی جیهانبینیی شاعیر ئاشکرا دەبێ، بۆیە شیعر هەمیشە لە ململانێ و کێشە و پرسە لەگەڵ دەوروبەردا، هەمیشە هەوڵ دەدا خوێنەر بەو ئاقارەدا پەلکێش بکات، کە تژی گومان و نیگەرانییە. بڕوانە: بەرەو منداڵی بە جلی پاییزەوە- هـ.س.پ، ل72.

19. بەرەو منداڵی بە جلی پاییزەوە- هـ.س.پ، ل59.

20. هنری بیرگسیۆن لویس، لە 18ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1859 لە پاریس- فەرەنسا لە دایک بووە، لە 4ی ینایری 1941دا، واتە لە (81 ساڵی) لە پاریس- فەرەنسا کۆچی دوایی کردووە. لە ساڵی 1927دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیی وەرگرتووە.

21. جاستون باشلار، حدس اللحظه، ترجمه، رضا عزوز و عبدالعزيز زمزم، بغداد، ط1، 1989، ص 81.

22. گاستۆن باشلار، لە 27/6/1884دا، لە (بار سیر ئاوب)ی هەرێمی (شیمبانی) فەرەنسا لە دایک بووە، بڕوانامەی دکتۆرای لە فەلسەفەدا بە دەست هێناوە، ساڵانی 1930-1940 لە زانكۆی (دیجۆن)ی فەرەنسی و لە ساڵانی 1940-1954 لە زانکۆی (سۆربۆن) وانەی گوتووەتەوە. لە ساڵی 1955دا، وەک ئەندامی ئەکادیمیای زانستە ئەخلاقی و سیاسییەکان هەڵبژێردراوە، لە 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1962دا لە پاریس کۆچی دوایی کردووە. کتێبی (جدليه الزمن) دکتۆر (خليل احمد خليل) تەرجەمەی کردووە، لە بیروت- لبنان چاپ کراوە. بڕوانە چاپی دووەم، ساڵی 1992، ل: 38. (لەو کتێبەدا باشلار دەمەتەقێ لەگەڵ بێرگسیۆن و لایەنگرانی تیۆری زەمەنی بەدوایەکداهاتوو دەکات و پشتگیری لە کتێبی Siloceی گاستۆن رۆبناڵ و تێزی ساتەوەختخوازەکان دەکات، بەوەی کە حەقیقەتی زەمەن جگە لەو چرکەساتەی تێیدا دەژین، شتێکی دیکە نییە. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: نظريه الزمان عند غاستون باشلار: أو ابداعيه اللحظه، د. سعيد بوخليط، saidboukhlet@hotmail.com

23. جاستون باشلار، حدس اللحظه، ترجمه، رضا عزوز و عبدالعزيز زمزم، بغداد، ط1، 1989، ص 22.

24. هانز گۆرگ گادامێر، فەیلەسووفی ئەڵمانی، لە 11ی فێبرابەری ساڵی 1900 دوای کۆچکردنی (دێکارت) بە 350 ساڵ لە دایک بووە. لەدایکبوونی ئەو رێکەوتی هەمان ساڵی کۆچی دوایی فەیلەسووفی بەناوبانگ نیچە دەکات. هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بووە، دواتر هەر لە ساڵی 1953دا وەک سەرنووسەری گۆڤاری فەلسەفە کاری کردووە. لە ساڵی 2002دا کۆچی دوایی کردووە.

25. جاستون باشلار، جماليات الصوره، د. غاده الامام، بيروت-لبنان، ط1، 2010، ص86.

26. ئاینشتاین، ئەلبیر Albert Einstein 1879-1955 فیزیایی ئەمریکی، لەدایکبووی ئەڵمانیا. بە یەکێک لە بەناوبانگترین زانایانی بواری زانستی تەواوی سەردەمەکان دێتە ژماردن. لە ساڵی 1933دا بڕیاری دا حوکمی نازییەکان بەجێ بهێڵێ و لە ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نیشتەجێ بێت. تیۆری رێژەیی داناوە. لە ساڵی 1921دا خەڵاتی نۆبڵی لە زانستی فیزیا بە دەست هێناوە.

27. هـ.س.پ. ل102.

28. هـ.س.پ. ل114.

29. جاستون باشلار، حدس اللحظه، ص29.

30. هـ.س.پ. ل92.

31. مەبەست لە مەعریفە هەموو ئەو بونیادنانە میتۆدییە دەگرێتەوە، کە پشت بە تواناکانی عەقڵ و لێهاتوویە فیکرییەکان دەبەستێت، ئەو بونیادنانەش خود لە رێگەی پەیوەندیکردن بە بابەتەوە دەیخاتەوە، بەم جۆرە هەموو بونیادنانێکی مەعریفی دەرئەنجامی ئەو دەمەتەقێیەیە، کە دەکەوێتە نێوان خود و بابەتەوە.

32. بەرەو منداڵی بە جلی.. ه.س.پ، ل103.

# هاونهێنیبوون و نهێنیگیربوون

## وەکو بنیاتێکی زمانەوانیی شیعری لە شیعرەکانی کەریم دەشتیدا

نەجات حەمید



بای ئەزەل ناو لەپی کردەوە
بریقەی خۆڵ ڕژا
هەمووی تەرمی جوانی ئەوین بوون
سیس بوون وەك گەڵا
**(کتێبی ئاو، ل: 27)**

دۆستایەتیی من و با
دوو نهێنیی ناو کتێبی خوداوەندە
دوو گەوهەری بلوورینی سەر پەنجەی عاشقانە
**(کتێبی نەی، ل: 59)**



له ڕووی ماناوه، پێکهاتی زمانهوانیی ڕووکهشی کۆپلهی یهکهم، ئهوه نییه، که شاعیر سهرنجمان بۆ پارادۆکسییهتی نێوان ژیان و مردن ڕاکێشێ، ههروهها لهوێشدا نییه، بیهوێ گونجانێکی بوونمان بۆ ئاشکرا بکات، بهڵکو لهوێدایه که پهیوهستێکی نهێنی له نێوان بوونهکاندا ههیه، به دیاریکراوییش با وهکو ئهزهلێکی جاویدان ههموو ئهوینێک له لای خۆی دههێڵێتهوه، تاکو له کاتێکی نهزانراودا ههمووی بڕژێنێتهوه سهر زهوی، ههر بۆیه بۆچی با ئهوین دههێڵێتهوه و دووباره له دهستی دهبێتهوه؟ کهی با ئهو ئهوینه دهڕژێنێتهوه سهر زهوی؟ بۆچی دهیڕژێنێ؟ ئهم پرسیارانه ڕوویهکی ئاشکرای پرسیاری فهلسهفی و فیکری و بوونایهتی "وجوودی"ن، که دهکرێ ناوی پهخشانێکی بهشیعرنهکراو، یان پهخشانێکی ناشیعریی لێ بنێین، بهڵام شاعیر تاکو شیعر بهو مانا و بهو پرسیارانه ببهخشێت و له بنیاتێکی زمانهوانیی شیعریدا کۆیان بکاتهوه، زمان و مانا بهرهو نهزانراوی دهبات، که له کۆپلهی دووهم، له ژێر گوشاری واڵاکردنی مانا شاراوهکاندا، وهکو بنیات دێت و دهڵێت نهێنیی نێوان من و با دوو نهێنیی ناو کتێبی خوداوهنده...لێرهوه ههموو بۆچوونهکان دهخاته نێو گومانهوه، زمان لوول دهبێ و پێچ دهخواتهوه و مانا دهگاته بنبهست، چونکه به ساکاری دهتوانین بڵێین نهێنی بۆیه نهێنییه، که نهزانراو بێت، چونکه که زانرا، چیتر نهێنی نییه. لێرهدا شێوهی بنیات له شیعردا، لهو زمانهدایه، که دهیهوێ مانا نهگاته ئاشکرابوونی تهواوی خۆی، مانا نهێنیگیره بهو هێزهوهی، که نهزانراوه، ههربۆیه هێزی به بنیاتکردنی زمانی شیعر، دهبێته هێزی به نهزانراوکردنی بیرکردنهوه له مانادا و چۆنیهتیی پێکهاتن و گونجان و نهگونجانی لهگهڵ بووندا... بهمهش نهزانراو ڕهگهزێکی دیکهی نهێنیگیربوونه؛ شاعیر بۆ خۆشاردنهوه له ههموو پرسیارێک، که بهرهو ڕووکهشبوونی بهرێت و دواجار هێزی شیعریی ئهو له زمان ڕووت بکاتهوه، دهیهوێ بڵێ ئهو پهیوهستانهی، له نێوان ئهو و بادا ههیه، له دوو شوێندایه، که بزرن، له نێو نهێنیی کتێبی خواوهند و



کردارێکی ئاشکرابوون دەگاتە بنبەست... ئەم جۆرە داڕشتنەی مانا، هێزێک دەیجوولێنێ و ئەو هێزەش هێزی تێڕوانین و وردبوونەوەیە لە نێو خەیاڵدا، کە هاوشێوەکانی بوون هەموو خاوەنی پەیوەستی هاوشێوە دەبن، بەڵام لە دووتوێی جیاوازیی دەرکپێکردن و دەرکپێنەکردندا. بەمەش زمان لە بنیاتەکەیدا جۆرێک لە شێوەی تایبەت بە خۆیەوە دەگرێت، بەوەی:

ئەوەی هەموو پەیوەستەکانی مرۆڤ بە سروشتەوە دیاری دەکات، هێزی نەزانراوبوونە، کە هێزێکی نهێنیگیربووی نائاشکرایە، هەر بۆیە زمانی پەخشان لە دووتوێی شێوەیەکی کاریگەری بنیاتدا دەبێت.








گەوهەری سەر پەنجەی ئاشقاندان... ئەم پەیوەستەی نێوان:-

من............... با

ئاشقان.......... خواوەند

گەوهەر.......... نهێنی کتێب

پەیوەستی سروشتی........ پەیوەستە نەزانراوەکان

چۆنیەتییەکە بۆ خوڵقاندنی بنیاتێک لە نهێنیگیربوونی مانا دەهێننە نێو تێڕوانینمانەوە، هەوڵێکە بۆ وردبوونەوە لە چۆنیەتییەکی زمانەوانیدا، کە ڕەگەزەکانی نەزانراوی هەموو ئەم پەیوەستە فرەمانایانە لە یەک بنیاتی مانای زماندا کۆ دەکاتەوە، کە ئەویش نهێنیگیربوونە و هاودەلالەتی نەزانراوی بوونە، بەوەی هەموو


کەریم دەشتی



# شیعری (ناسینەوەی زیوانی کەریم دەشتی



**زانا خەلیل**

لە ساناترین لێکچوواندندا، دەتوانین بڵێین شیعر وەک تابلۆ وایە، ئێمەی وەرگر تابلۆیەکمان خۆش دەوێ، کە لە نزیکەوە لێی دەڕوانین و لێی رادەمێنین، تابلۆیەکی تر لە دوورەوە سەرەنجمان رادەکێشێ، ئەوەی تر حەز دەکەین لە گۆشەیەکی تاریکەوە بیبینین و تابلۆیەکی تر ئەگەر لە ژێر ئینارەدا بیبینی، جوانیی زیاتر دەبەخشێ، چونکە لە وردبینیی رەخنەگرەکان و وەرگرانی ناترسێ... تابلۆیەک جارێک خەڵکی رازی کردووە و ئەوەی تر هەمیشە و بەردەوام خەڵک رازی دەکا و... تاد. شیعر بەو هەموو ستایل و فۆرمانەی کە هەیەتی، جۆر و ئاست و لێکجیایی لە بەخشینی چێژدا هێناوەتە کایەوە، بە واتایەکی دی، ستایل و فۆرمە جیاجیاکانی شیعر، کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ستایل و فۆرمی مەعریفەی هەم پراکتیکی و

هەم تیۆریی شاعیر، وایان کردووە چێژی وەرگرەکان لە یەکتر جیا بێ، نەک هەر ئەوەش، بەڵکو چێژی خودی هەمان وەرگریش لە کاتێک بۆ کاتێکی دی بە هۆی بارە لێکجیاکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و... تاد، جیا دەبێ. دەکرێ ئەورۆ لە ئەتمۆسفێرک شیعرێک بخوێنینەوە، چێژی زۆری لێ ببەین و لە کاتێکی تر هەمان تێکست بە ئاستێکی تر چێژمان پێ بدا.

چێژبردنی وەرگر لە شیعردا بە شێوەیەکی گشتی بە چەند بنەمایەک و بە چەند هۆکارێکەوە پەیوەستە، یەکێ لە هەموو ئەو بنەما و هۆکارانە گرنگتر، ئاستی مەعریفی و تێگەیشتنی وەرگرە لە شیعرەکە، لەگەڵ ئەوەشدا، کە جۆرێک لە شیعر هیچ پەیوەندییەکی بە بوونی زانیارییێکی قووڵەوە نییە بۆ تێگەیشتن لێی، ئەو جۆرە شیعرانە کار لە نێو بزواندنی سۆز و جوڵاندنی هەستەکانی وەرگر دەکەن، گوتاری شیعرەکە ئاراستەی عاتیفەی وەرگر دەکرێ و لەوێوە هەم مانا سادەکە و هەم موزیکی تێکستەکە و هەمیش پەیوەندیی وشەکان بە یەکترەوە جۆرێک جوانی دروست دەکەن، کە دواتر لای وەرگر دەبێت بە چێژ.

نمونەی لەو بابەتە یەکجار زۆرن لە شیعری کوردی و لە شیعری جیهانییشدا:

عەبدوڵڵا پەشێو لە شیعری "گەورە مەبە"دا دەڵێ:

**گەورە مەبە**
**کزەی جەرگم گەورە مەبە**
**تا من مابم**
**لە مناڵیت وەڕس نابم.**

هاشم سەڕاج لە پەرەگرافی پێنجەمی شیعری "شەیدای شەرابی شینی لەشتم"دا دەڵێ:

**شەوان**
**ئاسمان چەنێ جوانە**








شەوان
رووخساری خودایيت
چەنێ جوانە

کەریم دەشتی لە شیعری "تۆ بۆ ئەبەد تۆ"دا دەڵێ:
دواگەڵای ئەو درەختەش وەری
تەمەنم بە سەر چوو نەهاتی سەروەرم
رۆژێ دێ کە منیش وەك گەڵا بوەرم

ئەمەو دەیان و سەدان نموونەی تر، هەم لە شیعری کوردی و هەمیش لە شیعری جیهانیدا، پێویستی بە بوونی زانیاریی زۆر نییە بۆ چێژلێبردنی، بە پێچەوانەوە، جۆرێکی تر لە شیعر، پێویستی بە بوونی زانیارییە بۆ تێگەیشتن لە شیعرەکە و بە هۆی بوونی ئەو زانیارییانە نەبێ، ئەوە رەنگە شیعرەکە هیچ جوانییەکی نەمێنێ.نموونەی ئەو جۆرە شیعرەش زۆرە لە شیعری جیهانیدا، لێرە من تەنیا ئاماژە بە چەند دێڕێکی گوننار ئێکێلۆف دەکەم:

لەو رەحەتییەی کە فلۆرەنسییەکی تر وەسفی کردووە
کونێک بەرەو خوارەوە هەبوو. لە مێژە نە بروتوس،
کاسیوس یان لوسیفەر لەوێ دانەنیشتوون.

هەمیشە وەرگێڕانی شیعر کاریگەریی لەسەر موزیک و ریتم و سەدای بەریەککەوتن و هارمۆنییەتی نێوان وشەو رستەکان دەبێ، لەو شیعرەدا هەست بەو موزیکە ناکەین کە خوێنەر مەست بکا و ئیدی دەنگ و ئیقاع، مانا و وێنە درووست بکەن، بەڵکو دەبێ زانیاریمان هەبێ تا تێبگەین و ئینجا لەو رێگەیەشەوە مەعنا و وێنەمان دەبێ. دەبێ لەو شیعرەدا بزانین کە ئێکێلۆف مەبەستی لە (فلۆرەنسییەکی تر) دانتییە، بە هەمان شێوە دەبێ بزانین کە بروتوس و کاسیوس و لوسیفەر و... تاد، کێن و بە چ مەبەستێک بە کار هاتوون. خۆ بە پێچەوانەوە، کاتێ هیچ زانیارییێکمان سەبارەت بەو ئاماژە و ناوانە نەبێ، ئەوە بە هیچ شێوەیەک لە غیابی موزیک و ئیقاع و واتا و وێنە چێژی شیعری درووست نابێ.



کۆڕی شیعرخوێندنەوەی هاشم سەڕاج، کەریم دەشتی، زانا خەلیل

جۆری سێیەمیشیان ئەو جۆرە شیعرانەن، کە لە دوو ئاست کاریان تێدا کراوە، جارێکیان بۆ ئەوەی چێژی لێ ببەین پێویستیمان بە زانیاری هەیە سەبارەت بە وشە و دەستەواژە و ناو و چۆنیەتیی کردنەوەی کۆدەکان و سیمبۆل و... تاد، کە بە هۆیەوە مەعنا و لە رێگەی ئەویشەوە وێنە دروست دەبێ. ئاستی دووەمیش ئەوەیە، کە موزیک و ریتمی شیعرەکە تێگەیشتن دروست دەکا و دواتر لەگەڵ وێنەکانی نێو یادگەی وەرگردا پەیوەست دەبێ و لە دواجاریشدا چێژ دەبەخشێ. شیعری "ناسینەوەی زیو"ـی کەریم دەشتی، نموونەیەکی بەرچاوی ئەو جۆرە شیعرەیە، واتا هەم لە رووی موزیک و بەریەککەوتنی وشەو رستەکان لە لایەک و هەمیش لە رووەکەی تر، کە کۆمەڵێ دەستەواژە و ناو و سیمبۆلی تێدایە، بە زانینیان شیعرەکە چێژی زیاتر بە وەرگر دەدا:

**ناسینەوەی زیو**

ئەو رۆژە لەژێر سێبەرە هەزار رەنگەکەی قەڵا بینیم،
گیانی پڕ بوو لە تەمتومان
هەمیشە دەیگوت سەختە لەناو تاشەیەك بیت
لالەکان دایانڕشتبێ
تۆ بوێرێکی لە ژن و
ترسێکی لە پیاو
تۆ چەمکێکی لە رووباری ئەنەدۆڵ و
دڵۆپەیەکی لە ورمێ
تۆ خەونێکی لە دمدم و
هەویرێکی لە رامبۆ
تۆ شەوێکی لە مۆدێرن و
سەدەیەکی لە فۆلکلۆر
بە تیغی ئەمازۆن ئاو دراوی
جۆگەلەیەکی لە فۆلگا پۆشکینی
بە زڕەی شمشێر تیا کوژراو
رووبارێکی لە کێلەشین
تۆ پەڕێکی لە هەڵەمووت
لاسکێکی لە یاسەمین
رۆمانێکی تەنهای لە بۆدلێر و
شارێکی بچووکی لە قوستەنتین
تۆ دۆزەخییەکی لە کتێبی دانتی و
بەهەشتێکی ونبووی لە میلتۆن
دواجار تۆ قومری سەربالی یەهودیێکی ئۆرشەلیمی
بەڵام منداڵێکی نازی ئەی
ناز و تا
ببورە تۆ پۆڕێکی تەریوەی
ناو دڵی بازی
ئەو دڵە بپارێزە بڕۆ
ئاوڕ لە کەس مەدەوە
کە ئاوڕت دایەوە تەڵەسمی تۆ
بەتاڵ دەبێ
لێکدانەوەم سەرچیغ دەڕوا و
زمانی مانەوەت لە کتێبی ئەوین لاڵ
دەبێ
تۆ هەمیشە رابکە رابکە هەر رابکە
چونکە تۆ بە راکردنەوە جوانی
رابکە هەر رابکە
تکایە ئاوڕ مەدەوە
هەموو ئەوانەی ئاوڕیان دایەوە
بۆ تاوێ گەیشتنە بەهەشت
بەڵام بۆ ئەبەد هاودەمی ئاگر بوون
هەموو ئەوانەش کە بێ پەروا ئاوڕیان نەدایەوە
بۆ ئەبەد گەیشتنە دۆزەخ
بەڵام بۆ ئەبەد هاودەمی خودا بوون.

ئەگەر بمانەوێ ئەو وشەو ناو و دەستەواژانە لەو شیعرەدا دەربێنین، کە هەڵگری زانیارین و بۆ تێگەیشتن لە شیعرەکە پێویستیمان بەوە دەبێ زانیاریمان لە





بارەیانەوە هەبێ، ئەوا دەبێ سەرلەبەری شیعرەکە بنووسینەوە، چونکە شیعرەکە پڕە لەو وشە و ناو و دەستەواژانەی پێویستیان بە زانین هەیە بۆ تێگەیشتن لێیان: (ڕووباری ئەنەدۆڵ، ورمێ، دمدم، رامبۆ، مۆدێرن، ئەمازۆن، فۆلگا، پۆشکین، کێلەشین، بۆدلێر، قوستەنتین، کتێبی دانتی، میلتۆن، ئۆرشەلیم، نازی و... تاد.)

قۆناغی یەکەم دەبێ وەرگر زانیاریی سەبارەت بەو وشە و دەستەواژە و ناوانە هەبێ و بزانێ چین، بۆ نموونە: دەبێ یەکێک بزانێ دمدم چییە، دەبێ بزانێ پۆشکین و بۆدلێر و رامبۆ و دانتی کێن... دوای ئەوە دەرئەنجامی سەنعەتسازیی شاعیر بە وشەی لێکدراو چەمکی هێندە نوێ دێتە کایەوە، کە بە لای کەسێک و تەنانەت لای خودی شاعیریش ناکەونە خانە و بۆتەی یەکمەعناییەوە، یان دەبێتە چەندین وێنەی گۆڕدراوی ناجێگیر و نابگیر... تۆ چەمکێکی لە ڕووباری ئەنەدۆڵ و دڵۆپەیەکی لە ورمێ، یان شەوێکی لە مۆدێرن، یاخود ڕۆمانێکی تەنهای لە بۆدلێر و... تاد، هەر رستەیەک لەو نموونانەی نووسیومن، هەڵگری تەنیا مەدلوولێک نین، بە پێچەوانەوە، رستەگەلێکن کە بەردەوام وێنەی نوێ و واتای نوێ بەرهەم دەهێنن و دەبەخشن.

لەو حاڵەتەدا کە ئێمە زانیمان: (ڕووباری ئەنەدۆڵ، ورمێ، دمدم، رامبۆ، مۆدێرن، ئەمازۆن، فۆلگا، پۆشکین، کێلەشین، بۆدلێر، قوستەنتین، کتێبی دانتی، میلتۆن، ئۆرشەلیم، نازی و... تاد) چین و کێن و هەڵگری چ جۆرە چەمکگەلێکن و لە حاڵەتی خرانەڕستەوە دەبن بە چی و چی دەگەیەنن، ئەوا ئێمە لە بەردەم شیعرێکی زۆر جوانی کوردیداین، لە سەرەتای شیعرەکەدا ئاشکرایە، کە وەرگر لەبەردەم گوتارێکدایە، کە ئاراستەی کەسێک کراوە:

**ئەو ڕۆژە لەژێر سێبەرە هەزار ڕەنگەکەی قەڵا بینیم،**
**گیانی پڕ بوو لە تەمتومان**
**هەمیشە دەیگوت سەختە لەناو تاشەیەك بیت**
**لالەكان دایانڕشتبێ**
**تۆ بوێرێكی لە ژن و**
**ترسێكی لە پیاو... تاد**

به درێژایی و تا کۆتایی شیعرەکە ئیدی موخاتەبەی هەمان کارەکتەری دەستپێکە... بۆیە کردنەوەی کۆدەکان و بوونی زانیاری و تێگەیشتن لەوەی کە تۆ قومری سەربالی یەهوودییێکی ئۆرشەلیمی و تۆ دۆزەخییەکی لە کتێبی دانتی و بەهەشتێکی ونبووی لە میلتۆن، زۆر گرنگ دەبێ لە دروستبوونی چێژ لای وەرگر.

ئاستی دووەمی ئەو شیعرە ئەوەیە کە تێیدا گرنگییەکی زۆر بە ئیقاع و موزیک دراوە، گریمان ئێمە هیچمان سەبارەت بە: (ڕووباری ئەنەدۆڵ، ورمێ، دمدم، رامبۆ، مۆدێرن، ئەمازۆن، فۆلگا، پۆشکین، کێلەشین، بۆدلێر، قوستەنتین، کتێبی دانتی، میلتۆن، ئۆرشەلیم، نازی و... تاد) نەزانی، بەڵام لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکەدا هەست بە تیشک و گەرمییەک دەکەی لەو پەیوەندییەی کە لە ئاستی وشەسازی لە نێوانی وشەکان و لە ئاستی ڕستەسازییەوە لە نێوانی ڕستەکانەوە ڕوو دەدەن.

ڕۆلان بارت گوتەنی: دەقی چێژبەخش دەقێکە کە

دڵخۆشمان دەکا و بەرهەمی دەبێ، دەقێکە کە بە سیما و خاسییەتەکانی ئاسانیی خوێندنەوەوە پەیوەست و گرێدراوە... ئەو شیعرەی ئاسان دەخوێندرێتەوە و خوێنەرانێک دڵخۆش دەکا، ڕەنگە ئەو قسەیەی من لێرەدا پەیوەست بێ بەو بڕوایەی کە دەڵێ: لە بنەڕەتدا هەمیشە و بەردەوام ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ، (ئەوە بۆ من چییە؟)

بۆ من، شیعری (ناسینەوەی زیو)ـی دەشتیی شاعیر، یەکێکە لەو شیعرانەی کە لە هەردوو ئاستی مەعریفی و موزیکدا شیعرێکە لە ناوەخۆیدا هەڵگری چێژ و لەززەتێکی زۆرە و شیعرێکی ئامادەشە بۆ ئەوەی کە هەر خوێنەرێک بتوانێ چێژی لێ ببا، بە تایبەتییش ئەو وەرگرگەلەی کە توانای کردنەوەی کۆدەکان و زانیارییان سەبارەت بە ناو و دەستەواژە و سیمبۆل و لاکانی تری تەکنیک و ناوەوەی شیعرەکەوە هەیە.

**سەرچاوەکان:**

1- فن الشعر، هوراس، ترجمە/ الدکتور لویس عوچ 1988
2- شیعری گەورە مەبە، عەبدوڵڵا پەشێو http://www.mabast.com/vb/showthread.php?t=313
3- تێکست، هاشم سەڕاج 2010
4- ڕێنیشاندەر بۆ ناخی زەوی، گوننار ئێکێلۆف، وەرگێڕانی ڕزگار شێخانی، سوید- 2007
5- درەختی درەوشانەوە، کەریم دەشتی، شیعری ناسینەوەی زیو- 2011
6- چێژی دەق، ڕۆلان بارت، وەرگێڕانی ئیسماعیل زارعی- 2007



**کەریم دەشتی**

# دوو- سێ هێشووی مزری هەگبە پڕەکەی کەریم دەشتی

مەسعوود پەرێشان

## *خوێندنەوە و نووسین



ژمارەی ئەو ئەدیب، نووسەر، شاعیر، چیرۆکنووس و رۆشنبیرە کوردانەی کتێب و بەرهەمە جۆراوجۆرە عارەبی و فارسی و زمانە بیانییەکانی دیکە دەخوێننەوە و بە چاکییش تێیان دەگەن و دواتریش رەنگدانەوەی دەبێ لە سەر نووسینەکانی خۆیان، وەکو ئەوەی لە سەرلەبەری بەرهەمەکانی کەریم دەشتیدا رەنگی داوەتەوە، زۆر کەمترن.

## *ئەدیبێکی فرەڕەهەند

بەڵام لە بنەڕەتدا، پێناسەکەی من پێچەوانەی ئەو جۆرە لێکدانەوانەیە و مەبەستمە زۆر بە ڕاشکاوی بڵێم: کەریم دەشتی ئەدیبێکی فرەلایەنە، رۆشنبیرێکی فرەڕەهەندە، شاعیرێکی فرەدەربڕینی تازەیە، نۆڤلێتنووسێکی پەرێز و

پاوان و مەیدانفراوانە و ئەگەر رۆمانەکەیشی بە چاپکراوی بگاتە بەر دەستمان و بیخوێنینەوەش، هەر هەموومان دەگەینە ئەو باوەڕەی، کە دەشتی لەگەڵ خوێندنەوەی هەر فەلسەفەیەکدا، داهێنانێکی پێشکەش کردووین و لەگەڵ خوێندنەوەی سەرلەبەری شیعرەکانی هەر شاعیرێکی مەزنیشدا، بە چەند شیعرێکی رەسەنی خۆی، تەقسێکی زۆر تازەی شیعرییانەی بۆ دروست کردووین، کە لە هیچ تەقس و سرووتێکی دیکە ناکات و ناچێت و لە خوێندنەوەی سەرلەبەری بەرهەمە تازەکانیشیدا، (بە کۆنەکانیشییەوە) دەگەینە ئەو باوەڕەی، بە ڕاشکاوی بڵێین: ئەوەی دەشتی سوودی لێ وەرنەگرتووە و رەنگدانەوەیشی لەسەر بەرهەمەکانی نییە، تەنهاوتەنها لایەنی یاساییە، کە ئەو تێیدا چوار ساڵ مەلەی کردووە و بووەتە خودان بەکالۆریۆسی ئەکادیمیی ئەو بوارە و ئەوەی رەنگدانەوەی بە سەر هەر هەموو بەرهەمەکانییەوە هەیە، بریتییە لە تواندنەوەیەکی زیرەکانە و وردبینانەی سەرلەبەری فەلسەفەکانی ژیان لەنێو هەر هەموو دەربڕینەکانیدا، بە تایبەتییش یۆنانییەکان و تەوزیفکردنی دەربڕینە فەلسەفییە تازەکانی نەوەی تازەی ئەمریکی و یەک- دووێکی ئەوروووپییش، کە رەنگدانەوەیان هەیە بە سەر سیاسەتی بەڕێوەبردنی ئەمرۆی کەون و ئاییندەی مرۆڤایەتی و مانا و بوونی مرۆڤ و مانەوەی لە سەر ئەو هەسارەیەی ئەمرۆ لە هەر رۆژێکدا بە قەد چەند ساڵێکی بووریدا گۆڕانکاریی بە سەردا دێ، بەوەی هەندێ لە تایبەتمەندانی جیهانگەرایی و گۆرانکارییە خێراکان، دەڵێن: بە هۆی ئەوەی رۆژانە سەدان دۆزینەوەی گرنگی تازە، دێنە سەر خوانی گۆڕانکارییە خێراکان، دەکرێ بێژین، هەموو رۆژێک پێویستیمان بە فەرهەنگۆکێکی بچکۆلانەی هەزارلاپەڕەیی هەیە، کە دەشتی هەوڵی ئەوەی داوە، ئەو خێرایی گۆڕانانە و دەربڕینە تازانەش بە هەمان خێرایی بگوازێتەوە، تا ئەو ئاستەی لە دیمانە رۆژنامەوانییەکانیشیدا ڕەنگیان داوەتەوە، بە تایبەتییش لەو دیمانەیەی کە گۆڤاری (دەشت) بە دوو ژمارەی یەک بە دوای یەک بڵاوی کردەوە و ئەو کتێبانەشی کە لەم کورتیلەناساندنەدا، بۆتانی خورد دەکەمەوە.

***بەرهەمەکانی ساڵی رابوردووی:**

دەشتی لە نووسینیشدا تەڕدەستە، بۆیە بەرهەمیشی زۆروزەوەندن و تەنها لە ساڵی رابوردوو- 2007دا، ئەوانەی بە دەستی خۆی بە دیاری پێشکەشی منی کردوون، بریتین لە سێ کتێب، کە دووانیان دیوانەشیعرن و ئەوەی دیکەشیان گێڕانەوەی یادەوەرییەکانیەتی، کە ناکرێ هەریەکەیان بە درێژی بناسێنین، چونکە نووسین و کات و ساتێکی زۆریان گەرەکە و ئەوەی پێمان دەکرێ، بریتییە لە خوێندنەوەیەکی خێرای هەر سێ بەرهەمەکە و پێگەی شایستەی خۆشیان لە کتێبخانەی کوردیماندا. وابزانم هەر لەو ساڵەشدا بەرهەمی دیکەی هەبووە، کە بە دەستی من نەگەیشتووە.

***بورجی بەڵەک:**

لە دووتوێی بەرگێکی قەبارە بچووکی سەدوچوارده لاپەڕەدا، گۆڤاری (سەردەم) کۆمەڵەشیعرێکی کەریم دەشتی بە چاپ گەیاندووە، کە بێ پێشەکی و پاشەکییە و هونەرمەند قەرەنی جەمیل بەرگەکەی بۆ نەخشاندووە و بۆ هەر شیعرێکیش، مۆتیڤێکی سەربەخۆی بە شێوەی هێڵکاری دروست کردووە، کە جۆرە جوانکارییەکی بە سەرلەبەری شیعرەکان بەخشیوە، بەوەی لە هەموو لاپەڕەکانی هەر شیعرێکدا دووبارە بوونەتەوە و خوێنەر بە گۆڕانی مۆتیڤەکە لەوە دەگات؛ شیعرەکەش بە کۆتا هات، کە ئەمە سیمایەکی تازەی نەخشەسازییە، بۆ بڵاوکردنەوەی شیعر، کە لەوەوپێش هەمان جۆرە



دیزاینمان بەر چاو ناکەوێ.

خاسییەت و جۆری داڕشتن و شێوەی دەربڕین، جوانکاری و داتاشینی رستە و چۆنیەتیی بیناکردنی هەر شیعرێکی نێو ئەم دیوانەی کەریم دەشتی، درێژەپێدەری ئەم رەوتە شیعرییەن، کە پێشتریش بەو جۆرەمان خوێندووەتەوە و ناسیوە و ناساندووشمانە، لە خوێندنەوەیەکی لەوەوپێشی دیوانە سەرکۆیەکەی شیعرەکانی.

***خاسییەتەکانی ئەم دیوانەی:**

ئەوەی ناوەڕۆکی ئەم دیوانەشیعرە، لە دیوانەشیعرەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە، بریتییە لەوەی زمانی فەلسەفی کەمتر ئامادەیی هەیە و سادەتریش لە جاران دەردەکەوێ و توانیویەتی وێنای ئەو دیمەنانەمان بۆ ساز بکات، کە لە دەرەوەی ناخی خۆیدان و بە زمانێکی روونتری شیعری، ئەو وێنانەمان بۆ دەنەخشێنێ، کە زیاتر لە خەیاڵ و واقیعی خەڵکە سادەکەی خۆماندان. زۆر ئاساییە ئەم جۆرە وێنانە، بەشێک بن لە ناخی شاعیرەکەش، کە پێشتر ئەو جۆرە دەربڕینانەی کەمتر بوون و زیاتر حەزی لە قووڵبوونەوە و دەربڕینی ناقۆڵای ئەوتۆ بوو، کە کەمتر خوێنەری ئاسایی لێیان نزیک دەکەوتەوە و کەمتریش لەگەڵیاندا دەژیا، بەوەی بە جیهانێکی زۆر جیاوازی دەزانی لەو جیهانەی خۆی تێیدا دەژێ و هەناسە دەدات و ئەوین دەکات و وڵاتەکەی خۆی خۆش دەوێ و دوورە لەو جیهانەی بە زمان و جۆرە دەربڕینێکی دیکە دەژین و لەگەڵ جیهانەکەی ئەودا هیچ جۆرە تێکەڵاوییەکیان نییە.

***ئاوڕدانەوە لە دوێنێ:**

ئەم کۆمەڵە شیعرە زیاتر لە هەر پێناسەیەکی دیکە، گەڕانەوەیەکە بەرەو رۆژانی منداڵی و مێردمنداڵی و هەرزەیی و جحێڵی و جوامێریی ئەمڕۆکەی، کە تێیدا لەگەڵ کۆمەڵێک دۆست و ئازیزدا ژیاوە و ئەوینداریی کردووە و بە زۆر ژانوژوور ناخی خۆی خواردووەتەوە و بە زۆر کەفوکوڵ هەڵوەدای ئەوینێکی سەرەونگوومی بێ بەرەنجام بووە و بە زۆر ئەفراندن و خۆشییش گەییوە، لە سەرلەبەری ئەو رۆژانەی لەم شیعرانەدا چڕ کردوونەتەوە و بە وێنە و دەربڕینی زۆر جوان و پڕ مانا هەژاندوومانیەتی.

***مشتێ نموونەی خەروارێکە:**

(پۆرترێت) کە یەکەمین شیعری نێو ئەم دیوانە بچووکەیە، هەشت لاپەڕەی داگیر کردووە و راستیی ئەو پێناسەیەی ئێمە دەسەلمێنێ بۆ شیعرەکانی، کە بەرایی سەرجەم



دۆستەکانی بە باوەشە گەڵاییکی جوانی نێو کۆمەڵە مەرکانێکی جوانتر دەناسێنێ، کە دواتر لەشکری پیری سەری هەموویان سپی دەکات و ددانی هەموویان دەوەرێنێ، تا ئەو ئاستەی هەندێکیشیان بە گۆڕستانەکان دەگەن و دواتر باسی ئەویندارییەکانیان دەکات، کە هەندێکیان خۆ دەکوژن و هەندێکی تریان شێت دەبن و هەندێکی دیکەش دێوانە و سەرگەردان و دواتر بەو داخەوە دەمرن، تا دەگاتە سەر ئەوەی دۆستەکانی لە شاعیرە شێتەکان کۆ بکاتەوە و خۆیشی لە نێو ئەم شێتانەدا هەموو شتەکان بە بەرەواژی بنووسێتەوە و خۆی و دۆستەکانیشی بکاتە خەونی خۆشی سەفەر و دەوڵەت و چاپکردنی کتێب و گەیشتن بە ئاستی گەلانی دیکە، کە دواتر دەبنە مانگ و لە دووکەڵێکی ڕەش دەئاڵێن و تارماییشیان بزر دەبێ و هەر بەوەش دەیانکاتە دزوجەردەی خودان شمشێری سیحراویی گەورەی نێو خۆمان، کە لە بەردەم شمشێرێکی سادەی بیانیدا، هەر هەموویان دێنە سەر چۆک و بۆیە دەبنە ئەشقیا و بە کێوەکاندا وەردەبن و دواتر دەیانکاتە ئاوی ئەو بارانەی لە سپێدەیەکدا وەبەر ڕەشەبا دەکەوێت و دەچێتەوە نێو دارستان و دواتر شاعیرەکان و خۆیشی بە قفقاس و قەرەج دەناسێنێ و لە دواقۆناغیشدا دەیانکاتە کاراکتەری سادە و ساکاری ئەوتۆی گوندی، کە لە فێڵی شارستانەکان ناگەن و زۆر زووش تەسلیمی فرتوفێڵەکانیان دەبن و لە دوادیمەن و دەربڕینیشیدا، دۆستەکانی بە ئاوی پەلکی لیمۆ و مێخەک ئاوڕژێن دەکات و ئەمەش بە کەمترین وەفاداری (دەشتی) دەژمێردرێ، بەرامبەر ئەو هەموو برادەر و دۆستانەی، کە لە ڕۆژانی هاتونەهات و بوون و نەبووندا، بەو جۆرەیان ناساندووە، کە هەیە و کەسێکی ڕۆشنبیرە و شاعیرێکی خودان زمان و دەربڕینی تایبەتمەندی خۆیەتی، بە جۆرێک کە هیچ کەسێکی دیکە لەو ناچێت و ئەوەی دەریشمان بری، تەنها بۆ ئەو شیعرە بوو، کە بووەتە دەستپێکی دیوانە بچکۆلانەکەی و لەوێشەوە دەتوانین ئەو ڕاستییە ببێژین، کە ئەگەر یەک تاقەشیعری نێو ئەم دیوانە بچووکەی ئەو هەموو هێنان و بردنەی بوێ، ئەدی سەرلەبەری دیوانەکەی چەندی گەرەکە و هەر بۆیە شیعری یەکەمی نێو ئەم دیوانەمان کردە مشتێکی راستەقینەی نێو خەرواری ئەم دیوانە چڕوپڕە و بە وردییش بۆتانم شی کردەوە، چونکە ئەم دیوانە بچووکە تژییە لە شیعری هاوشێوەی (پۆرترێت)، بە تایبەتییش شیعری (ناشتنی جوانێک)، کە دوو- سێ هێندە خوێندنەوەی پێویستە لەگەڵ شیعری (زمان بگرە ئەی لاڵ) و (با کەس ناناسێ) و (عەتری جێماوی دۆستێ) و (قسەی ئاشقان) و خودی شیعری (بورجی بەڵەک)یش، کە بچووکترین شیعری نێو ئەم دیوانە شیعرییەی دەشتییە و بریتییە لە هەشت- نۆ دێڕی زۆر کورتیلە، کە شاعیر لە هەر هەموو شیعرەکانی دیکەی نێو ئەم دیوانەی خۆی بە خۆشەویستتر زانیوە، بەوەی کردوویەتییە ناوی دیوانەکەی و لێرەدا دەتوانم زۆر بە ڕوونی ئەوەتان بۆ ورد بکەمەوە، کە هەندێک جار شاعیر لە ماوەی نیو کاتژمێردا، دەیەها دێڕە شیعر دەنووسێ و هەندێ جاری دیکەش هەفتە و مانگی گەرەک دەبێ تا کۆپلەشیعرێک دابڕێژێ، بەو شێواز و مانایەی، کە خۆی مەبەستیەتی و هەر بۆیە گرنگیی کەمتر بەو شیعرە درێژانەی خۆی دەدات، کە بە ماوەیەکی زۆر کورت دایڕشتوون و زیاتر گرنگی بەو شیعرانەی دەدات، کە ئەگەر زۆر کورتیش بوون، بەڵام زیاتر دامان و ڕامانی بۆ کردوون و زۆر بە درەنگەوەختیش توانیویەتی بە کەمترین وشە و ڕستە، ناخی راستەقینەی خۆی دەرببڕێ!

***شیعری "بورجی بەڵەک" بە نموونە:**

ئەم خونچەشیعرە، بریتییە لە دە نیوەدێڕی شیعریی زۆر



کورتیله، بەڵام دەشتی توانیویەتی لەم کانیاوە زۆر بەرتەسکەدا، جوانترین باسکەمەلە بکات و لە نێو ئەو ئاوە ناسازگارەشدا، هەر هەموو خەیاڵەکانی ئێمە و خۆیشی لە نێو شەوق و نووری تاقەبورجێکدا کۆ دەکاتەوە و لە چەشنی نووری شەوقئامێزی، وەکو تەمێکی چەشنی بلوور دەردەخات.

***بەرەنجام:**

ئەمە کورتکراوەی ناساندنی ئەم دیوانە شیعرییەی کەریم دەشتییە، کە زۆر زیاتر لەوە هەڵدەگرێ و بەهەرحاڵ لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم، ئەو بورجە بەڵەکەی دەشتیی شاعیر، لە ناوەڕۆکدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە و گەڕانەوەیەکە بەرەو دۆینێ و پێرێی منداڵی و هەرزەیی و لە چۆنیەتیی داڕشتن و دەربڕینیشدا، فۆرمی خۆی پاراستووە و ئەوەی سەلماندووە، کە ئەوەی کەریم دەشتی دەیاننووسێ، بەبێ وجوودی ناوەکەیشی دەزاندرێ ئەو دەربڕینانە، خودانەکەیان کەسێکە ناوی کەریم دەشتییە!

***کتێبی پیرۆزی ئاشقان:**

دووەمین دیوانەشیعری ساڵی رابوردووی دەشتییە، کە بە هیچ شێوەیەک، لە ناوەڕۆک و فۆرم و چۆنیەتیی دەربڕین و داڕشتنی دێڕ و پەرەگرافی شیعری و وێنای هەماهەنگی لەیەکچووی زۆر تازە و گەرموگوڕی شیعرەکانیش و چۆنیەتیی دابەشکردنیشیان، بە سەر شەش کتێبی بچووککراوەی خودان دەیان هۆبەی جیاجیای تەواوکەری یەکتری، لە هیچ دیوانێکی دیکەی و هیچ شیعرێکی دیکەیشی ناچن و هەر بەوەش دەتوانین وەکو ئەزموونێکی دیکەی تازەی خۆی بیناسێنین، کە لەوەوپێش لە شیعری دەشتیدا نەماندیوە.

***ناوی کتێبەکە:**

بۆیە بەرایی بە کتێب ناوی دەبەم، چونکە خودی شاعیرەکە، ناوی لەو دیوانە شیعرییەی خۆی ناوە (کتێبی پیرۆزی ئاشقان) کە ناوی کتێبەکە دووبارە و سێبارەیە و زۆریش کۆنە و یەکەمین جار بە (ئینجیل) دەگوترا (کتێبی پیرۆز) و دواتریش دەیان نموونەی وەکو (کتێبی سەوز) موعەممەر قەزافیمان لەبەر دەستە، کە هەریەکەیان بە جۆرە ناوەڕۆک و فۆرمێکی تایبەت بە خۆیان دەردەکەون و ئەوەی دەشتییش، بۆیە مەقبوولە ناوی (کتێب) بێت، کە تایبەتی کردووە بە (ئاشقان) و بەوەش کە ناوەڕۆک و فۆرمێکی زۆر تایبەت بە خۆی پێ بەخشیوە، کە لەوەوپێش لە دیوانەشیعری دیکەی کوردیدا بەرچاومان نەکەوتووە، کە لە ئەدەبی گەلانی دیکەدا هاوشێوەی زۆرن، بەڵام بە فۆرم و ناوەڕۆکی زۆر جیاوازتر، لەوەی کە ئەمڕۆ وەکو دەقێکی زۆر دووورودرێژی کوردی لەبەر دەستماندایە، کە نیوەی زیاتری شیعری دیکەن!

***خودی دیوانەکە:**

لە دووتوێی، دووسەد و شەستوچوار لاپەڕەی قەوارەی مامناوەندی و بەرگێکی شایستەدا، ئەم دیوانە شیعرییەی کەریم دەشتیی شاعیر، لە دەزگەی ئاراس چاپ و پەخش کراوە و ژمارە (603)ی کتێبە چاپکراوەکانی ئەو دەزگەیەی وەبەر کەوتووە و هەر تەنها خودی ئەو دەزگەیەش دەزانێ، چەندیان لێی چاپ کردووە، چونکە لە پێڕستی بەرایی ناسنامەکەیدا، نەیاننووسیوە، چەند دانەیان لێی چاپ کردووە، بەڵام وەکو زۆربەی هەرەزۆری کتێبە چاپکراوەکانی دەزگەی ئاراس، ئاراس ئەکرەم، ئەرکی دەرهێنانی ناوەوەی لە ئەستۆ بووە و

حەمید رەزاش بەرگەکەی نەخشاندووە و شێرزاد فەقێ ئیسماعیلیش ڕێگەی لە تێپەڕینی هەڵەکانی چاپەمەنی گرتووە و بە هەوڵی ئەم هەموو کەسە پسپۆڕەی بوارە جیاجیاکان، خودی ئەم دیوانەشیعرییە لە دایک بووە و بەو شێوە جوانە بێ هەڵەیەش کەوتووەتە بەر دەست و دیدەمان.

***ناوەڕۆکەکەی:**

بریتییە لە شەش شیعری درێژی خودان کۆمەڵێک هۆبەی وردیلەی جیاجیا، کە هەریەکەیان ئەوەی دیکە تەواو دەکات و بە سەرکۆی هەر هەموویانەوە، توانیویانە دیوەخانێکی شایستەی خودان هەموو رەهەندێکی بۆ ئاشقان بکاتە تەلارێکی مۆدێرنی هەڵچنراو بە وشە و رستەی گەوهەرداری ئەوتۆ، کە ئاشقەکان لە دەربڕین و چاوبرکێکانیاندا، بە ماڵی ئاسوودەبوونەوەی خۆیانی بناسن، کە لە شەش قاتی جیاجیا پێکهاتووە و لە هەر قاتێکیشدا کۆمەڵێ مۆتێلی سەربەخۆی جیاجیات دێنە پێش، کە هەر تاکێکیان دەتوانێ دەیان ئاشقی سەرگەردان لە ئامێزی گەرموگوڕی خۆیدا بلاوێنێتەوە:

ئەو شیعرانەی لێ بترازێ، کە دەکەونە دەرەوەی ئەم باڵەخانەیەوە:

– لەبەر دەرگەی قاتی یەکەمدا، نووسراوە (کتێبی سەما) و کە دەچیتە ژوورەوەش، سەمای وەرین و هەمیشە سەما و سەمای زیو و سەمای شەوق و سەمای کۆتایی و سەمای شەراب و سەمای سەمایان و سەمای بانگ و دواسەماشت بۆ دەکەن. بە جۆرێک وا لە خۆت دەگەی، لە زەماوەندی بەیەکگەیشتنی خۆت و ئەویندارەکەتدایت و بەڕاستییش فێرە چەند سەمایەکی تازەت دەکات. کە لە هەڵپەرکێیە کۆنەکان ناچن و بەڵکو تێکەڵەیەکە لە هەڵپەرکێی تازە و سەمای سەرجەم گەلانی دنیا.

– کە قاڵدرمەکانی قاتی دووەم دەبڕی، دەگەیتە بەر ئەو دەرگەیەی لێی نووسراوە (کتێبی– بوەستە تارژەن بوەستە) و یەکسەر ئەوەت وەبیر دێتەوە، کە سەمات لەگەڵ ژەنینی تاردا کردووە، بۆیە لە هەر ژوورێکدا پێناسەیەکی تارژەنەکەت بەرچاو دەکەوێ، کە بەرایی (تار تەنها تار)ـە و دواتریش! لە دوور دوورەوە و دیرۆک و گەڕانەوەی تارژەن و تترووسکێ لە تاریکی و هەڵەکۆک و دواتریش لە ناو بادا، لەوەت دەگەیەنن، کە تارژەنەکە بەشێکە لە دروستکردنی زەماوەندی ئەو ئاشقانەی دەیانەوێ ئاهەنگی مۆدێرن بگێڕن!

– کە دەگەیتە قاتی سێیەم و لافیتەی (کتێبی– بێریا لە تەمتوماندا)ـت بەرچاو دەکەوێ، لە نێو ئەو تەمتومانەدا دەگەیتە دەرەوەی مەرزەکان و تای جوانی و سەفەرێک بۆ ناو یەکەم ماڵ و دواتریش بێریا لە نێو تەمتومانەکەدا دەدۆزیتەوە و لەگەڵ نەواژەنە خەمگینەکەدا دەکەویتە وتووێژ و دواتر شەڕە پرتەقاڵێ لەگەڵدا دەکەیت و بێریاش دەگەیەنیتە نێو بێزارییەکانی خۆی و لەوێدا لە هەوڵی ئەوەدای بێریا ئاشت بکەیتەوە، کە دەبوایە، ئەمە دواپەرەگرافی ئەم کتێبە بێت:

– ئینجا کە دەگەیتە قاتی چوارەم، سەیرت بەوە دێ، کە لەسەر دەرگەکەیدا نووسراوە (کتێبی مەلەکان) و بەڵام کە دەچیتە ژوورەوە، دنیایەکی تازە دەبینی، کە لە یەکەم ژوور و هۆبەدا باسێکت بۆ لە کەوتن دەکەن و شتە بچووکە بچووکەکانت پێ دەناسێنن و دواتریش فێرە گەمەی هەڵگرتنەوەی جریوەت دەکەن و لەگەڵ سڵاوی باڵندان، هەر بۆیەش ناچاری سەفەری بوخارا دەبیت و دوای گەڕانەوەت باس لە دیارییەکانی ئەو سەفەرەت دەکەیت و بە دوای مەحاڵیشدا دەگەڕێی، بۆ ئەوەی بگەیتە قاتی پێنجەم.



-چونکە زۆر زووتر دەزانی لەبەر دەگەی دواقاڵدرمەکانی ئەو قاتەدا نووسراوە (کتێبی زینەتی مەیفرۆش) و دەتەوێ لەوێ پشوویەک بدەیت و بە ویستی خۆیشت بخۆیتەوە و لە یەکەمین ژووریشدا خەیاڵی ئەوە بکەی، کە دوای ئەو کات و ساتەش هێشتان زرینگەی شووشەکان دوور دوور دەڕوات و بەوەش دەگەیتە ماندووبوونێکی ئەبەدی و لەبەر پەنجەرەیەکەوە و لەبەر خۆیشت باس لە ئەگەری هاتنەوە و رابردوو و خەیاڵ و نووسراوی سەرقاپەکان و تا ئەبەدیش دەکەیتەوە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگەیتە قاتی شەشەم، کە زۆر باش لەوە نەگەیشتووی.

قاتی پێنجەمت بڕیوە و لەبەر دەرگەی قاتی شەشەمدا وەستاوی.

-کە سەر بەرز دەکەیتەوە، دەبینی، لێی نووسراوە (کتێبی شکانی زیو) و هەر بەوەش دەزانی، ئەمە شەشەمین قاتی کۆتایی ئەو باڵەخانەیەیە، کە بە دواوێستگەی نیوەی یەکەمی ئەو دیوانەشیعرە دەناسرێ، کە تەنها چارەگێکی لاپەڕەکانی داگیر کردووە و لەوێ بە هەموو حەز و خولیایەک شاد دەبیت و لە یەکەمین هۆبەیدا.

کچانی باخی (ئیرەم)ـت پێ دەناسێنن، کە زووتر ناخیان داگیر کردووی و دواتریش لە هۆبەکانی دیکەدا، بە یەکەوە مەلە دەکەن و دواتر بە (سارا)ی رۆح ئاشنا دەبیت و لە پرۆسەی ونبوون و جوانی و ترسیش، دەتانخەنە بەردەمی کۆمەڵێک پرسیاری سەیر و سۆبەتی بێ وەڵام، کە خوێنەری زیرەک دەتوانێ خۆی بە دوای وەڵامەکاندا بگەڕێ.

***شیعرەکانی دیکە:**

مەبەستم بوو شیعری کتێبەکان وەکو خۆی بناسێنم، بەڵام ئەوەی دەکەوێتە بەشی دووەم، بە لاپەڕە، ژمارەیەکی زۆرتریان داگیر کردووە، دەرفەتی ئەوەیان بەرناکەوێ بە هەمان شێوە بیانناسێنم، بەوەی لە لایەک، زۆر دوور نین لە ئەزموونە شیعرییە ئاساییە ناسراوەکەی دەشتی و لە لایەکی دیکەشەوە، دەرفەت و پانتاییەکی گەلێ زۆریشیان گەرەکە، بۆیە بە خێرایی بە سەریاندا ڕادەبوورم.

1- (باخەوانەکانی زەوی) چل لاپەڕەی گرتووەتە خۆی و لە پەنجا پەرەگرافی جیاجیای زۆر جوانی شیعری سەردەمییانەش پێک هاتووە.

2- (وەک ئاوێکی تەنک سادە) سیوحەوت لاپەڕەی داگیر کردووە؛ بە سیوحەوت پەرەگرافە شیعریلەی کورت.

3- (قسەی عاشقان) هەشت لاپەڕەیە، لەگەڵ حەوت خونچە شیعری بچووکدا.

4- (جانتا) چواردە لاپەڕە و چواردە وێنەی تەواوکەری یەکدین.

5- (بۆم کۆ ناکرێنەوە) لە دووتوێی شازدە لاپەڕە و پازدە دیمەندا خۆیمان پێشکەش دەکات.

6- (پەلکی نێو قەدی کتێبان) لە حەڤدە لاپەڕە و دیمەنی جیاجیادایە.

7- (گوڵفرۆشەکان) بیستودوو لاپەڕەی خشت و بیستودوو وێنەی شیعرین.

8- (سپی، هەمیشە سپیپۆش) کە دواشیعری ئەم دیوانەیە و لە دووتوێی شەش لاپەڕەدا، لەگەڵ هاوڕێی گیانی بەگیانی هەمووماندا (زیاد لادێیی) دەدوێ، کە داخی گرانم، بووەتە یەکێک لە قوربانییەکانی غوربەت و دوورەوڵاتی و دەشتییش کردوویەتییە مسکی کۆتایی ئەم دیوانەشیعرەی، کە بەبێ موجامەلە، بە یەکێک لە دیوانە سەرکەوتووەکانی دەژمێردرێت.

***بەرەو منداڵی بە جلی پاییزەوە:**

کتێبی سێیەمی دەشتی، کەساڵی رابوردوو بە چاپی گەیاندووە، بەو ناوونیشانەی سەرەوەیە و جیاوازییەکی زۆریشی لەگەڵ سەرلەبەری کتێبەکانی دیکەی و نووسینەکانیدا هەیە، بەوەی ئەگەر لە دوو کتێبەکەی دیکەیدا، بە شیعر گەڕابێتەوە قۆناغی منداڵی و لەوێشەوە بەرەو گەورەبوون و هەرزەیی و جوامێریمان ببات، ئەوا لەم کتێبەیدا، زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی، دەشتی یادەوەرییەکانی خۆیمان بۆ دەنووسێتەوە و... دەگێڕێتەوە، کە دەکرێ ببێتە پێشەکییەکی سەرجەم یادەوەرییەکانی ژیانی خۆی.

***کتێبەکە:**

لە دووتوێی بەرگێکی رەنگاوڕەنگ و سەد و هەشتاوچوار لاپەڕەی قەوارە گەورەدا، کتێبی (بەرەو منداڵی بە جلی پاییزەوە) لە لایەن دەزگەی (ئاراس)ـەوە، بە چاپکراوی کەوتووەتە بەر دەست و دیدەی هەمووومان، کە نووسەرە شاعیرەکە، دەیەوێ لە گێڕانەوەی یادەوەرییەکانیدا، باسی بناغە و ئەزموونی شیعریی خۆیمان بۆ بکات.

دابەشی کردووەتە سەر هەشت قۆناغی جیاجیای تەواوکەری یەکتری و بە خوێندنەوەی هەر هەمووشیان، دەگەیتە ئەو ڕایەی، کە دەشتی لە سەرکۆی ئەم کتێبەیدا، چەند مەبەستێکی پێکاوە، کە لە هەر هەموویان گرنگتر ئەوەیە، بە دنیای شیعری بەستاوەتەوە و لە تایبەتمەندیەتیی ئەدەبیی خۆی دانەبڕاوە، بەڵکو یادەوەرییەکانیشی کردووەتە قوربانیی ئەو تایبەتمەندبوونەی. دواتریش، کە لە خوێندنەوەی ئەو کتێبەی دەبییەوە، لەوە دەگەی، دەشتی هەرچی مەبەستی بووە دەری ببڕێ، دەری بڕیوە و بە جۆرێکیش نووسینەکانی داڕشتوون، کە هیچ کەس و لایەنێک گلەیی لێ نەکەن و بەرەنجامەکەشی بریتییە لەوەی، چۆن گەیشتووەتە پلەی ناسین و ناساندن، وەکو شاعیرێکی نێو ماڵەکەی خۆمان.

***تایبەتمەندیی ئەم یادەوەرییانە:**

کەریم دەشتی لە نووسینەوەی ئەم یادەوەرییانەیدا، هەوڵی ئەوەی داوە، وەکو (کازانتزاکیس) دەربکەوێ، بەوەی هەر هەموو ئەو نهێنییانەشی ئاشکرا کردووە، کە لە دابونەریتی نووسین و کولتووری خۆشماندا، ئاشکراکردنیان قەدەغەیە.

***بەهەرحاڵ:**

ناساندنی ئەم کتێبە، کات و ساتێکی زۆرتری گەرەکە، بۆیە، نامەوێ غەدری لێ بکەم و ڕای خێرای لە بارەوە دەربببڕم، چونکە باسی قۆناغێک دەکات، کە ئەو وەچەیەی ئێمەی جوامێر تێیدا ژیاوین و بەهەرحاڵ دەکرێ لە خێراترین پێناسەدا ئەوە بڵێم: دەشتی، لە هەر جۆرە بوار و جۆری نووسینەکانیشیدا، کۆنترۆڵ لە دەست خۆیەتی و دەزانێ چی دەنووسێ و چۆنیش دەنووسێ و بۆ کێش دەنووسێ، کە ئەوە گەورەترین نهێنیی سەرکەوتنەکانیەتی، لە نووسین و چاپکردنی کتێب، هەروەها لە کات و ساتی دەربڕینەکانیشیدا.

# ئەو تاسەیەی
# هەرگیز کۆتایی نایەت

**بوو گوستاڤسۆن**

**لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی**

**دیوانی: سکڵی ناو خۆڵەمێش، کەریم دەشتی**
**وەرگێڕانی بۆ سوێدی: ڕزگار شێخانی**
**دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاپێک- سوێد**



بوو گوستاڤسۆنن، ٦٦ ساڵە. شاعیر و ڕەخنەگرە و دکتۆرای لە ئەدەبی ئینگلیزیدا هەیە. لە فەڕەنسی و ئینگلیزییشەوە، کاری وەرگێڕان دەکات.

ئەم گوتارە، کە ناساندنی "کەریم دەشتی"یە بە خوێنەری سوێدی، مانگی ٢٠١٢/٦، لە ڕۆژنامەی Uppsala Nya Tidning بڵاو کراوەتەوە و لە ژمارەی داهاتووی گۆڤاری "کارەڤان"یش بڵاو دەبێتەوە، کە گۆڤارێکە تایبەتە بە ئەدەبی دەرەوەی ئەورووپا.

کەریم دەشتی، ساڵی ١٩٥٥ لە هەولێر، لە باشووری کوردستان (عێراق) لە دایک بووە و ئێستایش هەر لەوێ دەژی. ساڵی ١٩٨٠ یەکەم دیوانی بڵاو کردەوە و لەو کاتەوە، ١٥ دیوانی بڵاو کردووەتەوە. لە فارسییشەوە بۆ کوردی وەرگێڕان دەکات. ئێستایش بە دیوانی "سکڵی ناو خۆڵەمێش"، کە ڕزگار شێخانی بۆ سوێدی وەری گێڕاوە، لە سوێد دەناسێنرێت.

"سکڵی ناو خۆڵەمێش" سرووشی لە عیرفانی تەسەووفی و زمانی سیمبۆلیی نەریتییانەی ئەوەوە وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەیشدا هەست دەکرێ دیوانەکە زۆر مودێرنە. ئەمە سەرسووڕهێنەرە، کە شاعیرێکی هاوچەرخ، دەتوانێ بە نەریتی زێتر لە هەزار ساڵەی تەسەووفییەوە، بە شێوەیەکی ڕەسەن و دڵنیا درێژە بە




نووسین بدات. ئەو هێزەی کە هاندەر و هۆکارە، هێزی گەڕانە بە دوای خۆشەویست، یان خودادا، بەڵام ئەمە گەڕانێکە کە هەمیشە دەست پێ دەکاتەوە و هەر بۆیەیش هیچ کۆتاییەکی نییە. جۆن سوێدێنمارک لە پێشەکییەکەیدا کە دەڵێ، ئەم ٩٢ شیعرەی دیوانەکە "کۆرسێکی گۆرانیی خەتابارکردن، ئەشقێکی گۆشەگیری" پێک دەهێنن؛ زۆر ڕاستی گوتووە.

"سکڵی ناو خۆڵەمێش" باسی ئەوینێک دەکات، کە هەموو شتێک دەگۆڕێ، ئەوینێک کە لە یەک کاتدا ئێرۆتیکی، فیزیکی و ڕۆحییە. شیعرەکان ڕوویان لە "تۆ"ـیەکی فرەڕەهەند کردووە، کە دەکرێ هەم مەحبووبە و هەم "خۆشەویست"، واتە خودا بێت. ئەمە مێتودێکی باوە لە شیعری عیرفانیدا، تێیدا تاسە هەستە باڵادەستەکەیە. شیعرەکانی کەریم دەشتییش وان و زۆر جاریش ئاماژە بە شاعیرانی کلاسیکی سۆفی دەکات، بۆ نموونە بە ڕۆمی و حافز. لە شوێنێکدا دەڵێ، کە دڵی "وەک نەی کون کونە"، کە بێگومان ئاماژەیە بۆ شیعری یەکەمی "مەسنەوی"ـی ڕۆمی.

پارادۆکسەکان (دژگۆییەکان) بە بەردەوام نمە دەکەنە ناو سکڵی ناو خۆڵەمێشەوە، تێیدا ئەشق هەم وەک ئازادی و زیندانێک و هەم وەک زۆر دوورونزیک دەردەخسترێ. لە ڕاستیدا ئەشقی خودا تەنیا مەراقێکی بێهیوا و ئازارکێشانێکی ئەبەدییە. کەریم دەشتی لە زۆر شیعردا ئەو تێگەیشتنە نەریتییە عیرفانییەی لە بارەی فەنابوونی خود و توانەوە لە خودادا، دەگۆڕێ. هاوکات دانی پێدا دەنێ، کە ئەمە خەیاڵە کە پێت وا بێ، لەگەڵ خودا یەکتان گرتووە. ڕێک ئەمەیە، وزەی



خرۆشێنەر لە شیعرەکاندا دروست دەکات:
کە بخوازیت لەگەڵ خودادا یەک بگریت و
هاوکاتیش بزانی، کە ئەمە خەیاڵە.

بگەم بە تۆ ون دەبی
نەگەم بە تۆ ون دەبم
لە نێوان دوو ونبوونی ئاوا مەینەتبار
ئاسکێکم لە تەونی ڕۆژگار

گەڕانی ڕۆحی کۆششێکی بەردەوامە،
تاکە دڵنیایی ئەو لە سەرگەردانی
و تەنیایی پێک هاتووە.
"سکڵی ناو خۆڵەمێش"
بەڵگەیەکی هەژێنەرە
لە گەڕیدەیەکی ڕۆحیی
مودێرنەوە، کە بەردەوام
گومان و دڵەڕاوکێ پەلاماری
دەدەن. بۆیە کتێبەکە
شاهێدییەکی باوەڕپێکراوی وایە.
دەکرێ هەر شیعرێک وەک زیکرکردن
لەسەر ڕێگەی بەرەو "ڕەها" بخوێنرێتەوە.

من هێندە فرمێسکم ڕشتووە و گریاوم
بۆیە من لە سایەی ئەوینت هەست دەکەم
لە قوڕ نیم لە ئاوم

وەرگێڕانەکانی ڕزگار شێخانی، بە ئاواز و ڕیتم و
هەستیارن، هەست دەکرێ، کە زۆر حەز لەو تێکستانەی
وەری گێڕاون، دەکات.



کەریم دەشتی



# شێرکۆ بێکەس لەبارەی کەریم دەشتی-یەوە

بەڵێ من پێم وایە ئێستا یەکێک لە گەورەترین شاعیرەکانی کوردی ئەو سەردەمە بە بڕوای من "کەریم دەشتی"یە و کەریم دەشتی بەردەوام لە هەڵکشاندا بووە من کەم هاتنەخواوەم پێوەی بینیوە، دوای ئەوە کەریم بیرکردنەوەی شیعری قووڵە، دوای ئەوە بە یەکگرێدانەوەی منالّی و ئێستا و دوارۆژی تێدایە هەمیشە لە وێنەی تازەدا ئەیبینینەوە، بۆ نموونە ئەو چەندجار باسی رابوردووی خۆی ئەکات، بەڵام هیچ جارێکیان لەوەی تر ناچێت، لە شیعرەکانیدا جگە لەوە وێنەی شیعری زۆر بە هێزی هەیە و مامەڵەی سەیر لەگەڵ مەسەلەی میسیولۆژیا و ئەفسانە شیعری دراما ئەکات، کەم شاعیر هەیە بتوانێ، یان



ئەو دەسەڵاتەی هەیە، کەریم بە هێواشی کاری کردووە، واتە پەلەی نەکردووە و جگە لەوەش نووسەرێکی فرە بەهرەیە، بەڵێ تاقەتی زۆرە و بۆ نموونە لە هەمان کاتیشدا خەریکی هەندێ نۆڤلێتە، یان چیرۆکە لەملاوە وەرگێڕانیش دەکات کاری باشی وەرگێڕاوە، ئەوەی مەسیح ئەوەشی بڵاوکردەوە ئەوەش کارێکی گەورەیە تاقەتی هەیە جگە لەوەش با بڵێین زمان رەزیل ناکات، وا لەزمان ناکات بێتاقەتمان بکات بەو مانایە کە زمان خۆشەویست دەکات لامان، ماوەیەکە سێ شاعیر کە هاوتەمەنی یەکتری بوون —دڵشاد عەبدوڵڵا، کەریم دەشتی، جەلال بەرزنجی، بێگومان ئەوانیش قەسیدەی جوان و شیعری جوانیان هەیە، دڵشاد لە شاعیرە وردەکانە، ئەویش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە شتە نهێنییەکان زۆر ئەگرێ، شتە پەنهانەکان ئەدۆزێتەوە، ئەزموونەکانی با بڵێین ئەو سێ کەسە لەیەک شوێنەوە هاتوون، بەڵام هەریەکەی رەنگ و ئاسۆی بیرکردنەوەی خۆی هەیە، هەڵبەتە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکیتر ئەگۆڕێ، چونکە مەسەلەی شیعر بە تەنها ئەم شتانە نییە کە من باسیان دەکەم، جۆری چێژ لێ وەرگرتنە هی وا هەیە چێژ لەو شاعیرە وەرئەگرێت، مەسەلەکە شتێکی رێژەییە، بەڵام من ئەتوانم بڵێم ئەگەر چەند شاعیرێکی باشمان هەبێ یەکێک لەو شاعیرە باشانە کەریم دەشتییە، من وا ئەزانم ئەو یەکێکە لە شاعیرە داهێنەرە باشەکانمان بەهرەیەکی گەورەی هەیە یەکێکە لەوانەی تەقینەوەی جوانی هەیە...



**شێرکۆ بێکەس و کەریم دەشتی**

***کتێبی 955 دەقیقە لەگەڵ "شێرکۆ بێکەس"دا، ل184-183 مەڤپەیڤینی شێرزاد هەینی.**



# قەرەنی جەمیل
## لە بارەی
## کەریم دەشتییەوە

زیندووکردنەوەی زەمەنە ونەکانی ڕابردوو، بە تەڕی، لە نێو ئەو زەمەنە ئەو بابەتە شیعرییانە هەڵدەبژێرێت، کە هەمیشە بە ئاواتی ئەوە بوو ئێستای شاعیریی تێدا بژیابایە، دێت بە شێوەییێکی هاوکات بە ریتمێکی نوێ و مۆسیقاییێکی کلاسیکئامێز، نۆستالژیایی، بە ستایلێکی کۆنکرێت پڕ لە وردەکاری وەک چنینی مافوورێکی هەمەڕەنگ و هەمە نەخش دایدەڕێژێت. دەشتی لە نێو واقیعێکی جەنجاڵ و ئاڵۆزی وەک ئیمڕۆ شیعر دەهێنێتەوە سەر ڕێچکەیەکی باریک، زۆر باریک، ڕێچکەیەکی چۆل، کە پێویست ناکات ئاوڕ لە دواوەش بداتەوە بە نیازی ئاوەدانی، تەنیا خۆی لە خەیاڵ و ئەندێشەکانیدا پێیدا دەڕوات. بابەتی هەمیشە زیندوو، بێ زەمەنێکی دیارکراو، بێ ڕتووشی فەرهەنگی و بێ زۆر لە خۆکردنی مۆدێرنیزمانە، مۆدێرنە و کاریگەریی خۆی لەسەر مرۆڤ دەخوڵقێنێ



و ئاسەواری ئێستێتیکی لە زەینی خوێنەر وەک بریسکەی چرا، بەجێدێڵێ. کەریم دەشتی بە پێداویستییەکی رۆحی شیعر دەنووسێت، بۆیە ئازادییەکی ڕەها لە چەمکی نووسین، لە دەربڕینی هەستکردن بە بابەت و تایبەتمەندیی وشە و زاراوە شیعرییەکانی دەبیندرێت. هەمیشە بە وردی ئاگاداری سیفاتی شیعری بەرزە، دەزانێت چۆن نەمری بدات بە شیعر، پرۆسەی نووسینی شیعر دەبەستێتەوە بە مێژووی شیعر خۆی لە کوردستان، زنجیرەیەکی دانەبڕاوە، لە هەمان کاتیش کوڕی قۆناغی خۆیەتی، ئەمەش وەک بنەمای کۆنکرێتیی شاعیر لە قۆناغێکی وەک ئیمڕۆ، کە شیعر لە قەیرانێکی ترسناکدار دایە، زۆر گرینگە، لێرەدا کە شیعری دەشتی دەخوێنیتەوە ترووسکەی هیوایەکی زیندوو بە شیعر، دروست دەبێتەوە.

شیعر بەهرەی خەیاڵە و شاعیریش هەمیشە هەوڵی بەسیمبۆلدارکردنی خود دەدات لە نێویدا، بۆیە دەشتی ئەو شێوە دارشتنەی شیعری دادەهێنێ، کە ئەنجامی کەسایەتی و بیرکردنەوەیەکی قووڵی واقیعی دەروونی و دەرککردنی ئەو هەستانەن، کە لە ناخی هەمووماندا نووستووە، ئەو دێت بەئاگایان دێنێتەوە.



**کەریم دەشتی و قەرەنی جەمیل**



# کەریم دەشتی و چەند سەرەنجێك

**سەلاح عومەر**

شیعری جوان و خەیاڵی بەرفراوان، زمانی شیعری و تەکنیک و کەرەستەی شیعری جوانی دەوێ. کەریم دەشتی یەکێکە لەو شاعیرانەی هەر لە سەرەتاوە بە جوانی شیعر دەنووسێ و کەرستەی شیعری و خەیاڵ و زمانێکی پاراوی هەیە بۆ دەربڕین، بە کەمترین وشە مەبەستەکانی دەگەیەنێ، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا قووڵتر بیردەکاتەوە و جۆرێک لە فیکر و فەلسەفەی عیرفانی بەبەر وشەکانیدا دەکات، کە تێکەڵەیەکە لە هزری رۆژانە و روئیای فرەلایەن.

ئەو سوود لە هونەری دەربڕین وەردەگرێ بۆ گەیاندنی ناوەڕۆکێکی فەلسەفییانەی پەیوەست بە دنیا و سروشت و زەوی و ئاسمان، بە ڕستەی کورت بە خەیاڵێکی خەست و زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ خوێنەری خۆی دەکات، وا لە خوێنەر دەکات بە دوای مانا شاراوەکانی ئەودیوو وشەکاندا بگەڕێ، وەک هیچ شاعیرێکی کوردی دیکە نانووسێ و ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە، خۆێنەری ئاسایی کورت بین ناتوانێ تێی بگات، ئەگەر چەکدار نەبێ بە رۆشنبیرییەکی هەمەلایەن.

ئەو نەوەی جیلێکە خاوەن رۆشنبیری و روئییایەکی تایبەت بە خۆیەتی، دوور لە ڕستەی درێژ پەخشانی، کۆپلە شیعرە کورتەکانی تۆکمە بونیاد دەکات و کۆڵەگەی ساختمانی شیعری خۆی پێ قایم دەکات، ئەگەرچی ئەو وەک شاعیر ناسراوە، بەڵام لە نووسینی نۆڤلێت و لێکۆڵینەوە و وتاری رۆشنبیری و فەلسەفی و پەیوەندیی نێوان ئەدەب و فیکر توانیویەتی پێگەیەک بۆخۆی لەناو پانتایی بزووتنەوەی رۆشنبیریی کوردی بکاتەوە، لە وەرگێڕان و وتارەکانی لە هەڵبژاردنی ئەو کتێبانەی وەریان دەگێڕێ شارەزایە و لە ڕۆمانی وەک رەگەکان و گەشت بەرەو رۆژهەلات ئەمە بە چاکی دەردەکەوێ، نۆڤلێتی (کەمتیار) یەکێکە لەو نۆفلێتانەی جوان نووسراوە، زمانێکی شیعریی چڕی هەیە، زمانەکەی بێ گرێوگۆڵە، تەکنیکی هونەریی چاکی تێدا بەکارهاتووە، کە شایەنی پتر لە خوێندنەوەیەکە.

# جوانی..
# لە باوەشی دەشتیدا شیرینە



**تەلعەت تاهیر**

(جوانیم لەسەر ڕانم دانا، بینیم تاڵ بوو!) ئەمە دێڕە شیعرێکی شاعیری فەڕەنسی ئارتۆر رامبۆیە لە قەسیدەی (وەرزێک لە دۆزەخ)، بەو مانایەی جوانی چەندی دوورەدەست بێت وماڵی نەکرێت شیرینترە، جوانی لە شتە نادیار و نەناسراوەکانە، نەک لە شتە زانراو و باوەکان. کەچی ئەو لێکدژییەی سەرقاڵی کردووم ئەوەیە کاتێک کەریم دەشتی شتە ناسراوەکانیش لە شیعردا بەکار دێنێت دەتوانێت، بە بۆڕییەکی ئیستاتیکیانەیاندا ببات و بیانکاتە هونەر. هەمیشە شاعیرێک هەیە لە زادەی ئەفسانەکانە، شاعیرێک لەو شاعیرانە کەریم دەشتییە. دەشتی وێڕای ئەوەی لە سیساڵی رابردوودا دەنگێکی شیعریی هەمیشە تازەگەر و نوێخواز بووە، هەمیشەش ئەڵقەی ئاوێتەکەری هەقایەتە کۆنەکان و دنیابینیی سەردەمەکەی بووە، لە تێکەڵکردنی نێوان قوڵایی ئەفسانەکان و شتە وردەکانی رۆژانەدا هونەری بەرهەم هێناوە. ئەزموونی شیعریی دەشتی چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، لەوانە گرنگیدان بە دۆزینەوە و بەکارهێنانی زمانێک، کە لە زاکیرەی ئێمەدا سەنگینە، لای دەشتی وشە تەمەنداره، وشە چەشنی شەراب چەندی لای شاعیر بمێنێتەوە تامدارترە.

دەشتی لە شیعرەدا کۆن و نوێ، هیقایەتەکان و ژیانی رۆژانە، ئەفسانە و واقیع، خەیاڵ و بەهرە ئاوێتە دەکات. لە دەمێکدا لەگەڵ پیاتریس لە پەنجەرەی فیردەوسی کۆمیدیای خواوەندی ئەلیجێری دانتییەوە سەیری دۆزەخی واقیع دەکەین، لە دەمێکی تردا لەگەڵ باخۆسی خواوەندی مەی، مەست دەبین و هێندە بە مێژوو و دنیای فانی پێدەکەنین تا گازەرەی پشتمان دێشێ! دەشتی فێرمان دەکات، کە کورتیی تەمەن هەموو شتەکان جوان دەکات، لەم گەشتە کورتەی ژیاندا جیاوازی نامێنێ لە نێوان تەشەرێک و سوپاسێک، لە نێوان درەختێک و عەموودێکی کارەبا، مەوداکان دەسڕێنەوە، شێروخەتی منداڵەکان هەمان دامەکردنی پیرەمێردەکانە. لێرەوە شاعیر دەگاتە ئەو بڕوایەی، کە جوانی هەموو شەڕەکان دەباتەوە. دوای سی ساڵ لە شەونخوونی کەریم دەشتی لە پێناو بەهاکانی شیعر و جوانخوازی وەختی ئەوە هاتووە ئەو بەهرەمەندە لە شوێنی شیاوی خۆی دابنرێت و سوپاسی شاعیربوونی بکەین و پێی بڵێین:
جوانی لە ئامێزی تۆدا شیرینە.



# تاشینی شیعر
# و
# وشە ڕەنگکردن

**شوکر سەعید**

نووسین بە ڕۆحێکی شێوەکاریانە و وێنەدارکردن و ڕەنگکردنی ڕستە و وشەکان، تایبەتمەندییەکی گرینگی بەرهەمەکانی کەریم دەشتی شاعیرن. ئەو لە هەوڵی ئەوەدایە، کە تەنها بە دەربڕینێکی ئەدەبییانەی وشک مانا بە بەرهەمەکانی نەبەخشێت، بەڵکو هەوڵی ئەوە دەدات، کە لە کاتی خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی دیمەنی شێوەکاری وێنەدار و مانا بەخش لای خوێنەرەکانی دروست بکات. وەک چۆن شێوەکارێک وشە بۆ شێوە هونەرییەکانی دەدۆزێتەوە و دەیەوێت لە ڕێگەی نووسین و قسەکردنەوە باس لە بابەت و فۆرم و ناوەڕۆکی بابەتە هونەرییەکانی بکات، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم هونەرمەندە شێوەکارە



شاعیر هەوڵی ئەوە دەدات، کە لە ڕێگەی نووسینەوە دیمەنەکان بکاتە شێوە و گوزارشت لە بیرۆکە ئەدەبییەکانی بکات، هەر بۆیە لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکانیدا من وەک شێوەکارێک شێوە و ناوەڕۆک لە نێو نووسینەکانی شاعیر دەبینم، هەست بەو ماندووبوونە دەکەم، کە شاعیر داویەتی بۆ تاشینی شیعرەکانی، لە هەمان کاتدا ڕەنگاوڕەنگکردنی وشەکان. ئەو دەربڕینە مرۆڤدۆستانەیەی کە شاعیر لە شیعرەکانیدا فۆرمەلەی دەکا وا لە تێکستەکانی دەکات کە زیندوو بمێننەوە و هەمیشە خوێنەر دەتوانێت لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی بڕوانێت و خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکات. ئەمە دیاردەیەکی باوە کە هونەرەکان بە گشتی کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە و لە زۆر حاڵەتیشدا تەواوکەری یەکترین، هەر بۆیە من وا دەبینم، کە شاعیر لە ژێر ڕۆشنایی ئەم باوەڕە بەردەوام هەوڵی بەرجەستەکردنی فۆرمێکی شێوەکاریانەی مانا بەخش دەدات لە نێو شیعرەکانیدا.

شاعیری ئاسایی خەمی گەورەی تەنها ئەوەیە، کە کۆمەڵێ دیوانە شیعری زۆر بڵاو



چاپکراوانەی بێمانا و مەبەستیش بێت، بەڵام خەمی شاعیری ڕاستەقینە بە دوای مانا بەخشین وێڵە بەرامبەر ئەم هەموو شتە بێمانایانەی ژیان، کە بوونی مرۆڤی شێواندووە، ئەو لە هەوڵی دۆزینەوە و بەرجەستەکردنی شێوە و ناوەڕۆکی نوێ دایە بە شێوازێکی سەردەمیانە، بۆیە لە خوێندنەوەی شیعری ڕاستەقینەدا هەست بە بوونی مانایەکی شاراوە دەکەین، دۆزینەوەی ئەم مانا شاراوانەش لە شیعرەکانی کەریم دەشتیدا سانا تر هەستی پێ دەکرێت، چونکە شاعیر شێوەی بۆ وشەکان تاشیوە و ڕەنگی پرژاندووەتە سەر ڕستەکانی. باوەشکردنەوەی شاعیر بە هونەری شێوەکاری و پەنابردنە بەر کێشانی سکێچ بە وشە و نووسین لەسەر پانتایی کاغەزی کتێبەکانی کۆمەڵێ پرسیاری جدی هونەری و دەروونی و فەلسەفی دەوروژێنێت، کە هەر یەکێ بەرهەمەکانی شاعیر بە وردی بخوێنێتەوە درک بەو حاڵەتە ڕاراییە دەکات کە شاعیر بەردەوام لە نێویدا دەژیێت و لە ڕێی بەرهەمهێنانی شیعرەوە هەوڵی دەربازبوون دەدات، هەر ئەم ڕاراییە وا لە مرۆڤ دەکات، کە هەمیشە بە دوای مانای جیاواز بگەڕێت لە نێو بوونی خۆی وەک شاعیر و هونەرمەند، واتا بە گومانەوە بیر لە بەرهەمەکان بکەینەوە و هەمیشە هەوڵی گەیشتن بدەین بە بەرهەمێکی باشتر. بە چاوخشاندنێکی خێرا بە سەرجەمی ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی شاعیر دەزانین مەبەستی ئەو تەنها وشە ڕێکخستن و بریقەدارکردنی بابەتەکان نییە، بەڵکو ئامانج و پەیامێکی هەیە لە هەر یەکێک لە شعرەکانی بە گوێرەی کات و شوێن هەوڵی دەربڕینی دەدات.

**کەریم دەشتی**



# چەند سەرەقەڵەمێ
# لە بارەی ڕۆژانی مناڵیمەوە

**کەریم دەشتی**

ئێستێشی لەگەڵدا بێ، سەرچاوەی ئەشق بە ڕابردوو کوێر نەبووەتەوە، پێشم وا نییە وەها زوو مرۆڤ دەستبەرداری خەزنەی ڕابردووەکانی خۆی بێ. مەرج نییە ڕابردووەکان شیرین بن تا خەڵکی هێندە عەوداڵیان بێت، بەڵام داهاتووەکانی مرۆڤ وا دەکات کەڵکەڵەی گەڕانەوە بۆ ئەو ڕابردووانە هێندە بە گوڕ بێت. لە جیهانی هەر نووسەرێکدا منداڵی وەک لەشکرێکی پڕ جوانی رووپەرێکی گەورە داگیر دەکات، زۆر جاران نووسینەوەی ئەو هێرشەی منداڵی، دەقێکی لەززەتبەخش دادەهێنێ. شتەکانی منداڵی هەمووی سادە و ساکارن، بەڵام لە قووڵاییدا کاری خۆیان دەکەن و ئاسەواریان لە ناو پانتایی ئێستاکاندا وە دیار دەکەوێ.





ئەم چەند شتانەی من نووسیومن، بەشێکی زۆر بچووکی ئەو دونیا سیحراوییەی منداڵیی خۆمن، ناخی مرۆڤیش زیاتر بەوە دەکرێتەوە، کە ئەوانی دیکە لێی بخۆنەوە، ئەگینا لە گۆشەگیریدا ماناکانی ژیانی دەمرێ، بەڵام ئەگەر باباێکی دیکەش بیبیستێ دەها باشتر. لەو ژیانەدا ئازارەکان زۆریان هاوچەشن و هاوئاوازن.

وەک دایکم هەموو جارێک بۆم دەگێڕێتەوە، دونیا هێندە بەرفراوان نەبوو، ئاسمان هێندە پڕ دووکەڵ نەبوو، بەڵکو گوندێکی تەواو بچووک بووە، پەیوەندییەکان سادە و ساکار بوون، کۆڵانەکان تژی ئەڤین بوون، ژوورەکان پڕ لە سەفا و وەفا بوون، قسەی دایکانیش هەمیشە و تا ئەبەد لە ناو ڕەحمی ئەفسانەکانەوە هەڵدەچێ و جۆرێک لە قوماشی قودسییەت لەبەر دەکات.من پڕزیرەترین منداڵەکانی ئەو بوویمە و جار جارە هێندەم لێ پەست بووە، لە رقان منی فڕێ داوەتە بەر پرووشەی باران و خوشکەکانم دەگێڕنەوە، دەڵێن ئەوکات لە هەموو دەمێک جوانتر دەبووی، چونکە کە باران لە دەموچاوتی دەدا، بە دەست و قاچ لە جووڵەیێکی سەیردا دەبووی بە تەماتە، کەواتە باران یەکەم هاوڕێ و میوانی من بووە لە ژیاندا، ئای ئێستێکە من چەند لەگەڵ باراندا دۆستم، چۆن چۆنی دەمگەڕێنێتەوە منداڵی. بەهەرحاڵ، من مایەی هیلاکییەکی زۆری دایکم بوویمە، هەڵبەت پاییزێکی درەنگوەختیش گێژەڵووکە خۆی دەکرد بە ژووری ساردوسڕی ماڵەکەماندا، کە





ئێستا ئەوەندە دڵم بە پاییز دەکرێتەوە، ڕەنگە هیی ئەوە بێ لەگەڵ لەدایکبوونمدا با چووەتە ناو موخی ئێسقانەکانمەوە؛ هەمیشە زەنگێکم بەرەو رابردوو بۆ لێ دەدات.

زۆر جاران بیر دەکەمەوە، کە منداڵیەتیی ئێمەمانان چەمکێکی جیاوازی هەیە دەگەڵ منداڵیەتیی دنیا و نەوەکانی ئێستامان، بەوەی کە هەرگیز وەک چۆن ئێستا بۆ منداڵان بیر دەکرێتەوە، بۆ ئێمەمانان بیر نەکراوەتەوە و وا نەبووە. دنیای منداڵیەتیی ئێمە، دنیایێکی خوڵەمێشی بووە، وەکو ئێستا ڕەنگاوڕەنگ نەبووە، ئامانجی منداڵبوون بەوەی، کە نەبڕانەوەی نەسل و میراتگری بووە، بۆ نەبڕانەوەی نەسلیش هێندە بە خەم نەبوون، ئەوەندەی لە پشتی میراتەوە کاریان کردووە، بەهەحاڵ، من دەمەوێ باسی منداڵیەتیی خۆم بکەم: خوایە کارێکی چەند دژوارە، تاکە شتێکە درۆ قبووڵ ناکات، ژیانیش بێ درۆی شیرین دژوارە...

(لایلا کوڕم لایلایێ

ئاخر لۆ خەوت نایێ

رووقەندی قەندەهارێ
بنوو هەتا بەهارێ)
ئەمە لاوانەوەی دایکم بووە بۆ من، هەڵبەت زۆر جاران کە ئەوەشی دەگێڕایەوە، دەیگوت تۆمان بردبووە ئەو ژوورەی دوور بوو لە حوجرەی باوکت، کە پێشتر شوێنی دەواران بووە. هەڵبەت زۆربەی دایکانی کورد کە کوڕەکانیان دەلاواندەوە، وردە وردە فرمێسکی یادەوەرەییشیان دادەباراند و دەگەڕانەوە ناو دنیای جاری جارانیان و رابردووی خۆیان بیر دەهاتەوە، چونکە بێئەسەر نییە، ئێستاشی دەگەڵدا بێ، لە هەر شوێنێ لایلاولاوانە بۆ منداڵ بکرێ، فرمێسک جێ بە بزە چۆڵ دەکا؛ هەمان ئەو دڵۆپە فرمێسکانە ئارامی بە دایکان دەبەخش.
منداڵیی من، لە ناو گێژاوی رۆژگار و سەختەندازیدا، بە ئاستەم دیار دەدا، وەک تاوسێکی خێرا و تیژپەڕ بوو، کە بەرەو دۆڵەکان بچێ و لە ناو تەمێکی خەستدا




ون ببێ ئاوایە، بەم پێیە من تەنها لە دوور دوورەوە ئەم سیمایە دەبینم و لێم بە دوور دەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی من کە باوکم کۆچی کردووە، ئەوەندە بچووک بوویمە، تا ئێستا ناتوانم رووخساری باوکم بهێنمە بەرچاو. لەو بچووکییەوەش بینیبێتم ئەوە ئاسەواری لە ناو مێشک و زەینمدا نەماوە، کە کەوتوومەتە سەر پێیەکانیشم، تەنها دایکم و سێ خوشک و چوار برام بینیوە، هەندێکیان بچووک بوون، تەنها برا گەورەکەم نەبێ، کە لە دەوری هەرزکاری بوو. ئەگەر دایکم نەبا هەرگیز ئەو پیاوە نەدەبووم، وەک ئافرەتێکی هەڵۆ باڵی پڕ لە سۆزی بە سەر ئێمەی منداڵدا داهێناوە، سەرەڕای هەموو سەختییەکی ژیان، ئێمەی یەکەیەکە لە پردە دژوارەکانی ژیاندا پەڕاندووەتەوە، بۆیە هیچ شتێکی خۆشی منداڵیەتیم پێ نییە بیگێڕمەوە، ئەوە نەبێ کە منداڵیی خۆی لە خۆیدا خەونێکە خۆش، هیچ شتێکم نەبووە وەک منداڵانی دنیا پێیەوە خافڵابووبێتم، هەمیشە لە ناو جلێکی هەژارانەوە پێخاوەست بوویمە، کۆڵانەکەمان لە هەولێر هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی لافاودا بووە، جۆگەلەئاوێکی هێجگار پیس و پڕ لە زبڵ و سیاناوی لە ناوەندی کۆڵاندا بوو.
سەیرە، من هەمیشە لە کەناری ئەو جۆگەلەیەدا یاریم کردەوە، کە ملیارد ڤایرۆسی تێدا بووە، تۆپێکم نەبوو، دایکم بە پەڕۆ بۆی دروست دەکردم، قوناغی سەرەتاییم نیوە لە سەر ئەو جۆگەلەیە و نیوەش لە قوتابخانەی هەولێری سەرەتایی بە سەر بردوە و تەواو کردووە. من زۆر زوو چوومەتە خوێندن، پاشان



گوازراینەوە بۆ قوتابخانەی (مەولەوی) کە ئەودەم دەوامەکەی دیکە، قوتابخانەی (مستەوفی) بوو. لە بیرمە، لە ساڵۆنی قوتابخانەکەماندا وێنەیێکی گەورەی مەولەوی کرابوو، لە سەر دار نەخشێنرابوو، بەڕاستی هەمیشە بە دیار ئەو وێنەوە دەوەستام و بیرم لێ دەکردەوە، بۆیە ئێستا وێنەی مەولەوی لە ناو زەینمدا بۆ ئەبەد ناسڕێتەوە، هەروەها کە ئێمە لە دەوام بەر دەبووین، قوتابییانی (مستەوفی) بە هەموو هێزیانەوە هاواریان دەکرد: (مەولەوی بەوەی وەبی!) کە ئەوانیش تەواو دەبوون، ئێمە هاوارمان دەکرد: (مستۆفی کەرەکەت تۆپی!) ئیدی دەبوو بە هەڵلا، ئێستێکەش قیژە و هاواری منداڵانم لە گوێدا دەزرینگێتەوە، خودایە ئەوە چ قیامەتێک بوو؟ خودایە ئەوە چ لەززەتێک بوو کە هیچ فیلمێکی ئێستای دونیا هێندە زاکیرەم تیژ ناکاتەوە.

گەورەترین زبڵخانەی مێژوو لە گەڕەکی تەیراوە بوو، کە هەرچیی زبڵ و پاشماوەی پیسی و خواردن و پوخڵیی شاری هەولێر بوو، لەو کەندەدا روویان دەکرد، کەندێکی گەورەی قووڵ بوو، ئێمە لە منداڵی ناومان نابوو، کەندی قووشە شێتی. لەتەک جادەکەی سی مەتری بوو، نزیک مزگەوتی حاجی عەبدوڵڵا، کەچی ئێمەی منداڵ کاتێک بەرەو ئەو زبڵدانە دەچووین، وەک ئەوە وا بوو، کە بەرەو یوتیبێکی گەورە بچین، بەرەو باخێکی رەنگاوڕەنگ بچین. سەیر ئەوە بوو پێخواست بووین، رەنگە یەک ملیارد شووشەی شکاویشی تێدا بووبێ. زبڵخانەیێکی هێندە گەورە بوو، کە دەچووینە ناویەوە، تەنها بۆ نیوەڕۆ لێی دەبووینەوە، ئیدی بە دڵخۆشی دەگەڕاینەوە ماڵەوە، نازانم چیمان لەو زبڵدانە دابوو؟ چیمان دەست دەکەوت؟ هێندە عەوداڵی ئەو شوێنە پیسە بووین؟ کابراییێکی زبڵڕێژیش هەبوو، ناوی عەوڵا پۆخچی بوو، ئێمە پێمان دەگوت (زبۆ)، کاری ئەو پیاوە پاککردنەوەی تەوالێتەکان بوو و هەر لەو زبڵخانەیە هەڵی دەڕشت.

لە منداڵیدا شتێکم وە بیر



کەریم دەشتی




منداڵانەی خۆمان بڕیارمان دا شار بەجێ بهێڵین و ڕوو بکەینە ناو شاخان، ئەوکات هەولێر زۆر چۆڵ بوو، بە هەمان ئەو کەسانەیان دەگوت، ئەشقیا، کە لە دژی ڕژێمی ئەوسا ڕوویان لە شاخ دەکرد، یاخود دەیانگوت چووینە ناو کۆمەرەی، ئیدی بە ڕێ کەوتین، تا گەیشتینە ناعوری زەمینێکی کشتوکاڵییەوە، زۆر چۆڵ بوو، بۆ ماوەیەک ماینەوە، ئێوارە داهات، بە ناچاری گەڕاینەوە، گوایە شارمان جێ هێشتووە، ئیدی ئەشقیاکان گەڕاینەوە شار، کە هەرگیز نەچووبووینە دەرەوە.

من هەر لە منداڵییەوە هاودەمی گۆڕستان بوویم، چونکە گۆڕستانێکی گەورە بە ناوی قەبرستانی "مەلا ڕەشید" لە نزیک ماڵی ئێمە بوو. چەندین بەهاری عومری منداڵیەتیم لەو قەبرستانەدا بە سەر بردووە. هەر بۆیەش قەبرستانەکانم خۆش دەوێن، وەک بڵێی لە مێژە هاوڕێمن و هاوسۆزییێکی زۆرم لەگەڵیاندا هەیە، هیچ نووسینێکی سەر کێلی ئەو گۆڕستانە نییە من نەمخوێندبنەوە. لەم گۆڕستانەدا دوو گومەز هەبوون، کە بە چەندین دارودرەختی چڕەوە دەورە درابوون، ئاوبارێکی خۆشی هەبوو، دارتوییێکی زلی لێ بوو، لە ژێر سێبەری ئەو درەختانەوە دادەنیشتن. خۆشترین ڕۆژانی ژیانی منداڵیەتیی خۆم بە سەر بردووە. ئێمە پێمان وا بوو کە شوێنی وا خۆش لە سەر زەویدا نییە، هەر لە نزیک ئەو گومەزانەوە چەندین کووپەی گەورە گەورەی سەر بە قەوزەی کەسک هەبوون، کە بۆ چەندین ساڵ لەمەوپێش دەگەڕانەوە، ئاومان تێدا دەخواردەوە؛ ئای لەو ئاوە شیرینە! ئای کە ئاوێکی شیرین و خۆش دێتەوە، تەزوویێکی خۆش دەدا بە گیانم، ئەویش ئەو ڕۆژانە بوو، کە نمایشی سەربازی دەبوو لە ئۆردووی هەولێر. ئەوکاتە بە سەربازگەیان دەگوت ئۆردی، هەڵبەت وەکو ئێستا ترسناک نەبوو، خەڵک بۆ سەیران دەچوونە ناو ئۆردی و کەس پەیوەندیی بە ئێمەوە نەبوو، یاخود ماڵە هەژارەکان بۆ کۆکردنەوەی سەموون و خواردن دەچوونە ناو ئۆردی. ئیدی لەوێ نمایشی سەربازی خۆش خۆش ئەنجام دەدرا، ئەوکات ئۆردی لە دەرەوەی هەولێر بوو، وەک بەهارستانێک وا بوو، بەڵام داخی گرانم، کە گەورە بووم خوێنی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی خۆم بینی، چۆن لەو بەهارستانەدا هەڵدەڕژا و بە سەرە لەسێدارەیان دەدان. ڕۆژێکیان هەموو منداڵانی گەڕەک کۆ بووینەوە: (نایف تیوتیو، جەوهەر، پوتە، قەللاج، ڕەوفە درێژ، عەبدوڵڵا سلێمان، وەلید زارێ، تەحسینە قووت، عارفە خێل، عەلیکۆ، یاسین، سەعۆ، کامیل، سالاری کێشکەکوژ... هتد.) بە ئەقڵی



بوو، پێمان وا بوو ئەو ئاوە لە بەهەشتەوە هاتووە، ئێمە هەمیشە لەتەک ئەو کووپانەوە دادەنیشتین، ئەو گومەزانە بەوەی کە چەند گۆڕێکیان تێدا بوو، زۆر موقەدەس خۆیان دەنواند، هەمیشە لەبەر چاوی ئێمەدا وەک ئەفسانە وا بوون، کە نەماندەوێرا بچینە ژووریانەوە. بە درێژایی ماوەی منداڵیمان وەژووریان نەکەوتین، مام سەعیدیش، کە مجێوری ئەم گومەزانە بوو، یاخود زێوان بوو، ئەویش هەر پیاوێکی ئەفسانەیی بوو، پیاوێکی پیری خوداپەرست بوو، هەمیشە بە دوای ئێمە دەکەوت، نازانم بۆ ئەوەندە سایەدی ئێمە بوو. ئەم گومەزانە جێگەی زیارەتی خەڵک بوون، جێگەی گەلەکۆیی منداڵان بوو، کە ئێستێ بیری لێدەکەمەوە، تێدەگەم چەند خوش بوو خودایە، ئێمە کاتێ دادەنیشتین، (یاسین) کە هاوڕێی منداڵیم بوو، هەمیشە جگەرەی عارەبی لە باوکی دەدزی، ئێمەش بە دزییەوە دەمانکێشا، ناوەناوەش پیاوانی وەک مام برایم، کە هەمیشە دارجگەرە و شتی دیکەی لە دار دروست دەکرد و حاجی سۆر، کە تەبیبێکی میللی بوو، حەسەنە گەورە و درێژ (لە شیعرێکمدا بە ناوی غۆما باسم کردووە) هێدی هێدی دەهاتنە بەر سێبەرەکە و ئیدی کۆڕی قسە گەرم دەبوو، ئێمەش بە دیاریانەوە دادەنیشتین. مەلا سابیر پیاوێکی شەلەی قورئانخوێن بوو، ڕۆژانە خاوەنی گۆڕەکان دەهاتن و مەلا سابیریان ڕادەسپارد تا بە سەر گۆڕەکان بخوێنێ، ئیدی هیچ کاتێ ئەو کابرایەمان بەبێ خوێندن نەبینیوە... لەو سەردەمەدا، دایکم کارێکی باشی کردووە، کە هەمیشە سەری منی سفر کردووە، هەرچەند موعاناتێکی زۆرم بەو سەرە سفرەوە بینیوە، هەرکات دەچوومە ناو منداڵان، یەکسەر دەیانگوت و هاواریان دەکرد.

(کودیلەی ئاوێ باوێمە ناوێ)

یاخود:

(کەچەڵ کەچەڵ، قاقا سەری بە سماقە)

باشترین جوێنێی هەمان ئەو سەردەمەی منداڵیم، ئەو نەزمە بوو، کە تەواوی منداڵان بە کۆرس دەیانگوتەوە:

هەڵت دەگرم دات دەنێم

لە ناو جۆرکی کات دەنێم

هەتا دەمرم تێت دەنێم

یەکێ لەو شتانەی هەمیشە داخی بۆ دەخۆم ئەوەیە، کە من لە منداڵیەتی لە گەڕەکێک بووم، منداڵان جگە لە (دارلاستیک) هیچ شتێکی دیکەیان نەبوو، منیش یەک لەوان بووم، بارانبرەیێکی هێجگار زۆرم بەردباران کردووە، ئێستاش وەبیرم دەێتەوە، ئەو بارانبرانە هەموو لە ئاسمانی سەر قامیشەڵانی (مام خالَند) کە ئەویش تەبیبێکی میللی بوو- خەڵکی موکریان- پەڕی بووەوە هەولێر و ئەم قامیشەڵانەی چاندبوو، کۆ دەبوونەوە و کاتێک وەبەر گوللەبەردینی منداڵان دەکەوتن، چۆن چۆنی لەو تاقەوە سەراوسەر دەکەوتنە سەر زەوی و باڵی ڕەشی خۆیان لە تاوان پان دەکردەوە. خودایە لە منداڵان ببوورە، ئەوان گوڵی نێومەلەکوتی تۆن، ئەوان بێگوناهانە لەززەتیان لەو تراژیدیایە وەردەگرت...من نازانم بۆچی بەرائەتی منداڵی بەو هەموو پاکییەوە، هەڵگری ئەم هەموو زوڵمە بوو، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەن.

ئێمە خانوویێکمان هەبوو لە قوڕ، پەڕپووت، شەوانی هاوینان کە دەچووینە سەر بان، ئێواران زوو دەیانڕشاند، بۆنێکی هێجگار خۆش لووتی دەپژاندم، من ئەوەندە

شەیدای ئەو بۆنوبەرامەیە بووبووم، ئەمێستاش کاتێ باران یەکەم پەڵەی بەر خاک دەکەوێ، دەگەڕێمەوە ناو کیشوەری هەمان ئەو بۆنە ئەزەلییەی خاک و هەمان ئەو لەززەتە پڕ شەوقەی، کە لە سەر بانەوە هەستم پێ دەکرد، ئیدی شەو دادەهات و هەموومان بە ڕێز دەنووستین، ئەوەشم لە بیر نەچێ، هەمیشە شەربەئاوێکی سارد بە سەر لێواری ستارەوە بوو، ژیان سادە و ساکار بوو، بەر لە نووستن خۆشترین یاری من و براکانم، کە سەیری ئاسمانی شین و زیوینمان دەکرد، ئەوە بوو کە دەمانگوت:

(ئەستێرە پەنگەستێرە
ئاگرەکی باوێ ئێرە)

بەڵام ئێستاش لەوە نەگەیشتووم مەبەست لەو عورفە منداڵییە چی بوو، ئەو ئاگرە چی بوو داوامان دەکرد، پێمان وا بوو ئەگەر ئەو ئاگرە بکەوێتە سەربانی ئێمە، خانووە قوڕەکەمان دەبێتە کۆشکێکی خۆش و رووناک و رەنگاوڕەنگ و شانەشین... ئێمە وامان لێک دەدایەوە. ئەمە جگە لەوەی هەمیشە چاوەڕوانی بەیەکاچوونی هەردوو ئەستێرەی (لەیل و مەجنوون) بووین و پێمان وا بوو ئەگەر ئەودەمی، کە خۆیان لێک دەدەن، هەر دوعایێ بکەین خودا قبووڵی دەکات... ئای کە خەیاڵی خۆشی بۆ دروست دەکردین... جگە لەوەش یەکێکمان دەیگوت، ئەستێرەیەک بۆ لای چیا دەچێ، ئەوەی بیبینێتەوە، نۆرەی ئەوە پرسیار بکات، ئیدی تا خەوتن هەر ئەوە بوو، بەڵام لێتان ناشارمەوە، لە هاتوچوونی ئەو ئەستێرانە لێکدانەوەم دەیبردمە خەیاڵێکی شیرینەوە. خەیاڵێک ئەگەر ئێستاکێ هەمبێ، وەلێ بە هەمان ئەو گوڕ و قووڵییەوە داهێنانی گەورەی لێ بکەوێتەوە.

من لە منداڵیدا زۆرم حەز لە تۆپانێ بوو. هەموو ئێوارەیەک لەبەر تۆپانێ من درنگوەختان دەچوومەوە ماڵ و هەموو ئێوارەیەکیش چینەلێدانێکی باشم دەخوارد، هەڵبەتە هەر لەبەر خاتری ئەوە بوو، کە من بخوێنم، بەڵام هەمیشە بۆ ئێوارەی داهاتوو دەچوومەوە تۆپانێ، دەشمزانی کە دەچمەوە جەمێک ئازار دەخۆم.

بیرم دێ زستانێکی تووش بوو، من هەمیشە زوو دەچوومە قوتابخانە، کە دەچووم هێشتا کەسێک نەهاتبوو بۆ دەوام، رۆژێکیان کە گەیشتمە پۆلەکەی خۆم، دنیا هێجگار سارد بوو، کرێوە بوو، بینیم کەوێکی زۆر جوان هاتووەتە ناو پۆلەکەوە، ئیدی منیش کتێبەکانم تووڕ هەڵدا و دەرگەم داخست و کەوتمە دوای کەوە جوانەکەوە... هێندە بە دوای کەوتم و سووڕامەوە بە ناو رەحلەکاندا، ئیدی سەرما نەما... هێندە هیلاک و شەکەت بووم، کەوتم و کەوەکەش لە من هیلاکتر بوو، ئاخیری کەوەکە کەوتە ناو تەنەکەی زبڵەکەوە و گرتم، لە باوەشی خۆم نا، گوێم لە خورپەی دڵی دەبوو، ماوەیێکی باش دانیشتم، بیرم دێ کەوەکە زۆر بەهێز بوو، خۆی رادەتەکاند، کتێبەکانم هەڵگرت و گەڕامەوە ماڵ، کە گەیشتم، لە ناو بۆڵەبۆڵی دایکم و هاتوهاتی منداڵان خۆم کوتایە ژوورەوە و دەرگەم پێوە دا، کەوم بەرهەڵڵای ژوور کرد، بێئاگا لەوەی کە کەوەکە باڵی هەیە و دەفڕێ، هەر ئەوەندەم زانی لە شەققەی باڵی دا و لە کونێکی گەورەی سەر دەرگەدا چووە دەرەوە رامکرد و رامکرد، بەڵام بێفایدە بوو، رووەو شاخ ئاسمانی شەق دەکرد، تا لە هەتەری چاو ون بوو... ئێستاکەش دڵم لەگەڵ ئەو کەوەدا چوو و نەگەڕایەوە. , ئەو دڵەی ئێستا هەمە، هەمان ئەو دڵەی جاران نییە کە کەوەکە بردی، هەر بە یادی ئەم کەوەوە



دوای سیودوو ساڵ شیعرێکم نووسی، بە ناوی (بریقەی زیوێ) کە لە گۆڤاری رامانی ساڵی 2005دا بڵاوم کردەوە.

ئێستێش نازانم لە سۆنگەی چییەوە بوو، شەڕێکی ئاوا پڕ لە رق و تووڕەیی، لە میانی تەیراوە و منداڵانی قەڵادا رووی دەدا، کە هەموویان منداڵی ئەو شارە خەمگینە بوون، ئایا جیاوازیی شوێن بوو، جیاوازیی ئابووری بوو، یان جیاوازییێکی شاراوە، کە ئێستە دیاردەکانی بووەتە واقیعێکی سەخت، خەریکە گرفتاریمان بۆ دروست دەکات! ئەسکەندەر ناوێک، کە سەرپەرشتی تەواوی منداڵانی تەیراوەی دەکرد، بەڕاستی ئەسکەندەری مەگدۆنی بوو، لەبەر چاومە، تا نیوەی قەڵا خۆی و چەکە قورسەکەی، کە بەردەقانی بوو، هەڵدەکشا، ئیدی ئێمەش هەموومان بە دوای دەکەوتین، هێزێکی سیحراوی لە ناو جەستەی هەمان ئەو ئەسکەندەرە بوو، هەمان ئەو هێزەش وای کرد ئەسکەندەر بە گەورەیی لە شۆڕشدا شەهید بێ، ئەوانەی سەر قەڵا کاریان ئاسان بوو، هەر بەردێ هەڵیاندەگرت ئەوەندە بەس بوو لە دەست رەهای بکەن، ئیدی وەک بارانی بەهار دادەبەزێتە سەرمان، لە هەموو شەڕەکان ئێمە بە ناچار بەزیو بووین، خودایە زۆر دەترسم بە گەورەییش لە حاڵی حازر لە بەرامبەر ئەو سیحرەدا هەر ببەزین. ئەم شەڕە هەفتەی سێ تا چوار جار ڕووی دەدا، هەڵبەت لە هەموو دەوروبەریش... لە گەڕەکەکانی دیکەش هێزی یەدەگی منداڵانمان بۆ دەهات، بەڵام ئەسکەندەری مەگدۆنیی خۆمان، هەر نەیتوانی هەرەمەکانی قەڵا بگرێ، هەر بەم یادەوەش، دوای سیویەک ساڵ، شیعرێکم بە ناوی (بە یەکەوە پیر بووین قەڵا) نووسی، لە گۆڤاری بارشدا بڵاوم کردەوە.

دایکم پیاوێکی مەزن بوو، لە هەمان کاتدا ژنێکی مەزنتر بوو، هەمیشە داوای لە ئێمە دەکرد کە کار بکەین، ئەو دەیزانی برینەکە لە کوێیە، خوا قبووڵ ناکاتیش، کە مەکتەب دادەخرا دەستم بە کارکردن دەکرد... زۆربەی کارەکانی من بەو منداڵییە هەڵگرتنی زەمبیلێکی بچووک بووە، یان سینییەک پاقلاوە، یان سەبەتەیەک سەموونی بە کونجی، یان سینییەک کێکی عەینەگ، یان سابوونی حەلەب، فرۆشتەنییەک و کاسبییێک نەماوە من لە منداڵیدا نەیکەم؛ بۆیاغچی بووم، گوڵەبەڕۆژەفرۆش بوویم، لەوزینە و گەزۆم فرۆشتووە، سێ گەز لاستێک بە درهەمێک، سێ پیاڵە بە دینارێک، دواجاریش فرۆشتنی شەکرلەمە و پندرلی... لێتان ناشارمەوە، لە فرۆشتنی خواردەمەنی لەبەر نەفسنیی خۆم، هیچ قازانجم نەدەکرد. لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو، زۆر لەززەتم لەوە دەبرد، کە دەچووم بۆ عەنکاوە، یان ناو کۆڵانە تەنگ و تریسکەکانی قەڵات. من بە منداڵی عاشق بووم، کچی هێند جوانی لێ بوو، کە لەو تەنگستانە دەهاتنە سەر سینی و زەمبیلەکەم، منداڵیان لێ دەستاندم و شەوانە لە عیشقی هەرزەکارانەی ئەوانە هەر زوو دەکەوتم و لە خەوندا تۆڵەم لێ دەکردنەوە.

هیچ کۆڵانێکی عەنکاوە و قەڵا نەماوە من شارەزای نەبم، ئێستاش نازانم بۆ هەمیشە لەبەر ماڵی کچێ، کە نە سیمایم لە بیرە و نە ناویشی، تەنها شوێنی ماڵەکەی نەبێ، دەوەستام، هاوارم دەکرد: (المدرسە الخالدیە!) نە جارێ، نە دوان، نە سەدان، خودایە ئەم (المدرسە الخالدیە) دەبێ چ مەبەستێکی منی لە خۆیدا هەڵگرتبێ؟ ئاخر عەشقی منداڵانە لە کوێ و دەستەواژەی (المدرسە الخالدیە) لە کوێ؟!

نایف، کوڕێکی قشت بوو، بیستوچوار سەعات بە

یەکەوە بووین، تەنانەت لە نانخواردن و شەڕ و پیاسە و بەچۆڵکەوتن و گریان و پێکەنینیش هەر بە یەکەوە بووین. بەیانی سەرو سەموونی عەسکەریمان کڕیبوو، ئەوکات نیوەی تەیراوە لە سەر ئەو سەموونە دەژیا، کە کەناسەکان لە ئۆردی دەیانهێناوە. بۆ ئەوەی کە لە مەکتەبە بگەڕێینەوە، یەکسەر بۆ تۆپانی بچین، بەڵام بەر لەوەی لە یەک دابڕێین، بەرەو قوتابخانە بچین، هەر بەیانییەکەی نایف کەوتە بەر تایەی تراکتۆرێک و گیانی سپارد، بە مەرگی نایف منداڵیەتیی من بۆ ماوەیەک کوژایەوە... نەک هەر بۆ من، بەڵکو بۆ هەموو منداڵان... لەگەڵ مەرگی نایفدا و بینینی چۆنیەتیی هەڵگرتنی تەرمی نایف، ئیدی هەموو شتێک لە منداڵیەتیی من سڕایەوە، ڕۆحم پڕ بوو لە هەڵڵا و پرسیار، کە تا دەمی هەرزەکاری نەبڕایەوە.

لە هەمووی سەیرتر، شەوانە کە دوای هەموو ماندووبوونێک جێگەیان بۆ رادەخستین، بە تایبەت




زستانان لەبەر دڵۆپەی باران ژوورەکەمان هەمووی دەکردە قاپ و قاچاغ، تکەتکی دڵۆپە، گوێیەکی موزیقی بۆ من پەیدا کردبوو، چونکە ریتمی دڵۆپەی بن ساپیتەش ئاوازێ بوو، دایکم هەموومانی لە یەک ژووردا دەخەواند و ژوورێکی گەورەمان هەبوو، بەرێکی رەقی گەورەی بە سەر هەمووماندا دەدا. جا سەیرەکە لەوەدا بوو، ئەم بەرە وەک تەلەفۆن وا بوو، هەر کە لەو سەرەوە یەکێکیان نینۆکی پێدا دەهێنا، ئیدی دەنگەکە دەگەیشتە ئەوسەری، هەریەکەش لە شوێنی خۆی ناوە ناوە ئەم کارەی دەکرد، ئیدی تا درەنگەشەوان خەومان لێ حەرام دەبوو.

باوکم لە نێو پانتایی ئەو دەشتە غەریبەی قەرچوغ، دایکمی لە سەدە زۆر دوورەکانی ناو کورددا، لە چاو ئێستا، بە عاشقی هێناوە، کە بندیان بووە و بە ئەسڵ وەک تەواوی کورد موسڵمان نەبووین و بووینەتە ئیسلام، تەنانەت تا ماوەیەک تەواوی بندیانەکان میانەیان لەگەڵ باوکم نەبوو، هەر خۆی ئاشقی عیلم و مەعریفەت بووە، کە دایکیشم زۆر پڕ لە مەعریفەت بووە و کوردیی زانیوە و خۆی فێری تورکییەکی باشیش کردووە و تەواوی قورئانیشی لە هەوەڵەوە تا ئاخیر ئەزبەر کردووە... سەیرە، باوکی دایکیشم پیاوێکی نوورانیی پڕ لە حەکایەت بوو، لە بەنی قەومی خۆی نەدەچوو، کە ناوی عەولای کارەسوڵ بووە: (عەبدوڵڵا کارەسول). لە بیرمە، کە دەهات، ئێمە چەند دڵخۆش دەبووین، بەو ردێنی سپی و ساف و نوورانییەی ئەو هەموو شتە جوانانەی دەگێڕایەوە، خەزنەیەک بوو بۆ کورد، بەڵام ئاخ مرد و هەمووی



لەگەڵ خۆی بردە گۆڕ. سەیرە، باوکم هەتا مابوو وەک دەگێڕنەوە بە شەو و ڕۆژ، زیاتر لە دوازدە سەعات موتاڵای دەکرد، کە ئەوی دەمێ موتاڵاکردن بەو مەودا درێژەی هیچ مانایێکی بۆ خەڵک نەدەدا، من کە ناتوانم باسی باوکم بکەم، لەبەر ئەوەیە، من هەستی بینینی باوکم نییە، دەتوانم بڵێم نەمدیوە: شێوەی، ئادگاری، ڕۆیشتنی، دانیشتنی، خواردن و تووڕەبوونی، دڵخۆشی و شادی و خەمباری... هیچی لێ نازانم... کەسەرێکی گەورەیە، کەسێک باوکی خۆی نەبینیبێ، بەڵام ئەوەی کە دەیگێڕنەوە سەبارەت بە باوکم ئەوەیە، مرۆڤێکی هەتا بڵێی زیرەک، چاونەتەرس و دژەئاغا بووە.

ئەوەبوو پۆلی شەشەمی سەرەتایم هەر لە قوتابخانەی مەولەوی تەواو کرد، ئەو قوتابخانەیەی کە یەکەم قۆغەشیری شیعری پێ بەخشیم، ئەوەیش خوێندنەوەی شیعرەکانی مەولەوی بوو، بەڕاستی حەقیقەتێک هەیە دەبێ فێری نەوەکانی خۆمانی بکەین، ئەوەیش ستراتیژیەتی ناولێنانە، ناو زۆر گرینگە و کاریگەریەتیی زۆری هەیە، نموونەشم بۆ ئەمە هەمان ئەو پەیوەندییەی منە بۆ شیعرەکانی مەولەوی، لە ڕێگەی ناوی ئەو قوتابخانەیەوە بوو، خواحافیزیم لەو قۆناغە کرد و هەرچیی مامۆستا و کورسی و تەختەڕەش و دەرودیواری پڕ لە نووسینی سەیروسەمەرە و ئەو تانکییە ئاوە گەورەیە کرد، کە لە کاتی ئەو قۆناغەدا دوعای ئەوەمان دەکرد، خودایە ئەم تانکییە ئاوە بتەقێت و بەڵکو بۆ چەند ڕۆژێک قوتابخانەکەمان پڕ لە ئاو دەبێ و دەوام نابێ. ئەمەمان لە دڵەوە بوو، خەیاڵی منداڵیمان بوو، بەڵام قۆناغی سەرەتاییشم تەواو کرد و ئەو تانکییە هەر نەتەقی.

ئیدی لە کۆتاییەکانی ئەو قۆناغەدا، دواڕۆژی هەفتەی پاکوخاوێنی دەستی پێ کرد. پێم وایە خۆشترین و پڕ بۆنوبەرامەترین چالاکیی منداڵیەتی لەم قوتابخانەیەدا هەفتەی پاکوخاوێنی بوو، ئیدی قوتابخانە ئازیزەکەمان دەبوو بە یەک پارچە دارستان و سەوزایی و گوڵ و گوڵگون. حەوشەی بەردەم دەبوو بە یەک پارچە پاکی و بۆنوبەرامەی سنەوبەر و چنار و لاولاو. خودایە ئەم بیرەوەرییانە بۆ هێندە خۆش بوون، بۆچی و لە پای چی تەزووی دڵنەوایی دەبەخشنە جەستەمانەوە، دوای ئەو هەموو ساڵە... قوتابخانەکەمان دووقات بوو، جار جارە لە قاتی سەرەوە تەیارەمان لە کاغەز دروست دەکرد و بەرهەڵڵای ئاسمانمان دەکرد، چەندین خەیاڵی ڕەهائامێز ئارەزووی ئەوەی پێ دەخواستین، کە بریا لەنێو ئەو تەیارەوە ئێمەش بەرهەڵڵای ئاسمانی شین بووینایە و بۆ ساتێ لە بوویەری قوتابخانە ڕزگاریمان دەبوو.

وەبیرمە، کە من هێندە تەمبەڵ بووم لە دەرسی حیساب، پێم وا بوو ئەم دەرسە کەڵکی مرۆڤایەتیی نییە، ئەوکات پێی نەدەگوترا بیرکاری، ڕادەی تەمبەڵیم لە دەرسی حیساب یەکجار باڵا بوو، هیچم نەدەزانی و مەحاڵیش بوو فێر ببم و تا ماویشم هەر لە بیرکاری تەمبەڵ دەبم. جارێکیان مامۆستا ئیبراهیم ماوەرانی، خودا بەهەشتی بە نسیب بکات، هەڵیساندم و گوتی: ئایا ڕووبەری بازنە چۆن دەردێت؟ لە بەردەم تەختەڕەشەکەدا وەستابووم، بەڵام چەندم بیر کردووەوە نەمزانی... ئیدی زۆر تووڕە بوو، هاتە نزیکمەوە و بە هەموو هێزێکیەوە تیواتیو بە دەستەڕاستی کارتێکی لە نیوەی سەرم دا و گوتی: (نیوەتیرە!) و کارتێکی دیکەشی خزاندە سەرم و گوتی: (نیوەتیرە جارانی

نیوەتیرە!) هەمدیس کارتێکی دیکەشی کوتا (جارانی 7/22 نازانی...؟) من لە شوێنی خۆم وڕوگێژ بووم، سەرم لەقی، بە دەوری خۆم سووڕامەوە و چاوم کەوتە ڕەشکەوپێشکە و کەسم نەبینی. ئێستاکێ بیر لەو ڕەفتارەی ئەو مامۆستا باشە دەکەمەوە، دەڵێم خودایە بۆ ئاوەها توندوتیژ بوو لەگەڵ مندا؟ بۆچی هەوڵی نەدا بە ستایلێکی ڕوون و جوان لە منی بگەیەنێ، بۆیە زۆر جار دەگەمە ئەو ڕاستییە، هەندێ کەس ڕەگەزی ئەو توندوتیژییەیان لەگەڵ خوێنی خۆیاندا هێناوە، خەتا لەوان نەبووە، خەتا لە پەروەردەی پێشینی ئەوان بووە.

ئیدی ئەو هاوینەی چیاکانی قەرەچوغ نوقمی لێکدانەوەی ئەبەدیی کردم، کۆتایی بە قۆناغێکی ژیانی منداڵیەتیم هێنا، ئەو قۆناغەی پڕە لە خەونی ڕەنگاوڕەنگ و وەهمی شیرین شیرین، تەنانەت دەکرێ بڵێم قۆناغێکە




لە دەرەوەی سنوورە دوور دوورەکانی خەیاڵ، ئەو سنوورانەی منداڵ پێی وایە دەستگیر دەکرێ و دەستبەرداریان نابێ. بە داخەوە، گێژاوی نەهامەتی و مەینەتییەکانی ئێمە وای کرد، من خۆم لانیکەم نەتوانم ئەو هەموو گەوهەرە پڕ بەهایانەی، ئەو گەوهەرە جوان جوانانەی ژێر لێتاوی ڕۆژگاری منداڵیەتی بدۆزمەوە و تۆماریان بکەم. ئێمە میللەتێکین لە ئەزەلەوە زاکیرەمان بێهێز کراوە، بەهەرحاڵ، قۆناغی خەون و خەیاڵ کۆتایی هات و قۆناغێکی دیکە دەستی پێ کرد.

ئیبراهیم ئەمین باڵدار، کە لە ناو زەینی یەک ملیۆن مرۆڤدا جاویدانی... ماڵاوا مامۆستای حیساب... ماڵاوا مامۆستا جوانەکانی قۆناغی سەرەتاییم، کەماڵ مستەفا، بەتروسەفەندی جوبرائیل، موحسین، تاهیر، سەلاح سوار فەندی، ئەسوەدەفەندی... ئەگەر ماون ئەوە چاوم هەر پێتان دەکەوێتەوە، کە بۆ ئەبەد سەری ڕێز و نەوازشتان بۆ دانەوێنم... ئەگەر کۆچیشتان کردووە، گەردنتان ئازاد و بەهەشت جێتان بێت.

بەم جۆرە لە دەرسی حیسابی شەشی سەرەتایی بە نمرە 50% ڕزگاریم بوو، کە پێم وایە ئەو نمرەیەش هەمووی هیی من نەبوو، برێکی بە بەزەیی و یارمەتی بووە... ئیدی قۆناغی قاویتی دوای هەڕەشتە سووررکردنەوە و پندرلی و لەوزینە و عەسەلیات تەواو بوو. پێم نایە قۆناغێکی دیکەوە، کە قۆناغی ناوەندی بوو، ئەوکات ناوەندی بە عەرەبی بوو، هێشتاکە نەبووبووە کوردی. بۆ ئێمەش ئەزموونێکی تفتوتاڵ بوو، چونکە هیچمان نەدەزانی لە زمانی عەرەبی، شڕوشەپڕێو بووین. ئەو



قوتابخانەیەی من تێیدا وەرگیرام، لە سەر ڕێگەی عەنکاوە بوو، تازە دروست کرابوو، زۆربەی قوتابییەکان هیی گوند و لادێیەکانی دەوروبەری هەولێر بوون، تایبەتمەندیەتیی زۆری هەبوو، سەیرەکە لەوەدا بوو، هەموو بە یەکەوە هیچمان نەدەزانی، هەرچەندە من و چەندانێکی دیکە خەڵکی شار بووین، کە ئەوکات هاشم سەڕاجی شاعیر و قەرەنی جەمیلی هونەرمەند و حەمید جەمال و عەبدوڵڵا ڕەسووڵی هونەرمەندیش لەگەڵ مندا بوون، هەروەها مامۆستا سەلاح سەعدیی بەڕێوەبەری قوتابخانەی برایی بوو، پەروەرشکارێکی مەزن بوو. مامۆستای ئینگلیزییشمان ئیحسان ناوێک بوو، بەڵام من هەمدیس کەوتمەوە بەر تیری ڕۆژانەی دەرسی حیساب، کە ئەویش جەبر و هەندەسە بوو... موعاناتێکی زۆرم لەگەڵدا چەشتبوون، هەر بۆیەش ڕۆژانە ئەو قسەیەم دووبارە دەکردەوە. کە نازانم کێ گوتوویەتی:

مەدرەسە خۆش مەدرەسە

بدون جەبر و هەندەسە

مامۆستای کیمیامان پیاوێکی قسەخۆشی سوحبەتساز بوو، هێجگار پڕ نوکتە و پێکەنین بوو، زۆربەی قوتابییەکان حەزیان لە دەرسی ئەو بوو، هەمیشە دەفتەرێکی بچکۆلانەی لە دەستدا بوو، تێبینییەکانی خۆی سەبارەت بە قوتابییەکان تێدا دەنووسییەوە. چاوی شین بوو، ڕۆژێکیان تاقیکردنەوەی کیمیامان ئەنجام دا، دوای ئەوەی کە وەرەقەی تاقیکردنەوەی هێنایەوە و بەر لە دابەشکردن گوتی (بەکر ڕەحمان) کێیە؟ ئەویش وەڵامی دایەوە و گوتی منم، وتی گوێ بگرن بزانن ئەو برادەرە چی نووسیوە: (ناتی بعصفور ونضعه تحت ناقوس زجاجی) ئەو قوتابییە لە جیاتی وشەی (فسفور) نووسیبووی (عصفور)؛ هەموو کەوتنە پێکەنین، بەڵام مامۆستا صائب بۆی بە هەڵە حسێب نەکرد و گوتی خەتێکی خۆشی هەیە و بۆ ئەویش نوێیە، بەڵام دەبێ بزانێ (عصفور) لە ژێر ناقوس ناژیت و دەمرێ.

ئەوێ وەختان، کە ئێمە پێمان نایە ئەو قۆناغەوە، باروزرووفی کورد تارای تازەی بەیانی (11)ـی ئاداری دەپۆشی و وەرچەرخانێکی بەخۆوە دەبینی. هەر لەگەڵ دەرچوونی ئەو بەیانە، لە لای ئاقاری قوتابخانەکەمان، ئەوکات چۆڵوهۆڵ بوو، بە درێژایی چەند میل و میلێک بە شایی و هەڵپەرکێ و ئاهەنگ داپۆشرا، هەر لە شایی دەڤەری بادینانەوە تا دەگاتە ئەوپەڕی هەورامانەوە، لە هەموو لایەک گۆرانی و مۆسیقا و هەڵپەڕین و درووشمچڕین بوو، ئەو ناوە کەرنەڤاڵێک بوو لە تەقینەوەی عەشق و کوردایەتیی ڕاستەقینە و ئازادیخواستن و شانازیکردن بە پێشمەرگە و خەبات، ئێمە کە ئەودەم لە قوتابخانە بەر دەبووین، یەکسەر بەرەو ئەو کەرنەڤاڵە دەچووین... ئەوێ یۆتوپیایەک بوو ئێستا وەک خەونێک دەبریقێتەوە، زۆر جار لە لای شایی خەڵکی هەورامان دەوەستاین، جۆری شایی و هۆرەکانی ئەوان بۆ ئێمەی منداڵ شتێکی دیکە بوو، وەک هیی لای ئێمە نەبوو، چەندین سەعات و سەعات تا درەنگەشەوان لەو ئاقارە پڕحەشامەتە دەماینەوە، خودایە ئەو خۆشی و شادییە بۆچی لە سەر خاکی ئێمەدا دووبارە نەبووەتەوە؟ ئایا دووبارە دەبێتەوە؟

لە نێو ئەو ئاهەنگە سیحراوییەدا، هەموو شتێک هەبوو، من بەوەی کە هەر لە منداڵییەوە هۆگری شیعر بووم، شیعرێکی زۆری کامەران موکریم لەبەر

بوون، گوڵاڵەسوورەی ئەو شاعیرە کتێبی شۆڕشگێڕان بوو، کتێبی بەرباخەڵی پێشمەرگە بوو، من نزیکەی هەموویم لەبەر کردبوو، جارجارە خەڵکی کۆ دەبوونەوە و یەکێکان بەرز دەکردەوە، هوتافی بۆ خەڵک دەدا، منیش یەک لەوانە بووم، تا جاری وا بوو ئەوەندە بەهێز هاوارم دەکرد و شیعرم دەخوێندنەوە، ئێوارە کە دەچوومەوە، نووسکەم لێوە نەدەهات و تەواوی ژێیەکانی گەرووم لە گۆ دەکەوتن و وەکو (دارکونکەرە) کە ئەوەندەی دەنووک لە درەخت دەدا، دەنووکی داغ دەبوو، بڕیاری دەدا، کە چیدیکە دووبارەی نەکاتەوە، بەڵام کە سپێدە دەهات دووبارە دەکەوتەوە کۆڵینی درەختە، منیش دەق ئاوەها بووم. بە تایبەتی ئەو پارچە شیعرەی کامەران کە دەڵێت:

گوێم بە دەنگی ئاخ زرینگایەوە
دەمم بە هاوار هەڵێنایەوە
بۆیە هەر ئەبێ پشکۆی تۆڵە بم
قوربانی خاک و هیی ئەم خۆڵە بم

ئیدی دەبوو بە چەپڵە و هاوار، منیش لەگەڵیدا باڵام دەکرد و لە ناخەوە شانازیم بە خۆمەوە دەکرد.

زۆربەی درووشمەکانی ئەوکات، گوزارشتی لە خۆشەویستیی پێشمەرگە و بارزانیی نەمر دەکرد، درووشمەکان ئەوانەیان ڕەت دەکردەوە، کە دژی خەباتی گەلی کورد بوون، یا خیانەتیان لەگەڵ خۆیان کردبوو، جا زۆر جار درووشمەکان بۆ ناشیرینکردنی ئەوانە بوو، کە دژی میللەتەکەی خۆیان دەچوونە سەنگەری دوژمنانەوە و هەریەکەوە دەلالەتی خۆی هەبوو، ئەوە چەند درووشمێکی ئەو سەردەمەیە، کە من ناوی دەنێم درووشمەهوتاف. بۆ نموونە:

(بـژی بـابی لـوقمانی
شەش خەریتەی لە شانی)
(کێتان دەوێ لە کوردان
مـەلا مستـەفا بـارزان)

هەندێکی دیکە لەو درووشمانە دژی جاشەکان بوو، بۆ نموونە:

(پێشمەرگەی ناو تەڕاشان
کیریان بە قوونی جاشان)

ئەوکات کە ناوی پۆلیس دەهات، زیاتر ڕق بوو بۆ مێژووی پۆلیسە حەرەس قەومییەکان:

(نە جاشم نە پۆلیسم
کوردەکی زۆر موخلیسم)

هەروەها ئەمەش دەگوترا:

(جاشەکان ئەمڕۆ بە جارێ
رووڕەشن
قوڕ بە سەر گەورە و
بچووکیان)







# بووم بە ژێر ڕۆژە خێراکانی مۆدێرنەوە

**داستان بەرزان**

نامپەرژێت بزانم، کامە ڕەنگی جلوبەرگم لێدێت
چۆن بە ڕێگەدا بڕۆم، دەموچاوم چۆن بێت
خەڵکی ڕقیان لێم نەبێت؟
نامپەرژێت سەردانێکی قوتابخانەکەی سەرەتاییم بکەم
لە دووی ئەدرەسی دڵدارە کۆنەکانم بگەڕێم
هەناسەیەك لە باخچە بچووکەکەی گەڕەکدا هەڵبمژم.
بە ناو مانگ و ساڵە نادیارەکاندا بڵاوبوومەتەوە
بووم بە ژێر ڕۆژە خێراکانی مۆدێرنەوە.
لە ڕابردوودا زۆر شتم بەجێهێشت
زۆر شتم لە دەستچوو
لە دڵەوە تامەزرۆیانم و
بیریان دەکەم.
ڕابردووم خۆش نەبوو
لە داهاتووشدا هیچ نابینم
دەروازەیەکی مینرێژ نەبێت، بەرەو ڕیزێك ڕۆژی خراپ
من بانگەشەی نائومێدی ناکەم
جیهان خۆی ڕەشە.
مرۆڤ لە هەر شوێنێکی جیهاندا بێت

## دەق

بوونەوەرێکی تەنیایە
تەنیایی سیمای ئەم چەرخەیە.
من هاتوومەتە دونیاوە
بۆ ئەوەی حاڵم ئاسایی نەبێت.
ئەوەی وایکردووە بۆچوونم لەسەر ژیان باش نەبێت
پەرپوتی و نالەباریی خۆیەتی
دەنا ئارەزووم دەکرد ژیان بەهەشت بێت و
بە قەمەرەیەکی گاڵتینە پیاسەیەکی بە ناودا بکەم.
ئەوەی من لەوانی دیکە جیا دەکاتەوە
بیرکردنەوەیە لە جەنگە بەدفەڕەکان
لە خوێنی ڕژاوی مرۆڤ
لەو ڕۆژەی زەوی دەبێتە خۆڵەمێش.
بیر لە خنکانی مرۆڤ دەکەمەوە
لە وردوخاشبوونی ئێسکی
لەو وشانەی دەمانکەنە ئاسن
لە ڕۆژێکی خۆڵبارین
کە دەبینە بەرد.
بیر لەو ڕۆژگارە دەکەمەوە
دارستان بە ڕاستی سەوزبوو
شاخ چرچ نەکەوتبوو دەموچاوی
هەوا پاکبوو.
بیر لە ڕۆژێك دەکەمەوە
ماڵەکانمان پڕ نەبووبوون لە سەگ
خۆشی بەمجۆرە تاڵ نەبوو.
بیر لە زۆرشت دەکەمەوە
لەوشتانەی دەمشێوێنن
لەو شتانەی بڕستم لێدەبڕن و
ڕێگەم نادەن بسرەوم.
ئەم سەدەیە ناو دەنێم
سەدەی تەفروتوونابوونی مرۆڤ

سەدەی گەورەبوونی تۆ بە خوێنی من
سەدەی تەقینەوەی ڕۆژهەڵات
سەدەی درزبردنی ژیان
سەدەی بەربوونەوەی زەوی
سەدەی گەڕانەوەی تاعون
سەدەی قیامەتی خەیاڵ
سەدەی نائومێدییە قووڵەکان
سەدەی دیکتاتۆرە کۆمیدییەکان
سەدەی بانکی گەورە و
ناوی گەورە و
خەونی گەورە و
جیهانی وێران
سەدەی تێپەڕبوونی تۆ بەناو مندا و
ڕووخانی هەمیشەییم.
هەمووان وەك یەك بەر ژیان دەکەوین
هەمووان وەك یەك لە بەردەم کاپیتالیزمدا بەهامان نامێنێت
وڵاتانی زلهێز بە سیاسەت و هونەر و ڕێکخراوەکانیان
کردوینیانەتە مێش
بە چەپۆك نا، بە چەکی کۆکوژ قڕمان دەکەن.
دیگیتاڵ سەری ئاوساندووین
چاومان پڕبووە لە ساندویج
فرمێسکمان بۆتە کۆکاکۆلا
ئۆتۆمبێل و ژنە دڵڕەقەکانی مۆدێرنە سوارمان بوون
تەلارە بێتەریێتەکان بینینیان بردووین بۆ ئاسمان
ژیان لە مۆدێرنەدا بێناموسانە فڕیوە.
ئومێدم بە جیهان نامێنێت.
زەوی بە دەست تەکنەلۆژیاوە گچکەتر دەبێت
پەیوەندییەکان بوونەتە دوگمە
دەستمان بە ڕاستی بەر پێستی یەکتر ناکەوێت
بە ڕاستی بۆنی یەکتر ناچێت بە سەرماندا

## دەق

بەڕاستی لەرەی دەنگی یەکتر نابیستین
ئومێدم بە جیهان نامێنێت.
مۆدێرنە گوی کردووەتە هەستمانەوە
ئێستا کە ئەم شیعرە دەنوسم
بە چات سێکس لەگەڵ هۆمۆیەك دەکەم لە ئەمریکا
وێبکامەکەم لەسەر چوکم داناوە بۆ ژنێکی **70**ساڵ لە پاریس
ئێمە لە یەکتر تێناگەین
زمانی سێکس هاوبەشە.
ئومێدم بە جیهان نامێنێت.
جوانی لە شەقامەکانی مۆدێرنەدا فەرامۆشە
تەنیایی لە فەوزای ڕۆژەکاندا شوێنێك نییە ئۆقرەی تێیدا بگرێت
ئەخلاق دەستبەسەرە لای جەنگەکانی ڕاگەیاندن
هەر ساتەی ناخمان بە جۆرێك دەگۆڕین
درۆ دەکەین دەقیقەیەك بڕدەکات
ماسك نەبێت هەموو دەمرین
تێرۆر لە تەنیشتماندا وەك ئێمە دەژی و
گوو دەکاتە ناوەڕاستی ژیانەوە.
ئومێدم بە جیهان نامێنێت.
تونێل و پردەکانی مۆدێرنە بەناو ئێمەدا دەڕۆن
مارکێتەکانی لە ئێمەدا خۆیان ساغ دەکەنەوە
شووشە و نایلۆن و دەبەکانی لە ئێمەدا نوقم دەبن
مەلهاکانی جمەیان دێت لە ڕۆحی کوژراوی ئێمە
کافتریاکانی پڕن لە ئەڤینی لەقوتونراو بۆ ئێمە.
ئومێدم بە جیهان نامێنێت.
گریان بوو بە شەرمەزاری
شاعیرەکان بە بازرگان
شۆڕشگێڕەکان بە پەناهەندە
مامۆستاکان بە شەللاتی
ئومێدم بە جیهان نامێنێت
لە گەردێك ئاو دەچین، لە ئاسمانێك تەمدا

سەیرکە چەندە بچووکین
لە ئاهێك دەکەین، لە گەردەلوولی بیاباندا
سەیرکە چەندە ونین
کەس لە کەس تێناگات
بوار نەماوە بۆ بێدەنگی
کەللەمان بووەتە تەنەکەیەکی بەتاڵ
لە تاو پیسی وەختە شەق دەبەین.
لە ڕۆژەکانی مۆدێرنەدا کەس عاشق نابێت
مایەپووچن ئەوانەی دەسوتێن
کەس خەون نابینێت
خەیاڵ مایەی بەدبەختییە
دەبێت شەو و ڕۆژ لە خودا بپاڕێینەوە
بمانکوژێت خودا بمانکوژێت.
نە بە عارەق و ویسکی خواردنەوە
نە بە جگەرە و نێرگەلەکێشان
نە بە ئەفیون و کۆکاین و هێرۆین
نە بە ئارتین و سۆماڵدرین و بیلمۆ
ژیان بەرێوەناچێت.
لە مۆدێرنەدا تاقەتت نییە بژیت
دەتەوێت تێیپەڕێنیت.
ئەم ڕۆژانە بۆ مرۆڤ نەکراون
مرۆڤی ڕاستەقینە بەرگەی ئەم ڕۆژانە ناگرێت.
بووم بە ژێر خێرایی ئەم ڕۆژانەوە
ماندوو ماندوو دەڕۆم و
تێیناپەڕێنم.
وەك ئەم شیعرە لە جێی خۆمم.



# ئازادی

پۆل ئێلوار

لە فەڕەنسییەوە: هەستی سەمەد

ناوت تۆمار دەکەم
لەسەر تێنووسەکانی مەدرەسەم
لەسەر مێزەکەم و دارەکان
لەسەر خۆڵ و بەفر
لەسەر گشت لاپەڕە خوێنراوەکان
لەسەر گشت لاپەڕە سپییەکان.

لەسەر
بەرد
خوێن
کاغەز
خۆڵەمێش
ناوی تۆ تۆمار دەکەم.
ناوت تۆمار دەکەم
لەسەر وێنە تایبەتییەکاندا
لەسەر کەرستەی سەربازەکان
لەسەر تاجی سەرۆکەکان.

لەسەر جەنگەڵ و سەحراکان
لەسەر لانەکان
لەسەر تاوسە گوڵەکان
لەسەر سەدای منداڵیم
ناوت تۆمار دەکەم.
ناوت تۆمار دەکەم
لەسەر هاروهاجیی شەوان
لەسەر نانی سپیی بەیانییەکان
لە مەوسیمەکانی دەستگیرانداریدا.
لەسەر گشت پارچە ئاسمانەکانمدا
لەسەر گۆم و
رۆژی کەڕووگرتوو
لەسەر دەریاچە و
مانگی نەمردوواندا
ناوت تۆمار دەکەم.
لەسەر کێڵگەکان
لەسەر ئاسۆ
لەسەر باڵی چۆلەکە
لەسەر ئاشی تارماییەکان

## دەق

ناوت تۆمار دەکەم.
لەسەر کەفی هەورەکان و
ئارەقەی لافاو
نمەی باران
بارانە بە لێزمەکان
ناوت تۆمار دەکەم.
لەبان کڵێشە و
ناقوسی رەنگەکان و
هەقیقەتێك دەتوانی دەستی لێبدەی
ناوت تۆمار دەکەم.
لەسەر تەسکەرێگە خەبەرەکان
لەسەر رێگە سەر لێشێواوەکان
لەسەر گۆڕەپانە جەنجاڵەکان
ناوت تۆمار دەکەم.
لەسەر چرای داگیرساو
لەناو ئاوێنە و بان سەرمدا
لەسەر دۆشەکە لە سەدەفە خاڵییەکەمدا
ناوت تۆمار دەکەم..
لەسەر جەستەی سەگە بچووکە برسی و بە وەفاکان
لەسەر گوێچکە دەرپەڕیوەکان
لەسەر قاچە بێهێزەکان
ناوت تۆمار دەکەم.
لە خوارەوەی دەرگاکەمدا
لەسەر ئامێرەکانی ماڵەوەمدا
لەسەر بڵێسەی ئاگر
ناوت تۆمار دەکەم .
لەسەر هەموو شتێکی باش
لەسەر نێوچەوانی دۆستانمدا
لەسەر هەموو ئەو دەستانەی بە مەبەستی تەوقە دێنە پێش
ناوت تۆمار دەکەم.

لەسەر جامەکاندا تۆمارت دەکەم
لەسەر لێوە ئاگاکان
کە بەرزترن لە بێدەنگی بە ئەندازەیەکی کەم
ناوت تۆمار دەکەم.
لەسەر ماڵە کاولەکانمدا
لەسەر چرا وەرگەڕاوەکان
لەسەر دیوارەکانی دڵتەنگیم
ناوت تۆمار دەکەم .
لەسەر نەهاتنی بێ مەبەست
لەسەر تەنیایی رووت
لەسەر قاڵدرمەی مردن
ناوت تۆمار دەکەم .
لەسەر تۆکمەیی گەڕاوە
لەسەر ترسی فەوتاو
لەسەر ئومێدی خاڵی لە یادەوەری
ناوت تۆمار دەکەم
من بە توانای تاقە وشەیەك
دەست دەکەمەوە بە ژیان
من هەم بۆ ناسینی تۆ
من هەم تا ناوت بنێم:
"ئازادی"

**سەرچاوە:**

**Paul ELUARD :La vie immediate , Gallimard , paris , 1984**



## چەند شیعرێکی

# ئێمیلی دیکێنسۆن

**لە فارسییەوە : بڵند باجەلان**

**(1)**

**من**
**هەر بۆ خۆشی مردم و**
**زۆر جوانیش بووم**
**هەر کە منیان خستە گۆڕەکەمەوە**
**کەسێك کە لەپێناوی حەقیقەتدا**
**ڕۆحی دەرچووبوو**

له ژووری ئەو گەنجەدا
پاڵکەوت و
پرسیاری کرد:
بۆ وەها بە گەنجی مردی؟
وتم:
بۆ خۆشی

وتی:
منیش له پێناوی حەقیقەتدا مردم
خۆشی و حەقیقەت وەکو یەکن
کەواتە ئێمەش یەکین.
ئەوکات
وەك بەیەکگەیشتنی نزیکەکان له شەودا
له ژوورەکانماندا
گفتوگۆمان دەکرد
تا گیا لێومانی گرت و
ناخمانی داپۆشی.



**دەق**

**(2)**

**کاتێ مردم و**
**قورینگە سوورەکان**
**هاتن**
**بە خەیاڵی من**
**نەختێك نانیان پێ ببەخشە**
**کەوا بۆینباغی سووریان قایم کرد.**
**گەر نەکرا سوپاست دەکەم**
**چون خەون منی بردووەتەوە**
**تێبگە لە هەوڵدام**
**بە لێوە بەبەردبووەکان.**

**(3)**

**دەرفەتی نەفرەتم نەبوو**
**مەرگ ڕێی لێ گرتم**
**تەمەنیش کورتبوو**
**نەمتوانی**
**رق بکوژم.**
**دەرفەتم نەبوو بۆ عەشق**
**وەلێ**
**هەردەبێ شتێك ڕوویدا؟**
**پێم وابوو**
**کە ڕەنجی بچکۆلەی عەشقێك**
**بەسە**
**بۆ من.**

(**4**)

**ئەی کاتی بە نرخ**
**لەسەرخۆبە**
**دەمەوێ تێت رامێنم**
**پڕ بە دڵم.**
**هەنوکە، کە پاراویم بینیوە**
**بێهێزم بۆ تینویەتی.**
**ئەم سەحەرە**
**ڕۆژێکی تەواو وەرگەڕاوە**
**بۆ ئەو مرۆڤەی**
**لە سێدارە دەدرێ.**

**سەرچاوە:**

دیکنسون امیلی، خاموشی نقگەها، ترجمە: سعید سعیدبور، تهران، 1379

ئێمیلی دیکێنسۆن:
-ژنە شاعیرێکی ئەمەریکییە.
- (10)ی دیسەمبەری ساڵی (1830)دا لەدایک بووە.
-قسەکردن لەسەر ئەو شاعیرە، قسەکردنە لەسەر یەکێک لە پایەکانی شیعری ئافرەت لە ئەمەریکادا.
-بە تایبەتمەندییە شیعرییەکانی جیادەکرێتەوە لە شاعیرانی تری دونیا.
-یەکێکە لە شاعیرە مەزنەکانی سەدەی نۆزدە.
-ئەم شاعیرە لەگەڵ دایک و خوشکی دەژیا و تێکەڵاوی خەڵک نەدەبوو.
-لە 15ی مایۆی ساڵی (1886)دا بە نەخۆشیی گورچیلە کۆچی دوایی کردووە.



# ڤانی، سەگەکەم!

**سیروان کەریم**



دوێنێ بارانێکی بەخوڕ باری. لە بازاڕەکەدا قەرەباڵغییەکی زۆر هەبوو. لەوێ، لە بن عەرەبانەیەکی بچووکی دارینداں، هاوڕێکەت، (ڤینی)ـم بینی، چاوەکانی زەق سەیریان دەکردم، وەک سەگێکی تەنیا لەو بازاڕەدا بێتاقەتی کردم و گریام. هاتمە ماڵەوە و دوعام بۆ کردی. ئەو وێنەیەی، کە بە قەد دیواری باڵکۆنەکەوە هەڵمواسیبوو، وەک مرۆڤێکی عاجز دامگرت و ماچم کرد، ئەو وێنەیە کاتی خۆی میتای هاوڕێم بۆ ڕۆژی لەدایکبوونت لە ناو کولانەکەدا گرتی، دوای ئەوە لە چوارچێوەم گرت و هەڵمواسی، دایکم چەندین ڕۆژ قسەی پێ کردم و دەیگوت: (نە نوێژم قبووڵ دەبێت، نە فریشتە دێتە ماڵم و نە خواش ئاوڕم لێ دەداتەوە.)

باشم کرد، ئەو ئەڵقەیەی لە گوێتا بوو، بەر لە ڕۆشتنت لێم وەرگرتی و کردمە زنجیرەکەی ملمەوە، موقیمەکانی دەستیشتم لە کتێبخانەکەدا هەڵگرتووە. پێم باشە ڕۆژی لەدایکبوونت وێنەکان نوسخەی تری لێ بگرمەوە و لە ناو سندووقی یادگارییەکاندا هەڵی بگرم. تەمەنت ئێستا بووە بە هەشت ساڵ و سێ مانگ و حەوت ڕۆژ، خەم لە دووربیت دەخۆم. بیر لە کوژرانی دایکت دەکەمەوە، کە منداڵانی گەڕەکەکەی ئەوبەر چاویان دەرهێنا و کلک و گوێیان بڕی و لە چیاکەوە هەڵیاندایە خوارێ و کوشتیان، خوێن لە جەستەیەوە دەڕژایە سەر بەردەکان. سەگەکان بۆ دایکت دوو هەفتە دەیانقرووسکاند و خەمبارانە بە کۆڵانەکاندا دەسووڕانەوە. (نیجی)ـی سەرکردەیان لە ناو کولانەکەی دایکتدا تلایەوە و دوو ڕۆژیش لە بەردەم کولانەکەدا مایەوە، تۆ ئەوکات بێچوویەکی بچووک بووی، دڵنیام لە یادت نییە. دایکتم لە کوێ بنێژایە، سەگەکانی هاوڕێی هەڵیان دەدایەوە و دەیانقرووسکاند و وەک مرۆڤێکی بەدبەخت دەنووزانەوە. وای! دەنگیان چەند حەزین بوو، لە دەنگی ئەو سەگانەدا لەرەیەک هەبوو، سەرزەمینە نادیارەکانی دەلەرزاند. هەر چاڵێکم هەڵبکەندایە دایکتی تێدا بشارمەوە، پڕ دەبوو لە باران، لەو کاتەدا حەزم دەکرد دایکت بمایە و جوانیی ئەو بارانەی ببینایە، کە چۆن دڵۆپە ئاوەکان لە ناو تووکە نەرمەکەیدا دەکەوتنە زەوی، بەڵام ئەو بێدەنگتر لە بارانەکە، دڵۆپەکان بە جەستەیدا دەهاتنە خوارێ. چاوە دەرهێنراوەکانی وەک دوو گۆمی بچووک پڕ بووبوون لە باران. دەڵێن دایکت زۆڵ بووە و بە ڕەگ چووەتەوە سەر بنەماڵەی سەگە گەڕۆکەکانی (خوراسان)، گوایە ئەو بنەماڵەیە خەمی گەورەیان پاراستن و پاسەوانیکردنی گوندەکان بووە. ماوەیەکیش لە جەنگە بچووکەکانی ناو گوندە دوورەدەستەکاندا بەشدارییان کردووە، بەڵام ئەمە بە کەمی ڕووی داوە.

ڕۆژێک دوای کوشتنەکەی دایکت، هەر چۆنێک بوو لە چاڵێکی چەپەکدا شاردمەوە و بەردێکی درێژکۆڵەم لە ناوەڕاستی چاڵەکەدا دانا، تا ون نەبێت. حەز ناکەم دایکت لە بیر بکەی، ڤانی گیان! ئەو خاوەنی مردنێکی گەورەیە، سەگەکان بۆ ئەوەی وەکو دایکت بمێننەوە، پێویستیان بە مردنێکی گەورە هەیە.

ڤانی! کولانەکەت کەمێک تێک چووە، ئاوی بارانەکە بەشی دواوەی تێک داوە، خەمت نەبێ، بەم زووانە چاکی دەکەمەوە. بیرم چوو، ڤینیی هاوڕێت زۆر جار لەو بازاڕەدا دەبینم، بێ خاوەنانە کرووشکەی کردووە، خۆ ڤینی، برا بچووکەکەی، هەر لەو بازاڕە دڵڕەقەدا بە دەست کۆمەڵێک منداڵی چەتوونەوە کوژرا، خۆیشی ویستبووی بەرگری لێ بکات، بەڵام منداڵەکان کوشتیان. ڤینی دوای کوشتنی برا بچووکەکەی، بەسەر تەرمەکەیدا دەتلایەوە، خوێنە مەیلەوڕەشەکەی دەلێسایەوە و وەک سەگێکی بەدبەختی ئەم دونیا سەخیفە دەنووزایەوە، دوایی هەر دوو گوێ و کلکی براکەی قرتاند و وەک وەفایەک لە شوێنێکی دی، لە ژێر خۆڵدا شاردییەوە، ئیدی نازانم بۆ دەچێت بۆ ئەو بازاڕە، خۆ مرۆڤ بۆ کوشتنی ئەم سەگانە باکی نییە. هەرکات هاتیتەوە، وەرە و لە بن ئەو عەرەبانەیە دەریبهێنە، گوناحە، هەتا لەتەخواردنێکی دەست دەکەوێ، دە پێی پێدا دەنێن و سەد شەقی تێ هەڵدەدەن. ڤانی گیان! مرۆڤ زۆر جار ئاژەڵێکی بێئەقڵە و هەرکات بیەوێ ئازاری خۆی لە جەستەی ئەماندا دەنێژێت. گەر ئەمجارە چوومە بازاڕ، ئەیهێنمەوە بۆ کولانەکەی تۆ، ئەمە زۆر باشترە بۆ ئەو، هەر دوو بەچکە بچووکەکەیشی بۆ بە خێو دەکەم.

دوای بارانەکە حەزم لێیە بەشی پشتەوەی کولانەکەت بکەمە باخچەیەکی بچووک و کەمێک گوڵی نیلوفەری



## دەق

تێدا بنێژم، تا حەزی کلکەلەقێت جوانتر بەدەر بکەوێ. کورسییەکی دارگوێزیش لەوسەری باخچەکە دادەنێم، ڕەنگە کەرتە لبادەکەی ناو کولانەکەت بگۆڕم، دەترسم ئەمەت پێ خۆش نەبێت و دڵت عاجز بێت. لبادەکەم پاک کردووەتەوە و لەبەر بارانەکەیە، هەندێک باڵندەش بە سەر گوێسەبانەی کولانەکەتەوە نیشتوونەتەوە، یەکێک لە باڵندەکان چووەتە ناو کولانەکەتەوە، نازانم کەی دەفڕن. بیرم کەوتەوە، ڤانی گیان! ئەو باڵندەیەی چووەتە کولانەکەتەوە، باڵندە بۆرەکەی هاوڕێتە، ئەو هەموو جارێک بەر لە خۆرئاوابوون دەهاتە سەر کولانەکەت. لە خۆشیدا تۆ خۆت دەگەوزاند، دڵنیام ئەویش وەکو منی بێچارە بیرت دەکات، لەگەنە فافۆنەکەی بەردەم کولانەکەت پڕ بووە لە باران، لێرە هەموو شتێک پڕ بووە لە باران. دەرگە دارینەکەی کولانەکەت، کە وێنەیەکی ڕەشوسپیی خەیاڵیی دایکتی پێوە بوو، کەمێک تەڕ بووە. لۆچێکی کەم کەوتووەتە ناو وێنەکەوە، دەموچاوی ئێستا تەڵختر دەردەکەوێ، دڵنیام ئەمەت پێ خۆش نییە. سبەینێ بەر لە خۆرکەوتن، دەچمە سەر گۆڕە بچووکەکەی دایکت و تا ئێوارەیەکی درەنگ لەوێ دەمێنمەوە، بە تەنیا دەڕۆم و نایەڵم کەس بزانێ بۆ کوێ دەچم. خەمت نەبێ، کەس نازانێت ئەو بەردە درێژکۆڵەیە لەو دەشتە چۆڵەدا گۆڕی دایکی تۆیە. ڕەنگە ماوەیەکی تر، ئەو کێلە تەنیایە، لەو سەحرا چۆڵەدا، ڕەنگ بکەم.



شەوانی ئێرە زۆر سارد بووە، سەگەکان بە کەمی بە کۆڵانەکەماندا تێدەپەڕن و دەبینرێن. جاری وا هەیە بە هێواشی تەنەکەی خۆڵەکان دەپشکنن و وردەخواردنێکی کەم دەدۆزنەوە و دەیخۆن، جاری وایش هەیە لمۆزیان لە ناو تەنەکەی خۆڵەکاندا گیر دەبێت، ئیدی هەموو ئەمانە بەدبەختییە ڤانی گیان! سەگەکەم! ئەم سەگە بێخاوەنانە درز دەخەنە دڵە لاوازەکەمەوە.

تۆ ئەگەر لە تەمەنی سێسالیدا پێت نەکەوتایەتە ژێر گالیسکەکەوە، بەم جۆرە خۆشەویست نەدەبوویت. ئەو ئێوارەیە تۆ لە تاو ئازاری ئەو پێیەت دەتقرووسکاند، قەپت بە پێیە براوەکەتدا دەکرد و دەمە بچووکەکەت دەخستە ناو خوێنەکەتەوە، تووکە سپییەکەی گیانت خوێنێکی تەڕی پێوە بوو، چاوەکانت تیژ سەیری منیان دەکرد، لە ئازاردا سەرت دەکێشا بە ناو کولانەکەدا، ڤینییش بێتاقەتانە بە کلکەلەقێیەکی خەمبارانەوە بە دەورتدا دەسووڕایەوە و لمۆزی بە پێیە قرتاوەکەتدا دەنا، ئیدی بۆ شەوەکەی، ڤینی، بە دەمی پێیە قرتاوەکەی برد و بە پێیەکانی چاڵێکی بۆ هەڵکەند و شاردییەوە. هەفتەیەک شەوان ڤینی دەچووە ئەو شوێنەی، کە پێیە قرتاوەکەتی تێدا شاردبووەوە، جارێکی دی دەری دەهێنا و دەیلێسایەوە، ئەم وەفا گەورەیە لە پشتی سانۆی باوکییەوە بۆی مابووەوە. سانۆ، لە ماڵی عەبەی پۆلیسدا مەغریبێک دەرمانخوارد دەکرێت و ئیدی عەبە لە داخاندا ئەو گەڕەکە بۆ ئەبەد بەجێ دەهێڵێت.

ئەو کۆمەڵەسەگەی ئەو بەیانییە لەگەڵیاندا ڕۆیشتی، بۆنی سەرزەمین و دونیایەکی غەریبیان لێ دەهات. لە ڕۆیشتنیاندا سیحرێکی گەورە دەبینرا، هەندێکیان گرگن و بچووک و تووکرەق بوون، دەنگی هەناسەکانیان دەنگی ئاژەڵێکی نەبینراوی دەهێنایە ناومانەوە. سەرکردەکەیان گوێی ڕاستی بڕابوو، ڕەنگێکی تۆخی شینی هەبوو، ڕاستگۆیانە ئەو کۆمەڵەسەگەی دەپاراست. ئەم سەگانە قافڵەیەکی جیاواز بوون و شارەزایانە جوگرافیا گەورەکانی سەرزەمینیان تەی

کردبوو. هەرچیی سەگەکانی (خوراسان و تەبرێز و قەزوین) بوو، شێوەیەکی جیاوازتریان نیشان دەدا. سەگە بابلییەکانیش ڕەنگێکی خۆڵەمێشیی کاڵیان هەبوو. ئەمانە چاوەکانی ئینسانیان دەخستە ناو گومانی ڕەنگەکانی سەگەوە. خۆم حەزم دەکرد لە نەسلی ئەو سەگانە بم، چاوەکانیان لە بەر تیشکی خۆرەکەدا دەبریسکایەوە، دەمیان بچووک و جووڵەیان بنیادەمی دەخستە سەر کەڵکەڵەی سەفەرێکی ئەبەدی بە ڕێگەکانی ئەواندا. بە هەر شارێکدا بڕۆیشتنایە، سەگێک لە وەچەی ڕەسەنەکان لەگەڵیاندا دەڕۆیشت، هێزێک لە دەرەوەی سەگەکانەوە دەیبردن بۆ ئەبەدییەتی سەفەر. قافڵەی سەگەکان لە نیوەڕۆیەکی سەراباویدا گەیشتنە ئەم شارە، ڕێگەیەکی زۆریان بە چیاکاندا بڕیبوو، بۆنی شارەکانی ئەودیو بینینان دەخستە لووتمانەوە، بۆنیان بە عەزابەکانی ئینسانەوە دەکرد و هەڵیان دەگرتەوە. بە هەر کوچەیەکی شاردا بڕۆیشتنایە، مرۆڤ هەستی بەوە دەکرد جوانی لە ئەسڵدا خەلەلێکی گەورەیە لە دەرەوەی سەگەکان، ئەو هەموو ڕەنگە چی بوو لەو سەگانەدا! ڕەنگی سەردەمە کۆنەکان و قەڕنی بەرد و ڕەنگی سافی سەردەمی موتەنەبییان هەڵگرتبوو. ڤانی، لە وەچەی کۆتاڕەنگی ناو ئەو سەگانە بوو، هەندێ لە سەگەکان ئەڵقەی زێڕ و ئەڵماسی دەگمەن و زنجیری زیویان لە ملدا دەبینرا. دوای چەند سەعاتێکی کەم گەیشتنە بەردەم کولانەکەی ڤانی، بە زمانە تەڕەکانیان دەیانلێسایەوە، لە خۆشیان قەپیان بە گوێیەکانیدا دەکرد و لە بەردەمیدا دەتلانەوە. ڤانی، پاش کەمێک سەیرکردن، بە هەردوو دەستی کێشای بە کولانەکەیدا و نووزایەوە، زمانی ئاوی لێ دەتکا و قاپی کولانەکەی دەسوی، خۆی دەخستە سەر گازەرای پشت و بە چاوەکانی لە ئاسمانی دەڕوانی، دەچووە کولانەکە و دەهاتە دەر، پێیە براوەکەی دەئاخنییە دەمییەوە. لە پەنجەرەی باڵکۆنەکەی سەرەوە بینیم، بە شەلەشەل بە دوایاندا ڕۆیشت و وردەتۆزێکی کەمیان بە دوای خۆیان بەجێ هێشت، دارشەقەکەم هەڵگرت و تا ئەوسەری کۆڵانەکە بە دوایاندا ڕۆیشتم. ڤانی، بۆ دوایین جار ئاوڕی دایەوە، لە چاوەکانیدا نیگایەکی حەزین دەبینرا، کلکەلەقێیەکی کەمی کرد و لە دۆڵە درێژەکەدا خۆیان ون کرد. هاوارەکانم لە نێو ئەو کۆڵانەدا ڤانی نەگەڕاندەوە بۆ کولانەکەی، بێدەسەڵاتانە هاوارم دەکرد و دەنگە گریاناوییەکەم نەدەگەیشتە خۆم. چەند ڕۆژێک لە ناو کولانەکەی ڤانیدا مامەوە و گریام. دایکم لێم پاڕایەوە لەو کولانە بێمە دەر. خوشکە بێوەژنەکەم (حافظ القران) بوو، سوورەتی (کەوسەر) و ئایەتەکانی سورەتی (کهف و یاسین)ـی بە سەرمدا دەخوێند، خواردنیان بۆ دەهێنامە ناو کولانەکەوە، نەمدەخوارد. دوعای پێغەمبەرانیان بە سەر جامووڵکەی ئاوەکاندا دەخوێند، تا بیخۆمەوە. سەگیان دەهێنایە بەردەم کولانەکەم، تا دڵی هەڵقرچاوم لەو کولانە بهێننە دەر.

دوای هەفتەیەک لە کولانەکە هاتمە دەر و وەک شێت بە کۆڵانە تۆزاوییەکاندا دەسووڕامەوە، هەر سەگێکم ببینایە دەمکردە باوەشم و دەگریام، گەرمیی لەشی سەگەکان لێدانی دڵمی خاو دەکردەوە، ئەو گەڕەکەی ڤینی تێدا دەژیا، وەک قەلەندەرێکی ناشوێن، تێیدا مامەوە و ڤینیم لە باوەشمدا گەرم دەکردەوە، سەریم دەلێسایەوە و دەستم بە سەر چاوەکانیدا دەهێنا، پەنجەکانم بە ناو تووکەکەیدا دەهێنا و دەبرد. دەنووزایەوە، دەنووزامەوە! ئێستا ساڵێک بە سەر ڕۆشتنەکەی ڤانیدا تێپەڕیوە، لە گوندێکی کۆنە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەندەهارەوە، چاوی لاچەپی کوێر بووە و ڕەنگی سەگێکی پیری لێ نیشتووە، تووکە سپییەکەی جارانی نەماوە، پێیە

## دەق

براوەکەشی کولاوەتەوە و برینەکەی جارێکی تر سەری هەڵداوەتەوە و بە زنجیرێکی ژەنگاوی بەستراوەتەوە، لە ژیانێکی ناخۆشی بێکولانەدا دەژی. خاوەنەکەی سەربازێکی دڵڕەقی ئەفغانییە و بە ڕەگەز عەرەبە، پێ دەچێت ساڵێکی دی خانەنشین بکرێت. ڤانی لە قافڵەی سەگە گەڕۆکەکان، لەو گوندەی قەندەهار بەجێ دەمێنێ و بە شەلەشەل لە کۆڵانێکی تەسکی ئەو گوندەدا لا دەدات. خوێنێکی زۆری لێ ڕۆیشتبوو، ئەو سەربازەشی، کە ناوی عەلی عەرەبە، دەیهێنێتە ماڵی خۆیان. ئەو وجاخی کوێرە، وەک پیاوێکی تووڕە مامەڵە لەگەڵ ئاژەڵدا دەکات. لە کۆنیشەوە سەگیان لە حەوشەکەیاندا وەک پاسەوانێک، کە حورمەت بۆ بنەماڵەکەیان بگەڕێنێتەوە، ڕاگرتووە. بۆیە هەموو تووخمەکانی سەگ بە درێژایی مێژووی ئەو گوندە لە ماڵیاندا ژیاوە.

ئەو قاسیدەی لە قەندەهارەوە هاتەوە، وێنەیەکی ڤانی نیشان دام و ئیدی منی خستە ناو بۆتەیەکی ترسناکەوە، تا ماوەیەک زمانم بەسترا. کتێبەکانم سووتاند، ڕامدەکرد و خۆم لە قوڕی دەشتەکان هەڵدەکێشا، جلەکانم دەدڕاند، جەستەم بە چەقۆیەکی کول بریندار کرد، شووشەی پەنجەرەکانم دەشکاند و سەرم دەکێشا بە دیوارەکاندا. دوای پێنج ڕۆژ بێهۆشی، جارێکی دی گەڕامەوە ناو کولانەکەی ڤانی. دایکم لە داخاندا بەجێی هێشتم و چووەوە بۆ ماڵی خاڵم، دەیگوت: (ئەو کوڕەی من لە وەچەی سەگێکی هەوشارە و بە من ڕام ناکرێ، تا کولانەی هەبێت، ئەو ماڵە لە من حەرامە. کەس سەگی نەبوو، ئارام نەبێت؟) خوشکە بێوەژنەکەم هەموو ڕۆژێ هەڕەشەی ڕۆیشتنم لێ دەکا و ئیدی نازانم کەی بەجێم دەهێڵێ و بە تەنیا لەم کولانەیەدا دەمێنمەوە، لەم کولانەش دەرچم دەچمە کولانەیەکی ترەوە. مرۆڤ گەمژەیە، نازانێ لە کولانەدایە، دایکم نازانێ دونیا کولانەیەکی بچووکە. خوشکەکەم نازانێ بەهەشت کولانەیەکی گەورەیە.

سبەی سپێدەیەکی زوو دەبێت نامەیەک بنووسم و بە خاوەنەکەی ڤانی بڵێم، چاوەڕێی ئەو سەگە و مردن دەکەم، ئیدی نازانم کامیان زووتر دەگەن. وێنەیەکی خۆم و کولانەکەی خۆی، کە بە کامێراکەی میتا گیراوە، بۆی دەنێرم. بە درێژی، حیکایەتی مردنەکەی خۆمی بۆ دەگێڕمەوە، ئەمە باشترە لە وەسیەت! ماوەیەکی دی ڤینی دەهێنمەوە بۆ کولانەکەی ڤانی، لە ژێر ئەو عەرەبانەیە دەری دەهێنم و دڵە مردووەکەی خۆمی پێ ژیر دەکەمەوە.

چاوەڕێتم ڤانی گیان! دونیا ساردە، پێ دەچێت ئەمشەو بەفر کولانەکەت داپۆشێت و وێنەکەی دایکت زیاتر لۆچ بێت. ئەو باڵندانەش، کە لە سەر کولانەکەتن، کەمێکی دی هەڵدەفڕن. ئیدی بە تەنیا دەبم و لەگەڵ ڤینیدا دەژیم.

چاوەڕێت دەکەین ڤانی گیان! دوو دەستکێشم بۆ دەستەکانت چنیوە، بۆ تەنیا پێیەکەشت گۆرەوییەکی جوانی سووفم دروست کردووە، بۆ ئەوەی ئەم زستانە سەرمات نەبێت.

کەمێکی دی دەچمە کولانەکەمەوە.

تەنیام و بیر دەکەمەوە.

تەنیام و بیرت دەکەم.



# تازیەباری

ئەنتوان چیخۆف
لە فارسییەوە: دلاوەر قەرەداغی

دونیا تاریک و ڕوونە. کلووی گەورەی بەفر بە دەوراندەوری گڵۆپەکانی جاددەدا، کە تازەکی ڕووناک بوونەتەوە، پێچ دەخۆن و لە شێوەی توێژاڵی نەرم و تەنک لە سەر بانەکان، لە سەر پشتی ئەسپەکان، لە سەر شان و کڵاوی خەڵک دەنیشێت. ئیڤان پوتاپۆڤی عارەبانچی، سەراپا سپییە و هەر دەڵێی تارماییە، پشتی تا ئەو جێگەیەی کە مرۆڤێک توانای هەیە، چەماندووەتەوە، لە سەر کورسییەکەی لە عارەبانەکەدا دانیشتووە و چکۆڵەترین جووڵە ناکات. هەر جارێک کە تۆپەڵێک بەفریماڵراو بە سەریدا دەکەوێ، نایتەکێنێ، وەک بڵێی ئەوە بە شتێکی



پێویست نەزانێ. ئەسپە بچووکەکەیشی سەراپا سپییە، بێ جووڵە وەستاوە و بەو حاڵە کز و لاواز و لاقە ڕێک و تەختەئاسایانەیەوە، تەنانەت لە مەودایەکی نزیکیشەوە، لە ئەسپێکی زەنجەفیلی، لەوانەی کە بنیادەم بە یەک کۆپیک دەیانکرێت، دەچێ. بێگومان قووڵ لە فیکرەوە چووە. ئاخر ئەگەر ئێوەشیان ئاوها لە خۆ و لە ژینگەی ئاشنای خۆتان جوێ بکردایەتەوە و بۆ ئەم زەلکاوە پڕ لە گڵۆپی زەبەلاح و ژاوەژاوی گوێکەرکەر و خەڵکانی ئۆقرە بەخۆنەگرە، فڕێ دابا، ئەوا جگە لەوەی قووڵ لە فیکرەوە بچن، هیچی ترتان لە دەست نەدەهات.

ئیڤان و ئەسپە گچکەکەی ماوەیەکی زۆرە لە جێگەی خۆیان نەجووڵاون. ئەوان بەر لە بەرچایی، لە خانەکە هاتوونەتە دەرەوە و تا ئێستا ڕێکەوتی هیچ نەفەرێکیان نەکردووە. تەمی کازیوە بە سەر شاردا دەنیشێت، ڕووناکیی سپی گڵۆپی جاددەکان پرشنگدارتر دەبێ و هەراوزەنای شەقام زیاتر پەرە دەسێنێ. ئیڤان کتوپڕ دەنگێک دەبیستێ: "عەرەبانچی! بۆ جادەی ڤیبورگسکویا برۆ، عەرەبانچی!"

ئیڤان لە جێگەکەی ڕادەپەڕێ و لە نێو برژانگە بە بەفر پۆشراوەکانیەوە، ئەفسەرێک دەبینێ، پاڵتۆی پۆشیوە و کڵاوەکەی، کە بە پاڵتۆکەیەوە نووساوە، بە سەریدا داداوەتەوە.

ئەفسەرەکە هەمدیس دەڵێ: "جادەی ڤیبۆرگسکویا! مامە، نووستوویت؟ جادەی ڤیبۆرگسکویا!"

ئیڤان بە ئاماژەیەک کە قسەکانی ئەفسەرەکەی گوێ لێ بووە، سەر دەلەقێنێ، ڕەشمەکە بە دەستەوە دەگرێ و بەو جووڵەیە تویژاڵگەلی بەفر لە پشت و ملی ئەسپەکە بۆ خوارەوە دەخزێ. ئەفسەر لە عارەبانەکەدا دادەنیشێ، عارەبانچی دەنگێک لە زاریەوە دەردێنێ، تا ئەسپەکەی وە خرۆش بهێنێ، گەردنی وەک قوویەک درێژ دەکا، ڕاست دادەنیشێ و ئەوەش زیاتر وەک خوو دەکا نەک وەک پێویستیی، قامچییەکەی وە جووڵە دەخات. ئەسپە بچووکەکەشی گەردنی درێژ دەکا، لاقە تاختەئاساکانی دەنەوێنێ و بە ناچاری ملی ڕێ دەگرێتە بەر.

هەروا کە دەکەونە ڕێ، ئیڤان لە نێو حەشاماتی نادیاری خەڵکدا، کە دێن و دەڕۆن، دەنگێک دێتە گوێی: "ئەوە چی دەکەیت، هەی گوێرەکە؟"

- ئەوە بۆ کوێ دەچیت؟ بۆ ناو گۆڕی بابت؟ دەستەڕاست بگرە!

ئەفسەرەکە بە تووڕەیی هاوار دەکا: "ئەرێ ئەوە عەرەبانچێتی بەڵەد نیت؟ دەستەڕاست بگرە!"

عەرەبانچی عارەبانەیەکی تایبەتی، جنێوی پێ دەدا. ڕاگوزەرێک کە بە پەلە لە جادەکە پەڕیوەتەوە و شانی بەر لمۆزی ئەسپەکە کەوتووە، بەفر لە قۆڵی دەتەکێنێ و چەپوچیر تەماشای ئیڤان دەکا. ئیڤان وەک ئەوەی لە سەر سوژن دانیشتبێ، جێگە بە خۆی ناگرێ و وەک ئەوەی هەوڵ بدا هاوسەنگیی خۆی بپارێزێ، دەست دەجووڵێنێ. وەک کەسێک کە دووچاری هەناسەتەنگیی بووبێ، بە دەمی داپچڕاوەوە لە دەوروبەری خۆی دەنۆڕێ.

ئەفسەرەکە بە گاڵتەجارییەوە دەڵێ: "عەجەب خەڵکانێکی هیچوپووچن! هەر دەڵێی هەموو گەلەکۆمەیان لی کردوویت تا خۆیانت لێ بدەن، یان خۆیان لە ژێر ئەسپەکەت بنێن!"

ئیڤان ئاوڕ دەداتەوە و تەماشایەکی ئەفسەرەکە دەکات. لێو دەجوولێنێ. دیارە دەیەوێ شتێ بڵێ بەڵام تەنها دەنگێکی بێ ناوەڕۆک دەبیسترێ.

ئەفسەرەکە دەپرسێ: "چیی؟"

ئیڤان زۆرەکی خۆی وە زەردەخەنە دەخا و بە دەنگێکی نووساوەوە، بە زەحمەت دەڵێ: "کوڕەکەم، هەفتەی پێشوو، بارینی کوڕم قەزاوبەڵای ئێوەی برد."

-ئەها، بە چی مرد؟

ئیڤان بە هەموو جەستەی ئاوڕ بۆ ئەفسەرەکە دەداتەوە و دەڵێ: "خوا دەزانێ! گوتیان بە تای بەرز. سێ ڕۆژی تەواو لە خەستەخانە کەوت و چوارەم ڕۆژ مرد... خواستی خودا بوو."

کەسێک لە ناو تاریکییەوە هاوار دەکا: "پێچ بکەرەوە هەی بارگیر! حەواست لە کوێیە، هەی پیری خەرفاو؟ مەگەر مزمەعیلیت؟"

ئەفسەرەکە دەڵێ: "بجووڵێ، بجولێ ئەگینا تا سبەینێ ناگەین. کەمێک پەلە بکە!"

عەرەبانچی هەمدیس ملی درێژدەکاتەوە، ڕاست دادەنیشێ و قامچییەکەی بە لاوازی با دەدا. چەند جارێکی تریش ئاوڕ دەداتەوە و نەفەرەکەی هەڵدەسەنگێنێ، بەڵام ئەو چاوی نوقاندووە و دیارە نایەوێ گوێی لە هیچ بێت.

عارەبانچی کە نەفەرەکەی لە ڤیبۆرگسکویا دادەبەزێنێت، لە پاڵ مەیخانەیەکدا دەوەستێ، هەمدیس لە سەر کورسییەکەی کرووشکە دەکا و هەمدیس بێ جووڵە دادەنیشێ و بەفر هەمدیس خۆی و ئەسپەکەی دەپۆشێت. سەعاتێک تێدەپەڕێت، دوو سەعات تێدەپەڕێت... ئەوکات سێ گەنج، کە دەمەقاڵێیانە و تەپەتەپی جزمەکانیان بە بەرزی دێتە گوێ، لە شۆستەکەوە دێن. دوانیان باڵابەرز و باریکەلەن و سێیەمیشیان کولەبنە و پشتکۆمە.

کۆمەکەیان پچڕپچڕ دەڵێ: "عارەبانچی، بۆ پردی پۆلیس دەچین و هەرسێکمان دوو گریڤینیک دەدەین."

ئیڤان ڕەشمەکە بە دەستەوە دەگرێ و دەنگێک لە زاریەوە دەردێنێ. دوو گریڤینیک کرێیەکی عادیلانە نییە، بەڵام بۆ ئەو، چ جیاوازییەک لە نێوان ڕۆبڵێک و پێنج کۆپیکدا نییە، ئێستا کە ئیدی نەفەر کەوتووەتە تۆڕەکەیەوە، ئیدی کەموزۆر ئەوە چ گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. گەنجەکان یەکتر پاڵ دەنێن و جنێو بە یەکدی دەدەن، لە عارەبانەکە نزیک دەبنەوە و هەرسێکیان هەوڵ دەدەن پێکەوە لە سەر کورسییەکە دانیشن، پاشان لە سەر ئەوەی کە کام دوانیان دانیشێ و ئەوی تریان بە پێوە بێ، دەبێتە دەمەقاڵێیان.

دوای هاوار هاوار و جنێو و تووڕەییەکی زۆر، دواجار بڕیار دەدەن، کە کۆمەکەیان لەبەر ئەوەی بچووکترە، بە پێوە بێت.

پشتکۆمەکە لە جێگەکەیدا دەوەستێ و لە کاتێکدا کە هەناسەی بەر ملی ئیڤان دەکەوێ، بە دەنگێکی منگنەوە دەڵێ: "زووکە! پێ هەڵبگرە، پیرەمێرد! توخوا ئەمە عارەبانەیە تۆ هەتە! لەمە خەڕەکەشکاوتر لە پیتەرسبۆرگدا وێنەی نییە..."

ئیڤان لە ژێر لێوەوە پێدەکەنێ: "هاهاها! هاها! عەجەب زەمانێکە..."

-کابرا بڕۆ خۆت و زەمانەت بە دۆزەخ، خێراکە، بە تەمایت هەموو ڕێگەکە بەم جۆرە بڕۆیت؟... مەگەر حەز دەکەیت یەکێک بکێشم بە پشتەملتا؟"

یەکێک لە دوو گەنجە باڵابەرزەکە دەڵێ: "دوێشەو لە موتکسیف، من و ڤاسکا چوار بوتڵ کۆنیاکمان خواردەوە."

گەنجە باڵابەرزەکەی تر بە تووڕەییەوە دەڵێ: "خۆزگە دەمزانی تۆ بۆ درۆ دەکەیت! تۆ درۆ تەرک ناکەیت."





**دەق**

-خوا شاهیدە درۆ ناکەم.
-بەڵێ، سوێندیش نەخۆی باوەڕت پێ دەکەین!
ئیڤان لە ژێر لێوەوە پێدەکەنێ: "هاهاها، چ گەنجانێکی شاد و کەیفخۆشن!"
کۆمەکە بە تووڕەییەوە دەڵێ: "پیرەمێرد پێ هەڵبگرە!"
-هەی پیرە سەگ! ئەرێ دەمانگەیەنیت یان نا؟ ئەمە عارەبانەیە تۆ هەتە؟ ئا ئەو قامچییە نەختێک وەرسووڕێنە، خێراکە، توندتر! پشتی بە قامچی بتەزێنە!
ئیڤان هەڵپەڕداپەڕی گەنجە کوڵەبنەکە و لەرەی دەنگی، لە پشت سەری خۆیەوە هەست پێ دەکا. گوێ لەو جنێوانە دەگرێ، کە پێی دەدرێ، خەڵک دەبینێ و وردە وردە هەستی تەنیایی لێ دوور دەکەوێتەوە. کۆمەکە هەروا جنێو دەدا... پاشان هێند دەکۆکێ، کە خەریکە هەناسەی لەبەر ببڕێت. گەنجە باڵابەرزەکان سەری قسە لە بارەی ژنێکەوە بە ناوی نادیا پیترۆڤنا دادەمەزرێنن. ئیڤان چەند جارێک ئاوڕ دەداتەوە و تەماشایان دەکا، چاوەڕێی ساتەوەختێکی بێدەنگییە، ئەوسا هەمدیس ئاوڕ دەداتەوە و دەڵێ:
"کوڕەکەم... هەفتەی پێشوو مرد!"
کۆمەکە دوای کۆکەکۆکێک، لچولێوی دەسڕێ، هەناسەیەک هەڵدەکێشێ و دەڵێ: "ئێمە هەموومان دەمرین. پەلە بکە پیرەمێرد! بەڕێزینە من ئیتر لەم عارەبانچییە بۆڕۆ بووم. ئەرێ ئەم کابرایە کەی دەمانگەیەنێتە جێ؟"



-باشە خۆ پشتەملی لەبەر دەمتایە؟ چاوەڕێی چیت؟
-هەی پیرەسەگ! گوێت لێیە چ دەڵێ؟ دەتەوێ ملت بشکێنم؟ ئەگەر ئاوها خاوەخاو بڕۆیت، ئەوا باشترە دابەزین و بە پێ بڕۆین، گوێت لێمە؟ ئەوە نووستوویت؟ خۆ ناشێ کەڕ بیت؟
ئیڤان لە بری ئەوەی هەست بەو شەپازللانە بکات، کە لە پشتملی دەدرێن، تەنها دەنگیان دەبیستێ. بە پێکەنینەوە دەڵێ: "هاهاها، چ گەنجانێکی شاد و کەیفخۆشن! خودا لە گوناهتان ببوورێ!"
یەکێک لە دوو گەنجە باڵابەرزەکە دەپرسێ: "عارەبانچی، ئەری تۆ ژنت هەیە؟"
-من؟ هاهاها، چ گەنجانێکی شاد و کەیفخۆشن! من تەنها ژنێکم هەیە و زەوییەکی شێدار... ئەی هاوار بە ماڵم... مەبەستم لە قەبرە. دەزانن... کوڕەکەم قەزاوبەڵای ئێوەی برد، بەڵام من زیندووم... سەیرە، مەرگ بە هەڵە لە دەرگەی داوە... لە بری ئەوەی لە دەرگەی من بدات، لە دەرگەی کوڕەکەمی داوە...
ئیڤان ئاوڕ دەداتەوە، تا چۆنیەتیی مردنی کوڕەکەی بگێڕێتەوە، بەڵام لەو ساتەدا پشتکۆم هەناسەیەکی کورت هەڵدەکێشێ و دەڵێ: "سوپاس بۆ خوا دواجار گەییشتینە جێ!" وا دەڵێ و ئیڤان دەیانبینێ، کە لە تاریکیدا دیار نامێنن.
ئیڤان هەمدیس تەنیا دەمێنێتەوە و دیسان بێدەنگی گەمارۆی دەداتەوە... غەمەکەی، کە بۆ ماوەیەک دەستبەرداری بووبوو، دەگەڕێتەوە و بە گوڕێکی زیاترەوە چەنگاڵ بە دڵیدا دەکات. بە ڕوانینێکی نیگەران و بە پەلە، بە نێو حەشاماتی خەڵکی ئەمبەروئەوبەری جادەکەدا، بە دوای کەسێکدا دەگەڕێ، تا بەڵکو لانیکەم گوێ بۆ قسەکانی ڕادێرێ، بەڵام خەڵک، بەبێ ئەوەی سەرنجی ئەو و ناڕەحەتییەکانی بدەن، بە پەلە تێدەپەڕن. غەمی ئیڤان قورس و بێسنوورە. وەک بڵێی ئەگەر دڵی دوولەت ببێ و غەمی لێ بچۆڕێتە دەرێ،




ئەوا هەموو زەوی دادەپۆشێ، کەچی هیچ کەسێک ئەو غەمە نابینێ؛ غەمەکە خۆی لە نێو سەدەفێکی ناچیزەدا شاردووەتەوە تا هیچ کەس، تەنانەت لە ڕووناکی و بە ڕۆژی نیوەڕۆش، نەتوانێت بیبینێت.

ئیڤان حەماڵێک لای چەند فەردەیەکەوە دەبینێ و بڕیار دەدا قسەی لەگەڵدا بکات.

-هاوڕێ، سەعات دەوروبەری چەندە؟

-لە نۆ لایداوە. بۆچی لەوێدا ڕاوەستاویت، دەی بە ڕێ کەوە و بڕۆ!

ئیڤان کەمێک دێتە پێشتر، دادەنەوێتەوە و خۆی بە دەستی غەمەکەی دەسپێرێ. دەبینێ ڕووکردنە خەڵک و چاوەڕێی کۆمەک لێ کردنیان، ئاسنی سارد کوتانە. کەمتر لە پێنج دەقیقە دواتر ڕەپوڕاست دادەنیشێ و وەک کەسێک کە ئازارێک کەوتبێتە گیانیەوە، سەر هەڵدەبڕێ و ڕەشمەکە وە جووڵە دەخات. چیدی حەوسەڵەی چۆڕبڕ بووە. خانەکەی دەکەوێتە بیر، ئەسپە بچکۆلەکەی وەک بڵێی لە مەبەستەکەی حاڵی بووبێ، چوار ناڵە دەکەوێتە ڕێ.

ئیڤان نزیکەی سەعاتونیوێک دواتر لە پاڵ سۆپای دارە پیس و گەورەکەدا دادەنیشێ. خەڵکی ئەڵقاوئەڵق لە دەوری سۆپاکە، یان لە سەر سەکۆکان نووستوون و پرخەپرخیانە، هەواپۆنگخواردوو و گەرم و خنکێنەرە. ئیڤان تەماشایەکی ئەو کەسانە دەکات، کە نووستوون، خۆی دەخورێنێ و پەشیمانە لەوەی کە ئاوها زوو بۆ ئێرە هاتووە.

لە فیکرەوە دەچێ: "تەنانەت نەمتوانی پارەی ئالفەکەش دەربهێنم، ناڕەحەتیی من ئەمەیە. خەڵکانێک کە نهێنیی کارەکەیان زانیوە، تێر بە زگی خۆیان نانیان خواردبێ و ئەسپەکانیشیان هەر تێر بێت، ئاوها بۆ خۆیان بە ئاسوودەیی دەنوون."

عارەبانچییەکی گەنج لە قوژبنێکدا لە خەو ڕادەپەڕێ. خەواڵوو قسە دەکا و دەستی بەرەو لای سەتڵێک ئاو ڕایەڵ دەکات.

ئیڤان دەپرسێت: "ئاوت دەوێ؟"

-بەڵێ ئاوم دەوێ!

-باشە، نۆشی گیانت بێ. هاوڕێ بنۆڕە... دەزانیت، کوڕەکەم قەزاوبەلای تۆی بردووە.... گوێت لێ بوو چیم گوت؟ ئەم هەفتەیە لە خەستەخانە... بەسەرهاتەکەی درێژە...

ئیڤان بۆ ساتێک تەماشا دەکا، تا کاریگەریی قسەکانی ببینێ، بەڵام هیچ. گەنجەکە سەری خۆی دادەپۆشێتەوە و هەمدیس لە خەوێکی قووڵدا ڕۆ دەچێتەوە. ئیڤان هەناسەیەک هەڵدەکێشێ و سەری دەخورێنێ.

بە ئەندازەی ئەوەی، کە عەرەبانچییە گەنجەکە پێویستی بە ئاوە، ئەمیش پێویستی بەوەیە قسان بکات. هێندەی نەماوە ببێتە هەفتەیەک، کە کوڕەکەی مردووە، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە لە بارەی ئەو مردنەوە بە کامی دڵ قسە بۆ کەسێک بکات. ئاخر دەبێ هێور و بە دیقەت باسی مردنی کوڕەکەی بکات، باسی ئەوە بکات چۆن گیانی سپارد؟ چۆن ئازاری کێشا؟ بەر لەوەی بمرێ چی گوت و چۆن مرد؟ دەیویست وردەکاریی کفن و بە خاکسپاردنەکەی باس بکات، هەروا بەزمی چوونی بۆ نەخۆشخانە و وەرگرتنەوەی جلوبەرگەکانی. ئانیسیای کچیشی لە گوند ماوەتەوە. دەبێ لە بارەی ئەویشەوە قسان بکات. ئایا ئەوانە بەهای گوتنیان هەیە؟ بە دڵنیاییەوە گوێگر ناڕەحەت دەبێ، هەناسە هەڵدەکێشێ و هاوسۆزیی بەرامبەر پیشان دەدا. خەراپ نییە گەر دەردەدڵ بۆ ژنان بکرێ، هەرچەند ئەوان بە ئەقڵ بیر ناکەنەوە، بەڵکو بە دوو وشە هۆن هۆن کوڵی گریانیان بەر دەبێ.

## دەق

پاڵتۆکەی لەبەر کرد و بەرەو لای ئەسپەکەی، بەرەوگەورەکە کەوتە ڕێ، بیری لە گەنمەشامی، لە کا و لە هەوا دەکردەوە. جورئەتی نەبوو لە تەنیاییدا بیر لە کوڕەکەی بکاتەوە، لەگەڵ هەر کەسێکدا دەتوانێ لە بارەی کوڕەکەیەوە قسان بکات، بەڵام لە فیکری ئەودا بوون و لەبەر چاوی خۆدا بەرجەستەکردنی، شتێکی بەسۆیە.

ئیڤان تەماشای چاوە بریسکەدارەکانی ئەسپەکەی دەکات و لێی دەپرسێ:

"خەریکیت تێر بە زگی خۆت دەخۆیت؟ باشە، بیخۆ، ئێستا کە نەمانتوانی پارەی گەنمەشامییەکەت دەربهێنین، ئاڵەف دەخۆین. بەڵێ، من زۆر پیر بووم، چیدی لە قەرەی عەرەبانچێتی نایەم، کوڕەکەم لە قەرەی دەهات، بەڵام من نەخێر، ئەو لە عارەبانچێتیدا وێنەی نەبوو، خۆزیا زیندوو دەبوو!"

ئیڤان بۆ ساتێک بێدەنگ دەبێ، پاشان بەردەوام دەبێ: "ئەسپی پیری من، دەمەوێ ئەمەت پێ بڵێم. چیدی کوزما ئیۆنیچ لە ژیاندا نییە، ئێمەی بەجێ هێشت و ڕۆیشت. با بڵێم، گریمان تۆ جوانوویەکت هەیە، گریمان تۆ دایکی جوانووە ئەسپێکیت، کتوپڕ جوانووە ئەسپەکەت بەجێت دەهێڵێ و دەڕوات. ئایا ئەوە شتێکی ناخۆش نییە؟"

ئەسپە بچووکەکە خەریکی کاوێژکردنە، گوێی ڕادێراوە و هەناسەی بەر دەستی خاوەنەکەی دەکەوێ.

ئیڤان غەمەکەی قورسایی لەسەر سینگی دروست کردووە. ئەوەیە وا دەکا، کە بەسەرهاتەکەی لە ئەووەڵەوە تا کۆتایی بۆ ئەسپە بچووکەکەی بگێڕێتەوە.

**١٨٨٦**

**سەرچاوە:**

بهترین داستانهای کوتاه، ترجمه: احمد گلشیری



**ئەنتوان چیخۆف**



# له گۆرانییه‌كی غه‌زه‌لی زیاتر هیچی تر نه‌بوو

**گوناهێك له‌وه‌دا نییه گه‌ر شه‌یتان فریو بده‌یت... دانیال دیفۆ**


**عه‌دنان موباره‌ك**

**له عه‌ره‌بییه‌وه: تاهیر عه‌بدولواحید**




ئه‌وه‌تام، ئه‌مێستا ئالووده‌ی مه‌یخواردنه‌وه و بیركردنه‌وه‌ی دوورودرێژ بووم. به‌ڵێ، بارودۆخه‌كه به‌م شێوه‌یه‌یه، كهوول جه‌سته سڕ ده‌كات، به‌ڵام ئه‌م سڕبوونه خۆش و ڕه‌وانه، ناگاته شوێنگه‌لێک له نێو عه‌قڵدا. كهوول كۆمه‌ڵه‌شه‌پۆلێكی ئاڵۆز له سه‌رمدا دروست ده‌كات، به‌ڵام ده‌سته‌وستانه له وه‌ستاندنی پڕۆسه‌كانی بیركردنه‌وه، كه له لای من وه‌ک پڕۆسه‌یه‌كی نیمچه‌جه‌نگی، یان شه‌ڕێكی سارد— یان كه‌مێک گه‌رمی، وه‌رگرتووه، چونكه كۆمه‌ڵێک سوچ و قوژبنی نێو سه‌رم ته‌واو به بێداری ده‌مێننه‌وه،





تەنانەت لەو کاتانەشدا کە پێڵووەکانم لێک دەنێم و دەرگەکانی خەوتن و خەونەکان بە سەر خۆمدا دەکەمەوە، بەڵام سەرباری ئەوەش من ئالوودەم بە دۆکیۆمێنتکردنی ئەو وێرانکاری و لەبەر یەک هەڵوەشانەی، بیرەوەری و هەستەکانم دووچاری هاتوون، بە هۆی مەیخواردنەوەوە .ئەو دۆکیۆمێنتانە سەرچاوەی نووسینێکن، بە هیچ نرخێک بەراورد ناکرێن. منی بەردەوام مایەپووچیش، ڕازی دڵم وەهایە، کە بازرگانییان پێوە بکەم. جا بۆچی نا؟ هەموو شتێک لە ژیاندا ڕێگەپێدراوە، گەر تابۆ نەکرابێت. لەو کاتەوەی شووشەی مەی هاتووەتە ژیانمەوە، زۆر گوێ نادەم بە ڕا و بڕیار و تۆفانی قسەکان، بەڵام تۆفانەکانی خۆڵبارین هیچ چارەیەکی بۆ نییە، جگە لە داخستنی دەرگە و پەنجەرەکان، تا ئەو کاتەی ئەو تووڕەبوونە خوداییە، بە ئارامی و بەبێ زیان تێدەپەڕێت. ئەوەی ئازارم دەدات و چەندین کاتژمێر خەوم دەزڕێنێت ئەوەیە، کە هەموان ڕیاکارن، ترسنۆکن، چاوچنۆکن، خۆیان ڕۆ ناوەتە نێو جۆرەها قوڕولیتەوە. دەی با پەڕەیەکی تر هەڵبدەمەوە. گوناهە ژیان و کاتەکانم ژەهراوی بکەم بە ڕاز و گلەیی لەوانی ترەوە، کە هەندێک جار و بە شێوەیەکی تر، وەها دێنە پێش چاوم، ئەوان زۆر حەکیمتر بن، چونکە لەگەڵ پێداویستییەکانی ئێستای ژیاندا خۆیان ڕاهێناوە، ئەوان تا ڕادەیەکی دیاریکراو وەک من خۆیان بە هەموو ئەو سامناکییانەی ژیان، کە بە سەرماندا سەپێنراوە، سەرقاڵ نەکردووە. لێرەدا ئەوەندەی کە بەسە؛ بە تەنها بینینی هەواڵەکانی تەلەفزیۆنە، تەنانەت کردنەوەی پەنجەرە، یان بە سەر شەقامەکەدا ڕووەو بازاڕ، ژیان لە نێو کەوڵخانەی ئاژەڵەکاندا، لە بری چەقۆ تفەنگەکان، مووشەکەکان، بۆمباکان، تیرۆرکردنەکان، دزی و تاڵانکردن، دەوڵتی ڕاستەقینەی شوانی مانگاکان...

کۆمەڵەمۆنۆلۆگێک، کە لە هەموو ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی (ساڵح عەبدولڕەحیم)دا دووبارە دەبێتەوە. ئەو پیاوەی کاتێک خوێندنی ئەدەبی ئینگلیزی تەواو دەکات و لە چلەکانی تەمەنی نزیک بووەتەوە. ئەو نەیویست وەک مامۆستایەک کار بکات، ئەوەی پێ باشتر بوو، کە دەست بداتە کاری وەرگێڕان. ئەو باڵایەکی بەرزی هەبوو (مەترێک و نەوەد سانتیم) قژ و تووکنییەکی زۆر بە هەموو جێگەیەکیدا بڵاو بووبووەوە. ئەو تووکنیی زۆر بێزاری دەکرد، بەڵام باوەڕیشی بەو تێڕوانینە باوە هەبوو، کە: تووکنی یەکێکە لە سیمبولەکانی ڕەسەنایەتی.

گەر ئێوە ئارەزوومەندی بینینی فیلمە سینەماییە کۆنەکان بن، ئەوا (ساڵح) زۆر لە (گریگۆری بیک) دەچێت... ساڵح لەم ڕۆژانەدا زۆر شپرزەیە و گینگڵ دەدات، تیپە میوزیکییەکەی کە بە درێژایی دە ساڵ کاری دەکرد، ئێستا میوزیک ناژەنن. هەموو ئەندامانی تیپەکە بەو ڕاستییە گەیشتبوون، کە ئێستا سەردەمێکی ترە و خەڵک پێیان وایە لەم زەمەنەدا، میوزیک دەست و نەخشی شەیتانە دژ بەو باوەڕدارانەی نەزریان کردووە، لە سەر خۆیان قەرەبووی ئەو زیادەڕۆییانە بە نوێژکردن و شتەکانی تر بدەنەوە. ئەو گرووپە تیپێکی گەورە نەبوون. بە تەنها سێ ژەنیار بوون، ئەوان وا ڕاهاتبوون، کە دوای هەر ئاهەنگێکی میوزیکی، ئاهەنگی تایبەت بە خۆیانیان ساز دەکرد. لەو ئاهەنگە تایبەتییەی خۆیاندا میوزیک نەبوو، بەڵکو عارەقی مەستەکی و مەزەی جۆراوجۆر هەبوو. دواتریش نۆرەی خوانی شەو بوو، کە وەک حاڵەتێکی باو، بریتی بوو لە خواردنە برژاوەکان.

ساڵح فووی بە ئامێرە هەواییە درێژەکەیدا دەکرد، (موحسین عەلایی)ش ژەنیارێکی کارامەی ئامێری ڤیۆلا



بوو. سێیەمیشیان کە (زێدان مەحجووب) بوو، بە شێوەی ژەنیارێکی دێرین ئامێری (قانوون)ـی دەژەنی. لە زۆرینەی ئەو ئاهەنگانەی کە سازیان دەکرد، بەشی شێر بۆ ژەنینی ئەو جۆرە ئاواز و میوزیکانە بوو، کە پێ دەچوو پەیڤینێک بێت لە نێوان میزاجە ئاوەژووەکاندا.

ساڵح بەر لەوەی پێشنیارەکەی بۆ ئەو دوانەی تر ئاشکرا بکات، ماوەیەکی دوورودرێژ لە دڵەڕاوکێدا مابووەوە. چاویلکەکەی سەر لووتی ڕێک کردەوە و بە دەنگێکی نزمەوە وتی: هاوڕێیان! کاتی ئەوە هاتووە هەنگاوێکی تر بنێین. چیتر لە بری ئامێرەکانمان با پشت بە دەنگی خۆمان ببەستین، پێتان چۆنە؟! دەنگی ئێمە شیاوە، بەڵکو جوانە. دەشبینن، کە دەنگمان چۆن لەگەڵ هەستی میوزیکدا خۆی دەگونجێنێت! وەرن با بە دڵی خۆمان بەو مێزەربەسەرە دەبەنگانە پێ بکەنین، هەرچەند ئەوەشیان مەینەتییەکی گەورەیە، ماڵئاوایی لە ئامێرە میوزیکییە خۆشەویستەکانمان بکەین، بەڵام ئەی دەنگیش کەرەستەیەکی میوزیکی نییە؟!

ساڵح زۆر بە زوویی هەردووکیانی قایل کرد. دواتر هەرسێکیان دەستیان کرد بە ئامادەکردنی دەقی گۆرانییەکان، کە خۆیان وایان بڕیار دابوو، ئاوێتەیەک بێت لە لاواندنەوەی ئایینی و هەراوزەنای میللی و گۆرانیی خۆشنوودی، بەڵام بێ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشکرا و بێپەردە هەستی پێ بکرێت، کە ئەو گۆرانییانە لە کوێوە سەرچاوە دەگرن. ئەوەی کە جیاواز بوو، هۆسە و هەراوزەنا میللییەکان بوو، موحسین و زێدان، ئەرکی ئاوازدانانیان لە ئەستۆ گرت. ساڵحیش تێکستەکانی دادەنا، بێ ئەوەی زانیارییەکی بەرچاوی لە سەر ئایینی ڕاستاڵ و پیرۆز هەبێت، یان ئەو پەلوپۆ تائیفییانەی کە لێی جیابوونەتەوە. گرنگ ئەوەیە دەروونی گوێگرەکان بدوێنین و بەردەوام بین لەم ئەزموونەماندا. ساڵح لەو کاتەدا بیرکردنەوەیەکی کتوپڕی بە خەیاڵدا هات، کە ڕاپرسی و ڕێنوێنی لە کەسێکی تایبەتمەندەوە وەردەگرێت بۆ باسوخواستی ئایین و پەلوپۆ جیاوازەکانی؛ چووە لای کەسێکی بەناوبانگ و ئەویش تەواوی ئامادەیی خۆی بۆ دەربڕی بۆ فێرکردنی، بەڵام بە مەرجێک لە هەموو بۆنەیەکدا ناوی بهێنێت و هاوبەش بێت لە هەر داهاتێکدا گەر هەیبێت. بە کورتی، بیرکردنەوەکەی سەرکەوتوو بوو، ناوبانگی ئەم سیانە بڵاو بووەوە و دەنگوباسیان گەیشتە پایتەختی وڵات، بە نێو گەڕەکە هەژارنشینەکاندا و تەنانەت گەیشتە (ڕۆنگی شین). سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، داوای کرد ئاهەنگێک بۆ ئەو سیانە ڕێک بخرێت، کە تایبەت بێت بە ئەنجوومەنی وەزیران و نوێنەران و گەورەپیاوانی ئایینی، هەروەها داوای بانگهێشتکردنی نوێنەری دیبلۆماتیی وڵاتانی کرد، کە لەو ئاهەنگەدا ئامادە بن، تا بزانن هونەر لە وڵاتی نێوان دووڕووباردا هێشتا زیندووە. دواداواکاریشی ئەوە بوو، کە ئەو سێ کەسە چییان لە کۆن و تازەی هونەرەکەیان پێیە، پێشکەشی بکەن، هەفتەکیش هەل بدرێتە ساڵح و هاوڕێیەکانی، هەتا شتی نوێ ئامادە و پێشکەش بکەن، بەم شێوەیە و بۆ جاری دووەم، ساڵح پەنای بۆ کابرای تایبەتمەند و شارەزا بردەوە و تەواوی بابەتەکەی لەگەڵدا باس کرد، لەگەڵ ئەوەشدا، بە گەرمی تکای ئەوەی لێ کرد، ئەو بابەتە تازەیەی بۆی ئامادە دەکات و فێری دەکات، بە مانای وشە نوێ بێت. دوو ڕۆژ مابوو بۆ ئەوەی ڕوو لە (ڕۆنگی شین) بکەن، بەڵام هەرسێکیان لە تەواوی ئامادەباشیدا بوون، بۆ سازکردنی ئاهەنگەکە. ئەوەش کە نامۆ بوو تێیاندا، ئەوە بوو، بە هیچ شێوەیەک هەستیان بەو دڵەڕاوکێیە نەدەکرد، کە وەک حاڵەتێکی باو دووچاری هەر هونەرمەندێک دەبێتەوە، لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جەماوەردا.

ساڵح زۆر باش دەیزانی، هیچ ئومێدێک لەوەدا نییە، کە لەم ئاهەنگەدا ئەو هەلە بقۆزێتەوە، تا تکا لە

## دەق



سەرۆکوەزیران بکات، ڕێگە بدرێن بگەڕێنەوە سەر ئامێرەکانیان. لەبەر ئەوە هەموو هەوڵدانێکیان دەبێت بە تەنها پشت بەستوو بێت بە دەنگ، لەم حاڵەتانەشدا سەرۆکوەزیران هیچ قەیدوشەرتێک دانانێت. لە سەرەتاوە هەرسێکیان داهێنانە دەنگییەکانی خۆیان پێشکەش کرد، بەڵام هێشتا تەواوی توانای دەنگیی خۆیان نەبوو، دواتر ئامێرە میوزیکییە تایبەتەکانی خۆیان لە جانتاکانیان دەرهێنا، کە پێشتر ڕێکخەرانی ئاهەنگەکە سەرنجی ئەو جانتایانەیان نەدابوو، کە ڕێگەیان پێدا بوون بیبەنە سەر شانۆکە. دەستیان بە ژەنینی ئامێرەکانیان کرد، لەگەڵ گۆرانییەکانی ساڵحدا. میوزیکی لاواندنەوەیەکی ئەندەلووسی و دواتر لاواندنەوەیەک بۆ پێغەمبەر، دواتر هەموانیان داخورپاند بە گۆرانییەکی غەزەلیی مەیئامێز. ئەم گۆرانییە دوای وتەیەکی کورتی ساڵح هات، کە وتی: ئەم گۆرانییە پێشکەشە بە (ئەبی نەواسی شاعیر و جێگەی شانازیی عێراق)، لەو بەشەی هۆڵەکەدا، کە تایبەت بوو بە دیپلۆماتەکان، دەنگی چەپڵەڕێزان بەرز بووەوە، ئەمە لە کاتێکدا بوو، پەستی و نالەباری باڵی کێشا بە سەر ئەو بەشەی تری هۆڵەکەدا، کە تایبەت بوو بە سەرۆکوەزیران و ئەوانی تر. پسپۆڕەکانی سەرۆکوەزیران لە بواری ئاسایش و ڕۆشنبیریدا، کەوتنە دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ دەرچوونێکی نەرم لەو تەڵەزگەیەی ئاهەنگی ئەم سێ ئاهەنگێڕە هیچوپووچە بۆی دروست کردبوون، بە هۆی ئامادەیی دیپلۆماتەکان لەوێ و سەرسامیی زۆریان بۆ ئاهەنگەکە و بە تایبەت دواگۆرانی، نەدەکرا توندوتیژی بنوێنن، لێرەدا سەرۆکوەزیران وتی: بەڵێ دەکرێت، بەڵام دوایی! دوایی!

پسپۆڕەکانی سەرۆکوەزیران وایان پێ باش بوو، کە باشترین ڕێگەچارە بۆ دەرچوون ئەوەیە، وای پیشان بدەن، هیچ شتێکی شەرمهێنەر رووی نەداوە و ئەم سیانەش پێویستە بەردەوام بن لە پێشکەشکردنی بابەتە هونەرییەکانی خۆیان، بەڵام بەبێ ئامێرە میوزیکییەکانیان و لاواندنەوەکان و گۆرانیی نەفرەتیی لەو جۆرە. گەر بە پێچەوانەی ئەوەشەوە بکەن، ئەوکات ئێمە دەزانین چ هەڵسوکەوتێکی شایستە دەگرینە بەر، لەگەڵ ئەوەی خۆ بە دوور دەگرن، لە راگرتنیان لەو جۆرە گەڕەلاوژێیە.

هەرواش بوو، پسپۆڕەکان قسەکانیان بە کوێرانە فڕێ نەدا، لە کاتی سازکردنی ئاهەنگی دواتردا، لە (ڕۆنگی شین)دا، لێشاوی پێڵاو بە سەریاندا داباری. لە ڕاستیدا بەرکەوتنی ئەم سیانە لە کاتی داباریني پێڵاوەکاندا، سووک و ئاسان بوو، چونکە ساڵح و دوو هاوڕێیەکەی، بە زیرەکییەکی ناوازەوە خۆیان لە لێشاوی پێڵاوەکان لا دابوو، ئەوەش یادەوەریی شەقامی عێراقیی گەراندبووەوە بۆ کارایی جۆرج بۆش، کە چۆن خۆی لا دا لەو پێڵاوانەی کە ئەوکات تێیان گرت. بەم شێوەیەش گەیشتین بە سەرەتایەک بۆ کۆتاییە نەخشەبۆکێشراوەکانی ئەو تیپە سێکەسییە. ئێستاش هیچ کەسێک ناتوانێت بڵێت تا ڕادەیەکی زۆر کۆتاییەکی سەرکەوتوو نەبووە، بە تایبەت کە پسپۆڕەکانی سەرۆکوەزیران ڕێگەچارەیەکی خراپتریان لەگەڵیاندا نەگرتە بەر.

**سەرچاوە:**

http://www.almihlaj.net/?ctrl=news&action=show_news&id=192



# ڕۆژێکی گونجاو بۆ کەنگارۆکان


**هاروکی موراکامی**

**لە فارسییەوە: جەبار سابیر**


چوار کەنگارۆ لە قەفەسەکەدا بوون: نێرێک و دوو مێیە و بێچووە کەنگارۆیەک، کە تازە لە دایک بووبوو. من و دەزگیرانەکەم لە پێش قەفەسەکەدا وەستابووین. باخچەی ئاژەڵانەکە زۆر ناسراو نەبوو، لەبەر ئەوەی بەیانیی ڕۆژی دووشەممە بوو. ژمارەی ئاژەڵەکان لە ژمارەی مرۆڤەکان پتر بوو. زیادەڕۆیی ناکەم، سوێند دەخۆم. هەموو ڕووداوەکە ئەمە بوو، کە ئێمە دەمانویست بێچووە کەنگارۆکە ببینین، مەبەستم ئەمەیە، بوونی ئێمە لە باخچەی ئاژەڵاندا بەڵگەیەکی تری نەبوو.





## دەق

مانگێک پێشتر هەواڵی لەدایکبوونی بێچووە کەنگارۆکەمان لە بەشی هەواڵی ناوخۆیی ڕۆژنامەکەدا بینیبوو و لەو کاتەوە خۆڕاگرانە چاوەڕوانی پێشنیوەڕۆیەکی گونجاو بووین، تا بێچووە کەنگارۆ ببینین، بەڵام بە هەر هۆیەک بێت، ئەم ڕۆژە شیاوە پێش نەدەهات. پێشنیوەڕۆیی ڕۆژێک باران دەباری و بە ئەگەری زۆر، ڕۆژی دواتر پتر دەبوو. ڕۆژی دواتریش بێگومان هەموو جێیەک دەبووە قوڕ و دواتر دوو ڕۆژ بە دوای یەکدا ڕەشەبا هەڵی دەکرد. ڕۆژێک، پێشنوەڕۆیەک دەزگیرانەکەم ددانئێشەی هەبوو و پێشنیوەڕۆیەکی تر کارێک لە فەرمانگەی شارەوانی هەبوو، کە دەبوو ئەنجامی بدەم. نامەوێ فەرمان دەرکەم، بەڵام هەروا پێتی دەڵێم:

ژیان ئەمەیە. بەهەرحاڵ، مانگێک وەک برووسکە تێپەڕی.

مانگێک هەورا ئەشێ تێپەڕی. بە زۆر بیرم دێتەوە، کە بە درێژایی مانگ چ کارگەلێکم ئەنجام داوە. هەندێک کات هەست دەکەم کاری زۆرم ئەنجام داوە و هەندێک کاتیش وەک بڵێی هیچ کارێکم تەواو نەکردووە. تەنها کاتێک سەری مانگ، یارۆ بۆ وەرگرتنی پارەی دابەشکردنی ڕۆژنامە هاتبوو، تێگەیشتم مانگێکی تەواو تێپەڕیوە.

بەڵێ، ژیان بەم شێوەیەیە. بەهەرحاڵ، سەرەنجام ئەو پێشنیوەڕۆیە گەیشت، کە قەرار بوو بچین بۆ بینینی بێچووە کەنگارۆکە. کاتژمێر شەش هەستاین. پەردەکانمان کردەوە و وتمان ئەمە هەمان ڕۆژی شیاوە بۆ کەنگارۆکان. دووشمان گرت، بەرچاییمان خوارد، خواردنمان دا بە پشیلەکە، خۆمان گۆڕی و کڵاومان لە سەر کرد تا لە تیشکی هەتاو بمانپارێزێ و دەرچووینە دەرێ.

لە شەمەندەفەرەکەدا دەزگیرانەکەم پرسی: (پێت وایە هێشتا بێچووە کەنگارۆکە زیندوو بێت؟)

–ئەرخایەنم زیندووە. هیچ لە بارەی مردنیەوە نەنووسرابوو، گەر بمردایە بێگومان هەواڵەکەیم دەبینی.

–ڕەنگە نەمردبێت، بەڵام نەخۆش کەوتبێت و لە نەخۆشخانە بێت؟

–باشە، پێم وایە لەم بارەیەشەوە بێگومان دەبوو هەواڵێک چاپ بێت.

–گەر بێتاقەتیی دەروونیی هەبێت و لە کونجێکدا خۆی شاردبێتەوە؟

–بێچووە کەنگارۆ بێتاقەتیی دەروونیی هەبێت؟

–بێچووەکە نا، دایکەکەی؟ ڕەنگە گورزێکی ڕۆحیی بەرکەوتبێت و لەگەڵ بێچووەکەیدا خۆی شاردبێتەوە.

–سەراسیمە بیرم کردەوە، گورزی ڕۆحی. ژنان بیر لە چ شتانێک ناکەنەوە. کەنگارۆیەک چۆن دەشێ گورزی ڕۆحیی بەرکەوتبێت؟

وتی: (ئەگەر ئێستا کەنگارۆ نەبینم پێم وا نییە ئیتر قەت شانسی بینینیم دەست بکەوێت.)

–پێم وا نییە.

–دەمەوێ بڵێم، تۆ تا ئێستا لەوانەت بینیوە؟

وتم: (نا، نەمبینیوە.)

–دڵنیای هەلێکی ترت بۆ پێش بێت؟

–نازانم.

–لەبەر ئەمەیشە نیگەرانم.

وتم: (بەڵێ. بەڵام سەیرکە، من قەت زەڕافەیەکم لە کاتی زاندا نەبینیوە، یا تەنانەت نەهەنگم لە کاتی مەلەدا نەبینیوە. کەواتە دەبێت بۆچی بێچووە کەنگارۆ ئەمەندە گرنگ بێت؟)

–لەبەر ئەوەی ئەم بێچووە کەنگارۆیە، هەر ئەمە.



خۆم دا بە دەستەوە و کەوتە هەڵدانەوەی پەڕەی ڕۆژنامەکە. قەت نەمتوانیوە لە باسوخواسدا بە سەر کچاندا زاڵ ببم.

هەڵبەزودابەزی بێچووە کەنگارۆی نێر (ڕەنگەی مێ) لە گۆڕەپانی کەنگارۆکاندا پیشانی دەدا، کە هێشا زیندووە و حاڵی باشە. تۆزێک گەورەتر لە وێنەی ناو ڕۆژنامەکە دەبینرا و پتر لە کەنگارۆیەکی چکۆلە دەچوو، تا بێچووە کەنگارۆ. دەزگیرانم نائومێد بووبوو.

وتی: (خۆ ئەمە ئیتر بێچوو نییە.)

هەوڵم دا شادی بکەم و وتم: (هەڵبەتە کە بێچووە.)

دەستم لە کەمەری ئاڵاند و بە نەرمونیانی لاواندمەوە. سەری با دا. ویستم شتێک بڵێم تا دڵنەوایی بکات، بەڵام هەرچییەکەم دەوت ڕاستینەیەکی بنەڕەتیی نەدەگۆڕی، بەڕاستی بێچووە کەنگارۆکە گەورە بووبوو. لەبەر ئەمەیش هیچم نەوت.

بەرەو کابینەکە ڕۆیشتم و دوو چلوورەی قاوەم کڕی. کاتێک گەڕامەوە، هێشتا ئەو پاڵی بە قەفەسێکەوە دابوو و لە کەنگارۆکان ڕامابوو.

دووبارە وتییەوە: (ئیتر ئەمە بێچوو نییە.)

یەکێک لە چلوورەکانم دا بەو و پرسیم: (دڵنیای؟)

-بێچوو دەبێت لە کیسەکەی دایکیدا بێت.

سەرم با دا و چلوورەکەم لێسایەوە.

-بەڵام ئەمە لە کیسەی دایکیدا نییە.

هەوڵمان دا دایکە کەنگارۆکە بدۆزینەوە. دەکرا ئاسانتر باوکەکە بناسییەوە، چونکە گەورەتر و ئارامترین کەنگارۆ بوو لە نێوان ئەو چوارەدا. وەک دابەشکارێکی موزیک، کە تواناکەی لە دەست دابێت، بێ جووڵە وەستابوو و لە گەڵای ناو لەگەنی خواردنەکە ورد بووبووەوە. کەنگارۆکانی تر مێ بوون و شێوە و قیافە و ڕەنگیان وەک یەک بوو. یەکێک لەوان ئەشیا دایکی منداڵەکە بێت.

وتم: (یەکیان دایکی بێچووەکەیە و ئەو یەکەیش نا.)

-هوم.

باشە کامیان دایکی بێچووەکە نییە؟

وتی: (خەریک بووم بیرم لەمە دەکردەوە.)

بێچووە کەنگارۆکەیش لە گۆڕەپانەکەدا هەڵبەزودابەزی دەکرد و تاوناتاوێ لە خۆوە پیسوپۆخڵییەکەی بە سەر یەکدا دەدا. بێچووە کەنگارۆی نێر، یان مێ، بێگومان شتانی زۆری دەدۆزییەوە، تا خۆی پێیانەوە سەرقاڵ بکات. بێچووە کەنگارۆ بازێکی دا، بۆ لای باوکەکە، تۆزێک گەڵای جوو، پیسوپۆخڵییەکەی تێک دا، ئاسایشی مێکانی شێواند، پاڵ کەوت، پاشانیش هەستا و چەند جارێکی تر لەو دەوروبەرە هەڵبەزودابەزی کرد.

دەزگیرانم پرسی: (بۆچی کەنگارۆکان ئەوەندە توندتوند هەڵبەزودابەز دەکەن؟)

-بۆ ئەوەی لە دەست مێمڵەکانیان ڕاکەن.

-کام مێمڵ؟

وتم: (بەشەر، بەشەر ئەوانە بە پلار دەکوژن و دەیخۆن.)

-بۆچی بێچووە کەنگارۆکان دەچنە کیسەکەی دایکیانەوە؟

-بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ دایکیاندا هەڵبێن، بێچووەکان ناتوانن خێرا رابکەن.

-بەم شێوەیە لە ئاسایشدان؟

وتم: (بەڵێ، ئەوان چاودێریی هەموو بێچووەکان دەکەن؟

-تا چ کاتێک بەم شێوەیە چاودێریی بێچووەکان دەکەن؟

دەمزانی کە دەبوو بەر لە هاتن بۆ ئەم گەڕانە چکۆلەیە، دائیرەتولمەعاریفێکی تەواوم لە بارەی کەنگارۆکانەوە بخوێندایەتەوە. ڕێژنەبارانی پرسیارگەلێکی لەم جۆرە، تەواو شایەنی پێشبینی بوو.

-پێم وایە یەک دوو مانگ.

ئاماژەی بۆ بێچووە کەنگارۆکە کرد و وتی: (باشە ئەم بێچووە کەنگارۆیە تەمەنی تاقە مانگێکە. کەواتە دەبێت

## دەق

ئێستایش بچێتە کیسەکەی دایکییەوە.)

وتم: (هوم. منیش پێم وایە.)

-چوونە ناو ئەم کیسەیەوە زۆر ئۆخژنبەخشە، مەگەر وا نییە؟

-بۆ نا.

ئێستا خۆر بە تاقی ئاسمانەوە بوو و دەمانتوانی هەراوهۆریای ئەو مندالآنە بژنەوین، کە لە مەلەوانگەیەکی هەمان نزیکی مەلەیان دەکرد. کەڤاڵەهەوری سپیی هاوین، کە نەخشتی روونیان تێدا بوو، بە خێرایی کەوتنە جووڵە.

پرسیم: (دەتەوێ شتێک بخۆین؟)

وتی: (ساندویچ بە کۆکا کۆلاوە.)

لە کابینەی ساندویچفرۆشییەکە، کە لە پاسێکی چکۆلە دەچوو، خوێندکارێکی کۆلێژ کاری دەکرد. ریکۆردەرەکەی هەڵکرابوو و لەو ماوەیەی کە چاوەڕێ بووم، ساندویچەکان ئامادە بن، ستیڤ واندەر و بیلی ژوئل عاشقانە گۆرانییان بۆ دەچڕیم.

کە بەرەو قەفەسی کەنگارۆکان گەڕامەوە دەزگیرانم وتی: (سەیرکە، دەبینی؟ لە کیسەکەی دایکیدایە.) و ئاماژەی بۆ یەکێک لە دایکە کەنگارۆکان کرد.

بە دڵنیاییەوە بێچووە کەنگارۆ چووبووە ناو کیسەکەی دایکی (بەم گریمانەیەی کە ئەو یەکە دایکی بوو.) کیسەکە پڕ بووبوو و جووتێک گوێ و قەپۆزێک بەرچاو دەکەوت. دیمەنێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو و دەبووە هۆی ئەوەی سەفەرەکەمان شایەنی زەحمەتەکەی بێت.

وتی: (دەبێت بێچووەکە لە کیسەکەیدا زۆر قورس بێت.)

-نیگەران مەبە، کەنگارۆکان بەهێزن.

-بەڕاست؟

-دیارە لەبەر ئەمەیشە قرپیان تێ نەکەوتووە.

کەنگارۆی مێیە هەتاوی گەرمیش ئازاری نەدەدا. وەک کەسێک دەهاتە بەرچاو، کە تازە کڕینی دوانیوەڕۆیانی لە سوپەرمارکێتێکی سەر شەقامێکی گشتیی گەڕەکێکی ژووروی شاری ئاتۆیاما ئەنجام داوە و ئێستا خەریکە لە تەنیشت کافێیەک ماندوویەتی دەردەکات.

-خەریکە چاودێریی بێچووەکەی دەکات، وا نییە؟

-بەڵێ.

-حەز دەکەم بزانم بێچووەکە نووستووە، یا نا؟

-رەنگە.

ساندویچەکانمان خوارد و کۆکاکانمان خواردەوە و لە قەفەسی کەنگارۆکان دوور کەوتینەوە. کاتێک خەریکبوو دەڕۆیشتین، کەنگارۆ باوکەکە هێشتا بە دوای نۆتە ونبووەکاندا، لە لەگەنی خواردنەکە رامابوو. کەنگارۆ دایکەکە و بێچووەکەی بووبوونە یەک و لە رەوتی زەماندا هەلآژابوون، لە کاتێکدا، کە دایکەکەی تر، بە حاڵەتێکی تەمومژاوییەوە، وەک بڵێی کلکی بردبێت بۆ تاقیکردنەوەی راکردن، لە دەوروبەری گۆڕەپانەکە هەڵبەزودابەزی دەکرد.

وا دەهاتە بەرچاو، رۆژێکی گەرم لە پێشە، هەووەڵین رۆژی گەرم، کە تا ئەو حەلە هەمانبوو.

دەزگیرانم پرسی: (هێی، پێت خۆشە خواردنەوەیەک هەڵدەین.)

وتم: (زۆر باشە.)

**سەرچاوە:**

نفر هفتم، هاروکی موراکامی، ترجمە: محمود مرادی، نشر ثالث، چاپ، اول- 1390



# تا بێت کەمتر و کەمتر باوەڕ بەوە ئەهێنم، کە نووسەر نەمرە

## گفتوگۆ لەگەڵ ئۆرهان پامووك-دا

**لە سوێدییەوە: هیوا قادر**

**ئۆرهان پامووک هەرەناودارترین نووسەری تورک و خاوەنی خەڵاتی نۆبڵە، لە دیمانەیەکی درێژدا کە لە کتێبی "ڕەنگەکانی تر"دا بە زمانی سوێدی بڵاوکراوەتەوە، باس لە فۆرمی ڕۆمان و ڕۆمانی بەفر و خوێندنەوەکانی خۆی دەکات سەبارەت بە چوونی تورکیا بۆ ناو یەکێتیی ئەورووپا... ئەمە تەنها بەشێکی کەمی ئەو دیمانە دوورودرێژەیە...**

***پێ ئەچێت تۆ تا ئێستاش خەم بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بخۆیت، چونکە لە کتێبی "ئیستەنبووڵ"دا ڕۆمانسییانە باست لە ئیستەنبووڵ کردووە؟**

-بە هیچ شێوەیەک من خەم بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ناخۆم. ئاڕاستەی من ڕووە و خۆرئاوایە و بە ئەورووپاکردنی تورکیاش بە شتێکی باش ئەزانم. من ڕەخنە لەو جۆری ئاڕاستەیە ئەگرم، کە لە لایەن گرووپێکەوە بەڕێوە ئەبرێت. هەم لە ڕووی بیرۆکراتییەت و هەم لە ڕووی بیروبۆچوونی ئەو دەوڵەمەندە تازانەی، کە شێوازی بە ئەورووپیبوونی تورکیا دائەڕێژن. ئەوان خاوەنی ئەو بڕوابەخۆبوونە نین، کە پێویستە بۆ هێنانەکایەی کولتوورێکی نەتەوەیی دەوڵەمەند، کە لە سەر سیمبول و ڕێوڕەسمەکان بنیات بنرێت. ئەوان هەوڵی ئەوەیان نەداوە کولتوورێکی ئیستەنبووڵیی ئەوتۆ بێننە کایەوە، کە هەم ببێتە بەشێکی گرێدراوی ئەورووپا و هەم بەشێک بێت لە پێشکەوتنەکەی؛ ئەوان زۆر بە سادەیی ناچار بوون مل بدەن بۆ ئەورووپیبوون و پێشکەوتن. کولتوورێکی دەوڵەمەندی عوسمانلی هەی،ە کە بە داخەوە بەرەو لەناوچوون ئەچێت. ئەوەی کە ئەبوو بکرایە نەکرا و نەیانتوانی سەرکەوتوو بن لە هێنانەکایەی کولتوورێکی دەوڵەمەندی لۆکاڵیی تێکەڵ- نەک تەنها لاساییکردنەوە - بەڵکو ئەبوو لە هەمان کاتدا هەم کولتوورێکی ڕۆژهەڵاتیی سەر بە ڕابردوو بێت و هەم سەر بە ئەورووپاش بێت. ئەمە ئەو کارەیە کە من لە ڕۆمانەکانمدا هەوڵی بۆ ئەدەم بیکەم. ڕەنگە وەچەی نوێ سەرکەوتوو بن لە بە ئەنجامگەیاندنی ئەمەدا، هەروەها لەوانەشە چوونەناوەوە بۆ یەکێتیی ئەورووپا، شووناسی تورکیا تێک نەدات، بەڵکە وا بکات گوڵ بگرێت و ئازادی و ئارامییەکی وامان بداتێ، کە کولتوورێکی نوێی تورکی دروست بکەین. لاساییکردنەوەی ئەورووپا، بەم جۆرە و لاساییکردنەوەی ئەو کولتووره ونبووەی عوسمانلییەکانیش چارەسەر نییە. بەڵام ئەبێت ئەم شتانە پەرە بستێنن و نەمانترسێنن، کە گوایە ئێمە سەر بەم بەرەیەین، یان بەوی تریانین.

***بەڵام لە کتێبی ئیستەنبووڵدا لەوە ئەچێت بتەوێت شووناسی خۆت و شارەکەت لە دیدی بیانی و ئەورووپییەکانەوە بناسێنیت؟**

-بەڵام خۆ من لە هەمان کاتدا ئەوەم ڕوون کردووەتەوە، کە بۆچی بە ئەورووپیبوونی ڕۆشنبیرێکی تورک، ئەکرێت لە ڕێگەی تێگەیشتنێکی ئەورووپیانەوە بێت. دروستبوونی ئیستەنبووڵ پرۆسەیەکی خۆناساندنە لەگەڵ ئەورووپادا. ئەم دابەشکردنەش هەمیشە هەبووە، هەورەها ئاسانیشە لە ڕێگەی ئەو ڕقە خۆرهەڵاتییەوە خۆی بناسێنێت. هەموو ئەمانەی کە ئێستا هەمانە، ڕۆژێک لە ڕۆژان، یان ئەورووپی بوون، یان خۆرهەڵاتی، یان هەردووکیان بوون پێکەوە. من بیرۆکەکەی ئیدوار سەعیدم بۆ ڕۆژهەڵاتیبوون پێ باشە، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ کاتێک تورکیا کۆلۆنی نەبووە و هیچ کاتێکیش تورکیا بە هەمان شێوەی ئەو وڵاتانە ڕۆمانسییانە سەیر نەکراوە. وڵاتانی ئەورووپا هیچ کاتێک سووکایەتیان بە تورکیا نەکردووە، وەک ئەوەی بە عەرەبەکان و بە هیندییەکانیان کردووە. داگیرکردنی ئیستەنبووڵ تەنها دوو ساڵی خایاندووە و کەشتییە جەنگییەکانی ئەورووپاش تا ڕادەیەک هەر زوو بەجێیان هێشتووە، بۆیە هەرگیز لە دوای خۆیان دڵەڕزینێکیان نەخستووەتە ڕۆحی نەتەوەوە. ئەوەی دڵەڕزینی لە

دوای خۆی بەجێ هێشتووە، دۆڕاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی بووە، بۆیە من هەرگیز ئەوەم لە ئەوروپپییەکدا نەبینیوە، کە بێت و بە چاوێکی نزم سەیرم بکات. دوای دروستبوونی کۆماری تورکیا، جۆرە ترسێکی بچووک، کە هێندە جێی مەترسی نەبووە هاتووەتە کایەوە، لەبەر ئەوەی  تورکەکان ئەیانویست بە ئەورووپیبوونی خۆیان پیادە بکەن. ئەمەش گرێیەکە و خۆشم هەندێک جار هەستی پێ ئەکەم و ئەشبێت چارەسەر بکرێت.
لە لایەکی تریشەوە، ئەم هەستە لای هەندێک نەتەوەی تر هێندە قووڵ نییە، لە کاتێکدا بۆ ماوەی دوو سەدە داگیر کراون. تورکەکان هەرگیز لە بەردەم هێزێکی رۆژئاواییدا نەبەزیون. ئەو ستەمکارییەی تورک، کە گیرۆدەی بووە، خۆیان هۆکاری هێنانەکایەی بوون: ئێمە ماڵی خۆمان لە مێژووی خۆمان پاک کردووەتەوە، چونکە بۆمان لواوە. لە سەردەمی سەرکوتکردندا هەستیارییەک هەیە، بەڵام سەرقاڵبوون بە ئەورووپیبوونەوە، جۆرێک لە دابڕانی دروست کردووە. ئەو چەوساندنەوەی هیندییەکان بینیویانە، لە چاویاندا ئەبینرێت، لە کاتێکدا لای تورکەکان بە شێوەیەکی سەیر، لە کولتووری ئەورووپی دابڕێنراون، لەبەر ئەوەیە، کە ئاوا کەوتوونەتە لاساییکردنەوەی. ساڵەکانی پەنجا و شەستەکان، گەر کەسێکی ئەورووپی لە ئوتێل هیلتۆن دابەزیبا، ئەوا لە ئیستەنبووڵدا ئەبووە ڕووداوێک و ڕۆژنامەکان دەربارەیان ئەنووسی.

***ڕۆمانی بەفر زیاتر ڕۆمانێکی سیاسییە. بیرت لە چی ئەکردەوە، کاتێک ئەم ڕۆمانەت ئەنووسی؟**

-کاتێک لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا، لە تورکیادا ناسرام، ئەوکات جەنگ دژ بە گەریلا کوردەکان بە شێوەیەکی توندوتیژ بەرپا بوو. هەردوو لایەنی نووسەرە چەپە پیرەکان و گەنجە لیبرالەکان، ئەیانویست لە ڕێگەی ئیمزاکۆکردنەوە و داخوازینامەوە یارمەتییان بدەن، ئەوان ئەیانویست منیش لەو چالاکییە سیاسییانەدا بەشدار بم، بەبێ ئەوەی بە ڕۆمانەکانمەوە بیبەستمەوە.
زووبەزوو ئەو گرووپە دامەزراوەیەکیان بۆ ئەم هەڵمەتە دروست کرد. هەر زووش ناووناتۆرەیان دوا خستم و بێزاریان کردم. دوای ماوەیەک بیرۆکەی ئەوەم بۆ هات ڕۆمانێک لەسەر ئەم تەنگژە ڕۆشنبیرییە بنووسم: کەسێک لەدایکبووی خێزانێک بێت، لە چینی ناوەڕاست و هەست بە بەرپرسیاری بکات، بەرامبەر ئەو کەسانەی کە هیچ هاوبارییەکی سیاسیی نییە لەگەڵیاندا. من باوەڕم بە ڕۆمانە، وەک فۆرمێکی هونەری. بۆیە دوای تەواوبوونم لە ڕۆمانی "من ناوم سوورە" دەستم کرد بە نووسینی ڕۆمانێکی سیاسی.

***بۆچی ویستت ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانە لە شارێکی بچووکی وەکو قارسدا ڕوو بدەن؟**

-ئەو شارە بە ساردترین شوێنی تورکیا ناسراوە. هەروەها یەکێکیشە لە هەژارترین شوێنەکانی. لە هەشتاکانی ڕابردوودا هەرە ناونیشانە دیارەکانی ناو ڕۆژنامەکان باسیان لە هەژاریی قارس ئەکرد. یەکێک حسابی کردبوو، گەر کەسێک بیەوێت ئەو شارە بکڕێت، ئەوا ئەتوانێت بە یەک ملیۆن دۆلار هەمووی بکڕێت. کاتێک چووم بۆ ئەوێ، کەشوهەوای سیاسی زۆر دژوار بوو. زۆرینەی خەڵکانی دەوروبەری شارەکە کورد بوون، بەڵام دانیشتوانی ناوخۆی شارەکە پێک هاتبوون لە کورد و ئازەری و تورک و خەڵکانی تر. سەردەمانی پێشتر هەم ڕووس و ئەڵمانییشی تێدا ژیاوە. هەروەها جیاوازیی دینی لە نێوان شیعە و سوننەکانیشدا هەیە. شەڕی نێوان دەوڵەتی تورکیا و گەریلا کوردەکان هێندە توندوتیژ بوو، نەتئەتوانی وەک گەشتیارێک سەفەر بۆ ئەوێ بکەیت. من ئەمزانی کە تەنها وەک ڕۆماننووسێک ناتوانم سەفەر

بۆ ئەوێ بکەم، بۆیە داوام لە سەرنووسەری ڕۆژنامەیەک کرد، کە ئەمناسی، پاسپۆرتێکی ڕۆژنامەنووسیم بۆ بکات، تا بتوانم ئەو ناوچەیە ببینم. سەرنووسەرەکە کەسێکی خاوەن نفووز بوو، خۆی تەلەفونی بۆ بەڕێوبەری شارەوانی و بەرێوبەری پۆلیس کرد، تاکو ئامادەسازی بۆ سەفەرەکەم بکەن.

لەگەڵ گەیشتنم بۆ ئەوێ، چووم سەردانی بەڕێوبەری شارەوانیم کرد و تەوقەم لەگەڵ بەڕێوبەری پۆلیسیشدا کرد، بۆ ئەوەی دواتر لە سەر شەقامەکان نەمگرن. هەندێک پۆلیس گەر نەیانزانیایە من کێم، ئەوا ئەیانگرتم و دوور نەبوو بمخەنە ژێر ئەشکەنجەشەوە. من ناوی خۆمم بە خەڵکی نەئەوت، چونکە من هەردوو سەرۆکی شارەوانی و پۆلیسم ئەناسی و نەئەترسام... بەڵام من لەو جۆرە کەسانە بووم، کە جێی گومان بوون، چونکە بە پێی ئەو تیۆرییە، کە تورکیا وڵاتێکی ئازادە، ئەوا هەموو بێگانەیەک ئەبێت جێی گومان بێت، ئەمەش تا ساڵی ١٩٩٩ـی خایاند. تەمەنا ئەکەم ئەمڕۆ باشتر بووبێت و وا نەمابێت.

***چۆن پێشوازی لە ڕۆمانەکە کرا؟**

-لە تورکیا هەردوو بەرەی کۆنەپارێزان- یاخود سیاسییە ئیسلامییەکان- و سێکولارەکان تووڕە بوون. نەک بەوەی بێن کتێبەکە قەدەغە بکەن، یاخود من ئەزیەت بدەن، بەڵکە تووڕە بوون و لە ڕۆژنامەکانی خۆیاندا لە سەریان نووسیم. سێکولارەکان بۆیە تووڕە بوون، چونکە من پێداگریم لە سەر ئەوە کردبوو؛ وتبووم بۆ ئەوەی ببێت بە گۆڕانخوازێکی سێکولار لە تورکیادا، نابێت ئەوەت لە بیر بچێت، کە ئەبێت دیموکراتخواز بێت. نفووزی سێکولارەکان بە تەواوەتی لە سەر دەسەڵاتی جەنگ بەند بوو، ئەمەش دیموکراتییەتی لە تورکیادا وێران کرد و کولتووری لێبووردەیی لە ناو برد. کاتێک دەسەڵاتدارانی جەنگ هێشتیان ببنە خاوەن نفووزێکی سیاسیی لەو جۆرە، بووە هۆی ئەوەی خەڵک بێ هەڵوێست بن و بڕوا بەوە بێنن، کە دەسەڵاتدارانی جەنگ ئەتوانن هەموو کێشەکان چارەسەر بکەن. ئەیانوت کاتێک وڵات و باری ئابووری لە مەترسیدا بێت، ئەوا ئەبێت ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر ئەکات، هەر سەربازی بێت، بەڵام کاتێک دەسەڵاتدارانی جەنگ دەست ئەدەنە وردودرشتی ئەو کارانە، ئەوا لێبووردەییش لە ناو ئەچێت. زۆر لە خەڵکی گومانلێکراو ئەشکەنجە دران، سەدان هەزاریش فڕێ درانە ناو بەندیخانەوە. ئەمەش زەمینەی خۆش کرد بۆ کودەتای سەربازیی تر. بۆیە هەموو دە ساڵ جارێک، لە تورکیادا، کودەتایەکی سەربازی ڕووی داوە. بۆیە من ڕەخنەم لە سێکولارەکان ئەگرت. هەروەها ئەوان پێیان خۆش بووبێت، یان نا، من پۆرترێتی ئیسلامییەکانم وەک ئینسانی زیندوو کێشاوە.

سیاسییە ئیسلامییەکان تووڕە بوون، چونکە من باسم لە کەسێکی ئیسلامی کردبوو، کە پێش هاوسەرگیری سێکسی کردووە. زۆر شتی گەوجانە ڕوویان دا. ئیسلامییەکان هەمیشە بە چاوی گومانەوە سەیرم ئەکەن، چونکە بەشداریی کولتووریان ناکەم و زمانەکەم و تەنانەت هەڵسوکەوت و ڕووخساریشم خەسڵەتێکی خۆرئاواییانەی هەیە. ئەوان کێشەی گەورەیان هەیە بۆ نوێنەرایەتیکردن، لە خۆشیان ئەپرسن چۆن ئەبێت من ئا بەم جۆرە لە سەریان بنووسم. ئەوان پێیان وایە، کە من تێیان ناگەم، ئەمەش خۆی بەشێکە لە ڕۆمانەکەم. من نامەوێت موبالەغە بکەم، بەڵام من لە شەڕەتەقەیاندا

بووم و ئەوانیش ڕۆمانەکەی منیان خوێندووەتەوە. ئەگەرچی ئەوان تووڕە بوون، بەڵام ئەمە نیشانەی هەڵسوکەوتی لیبراڵانەی ئەوانیشە، کە من و کتێبەکانمیان قبووڵ کردووە، وەک ئەوەی کە هەین. پەرچەکردارەکانی دانیشتوانی قارسیش بەرامبەر ڕۆمانەکە جۆراوجۆر بوو، مەبەستم ئەوەیە، کە هەندێکیان بەو جۆرە بوون کە هەبوون، بەڵام لە کاتێکدا ئەوانی تر، بە تایبەت تورکە ناسیۆنالیستەکان، شپرزە بوون، کاتێک من لە سەر ئەرمەنییەکانم نووسی. ئەو دەنگوباسخوێنەی ناوم بردووە، بۆ نموونە ڕۆمانەکەمی وەک سومبلێک خستبووە زەرفێکی ڕەشەوە و بۆی ناردبووم. ئەو لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا وتبووی، من پڕوپاگەندە بۆ ئەرمەنییەکان ئەکەم، بێگومان ئەمە ناماقووڵییە. ئێمە خاوەنی ئەم کولتووره ناشیۆنالیستە سنووردارەین.

***کتێبەکە بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک کتێبەکەی سەلمان ڕوشدی هەرای نایەوە؟**

-نا، بە هیچ شێوەیەک.

***ئەمە ڕۆمانێکی زۆر غەمگین و ڕەشبینانەیە. تەنهاکەسێک لە هەموو لاپەڕەکانی ڕۆمانەکەدا توانای گوێگرتنی هەبێت، تەنها هەر "کا"یە، دواتر ئەویش لە کۆتاییدا لە لایەن هەموانەوە سووکایەتی پێ ئەکرێت.**

-ڕەنگە هەڵوێستی من وەک ڕۆماننووسێک لە تورکیادا زۆر زێدەڕۆیی پێوە بکرێت. "کا" ئەزانێت لە ڕۆمانەکەدا، سووکایەتی پێ ئەکرێت، لەبەر ئەوەی ئەو لە هەموو لاپەڕەکاندا دیالۆگی هەیە. هەروەها ئەو غەریزەیەکی زیندووی بەهێزی هەیە. بە چاوێکی سووک سەیری "کا" ئەکرێت، چونکە پێیان وای جاسووسێکی ئەورووپییە، ئەمەش خەتابارکردنێکە، کە چەندان جاری تر ڕووی داوە. منیش پێم وایە ئەمە ڕۆمانێکی غەمگینە، بەڵام ئەی شۆخیکردن چارەسەرە. کاتێک خەڵکی ئەم ڕۆمانە بە ڕۆمانێکی غەمگین ئەبینن، ئەوا منیش لێیان ئەپرسم، حەزنەکردنی ئەوانیش لەم ڕۆمانە، جۆرێکە لە گاڵتەکردن. بە هەر حاڵێک، ئەمە قەناعەتی منە.

***سەرقاڵیی تۆ بە ئەدەبەوە، تۆی خستووەتە ناو گرفتارییەوە، پێشم وایە جارێکی تریش سەرلەنوێ ئەکەویتەوە ناو گرفتارییەوە. ئەمەش مانای بەخشینی خەڵاتێکی هەستیارە بە تۆ. ئەمە زەریبەیەکی گەورەیە، کە تۆ ئەبێت بیدەیت.**

-وایە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا شتێکی خۆشە. من پێویستم بە هێنانەکایەی دنیایەکە وەک چۆن نەخۆشێک هەموو ڕۆژێک پێویستی بە پێدانی حەبێکە. کاتێک ئەچمە دەرەوە، بۆ سەفەر و ناتوانم لە بەرامبەر مێزی نووسینەکەمدا دابنیشم، دوای ماوەیەکی کەم تووشی خەمۆکی ئەبم. من دڵخۆش ئەبم، لە بەردەم مێزی نووسینەکەمدا دابنیشم و شتەکان بدۆزمەوە. تەنها داهێنانی ئەدەبی بۆ خۆی سەرنجی من ڕاناکێشێت، بەڵکە تەنهاییم لە ژوورێکدا جێی سەرنجە. من لەگەڵ ئەو تەقسەدا ئەژیم و باوەڕم وایە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان شتێک ئەنووسم و ئەخوێنرێتەوە و خەونەکانم بەڕاست ئەگەڕێن. من پێویستم بە چەندان سەعات تەنهایی هەیە لە بەردەم مێزی نووسینەکەم و قەڵەم و کاغەزەکاندا، چونکە ئەمە بۆ من وەک حەبێک وەهایە، بۆ ئەوەی چاک ببمەوە. من لەبەر خاتری ئەو تەقسە ئەژیم.

***تۆ بۆ کێ ئەنووسیت؟**

-ئەمە ئەو پرسیارەیە کە من زۆرینەی جار بە بەردەوامی لە خۆمی ئەکەم و کەچی هێندەش کاتی نادەمێ بۆ وەڵامدانەوەی. من حەوت ڕۆمانم نووسیوە و تەمەناش ئەکەم حەوت ڕۆمانی تریش بنووسم پێش ئەوەی بمرم،



بەڵام ژیان کورتە، ئیتر بۆچی من هەوڵ نەدەم لەرزەتی زیاتر لەمە ببینم. لە ڕاستیدا هەندێک جار پێویستە کۆششی زۆر بکەم، بەڵام بۆچی ئەمە ئەکەم؟ مەبەست لە هەموو ئەم کارانە چییە؟ پێش هەر شت ئەمە غەریزەیە، کە وا ئەکات بە تەنها لە ژوورێکدا بم. لە لایەکی تریشەوە، بەدووداگەڕان و تامەزرۆیی بۆ کێبڕکێکردن لە ناو کەسایەتیمدا بوونی هەیە و ئەمەوێت تا ئەتوانم ڕۆمانێکی باش بنووسم. من تا بێت، کەمتر و کەمتر باوەڕ بەوە ئەهێنم، کە نووسەر نەمرە. ئێمە بەشێکی کەم لەو کتێبانە ئەخوێنینەوە، کە پێش دووسەد ساڵ لەوەوبەر نووسراون. هەموو ئەم شتانە بە خێرایی ئەگۆڕێن و بە دڵنیاییشەوە ئەو کتێبانەی ئەمڕۆ ئەنووسرێن، دوای سەدەیەکی تر لە بیر ئەکرێن. تێیاندایە ئەبێت بخوێنرێنەوە. ڕەنگە دوای دووسەد ساڵی تر پێنج لەو کتێبانەی ئەمڕۆ ئەنووسرێن بتوانن بمێننەوە. ئایە ئەتوانم دڵنیا بم لەوەی، من یەکێک لەو پێنج کتێبە ئەنووسم؟ ئایە بۆ ئەو مەبەستەیە کە من ئەنووسم؟ بۆچی ئەبێت خەم بۆ ئەوە بخۆم کە ئەبێت دوای دووسەد ساڵی تر بخوێنرێمەوە؟ باشتر نەبوو من خەم بۆ ئەوە بخۆم زیاتر بژیم؟ ئایە پێویستم بەو دڵنیاکردنەوەیە هەیە تاکو بزانم، من لە دوارۆژدا ئەخوێنرێمەوە؟ من بیر لە هەموو ئەم شتانە ئەکەمەوە و بەردەوامیش ئەنووسم. ناشزانم بۆچی، بەڵام تەسلیمیش نابم. قەناعەتکردن بەوەی کتێبەکانم کاریگەرییان لە دوارۆژدا ئەبێت، تەنها دڵخۆشییەکە من لەم ژیانەمدا هەمبێت.

***تۆ نووسەرێکی پڕفرۆشیت لە تورکیادا، بەڵام لە دەرەوەی وڵات زۆر زیاتر ئەفرۆشرێیت. کتێبەکانت بۆ زیاد لە چل زمان وەرگێڕدراون. کە ئەنووسیت بیر لە بازنەیەکی نێونەتەوەیی ئەکەیتەوە؟ ئایە ئێستا بۆ خوێنەرانێکی جیاواز ئەنووسیت، بەراورد بەوەی پێشتر ئەتکرد؟**

-من هۆشیارم بەوەی، کە خوێنەرەکانم تەنها خەڵکانی وڵاتەکەی خۆم نین، بەڵام بێ لەوەش کاتێک دەستم بە نووسین کرد، پێم وا بوو من ڕووم لە خوێنەرانێکی زیاتر کردووە. باوکم هەندێک جار لە پشتملە باسی لە هەندێک لەو نووسەرانەی هاوڕێی ئەکرد و ئەیوت، ئەوان تەنها بۆ خوێنەرانێکی خۆماڵی ئەنووسن.

کاتێک بزانیت خوێنەرەکانیشت کێن، ئەمەش کێشەیە، بە هەردوو باردا، بزانیت کە خوێنەرەکانت خۆماڵین، یان نێونەتەوەیین. چیتر ناشتوانم ئەم کێشەیە پشتگوێ بخەم. ئەو دوو کتێبەی دواترینم گەیشتووەتە دەستی نیو ملیۆن لە خوێنەرانی هەموو دنیا. من ناتوانم ئینکاری لە بوونی ئەوان بکەم، بەڵام لە لایەکی تریشەوە هەست ئەکەم، من تەنها بۆ ئەوە کار ناکەم خوێنەرەکانم ڕازی بکەم. پێم وایە ئەوانیش هەست بەمە بکەن. من هەر لە سەرەتاوە ئەمەم کردووە بە پرنسیبێک، کە پاشەکشێ نەکەم، لە بەردەمی ئەو چاوەڕوانییەی خوێنەران لێیان ئەوێم. ئەمە پەیوەندیی بە بونیادی نووسینی منەوە هەیە: من خوێنەران بۆ شتێک ئامادە ئەکەم، کە تووشی سەرسووڕمانیان بکات. ڕەنگە هۆی ئەمەش بێت، کە من زۆر شەیدای ڕستەی دوورودرێژم.

***بۆ زۆرینەی خوێنەرە ناتورکەکان، ڕاستییەکی زۆر لە کتێبەکانتدا هەیە، لەسەر ئەوەی لە تورکیادا ڕوو ئەدات. تۆ ئەتەوێت نووسینەکانت لە تورکیادا بخەیتە چ خانەیەکەوە؟**

-هەمیشە کێشەیەک هەیە وەک ئەوەی هارۆڵد بلوومی ڕەخنەگر، بە "ترس لە دەسەڵات" ناوی بردووە. وەک زۆرینەی ئەو نووسەرانەی تر، من لە لاوێتیمدا ئاشنای ئەو ترسە بووم. کاتێک تەمەنم سی ساڵ و قسوورێک بوو، نیگەران بووم بەوەی ڕەنگ بێت لە ژێر کاریگەرییەکی زۆری تۆلستۆی و تۆماس ماندا بم، من لەو ڕۆمانە پەخشانئامێزەی یەکەممدا دوای خۆشی و ئارەزوویەکی ئەرستۆکراتییانە کەوتبووم، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، تێگەیشتم ئەگەر لە ڕووی تەکنیکییشەوە خودموختار نەبوویم، بەڵام هەرچۆنێک بێت کارم لەو بەشەی دنیایەدا کردووە، ویستوومە لە ناو ئەو کولتوورە غەریب و ئاووهەوا مێژوویییەدا، کەسێکی ئورگیناڵ بم، سەرباری ئەوەی ئەو ئۆرگیناڵبوونەشم ئاسان بوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کارێکی قورس بوو، چونکە تەکنیکی ئەدەبی هێندە ئاسان هاوردە ناکرێت. ڕەچەتە بۆ ئۆرگیناڵبوون ئاسانە: پێکەوەگرێدانی دوو شتە، کە پێشتر هەرگیز پێکەوە کۆ نەکراونەتەوە. سەیری کتێبەکەم بکە: "ئیستەنبووڵ"، دەقێکی ئەدەبییە لە سەر شارێک، ئەبینیت چۆن نووسەرانێکی وەک فلۆبێر و نێرڤال و گاویتەر سەیری ئەم شارەیان کردووە، هەروەها چۆن کاریگەرییان لە سەر هەندێک لە نووسەرانی تورک داناوە. من ئەم دەقە ئەدەبییانەم تێکەڵ بە سەرهەڵدانی ئیستەنبووڵ وەک هەرێمێکی ڕۆمانسییانە پیشان داوە، لەگەڵ باسکردنی ژیانی خۆم. کەس پێشتر شتێکی لەم جۆرەی نەکردووە. ئینسان ئەبێت ڕیسک بکات بۆ ئەوەی شتێکی تازە بکات. ویستوومە شتێکی ئۆرگیناڵانە لە ئیستەنبووڵ بکەم. ناشزانم کە سەرکەوتوو بووم یان نا. کتێبە ڕەشەکەش جۆرێکە لەو هەوڵە، لە تێکەڵکردنی دنیایەک لە یادەوەریی پەخشانئامێز لەگەڵ حەکایەتی ڕەمزیی ئیسلامی، هەروەها لەگەڵ چیرۆک و داهێنان و دانانی هەموویان لە ئیستەنبووڵدا و سەیرکردنیان تا بزانیت چی ڕوو ئەدات.

***کتێبەکەت "ئیستەنبووڵ" ئەوە پیشان ئەدات، کە تۆ هەمیشە کەسێکی زۆر تەنیا بوویت. بە هەر حاڵێک، دیارە کە تۆ نووسەرێکی دانسقەی ناو تورکیایت. تۆ گەورە بوویت و لە دنیایەکیشدا ژیاویت، کە هیی تۆ نەبووە.**

-سەرباری ئەوەی من لە خێزانیکی گەورەدا گەورە بووم و بە جۆرێک پەروەردە کراوم، کە حەز بە پیشکەوتنێکی پێکەوەیی بکەم، لەگەڵ کاتیشدا، هەوڵم داوە لە دەستی ڕزگار ببم. من ڕووی ڕەخنەش لە خۆم ئەکەم، کاتێک دەهری ئەبم، کاری وا ئەکەم کە دوورم ئەخاتەوە لەو ڕووە پێکەوەیی و کۆمەڵایەتییە. من پێشتر لە ژیاندا وام ئەزانی کە هاوڕێیەتیی زۆر، یارمەتی داهێنان ئەدات. من پێویستم بە ئازاری تەنهایی هەیە، بۆ ئەوەی فەنتازیاکانم بکەونە گەڕ. لەبەر ئەمەیە کە من دڵخۆشم، بەڵام لەبەر ئەوەی من تورکم، دوای ماوەیەک پێویستم بە زاخاوی ئەو ژیانە کۆمەڵایەتییە هەیە، کە پشتم لێ کردووە. کتێبی ئیستەنبووڵ ئەو پەیوەندییەی منی لەگەڵ دایکم ڕووخاند؛ ئێستا کەمتر یەکتر ئەبینین. تا ڕادەیەکیش براکەم هەر نابینم. سەرباری ئەوەی پەیوەندییشم بە باری گشتیدا پڕ کێشە بووە، بە هۆی ئەو قسانەوەی کردوومن.

***ئایا تورکیا وەک ئەوەی هەیت، ئەتبینێت؟**

-پێش هەر شت من وەک تورکێک لە دایک بووم و دڵیشم بە تورکبوونی خۆم خۆشە. لە ئاستی جیهانییشدا زیاتر وەک تورکێک بەناوبانگم، نەک وەک ئەوەی کە هەم. من خۆم بە نووسەرێکی تورک ئەزانم. کاتێک مارسیل پرۆست باسی لە عەشق کردووە، پێی وا بووە باس



له عەشقێکی جیهانی ئەکات. منیش بە تایبەت لە سەرەتاکانی نووسینمدا، کە باسی عەشقم ئەکرد، ئەموت ئەمە عەشقی تورکییە. کاتێکیش کتێبەکانم وەرگێڕان بۆ زمانەکانی تر، تورکەکان شانازییان پێوە کرد؛ ئەوان وەک یەکێک لە خۆیان سەیریان ئەکردم. من بۆ ئەوان کەسێکی تورک بووم. کاتێکیش لە ئاستێکی جیهانیدا وەک تورکێک ددانم پێدا نرا و وەک تورکێک ناسێنرام، تورکەکان پێیان لە سەر ئەوە دائەگرت، کە من یەکێکم لەوان. دەست بە سەر نەتەوایەتیمدا ئەگیرا و لە لایەن خەڵکانی ترەوە کۆنترۆڵ ئەکرام. تورکەکان زیاتر خەمیان بۆ ئەوە ئەخوارد من تورکیام چۆن لە بەردەمی دنیادا پیشان داوە، نەک خەمخۆری هونەرەکەی من بن. لە وڵاتەکەمدا هەمیشە کێشەکان دروست ئەبن. نووسەرانی ناو ڕۆژنامە ئێوارەکان، ئەو خەڵکانە چەواشە ئەکەن، کە ڕۆمانەکانی منیان نەخوێندووەتەوە و باسی ئەوە ئەکەن، کە من چۆن لە دەرەوە و لە بەردەمی دنیادا ئابڕووی تورکیا ئەبەم. ئەدەب بۆ خۆی تێکەڵەیەکە لە باشە و خراپە، فریشتەکان و شەیتانەکان، تا بێت خەڵکیش زیاتر و زیاتر خەمی شەیتانەکانی منیانە.

**سەرچاوە:**

Andra Färger
Orhan Pamuk
Ö-Mats Mullern


صەلەفی شانۆ





# پەیامی
# ڕۆژی جیهانیی شانۆ
# 2013

**داریۆ فۆ**

سەردەمانێک لەمەوبەر، دەسەڵات مەسەلەی بێحەوسەڵەیی خۆی بەرامبەر ئەکتەرانی 'کۆمێدیا دێل ئارتێ' بەوە یەکلایی کردەوە، کە وڵاتبەدەریان بکات. ئەمڕۆکەش ئەکتەران و کۆمپانیاکانی شانۆ بە ئەستەم تەختەی شانۆ و هۆڵ و بینەریان دەستدەکەوێت. ئەمانەش هەمووی بەهۆی قەیرانەکەوەیە.

لەبەر ئەوە فەرمانڕەوایان چی دی باکیان بە کۆنترۆڵکردنی گرفتی ئەو کەسانە نییە، کە بە شێوەی بەلاغی و بە گاڵتەجاڕییانە بیروڕای خۆیان

دەردەبڕن، چونکە نە جێگەیەک هەیە بۆ ئەکتەر و نە بینەرێکیش هەیە نمایشی بۆ بکرێت.

بە پێچەوانەشەوە، لە سەردەمی ڕێنیسانسدا لە ئیتاڵیا دەسەڵاتداران ناچاربوون ڕێوشوێنی توند بگرنەبەر بۆ بەرگرتن لە ئەکتەرە کۆمیدییەکان، چونکە بینەرێکی زۆریان هەبوو.

زانراوە کە کۆڕەوی ئەکتەرانی 'کۆمێدیا دێل ئارتێ' لە سەدەی دژە ریفۆرمدا ڕووی دا، کە بڕیار دەرچوو بۆ لەبەریەک هەڵوەشاندنی هەموو هۆڵی شانۆکان، بەتایبەت لە شاری ڕۆما، چونکە لەوێ بەوە تۆمەتبار کرابوون، کە سووکایەتی بە شاری پیرۆز دەکەن. لە ساڵی ١٦٩٧دا، پاپا ئینۆسینتی ١٢ [ئینۆسنت واتە بێتاوان، یان بێگوناه. و] لەژێر کاریگەریی فشاری داواکاری بەردەوامیی بەرەی زیاتر کۆنەپارێزی بۆرجوازەکان و زۆربەی پیاوانی کڵێسا، بڕیاری دا بە خاپوورکردنی هۆڵی شانۆی تۆردینۆنا، کە بە گوێرە ئاکارگەراکان، زۆرترین ژمارە نمایشی بێئابڕووی ئەنجامدابوو.

لە سەردەمی دژە ڕیفۆرمدا، کاردیناڵ 'کارلۆ بۆرۆمیۆ'، کە لە باکووری ئیتاڵیا چالاک بوو، خۆی تەرخانکردبوو بۆ ڕزگارکردنی 'منداڵانی میلان' و جوداکارییەکی ئاشکرای دانابوو لە نێوان هونەری ڕاستەقینە، وەک باڵاترین شێوەی فێربوونی ڕۆحانی، لەگەڵ شانۆ، کە بەرجەستەبوونی دەمپیسی و پڕوپوچییە.

لە نامەیەکیدا کە ئاراستەی هاوپیلانەکانی کردبوو، کە وەکو خۆی ئەینوسمەوە، زۆر تا کەم بەم جۆرە دوواوە "وەک بایەخی بەردەوامان بە ریشەکێشکردنی خراپەکاری، ئەوپەڕی هەوڵمان داوە بۆ سووتاندنی ئەو دەقانەی کە وتەی بەدفەڕیان تێدابوو، بۆ ئەوەی بە تەواوەتی لە یادەوەریی خەڵکدا بیانسڕێنەوە. لە هەمان کاتیشدا دادگاییکردنی ئەوانەی کە ئەو جۆرە دەقانەیان بەیانکردووە. وەک دیاریشە، کاتێک ئێمە لە گەرمەی خەودابووین، شەیتان زەفەری هێناوە. دەبێت چی لەوەی بە چاو دەبینرێت زیاتر ڕۆحمان بسمێت وەک لەوەی لەو جۆرە کتێبانەدا دەخوێنرێنەوە! چی لەو وشە مردووانەی ناو کتێبە چاپکراوەکان زیانبەخشترە بە نەوجوانان و کچە لاوەکانمان! بۆیە ئەرکێکی پەلەیە شارەکانمان پاکبکەینەوە لە شانۆکاران، وەک چۆن لە ڕۆحە نەویستراوەکان پاکیان دەکەینەوە."

بۆیە تاقە چارەی ئەم قەیرانە لەو ئومێدەدایە، کە شاربەردەرکردنێکی مەزن لە دژمان ڕێکبخرێت، بەتایبەت لە دژی کەسە لاوەکان، کە خوازیارن فێری هونەری شانۆ بن: تاراوگەیەکی نوێی بۆ ئەکتەرە کۆمیدییەکان، بۆ شانۆکارەکان، ئەوانێک کە لە ئەنجامی ئەم دۆخە بە زۆر سەپاوەوە، بە بێگومان قازانجێکی زۆر دەکەن لە پێناو گوزارشتکردنێکی نوێدا.


داریۆ فۆ





# بونیادی درامی

## لە شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا

**عەلی عوسمان یاقووب**

لە کۆتایی سەدەی ڕابردوو بەو لاوە، سێ شانۆنامەنووس، کە بریتی بوون لە "هارۆڵد پینتەر"، "تۆم ستۆپارد"، هەروەها "سام شەپەرد" بۆ یەکەم جار خوێنەر و بینەرە ئینگلیزەکان و دواتر هەموو بینەرانیان بە بەرهەمە بەپێزەکانیان ئاشنا کرد. دیارە هەر یەک لەم نووسەرانە بە ڕادەی جیاجیاوە سەرنجی ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەکانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە. "پینتەر" هەر زوو، زۆر بە هێزەوە لێهاتوویی خۆی سەلماند.[1] ئەوانی تریش، کە

بە تەمەن بە چەند ساڵێک لە "هارۆڵد پینتەر" بچووکترن، تا ئێستایش، بەرهەمەکانیان پشکی گەورەیان لە لایەن ڕەخنەگر و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی شانۆییەوە بەردەکەوێت. هەڵبەت ئەو نووسەرانە گوزارشتیان لە ڕێبازە شانۆییەکانی ئینگلیزی و ئەمریکی کردووە. هەر یەکەیشیان پەرەی بە بینینی درامیی تایبەتی خۆی دا. هەڵبەت هیچ شارەزایەک لە بواری شانۆدا، کە لە تەکنیک و بونیادە شانۆییەکانی ئەمانەوە شارەزا بێت، نەریتە شانۆییە جیاوازەکانیان تێکەڵ ناکات. لەگەڵ ئەوەیشدا، لە پشت هەر یەکێکیانەوە بیری تیژ و بیرکردنەوەی بیکێت- باوکی شانۆی پۆستمۆدێرن، ئامادەبوونی هەیە. هەموویان کەمتازۆر تەکنیکە درامییە جیاجیاکانی "بیکێت"ـیان بە کار هێناوە. لە نێو ئەمانەیشەوە، پلانی ڕووداوی نێو شانۆنامەکان، لە بری ڕیزبەندییەکی ڕێک و ڕاست، شێوەیەکی بازنەیی وەرگرت. دیالۆگ لە بری درێژدادڕی، بێدەنگی و ناڕوونیی تێکەوت، هەروەها زۆر شتی تریش سەبارەت بە هەست و نەست و شووناسی کارەکتەر و نەگونجانی ئەندامانی خێزان لەگەڵ یەکتر و ڕووبەڕووبوونەوەی هەندێک کارەکتەر لەگەڵ هێزی نادیار و هەڕەشەئامێزدا. لە پاڵ ئەمانەیشدا، زمان ئاڕاستەیەکی تری وەرگرت. بە گشتی، هەندێک جار زمان لە شانۆنامەکانی "پینتەر" و "ستۆپارد" و "شەپەرد"ـدا، لە مەبەست و مانا ڕوونەکەی، جیا دەکرێتەوە. جگە لەمەیش، ئەگەر ڕابردوو بڕیاری لە سەر نەدرێت، ناکرێت بیر لە داهاتوویش بکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، کارەکتەرەکانیان، بێ ئەوەی کۆڵ بدەن، بەرگە دەگرن. زۆربەیان لە کۆتاییدا هێشتا هەر لە سەر پێی خۆیان دەوەستن. دیارە ئێمە هەر باسی پێش هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەکەین، چونکە دوای ئەمە بونیاد و تەکنیکە درامییەکانی ئەم نووسەرانەیش پەرەی پێ درا و چڕتر بوونەوە.

دیارە ئەوەی ئێمە لەم نووسینەدا مەبەستمانە، شانۆنووسی ئینگلیزی "هارۆڵد پینتەر"ـە، کە وەکو گوتمان لێهاتوویی خۆی چەسپاند و سەبارەت بە تەکنیک و بونیادی درامیی شانۆنامەکانیەوە، کەوتە چەقی بایەخپێدان لە سەر ئاستی جیهاندا، بە ڕادەیەک، لە ساڵی ٢٠٠٥ـدا خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت. دوای "یۆنێل کاوەرد"ـیش (١٨٩٩-١٩٧٣) هیچ شانۆنامەنووسێکی ئینگلیزی، لە سەردەمی خۆیدا، ئەوەندەی "پینتەر" نەبووەتە جێگەی سەرنج. تەنانەت بە پێی گۆڤاری "The New Yorker" "یۆنێل کاوەرد"ـیش، کە زیاتر لە پەنجا شانۆنامەی نووسیوە و لە شەستەکان و حەفتاکاندا، بە هۆی شێوازی تایبەتی نووسینی شانۆنامەکانیەوە ئەوپەڕی ناوبانگی دەرکرد، لە نامەیەکیدا بۆ "هارۆڵد پینتەر"، کە لە ساڵی ١٩٦٥دا هەر لە دوای بینینی شانۆگەری "گەڕانەوە بۆ ماڵ" بۆی نووسیبوو، کە "پینتەر" بە شانۆنامەنووسێکی جیاواز دادەنێت، چونکە ئەو ڕێسایانە دەشکێنێت، کە ئەو، واتە "کاوەرد"، بڕوای پێیان هەیە و ئاماژەیش بەوە دەکات، هەڵبژاردەی وشەکان، هەروەها سووربوونی لەسەر ئەوەی هیچ شتێک ڕوون نەکاتەوە، نەک هەر جێگەی دەستخۆشییە، بەڵکو مایەی سەرسامییشە. ڕەخنەگری ئەمریکی "جۆن لار"، کە لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە لە گۆڤاری The New Yorkerـدا بەردەوام ڕەخنەی شانۆیی دەربارەی شانۆنامەنووسە بەناوبانگەکانی جیهان دەنووسێت، دوای بینینی یەکێک لە شانۆنامەکانی "پینتەر" دەڵێت:

"پێشتر وامدەزانی شانۆ هەر ئەوەیە، کە بە زار دەگوترێت. دواتر لە هێزی هونەری بێدەنگی گەیشتم. تێگەیشتم،





کە هەڵکەوتەی کورسییەک، ماوەی وچانێک، هەڵبژاردنی هێمایەک، زۆر شت دەگەیەنن."

بە گشتی، ڕووداوەکان لە زۆربەی شانۆنامەکانی "هارۆڵد پینتەر"، هەر لە ناو ماڵێک، ژوورێک، یان لە ئەپارتمانێکدا، کە ڕەنگە ماڵ یاخود هۆتێل بێت، ڕوو دەدەن. لەوێ ژیان، لە ڕواڵەتدا، بە شێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە دەچێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، نزیکەی لە تەواوی شانۆگەرییەکاندا، کاتێ بینەر یان خوێنەر، لە دروستکردنی کارەکتەرەکان ورد دەبێتەوە، هەست بە هەڵکشان و داکشانی دەروونی دەکات. ئەمەیش پەیوەستە بە شێوازی نووسەر و بە بینینەکەیەوە، بۆ شێوە بە ڕواڵەت ئاساییەکەی ژیان. هەتا کارەکتەرەکە دروست دەبێت، بینەر، جگە لە هەندێک شتی پچڕپچڕی کاتی و ناڕێک و ناڕوون زیاتر هیچی تر نابینێت. دیارە ئەمەیش نایگەیەنێتە هیچ ئەنجامێک تا بە هۆیەوە بتوانێت بیرۆکەیەکی ڕوون دەربارەی کارەکتەر و پاڵنەری هەڵسوکەوتەکان لای خۆی گەڵاڵە بکات، بۆیە تووشی حەپەسانی دەکات.

بۆ نموونە: هەندێک جار بینەر یان خوێنەر دەیەوێت بیرۆکەیەک لە سەر ڕووداوێک، یان حیواری کارەکتەرێک دابڕێژێت، بەڵام پاشان لە پڕێکدا وازی لێ دەهێنێت، یان لێی ون دەبێت، چونکە شتێکی تر جێگەی دەگرێتەوە. ئەمەیش ڕێک ئەوەیە، کە پینتەر دەیەوێت. بینەر یان خوێنەر، سەبارەت بەم شێوازەی نووسەر، بۆ هەر حاڵەتێک، یان ڕووداوێک، تەنانەت هەندێک جار بۆ هەر ئاخاوتنێکیش لێکدانەوەی جیاجیای دەبێت. لە لایەکی تریشەوە، تووشی نیگەرانییەکانی و دڵەڕاوکێی دەکات و دواجار، بە هۆی کۆمەڵێ شتی جیاوازەوە، وەکو خۆیان نامێننەوە، بەڵکو دەکەونە جووڵە، تا گومانێکی زۆری لە لا دروست دەبێت، بەڵام لە کۆتاییدا هەست دەکات، ئەو حاڵەتە ناڕێک و وڕێنەئاساییانەی، کە پێشتر بە سەریاندا تێپەڕیوە، بەشێکن لە کارەکتەرەکە. بۆیە ناتوانێت هیچ بیرۆکەیەکی تایبەت لە سەر هیچ حاڵەتێک دابڕێژێت. ئەمەیش ناچاری دەکات لە ڕێگەی ئەکتیڤکردنی لێکدانەوە و خەیاڵی خۆیەوە "ڕاستی"ـیەکان بدۆزێتەوە.

لە هونەری درامیدا یەک حەقیقەت نییە، بەڵکو کۆمەڵێ حەقیقەت هەن. "حەقیقەت"ـەکان ڕووبەڕووی یەکتر دەوەستن، لە یەکتر هەڵدەسڵەمێنەوە، دەنگ و ڕەنگی یەکتر دەردەخەن، یەکتر پشتگوێ دەخەن، یەکتر شی دەکەنەوە، دەبنە تەپکە و تەڵە بۆ یەکتر، هەر بۆیەش، هەندێک جار بینەر هەست دەکات "حەقیقەت"ـی دۆزیوەتەوە، کەچی لە پڕێکدا لە دەستی دەردەچێت. ئەمەیش سەبارەت بەو ڕاستییەیە، وەکو پینتەر، خۆی، زۆر ڕاشکاوانە لە بەردەم لیژنەی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ، لە ساڵی 2005 ئاماژەی بۆ کرد، کە جیاوازییەکی بەهێز نییە لە نێوان ئەوەی، کە "ڕاستی"ـیە و ئەوەیش کە "ڕاستی" نییە، چونکە مەرج نییە شت "ڕاستی" بێ، یان پێچەوانەکەی و دەشێ هەردووکیان بێت. "ڕاستی" لە ناو درامادا، هیچ کاتێک خۆی، خۆی ناداتە دەست. بە گوێرەی نووسەر، ئەمانە قسەی بەجێن، بەڵام خوێنەر یان بینەر، دەبێ بپرسێت چی ڕاستە و چی ڕاست نییە. بۆیە پێویستە بە دوایدا بگەڕێت.

مامەڵەکردنی "پینتەر" لەگەل بەسەرهاتە بە ڕواڵەت ئاسایی و بە ناوەڕۆک تەمومژاوییەکانی مرۆڤدا، لە پاڵ ئەو ترس و نیگەرانییەی، کە لای بینەر دروستی دەکات، بەدەر نییە لە کاریگەرییەتیی "کافکا" و "سامۆئێل بیکێت" بە سەر بەرهەمەکانییەوە.

مرۆڤ هەست بەم کاریگەرییەتییەی "کافکا" دەکات لە شانۆگەریی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" چ لە بارەی

کارەکتەرەوە و چ لە بارەی ئەو دەوروبەرەی، کە رووداوەکانی تێدا بەڕێوە دەچێت، هەروەها کاریگەریەتیی "سامۆئیڵ بیکێت" بە سەر شانۆنامەی "ئەسانسێرەکە" کاریگەریەتییەکی بەرچاوە.
گوتمان شانۆنامەکان لە ژوورێک، یان خانوویەکدا روو دەدەن. لەو هەڵومەرجە ئاساییەدا مەترسییەک سەر هەڵدەدات. کەشێکی توندوتیژ دروست دەبێت. هەندێک جار مەترسییەکە هەر لە ناوەوە، واتە لە ناو ژوورەکەدا دەردەکەوێت، وەکو لە شانۆنامەی "ئەسانسێرەکە"ـدا روو دەدات. هەندێک جاریش لە دەرەوەیە. مەترسییەکەیش یان لەدەستدانی ژیانە، یاخود وەکو لە شانۆنامەی "ژوورەکە" و "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" و " شەوێک لە دەرەوە" لە دەستدانی ژنە. لێرەدا نیگەرانییەکی بارگاوی بە ترسێکی تۆقێنەر دروست دەبێت، لە پاڵ دیوێکی تر، کە رێک پێچەوانەی ئەمەیە. چۆن؟
ئەگەر بە قووڵی لە بوونیادی دیمەنەکانی شانۆنامە بەراییەکانی "پینتەر" ورد بینەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە زۆربەی ئەم شانۆنامانە هەر لە سەرەتاوە لە سەر کارلێکی جەمسەرە دژەکان بونیاد نراون. ئەمەیش بینینێکی بونیادگەرایە، کە نەک هەر بۆ شانۆنامەکە زۆر گرنگە، بەڵکو توخمێکی بنچینەییە لە خەیاڵی داهێنەرانەی "پینتەر"ـدا2.
دیارە بونیادگەری، وەکو بیرۆکە، شێوازی کارکردنی لە پێشکەوتنی زانستی زمان هەڵێنجاوە، کە زانای سویسری "فەردیناند دێ شووسەر" (١٨٧–١٩١٣) بنەماکانی بۆ دانا. بە پێی بۆچوونی "شووسەر"، زمان لە چەند هێمایەک پێک هاتووە و هەریەک لەم هێمایانە، دوو دیوی هەیە: یەکەمیان شێوەی دەرەوە، یان وێنەی وشەکەیە، واتە ریزبەندیی پیتەکان، هەروەها فۆنیمەکانی، یان دەنگی وشەکە. دووەمیشیان ئەو چەمکە یا بیرۆکەیەیە، کە لە مێشکی مرۆڤدا دروست دەبێت بە بیستنی وشەکە. بونیادگەری واتای هەر شتێکی دیار بە بەراورد لەگەڵ پێکهاتەیەکی فراوانتری واتا دیاری دەکات. بە مانایەکی تر، هەر دەقێک بە هۆی چەند یاسایەکی دیاریکراوەوە بەڕێوە دەچێت و لە سەر بنەمای دووجەمسەریی رێک دەخرێت، کە جیاوازن لە یەکتر. ئەمەیش سروشتی مێشک پێشان دەدات. ئەم دوو جەمسەرە جیاوازە، بە ئاسانی لە مرۆڤدا دەدۆزرێتەوە، وەکو جەستە و دەروون، ئەقڵ و سۆز، یان چاکە و خراپە. لەم روانگەیەوە دەکرێت بڵێین، خەیاڵی داهێنەرانەی "پینتەر" لە بنچینەدا لە سەر ئەم دوو جەمسەرییە داڕێژراوە، چونکە ناوەڕۆکی گشت بەرهەمەکانی جەمسەرێکی خۆنوواندنە و ئەوەکەی تریشی ریالیزمە، جەمسەرێکی پێکەنینە و ئەوەی تریشی جددییەتە. ئەم بەیەکداکردن و تێکەڵاوبوونەی دژەکان لە هەر چرکەساتێکی شانۆنامەکەدا بەدی دەکرێت، لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی بەردەوامی جەمسەرە دژەکانی وەکو بەدڕەوشتی و رەوشتجوانی، توندوتیژی و ژیانی خێزانی، سۆزداری و مەیلی جووتبوون. ئەمانەیش، بە درێژایی شانۆنامەکان جارێک بەستراونەتەوە بە هەردوو رەگەزی نێرو مێ، تاوێک بە خێزان و بە خودی تاک و تاوێکیش بە پیاهەڵدان و ناوزڕاندن. کاتێ "پینتەر" دۆخێکی خێزانی ئاوا گەرموگوڕ پێشان دەدات، یان خەسڵەتێک لە خەسڵەتەکانی کارەکتەرێک قووڵ دەکاتەوە، بۆ ئەوەیە، بینەر دواتر هەست بە کاریگەریەتیی پێچەوانەکەی، یان دژەکەی بکات. واتە، هەتا دۆخێک لە دۆخەکان، یان خەسڵەتێک لە خەسڵەتەکانی کارەکتەرێک قووڵتر بکرێتەوە، دواجار، پێچەوانەکەی، کە دواتر دەردەکەوێت، بۆ کارەکتەرەکانی تر و بۆ بینەریش جۆرێک لە

## شانۆ



داخورپان و راچڵەکین دروست دەکات. هەڵبژاردن و پێشاندانی هەر جۆرە واقیعێک لە ناو درامادا، چ واقیعی دیوی دەرەوە و چ واقیعی دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکە بێت، دەوەستێتە سەر پێوەندیی نێوان نەریت و شێوازی دەربڕین بە کولتووری ئەو چرکەساتە، لە چوارچێوەی بەها و کاریگەریەتییە پێوەندیدارەکان. بۆ نموونە، واقیعی ناو مەتبەخێک لە ناو شانۆنامەیەکی ساڵانی شەستەکاندا، بە پێی پێوەرەکانی ئەمڕۆ، لە کاتی نمایشکردندا، خۆنوواندنی تێدا دەردەکەوێت. بەبێ ئەم جیاوازییانە، راستگۆیی تێدا بەدی ناکرێت. لە باری تەکنیکەوە "پینتەر" هەندێک جار پەنا دەباتە بەر تاریککردنی شانۆ، بێ ئەوەی پێشتر هیچ ئاماژەیەکی بۆ بکرێت. پاشان هەر لەگەڵ رووناککردنەوەی شانۆدا، کارەکتەری تر دەردەکەون. جارجاریش پەنا دەباتە بەر تەکنیکی بژارەکردن، واتە ڕەوتی بەڕێوەچوونی واقیعێک لە ئاستێکدا ڕادەگرێت و دەچێتە سەر ئەوەکەی تر، بۆ ئەوەی بە هۆی یەکێکیانەوە ئەوەی تر روون بێتەوە. بە واتایەکی تر، واقیعی سایکۆلۆژی، واقیعە کۆمەڵایەتییەکە دەڕووخێنێت، چونکە لە تابلۆی کۆتاییدا، ئەو ململانێیەی لە ناوەوە، لە ناو خوددا، لە نێوان خۆشەویستی لە لایەک و سووککردن و بێنرخکردنی مرۆڤ لە لایەکی ترەوە بەڕێوە دەچێت و بە شاراوەیی ماوەتەوە، دواجار لە دەرەوە ئاشکرا دەبێت.

راستە مرۆڤ زۆر جار شت لە دەست دەدات، لە زۆر شت بێبەش دەکرێت و بارودۆخی تێک دەچێت و تووشی جۆرێک لە شێواندن دێت، بەڵام رێک لە ناو جەرگەی ئەم نالەباربیە و بەدڕەوشتیبەی، کە لە بەرامبەریدا دەکرێت، پێویستی بە هەندێک شت هەیە، کە ناکرێ بنبڕ بکرێن. ئەو خێزانەی، کە "پینتەر" لە شانۆنامەکانیدا باسی لێوە دەکات، دیوێکی ناشیرینی هەیە و ئەویش ئەم دیوە ناشیرینە دەقۆزێتەوە بۆ پێشاندانی هەموو بەدڕەوشتییەک، کە لەم ناشیرینییە دەکەوێتەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا، مەسەلەکە لێرە تەواو نابێت، چونکە لە بەرانبەر ئەمەدا، خۆشەویستی هەیە، کە بنبڕ ناکرێت، با ئیفلیج و کپیش بکرێت. کەواتە مرۆڤ پێویستە لە بەرانبەر ئەو دیوە ناشیرینەدا، لە روانگەی خۆشەویستییەوە سەیری رووداوەکانی ناو شانۆنامەکە بکات.

لە سەرێکی ترەوە، کاتێک مرۆڤ لەوە دەگات، کە هەر بەرهەمێکی شانۆیی، واقیعە جیاوازەکانی کۆمەڵگە پێشان دەدات، ئەو کاتە دەکرێت بیر لە بونیادی درامی و شێواز و فۆرمەڵەکردنەکەی بکاتەوە. لەم روانگەیەوە، دەشێ یەکەم شت، کە سەرنجی مرۆڤ رابکێشێت، لە هەندێک لە شانۆنامەکانی "پینەر"دا ئەوە بێت، کە زۆر ناتووراليستین. "مارتین. س. ریگاڵ"[3] پێی وایە، شانۆنامە بەراییەکانی "پینتەر" بە گشتی ناوەڕۆکێکی ناتووراليستییان پێوە دیارە، چونکە زۆربەی رووداوەکانی ئەم شانۆنامانە یەک ئاڕاستەیان هەیە و لە چوارچێوەی کاتێکی دیاریکراودان. بۆ نموونە: شانۆنامەی "ژوورەکە" یەک ئێوارەی لە خۆ گرتووە. شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" دوو رۆژ و هەروەها شانۆنامەی "سەراییدار" دوو هەفتە دەخایەنێت. دیاریکردنی کاتەکان، یان درێژکردنەوەیان لە رێگەی نیمچە تێکستەکانەوە، ٤ هەروەها ئاماژەکانی ناو دیالۆگەکان دەستنیشان دەکرێن. هەندێ جار راستەوخۆ ئاماژە بۆ سەعاتەکە دەکرێت لە رۆژەکەدا، یان ئەو ئیشەی، کە بە شەو، یان بە رۆژ دەکرێت. جارجاریش ئاماژە بۆ کاتەکانی ساڵ دەکرێت. هەموو ئەم کاتانە لە چوارچێوەیەکی ریزبەندیی رێکوپێکی ئاساییەوە دادەڕێژرێت. دەشێت

هۆکارەکان روون و ئاشکرا بن، یان نادیار بن. زەمەنی رابووردوو بە روونی دەستنیشان دەکرێت، یاخود تەمومژاوییە، بەڵام رووداوەکان لە سەر تەختەی شانۆ، یەک لە دوای یەک بەڕێوە دەچن و حیوارەکان تا رادەیەک ئاقارێکی ریزبەندی لە خۆ دەگرن. لەم شانۆنامە بەراییانەی "پینتەر"دا هیچ گواستنەوەیەک لە زەمەنی ئێستا بۆ زەمەنی رابووردوو، یان بە پێچەوانەوە بەرچاو ناکەوێت، وەک لە شانۆنامەکانی دواتردا، وەکو شانۆنامەی "ژێرزەمین" یان لە شانۆنامەی "ناپاکی"دا دەبینرێن. دیارە شانۆنامەکانی"پینتەر" لە باری تەکنیک و بونیادی درامییەوە، لە دوای هەشتاکانەوە جیاوازن لەو شانۆنامانەی، کە تا ناوەڕاستی حەفتاکان نووسیونی. بینەر لە شانۆنامەکانی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون"، "ژوورەکە"، "سەراییدار"، "کۆلێکشن"، "گەڕانەوە بۆ ماڵ"، هەروەها "کاتە بەسەرچووەکان"دا بە هیچ شێوەیەک لە وەڵامی "کێ" و "بۆ" و "چۆن" و "چی"یەکان دڵنیا نابێت، کەچی لە شانۆنامەی "ناپاکی"دا (١٩٧٨) ڕابردوویەکی ڕوونی کارەکتەرە سەرەکییە داوێنپیسەکانی پێشان دەدات. ئەمەیش سەربەستیی زیاتر پێ دەدات، تا پاڵنەر و هەستە مرۆڤایەتییەکان لە مەودایەکی فراوانترەوە بدۆزێتەوە، کە لە شانۆنامەکانی پێشووتریدا نەبوون. "پینتەر" لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم پلانەوە، وا دەکات ڕابردوو و پێوەندییە حەتمییەکەی بە "ئێستا"وە، تا ئەوپەڕ بە لاوە گرنگ بێت. ئاخاوتنی "جێری" لە شانۆنامەی "ناپاکی"دا، تا ئەوپەڕ ڕوون و ئاشکرا و پڕ هەستوسۆزە، کاتێ دەڵێت:

"تەماشای ئەو نیگایە، کە لە منی دەگری. من چی دی سەبر و قەرارم نەما، خەریکە دەبرژێم. ئیتر بۆم ناکرێ ددان بە خۆمدا بگرم. شەیدات کردووم، تۆ ئەی گەوهەرە زێڕینەکەم، من جارێکی دی هەرگیز خەو ناچێتەوە چاوم، هەرگیز، گوێم لێ بگرە، بە ڕۆح دەدوێم، لە پەلوپۆ کەوتووم، ئیدی ئیفلیج دەبم و لە ناو جێگەدا دەکەوم و دەبێ بە چواردەستە بمهێنن و بمبەن، ژیانی من وا لە نێو دەستەکانی تۆدا، تۆ من وێڵ و سەرگەردان دەکەی، دەزانی سەرگەردانی چییە؟ دەزانی؟ دێوانەیی... پاشای سەرگەردانی، پاشای بەتاڵی و چۆڵەوانی، پاشای تەنیایی. من خۆشم دەوێی."5

هیچ وچانێکی کورت، هیچ فێڵ و تەڵەکەیەک لەم ئاخاوتنەدا نییە. "پینتەر" بە شێوازێکی ڕوونتر و سەرچڵتر لە پێشوو دەنووسێت. لە شانۆنامەی A Kind of Alaska 1982ـدا، نووسەر هەموو زانیارییەکی پێویست دەداتە دەست بۆ ئەوەی گریمانە ناتووراليستییەکە بدۆزینەوە.

"مایکڵ هیندن" پێی وایە "پینتەر" لەم شانۆنامەیەدا هەندێک لە "بیکێت"یش سەبارەت بە کارەکتەر و هەلومەرجەکەی تێدەپەڕێنێت.

بێجگە لەمەش، رووبەری زاکیرەی هیچ کارەکتەرێک، لە شانۆنامە بەراییەکانی "پینتەر"دا، تەنانەت لە باری دوورەپەرێزییشدا، درێژ نابێتەوە تا لەوێوە زەمەنەکان ئەمبەروئەوبەر بکەن. دیارە مانای ئەوە نییە، کە نووسەر دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکان وەلا دەنێت، بە پێچەوانەوە، ئاماژەیەکی زۆر هەیە بە ئاڕاستەی شێواندنی ئاسوودەییەکانی دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکان، هاوکات لەگەڵ رەوتی ئاسایی زەمەنەکە. "پینتەر" زۆر جار شێواندنی باری ئاسوودەییەکە لە رێگەی هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکە دەردەبرێت، کە لە نیمچە تێکستەکاندا ئاماژەی بۆ دەکات، بە ڕادەیەک ئەو بیرۆکەیە لای بینەر دروست دەکا، کە ناتەواوییەک، یاخود شڵەژاوییەک، ئاسوودەییەکانی ئەم کارەکتەرەی





تێک داوە. شێواندنی ئەم ئاسوودەییەی کارەکتەر جۆرێک لە ململانێی لێ دەکەوێتەوە، کە لە شانۆنامە بەراییەکانیدا بە هیچ شێوەیەک کار لە زەمەنەکە ناکەن. کەچی لە شانۆنامەکانی دواتری "پینتەر"دا، وەکو شانۆنامەی "خاکی بێخاوەن" و "A Kind of Alaska"دا، زەمەن لە زاکیرەی کارەکتەرەکاندا بە هۆی ئەم ململانێیەوە گواستنەوەی بەرچاوی هەیە. لە لایەکی تر، وەکو "ڕیگاڵ" ئاماژەی بۆ دەکات، زمانی ئاخاوتن لەم شانۆنامانەدا، بونیادی شانۆنامەکان، وەکو بونیادێکی کۆن، هەروەها ڕەگەزی شوێن، کە بریتییە لە خانوویەکی بچووک لە شانۆنامەی "سەرابیدار" و خانوویەک لە شارێکی کەنار دەریا، هەروەها خانووبەرەیەکی لادێ لە شانۆنامەی "سووکەژانێک" و ژووری دانیشتن و نووستن لە شانۆنامەی "ژوورەکە"دا بنەمای ناتووراليستين، بەڵام ئەو ناتوورالیستییە وەکو ئەو ناتوورالیستییە نییە، کە لە شانۆنامەکانی "جۆن ئۆزبۆرن" یاخود "ویسکەر" یان هەر شانۆنامەنووسێکی تردا هەن، کە هاوچەرخی "پینتەر" بوون، چونکە بەرهەمەکانی "پینتەر" دونیای ئەودیوی دەرگە داخراوەکان، یان پەنجەرە گیراوەکان پێشان دەدەن. "جۆن پیتەر" ئەم شانۆنامە بەراییانە بە "دونیای داخراو" یان "درامای داخراو" ناو دەبات.6 لەوێ خەڵکێک لە ژێرزەمینەکان، یان لە میوانخانەکاندا، لە نێو بیرکردنەوە و لێکدانەوەیەکی بەردەوامدان. هەر لە ڕێگەی ئەم بیرکردنەوەیەوە، پێوەندییان بە دونیای دەرەوە هەیە.

دەشێ ئەم ناولێنانەی "جۆن پیتەر" لەمەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە کارەکتەرەکانی ناو ئەم دونیا داخراوە و ئەو کەلوپەلانەی تێدایەتی، لە بەردەوامیەتیی دونیای دەرەوە دابڕابن. ئەو هێز و فشارە نادیارانەی، کە هۆکارەکانیان روون نین، لە ناو شانۆنامەکانی "پینتەر"دا، بە پێی بۆچوونی "ڕیگاڵ" وای کردووە، کە ئەم ناتوورالیستییەی "پینتەر" ناتوورالیستییەکی ئاسایی نەبێت، هەر بۆیەش خوێندنەوەی سەیرسەیری بۆ کراوە. هەندێک لە ڕەخنەگرەکان خوێندنەوەیەکی سیمبولئامێز بۆ ئەم ناتوورالیستییە دەکەن و پێیان وایە هەندێک کارەکتەر دەبن بە پەیامهێنی مەرگ و هەندێک نموونەی ترس و هەڕەشەن، بەڵام "پینتەر" لە وەڵامی ئەم بۆچوونانەی ڕەخنەگرەکاندا دەڵێت، هیچ شانۆنامەیەکی لە روانگەی هیچ بیرۆکەیەک، یان تیۆرێکی ئەبستراکتەوە نەنووسیوە و هیچ کام لە کارەکتەرەکانی پەیامهێنی مەرگ، یان چارەنووسێکی رەش نین. بە پێی بۆچوونی "ئۆستین. ئی، کویگلی" هەر راڤەکردنێکی سیمبولئامێز بۆ هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بە گشتی و بەرهەمەکانی "پینتەر" بە تایبەتی، کارێکی هەڵەیە، چونکە بەرهەمەکە بچووک دەکاتەوە، لە جیاتی ئەوەی بیئاخنێتە مێشکەوە.7

کارەکتەرەکان لە ئاخاوتن و نواندنەکانیاندا، بە جۆرێک پێوەندی لەگەڵ یەکتر دەکەن، بە شێوازێک زانیارییەکان بە یەکتر دەدەن، کە دەبێتە مایەی حەپەسان و سەرلێشێواندن و لەخشتەبردن. بینەر هەست بە دوژمنایەتیی نێوان کارەکتەرەکان دەکات، بەڵام هەرگیز پەی بۆ هۆکارەکان نابات. دیالۆگ دەبێتە گەمەیەک بە هۆیەوە کارەکتەرەکان هۆکاری رەفتارەکانیان لە یەکتر و لە بینەر دەشارنەوە. کاریگەرییەتیی دیالۆگ لێرەدا دەردەکەوێت.

"پینتەر" لە ڕێگەی دیمەن و کارەکتەرە دواناوەندییەکانەوە، بیری هەڵە لە مێشکی بینەر دەچەسپێنێت. لە هەمان کاتدا هەر بیرۆکەیەکی درامییانە، کە ئاماژە بە پێوەندیی نێوان رووداو و کارەکتەرە سەرەکییەکە بکات، تەنانەت

ئەگەر کەمخایەنیش بێت، تێک دەشکێنێت. ئەمەیش دواجار، هەرەس بە هەر بەڵگەیەک دەهێنێت، کە بینەر بۆ لێکدانەوەی شانۆنامەکە بە کاری دەهێنێت. بۆیە، ناتوانێت بڵێت، گۆڕانی کارەکتەرێکی وەکو "رووسا" لە شانۆنامەی "گەڕانەوە بۆ ماڵ"دا، لە ژنێکی کڕوکەپ و بێدەنگەوە، کە لە یەکەم دەرکەوتنیدا پێیەوە دیارە، بۆ دایکێکی جەستەفرۆش و دەسەڵاتدار لە کۆتایی شانۆنامەکەدا، شتێکی پێویستە، هەر لەبەر ئەوەی "پینتەر" وەکو پێویست ناخی کارەکتەرەکەی بۆ بینەر دەرنەبڕیوە، تا بە هۆیەوە ئەو بڕیارە بدات. لە لایەکی ترەوە، بینەر ناتوانێت ئەو گۆڕانە پشتگوێ بخات، تەنها لەبەر ئەوەی پچڕپچڕ و بێسەروبەرە و شانۆنامەکەیش لە رووی هونەرییەوە بە لاواز بزانێت، چونکە "پینتەر" پێوەندیی نێوان کارەکتەرەکان و رووداوەکان وەکو پێوەندیی نێوان هۆ و ئەنجام دەشارێتەوە، بۆ ئەوەی بینەر بە شێوەیەک بە هەڵەدا ببات، بڕوا بە هەموو ئەو شتانە بکات، کە بەرچاون و هیچی تر. "ئێف. جەی. بێرنهارد" لە لێکۆڵینەوەیەکیدا دەربارەی شانۆنامەکانی "پینتەر" دەڵێت: (پینتەر هەڵومەرجێک دەهێنێتە پێشەوە، کە واتای وشەکان پڕ بە پێستی خۆیان نین. زمان شتێکی تر دەگوازێتەوە، زیاتر لەو واتایەی، کە وشەکان هەڵیان گرتووە.)8 ئەوەی "پینتەر" لە شانۆنامەکەی "گەڕانەوە بۆ ماڵ"دا دەیکات، دروستکردنی هەندێک بیرۆکەی هەڵخەڵەتێنەرە، کە وا لە بینەر دەکات نەتوانێت بە شێوازی کۆنباو هەڵسەنگاندن بۆ شانۆنامەکە بکات. نووسەر بەو شێوازەی، کە بە کاری دەهێنێت، بایەخێکی زۆر بە سەرنجەکانی ئەو بینەرە دەدات، کە لە تەکنیکی کۆنباوی دراما بێزار بووە. بینەر ناتوانێت رەفتارەکانی کارەکتەری "رووسا" پشتگوێ بخات، یان وەکو کەسێکی بێبایەخ و سەرنجڕانەکێش سەیری بکات. بۆیە زۆر لە بینەرانی شانۆمەکانی "پینتەر" وەکو رەخنەگرەکان باسیان لێوە دەکەن، بە تووڕەییەوە هۆڵەکانی شانۆیان جێ هێشتووە، چونکە حاڵەتە پچڕپچڕەکانیان بۆ لێک نەدراوەتەوە و گومانەکان بێزاری کردوون. زۆربەی ئەو بینەرانە وا هەستیان کردووە، کە شانۆنامەکان ئەمانی کێشاوەتە ناو دونیایەک، بێ ئەوەی هیچ هۆکارێک، یان هیچ بەهایەکیان بۆ روون کرابێتەوە، بە تایبەتییش، کە ئەو دونیایە لە سەر تەختەی شانۆیە. ئاخر ئەوان، بە پێی شێوازی کۆنباو، وا راهاتبوون لە سەر تەختەی شانۆدا ئەو هۆکارانە بدۆزنەوە.

سەبارەت بەمە، شانۆنامەکانی "پینتەر" بیرۆکەی پووچگەرایی دەگەیەنن، نەک لە رێگەی پێشکەشکردنی ئەو بیرۆکەیە بەو تەکنیکە کۆنباوەی، کە بۆ نموونە، لە شانۆنامەکانی "سارتەر"دا دەکرێت، بەڵکو بیرۆکەی پووچگەرایی دەکاتە ناوەڕۆکی تەکنیکە دراماییەکەوە. دیارە هەر لەبەر ئەمەیشە، کە شانۆنامەکانی "پینتەر" بێزاری دەورووژێنن و مشتومڕئامێزن. زۆر گرنگە مرۆڤ لە روانگەی بنچینەکانی ئەو تەکنیکەکەوە قسە لە سەر شانۆنامەکان بکات، کە "پینتەر" بە کاری دەهێنێت، نەک لە روانگەی خودی بابەتەکەوە. سەبارەت بەمەیە، رەخنەگرەکان بە گشتی پێیان وایە، کە شانۆنامەکانی "پینتەر" لە چوارچێوەی ئەو شانۆنامانەن، کە رەخنەگری هەنگاری "مارتین ئەسلین" (١٩١٨-٢٠٠٢) بە شانۆی "پووچگەرا- absurd" ناویان دەبات، بەڵام ئەوەی "پینتەر" لە شانۆنامەنووسەکانی سەر بە رێبازی "پووچگەرا- ئەبسێردیزم" جیا دەکاتەوە، ئەو تەکنیکەیە، کە بۆ پێشاندانی ئەو بینینە ئەبسێردە بە کاری دەهێنێت. بۆ نموونە، "بێرنهارد" پێی وایە، کە دیالۆگەکانی "پینتەر" (زیاتر لە شیعر دەکەن تا لە هەر



شتێکی تر) چونکە "پینتەر" زۆر شێوازی تایبەت بە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە دەکاتە دیالۆگێکی کاریگەری ئەوتۆ، کە نەک هەر کارەکتەر، بەڵکو بینەریش بە ئاستەم لە ئاماژەکەی دەگات.

"سایمۆن ترووسلەر" بە ڕوونی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە هەڵسەنگاندنی شانۆنامەکانی "پینتەر"، ئەگەر مرۆڤ بۆ جاری دووەم بیانبینێت" ئاسانترن، چونکە ئەو کاتە حاڵەتەکانی داچڵەکاندن، کە مرۆڤ سەبارەت بە هەندێک ڕووداو و هەڵوێستی چاوەڕواننەکراوەوە، تووشیان دێت، نامێنن.9 لەگەڵ ئەوەیشدا، خەڵکێکی زۆر، لە ناویشیاندا هەندێک ڕەخنەگری شارەزا، بە چەندین جار بینینی شانۆنامەکان نەیانتوانیوە بە تەواوی لە سەروبەندیان بگەن. کێشەکە لەوەدایە، کە ئەم دابەشبوونە تەنانەت ئەو ڕەخنەگرانەیشی گرتووەتەوە، کە زۆر بە وردی و بە قووڵییەوە لە شانۆنامەکانیان کۆڵیوەتەوە و بە ڕادەیەک گەرموگوڕ بوون، کتێبیان دەربارە نووسیون. بۆ نموونە، ئەگەر سەیری لێکۆڵینەوە ورد و قووڵەکانی هەر یەک لە "ڕۆناڵد هایمان" و "سایمۆن ترووسلەر" بکەین، دەربارەی شانۆنامەی "سەراییدار"، سەرنج دەدەین، هەر یەکە ڕایەکی جیاوازی هەیە سەبارەت بە گرنگیی شانۆنامەکە.10 "مارتین ئێسلین" پێی وایە "پینتەر" سنوورەکانی درامای لە بنەڕەتەوە فراوان کردووە. ئەگەر بینەر وا ڕاهاتبێت، کە پێویستە زانیاریی دەربارەی مۆتیف و باکراوندی هەر کارەکتەرێکی شانۆیی هەبێت، بۆ ئەوەی تا ئەوپەڕ لە کاریگەریەتیی درامی هەر دیمەنێک بگات، کە کارەکتەرەکەی تێدا دەردەکەوێت، ئەوا لە بەرانبەر کارەکتەرەکانی "پینتەر" بەبێ ئەم زانیارییە دەبێ تاوتوێکردنێکی هزری بکات. بە واتایەکی تر، "پینتەر" بینەر ناچار دەکات، لە دەرەوەی ئەو ئەزموونەی، کە ڕەنگە دەربارەی ڕەگەزە درامییەکانەوە پێشتر پەیدای کردبێت، لە کاریگەریەتییە درامییەکە بگات. بێجگە لەمەیش، مرۆڤ هەست دەکات، کە نووسەر لە ڕێگەی ئەم بونیادە درامییەوە پێمان دەڵێت، کە دووبارە هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی هەر ڕەخنەگرێک، بەو مانایە نایەت، کە کارەکەی بێ کەموکوڕییە. زۆر لەو بەرهەمە هونەرییانەی، کە پرەنسیپە ئێستاتیکییە بنەڕەتییەکانیان تێدا بەرجەستە دەبێت، وەکو بەرهەمی هونەری، بە تەواوی نایاب نین. هەڵبەت لە شانۆنامەکانی "پینتەر"یشدا چرکەساتێک هەن، کە نووسەر تێیدا دەگەڕێتەوە بۆ تەکنیکە کۆنەکان.

لە کاتێکدا "پینتەر" ددان بەوەدا دەنێت، کە چێژێکی زۆر لە بەکارهێنانی ئەو وشانەدا وەردەگرێت، کە هەستوسۆزی خۆی تێکەڵیان دەکات، لە هەمان کاتیشدا تووشی کێشەی گومان دێ. گومانەکەی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە زمان ئەو ئامێرە نییە بەس بێت بۆ دەربڕینی گۆڕانی بەردەوامی واقیع، بۆیە ناتوانێت ئەو ژیانە کەمخایەنە بگرێتە خۆ، کە "پینتەر" و نووسەرانی سەدەی بیستەم لێی بەئاگان و بیهێنێتە سەر کاغەز.

شان بە شانی بڕوانەبوون بە زمان، "پینتەر" پێگە و بایەخێکی زۆر گرنگ بە بێدەنگی دەدات. بێدەنگی لای ئەو دوو جۆرە: یەکەمیان ئەو بێدەنگییەیە، کە پێچەوانەی قسەکردنە و ئەوەی تر بێدەنگییەکە، کە زمان بە لێشاو تێیدا بە کار دێت، بەڵام ئەوەی لە قسەکردن دەگوترێت ئەوە نییە، کە قسەکەر مەبەستیەتی. قسەکردن لەم حاڵەتەدا فرتوفێڵێکە بۆ شاردنەوەی شتێکی تر، کە ئێمە نایبیستین، بەڵام دەکرێت لە ئاماژەکەی بگەین. دەشێت مەبەستەکە دوورخستنەوە بێت لە گاڵتەپێکردن، توندوتیژی، خەم و خەفەت، یان

شاردنەوەی ڕاستییەک بۆ ئەوەی کەسی بەرانبەر لە دۆخی خۆی بهێڵێتەوە. لە لایەکی ترەوە زمانی "پینتەر" سروشتی خۆبەدەستەوەنەدانی مرۆڤی پێوە دیارە. ڕەنگە بێدەنگیی کارەکتەرەکان، یان هەڵوەستەکردنیان ئاماژە بن بۆ بێتوانایی ئەوان لە قسەکردن و بەردەوامبوون لە گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکتردا، بەڵام پینتەر لە ساڵی 1962ـدا لە "نەمایشەکان: یەک" Plays:One ئەم لێکدانەوەیە ڕەت دەکاتەوە:

"من پێم وایە مەسەلەکە بە پێچەوانەوەیە. پێم وایە زمانی بێدەنگی زمانێکی کاریگەرە. ئێمە لە ڕێگەی بێدەنگی و قسەنەکردنەوە پەیامی زۆر باش رادەگەیەنین. ئەوەی روو دەدا خۆلادانە، خۆلادانێکی بەردەوام و هەوڵوتەقەللایەکی جددییە بۆ قسەنەکردن لە خەڵکی تر."

بۆیە، کاتێ شانۆگەرییەکانی "پینتەر" دەخوێنیتەوە، دەبێ بە بایەخەوە سەرنجی خاڵبەندی، یاخود حاڵەتەکانی بێدەنگی و هەڵوەستەکردنی کارەکتەرەکان بدەیت، کە لە ئاخاوتنەکانیانەوە دەردەکەوێ. ئەم خاڵبەندی و حاڵەتە بێدەنگییانە وەکو نۆتەی مۆسیقا وان. ئەمە حاڵەتێکە پێویستە دەرهێنەر زۆر لەبەر چاوی بگرێت.

"پینتەر" لە بەکارهێنانی دیاردەی دووبارەکردنەوە و تەکنیکی بێدەنگی لە شانۆنامەکانیدا، شوێن پێی هەنگاوەکانی "بیکێت" دەکەوێت، بەڵام ڕەنگە مەبەستەکان هەمان مەبەست نەبن. "بیکێت" بیرۆکەی دووبارەکردنەوە و بێدەنگی بۆ گەیاندنی هەستی نامۆیی و نزیکبوونەوە لە مەرگ بە کار دێنێت، بەڵام "پینتەر" سروشتێکی توندوتیژ و خراپ دەخاتە پاڵ ئەم حاڵەتانەوە. بۆیە دەبینین "بێن"، کە کارەکتەرێکە لە شانۆنامەی "ئەسانسێرەکە"دا بەردەوام دەمانچەکەی دەپشکنێت، وەک هەوڵێک بۆ پێشاندانی توانای بەکارهێنانی توندوتیژی. "پینتەر" پێی وایە، بێدەنگی فۆرمێکە لە داماڵین و ئاشکرابوون. قسەکردنیش شێوەیەکە لە داپۆشین و هەوڵدانێکە بۆ ڕێگەگرتن لەم داماڵینە. ئەو ترس و دڵەڕاوکێ و بێئۆقرەییەی، کە لە کارەکتەرەکانی سەر شانۆ ئاڵاوە، لە بینەریش دەئاڵێت. کەواتە سنوورێک نییە لە نێوان ئەوەی لە سەر شانۆ بەڕێوە دەچێت، لەگەڵ ئەوەی دەرەوەی شانۆدا، واتە لە دونیای واقیعدا بەڕێوە دەچێت.

"پینتەر" لە چاوپێکەوتنێکدا، لە ساڵی ١٩٦٧دا ئاماژە بەوە دەدات، کە شانۆنامەکانی (هەر ئەوەن، کە لە ناونیشانەکانیانەوە دەردەکەون.)11 ئەگەر سەرنجێکی ناونیشانی شانۆنامەکانی بدەین، بنەمایەکی گرنگی بەرهەمەکانی ئەو نووسەرەمان بۆ دەردەکەوێ، کە هاوشێوەی دیوەکانی تر هێندە بایەخی پێ نەدراوە لە لایەن ڕەخنەگرانەوە، ئەویش مەسەلەی کات و پێوەندیی کاتە بە ڕووداوەکانەوە. "پینتەر"، وەکو نووسەر، هەر لە سەرەتای ژیانییەوە بە وردی بە تەنگ کات و نەخشەڕێی کاتەوە بووە، لە سەر ئاستی فەلسەفی و هونەری نووسین و نواندنی شانۆییەوە. ئەم بەتەنگەوەبوونە لەوە تێپەڕیوە، کە نووسەر هەر خولیای تێکئاڵانی نارێکوپێکیی بیرەوەریی کارەکتەر بێت، چونکە کرۆکی وێنە هزرییە درامییەکان و ئەو دونیایەیش دەگرێتەوە، کە نووسەر لە سەر تەختەی شانۆدا پێشانیان دەدات.

یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەم مامەڵەکردنە بێهاوتایەی "پینتەر" بە کات، بریتییە لەو جیاوازییە بەرچاوەی، کە دەریدەخات، لە نێوان ناتوورالیزم و شێوازە درامییەکانی تری نەمایشکردن. گشت ڕەخنەگرەکان کۆکن لە سەر توانای "پینتەر" لە تۆمارکردنی ئاخاوتن و ڕەفتاری ئاسایی تایبەت بە سروشت و بیرکردنەوەی کەسیەتیی کارەکتەرەکانی، لە پاڵ ئەمەیشدا، ئەو سەلماندووییەتی،



لە بەکارهێنانی شێوازێکی تایبەت بە خۆی بۆ دەربڕینی ئەم ئاخاوتن و ڕەفتارانە، لێهاتووە. کارەکتەرەکانی بە زمانێکی باو، بەڵام بە شێوەیەکی نائاسایی قسە دەکەن. شانۆنامەکان، لە ڕووالەتدا لە بابەت و شێوەی ئاخاوتنی کارەکتەرەکان و بەکارهێنانی وشەدا، ناتووراليستییە. لەگەڵ ئەوەیشدا، شانۆنامەکان پێشانی دەدەن، کە بە ڕوونی بە تەنگ ئەوەوەن لە ڕێسا و سنوورەکانی ناتووراليزم دەربچن. "پینتەر" خۆیشی دەڵێت: (ئەوەی لە ناو شانۆنامەکانی مندا بەڕێوە دەچێت، ڕاستییە، بەڵام ئەوەی من دەیکەم ڕیالیزم نییە.)12 "مارتین ئێسلین" سەبارەت بە مەودای نێوان ئەوەی، کە دیارە و هەستی پێ دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی نەزانراوە، ئاماژە بۆ جۆرێک پێکەوەهەڵکردن دەکات لە یەک کاتدا، لە نێوان ئەوپەڕی ناتووراليزم لە ڕووالەتی دەرەوە، لەگەڵ خەیاڵ و هەستی شاعیرانە لە بەرهەمەکانی "پینتەر"دا.13 "جۆن ڕوسێل تەیلەر" باسی ناتووراليزمێک دەکات، کاتێک جێبەجێ دەبێت، کە ئەو قسانەی لە هەر چرکەساتێکی دیاریکراودا دەکرێن و تەنها هێڵە گرنگەکانن، بە هارمۆنییەکی ئاڵۆز و بە پێچوپەنا ساغ دەبنەوە. "تەیلەر" لە ئاماژەیەکدا بۆ شانۆنامەی "دیمەنێکی سروشتی" بە تەواوی ڕایەکەی "ئێسلین" دووپات دەکاتەوە، کاتێ دەڵێت: (ڕیالیزمەکە لە ڕووکەشدا بێ کەموکوڕییە، بەڵام نهێنییە شاراوەکە بە تەواوی هەر دەمێنێتەوە.)14 پرۆفیسۆری ئەدەبی درامی "ئۆستن. ئی. کویگلی" دەستەواژەی "ڕوون" و "ناڕوون" لە باسکردنی شانۆنامەکانی "پینتەر"دا بە باشتر دەزانێت، لەوەی ئاماژە بە ئاستەکانی مانا بدات.15 "کویگلی" پێی وایە کێشەی سەرەکی لە بەردەم هەڵسەنگاندن و پرۆسەی ڕەخنەیی لە شانۆنامە بەراییەکانی "پینتەر"دا، بێتواناییە لە ددانان بە فرەیی ئەرکی زمان، کە بەشێکی بنچینەییە لە زماندا. دیارە ئەم بۆچوونەی "کویگلی" دروستە، چونکە تەنیا جەخت لە جیاوازیی نێوان ئەوەی دەگوترێت و ناگوترێت ناکاتەوە، بەڵکو تا چەند کارەکتەرەکان سەرکەوتوون لە گەمەکردن بە زمان لەگەڵ یەکتردا و دووبارە لە واقیع ورد دەبنەوە، تەوەرەیەکی گرنگی ئەم بۆچوونەیە. سەرنجی کۆتایی، ئەگەر بۆ ڕووداوێک بێت یان بۆ ئەگەری مانایەکی شاراوە، نابێتە ئەنجام. هەر کاتێک ددان بەوەدا بنێین، کە "ڕاستی" و "واقیع" ڕەها نین، بەڵکو هەمیشە لە گۆڕاندان و بەردەوام کراوەن بۆ مشتومڕ لەسەرکردن، ئەو کاتە شانۆنامەکانی "پینتەر" چیتر مەتەڵئامێز نابن. لەگەڵ ئەوەیشدا، زۆر جار هەندێک وێنەی بینراو دەبن بە سەرەتای دروستبوونی شانۆنامەکانی "پینتەر". ئەو، پێش ئەوەی کارەکتەرەکانی بە قسە بێنێت، بایەخ بە شێوازی هەڵسان و دانیشتن و جووڵەکانیان دەدات. چەندە پێوەندییەکانیان بە یەکترەوە دەوەستێتە سەر شێوەی ئاخاوتنیان، ئەوەندەیش دەوەستێتە سەر شێوازی دیدەنییان. لێرەدا "پینتەر" نەریتە کۆنباوەکانی ناتووراليسم بەجێ دەهێڵێت، چونکە بە ئەنقەست ئەو بنەمایانە دەگۆڕێت، کە بنەمای ناتووراليزمن. لە بنچینەدا ناتووراليزم دەوەستێتە سەر ئەو گریمانەیەی، کە مرۆڤ- لە شانۆیشدا، کارەکتەرەکانی سەر شانۆ و ئەو گفتوگۆیەی بەشداریی تێدا دەکەن- بەرهەمی هەلومەرجی بۆماوەیی و دەوروبەرەکەیەتی، بەڵام وا دیارە "پینتەر" ئەم ڕێبازەی ناتووراليزمی لە لا پەسند نییە، بۆیە لە شانۆنامە بەراییەکانیدا، مێژوو و باکراوندی کەسێتی بە هیچ شێوەیەک نادات دەست، بۆشاییەکان بە باکراوند پڕ ناکاتەوە. کارەکتەرەکان تەنها لە ڕواڵەتدا خۆیان وا پێشان دەدەن، ئەوانە دەناسن، کە لەگەڵیان دەدوێن،

وەک چۆن لە شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون"دا "ستانلی" بە شێوازێکی توندوتیژەوە پێشانی "مێگ" دەدات. ئەم هەڵوێستە لە سەر ئەو گریمانە ناتووراليستییە بونیاد نراوە، کە مرۆڤ بەرهەمی ڕابردووە و دەکرێ لە هەلسوکەوتی ئێستایەوە بە ئاسانی بڕیاری لەسەر بدرێت. "پینتەر" نەک هەر ڕەتی دەکاتەوە بڕوا بەم گریمانەیە بێنێت، بەڵکو پێشانی دەدات، کە ڕابردوو یەکێکە لە مەوداکانی ئەزموونی مرۆڤ و دەشێ ئێمە ڕایەکی گشتیمان لە بارەیەوە هەبێت، بەڵام مەودایەکە، هیچ کەسێک نەخشەڕێیەکی دڵنیاکەریی لە بارەیەوە نییە و لە زۆر حاڵەتدا ناکرێت "ڕابردوو"، کە سنووری خۆی ترازاندووە و پەلی بۆ "ئێستا" هاویشتووە، لە "ئێستا" جیا بکەیتەوە. "سپوونەر" لە شانۆنامەی "خاکی بێخاوەن"دا دەڵێت: (من خۆم دەتوانم هەر قسەوقسەلۆکێک، لە ئەزموونی ڕابردوودا بکەم، کە تۆ مەبەستت بێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ حەز و ئارەزووی تۆ، یان هیی مندا بگونجێت.) دونیای شانۆنامەکانی "پینتەر" دونیایەکە، تێیدا زاکیرە جارجار بە مەبەستی هاوسۆزیبوون و هەندێک جاریش بە شێوازی قۆشمەئامێزەوە، بەهەڵەدابەرە. هەندێک لە کارەکتەرەکانی سوورن لە سەر پێدانی زانیاریی پچڕپچڕ، کە ناکرێت ساغ بکرێنەوە، بە گشتی، بۆ ئەوەی ئەو وێنە و بینینە هەڵوەشێننەوە و تێکیان بشکێنن، کە لە ڕابردووی کارەکتەرە ناحەزەکانیان، یا دژەکانیاندا هەن. لە ڕوانگەی بینینی "ئێمیل زۆلا"ـوە بۆ ناتووراليزم، کارەکتەر بەرهەمی ڕابردووی خۆیەتی. لە دونیای "پینتەر"ـدا ڕابردوو لە هەموو شت زیاتر چیرۆکێکی هەڵبەستراوە و هەموو کاتێکیش لە بەردەم مەترسیی شێواندن، یان تێکشکاندایە 16.

بەهەرحاڵ، ئەم زاکیرە شێوێندراوە، وەکو خەسڵەتێک چەندە گرنگ بێت لە بەرهەمەکانی "پینتەر"دا، بەڵام تەنها نیشانەیەک نییە بۆ سەرقاڵبوونی "پینتەر" بە کێشەی کاتەوە. ئەو وریای ئەو چرکەساتە کەسێنییەیشە، کە کارەکتەرەکە تێیدا دەژیت. لە زۆر بۆنەدا کارەکتەرەکانی لە چوارچێوەی کاتێکی تایبەت بە خۆیاندا دەژین. بەسەربردنی کاتەکە ئاراستەیەکی جیاوازی هەیە لە هیی کەسانی دەوروبەرەکەیان. "هێرست" لە شانۆنامەی "خاکی بێخاوەن"دا، بە بەردەوامی دیلی کاتێکە، کە ناتوانێت خۆی لێ دەرباز بکات و جیایە لە شێوەی بەسەربردنی کەسانی دەوروبەرەکەی. "دێبۆرا" لە شانۆنامەی "A Kind of Alaska"دا دوای سی ساڵ خەوتن لە ئەنجامی نەخۆشییەک، ناچارە ڕووبەڕووی جەستەیەک بێتەوە، کە بەساڵدا چووە و خۆی پێی نازانێت، چونکە کە بە ئاگا دێتەوە، هەر وا دەزانێت شانزەساڵانە. بۆیە پێویستە چەندین کات و چرکەسات و ساڵە دوورلەیەکترەکان تەقەڵ بدات. کات لە شانۆنامەکانی "پینتەر"دا لە سەر ئاستی کەسێنییەوە، بە ڕێژەی جیاجیا بەرەو پێش دەچێت. ئەمەیش بینینێکی ڕێژەگەرای "پینتەر"ە بۆ کات. لە دەستپێکی شانۆنامەی "کاتە بەسەرچووەکان"دا، کاتێ "دیلی" و "کەیت" باسی گەیشتنی "ئانا" دەکەن، "ئانا" لەوێیە و لەوێیش نییە. کات لە شانۆنامەی "ناپاکی"دا بەرەو دوا و بەرەو پێشەوە دەچێت و لە ڕابردوودا کۆتایی دێت. لە شانۆنامەی "دەنگەکانی خێزان"دا، دەنگی سێیەم لە گۆڕەوە قسە دەکات. "جیمی" لە کۆتایی شانۆنامەی "کاتی ئاهەنگ"دا وەکو تارمایی دەردەکەوێت. "بریجیت" لە شانۆنامەی "مانگەشەو"دا لە چوارچێوەی کاتێکدایە، جیاوازە لە زەمەنی کارەکتەرەکانی تر. لە ناو هەموو شانۆنامەکانی "پینتەر"دا، مرۆڤ هەست بە





ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەهەندەکانی کات دەکات. ئەو شانۆنامانەی، کە "پینتەر" لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٠- ١٩٧٠ نووسیونی، پێوەندییان بە بیرەوەری و زەمەنی ڕابردووی کارەکتەرەوە هەبوو. لەگەڵ ئەوەیشدا "ستیڤن. ئێیچ. گال" شانۆنامەکانی "دیمەنێکی سرووشتی" (١٩٦٧)، بێدەنگی" (١٩٦٨)، "کاتە بەسەرچووەکان" (١٩٧٠)، هەروەها"خاکی بێخاوەن" (١٩٧٤) بە بێهاوتا دادەنێت. "گال" بەرهەمەکانی "پینتەر" لە ژێر پێنج بابەتدا کۆ دەکاتەوە: خۆشەویستی، تەنیایی، هەڕەشە، پێوەندیکردن و هەروەها ساغکردنەوەی ڕاستییەکان.[17]

ئەو شانۆنامانەی، کە دەربارەی بابەتی دوایین، بە "شانۆنامەی بیرەوەرییەکان" ناوزەد دەکرێن. کارەکتەرەکانی ئەم شانۆنامانە بەرهەڵستیی بیرەوەرییەکانی خۆیان دەکەن. لەگەڵ خۆیاندا ناکۆکن، لە لایەک ڕووداوەکانیان بیر دێتەوە و پاشان بیریان دەچێتەوە، کە ڕوویان داوە. بیرەوەری بۆ کارەکتەرەکە دەبێت بە چەکێک، هەروەک لە شانۆنامەی "کاتە بەسەرچووەکان" و "خاکی بێخاوەن"دا دەردەکەوێت. لە شانۆنامەی یەکەمدا، "ئانا" لە چوارچێوەی خۆشەویستییەکی سێقۆڵیدا، ڕابردووی خۆی لەگەڵ "کەیت"دا بۆ ئەوە بە کار دەهێنێت، تا هەستوسۆزی "دێلی" تێک بشکێنێت بەرانبەر بە "کەیت"، کە ژنیەتی. لە شانۆنامەی "خاکی بێخاوەن"دا، "سپوونەر" شووناسی ڕابردوو و هەرچیی پێوەندیی بە ڕابردووی "هێرست"ەوە هەیە بقۆزێتەوە و دەستی بە سەردا بگرێت. ئەم نەرموشلییەی بیرەوەرییەکان کەمتر مەترسیدارە لە شانۆنامە بەراییەکانی "پینتەر"دا، بەوەی، کە هەڕەشەکە ڕووبەڕووی کارەکتەرەکە خۆی دەبێتەوە، نەک ئەوانەی دەوروبەی. ئاڕاستەی بیرەوەری لە شانۆنامەی "بێدەنگی"دا جیایە لە فۆرمی بیرەوەری لە شانۆنامەی "دیمەنێکی سرووشتی"دا. کێشەکە دەروونییە و کارەکتەرەکان بۆ بەرەنگاربوونەوە بە کاری دەهێنن، کاتێ نەزانانە هەوڵ دەدەن "ڕابردوو" لەگەڵ "ئێستا"دا بگونجێنن، بەو ئومێدەی لە داهاتوو بگەن.

شانۆنامەی "بێدەنگی" پشت بە کۆمەڵێک وێنەی میتافۆری دەبەستێت، کە سەختە مرۆڤ نهێنییەکانیان بدۆزێتەوە و کۆدەکانیان بکاتەوە، کاتێ ڕووداوەکان بەرەبەرە پێش دەکەون. شانۆنامەکە بریتییە لە مەنەلۆژی سێ کارەکتەری جیاواز. مەنەلۆژەکان ناتەواون، دووبارە دەبنەوە، جیا کراونەتەوە، هەروەها پچڕپچڕن. تەنانەت "مایکڵ بیلینگتن"، کە زۆر ستایشی "پینتەر" دەکات، بەم شێوەیە باسی شانۆنامەی "بێدەنگی" دەکات: (لە بنچینەدا هیچ شتێکی سەرنجڕاکێشی سەبارەت بە بونیادی درامی تێدا نییە. جێبەجێکردنی نەخشە و پلانی کاتەکە، کارێکی سەختە... وردەکاری دەربارەی ژیانی کارەکتەرەکان کەموکوڕی تێدایە.)[18] هۆکاری سەختیی جێبەجێکردنی نەخشە و پلانی کات بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شانۆنامەی "بێدەنگی" شێوەیەکی ڕێک و ڕاستی کۆنباو ناگرێتە بەر. ئەو نیشانانەی، کە ڕەوتی زەمەنی "ڕابردوو" و "ئێستا" و "داهاتوو" دیار دەکەن، زۆر جار لەگەڵ مەنەلۆژی کارەکتەرەکاندا ناگونجێن، کاتێ ئەو کارەکتەرانە بە بەردەوامییەوە واقیعی کۆنکریتیی زەمەنی ئێستا دەخەنە پاڵ بیرەوەرییە ئەبستراکتەکانی ڕابردووەوە، بۆ بەراوردکردن. بەم شێوەیە کارەکتەرەکان لە شپرزەیی بیرەوەرییەکانیاندا سەریان لێ دەشێوێت، چونکە ئەو هەستەی لە بەرانبەر بیرەوەرییەکاندا لە لایان دروست دەبێت، دەکەوێتە بەر جۆرەها حاڵەتی سۆزئامێز و ئارەزووی نهێنییەوە. "پینتەر" خۆی بەم شێوەیە ئەم خاڵە ڕوون دەکاتەوە: (بە کورتی، مرۆڤ بوونەوەرێکە، نە خۆی و نە ئەوانەی دەوروبەریشی تێی ناگەن. ڕەنگە بۆشاییەک بێت بە وەهم دەورە درابێت، دووریش نییە، بێ ئەوەی بزانێت، چەقی واقیعێکی بێ کەموکوڕیی لە

خۆ گرتبێت. گرفتەکە لەوەدایە، کە نازانن، یان زۆر دەترسن بیدۆزنەوە.)19

لە شانۆنامەی "بێدەنگی"دا، کارەکتەرەکان، لە ڕابردوو دەترسن، کاتێ بە ئومێدی ئەوەن لە داهاتوو بگەن، بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە، کە لە ژیاندا هەیانە. "ڕابردوو" و "ئێستا" بۆ کارەکتەرەکانی "پینتەر" بە هیچ شێوەیەک، وەکو قەوارەیەکی سەربەخۆ، بوونیان نییە. "ئێستا" بریتییە لە دروستکردنی "ڕابردوو" و "ڕابردوو"یش، ئەزموونی "ئێستا" دادەڕێژێت، ئینجا کارەکتەرەکان ددانی پێدا بنێن، یان نا؛ هەردووکیان سەربەخۆن و هەر یەکەیشیان بەردەوامی بە ئەوەی تر دەدات. "ئێستا" و "ڕابردوو" لە یەک کاتدا لە هزر و مێشکی کارەکتەرەکاندایە. بونیادە ئاڵۆزەکەی شانۆنامەی "بێدەنگی" ڕێک پێوەندیی بەم بینینەوە هەیە، کە دەبێتە نموونەیەک بۆ زۆر لە بەرهەمەکانی تری پینتەر.

## سەرچاوە و پەراوێز:

1. کاتێ "هارۆڵد پینتەر" لە ساڵی ٢٠٠٨دا کۆچی دوایی کرد، بەرهەمەکانی بریتی بوون لە زیاتر لە سی شانۆنامە و دەوروبەری 27 سکێچی درامی و سیناریۆی فیلمی سینەمایی بۆ هەندێک لە شانۆنامەکانی خۆی و ژمارەیەک لە ڕۆمانە جیهانییە بەناوبانگەکان.

2. بڕوانە لاپەڕە 185 لە:
F. J.Bernhard, Beyond Realism:The Plays of Harold Pinter," (Modern Drama, V111 (Sept., 1965

3. لاپەڕە 9 لە:
Martin.S.Regal. The Early Plays, Harold Pinter, Aquestion of Timing: Macmillan Press LTD, London, 199

4. مەبەستم لە دەستەواژەی (نیمچەتێکست) ئەو ڕێنماییانەن، کە نووسەر لە دەقێکی شانۆییدا دەیداتە ئەکتەر و ڕێژیسۆر دەربارەی هەڵسوکەوت و شێوازی بیرکردنەوەی ئەکتەر لە سەر تەختەی شانۆ و شوێن و کاتی ڕووداو و پەردە و دیمەنەکانی شانۆنامەکە. بە واتایەکی تر، ئەو دەقەی، کە حیوار نییە و لە زمانی ئینگلیزیدا، دەستەواژەی stage direction لە بەرانبەریدا بە کار دێت.

5. بڕوانە لاپەڕە ٢١٢ لە کتێبی:
هارۆڵد پینتەر، کاتە بەسەرچووەکان، ناپاکی، دیمەنێکی سروشتی. وەرگێڕانی فارووق هۆمەر، بڵاوکراوەی دەزگەی ئاراس، ژمارە ٢٨.

6. لاپەڕەکانی 26_21 لە:
John Peter, Vladimir's Carrot: Modern Drama and the Modern Imagination. London: Methuen, 1978

7. لاپەڕە 9 لە:
Austin E.Quigley, The Pinter Problem, Princeton: Princeton Univ. Press, 1975

8. لاپەڕە 185 لە:
F. J.Bernhard, Beyond Realism:The Plays of Harold Pinter," Modern Drama", Vol. 8, no. 2 (fall 1965)

9. لاپەڕە 182 لە:
Trussler, Simon, The Plays of Harold Pinter, Gollancz, London.

10. هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەروەها لاپەڕە 36 لە کتێبی:
Ronald, Hayman, Harold Pinter: Heinemann Educational Publishers, 1969

11. لاپەڕە 18 لە:
William Packard, 'An Interview with Harol Pinter', First Stage, Vol.6(Summer, 1967

12. بڕوانە لاپەڕە 1X لە:
Harold Pinter, 'Writing for Myself', Plays Two:(London:Faber & Faber, 1991

13. لاپەڕە 246 لە:
Martin Esslin, Pinter: A Study of His Plays (London: Metheun, 1997)

14. لاپەڕەکانی 356 و 358 لە:
John Russell Taylor, Anger and After (London: : Metheun, 1969)

15. لاپەڕە 40 لە:
Austin E. Quigley, The Pinter Problem (Princeton: Princeton Univ. Press, 1975

16. ئەم بۆچوونە دەربارەی ڕابردوو و زاکیرە، کە لە بنچینەدا تایبەتمەندیەتیی ناتورالیزم پێشان دەدات، چوارچێوە بنچینەییەکە نییە. "بێتراند ڕوسێڵ" لە ساڵی ١٩٢١دا هەمان کێشەی سەلماندنی ڕابردوو لە کتێبی "شیکردنەوەی مێشک"دا قووڵ دەکاتەوە. "بۆرخیس" لە کتێبی "چیرۆکەکان"دا هەمان کێشە لە بۆنەی جیاجیادا دەهێنێتە پێشەوە. شاعیری ئینگلیزی "لۆری لی" (١٩١٤-١٩٩٧) لەو پێشەکییەی بۆ ڕۆمانی "خۆشاوی سێو لەگەڵ ڕۆزی"دای نووسیوە، ئاگادارییەکی تێدایە سەبارەت بە شێواندنی زاکیرە، هەروەها ژمارەیەک لەو ڕۆماننووسانەی، کە "پینتەر" بەرهەمەکانیانی بۆ سینەما ئامادە کردووە، باس لەوە دەکەن، کە پشتبەستن بە زاکیرە کەموکوڕیی تێدایە. بەهەرحاڵ، لەوە دەچێت "پینتەر" یەکەم شانۆنامەنووس بێت، کە بە شێوەیەکی زۆر فراوان لە ئەگەرە درامییەکانی دووبارەدروستکردنەوەی ڕابردوو ورد دەبێتەوە.

17. لاپەڕەکانی 176-174 لە:
Steven H. Gale, Butter's Going Up: A Critical Analysis of Harold Pinter's Work (Durham, NC: Duke University Press, 1977)

18. لاپەڕە 199-198 لە:
Michael Billington, Life and Work of Harold Pinter (London: Faber and Faber, 1996)

19. بڕوانە:
Contemporary Literary Criticism 3 -ed. by Sharon Gunton (1975)





# نامەکانی بێکێت؛ باهێنانێکی گۆشەگیرانە ئاشکرا دەکات

**دانا رەئووف**

**لە سوێدییەوە کردوویەتی بە کوردی و پەراوێزی بۆ نووسیوە**

شتێکی ئاشکرایە کە بڵاوکردنەوەی نامەکانی سامۆێیل بێکێت تا ئاستێکی بەرز ڕووداوێکی گرینگە و شتێکی بە بەها و گەورەیە. مرۆڤ چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد و لەو بڕوایەدا بوو، کە ئەو شتانەی زیاتر لە هەموو شتێکی تری نووسەر خۆیین، بە تایبەتی، کە نامەکانی بەوپەڕی تواناوە، هەموو جۆرە پێشنیارێک سەبارەت بە بڵاوکردنەوەیان ڕەت بکرێتەوە، بەڵام بێکێت تا ئاستێکی باڵای سنووردار و بەوپەڕی پارێزییەوە، ئەو ڕەزامەندییەی دەربڕیووە: تەنها ئەو نامانە بڵاوبکرێنەوە، کە وەکو نووسەرێک گوزارشت لەو دەکەن

و پەیوەندییان بەوەوە هەیە. ئەم مەرجەش یەکڕاست ئەم پرسیارە دەخولقێنێت، ئایا چ جیاوازییەک، چ سنوورێک لە نێوان کەسایەتی نووسەر و کارە ئەدەبیەکانیدا هەیە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش، بەشێوەیەکی بێلایەنانە و دەستنیشان کردنی جیاوازییەکانیان، زۆر سەختە؛ هەمیشەو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، سنوردانان لە نێوان کەسایەتیی نووسەر و بەرهەمە ئەدەبیەکانیدا، جۆرە نابابەتیبوونێک لەخۆدەگرێت. بێگومان لە کۆتایشدا، تا ئاستێکی بەرز بەرپرسیاریەتی و هەڵبژاردنی نامەکان و بڕیارەکە دەکەوێتە سەر شانی ئەو کەسەی/کەسانەی نامەکان هەڵدەبژێرن.1

ڕێکخەر و سەرپەرشتیاری کۆکردنەوەی ئەم نامانەی بێکێت، دووپاتی ئەوە دەکەنەوە، بێکێت لەو نامانەیدا کە باسی ڕەوشی تەندروستیی خۆی دەکات، بۆ نموونە ئازاری قاچەکانی، ئاستی ترپەی دڵی، هەڵئاوساوی و سووربوونەوەی پێستی، لەسەر ئاستێکی گەورە و گرینگی پێدان هەڵگری ئاماژەکانی ئەون، وەک نووسەرێک. ئەو کەسانەشی، کە مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی نووسەریان هەیە، بیروبۆچوونێکی تریان هەیە، بە ڕای ئەوان ئێمە بۆمان نییە سەبارەت بە تەندروستی و گرژییەکانی جەستەی نووسەر، هیچ شتێک بخوێنینەوە. هەروەها بۆشمان نییە هیچ شتێک سەبارەت بە نهێنی و پەیوەندییە دڵدارییەکانی و دونیای ئافرەتەوە بزانین. ئەمەش شتێکی سەیرە، بەتایبەتی یەکێک لە بنەماڵەی بێکێت، بە ئارەزووی خۆی و بەبێ مۆڵەت بەوپەڕی سەربەستییەوە نموونە لە نامەکانی دەهێنێتەوە، بەکاریان دەهێنێت و بڵاویان دەکاتەوە، بۆ نموونە نابێت سەبارەت بەو پەیوەندییە دژوار و پڕ لە کێشە و دەردی سەرییەی بێکێت لەگەڵ "لویسا" کچەکەی جێمس جۆیس هەی بووە، لەوە زیاتر بزانین، کە بێکێت هەستی بە ئازاری ویژدان کردووە، لەبەر ئەوەی هەرگیز سەردانی نەکردووە، ئەو لەو بڕوایەدا بووە، کە سەردانی کردنی "لویسا" زیاتر بووەتە هۆی توڕەیی و بێزارکردنی.2

بەڵام چیتر قسەکردن لەسەر (نامەکانی سامۆێیل بێکێت ١٩٤١-١٩٥٦ لە ئامادەکردنی: جۆرج کرەیگ، ماتا داو فەیسن فێلد، دان جوون و لۆویس مۆر ئۆڤەێیک، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی کەیمبریج یونیڤێرستیی پرێس، ٨٨٤ لاپەرە) کەڵکی نییە.3

ئێمە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر، نزیکەی پانزە هەزار نامەی ترمان دۆزیووەتەوە، کە لەلایەن سەرپەرشتیار و دەستەی نووسەرانێکی تایبەتمەندەوە، بە ڕەنج و تەقەلایەکی زۆر دەبێت سەرلەنوێ بنووسرێنەوە. ئەم دەستەیە دووپاتی ئەوە دەکەنەوە، کە لەگەڵ ڕۆژگاردا دەستوخەتی بێکێت گۆڕانکارییەکی وەهای بەسەردا هاتووە، کە زۆر زەحمەتە بخوێندرێتەوە. لەم چاپەدا هەڵبژاردەیەک لە نامەکانی، کە نزیکەی دوو هەزار و پێنجسەد نامە و ڕستەی کورت لە خۆدەگرێت، بڵاودەکرێنەوە.

نامەکان، لێکدانەوە، ڕەوانبێژی و ڕوونکردنەوەیەکی تەواوی، ورد و هەمەلایەنەش لە خۆ دەگرێت، بۆ نموونە: کە بێکێت دەنووسێت ئەو دڵی زۆر بەوە خۆشە "شوگە ڕێی" بردوویەتییەوە، خوێنەر خێرا دەزانێت مەبەستی بێکێت لەم دڵخۆشییەی چییە، کە ئەو یاریزانە، مەبەست "شوگە ڕێی"یە لە نۆی مانگی دوانزەی ساڵی ١٩٥٥دا، لە پێشبڕکێیەکدا دەبێتە پاڵەوانی جیهانی لە کێشی ناوەند، بەوەی بە پۆکسێک "کارل بۆب ئۆڵسن" دەبەزێنێت.4 بەشێکی زۆری نامەکانی ئەم قۆناغە بە زمانی فەڕەنسی نووسراون؛ لەم چاپەدا ئەو نامانەی کە



له بنچینەدا بە فەڕەنسی نووسراون، وەرگێڕدراویشن بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و پێکەوە بە فەڕەنسی/ ئینگلیزی بڵاودەکرێنەوە.

بەرگی یەکەم، کە نامەکانی نێوان ساڵانی ١٩٢٩-١٩٤٠ لە خۆ دەگرێت، لە مانگی دوانزەی ساڵی ٢٠٠٩دا بڵاوکراونەتەوە، ئێستاش کاتی بڵاوکردنەوەی بەرگی دووهەمە، کۆی نامەکانیش لە چوار بەرگدا کۆکراونەتەوە. بەرگی دووهەمی نامەکان لە ساڵی ١٩٤٠ەوە دەست پێ دەکات و لە ساڵی ١٩٥٦دا کۆتاییان پێ دێت — ئەو ساڵەی، کە بێکێت پەنجا ساڵەی تەمەنی پڕ دەکاتەوە.



بێکێت بەم شێوە کورتە گوزارشتی لە پەنجا ساڵەی تەمەنی خۆی کردووە:
"هەژدە هەزار ڕۆژ، بەڵام هیچ شتێکی ئەوتۆم نییە پێشانی بدەم."

ئەم بەرگەی نامەکان تەنها لە ڕووی تیۆرییەوە لە ساڵی ١٩٤٠ەوە دەست پێ دەکات، لەبەر ئەوەی لە کاتی ساڵانی شەڕی جیهانی دووەمدا، بێکێت پەیوەندیی لەگەڵ جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی فەڕەنسی، دژی نازییەکان هەبووە؛ بۆیە هیچ نامەیەک لەم قۆناغە و لەو ڕۆژگارەی ژیانیدا بەردەست نەکەوتووە، ئەوەی هەشبووە لە ناوچووە. لەبەر ئەوە بە ڕاستی کتێبەکە، لە دەوروبەری ١٧ی مانگی یەکی ساڵی ١٩٤٥ەوە دەست پێ دەکات، ئەو دەمەی بێکێت گەڕاوەتەوە بۆ ئەپارتمانەکەی خۆی لە پاریس، لە ناوچەی rue des Favorites.5

بێکێت لە ساڵی ١٩٤٥دا تا ئاستێکی سنووردار و لە ناو گروپێکی بچوکی ئەدەبی، کە تەنها چەند کەسێکی دەستەبژێر "نوخبە" دەبن، ناسرابوو. لەو دەمەدا بێکێت دوو ڕۆمانی نووسی بوو: "وات" Watt و "مۆرفی" Murphy، هەروەها چەند پارچە شیعر و باسێکی کورت سەبارەت بە "مارسێل پرۆست" گەرنا لە ناوەندە ئەدەبی و هونەرییەکەدا، بەشێوەیەکی گشتی کەسێکی نەناسراو بووە.6 بەڵام کتوپڕ لە ساڵی ١٩٥٦دا دەبێتە شانۆنامەنووسێکی بەناوبانگ و جیهانی؛ هەر لەم کاتانەشدا بروانامەیەکی ئەکادیمی لەسەر کارەکانی نووسرا بوون. هەر لێرەوە بێکێت کتووپڕ بانگهێشتی ئەکادیمیەو ئاهەنگە فەرمییە گەورەکان، لە هەموو جیهانەوە دەکرا. لەم قۆناخەدا، بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی هەبووە، ئەوەی کە بێکێت ـی پێ ناسرابوو، تەنها بێکێتی شانۆنامەنووس بووە، بێکێت وەکوو نووسەری دەقە شانۆییەکانی "بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆوە" و "کۆتایی گەمە" و "ڕۆژە بەختیارەکان" ناوبانگی بڵاوبووبووەوە.7 لەگەڵ ئەوەشدا، من دەمەوێت لێرەدا و بەوپەڕی دڵنیاییەوە دووپاتی ئەوە بکەمەوە، کە ناوبانگە گەورە پرشنگدارەکەی بێکێت، وەکو بلیمەتێکی مەزنی ئەدەبی سەدەی ڕابردوو، بە پلەی یەکەم ناگەڕێتەوە بۆ دەقە شانۆییەکانی، بەڵکو بۆ ڕۆمانەکانی یان بۆ ئەوەی، کە دەکرێت ئەمرۆ بە سێینە ئاماژەی بۆ بکرێت، دەگەڕێتەوە. ئەو دەقە لیریکییانەی، کە بێکێت لە ماوەی ئەو ساڵانەدا بڵاوی کردبوونەوە، بریتی بوون لە: "مۆلۆی" ، "مالۆن دەمرێت" و "ئەوەی ناو نانرێت".8 بێکێت لەم سێینەیەدا قۆناخ بە قۆناخ، پلە پلە هەموو جۆرە کەلوپەلە دەرەکی و ئێکسسوارەکانی هونەری ڕۆمان، کە بە تەکنیک ئاماژەی بۆ دەکرێت، وەلاوە ناوە، لە کۆتاییدا تەنها دەنگێک ماوەتەوە، کە زیاتر بەرەو تاریکی ڕۆیشتووە و لەناو بێدەنگیدا منگە منگی کردووە تا بەتەواوی بزر بووە. ئەم نووسەرە، لە ساڵی ١٩٦١دا بە شاکارێکی پەخشان ئامێزی گەورە، بەناوی "ئەوە چۆنە" زیاتر لەم جۆرە تەکنیکە و فۆرمەکانی سێینەکەی نزیک دەبێتەوە. بە بۆچوونی من و لەو مێژووی ئەدەبە تایبەتییەی، کە من

خۆم ڕێکم خستووە، بێکێت و خۆرخێ لویس بۆرخێس دوو نووسەری دانسقە و بێ هاوتان.9

هەر لەم قۆناغەدا بێکێت سەرپەرشتیار و خاوەنی دەزگای چاپەمەنییە فەرەنسییەکەی "ژێرۆم لیندۆن" لە "ئێدیتیون دێ مینوی" Editions de Minuit دەبینێت، لیندۆن دەست بەجێ هەست بە گەورەیی بێکێت دەکات، هەر لیندۆن خۆشی هەموو پەیوەندییەکانی دەرەوەی بۆ دەبات بەڕێوە، هەوڵی ئەوەش ئەدات، کە بەرهەمەکانی بەشێوەیەکی بەربڵاو، بە هەموو ئامرازە بەکارهێنراوەکان بڵاوبکاتەوە. لە هەمان کاتدا ئەم دەزگایە بێکێت لە هەموو جۆرە کەناڵە دەرەکییەکان بە دونیای دەرەوە دەپارێزێت، کە بێکێت بە هیچ شێوەیەک نەی دەوویست هیچ لە بارەیانەوە بزانێت، لەوانەشە کە بێکێت هەر نەشی توانیبێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و ڕێکیان بخات. ئەو بوونەوەرانەی لەم نامانەدا دەردەکەون و ئەو کەسانەشی، کە نامەکانی بۆ نووسیون، کەسانێکی تایبەتمەند و نزیکی بوون، دەرگاکانی ژیانی بۆ چەند کەسێکی نزیک و خۆشەویستی خۆی کردووەتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە هەموو شێوەیەک کەسانێکی تری لە دەرەوەی ئەو پەیوەندییانەوە هێشتووەتەوە.

لەم بەرگەدا سنووری هاوڕێیەتییەکەی لەگەڵ لیندۆن و بەرپرسی دەزگای چاپەمەنییە ئەمەریکییەکەی "بارنێ ڕوسێ" گەورەو بەربڵاو دەبێت، هەروەها چەند کەسێک لە شانۆکاران و جیهانی هونەر و چەند هاوڕێیەکی دێرینی ڕۆژانی دبلن، تا ئەوکاتەش پەیوەندیی پێیانەوە ماوە. هەر لەم ساڵانەدا بێکێت بە تەواوی هەموو پەیوەندییەکانی خۆی بە زێدی باو و باپیرانییەوە "ئێرلەندە" دەپچڕێنێت. بێکێت هەر بەر لەم پەیوەندی پچڕانەوە، بە وڵاتەکە خۆیەوە دەستبەرداری زمانەکەی دەبێت، کە زمانی ئینگلیزی بووە، بۆ ئەوەی لەبری ئەوە زمانی فەرەنسی بکاتە زمانی پەیڤ و نووسینەکانی.10

هەر لەم کاتەشدا، براکەی لەسەرەمەرگدا دەبێت، بێکێت لە دبلنەوە نامەیەکی ناردووە و دەڵێت: "بەم زووانە من تەنها کەسێک دەبم لە خێزانەکەمان، کە لە ژیاندا مابێت، هیوادارم هەرگیز پێویست نەکات جارێکی تر بگەڕێمەوە."11 بێکێت تێگەیشتنی بۆ بەرهەمەکانی فرە واتا و پەرش و بڵاوە، خۆی دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، کە قێزی لێیان دەبێتەوە، بەمەش مەبەستی ئەوەیە، کە لە دوای پەنجا ساڵ تەمەنییەوە لەسەر ئەم گۆی زەوییەمان، هیچ شتێکی ئەوتۆی نەنووسیوە، کە شایانی پێشاندان بێت. خودا لەو کەسانە خۆشبێت، کە بەبێ ئەوەی داوای مۆڵەت بکەن پەنجەیان لە کارەکانییەوە ژندووە و گۆڕیویانە، بەڵام لە کاتێکدا "سیمۆن دی بۆڤوار" و دەزگای "لێی دۆ مۆدێغنا" —واتە زەمەنی سەردەم— کە دەزگایەکی فەرەنسییە، دەیانەوێت تەنها نیوەی یەکەمی "سویت" Suite بڵاوبکەنەوە، بێکێت نائومێد و بێزار دەبێت؛ جارێکی تر بە تەواوی تورە و شێتگیر دەبێت، کە دەزگایەک بەبێ مۆڵەتی ئەو گۆڕانکارییان لە تێکستەکەیدا کردووە. بێکێت دەیەوێت ئەو دەزگایە بدات بە دادگا، لەم بارەشدا، هەر دەبێت "لیندۆن" بە هەموو شێوەیەک ئارامی بکاتەوە. ئەم دوو جارە، تەنها ڕووداوێکە، بە لایەنی کەمەوە کە بێکێت لەم ساڵانەدا، بە تەواوی لە نامەکانیدا تورە و بێزاری دەردەبڕێت، گەرنا لە زۆربەی نامەکاندا، وەکو کەسێکی نەرم و ڕەشبین دەردەکەوێت. دەبێت مرۆڤ هیچ چاوەڕوانییەکی سەبارەت بەم نامانە نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا تووشی نائومێدی دەبین، لە کاتێکدا "ڕوبێرت پینییەت" کە نووسەرێکی هاوڕێ و هاوکاری بووە، دەیەوێت ڕاوێژی پێ بکات، بێکێت بەم شێوەیە



وەڵامی ئەداتەوە: "خۆت بڕیار بدە، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانیت، کە هەر چارەسەرێک هەڵبژێریت و هەر بڕیارێک بدەیت، لە کۆتاییدا هەر پەشیمان دەبیتەوە." سەرکەوتن و نەهاتیی لەسەر ئاستی جیهان، بە هیچ جۆرێک کاری لە کەسایەتیی بێکێت نەکردووە. ئەوەی ڕاستیش بێت، ئەو زیاتر لە ناو ئەو کەسانەدا هەستی بە ئارامی کردووە، کە تووشی نەهامەتی هاتوون و لە خوارەوەی هەرەم و ئاستەکانی کۆمەڵگەدا بوون؛ سەرکەوتنەکانی "بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە"ش، بە ڕای ئەو تەنها ڕەوشێکی هەڵە و بە هەڵە حاڵی بوونە. یەکێک لە هاوڕێکانی پێی دەڵێت "تۆ هەرگیز وشەیەکی خۆش و باشت نییە، کە بە کەسانی تری بڵێت، جگە لەوانە نەبێت کە کەسانی سەرکەوتوونین."



ڕەنگە خوێندنەوەی نامەکانی نووسەرێک، جێگەی بیۆگرافیاکەیمان بۆ نەگرێتەوە، بەڵام ئەو نامانە هەستێکی بەهێزی ئامادەبوونمان پێ دەبەخشن، کە زۆر کەم یان ستەمە، بیۆگرافیاکان بتوانێت ئەو بەرئەنجامە بەدەست بهێنێت. ئێمە نامەکان بە دزیی بێکێتەوە، تا ڕادەیەک لە زەمەنی ڕاستەقینەی خۆیاندا دەخوێنینەوە، بەم شێوەیەش مرۆڤ ڕاستەوخۆ دەچێتە ژیانی بێکێتەوە، کە هەرگیز ئەو بوارەمان بۆ نارەخسێت.

وەک لەوەوبەر گوتمان بێکێت هەموو چاوەڕوانییەکانی دونیای دەرەوە کپ دەکات و دەیەوێت بەوپەڕی تواناوە، دونیای دەرەوە بە ڕووی خۆیدا، بەبێ ئەوەی بە تەواوی دوور بکەوێتەوە لە هەندێک لە پەیوەندییە نزیکە کۆمەڵایەتییەکانییەوە دابخات؛ هەر لەم ڕووەوە بەم شێوەیە باسی خۆی دەکات: "زۆر ماندوو، گێل، پیس، پیر و بێ ویست." جار لە دوای جار، لە کۆتایی ئەم قۆناخەی، کە نامەکانی دەگرێتەخۆ ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ئەو بۆ چەندین ساڵە هیچ شتێکی نەنووسیووە، بیریش لەوە دەکاتەوە، کە نازانێت ڕۆژێک لە ڕۆژان سەرلەنوێ توانای نووسینی دەبێت. کە ئەو



P.S. Harry –
I figured that with the move and all it would be best not to ship all (about 500 – 600 sheets) of Constance's material for exchange from UNC so I just picked what I feel we should keep so you could get it mounted while you have the help! Please mount all the stuff in the shipment. Do we need any California weeds? I can pick up a lot of stuff in the course. Things are just starting to bloom here.
Ritchie

خەتی بێکێت

دەنووسێت، بۆ ئەوە نییە مەبەستی شتێک بووە: "مەبەست لەو وشانەیە، کە ئەرکی سەرەکییان گەیاندنی مانایەک نییە، بەڵکو -بەد هیواخوازم- شەڕکردنێکی بێئاکامە دژی ئەو بێدەنگییە."

لە کار و بەرهەمەکانی بێکێتدا، هیچ جۆرە هێماگەلییەک نییە؛ ئەو ئەوە دەڵێت کە مەبەستییەتی، نە زیاد و نە کەم.12 ئەو کورتبینییەی، کە بۆ توانای زمانەکەی و ئێستاتیکا خەڵوەتگەرانەکەی هەیەتی، یەکێکن لەو هۆکارانەی کە ئەو بە هیچ شێوەیەک مل بۆ ئاوازدانان و ئاوازاندنی دراماکانی نەدا. بێکێت بۆ چەندین جار گوزارشتی لەوە کردووە، کە ئەو بە هەموو شێوەیەک دوورەپەرێزە لە هەموو جۆرە هەوڵێکی تێکەڵاوکردن یان پێکەوە بەستنی هونەرە جۆراوجۆرەکان. بۆ ئەو دراما تەنها و تەنها وشە و کردارە. جارێکیان بێکێت، کە بە ڕادیۆ گوێی لە "ئەندرۆماک"ی ڕاسین دەبێت، دەڵێت تەنها وشەیە، بەڵام چ وشەیەک! دەکرێت بەم شێوەیەش، لەسەر ئاستێکی بەرز ئاماژە بۆ تێکستەکانی بێکێت خۆشی بکرێت، زۆرجار بۆ ئەوەی چەمکێک بەکاربهێنین، کە زۆر کەم پابەندە بە بەرهەمەکانییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بێ کۆتا و تا ئاستێکی باڵا جوانە.

ئەمە بەشێک لە نامەکانیشی دەگرێتەوە، کە لە فۆرمێکی سادەی پەیڤی ڕۆژانەوە، سەبارەت بە کاروباری ژیانی ڕۆژانەوە، دەپەڕێتەوە بۆ سەر جۆرێک لە ئاخاوتنێکی فرە نایابی، فرە مانای مینیماڵی. بەشێکی گرینگی نامەکان سەبارەت بە نەمایشە جۆراوجۆرەکانی شانۆنامەی "بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە" و چۆنییەتی دابەشکردنی ڕۆڵەکانییەتی، هەروەها لە هەندێک لە نامەکاندا باسی پلانی نەمایشەکەی "باستەر کیتین" و "مارلۆن براندۆ" دەکرێت کە لە نیۆیۆرک دەبوایە نەمایش بکرایە، بەڵام ناگەنە هیچ ئەنجامێک و نەمایشەکەش پێشکەش ناکرێت. لە لەندەنیش هەمان چارەنووس ڕووبەڕووی پلانەکانی "ئاڵێک گینیس"یش دەبێتەوە، بەڵام لە نێو ئەم نامانەدا باسی نەمایشێکی ئەڵمانی "بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە" دەکات، کە لە یەکێک لە بەندیخانەکاندا و لەلایەن بەندەکانەوە بینراوە، دڵخۆشییەکی ئێجگار گەورە بە بێکێت دەبەخشێت.13 لەم نمایشەدا ئەکتەرە گەورەو بە نازەکان ڕۆڵی پۆزۆ و لەکی و ئێستراگۆن و ڤلادیمیر نابینن، بەڵکو لە زۆر ڕووەوە، بە تایبەتی ئەو کەسانە ڕۆڵەکانییان بینیوە، کە خەڵکانی خواری خوارەوەی کۆمەڵگە و کەسە پەراوێزخراوەکان بوون، کە بێکێت بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە خۆی لەواندا بینیوەتەوە. هەروەها بێکێت نەمایشێکی تر لە نیۆیۆرک زۆر سەرنجی ڕادەکێشێت، کە هەموو ڕۆڵەکان لەلایەن ئەکتەری ڕەشپێستەوە بینراون: "پیاوی گەورەی ڕەش... تەماشاکەن (لەکی)یەکی دوو مەتر و دوانزە سانتیمەتری!"

زۆر بلێییەک لە نامەکاندا هەیە، بە تایبەتی کە باس دێتە سەر گفتوگۆی یەکەم هەنگاو و یەکەم نەمایشەکانی "گۆدۆ" لە سەر شانۆکانی جیهان. لەلایەکی ترەوە ئەم زیادەڕۆییە ئەو هەستە بە خوێنەران دەبەخشێت، کە ئامادەی خولقاندنی مێژووی شانۆ-و ئەدەب بین.14

بێکێت لەگەڵ "سوزان دیشۆڤۆ دومینیل" دەژیا، کە لە هەفتاکاندا، لە کاتە سەختەکانی ژیانیدا بە کاری بەرگدرویی یارمەتیی بژێویی ژیانی دەدا، کە بێکێت چەند ساڵێک دوای بەرگی دووەمی نامەکان، بە تەواوی هاوسەرگیریی لەگەڵدا دەکات. هەروەها ئەم ئافرەتە هەمیشە لە بەرەکانی پێشەوەی ئەو جەنگەدا بووە، کە بێکێت ڕەزامەندی بۆ هیچ جۆرە چاوپێکەوتنێک



دەرنەبرییوە. دواتر "سوزان دیشۆڤۆ دومینیل" پاداشتی نۆبلی ئەدەبی، که بێکێت له ساڵی ١٩٦٩دا وەری گرت، به "کارەسات" ناوزەد دەکات، چونکه ئەو پاداشته بێکێت-ی کرده کەسێکی ناودار و جۆره فەرمییەکی جیهانیی پێ بەخشی، ڕۆڵێک که بێکێت به هەموو توانایەکییەوه ڕەتی دەکردەوه و هەرگیز ئامادە نەبوو ئەو ڕۆڵه ببینێت.15

هەروەها هەر لەم ساڵانەدا، که هێشتا ناو و ناوبانگه گەورەکەی به تەواوی ئەوی بێزار نەکردبوو، بەوپەڕی تواناوه خۆی له چاوی میدیا و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان دەشاریتەوه، بۆ ئەم مەبەستەش خانوویەکی بچووک و ساکار، چەند میلێک له دەرەوەی پاریس به کرێ دەگرێت. له "قوڕاوی کەنار ڕووباری مارن"دا، که لەوێ هەموو کاتەکانی خۆی بۆ کێلانی زەوی و چاڵ هەڵکەندن تەرخان کردبوو، به درێژایی ڕۆژ و بەوپەڕی خۆشحاڵییەوه، لەبری ئەوەی باسی پرۆسه و دەقه شانۆییەکانی بکات، که ڕۆژ به ڕۆژ ناوبانگیان به هەموو جیهاندا بڵاوده‌بووه‌وه، باسی ئەو چاڵانه دەکات که هەڵی کەندوون و باسی ئەو زەویانه دەکات که کێلاونی.16

بێکێت له نامەیەکیدا بۆ هونەرمەند "برام فان فیلدا" به تایبەتی که زۆر ستایشتی کارەکانی ئەوی کردووە، دەڵێت: "من به دوای ڕێگەیەکدا دەگەڕێم تا کۆڵ بدەم، بەبێ ئەوەی به تەواوی بێدەنگ بم." لەوانەیه ئەمه گوزارشتێکی تەواو بێت له پرۆژە ئەدەبییەکەی بێکێت.17

گەر مرۆڤ نەیزانیبایه بێکێت بەردەوامه له نووسیندا، به تایبەتی لەو فۆرمه چڕ و کورت و داماڵڕاوەدا، ئەوه لەو بڕوایەدا دەبووین، که هەر له ناوەڕاستی پەنجاکاندا کۆتایی به کاری نووسین هاتبوو، بێکێت هەر لەم ڕۆژگارانەدا، سەبارەت به خۆی گوتوویەتی: "هیلاکییەکی زۆر و پێویستی به تاریکی و تەخته نووستنێکی باریک و هێدی هێدی دەستبەردار بوونی هەموو شتێک." یان تاکه ئاواتی ئەوەیه له دەرەوه خۆی بخاته ناو قوڕوچڵپاوەکانەوه و ڕوو له مانگ بلوورێنێت. هەندێک جار هەر له فیگورێکی بەرجەستەکراوی ناو ڕۆمانێک دەچێت. "وات" و "مۆرفی" دەکرێت زۆر به ئاسانی، شتێک لەم ستایله بڵێن: "من بەشێوەیەکی ترسناک ماندوو و سڕم، بەڵام هێشتا به تەواوی ماندوو و سڕ نەبووم. نووسین شتێکی هەر زۆر نەشیاوه، بەڵام هێشتا هێنده نەشیاو نییه." مرۆڤ لێرەدا تا ئاستێکی باڵا، هەست به دوا وشەکانی له "ئەوەی ناو نانرێت" دەکات: " من ناتوانم بەردەوام بم، من بەردەوام دەبم."

لەوانەیه هەندێک کەس وا بیر بکەنەوه، که خوێندنەوەی ئەم نامانه هەست و سۆزێکی پڕ له دڵەڕاوکێ و ڕەشبینی دروست دەکات، هیچ شتێک هێندەی ئەم بیر و بۆچوونه هەڵه نییه، له لای بێکێت جۆره مەودا و دوورەپەرێزییەک و جۆره تیژبینی و هۆشمەندییەک هەیه، که ئاسوودەیی دەبەخشێت و ئارامگیره. ئەدەبێکی گەوره و مەزن هەرگیز دڵپەشێو و خەمگیین نییه، با چەنده ڕەشبینیش بێت.

شتێکی ئاشکرایه بێکێت جیهان وەکو جۆره گەمەی مەیمون-ێک دەبینێت، که بەبێ ویستی خۆی ناچار دەکرێت بەشداریی تیا بکات، بەڵام له هەمان کاتدا هەست به هەموو ئەو کەسه داماو و بێ ویستانه دەکات و بەرگریشیان لێ دەکات، که ناچار دەکرێن بەشداری بکەن، هەر وەک بەزەیی بەو کرمانەشدا دێتەوه، که له کاتی چاڵ هەڵکەندندا، به هەموو شێوەیەک هەوڵ ئەدات ئازاریان پێ نەگەیەنێت. بێکێت ئازار و پەژارەکانی مرۆڤی ئەدی.

له ڕوانگەی ئەو تێگەیشتنەیەوه، هەر له ساڵی ١٩٤٩ دا، چل ساڵ بەر له مردنی، بەرجەستەی پرۆژە مۆراڵی و

ئێستاتیکییەکەی خۆی کردووە: "من چیتر مل بۆ هیچ کردارێک نادەم، کردارێک نەبێت بەتاڵ لە هیوا و قاییل بە لەعنەتی خۆی."

**سەرچاوە:**

SvD, Understrecket. Becketts brev offentliggors ensligt skapande av Carl Rudbeck. 2012

## پەراوێزەکانی وەرگێڕ:

١-سامۆێیل بێکێت ساڵی ١٩٠٦ لە دایک بووە، خێزانەکەی دەوڵەمەند و ناسراو بوون و ژیانیان لە ناوچەی "فۆکس ڕۆک" لە دەرەوەی شاری دبلن بەسەر بردووە، خانەوادەکەی، چ دایکی و چ باوکی سەر بە بنەماڵەیەکی ئێرلەندیی پرۆتستانتی بوون. بێکێت لە باشترین قوتابخانە و زانکۆکانی ئەوکاتەی دبلن خوێندوویەتی، لە ساڵی ١٩٢٦دا بۆ یەکمجار لە ڕێگەی زانکۆکەیانەوە سەردانی پاریس دەکات. بێکێت لە زانکۆی ترینیتی لە دبلن، گرینگییەکی زۆر بە زمانە مۆدێرنەکان ئەدات و هەر لەم زانکۆیەدا زمانی فەرەنسی و ئیتاڵیی خوێندووە. بێکێت لە سەرەتای تەمەنیدا نووسینەکانی (دانتی) کارێکی زۆری تێ دەکەن، دواتر ئەو کاریگەرییە لە هەموو نووسینەکانیدا، بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕەنگ ئەدەنەوە. بێکێت بە نۆڤێلت، شیعر، لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی و دواتر بە ڕۆمان دەستی کردووە بە نووسین، هەرچەندە ڕۆمانەکانی گەلێک گرینگن و جێگەی سەرنج و تێڕوانینن، بەڵام بێکێت زیاتر بە شانۆنامەکانی ناوبانگی جیهانی بە دەست دەهێنێت.

٢-لویسای کچی جێمس جۆیس هونەرمەندێکی بەهرەمەند و بەسەلیقە بووە، زۆر نزیک بووە لە ڕۆحی باوکییەوە و جۆیس بەها و خۆشەویستییەکی تایبەتمەندی پێ بەخشیوە. بەڵام لویسا تەوازنی هەست و مێشک لەدەست ئەدات و تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی لە نەخۆشخانەی دەروونی دەمێنێتەوە. ئەم بارو و ڕەوشەی "لویسا" جێمس جۆیسی تووشی پەژارە و بارێکی خراپی دەروونی کردووە.

٣- بەرگی یەکەمی نامەکانی بێکێت، ئەو نامانە دەگرێتەخۆ کە لە نێوان ساڵانی ١٩٤١-١٩٥٦دا نووسیونی.

٤-مەبەست لەم پێشبڕکێیە "شەرە بۆکسێنە" کە بێکێت زۆر ئارەزووی لێ بووە. بێکێت حەزێکی زۆری بۆ یاری هەبووە و خۆی لە مەلەکردن، بۆکسێن و تێنسدا گەلێک بەتوانا بووە، ئەم بەهرەیەشی لە فرانکی برا گەورەی و باوکییەوە بۆ ماوەتەوە.

٥-کە جەنگی دووەمی جیهانی هەڵدەگیرسێت، بێکێت و سوزان لە دبلن دەبن، بێکێت ڕاستەوخۆ بڕیاری گەڕانەوە بۆ فەرەنسا ئەدات، دوای ئەویش بە چەند ڕۆژێک سوزانیش دەگەڕێتەوە بۆ پاریس. بێکێت لەم ڕووەوە وتویەتی (فەرەنسام لە کاتی جەنگدا زۆر لە لا خۆشترە وەک لە ئێرلەندا لە کاتی ئاشتیدا.) دوای کەوتنی پاریس، بێکێت تێکەڵاوی هێزێکی بەرهەڵستکار دەبێت و دژی سوپای نازی کاردەکات. بێکێت لەو جەنگەدا ڕۆڵی کۆکردنەوەی زانیاری دەگێڕێت، دەزگایەکی زانیاری کۆکردنەوەش دەکاتە بنکەی چالاکییەکانی خۆی. بۆ ئەم مەبەستە زۆر بە وریایی میکرۆفیلم، بەڵگەنامە و دۆکیومێنت دەربارەی چالاکی و جووڵانەوەکانی هێزەکانی ئەڵمانیا، ڕەوانەی بەریتانیا و شوێنە باوەڕپێکراوەکانی تر دەکات. بێکێت بۆ کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانە زۆر جار ژیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە، بەڵام سوور دەبێت لە بەئەنجام گەیاندنی ئەو کارانە. لە ساڵی ١٩٤٢دا، کە شانەکەیان ئاشکرا دەبێت، بێکێت و سوزان ناچار دەبن ڕابکەن و خۆیان بگەیەننە ناوچە ئازادکراوەکانی فەرەنسا و بۆ ماوەی دوو ساڵ بە نهێنی لە گوندە دوورەدەستەکانی ئەم وڵاتەدا ژیان دەبەنە سەر. بێکێت هەر لەم قۆناغەی ژیانیدا دەست دەکات بە نووسینی ڕۆمانی وات Watt، دوای جەنگیش دەگەڕێنەوە بۆ پاریس و حکومەتی فەرەنسیش خەڵاتی جەنگ و مێدالیای ئازایەتی پێ دەبەخشێت. بێکێت دواتر ئەم قۆناخەی ژیانی دەشارێتەوە و هێندە بە گرینگییەوە باسی ناکات و پۆزی پێوە لێ نادات.

٦-بێکێت هەر لە سەرەتاوە بڕیاری داوە، کە ببێتە نووسەر، بۆ ئەم مەبەستە هەموو ڕێگەکان تاقی دەکاتەوە، بۆ نموونە بەر لەوەی ئێرلەندە بەجێ بێڵێت کۆمەڵێک بابەتی سەنجراکێش دەنووسێت: باسێک دەربارەی جێمس جۆیس، شیعرێکی فەلسەفی سەبارەت بە دیکارت و بابەتێکی ڕەخنەی ئەدەبی بۆ ڕاڤەکردنی بەرهەمەکانی ڕۆماننووسی گەورەی فەرەنسی مارسێل پرۆست. دەبێتە مامۆستا لە زانکۆی ترینیتی، بەڵام هەر دوای ماوەیەکی کورت واز لەم زانکۆ گرینگە دەهێنێت و لەبری ئەوە گەشتێک بە ئەورووپادا دەکات و دواتر بە تەواوی لە پاریس جێگیر دەبێت. بێکێت لە پاریس تێکەڵاوی چینێکی بەرزی ڕۆشنبیر و نووسەرەکانی ئەوکاتەی پاریس دەبێت و ئەم ڕۆشنبیرانەش بەتایبەتی ڕۆمانی "مۆرفی" سەرنجیان ڕادەکێشێت. ڕۆمانی "مۆرفی" ئەتمۆسفێری کۆمیدیایەکی شێتانەی ڕەشی لەخۆگرتووە، مۆرفی کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە هەوڵ ئەدات لە پەیوەندییە خۆشەویستییەکانیدا دونیای ناوەوە و دەرەوەی خۆی ڕێک بخات، بەڵام مۆرفی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ژیانی واقیعی و خودی خۆی نییە، تا لە ئەنجامدا لە یەکێک لە شێتخانەکاندا دەگیرسێتەوە و ژیانی لۆژیکیی خۆی لەدەست ئەدات.

٧-بێکێت توانیی بە شانۆنامەی "بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە" ڕێچکە باوەکە بشکێنێت و فۆرمێکی نوێ و زمانێکی جیاواز بۆ هونەری شانۆ دابهێنێت. شانۆنامەکە هەر لە یەکەم نمایشەوە دەبێتە هێماگەلی دەستپێکی نوێ بۆ شانۆی فەرەنسی، شانۆی جیهانی و تەوژمی شانۆی ئەبسورد. بێکێت لەم شانۆنامەیەدا هەر لە سەرەتاوە لە هەموو سەرچاوەکانی شانۆی تەقلیدی دوور دەکەوێتەوە، زمانێکی تایبەت و ئەتمۆسفێرێکی جیاواز بۆ شانۆ دەخوڵقێنێت. لە "کۆتایی گەمە"دا کارەکتەرەکان چیرۆک و یادەوەرییەکانی خۆیان دەگێڕنەوە و بیر لە هەندێک شت دەکەنەوە، تەنها بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان بەسەر بوونی خۆیان و دەورووبەرەکەیاندا بشکێت. هەندێک لە کارەکتەرەکانی ئەم دەقە





## شانۆ

لە ناو تەنەکەی خۆڵدا خۆیان دەشارنەوە. کارەکتەرە سەرەکییەکەی شانۆنامەی "ڕۆژە بەختیارەکان"یش لە بەشی یەکەمدا تا ناوقەدی و لە بەشی دووەمیشدا هەموو جەستەی لەناو لمدا دەنێژرێت.

٨-بێکێت لە ساڵی ١٩٥١دا ڕۆمانی "مۆلۆی" دەنووسێت، لە هەمان ساڵدا ڕۆمانی "مالۆن دەمرێت" دەنووسێت و لە ساڵی ١٩٥٣شدا ڕۆمانی "ئەوەی ناو نانرێت" بڵاودەکاتەوە. ئەو سێ ڕۆمانە پێکەوە سێینەیەکیان پێک هێناوە و یەکتری تەواو دەکەن، پسپۆڕ و ڕەخنەگرەکانیش ڕۆمانی مۆلۆی بە سەرکەوتووترین بەرهەمەکانی بێکێت دادەنێن. ڕۆمانەکە بریتییە لە دوو بەش، لە بەشی یەکەمدا مۆلۆی دەگەڕێتەوە بۆ لای دایکی، هەرچەندە دوو قاچی پتەو و بەهێزی هەیە، بەڵام ناتوانێت پاسکیلەکەی بئاژوێ و لە ئەنجامدا ناچار دەبێت لەسەر سک بەرەو چاڵێک بخشێت. لە بەشی دووەمدا، مۆران دەگەڕێت بە دوای مۆلۆیدا، مۆران لە ڕێگەدا ڕووت دەکرێتەوە و هەرچییەکی هەیە لە دەستی ئەدات و هەرگیز مۆلۆیش نادۆزێتەوە. لە دوا وێستگەکانی ڕۆمانەکەدا مۆران گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و وەک مۆلۆی لێ دێت.

٩-خۆرخێ لویس بۆرخێس نووسەرێکی گەورەی ئەمەریکای لاتینە، لە ئەرجەنتین لە دایک بووە و لە سویسرا کۆچی دوایی کردووە. ئەم نووسەرە کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی بەسەر ئەدەبی جیهانییەوە هەیە و بەرهەمەکانی وەرگێڕاونەتە سەر زۆربەی زمانەکانی دونیا.

١٠-دەتوانین بڵێین کە بێکێت سەر بە دوو کولتووری جیاواز بووە؛ ئینگلیزی و فەرەنسی، زمانی هەردوو کولتوورەکەشی باش زانیووە. ئینگلیزی کە زمانی دایکی بووە، لە دبلن و قوتابخانەکانی ئەو وڵاتەدا زمانێکی ستانداری ئەدەبیی بەرز فێردەبێت. وریایی لە زمان و خوێندنەوە بەردەوامەکانی، زمانە ئەدەبییە ئینگلیزییەکەی دەگەیەنێتە ئاستێکی بەرز و سەرەتای نووسینەکانیشی هەر بەم زمانە دەبێت، بەڵام زمانی فەرەنسی سەربەستییەکی تر و دەروازەیەکی جیاوازتری پێ دەبەخشێت، دەرگاکانی فەرەنسا و شاری پاریسیان بۆ دەکاتەوە؛ زمانی فەرەنسی بۆ بێکێت دەبێتە زمانی عەشق و داهێنان. کە هێدی هێدی لە زمانی ئینگلیزییش دوور دەکەوێتەوە، زمانی فەرەنسی دەبێتە زمانی یەکەمی، بەڵام بێکێت بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی هەردوو زمانەکە بە باشی بەکاردەهێنێت، بۆ نموونە هەر خۆی و زۆر بە سەلیقەوە بەرهەمەکانی لە فەرەنسییەوە وەردەگێڕێتە سەر ئینگلیزی و لە ئینگلیزیشەوە بۆ سەر زمانی فەرەنسی. ئەم زمانزانینە و گەمەکردنە لە نێوان ئەم دوو زمانە گەورەیەدا، بەرهەمەکانی گەلێک دەوڵەمەند کردووە و ئاسۆی بیروبۆچوونەکانیشی فراوانتر کردووە.

١١-بێکێت و فرانکی برای لە ئێرلەندە پێکەوە زۆر بە ئاسودەیی ژیاون و هەمیشە خەریکی یاریکردن بوون. فرانک بێکێت لە ساڵی ١٩٥٤دا دەمرێت و بەم شێوەیەش بێکێت هەموو پەیوەندییەکانی بە ئێرلەندەوە بە تەواوی دەپچڕێنێت.

١٢-ڕێژیسۆری بەریتانی پیتەر بروک، کە کاریگەرییەکانی بێکێت-ی بەسەرەوەیە و چ لە ڕووی تەکنیک و چ لە ڕووی خستنە سەر شانۆی دەقەکانی، کاری لەگەڵ دونیای بێکێت کردووە، سەبارەت بە هێماگەلی بێکێتدا دەڵێت "بێکێت دەتوانێت وێنەیەک پێشکەش بکات، کە سەر بە تەختەی شانۆیە، هەروەها پەیوەندی و ئامرازەکانیش؛ هەمووی لە ئەزموونێکی چڕی تیژەوە سەرچاوە وەردەگرێت، لە بریسکەیەکدا کە ژیانی تێدایە، بەڵام خۆی ئاشکرا ناکات. هێماگەلی بێکێت بەهێزە لەبەر ئەوەی ناتوانین بیانگرین، زۆر دوورە لەوەی کە تەنها کۆمەڵێ جیهانی لێکچووی وەک کتێبی قوتابخانەکان، یان نەخشە و وێنە دیاریکراوەکان بێت، بەڵکو شانۆنامەکانی زۆر بە ئاسانی ئەفراندنی ئەدەبییە.

١٣-لە سوێدیش بە چاودێری و ڕەزامەندیی بێکێت، هونەرمەند (یان یۆنسۆن) لە بەندیخانەکاندا کاری لە سەر شانۆنامەی "بە دەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە" کردووە. لەو نەمایشەدا تێکڕای ڕۆڵەکان لە لایەن بەندەکانەوە بینراون، دوای نەمایشەکەش هەموو هەڵدێن. ئەم ڕووداوە بێکێت گەلێک خۆشحاڵ دەکات. یان یۆنسۆن سەرلەنوێ لە ئەمەریکا و لە بەندیخانەکانی ئەو وڵاتەدا، لە ژێر چاودێرییەکی توندوتیژدا، لەگەڵ بەندەکان "بە دەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە" نەمایش دەکات. بۆ زیاتر شارەزابوون لە وردەکارییەکانی ئەم ئەزموونە سوێدییە بڕوانە کتێبی "شانۆی سوێدی" بە تایبەتی "هەندێک لە ساتەوەختەکانی واقیع" لە نووسینی دانا ڕەئووف.

١٤-شانۆنامەی "بە دەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە" باسی دوو کەس، ڤلادیمیر و ئێستراگۆن دەکات. ئەم دوو کەسە بە دەم چاوەڕوانیی کەسێکەوە، کە ناوی "گۆدۆ"یە داڵدەی یەکتر ئەدەن و تووێژەکانیان لە نێوان هەڵوێستەی کۆمیدی، بێ ئومێدی، هیوا و بێ هیواییدا دەسوڕێتەوە. گۆدۆ پێی ڕاگەیاندوون، کە دێت، بەڵام هەرگیز دەرناکەوێت. هەر لەم سەرەڕێگەی چاوەڕوانییەدا لەکی و پۆزۆ دەبینن، لە کۆتایی بەشەکانیشدا منداڵێک دێت و پێیان ڕادەگەیەنێت، کە گۆدۆ ئەمڕۆ نایەت، بەڵام بە دڵنیاییەوە سبەی دێت. لەسەر شانۆکەش تەنها درەختێکی وشکی بێ گەڵا هەیە، بەڵام لە بەشی دووەمدا ئەم درەختە وشکە گەڵای کردووە. بێکیت دووپاتی ئەوەی کردووەتەوە، کە مەبەستی لە گەڵاکردنی درەختەکە هیچ جۆرە هیوایەک نییە و تەنها مەبەست لەوەیە کە زەمەن تێپەڕیوە.

١٥-بێکێت ئامادە نەبوو ئەو پاداشتە گەورە جیهانییە وەربگرێت، ئامادەش نەبوو سەردانی سوێد بکات و بە نامەیەک بە ئەکادیمیای سوێدی ڕادەگەیەنێت، کە پارەی پاداشتەکە بدەن بە هەژارەکانی دونیا.

١٦-"لە قوراوی کەنار ڕووباری مارن"دا ئەو تێکستەیە، کە بێکێت لەو خانووە بچووکەی دەرەوەی پاریس نووسیویەتی.

١٧-برام فان فیڵدا ١٨٩٥-١٩٨١ هونەرمەندێکی وێنەکێشی بەناوبانگی هۆڵەندییە، لە ساڵی ١٩٢٥وە لە پاریس ژیاوە، لە ساڵی ١٩٦٥دا چووەتە سویسرا و تا کۆچی دوایی دەکات لەوێ دەژی. تابلۆکانی ستایلێکی ئێکسپرێشنیزم، ئەبستراک و ئێکسنتیالیزمییان لەخۆگرتووە.





# ڕێگەکانی گەیاندن

## لە (خوێنی ڕۆژهەڵاتی)ی (میدیا بێگەرد)دا

کاروان عومەر کاکەسوور

(خوێنی ڕۆژهەڵاتی)، تەنیا دوو وشە نین بۆ ناونیشانی شانۆگەرییەکە، بەڵکو هەردووکیان کۆدێک پێک دەهێنن بۆ چوونەناوەوەی ئەو ئێتمۆسفێرەی، کە خوێن وەکو تارمایی بەسەر ورد و درشتی شتەکانیەوە دەبینرێت.

مەبەست لە خوێنی ڕۆژهەڵاتی نە جۆری خوێن (Blood type)ە و نە ڕەنگ و بۆنیەتی، بەڵکو مەبەست لە خوێنە وەکو چەمکێکی کولتووری ـ مێژوویی، کە زۆر بە ئاسانی بۆ ناو یادەوەریی خۆمانمان دەگەڕێنێتەوە، بۆ ناو ئەو هەموو شەڕ و کوشتارەی ساتێک لێی دانەبڕاوین.



بۆ ناو دوالیزمی پیرۆزی و گڵاویمان دەباتەوە. هیچ ڕووداوێکی مێژوویی نییە، لە ئەنجامی خوێنەوە نەهاتبێتە کایەوە، بۆیە خوێن لەناو هەموو گۆڕانکارییەکاندا ئامادەیە و بەردەوامیش خۆی نوێ دەکاتەوە. هەموو گرووپ، ئیتنیک و نەتەوەکانیش لەسەر بنەمای خوێن دامەزراون. هەر خوێنیشە هەڕەشە لە لەناوچوونی ئەو گردبوونەوە کۆمەڵایەتییانە دەکات. ئەوەی پێشگر و پاشگر دەخاتە پاڵ خوێنەوە، دیدگایە. ئەوە تێڕوانینی ئەوانی دیکەیە بۆ خوێنی ئێمەیە دەتوانێت لە ئاستی سرووشتی و سادەیی خۆیەوە بیگەیەنێتە ئاستی پێناسەوە و شوناسی پێ ببەخشێت. دیارە شوناسیش هەمیشە ڕێگەیەکە بۆ سەرنج و خوێندنەوە و زۆربەی کات ئەو سەرنج و خوێندنەوانە مەبەستدارن. بە مانایەکی دیکە ئێمە لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەوانی دیکەوە دەکرێینە (بابەت) و ئیتر وەکو (بکەر) لێمان ناڕوانرێت. ئەوە ئەوانن گوناهەکانی ئێمە دەستنیشان دەکەن و بڕیار لەسەر ڕژانی خوێنمان دەدەن، کە لە لایەک بەشێکە لە میکانیزمی قوربان و کوشتنی پیرۆز و لە لایەکی دیکەوە وێنەیەکی بچووککراوەی ڕیچوەڵی قیامەتە. ئەگەر خوێن ڕێگەی سەرەکی بێت بۆ بەکۆمەڵایەتیبوونی ئێمە، ئەوا هۆکارێکیشە بۆ لەدەستدان و سنووردارکردنی ئازادییەکانمان، بەوەی ئەوانی دیکە بە بیانووی خوێنەوە هەق بە خۆیان دەدەن لێپرسینەوەمان لەگەڵدا بکەن، مادام ئێمە بەشێکن لە گرووپی ئەوان، کە وەکو پێشتر گوترا هەر گردبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی بگری لەسەر خوێن دامەزراوە. هەر ئەو بیانووانە ڕەوایەتی بۆ جەلاد دەهێننە کایەوە، کە وەکو هێمایەکی دەسەڵات دەست بخاتە ناو خوێنەوە و ئەو پێوەندییە بکاتە شتێکی ئەزەلی، کە قوربانی تێیدا دەربازبوونی نەبێت. هەموو هەوڵێکی قوربانی بۆ ڕزگاربوون لەو پێوەندییە، لە ڕێگای دەستبەرداربوونی خوێنەوە مەیسەر دەبێت، کە ئەنجامەکەی مەرگە، ئەگەرچی هەرگیز ئامانجی ئەو ڕزگاربوونە مەرگ نییە. بە مانایەکی دیکە مەرگ ڕێگرە لەوەی قوربانی لەپێناوی ئازادیی خۆیدا، لە خوێنی خۆی ڕزگاری ببێت. لێرەوەیە خوێن بەو قورساییە چووەتە ناو ئەدەب و هونەرەوە، چونکە ڕزگاربوون لە خوێن دەبێت بکرێتە پرۆسێسێکی ئینفینیتی، کە تەنیا لە توانای فانتازیادایە ئەو پرۆسێسە بگرێتە خۆی و درێژەی پێ بدات. تەنیا لە فانتازیادا مرۆڤ دەتوانێت درێژە بە ژیانی دوای نەمانی خوێنی خۆی بدات و ببێتە شایەتحاڵی مەرگ و قۆناغی دوای مەرگی خۆیەوە. خوێن لە ئەدەب و هونەردا لە ئاستی ماتریالی و هەستپێکراوەوە دەخرێتە ئاستی میتافۆرەوە. وەک دەبینین خوێنی کارەکتەر لە میتۆلۆژیاکاندا خوێنێکی میتافۆرییە، یاخود سیمبۆڵییە. ئەگەر چاوێک بە ئایینەکاندا بخشێنینەوە، دەبینین خوێنی ئاژەڵ لەجیاتی خوێنی مرۆڤ دەڕژێت. دەتوانم بڵێم لێرەدا مەسەلەی زمان دێتە پێشەوە، چونکە زمان و خوێن هاوواتای یەکترن، بەوەی هەردووکیان پێوەندیی تاکەکان دادەمەزرێنن. هیچ پێوەندییەکیش، بە چاوپۆشین لە جۆر و ئاست و چۆنیەتییەکەی، ناکەوێتە دەرەوەی دەسەڵاتەوە. وەک دەبینین جەژنی قوربان لە هەر سێ ئایینە سەرەکییەکەدا هەیە و ڕەگوڕیشەی بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە، کە جووەکان لە کۆیلایەتی ڕزگار بوون و گەیشتنە خاکی کەنعان. خواوەند فەرمانی دابوو، کە هەر خێزانێک لە گەلی ئیسرائیل لە چواردەی ئەپریلدا بەرانێک بکاتە قوربانی و خوێنەکەی لە دیوی دەرەوەی دەرگای حەوشە بدەن، بەو مەبەستەی کاتێ فریشتە ماندووەکە دێت، تاکو گیانی نۆبەرە نێرینەکانیان

بکێشێت، چاوی بەو نیشانانە بکەوێت و بگەڕێتەوە. وەک دەبینین ئامانج ڕژاندنی خوێن نییە، بەڵکو خوێن هێمایە بۆ دەستەڵات، کە لەو ڕێگەیەوە بیری کەسەکان دێنێتەوە ئەوان لەناو ئەو پێوەندییەدا دەرچوونیان نییە. بە ڕژانی خوێنی ئاژەڵ لەجیاتی خوێنی مرۆڤ، مانای ئەوە نییە مرۆڤ لەناو خوێنی خۆیدا ئاسوودەیە، چونکە ئەمە تەنیا نمایشێکی دەستەڵاتە لە بەرچاوی ڕەعیەدا. دەبێت لە ڕێگەی ئەو ئاماژەیەوە تێبگات، کە گوناهی کردووە و لەژێر لێپرسینەوەدایە. لە ئەنجامی گوناهەوە خوێنی خۆی بە خواوەند بەخشیوە. وەک (فرۆید) دەڵێت خوێن بۆ خواوەند تەرخانە. خواوەند قوربانییەکەی (هابیل)ی قەبووڵ کرد، چونکە ئاژەڵ بوو، نەوەک دەنکە جۆیەکەی (قابیل)، بەوەی خوێن لە دەنکە جۆدا نییە. دەگەینە ئەوەی بڵێین مرۆڤ بۆیە ئاژەڵ دەکاتە قوربانی، هەتا ملکەچیی خۆی بۆ خواوەند دووپات بکاتەوە و بڵێ لەناو ئەو پێوەندییەدا ماوە. کاتێک ئەو پێوەندییە دەهێنینە ئاستی واقیعەوە، دەبینین دەستەڵات خۆی خاوەنی خوێنی هەمووانە و هەر ئەویش وادەی ڕژانی ئەو خوێنە



دەزانێت. ئەگەر لەم کۆنسێپتەوە بڕوانینە ئەو شانۆگەرییەی (میدیا) پێشکەشی کردین، خۆمان لە بەردەم کۆمەڵێک پرسیاردا دەبینینەوە، کە دەشێت (خوێن) لە هەموویاندا خاڵی هاوبەش بێت، بەڵام پرسیارە جەوهەرییەکە ئەوەیە: کێ خوێن دەڕێژێت و کێ خوێنی دەڕژێت؟ ڕەنگە وەڵام ئەوە بێت، کە ئەوانەی هەڵە دەکەن خوێنیان دەڕژێت و ئەوانەی خوێن دەڕێژن دانەری ئەو پلان و یاسایانەن، کە نابێت سەرپێچییان لێ بکرێت. وەکو لە شانۆگەرییەکەدا دەبینین خوشکەکە خوێنی دەڕژێت و براکە خوێن دەڕێژێت. کەواتە خوێنڕێژ پشتی بە هەموو ئەو دابونەریتانە بەستووە، کە لە فۆرمی حەقیقەتدا چەسپاون. لێرەوەیە (خوێنی ڕۆژهەڵاتی) دەبێتە هەڵگری دەلالەتەکانی شەرەف، ئازایەتی و پیاوەتی، کە ڕەوایەتی بۆ جەلاد مسۆگەر دەکەن، تاکو بتوانێت بە چاکی پرۆسێسی کوشتنی پیرۆز بەڕێوە ببات. وەکو لەپێشەوە گوتمان خوێن ئەو بیانووەیە، کە دەستەڵات دەیەوێت لە ڕێگەیەوە پێوەندیی خۆی و قوربانی لەسەر بنەمای لێپرسینەوەدا دابمەزرێنێت. وەکو چۆن خواوەند بە ڕژانی خوێنی ئاژەڵ دەستی لە خوێنی بەندەی خۆی هەڵنەگرتووە، بە هەمان شێوە دەستەڵاتیش خۆی بە خاوەنی خوێنی قوربانی دەزانێت و هەر خۆیشی وادەی ڕژانی دیاری دەکات. بۆ ئەوەی قوربانی خوێنی بڕژێت، دەبێت بچێتە ئاستی بکەرەوە و تووشی هەڵە ببێت. لێرەدا بۆ ئەو شوێنە دەگەڕێینەوە، کە تێیدا گوترا زمان و خوێن هاوواتان، بەو مانایەی مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە هەڵە دەکات و خوێنی خۆی لە دەست دەدات، بەڵام



ئاژەڵ چونکە زمانی نییە، بەبێ ئەوەی هیچ هەڵەیەکیشی کردبێت، دەکرێتە قوربانیی گوناهەکانی مرۆڤ. ئەگەر بۆ میتۆلۆژیا بگەڕێینەوە، دەبینین بۆ ئەوەی خوێنی قوربانی لای خواوەند ببێتە بابەتی سەرنج و لێکدانەوە، پێویستە قوربانی وەکو بکەرێک دەربکەوێت و لە ڕێگەی کردارەوە لە فەرمان و یاساکانی خواوەند لا بدات. وەکو لە (ئادەم)، (حەوا)، (قابیل)، (سیزیف)، (ئۆدیپ) و زۆری دیکەدا دەیبینین. بە مانایەکی دیکە لە ئەنجامی گوناهەوە خوێنی قوربانی پاکیی خۆی لە دەست دەدات و بیانوو بۆ دەسەڵات مسۆگەر دەکات، کە بڕیاری ڕژانی بدات و هەر خۆیشی وادەی ڕژانی دەزانێت. هەمیشە ئەو ئەجەلە لای قوربانی شاراوەیە. لێرەوەیە گەورەترین نیگەرانیی وجودی و مەرگی میتافیزیکی دێنە کایەوە، کە بەشێکن لە میکانیزمی چاوەڕوانی. لە چاوەڕوانیدا تۆ خۆت نییت، یان بە مانایەکی دیکە تۆ بوونەوەرێکی سەربەخۆ نییت، مادام تۆ لەنا خوێنێکدایت، کە لە ئەنجامی گوناهەوە دۆڕاندووتەوە و بووەتە موڵکی دەسەڵات. ئەگەر بە زمانی شیعری دەربڕین، دەڵێین: (تۆ لەناو خوێنی خۆتدا کرێچییت). بە مانایەکی دیکە ئەوەی سەبجێکتە خاوەنەکەتە و تۆ ئۆبجەکتیڤیت. ئەگەرچی چاوەڕێکردن لە ڕووی زەمەنی فیزیکییەوە بەندە بە داهاتوو، بەڵام لە ڕووی زەمەنی سایکۆلۆجییەوە بە پلەی یەکەم ئێستا و ڕابردووە، چونکە هەموو نیگەرانییەکان ئەنجامی ئەزموونەکانی ڕابردوون، کە لە ئێستادا کارەکتەر دەخەنە بەردەم لێپرسینەوەوە. ئەگەر سەرنج لە زمانی کارەکتەرەکانی شانۆگەریی (لە چاوەڕوانیی گۆدۆ)ی (سامۆیل بیکێت) بدەین، کە خاڵییە لە هەست و سۆز و هیچ ئاماژەیەک بە ژیان نادات، ئەوسا قورسایی چاوەڕوانیمان لەناو ئەو عەدەمەدا بۆ دەردەکەوێت، کە عەدەم هەمیشە بەشێکی دانەبڕاوی دنیای (بیکێت) بووە. ئەگەر لای (ڤلادیمیر) و (ئیستراگۆن)دا هەموو ژیان لە چاوەڕوانیی تارماییەکدا کورت دەبێتەوە، کە نە مانای هەیە و نە دەتوانێت شتێک لەم نیگەرانی و تەنیاییەیاندا بگۆڕێت، ئەوا لە (خوێنی ڕۆژهەڵاتی)دا چاوەڕوانیی ئەو کچە هێندە کوشندەیە، کە دەگاتە ئەوەی بە پێی خۆی بچێتە ماڵی



باوکی، هەتا پێکرا لەگەڵ منداڵەکەیدا بیکوژن. ئەمە خۆبەدەستەوەدان نییە، بەڵکو کردارێکی پاردۆکسالییە. گەڕانە بە دوای سەرچاوەی چاوەڕوانیدا. (نیچە) لە زمانی (زەردەشت)ەوە دەڵێ: (چاوەڕوانی سەرچاوە نوێیەکان دەدۆزێتەوە. مرۆڤ تینویەتییەکەی بە لاوە دەنێت و نایشکێنێت، بەو مەبەستەی سەرچاوەی ئەو تینویەتییە بدۆزێتەوە). هەر (نیچە) دەڵێ: (چاوەڕوانی، مرۆڤ بێرەوشت دەکات). یەکشەممەیەکی چەند ساڵ لەمەوبەر لە تەلەفۆن لەگەڵ (ئاراس وەهاب)ی هاوڕێم قسەم دەکرد. دەیگوت: (لە ڕۆژانی یەکشەممەدا هێندە نیگەران دەبم و بە شێوەیەک هەست بە تەنیایی دەکەم، کە پەلەی ئەوەمە دووشەممە بێت، لە کاتێکدا لە ترسی هاتنی دووشەممەیە، من ئاوا نیگەرانم). سەرنجم داوە هەموو ئەوانەی ڕۆژانی یەکشەممە لەم ئەورووپایە هەست بەو ترس و نیگەرانییە دەکەن و ناتوانن لەو ڕۆژە پشووەدا ئاسوودە بن، لەبەر ئەو چاوەڕوانییە سەختەی دووشەممەیە، کە دەوام دەست پێ دەکاتەوە. من خۆم لە کوردستان ڕۆژانی هەینی ماتەمینی دایدەگرتم. دەگەینە ئەوەی بڵێین تارمایی شتەکان لە خودی شتەکان ترسناکترن. لە (خوێنی ڕۆژهەڵاتی)دا ترسی گەورەی (میدیا) لە تارماییەکانە. لە چاوەڕوانیی تارماییشدا تەنیایی قورستر و نیگەرانییش سەختتر دەبێت. لە شوێنێکدا بە تارمایی ئەو کوڕەی بەبێ ڕەزامەندیی کەسوکاری ژیانی هاوسەرێتیی لەگەڵدا پێکەوە ناوە و دواتر ئەو جێی هێشتووە؛ دەڵێت: (وەک سێبەرەکەم بە دوامەوەن. تۆش ناتەوێت هیچ ببینیت. براکەی خۆمم بینی بە دەمانچەوە دوام دەکەوت). ئەگەر سەرنج بدەین، کە تەنیا یەک ئەکتەر لەم شانۆگەرییەدا ڕۆڵ دەبینێت، ئەوا زیاتر بۆمان دەردەکەوێت، کە کێشەکانی ئەو لەگەڵ تارماییە و دەشێت لەسەر ئاستی سیمبۆڵدا ئەو تارماییە نوێنەری هەموو ئەو تارماییانەی دیکە بێت، کە وادەی ڕژانی خوێنی ئێمە دەزانن. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی

تارمایی بێدەنگییە. هەر تارماییەک لەناو بێدەنگیی خۆیدا گەورەترین ترس و تۆقاندنی هەڵگرتووە. ئەوەی لەناو ئەو ئێتمۆسفێرە چۆڵ و ترسناکەدا زیندووە، تەنیا کارەکتەرە، کە دەبێت لە ئاستی ئەو هەموو ترسەدا بوەستێت و لە ڕێگەی زمانەوە، یاخود لە ڕێگەی دیالۆگێکی یەکلایەنەوە هەوڵی کردنەوەی کۆدەکانی تارمایی بدات. بێدەنگیی شانۆ و بێدەنگی تارمایی کەم و زۆر لە یەکتر دەچن، بەڵام لەناو بێدەنگیی شانۆدا ئەکتەر هەوڵ دەدات بە هۆی زمان و ئاماژەکانی جەستەوە دەنگی ناو بێدەنگیی تارمایی بدۆزێتەوە. ئەگەر چەمکی تارمایی لە (هاملێت)ی (شەکسپێر)دا لەسەر ئاستی فانتازیادا دەربکەوێت، ئەوا لای (مارکس) لە مانیفێستدا دەچێتە ئاستی سیاسی و دواتر لای (دێریدا) لە کتێبی (تارماییەکانی مارکس)دا دەگاتە ئاستی فەلسەفی. چ لای (مارکس) و چ لای (دێریدا)ش پاردۆکسالێکی سەیر لە ئاستی تارماییدا هەست پێ دەکەین. (مارکس) چەمکی تارمایی بۆ کۆمۆنیزم بەکار هێناوە، لە کاتێکدا کۆمۆنیزم لای (مارکس) حەتمەیەتی مێژووە و دوورە لە هەموو وەهم و گومانێک. هەرچی (دێریدا)یە بۆ یەکەمجار لە کتێبی (تارماییەکانی مارکس)دا بۆ چەمکی ئەقڵ دەگەڕێتەوە، کە پێشتر ئەو چەمکەیش وەکو هەموو چەمکەکانی دیکە بەپێی میتۆدی هەڵوەشاندنەوە، قابیلی هەڵوەشانەوە بوو. ئەو تارمایی (مارکس) بۆ ناو ئەم دنیایە دەگەڕێنێتەوە، کە عەدالەتی تێدا نییە. سەیر نییە ئەگەر هەندێک ئەو کتێبەی (دێریدا) بە پاشگەزبوونەوە لە بیرۆکەکانی





پۆستمۆدێرنیزم و گەڕانەوە بۆ مۆدێرنتی لێک بدەنەوە. دیارە لێرە مەبەستمان تەنیا ئەوەیە زیاتر لەسەر چەمکی (تارمایی) بوەستین، ئەگینا دوور و نزیک ئەوە کاری ئێمە نییە بچینە ناو وردەکارییەکانی ئەو چەمکە لای (مارکس) و (دێریدا)ەوە. ئەو جۆرە بەراوردەیش لەوەتەی کتێبەکەی (دێریدا) لە (1994)ەوە دەرچووە، بەردەوام بە شێوەی جیاواز جیاواز ئامادەیی هەبووە. جیاوازیی نێوان تارماییەکەی (میدیا) لەگەڵ هیی (هاملێت) و (دێریدا) ئەوەیە، کە تارمایی ئەوان هیی مردووەکانن، بەڵام ئەوەی (میدیا) تارمایی زیندووەکانە.



تارماییەکەی (هاملێت)، کە باوکە کوژراوەکەیەتی، خەیاڵی (هاملێت) بە بیرۆکەی تۆڵە داگیر دەکات، بەڵام تارماییەکەی (میدیا) مەبەستیەتی لە چاوەڕوانیدا ئۆقرەی لێ ببڕێت. (میدیا) و (هاملێت) لەو ڕووەوە لە یەکتر دەچن، کە هەردووکیان گومانیان لەو تارماییە هەیە، بەڵام ئاڕاستەی گومانەکانیان جیاوازە. لە کاتێکدا (هاملێت) دەترسێت ئەو تارماییە ڕاستی نەبێت و فریوی بدات، ئەوا ترسی (میدیا) وەکو پێشتر گوترا ئەوەیە، کە نەگاتە لای و هەر لەو چاوەڕوانییە بێکۆتاییەدا بیهێڵێتەوە.

ئێمە لە خوێندنەوەی کۆنسێپتەکانی ئەو شانۆگەرییەدا لەسەر سێ چەمکی (خوێن)، (چاوەڕوانی) و (تارمایی) وەستاین، کە تێکستەکەیان لەسەر دامەزراوە، بەڵام ئەوەی ماوە قسەی لێوە بکەین، ئەوەیە، کە ئەو بیرۆکانە چۆن لە ڕێگەی (میدیا)ی ئەکتەرەوە بە ئێمە گەیشتوون؟

جووڵەی ئەکتەر لەناو ئەو ڕووبەرە چۆڵەی شانۆدا وەکو نووسین وایە لەسەر لاپەڕەکاندا، بۆیە ئەو جووڵە و ئاڕاستانە دەتوانن مانا بەرهەم بهێنن، کە ئەمە لەگەڵ ئەرکی بینەر لە وەرگرتن، خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی ئەو جووڵە و ئاڕاستانەدا هاوکاتە. لە ڕێگەی ئەو جووڵە و ئاڕاستانەوە نەک هەر مەسیجەکان دەگەنە بینەر، بەڵکو یادەوەرییشیان ئاکتیف دەبێت بۆ کەڵەکەکردن و بەستنەوەی هەر مەسیجێک، یان هەر وێنەیەک بە وێنەیەکی دیکەوە، کە مەرج نییە لە ڕووی مێژووییەوە بە دوای یەکتردا هاتبن. بەستنەوەی دەنگ بە سیماوە، واتە هارمۆنیەتی دیالۆگ و نیشانەکانی جەستە، ئەو تەکنیکەیە، کە ئەکتەر بۆ گەیاندنی مەسیجەکان پەنای بۆ دەبات. بە مانایەکی دیکە لە ڕووی سیمۆلۆجیاوە چۆن بینەر ئەو دەلالەت و ئاماژانە دەخوێنێتەوە و مانایان لێ پێک دەهێنێت، ئەنجام چۆن دەیانخاتە ناو دنیای گریمانیی خۆیەوە، چونکە لەناو ئەو ئێتمۆسفێرەدا نەک هەر ئەکتەر، بەڵکو شتە ورد و درشتەکانیش زمان پەیدا دەکەن و دەبێت لەسەر ئاستی زماندا گفتوگۆیان لەگەڵدا بکرێت. لەناو ئەو بۆشایی و بێدەنگییەی شانۆدا هەموو شتە لەیەکچوو و جیاوازەکانی وەکو بێدەنگی و دەنگ، ڕووناکی و تاریکی، بەرزی و نزمی، ڕەنگی کاڵ و ڕەنگی تۆخ بۆ ئەوەن سەرنجیان لێ بدرێت، چونکە هەموو ئەوانە دالن و مەدلوولی جیاواز جیاوازیان هەیە. ئەکتەر لە ڕێگەی دیالۆگ و جووڵەکانیەوە لەناو ئەو شتە بێگیان و چەسپاوانەدا مانا دەدۆزێتەوە و تێکەڵ بە جووڵە و ئاڕاستەکانی خۆیانیان دەکات. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەو شتانە کاتێک مانا پەیدا دەکەن، کە ئەکتەر سەرنجیان لێ دەدات و بەکاریان دەهێنێت. دیارە چۆنیەتیی ئەو سەرنجدان و بەکارهێنانە دەکەوێتە سەر توانای ئەکتەرەوە. هەتا سەرنجەکان هەڵگری مانای قووڵ بن و شێوازی بەکارهێنانیان جیاواز و سەرنجڕاکێش بن، ئەو شتانە زیاتر دەچنە باری جووڵە و دینامێکییەوە و پتر مانایان لێ بەرهەم دێت. ئەگەر هەر جووڵەیەک سیستێمی تایبەت بە خۆی

هەبێت، ئەوە بە هەمان شێوە ئەرکەکانی ئەو جووڵەیەش تایبەت دەبن و دەکرێت بە هۆی ئەو تایبەتمەندییەوە تواناکانی ئەکتەر بخوێنینەوە. پرۆسێسی تێکشکاندنی بونیادی حیکایەتیش لە ڕێگەی ئەو جووڵە و ئاڕاستانەوە دێتە کایەوە. واتە بینەر بەپێی تێگەیشتنی سەربەخۆ و جیاوازی خۆیەوە دەلالەت و ئاماژەکان دەخوێنێتەوە و لە کۆنتێکستی مێژوویی سۆسیۆلۆژیی خۆیانیان دوور دەخاتەوە. ئەو مەسیجانەی (میدیا) لە ڕێگەی دیالۆگ و زمانی جەستەوە ئاڕاستەیان دەکات، لای بینەر، یاخود لای وەرگر وەڵامدانەوەیان دەبێت، چونکە ئەو مەسیجانە بەرهەمی واقیعێکن، کە لە ڕووی مێژووییەوە دەکەوێتە پێش ساتی بەرهەمهێنانی تێکستەوە. بە مانایەکی دیکە ئەو واقیعە پێشتر لە ڕێگەی کارەکتەرەکانیەوە دواوە و کۆنسێپتەکانی خۆی گەیاندووە. ئەگەر (میدیا) دەیەوێت لە ڕێگەی مەسیجەکانیەوە پێمان بڵێت ئەو واقیعە مافی خوێنڕشتنی ژنی بە پیاو بەخشیوە، ئەوە ئێمە ئەوەمان لە زمانی واقیع خۆیەوە بیستووە، بەڵام (میدیا) مەبەستیەتی لە ڕێگەی فەلسەفەی جەستەوە وردەکارییەکانی ناو ئەو گوتارەمان پێ بڵێت، کە تا ئەو ساتە لامان شاراوە بووە. جووڵەکانی بەپێی حاڵەتە جیاوازەکانی سایکۆلۆجیا و تۆنی دەنگ ڕێک دەخات: بەرز، نزم، چپە و هاوار. لەناکاو نزم و دوایی دیسان بەرز. دەموچاوی ئەکتەر گرنگترین شوێنی سەر ڕووبەری جەستەیە، کە بەرهەمهێنەری زیاترین مانا و ئاماژەیە. کێشەی زمانی ئاسایی، واتە ئەو زمانەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیماندا پێی دەدوێن، لەگەڵ جەستەدا ئەوەیە، کە ناتوانێت لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانیدا هاوکات بێت، بەڵکو هەمیشە دەکەوێتە دوایەوە، بۆیە جەستە پشت بە زمانی خۆی دەبەستێت، کە بریتییە لە ئاماژە، جووڵە و ئاڕاستە جیاوازەکانی. ئەمانە لە نووسیندا بە ئاسانی دەرناکەون. هەر بۆیە شانۆ گرینگییەکی تایبەتی هەیە، بەوەی دەتوانێت زمانی ئاسایی و زمانی جەستە پێکڕا بەکار بهێنێت. من وا هەست دەکەم هەموو نووسەرێک خەون بەوەوە دەبینێت، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان وەکو (میدیا) لەسەر شانۆ ئەو پەیامە شاراوانەی بگەیەنێت، کە هەرگیز نەیتوانیوە لە ڕێگەی زمان نووسینەوە دەریانبڕێت. ئەگەر زانیمان (میدیا) لەپاڵ شانۆدا شیعری ناسکیشی هەیە، ئەوسا زیاتر ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە نووسین ناتوانێت بە تەواوی دەنگ دەربڕێت. ئەو جۆرە شانۆگەرییە، کە بە پلەی یەکەم پشت بە ئاماژەکانی جەستە و گۆڕانکارییەکانیەوە دەبەستێت، سنووری زمانی ناشیۆنی تێکست دەبەزێنێت و دەتوانێت لەگەڵ هەست و نەستی کەسانی دەرەوەی ئەو زمانەشدا گفتوگۆ دابمەزرێنێت.

(میدیا) زۆر بە وریاییەوە هارمۆنیەتی دیالۆگ و زمانی جەستە ڕادەگرێت. بە خێراییەکی لەڕادەبەدەر حاڵەتی دەموچاو و تۆنی دەنگ لەوپەڕی خەمناکییەوە بۆ ئەوپەڕی ئاسوودەییەوە دەگۆڕێت و بە هەمان خێراییش لە حاڵەتی شادییەوە دەمانباتەوە حاڵەتی خەفەتەوە. لە گریانەوە بۆ گۆرانی و لە گۆرانییەوە بۆ گریان، کە لەو ڕێگەیەوە بینەر دەخاتە بەردەم کۆمەڵێک حاڵەتی پارادۆکسال و ناهێڵێت لەو نێوەدا تەنیا ڕۆڵی بینین ببینێت، بەڵکو تێکەڵی ئەو ئێتمۆسفێرەی دەکات و کۆمەڵێک ئەرکی وەکو سەرنج، ڕامان، بیرکردنەوە و هەڵوێستی پێ دەسپێرێت. (جۆرج مۆنان) لە ڕوانگەی سیمۆلۆجیاوە سەرنج لەو پێوەندییەی نێوان تێکست لە لایەک و گەیاندنەکانی ئەو مانایانەی لەناو تێکستەکەدا هەن لە ڕێگەی جەستەوە لە لایەکی دیکەوە دەدات، بەوەی جەستەی ئەکتەر دەتوانێت کۆمینیکەیشنی نێوان خۆی و بینەر بهێنێتە کایەوە لە ڕێگەی ئەو پرسیارانەی لای بینەر دەیانورووژێنێت. (میدیا) بە هۆی تەکنیکی



ئیماجینێشینەوە بینەر لە ئاستی شوێنی فیزیکییەوە دەباتە ئاستی شوێنی میتافیزیکییەوە. واتە وا لە بینەر دەکات ئەم ڕووبەرە جۆگرافییە دیاریکراوەی شانۆ جێ بهێڵێت و ئەو شوێنە جیاوازانە بێنێتە بەرچاویەوە، کە (میدیا) مەبەستیەتی. دیارە ئەمە هێزی ئەو زمان و ئاماژە و جووڵانەی ئەکتەرە زەینی بینەر بە ئاڕاستەی گەڕان بە دوای مانادا دەبات. شێوازی گوتن و بەرزی و نزمیی تۆنەکان ڕۆڵێکی گەورە دەبینن، لەوەی بینەر بە شێوەیەکی کاریکەر ئەو گوتانە ببیستێت و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ بکات. لێرەدا ئەو گۆڕانکارییانە دێنە کایەوە، کە وەکو پێشتر گوترا لە نووسیندا دەرناکەون، چونکە لە ئاستی ئۆراڵدا دەکرێت ئاڕاستەی دیکەیان تێدا بدۆزرێتەوە.

باوەڕ ناکەم هیچ تێکستێکی نووسراو دەقاودەق لەسەر شانۆدا نمایش کرابێت، چونکە وەکو گوتمان زمانی ئەکتەر بەرانبەر بە هەموو شتە ورد درشتەکاندا کراوەیە، کە بە سرووشتی خۆیان بێدەنگن و ئەو لە ڕێگەی جووڵەکانیەوە زمانیان پێ دەبەخشێت. تەنانەت (پیتەر برۆک) باوەڕی بە قرتاندن و خستنەسەری تێکست هەیە و ڕێگە بە دەرهێنەر دەدات دیمەنەکان پاشوپێش بکات، وەکو ئەوەی خۆی لەگەڵ تێکستەکانی (شەکسپێر)دا کردوویەتی. مادام ئەکتەر ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ بینەر و دەوروبەردا دەکات، ئەوا چۆنیەتی و جۆر و ئاستی ئەو وەڵامدانەوانەوە کار لە شێوازی گوتن و دەربڕینی جووڵەکانی دەکەن. لێرەوەیە دەکرێت بڵێین نمایشی هەر شانۆگەرییەک لەسەر بنەمای ئیستاتیکای گەیاندن و ئیستاتیکای وەرگرتندا وەستاوە، کە یەکەمیان خۆی لە چۆنەتیی دەربڕین و ئاماژەدانی ئەکتەردا دەبینێتەوە و دووەمیان لەسەر ئاستی وەڵامدانەوە و خرۆشان و کاردانەوەی بینەردا دەردەکەوێت. وەکو گوترا (میدیا) زۆر بە وریاییەوە ئەو کاریگەرییە لە بینەر دەکات و دەیخاتە ئاستی بیرکردنەوە و هەڵوێستەوە.☼

**سەرنج: ئەو باسە بە شێوەیەکی زارەکی و ڕاندەم سێ جار دوای نمایشی شانۆگەریی "خوێنی ڕۆژهەڵاتی"ی (میدیا بێگەرد) پێشکەش کراوە. جاری یەکەم لە کۆپنهاگن، جاری دووەم لە سلێمانی و جاری سێیەم لە ئۆسلۆ. لە کاتی نووسینەوەیدا دەستکاریی هەندێک وشە کراون، بەو مەبەستەی زیاتر مۆرکی نووسینیان پێوە دیار بێت.**







# ماڵ لە لای یۆن فۆسە

## وەك شوێنی پەیوەندیی كارەكتەر بە یادەوەرییەوە

**نیهاد جامی**



كێشەی چارەسەركردنی ماڵ، بابەتێك نییە خاوەنی دیدێكی ڕەها بێت، بەڵكو لە ناو تێڕامان و پرسیاری جیاوازەوە چارەسەری گرفتەكان دەكات، هەمیشە ماڵ ڕووبەرێكی جوگرافیی تراژیدییە. ماڵ یان دەبێت وێران بكرێت، تا هەست بە خەوشەكانی بكەین، یان دەبێت سەفەری ڕاكردن و دەرچوون لە ماڵ ببێتە خەون و پرۆژەی مرۆڤەكان، هەڵبەت هاتنە دەرەوە لە ماڵ سەفەرە بەراییەكانی تێكستە كلاسیكییەكانی شانۆییە، تا دەگات بە تێكستە مۆدێرنەكان.



## شانۆ

ئەگەرچی ڕوانینەکان جیاوازن، پرسیارەکان ئامادەبوونەوەی دیدێکی تری مرۆڤە، هەرچەندە پرسیارەکان پرسیارکردنی مرۆڤە لە ماڵ، بەڵام ساتەوەختی پرسیار، ساتەوەختی ئەخلاقیی کارەکتەرە... ساتەوەختێک نووسەر و دەرهێنەرانی شانۆ دەزانن هاتنەدەرەوە لە ماڵ ئازادبوونی مرۆڤ نییە بە قەد ئەوەی ونبوونی مرۆڤ و نادیاریی چارەنووسە... وەک لە لای نوورای ماڵی بووکەشووشەی ئەپسن و خاتوو ژوولیای سترێندبێری و جورئەتی کوشتنی لاش نۆرین دەیبینین... گەڕانەوەش بۆ ماڵ هەمیشە گەڕانەوەیە بۆ تراژیدیا، وەک چۆن سەرەتا لە ئۆدیبەوە فێری ئەو ئەزموونە بووین، گەڕانەوە کوشتنی باوک و سێکسکردنە لەگەڵ دایک... ئەگەر لە تێکستی کلاسیکیدا ئۆدیب ئەو کارەکتەرە بێت، کە ئەو قەدەرە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەوا لە شەڕی لاش نۆریندا وەک تێکستێکی مۆدێرن، ئێمە ڕووبەڕووی هەمان گرفت دەبینەوە.

باوک لە شەڕدا بە کوێری دەگەڕێتەوە، گەڕانەوە بینینەوەی باوکێکی کوێرە بە سەر تراژیدیا ئەخلاقییەکانی ماڵدا؛ ئەودەمەی دەبینێت ژنەکەی بۆتە ژنی براکەی... باوک لە ناو خوێن و لاشەی مردووەکاندا گەڕاوەتەوە، دەیەوێت سێکس بکات، بەڵام ژنەکەی کە سێکس لەگەڵ براکەی ئەو دەکات، چۆن ڕێگە بە خۆی بدات جارێکی تر سێکس لەگەڵ ئەودا بکات، ئەو کە لە ماڵەوە بوو، چاوەکانی لە دەست نەدابوو، گەڕانەوە بەرەو ماڵ چاوەکانیشی لە دەست داوە... بۆیە ناچار باوک دەیەوێت بۆ دامرکاندنەوەی غەریزە، سێکس لەگەڵ کچەکەیدا بکات. ئەو دیدە ئەخلاقییە ئیشکردنەوەیەکی ترە لە سەر پرسیاری گەڕانەوە بەرەو ماڵ، بەڵام ئاخۆ یۆن فۆسە چۆن چارەسەری پرسیاری گەڕانەوە دەکات؟ چۆن ڕووبەڕووی هاتنەدەرەوەی مرۆڤ دەبێت لە ماڵ؟ فۆسە لە شانۆگەریی (کەسێک هەر دێ) نایەوێت دیدێکی ئۆدیبی ببەخشێتە هاتنەدەرەوەی مرۆڤ لە ماڵ، بەڵکو نائومێدبوونی ئینسانە لە کۆمەڵگەی مۆدێرنەدا، کە مرۆڤ لەو کۆمەڵگەیەدا بە ئامێربوونی هەموو شتەکانی خۆی لە دەست داوە، ڕووبەڕووی جۆرە نائومێدییەک بووەتەوە، ئەوەش وەستانە بەرامبەر بە مەرگ.

ئەو ژن و پیاوەی بە یەکەوە دەژین، دوورگەیەکی دوورەدەستی نزیک زەریایەک دەدۆزنەوە، خانوویەک لەوێ دەکڕن، تا بە یەکەوە تێیدا بژین. شێوازی کۆنیی خانووەکە ئاماژەیەکی ڕوونی دۆخێکی جیاوازیی ئەو کۆمەڵگەیەیە، کە ئەوان لێی ڕادەکەن، کۆمەڵگەیەک کە ئەوانی تووشی تەنیایی کردبوو، بەڵام گرفتی ئەو ژن و پیاوە ئەوەیە، هەر لە سەرەتاوە ترسی ئەوەیان هەیە، کە کەسێک بێتە لایان، چونکە هاتنی هەر کەسێک شێواندنی ئەو زیندەگییە فیردەوسییەیانە. ئەوان، کە لە تەنیایی ڕایان کردووە، جۆرە تەنیاییەکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە، هاتنی هەر کەسێکیش شێواندنی تەنیاییەکەیانە.

ئەوان دەیانەوێ لە بە دژبوونی کۆمەڵگە، خۆیان ئەو کۆمەڵگەیە بنیات بنێنەوە، کۆمەڵگەیەک کەسی سێیەمی تێدا نەبێت، تەنیا خۆیان بن و هەموو شتێک پەیوەست بێت بە دیدی من و تۆوە. ئەگەر ئەو تێگەیشتنە لە کۆمەڵناسیدا دیدێکی ناتەواو بێت، بەوەی کۆمەڵگەیەک نیە بە تەنیا بریتی بێت لە دوو کەس، بەڵام لە عەشقدا ئەو کۆمەڵگەیە بەهەشتی تایبەتیی عاشقە، تەنانەت عاشق لەو کۆمەڵگە بەهەشتییەیدا بیر لە کەسی سێیەم (منداڵیش) ناکاتەوە.

ئێمە لە هربەت مارکۆزەوە لەوە گەیشتووین، هاتنی

کەسی سێیەم (منداڵ) کوشتنی عەشقە، چونکە لەو کاتەدا کەسێکی تر بەشداریی ئەو پەیوەندییە دەکات، بەڵام ژن و پیاوەکەی یۆن فۆسە ترسیان لەو کەسە هاتنی منداڵ نییە، بەڵکو هاتنی کەسێکی نادیارە، کە بەختەوەرییەکەیان کۆتایی پێ بێنێت، دەنا لە بنەڕەتدا منداڵ شتێک نییە ئەوان بیری لێ بکەنەوە.

ئەو ترسە بە تەنیا ترسێک نییە لە مرۆڤ، هەندێک جار دەبێتە ترس لە سروشتیش، بەوەی هاتنی هەر جووڵەیەکی فیزیکی دەشێت جۆرێک لە ساردی بخاتە ناو ماڵ، ئەویش وا بکات ئەو دوانە تەسلیمی ئیرادەی دۆخێکی سروشتی ببن: "بیر لەوە بکەرەوە ناو خانووەکە چەند سارد دەبێ، کاتێک با بە نێو دیوارەکاندا تێدەپەڕێ، بیر لەوە بکەرەوە ئێرە چەند دوورە لە خەڵکەوە، چەند خامۆش و بێدەنگ دەبێ." (کەسێک هەر دێ/ یۆن فۆسە، وەرگێڕانی هاودەم ساڵح جاف، زنجیرەی شانۆی بیانی، 15، دەزگەی ئاراس، هەولێر- 2008، ل: 42.)

ئەوە لە کاتێکدا ئەوان خۆیان ئەو دوورگە دووردەستەیان هەڵبژارد، تاوەکو تێیدا بژین، خۆ ئەگەر هەر لە ساتی یەکەمەوە جۆرە ترسێک هەبێت، بەوەی ئەوان نەیانویستووە لە هەموو کەسێک دوور بکەونەوە، دواجار پیاوەکە بیری دەهێنێتە ئەوان ئەو کارەیان بۆیە کرد، تا لە هەموو کەسێک دوور بکەونەوە.

ئەو ترسە بە درێژایی چوون بەرەو ئەو ژیانە نوێیە، وەک ترسێکی نادیار ڕووبەڕووی ئەوان دەبێتەوە، کە ئاخۆ مرۆڤ دەتوانێ بێ ئەوانی تر ژیان بباتە سەر؟ ئەوە لە ڕاستیدا پرسیاری ئەوان نییە، بەڵکو ترسی ئەوانە لە تەنیاییەکە، کە ڕایانکردووە لێی و تەنیاییەک کە دەکرێت لێیان تێک بدرێت، ژنەکە بەو شێوەیە پێشبینیی دەریا و شوێنەکەی نەکردووە، کەچی پیاوەکە بەئاگاتر سەیری دۆخی ئەوێ و ئێرەی شوێنی ئێستایان دەکات، بەوەی ئەوە ئەوانی تر بوون نەیانتوانیوە قبووڵی ئەوان بکەن، ترسی ژنەکە زیاترە لەوەی کەسێک بێت و هەموو شتێک بشێوێنێت، هەندێک جاریش ترسەکەی چڕ دەکاتەوە سەر حاڵەتێکی ڕەگەزیانە، بەوەی ژنێک دێت و سەیری چاوەکانی پیاوەکە دەکات. وەک ئەو ترسەی ئەوان ڕووبەڕووی بوونەتەوە، سەرەنجام کەسێک دێت، بەڵام کەسەکە ئەوە نییە کە ژنەکە بیری لێ دەکردەوە، بەڵکو خاوەن خانووە کۆنەکەیە، کە خانووەکەی بەوان فرۆشتەوە، بەڵام ئەوە گرفتێک نییە، بەڵکو گرفتەکە لە بوونی هاتنی کەسێکە، کە لەگەڵ ڕۆیشتنیشی جارێکی تر بیر لەوە دەکاتەوە، کە بێتەوە، چونکە ئەویش هەرچەندە لەوان دوورە، بەڵام وەک خۆی باسی دەکات، لەم نزیکانە دەژییێت، بۆیە ئەو ترسەی پێشبینییەک بوو بە هاتنی ئەو پیاوە، ترسەکە دەبێتە ڕاستییەک، ترس لە هاتنی تێکچوونی بەختەوەری.

لەگەڵ یەکەم هاتنی کەسەکە، ژن ترسەکەی دەگۆڕدرێت بۆ جۆرێک لە دڵنیایی، ئەوەش ترسی پیاوەکە زیاتر دەکات، بەوەی ئەو کەسە بتوانێ ژنەکەی لێ زەوت بکات، بۆیە ئەو ترسەی ژن هەیبوو، لەوەی ژنێک دێت و ئەو پیاوە لەو دەفڕێنێت، لە هاتنی کەسەکە ترسەکەی ژنە پەڕییەوە بۆ پیاوەکەی، بۆیە لەو ترسەوە پیاو دۆخێکی تۆقێنەر بۆ ماڵ دروست دەکات، کە هەمیشە لە گومانی هاتنی کەسەکە بێت بۆ ماڵ، هاتنێک کە هەموو خەون بۆ بەجێهێشتنی کۆمەڵگە شکست دەهێنێت و سەرلەنوێ ڕووبەڕووی هەمان دۆخی پێشوو دەبنەوە، ئەوە سەرباری ئەوەی هاتنی ئەو کەسە دەکرێت تەنیا کردنیشی بێت، بە تایبەت کە گومانی لە لا دروست بووە، لە یەکەم بینینەوە ژنەکە مەیلی بە لای کەسەکەوە هەیە.



بە هۆی لانەبردنی وێنەکانی خاوەن خانووەکەوە، ئەوەمان لە لا دروست دەبێت، کە ماڵ لە لای فۆسە بووەتە هۆی پەیوەندیی کارەکتەر بە یادەوەرییەوە، ئەوان کە ماڵەکانیش دەفرۆشن، بەڵام ئەوە هێزی یادەوەرییە بە توندی بە ماڵ دەیانبەستێتەوە، بۆیە زەمەنی ئەو ژن و پیاوە درێژکراوەی زەمەنی یادەوەریی ئەوانە، وەک چۆن زەمەنی خاوەن خانووەکە درێژکراوەی زەمەنی یادەوەریی نەنکییەتی، ئەو بازنەیە بە دەوری یادەوەری، پەیوەندیی کارەکتەرەکانە بە ماڵەکەوە، سەرباری چوونەدەرەوەیان لە ماڵ و فرۆشتنی خانوو، کەچی ئەو هێزە ڕابردووخوازییە بە توندی لە ناو هەنووکەدا د ر ێژ

بووەتەوە، وێنەکان زەمەنی ئەرشیفکراوی یادەوەرین، کە هێشتا بە دیوارەکانەوەن، بۆیە ژن و پیاوەکە دەیانەوێ خۆیان لە یادەوەریی ئەوان پاک بکەنەوە، هەڵبەت یادەوەریی کەسەکانی پێشووی ماڵ هیچ جوانییەکی تێدا نییە، وەک ئەو قەعدەیەی نیوەی لە میزی کۆنی گرتووەتە خۆی.

پیاوەکە، ڕقی لەو یادەوەرییە، دەبێتە سەرەتای ڕقلێبوونەوەشی و بە گومان لە ژنەکە دەستی پێ کردووە، بۆیە ئەو دەمەی دەزانێ کەسەکە دێتەوە، ژوورەکە بەجێ دەهێڵێت، هاتنی کەسە کە، خاوەن خانووەکەی پێشوو، هاتنی کارەکتەرێکی خاوەن سەرمایەیە، کە شانازی بەو سەرمایە دەکات بە فرۆشتنی خانووەکەی دەستی کەوتووە، ئەوەش مۆتیڤێکی هاودژی خوڵقاندووە، بەوەی کارەکتەری ناو یادەوەریی ماڵ، خانووی لە دەست داوە، بەڵام سەرمایەی هەیە، کەچی ژن و پیاوەکە خانووەکەیان وە دەست هێناوە، هەرچیی داهاتێکیشیان هەبووە داویانە بە کڕینی ئەو خانووە، سەرەنجام ئەو مۆتیڤە لەوێوە ماناکانی دەچنە قووڵاییەوە، ئەوەی کرێیەتی یادەوەریی شوێن هیچ مانایەکی لە لایان نییە، جگە لە ناشیرینی، بەڵام ئەوەی شوێنی فرۆشتووە و جێی هێشتووە، مانای گرنگی لە لای هەیە.

مرۆڤ کە یادەوەریی لە دەست دەدات، هەست بە تەنیایی دەکات، بۆیە ئینتیماکردنەوە بۆ یادەوەری، گەڕانەوەیەکە بۆ ڕزگاربوون لە تەنیایی، ئەوەش وا لەو کەسە دەکات بگەڕێتەوە بۆ خانووەکە و داوا لە ژنەکە بکات لەگەڵیدا دابنیشێت و بخواتەوە و کەمێک قسەی لەگەڵدا بکات، بەڵام قسەکردنێکی هاوبەش نییە، هێندەی قسەکردنی کەسەکەیە لە بارەی یادەوەریی ئەو شوێنە و کارەکتەرەکانی ئەو خانووە، بەڵام هەڵبەت دەزانێ ئەوە شتێک نییە بۆ



یۆن فۆستە

ڕزگاربوون لە تەنیایی، بۆیە بۆ ژنەکە باس لەوە دەکات، لە شوێنێکی وا چۆڵدا دەکرێت ئەوان یەکتری بەڕێکەوت ببیننەوە، یاخود بە مەبەستەوە: "هەچ کاتێک ویستت دەتوانی بێیتە ماڵەوە، بۆ خانووەکەی من، دەتوانی تەلەفۆنیشم بۆ بکەی." ل117

ئەو جۆرە پەیوەندیکردنەوەیە، دەرخستنی دۆڕاندنی ئەو مانایەی خەونی کارەکتەرەکانە، چونکە هەڵگرتنی ژمارەی تەلەفۆنی کەسەکە لە لایان ژنەکەوە، هەروەها کاتێ ئەو باس لەوە دەکات، دەکرێت، کە دەڕوات، بەم نزیکانە دەربکەوێتەوە، ئەوەش پەیوەندیکردنەوەی ژن و پیاوەکەیە بەو دنیایەی لێیەوە ڕایانکرد، بۆیە پیاوەکە




دەزانێ خەونەکەی ئەوان شتێک نییە جگە لە ئومێدێک، کە نایەتە دی، بۆیە دان بەو ڕاستییەدا دەنێت، ئەو لە سەرەتاوە زانیویەتی، کەسێک هەر دێت، بەڵام هەمیشە ئومێدێکی هەڵخەڵەتێنەرانە هەیە، کە هەریەکە لە ژن و پیاو، بە شێوەی جیاواز دەیخەنە ڕوو، ئەوەش ئومێدێکی خۆفریودەرە.پیاوەکە بەوە بڕوا بە خۆی دەهێنێت، کە ژنەکە تەلەفۆنی بۆ ناکات، بەوەی ئەگەر کەسەکە بێتەوەش سەرەنجام دەڕوات و ئەوان سەرلەنوێ بە تەنیا بە یەکەوە دەبن و دەبنە پشتوپەنای یەکتری، ئەوەش تەسلیمبوونی پیاوەکەیە بۆ دۆخی زیندەگییەکی نوێ. لە نێوان گومان و ترس و خۆشەویستیدا وێنەیەکی بۆ خۆی دروست کردووە، وێنەیەک لە لای ژنەکە بە زەبروزەنگ سەپاندن و خۆشەویستی تێکەڵ بووە، ئەودەمەی لە کۆتاییدا دەبینین: "ئەوی مێ لە سووچی لای چەپی خانووەکەوە دێ، بە چاوێکی نەرمەوە بۆ ئەوی نێر دەڕوانێ، ئەوی نێر سەیری ئەوی مێ دەکا و دەڕوانێتە بەردەمی خۆی، ئەوی مێ دەچێ جووت بە تەنیشتی ئەوی نێرەوە دادەنیشێ و دەستێکی بەرز دەکاتەوە و دەیهێنێ بە ڕوومەتی ئەوی نێردا." ل127

ئەو کۆتاییەی فۆسە، حەقیقەتی وێنەی خەونەکە بە شێوەیەکی سیمبولیانە دەخاتە ڕوو، کە هیچ مانایەکی ریالیستانە نەگرێتە خۆی، هۆیەکەشی ئەوەیە، ئەو دوو کارەکتەرە خەون بە دنیایەکی ترەوە دەبینن، دنیایەک ناشێت کۆتاییەکەی ریالیستییانە بێت، بۆیە بە کۆمەڵێک ڕەمز، لە ناو ماناکانی خۆشەویستی و پێکەوەبووندا کۆی دەکاتەوە، کە بریتییە لە ترس و زەبروزەنگ و دڵنیایی.



# من
# و
# شێلمفرۆشەکە

## شانۆییەکی مۆنۆدرامییە

**گەزیزە عومەر**



شوێن: (پانتایی شانۆ چۆڵە، تەنها لە گۆشەیەکی شانۆکەدا نەبێ، کە عـارەبانەیەکی شێلم دانراوە، هەر ئەم عارەبانەیە بە پێی بۆچون و بیرکردنەوەی دەرهێنەر، بە چەند شێوەیەک کاری لە سەر دەکرێت بۆ گۆڕانکاری دیمەنەکان.)

(کوڕێکی گەنج لە پاڵ عەرەبانەکەدا وەستاوە و بە شێوەیەکی زۆر جوان خۆی گۆڕیوە و چەتاڵێکی بە دەستەوەیە، خەریکی شێلم خواردنە.)

-زۆربەی کات ئێواران لێرەدا ئەوەستم، بە تایبەتی ئێوارانی شەممە بباریێ و نەباریێ هەر دێم لە تەنیشت ئەم عەرەبانەیەدا ئەوەستم، بۆ خۆم هەر سەیر ئەکەم، بە تایبەتی عەسرانی یەکشەممە و دووشەمەش هەر لێرە لە سەر ئەم شۆستەیە و لە تەنیشت ئەم پیاوە باشەوە!

(ڕوو دەکاتە کابرای شێلمفرۆش)

-زەحمەت نەبێ قاپێکی ترم بۆ تێکە، با کەمێک لە ئاوەکەشی تیابێت، خۆشە ئێوارانی زستان کە لووتت سوور ئەبێتەوە، دەست و پێیەکانت لە سەرمان شین بوونەتەوە و هەڵاوێکی گەرم لە دەمت دێتە دەرەوە و تێکەڵ بە هەڵاوی ئەو مەنجەڵە شێلمە گەرمەی ئەم برادەرە باشە ئەبێت، جارجاریش چەقەچەقی دانت دێت لە سەرمان و ئەژنۆکانت ئەلەرزن و پێیەکانت لە تەنیشت یەکەوە جووت ئەکەیت.

(ڕوو دەکاتەوە کابرای شێلمفرۆش)

-زەحمەت نەبێ قاپێکی ترم بۆ تێکە، هەمو ئێوارانێکی سێشەممان من بۆ خۆم دێم لێرەدا ئەوەستم، بە تایبەتی چوارشەممانیش، ئەگەر ئیشم نەبوو، پێنچشەممانیش لە تەنیشت ئەم عەرەبانەیەوە ئەوەستم، هەر خۆشم دێم بە تایبەتی دوای نیوەڕوانی هەینییش، کەواتە بە تایبەتی هەموو ڕۆژەکانی هەفتە، هەموو هەفتەکە، ئەمە جێگەی منە.

(وەک ئەوەی بچێتە پێشەوە و سڵاو لە یەکێک بکات)

-چاوەکەمی، ڕێز و سڵاوم هەیە.

-تۆ چۆنیت برای بەڕێز؟

-فەرموو قاپێ شێلمی گەرم بخۆ.

-نەوەڵا کاکە شێلمی چی؟

-هیی من نییە، من ئەوەم لە کوێ بوو؟ جا من خاوەنی ئەم عارەبانەیە بوومایە چیم ئەویست کاکە گیان! خوا نەکات، نەوەڵا هیی من نییە.

-بۆ من خۆم هەم؟ تا ئەوەم هەبێت؟ من لێرەدا ئیشوکارم هەر شێلمخواردنە؛ ئەو ئەیفرۆشێت و من ئەیخۆم. باوەڕ بکە ئەوەنەم شێلم خواردووە، هەموو دنیا بە ڕەنگی شێلم ئەبینم. دیوارەکانی ژوورەکەم هەمووی قاوەییە، پێخەفەکەم، پەردەکانم، چیمەنتۆی ژوورەکەم، جلەکانی بەرم، سەقفی ژوورەکەم، دەرگەی ماڵەکەمان، بازاڕ، خەڵکەکە، پەڕۆی حیزبەکان، ڕەنگی ئاوی بۆرییەکان، لای من هەمووی قاوەییە. باوەڕ بکە ئەو کچەشی کە بیرم لێ ئەکردەوە، هەموو شەوێک بە جلی قاوەییەوە ئەهاتە خەوم، جلی بووکێنیەکەشیم هەر بە قاوەیی ئەبێ، ئەوەندە بەو ڕەنگەوە بینیم، ئیدی حەزم نەئەکرد ببینم، پێم وت: تکات لێ ئەکەم ڕەنگی جلەکانت بگۆڕە، ڕەنگی قژت بگۆڕە، ئەوەندە بە قاوەیی هاتوویتەتە بەر چاوم، ئیتر نامەوێت وا بتبینم. پیم وت: چاوم داوی بینینی ڕەنگی تر ئەکات، ئەو هەموو کات بە سەرسووڕمانەوە سەیری ئەکردم و ئەیوت:

بەڵام من ڕەنگی قژم زەردە، تۆ بۆ وا ئەیبینیت.

ئەو ڕەنگی چاویشی هەنگوینی بوو، کەچی من بە قاوەیی ئەمبینی، ئەو ئەیزانی، من ئاسایی نیم لە قسەکانمدا، بەڵام نەیدەتوانی باوەڕ بە من بێنێ، نەیدەتوانی بە چ جۆرێک ئەو ڕەنگە قاوەییە لە ناو ژیانمدا دەربێنێ، چون خۆی هەموو هیوایەکی من بوو، لە دەرگەی ماڵەکەیان بدەم و بڵێم:

(لێرەدا تەواو خۆی دەگۆڕێت، وەک ئەوەی بچێتە خوازبێنیی دڵدارەکەی.)

-من...... من....... من و کچەکەتان...

-یەعنی من ئەمەوێت بڵێم بۆ ئەوە هاتووم کە.......

-ئەگەر بەڕێزتان بە...... بە .........

-کوڕی بچووکی خۆتانم قبووڵ بکەن!



-چونکە من کچەکەی ئێوەم زۆر بە دڵە و.........
-ئیتر..... ئێوەش...
-بڕوانامە؟! بەڵێ... بەڵێ... هەر لەگەڵ کچەکەی خۆتان تەواوم کرد.
-نەوەڵا... تا ئێستا دانەمەزراوم.
-بە تەمام... بەڵێ، بەڵێ، هەوڵی زۆرم داوە.
-بەڵام تا ئێستا وەڵامم دەست نەکەوتووە.
-نەوەڵا خانووشم نییە.
-لەگەڵ دایکمدا ئەژیم.
-نەخێر خانووی خۆشمان نییە؛ کرێچین.
-باوکم ئەمری خوای کردووە.
-باوکم خانەنشین بوو. فەرمانبەرێکی ئاسایی بوو.
-وەڵا ئەگەر ئێوە ڕەزامەند بن، لەگەڵ دایکم بە یەکەوە ئەژین.
-ئەگەر بەڕاستی پێت بڵێم، نەخێر توانای تەنانەت...
-موستیلەیەکی ئاڵتوونیشم نییە.
-ماڵ! باوەڕ ناکەم، چونکە ئێستا ناتوانم هیچ ناوماڵێک بکەم.
-لەبەرئەوەی جێمان نییە و...
-جێمان نییە و توانای کڕینی ئەو کەرەستانەشم...

باوکی خۆشەویستەکەم هەر پرسیاری لێ ئەکردم و منیش هەموو شتێکم بەڕاست و ڕەوانی وەڵام ئەدایەوە. دوای ئەوەی پرسیارەکانی تەواو بوو، سەیری کردم، ئەوەندە سەیری کردم حەزم ئەکرد زەوییەکە قاش بێت و بکەومە ناوی. ئەوەندە سەیری کردم هەموو گیانم کەوتە سەر ئاو، ئەوەندە سەیری کردم، چاوم بۆ هەڵ نەئەهات؛ سوور سوور بووبوومەوە. لە ژیانمدا ئەوەندە خۆم بە بچووکی نەبینیبوو. ئەو هەر سەیری ئەکردم و منیش لە جێی خۆم وردوخاش ئەبووم. چاوەڕێم کرد شتێک بڵێ، کەچی هیچی نەوت. چاوەڕێی ئەوەم ئەکرد بە شەق بمکاتە دەرەوە، ئەمویست دوو تفم لێ بکات، ئا لەو حاڵەم باشترە کە بە تەنها هەر سەیرم ئەکا و هیچ نالێت. ئاخر دەخوات بێ شتێ بڵێ!!

لەو کاتەدا هیچ هەستم بۆ کچەکەی نەما. هەستم کرد هەموو شتەکان بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی منەوە بوون. هەستم کرد ئەم پیاوە پیاوێکی تێگەیشتوو نییە، باوکێکی دڵسۆزیش نییە بۆ کچەکەی، دەنا بۆ بە شەق نامکاتە دەرەوە؟! بۆ بەردبارانم ناکات؟!

ئاخر من بە هەموو ئەقڵێکمەوە وامئەزانی ئەو کتێبانەی خوێندوومنەتەوە فریام ئەکەون، وامئەزانی ئێمە لە وڵاتێکدا ئەژین نرخی مرۆڤەکان بە هەستەکانیان دەپێورێت. ئەو وازی لە سەیرکردنی من نەهێنا، بۆیە ناچار بوو بە یەک تەقلە و بە ڕاکردن ژوورەکەم بەجێ هێشت، بەبێ ماڵئاوایی، بە ڕاکردن هاتمە دەرەوە، هەر ڕامکرد، تا گەیشتمەوە ئێرە، بەر ئەم عارەبانەیە، بۆ ئەم مەملەکەتەی خۆم.

(دەگەڕێتەوە بۆ بارە ئاساییەکەی خۆی.)

-چاوەکەمی خوات لەگەڵ!

-چی بکەین، ئێواران خۆمان بە شێلمخواردنەوە خەریک ئەکەین، ئەمە لە هەموو شتێ باشترە. لەوە باشترە تیروتوانج لەم لایەن و ئەو لایەن بدەین، خۆ لەوە چاکترە خەریکی سیاسەت بین. لەوەش باشترە دوای کچی خەڵک بکەوین. لە هەموو شتێ باشترە، لە قاچاخچییەتی، لە دەلاڵی، لە حیزبایەتی، لە لۆتیەتی، لە مێبازی، لە کۆتربازی. باوەڕتان بێت ئەم شێلمخواردنەی من لە هەموو فیعلێک باشترە. نیعمەتە نیعمەت! خوا بە هەموو کەسێکی نایات، هەموو کەسیش بە ئاسانی ئەمەی دەست ناکەوێت.

(ڕوو دەکاتەوە شێلمفرۆشەکە.)

توخوا با ئەم جارە ئاوی تیا نەبێت، ئەڵێم با ئاوی زۆر نەبێ گوێت لێم نییە؟

(توورە ئەبێت.)

کاکە چیم خواردووە؟! هەمووی چوار قاپت بۆ تێ کردووم، ئەڵێی مەرت بۆ سەر بڕیوم؟! هیچت نەهێشتووەتەوە؟ خۆ ڕاناکەم، قابیلە پارەکەیت نەدەمێ، بۆ کوێ ئەچم؟! هەموو هەفتەکە هەر لێرە نیم؟ شوێنی ترم هەیە؟ پێم بڵێ ئیشی ترم هەیە؟ دە پێم بڵێ، شوێنی ترم هەیە؟ ئەچمە سۆپرمارکێتەکان؟ ئەچمە پێشانگەی کڕینوفرۆشتنی ئۆتۆمبێل؟! ئەچمە سینەما؟ ئەچمە شوێنی یاری و لەشجوانی؟! ئەچمە کوێ؟ کوێم هەیە؟! بچم بۆی! تا ڕابکەم و پارەی شێلمە سووتاوەکەت نەدەمێ... بەڵێ سووتاوە، خۆشت وەک ڕەنگی شێلم سووتاویت هەموو شارەکەشت سووتاوە، هەموو شتێک لەبەر چاوی من سووتاوە.

هەموو شتێک، هەموو خەڵکی ئەم بازاڕە ئەوەندەی من شێلمت لێ ناکڕن! ئەوەندەی من ریکلامت بۆ ناکەن! من مشتەری شەووڕۆژم، ئەئاوا قسەم لەگەڵ ئەکەیت؟ ئەوەندەی من بە دەوری ئەم عەرەبانەیەی تۆدا دێم چ مشتەرییەک وایە بۆت، دەی دە پێم بڵێ؟ دە بیڵێ؟! ناخۆشت کرد بۆ قاپێکی 500 فلسی چی ئەکەیت؟ پارە ئەوە ئەهێنێت دڵی مشتەرییەکی وەکو منی بۆ ئەیەشێنی؟ وەڵا وتم ڕەنگە قەت ڕووت نەیەت ناوی پارە بەریت، ئاخر پارە ئەوە ئەهێنێت؟! لە سەر قاپێ شێلم وا ئەکەیت؟!

16 ساڵ خوێندم تا بڕوانامەی بکالۆریۆسم وەرگرت، شەوبێداریم زۆر زۆر کرد، خەوم بەوەوە ئەبینی ببمە، ببمە مامۆستایەک مامۆستا، جوانترین وشە لە ژیانمدا گوێم لێ بووبێت مامۆستا بوو، حەزم ئەکرد ببم بە مامۆستا و بەیانیان کە بچمە پۆلەوە، بە خوێندکارەکان بڵێم: هەڵسن/ دانیشن/ بەیانیتان باش!

هەموو بەیەکەوە بڵێن، بەیانیت باش شارەکەم، بەیانیتان باش شاخەکان، بەیانیت باش کوردستانەکەم. بۆ یەک سات هەوای ئەم خاکە هەڵمژن و سڵاوێک لە ڕۆحی شەهیدەکان بکەن. خەونم بەوەوە ئەبینی ببمە، ببمە دادوەرێک، دادوەرێک و یاسا بکەمە شووناسی هەموو تاکێک. حەزم ئەکرد کە خوێندنم تەواو کرد، ببمە شتێک، هەر شتێک کە شتێ بکەم، یەعنی چی هەر شتێ کە شتێ بکەم؟ یەعنی ببمە دەرگەوان، ببمە کاسب، ببمە ژمێریار، بەڕێوەبەر، نانا ببوورن، لێم تێک چوو، ئەندام پەرلەمان، ئەستەغفیروڵڵا، نەمزانی ببوورن، باخەوان، ببمە هونەرمەند... هەر شتێک نازانم. من چیم دابوو لە وەستانی ئێوارانی بەر عەرەبانەی مەنجەڵە فافۆنەکەی تۆ، ئاخر من 16 ساڵ چاوم کوێر بوو.

داڕزامە خوارەوە، شەوی وام دیوە تا بەرەبەیان نەمزانیوە خەو چییە؟ تا خوێندن تەواو بکەم و ببمە کەسێک کە دەستم کرد بە گیرفانمدا، لە باخەڵم پێناسەیەک دەربێنم لە سەری نووسرابێت ش. هـ. و بەڵێندەر، بەڕێوەبەر، مامۆستا، پزیشک، کارمەند، یاریدەدەر، یاریدەدەری هەر شتێک، هەر شتێک، عەرزدڕین، مەنهۆڵپاککردنەوە.

دیوار و پەنجەرە پاککردنەوە... چووزانم!

بە هەر شتێک ڕازی بووم، بەس پێناسەیەکم هەبێت و خاوەنی گیرفانی خۆم بم.

(ڕوو دەکاتەوە شێلمفرۆشەکە.)

قاپێکی ترم بۆ تێکە، با کەمێ خوێی پێوە بێت.

ئاخر من خوێندم بۆ ئەوەی ببم بە شتێ، خوێندم بۆ ئەوەی هەست بە بوونی خۆم بکەم، خوێندم بۆ ئەوەی کە چوومە خوازبێنیی هەر کچێک، بە شەق و زللە



نەکرێمە دەرەوە.

خۆم هیلاک کرد تا ئەو کارانە نەکەم، کە ڕۆژانە ڕۆحم دائەماڵێ.
من 16 ساڵ بۆ ئەوە نەمخوێند بە دیار هەڵاوی مەنجەڵێکی شێلمەوە بوەستم؟!

ئەگەر ئەمزانی ژیانم هەمووی ئەبێ بە شێلمخواردن، هەرگیز لە ڕۆژانی خوێندنمدا شێلمم نەئەخوارد.
ئەگەر ئەمزانی ئەبمە یاوەری ئەم برا شێلمفرۆشە، قەت شەوان هەتا بەیانی دارشتنەکانی عەرەبی و کوردی و ئینگلیزیم لەبەر نەئەکرد، نە مێژووی شەڕەکانیشم ئەخوێندەوە.
ئەگەر ئەمزانی ئەم بستە شۆستەیە دەبێتە ماڵی خۆم، جوگرافیای هیچ وڵاتێکم نەدەخوێند، هیچ وڵاتێ، نە وڵاتەکەی خۆم، نە هیی دراوسێیەکانم، قیروسیا، هەر وڵاتێک ئەکەوێتە سەر دەریا یان ناکەوێت، هەر وڵاتێک ناوچەیەکی شاخاوییە یان دەشتانییە. ئەوە کەی کێشەی منە؟! ئەگەر ئەمزانی ئاوام لێ دێت.

هیچ... هیچ خۆم ماندوو نەدەکرد... نە گۆرانی شاعیر و نە ئەحمەد موختاری جاف و نە مەلای جزیریم لە گۆڕا دانەئەچڵەکاند، نە ئەشگەڕام بزانم عەولەسیس بۆچی بە گوللەی ئیمپریالیزم کوژرا؟

ئاخر من گوناهم چییە، پاش 16 ساڵی خوێندن و شەش ساڵی بێئیشی هەر هیچ نەبم.

هەر بە دوای پڕکردنەوەی فۆرم و نووسینی داواکاری، چاوەڕوانی بەر دەرگەی گەورەکان بم بۆ؟ لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی گەنجم و پەلەم چییە؟ ئەی چاوم دەرئەهات و ملم ئەشکا، تف هیچوپووچ، گەنجی گەنج نیت قیروسیا ... گەنج! تف لە خۆم.

بەڵێ لە خۆم.

تۆ هەر جێگەت ئەوەیە شەوان لە پاڵ عەموودی سەر سووچی کۆڵانەکەی خۆتاندا ڕاوەستیت و بە خەیاڵ ژیان پێکەوە بنێیت، تۆ هەر بۆ ئەوە کراویت بە دزییەوە لە ئاودەستدا جگەرە بکێشیت، تۆ شایانی ئەوەیت بە تەنیا لە حەمامی گەرمدا بە دزییەوە گۆرانی بۆ خۆت بڵێیت و کەسیش گوێی لێ نەبێت، ئاخر تۆ چییت؟ داوای شت ئەکەیت؟

پێم بڵێ چیت؟ دانیشە بە دەردی خۆتەوە، ئەوەندە شێلم بخۆ تا لە کونی هینت دێتە دەرەوە.

(وەک ئەوەی ڕوو بکاتە کچێک، بە لایدا بڕوات و تەواو دەنگ و ڕووخساری ئەگۆڕێت و هێمن ئەبێتەوە.)

-سڵاو! چۆنی؟

-زۆر سوپاس.

-ئێوە چۆنن؟ ماڵەوەتان؟

-شوکور زۆر باشین.

-خۆت چۆنیت؟

-خراپ نیم.

-خەریکی چیت؟

-فەرموو قاپێ شێلم.

-زۆر سوپاس پێویست ناکات.

-توو سەری خۆت شەرمی بۆ چییە، لە زستاندا شێلمی گەرم زۆر خۆشە.

(زەحمەت نەبێ دوو قاپ تێکە.)

-وەڵا زۆر خۆشحاڵ بووم بینیمیت.

-باوەڕ بکە منیش هەروەها.

-دانەمەزرایت؟

-نەوەڵا دامەزراندنی چی؟ جا پارەی دامەزراندن چەندە؟

-بۆچی؟ ئەی خەریکی چیت؟

-وەڵا لە کۆمپانیایەکی سەربەخۆ کار دەکەم، ئەها خراپ نییە، باشە ئەمڕۆ بتوانیت لە کۆمپانیایەکی تایبەت ئیشت دەست بکەوێت، یەعنی پاشایت.



-ئەی تۆ؟
-من؟!
وەڵا منیش بۆ خۆم لێرە دامەزراوم.
-ئێ زۆر باشە.
-نانا، مەبەستم ئێرە (شار) نییە؟ ئێرە یەعنی هەر دەوامی ئێوارانم هەیە.
-خۆزگەم بە خۆت، واتە دەوامی بەیانیانت نییە!
-بۆ خۆت تێرخەو ئەبیت. وەڵا ئەم دەوامەی من سوودەکەی هەر ئەوەیە بەیانیان بە ئیسراحەتی خۆم ئەخەوم و ئیتر ئیوارانیش لە کاتی خۆیدا دەوامی خۆم ئەکەم.
-لە کوێ؟
-هەر لە ئینترنێت کلیک بکە سایتەکەمان www. Araban_shelm بەکوردیەکەی خۆمان واتە شێلم، ئەمە بۆ زستان بەڵام لە هاویندا یەکسەر خۆی ئۆتۆماتیکی سایتەکەمان لەگەڵ گۆڕینی کەشوهەوادا ئەبێت بە www. Arabana- azbare هەر بە کوردییەکەی خۆمان زۆر ئاسانە، واتە ئەزبەری ئەوەی بەفر و ڕەنگەکە، وەک دۆندرمەیە، نەختێ لە دۆندرمە سووکترە، وەک تام و سومعە و ئەو شتانە مەعین خواردووتە، ئەزبەری هەر کلیکت لە سەر کرد هەموو زانیارییەکان تایبەت بە من و یەکەیەکەی شێلمەکان پێش کوڵانن و دوای کوڵانن خۆیان جوان جوان سەر ئاو ئەکەون، هەموو بەشەکانیش ئەبینی، بەشی پەرەمێز، بەشی دۆشاوی خورما، بەشی چەقۆ، بەشی خوێ، هەمووی هەر پێداویستییەک کە بۆ شێلم گونجاو و لەبار بێت.
-ئا کەواتە کۆمپانیاکەی ئێوەش زۆر گەورەیە.
-زۆرم پێ خۆشە سەرکەوتوو بیت.
-خوات لەگەڵ!
-خوات لەگەڵ!
www.Arabana _shelm
www.Arabana-azbareم

وام لێ کرد، کە تێبگات لە گەورەترین کۆمپانیای ئەم شارەدا کار ئەکەم، ڕەنگە ئێستاش هەر بە دوای ماڵپەڕی ئەو شێلمەدا بگەڕێ.
(دەستی سڵاو بەرز ئەکاتەوە.)
چاوەکەمی ئەوە دیار نیت؟
ئێستا؟ نەخێر نایەم، خۆت برۆ ناتوانم، باوەڕت بێ ناتوانم.
-خوات لەگەڵ!
(ڕوو دەکاتەوە شێلمفرۆشەکە.)
ئەو ڕۆژەی بە یەکەوە لەگەڵ ئەو هاوڕێیەم چووین بۆ بۆ ئەو شوێنە، ناوەکەیم بیر چووەوە... ئەها... ئا شوێنی کڕینوفرۆشتنی ئۆتۆمبێل، بەڵام ئەوانەی کە لە سەر کاشییەکەی ئەڕۆیت، قاچت هەڵئەخلیسکێ، ئەوەندە سافە ئەڵێی مانگا لستوویەتییەوە.
ئەم هەموو ئۆتۆمبێلە!!! هاوڕێکەم ناوی هەموو مۆدێلەکانی ئەزانی. هەمووی، هەر هەموی، منی نەگبەتیش هەر یەک ناوم ئەزانی، ئەویش (مۆنیکا) بوو، چونکە ئەو ناوەم بە هۆی هەواڵە جیهانییەکانی ئەوکاتەوە بیستبوو، ئەچووینە بەردەمی هەر سەیارەیەک، من پێش ئەو ئەموت ئەمە مۆنیکای دووهەزاروچەنە؟
هاوڕێکەشم زەردەخەنەیەک ئەیگرت و ئەیوت، هەتیو مۆنیکای چی، ئەوە تۆ لە گوێی گایا نووستوویت. ناوی وای ئەوت من هەر نەمئەزانی، نرخی وای ئەوت، باوەڕم نەئەکرد. چووینە بەردەم سەیارەیەکی بەرزی ڕەشەوە، بە خوا ناوەکەشی وت بیرم نەماوە. هاوڕێکەم زۆر بە دەوریدا ئەهات، زۆر بە لایەوە جوان بوو، من واقم وڕمابوو، جارجار دەستی چەپم لە دەستی ڕاست ئەدا، تا بزانم تام لێ هاتووە وا گەرم داهاتووم و سوور



بوومەتەوە، گوێم لێ بوو هاوڕێکەم وتی، ئەمە نرخەکەی 7 دەفتەرە... چی؟ 7 دەفتەری چی؟ دەفتەری مەکتەب؟ دەفتەری تەلەفون؟ دەفتەری نووسین؟ نانانانا، دەفتەری دۆلار! خەریک بوو سەرم بتەقێ، یەک ئاوڕی پەلەم دایەوە، ویستم دەستم بکێشم بە دیوارەکەدا! چی ببینم؟! بینیم ژنێک، نازانم فریشتە بوو؟! نازانم ژن بوو؟ نازانم پەری بوو؟! باڵابەرز، دەستێک جلی ڕەشی قەترانی لەبەردا بوو، شاڵێکی گوڵگوڵی ڕەش و پیرۆزەیی بە سەر شانەوە بوو، جانتایەکی ڕەشی لەماعی کردبوو بە قۆڵیدا، پێڵاوێکی بەرزی ڕەش... بەڵام قاچی هیچ دیار نەبوو، کراسە ڕەشەکەی زۆر درێژ بوو، قژێکی زەردباوی تا سەر شانی...
ژنەکە تەمەنی پێوە دیار بوو، بەڵام هەستت ئەکرد ئەوەندە لە خۆشیدا ژیاوە، گاڵتەی بە تەمەن دێت، ئەوە چی بوو دیم، تا ئەوکاتەی ئەو ژنەم دی، نەمئەزانی هەندێ ئافرەت کە ئەکەونە تەمەنەوە جوانییان زیاتر پێوە دیارە، ئەی دایکە داماوەکەی من بۆ هەر بەیانییەک کە لە خەو هەڵئەستا وەک ئەوەی بە قەڵەم خەتێکی تازەت لە سەر ڕووخساری کێشابێت وا بوو، من تا ئەوکاتە لە هەموو شوێنێ هەر سەیری کچی گەنج و منداڵم ئەکرد... کەچی کە ئەو ژنەم دی هەموو بیرکردنەوەکانم لە سەر جوانی گۆڕا.

ئیتر لەو ڕۆژەوە زیاتر سەیری ئەو ژنانەم ئەکرد کە لە تەمەنی خۆم و هاوڕێکەشم گەورەتر بوون. ئەو ژنە سەرسامی کردم. خۆ کە بینیم پیاوەکەی لەگەڵی ئەوەندە نازی دەکێشێ، ئەوەندەی تر شێتگیر بووم، پیاوێکی ناشرینی سەر و سمێڵزلی ئەستوور.
کە سەیرت ئەکرد واتئەزانی ئێستا دەست و سمێڵی لە سەر خواردنی سەروپێ هەڵگرتووە؛ ئەوەندە ناشیرین بوو، بەڵام جلوبەرگەکەی ئەویش هەر بریقەی ئەهات، من لەتاو جوانیی ژنەکە ئەوەندە سەیری کابرا ڕەزاگرانەکەم نەئەکرد، هەر لە دوایانەوە خۆم مەشغووڵ ئەکرد، بۆ ئەوەی گوێم لە قسەکانیان بێت. باشە ئاخر من هەقی قسەی ئەوانم چییە؟ بۆ هاتوون؟ چی ئەکڕن؟ پارەیان چەن پێیە؟ ئەوە کەی ئیشی منە؟ لە هەمووی سەیرتر، جارجار ژنە جوانەکە شاڵەکەی شانی ئەکەوتە خوارەوە و پیاوەکە بۆی هەڵئەگرتەوە و ئەیدایەوە بە شانیدا، من شتی وام هەر نەدیبوو، تۆ بڵێی ئەم کابرایە مێردی بێت؟! نازانم؟ دایکی داماوی من هەتا مردیش ڕوویەکی خۆشی لە باوکم نەدی، هەتا ئەو دەقەیەی مرد، هەر ئەیوتەوە، کە مردم بمخەن بەلادا، با زووخاوەکانی باوکتان هەمووی لە ڕۆحمەوە بێتە دەرێ. باوکم ئەوەندەی ئازار دابوو، هەموو جار دایکم ئەیوت: ئێسقانەکانم هەموویان ئەزریکێنن. تا منداڵ بووم لەو ڕستەیە تێنەئەگەیشتم، باشە ئێسقان چۆن ئەزریکێنێ؟! کە فامم کردەوە، بە دوای فەرهەنگی هەموو شێوەزارە کوردییەکاندا گەڕام، هەر نەمدۆزییەوە، ئێسقان چۆن ئەزریکێنێ؟! دوایی تێگەیشتم کە ئەوە بەئازارترین گوزارشت بووە، دایکم لە خەمەکانی خۆی دەربڕیوە. ئەو ڕۆژەی مرد، لە حەوشە بچووکەکەدا، چەرچەفێکیان گێڕا، بۆ ئەوەی کە شتیان کەس نەیبینێت، هاوارم کرد، پێش ئەوەی کفنەکەی بپۆشن، ئەبێت خۆم بێم و وەسیەتەکەی بەجێ بهێنم. هەر ئەبێت خۆم بە دەستی خۆم دایکم بشۆم، هاوڕێکانم توند توند گرتبوویانم، من ئەمویست لە دەستیان ڕابکەم و ئەوان هەر ڕایان ئەکێشامەوە. هاواری گریان و ناڵەم هەموو ماڵەکانی گەڕەکی گرتبووەوە. لە ژیانمدا ئەوەندە نەگریاوم، ئەوەنە هەناسەی قووڵم هەڵنەکێشاوە. ژنان و منداڵانی کۆڵانەکەمان، هەموو بە ڕووخساری خەماوییەوە بە یەکدا ئەهاتن و سەیری منیان ئەکرد. هەورێکی توند

هات و باران لەگەڵ فرمێسکەکانی مندا دایکرد، ژنە مردووشۆرەکە نەعرەتەیەکی کرد:

-درەنگە واز بێنە ڕۆڵە! با تەڕ نەبین، واز بێنە! زوو ئیشەکەمان تەواو بکەین.

ئەو هەر هاواری ئەکرد و من نەمئەبیست.

ژنەکە نەعرەتەیەکی تری کرد.

-حەیاوشەرەف نەماوە!

-چۆن لەشی دایکی خۆت بە مردوویی ئەبینیت؟

ئەو لەودیو چەرچەفەکەوە لەگەڵ ژنە دراوسێکاندا و منیش لەمدیو چەرچەفەکەوە لەگەڵ هاوڕێکانم. من هەر ویستم و ئەو ژنە مردووشۆرە هەر نەیبیست.

ئەوە باسی حەیاوشەرەفی چی ئەکەیت؟ من دایکمە و دایکی خۆمە، ئەو ڕۆحی تیا نەماوە، ڕێگەم بدەن با بە چاوی خۆم ببینم و وەسیەتەکەی بە جێ بهێنم.

ژنە مردووشۆرەکە جارێکی تر بە دەنگی بەرز نەڕاندی:

-خۆمان خستوومانە بەلادا، لەسەر وەسیەتەکەی خۆی.

بەڵام من باوەڕم نەکرد، من ئەمویست هەر خۆم بە چاوی خۆم ببینم بزانم ڕاستە، ڕاستە دایکم هەموو زووخاوەکانی لە دەمیەوە دێتە دەرەوە. نەیهێشت. ئەو ژنە مردووشۆرە نەیهێشت و زۆر پەلەی بوو، هەر ئەیوت: تەڕ بووین تەڕ... ماشەڵڵا تا بێت خۆشتر ئەبارێت... بارانە... بەڵام من حەزم ئەکرد بارانەکە زیاتر ببارێت، بەڵکو ئێستا دڵ و ڕۆحی دایکم کەمێک تەڕ ببێت، باوکم بە درێژایی تەمەنی لەگەڵیدا، نەیهێشتووە هەست بە تەڕی و جوانیی خۆی بکات، ئەوەندەی وشک کردبووەوە، بە ئاوی ئەو بارانەش هەر تەڕ نەئەبووەوە. توخوا کەمێ داینێن، با دڵە جوانە پڕ لە سۆز و میهرەکەی تەڕ بێتەوە، ئەو بارانەی ڕۆژی مەرگەکەی دایکم، تێی گەیاندم، کە باوکم ئەوەندەی وشک کردووەتەوە، بۆیە ئێسقانەکانی دەیزریکاند، ئەوکاتە لە واتای ئەو ڕستەیەی دایکم گەیشتم. تکاتان لێ ئەکەم، بە وشکی مەیخەنە گۆڕەوە، لەو بەر بارانە داینێن، با ڕۆحی تەڕ بێتەوە.

دایکم مرد و ئەو وەسیەتەیم نەهێنایە دی. باوکم ئاوا بوو بۆ دایکم.

(وەک بە هۆش خۆیدا دێتەوە.)

کەچی ئەو ژنە جوانەش پیاوەکەی ئاوا ئەیلاوان.

گوێم لێ بوو باسی نرخی سەیارەکەیان ئەکرد.

ژنەکە ئەیوت: نەختێ ڕەنگەکەی بە لامەوە گرانە.

پیاوەکەش پێی ئەوت: دڵەکەم تۆ بۆ کێشەی ڕەنگەکەتە؟ خۆ تۆ نایشۆیت، هەموو کات بە پاکی بۆت حازر ئەکرێ. تۆ هەر ئەوەندەت لە سەرە سویچەکە لێ بدەیت.

ژنەکە زۆر دوودڵ بوو، لە هەڵبژاردنی ڕەنگەکەی. گوێم لێ بوو، پیاوەکەی لەگەڵی بوو، پێی وت، ئەم مۆدێلە بۆ ئافرەتیش زۆر جوانە، نرخەکەشی زۆر باشە، 6 دەفتەر، لەوەی پێشووترت زۆر هەرزانترە. ژنەکە بە ناسکییەکەی خۆیەوە، هەر کەمێک شانوملی جووڵاند، وەک ئەوەی بڵێ: باشە دەی خراپ نییە، بەڵام با ئەوەی تر بفرۆشینەوە، پەلەمان چییە، ئەو کاتە ئەمە ئەکرین؟ پیاوەکە زۆر بە پێداگرییەوە:

-دڵەکەم ئەوە کەی کێشەیە پەلەمان چییە!

ئەمە دیاری شەوی بووکێنیمانە، با ئەوەی تریش هەر بمێنێ، تۆ ئەوە یادگاریی خۆتی لەگەڵە، بۆیە حەز ئەکەم هەر بمێنێ.

منی هیچوپووچ تاسابووم، لێ بووبوومەوە. ئەوەندەم بیرە، هاوڕێکەم چەن جارێک بانگی کردووم، بەڵام من هۆشم نەبووە وەڵامی بدەمەوە، چونکە لای خۆم لێکم دایەوە، کە دیارە یا ئەم ژنە ئەمە یەکەم شووی نییە! یا پیاوەکە ئەمە ژنی دووەمیەتی؟!



ئا... ئێستا زانیم، ئەمە مێردیەتی.
خاوەنی پێشانگەکە دەرگەی سەیارەکەی بۆ کردەوە.
مێردەکەی جانتا و شاڵەکەی سەرشانی بۆ گرت و ژنەکە چووە سەیارەکەوە.
ئەوەندەم زانی هاوڕێکەم لە پشتەوە قۆڵی گرتم.
-ئەرێ تۆ کاسی، کەڕی، وڕی؟ بۆ وەڵام نادەیتەوە؟ ئەزانی لە کەیەکەوە من بانگت ئەکەم!!
-با بڕۆین.
منیش وەک ئەوەی ئەمە خەوێک بێ، یەکسەر چۆن سەتڵێ ئاوی سارد ئەکەن بە سەرمدا...
جارێ بۆ کوێ؟!
ئەڕۆینەوە، هیچی وام بە دڵ نەبوو. ئەمانە زۆر گرانن. هەرچەندە هاوڕێکەم ئیشی کڕینوفرۆشتنی سەیارەی ئەکرد، بەڵام لەبەر ئەوەی نە سەیارەم هەبووە و نە بیریشم لە کڕینی کردووەتەوە، زۆر کەم ئەو مەسەلەیەم لەگەڵدا باس کردووە.
(روو ئەکاتە شێلمفرۆشەکە.)
بۆم تێ نەکەیت... تێیی نەکەیت. نە شێلم و نە ئاوەکەی و نە خوێش. مردم ئەوەنە شێلمم خوارد... تێی نەکەیت.
بۆ ڕێگەم ئەدەیت لێرە بوەستم؟! بۆ؟؟!!
بۆ بە زۆر پارەی شێلمەکەم لێ ناسەنیت؟!
بۆ هەموو ڕۆژێ دوو- سێ شەقی نەرموشلم لێ نادەیت؟!
بۆ؟؟!!
ئاخر من چی بۆ تۆ ئەکەم لێرە بوەستم؟!
نەیەڵیت ئیتر لێرە و لە سەر ئەم شەقامە بوەستم؟؟!!
نەیەڵیت نە شێلم بخۆم نە بوەستم؟؟!!
بۆچی داوای پارەم لێ ئەکەیت؟ تۆ ئەزانی من خاوەنی
هیچ نیم، هیچ داوای پارەم لێ نەکەیت؟؟
رازیت باشە! ڕازی نیت، یان من تۆ ئەخەمە ناو مەنجەڵەکەوە، یان تۆ من بخەرە مەنجەڵەکەوە، منیش حەزم لە ژیانە، حەزم لە ئیشە، حەزم لە پارەیە، حەزم لە ژن و منداڵ و ماڵە، بمکوژە، یان ئەتکوژم، خۆ بە کەس نەوێرم، بە تۆ ئەوێرم، بمکوژە، بۆ ئەوەی ئاوا نەژیم، یان ئەتکوژم، بۆ ئەوەی ئیتر ئێوارانم لای تۆ بە سەر نەبەم... تێی نەکەیت، هیچم بۆ تێ نەکەیت.
هیچ، ناخۆم، هیچ ناخۆم، ئیتر ئەگەر ژیام قەت قەت شێلم ناخۆم.
بۆم تێ نەکەیت.
(وەک ئەوەی لە شەڕێکی زۆر دەستەویەخە پەلاماری شێلمفرۆشەکە ئەدات، بۆ ئەوەی بیخاتە ناو مەنجەڵی شێلمەکەوە، لەم کاتەدا هێواش هێواش خاو دەبێتەوە، وەک ئەو ژنە جوانە ببینێت، کە لە پێشانگەی ئۆتۆمبێلەکەدا بینی.)
- چی؟؟ ئەوە ژنەکەیە؟! ئە!
ئەیەوێت شێلم بخوات؟؟
ئەو ژنە جوانە لێرە لە بەردەم ئەم عارەبانەیەدا ئەوەستێ و شێلم ئەخوات؟؟
ئەو ژنە جوانە شێلم ئەخوات...
(بە هەموو دەنگی بە خۆشییەوە هاوار دەکات:)
شێلم ئەخوات........ شێلم........

**سلێمانی- 2011**





# کەمال هەنجیرە:

# شانۆ بە سیماکانییەوە، مێژوویەکی دێرینی لە لای گەلی کورد هەبووە

سازدانی: شۆڕش محەمەد حسێن

**کەمال ڕەووف هەنجیرە:**

***1981-1982 کۆلێجی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان بەشی شانۆ لە زانکۆی بەغداد، تەواو کردووە.**

***1982 یەکەم دامەزاندنی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی، بەشی شانۆ بووە.**

***لە ساڵی 1996ەوە لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێیە.**

***وەک نووسەر و ئەکتەر و دەرهێنەر لە سلێمانی و بەغداد و چەند شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەڵمانیا کاری شانۆیی کردووە... بۆ بەئاگابوون لە ئەزموونی ئەم هونەرمەندە و ڕەوشی شانۆی سەردەمی ئەو و هونەری شانۆ بە گشتی، ئەم دیدارەمان بە پێویست زانی...**









***مێژووی دەرکەوتنی هونەری شانۆ لە کوردستاندا مێژوویەکی هێند دێرینی نییە، بەڵام لە قۆناغەکانی ڕابردووی ئەم هونەرەدا کۆمەڵێک لە هونەرمەندی شانۆکار دەرکەوتن، کە توانییان گڕوتینێک بە بزاڤی هونەری شانۆ لە کوردستان بدەن، لەو ناوانە دەکرێت بەبێ دوودڵی ناوی تۆ ببەین، کە خاوەن کۆمەڵێک ئەزموونی باشی شانۆیی لە قۆناغەکانی هونەری شانۆدا، دەکرێت بە ڕوخسارە گشتییەکانی ئەو قۆناغەمان ئاشنا بکەیت؟**

-سەنگی وشەی قۆناغەکانی شانۆی کوردی زۆر بە سەنگەوە بۆ بواری هونەری شانۆ دەبینم. لەبەرئەوەی بێ لەوەی قۆناغ پێویستی بەسیستمی تایبەتی خۆی هەیە، پێویست بە بناغەیەکیش بەر لە خۆی دەکات، کە دەبنە هۆی دیاریکردنی ئەو تایبەتمەندییانەی پێناسەیەکی سەرەکین بۆ خودی قۆناغەکە و بەهۆیانەوە دەتوانرێت کات و سەردەمیان دیاری بکرێت و لە سەردەمەکانی بەر لە خۆی و پاش خۆشی جودا بکرێتەوە. هەموو ئەو تایبەتمەندییانە دەبنە گلێنەیەکی پوختیش بۆ بەسەرچاوەبوونی لەلایەن کاتەکانی داهاتووشدا. بەلای من ڕاستتر وایە لەبری قۆناغ، سەردەم بەکاربهێنرێت، من ڕام وایە شانۆ بە سیماکانییەوە مێژوویەکی دێرینی لای گەلی کورد هەبووە، ئەگەرچی نە شوێنەوار و نە دەق و نە نووسراوەیەکی ئەوتۆ لەبەر دەستدا نییە، بە تەواوی ئەو ڕاستییە بسەلمێنێت، بەڵام هەروەک چۆن شانۆ لەلای گەلانی تر لە بۆچوونە ئایینی و ئاهەنگەکانییەوە سەری هەڵداوە، گومانی تێدا نییە ئەو ستایش و ئاهەنگ و بەزمەساتانەش لەلای گەلانی کوردستانەوە خەفە نەبووە، بە گوێرەی ئەوەی گەلی کوردیش خاوەنی بۆچوونی ئایینی سروشتی خۆیەتی، ئەوا بۆنە ئایینی و ئاهەنگەکانیان بەم هونەرە ڕازاندووەتەوە، دەقە ئایینییەکان سیمای هونەرییان گەلێک پێوە دیارە، تەنها بۆ نموونە (داستانی گەنم) لە بۆچوونە ئایینییە ئەیزیدییە کوردییەکەدا دێنمەوە. ئەگەر بێت و لێکۆڵینەوەی تەواومان لەسەر تەقسە ئاینیە کوردیەکەدا هەبێت، ئەوا گومانم نییە دەگەینە دووپاتکردنەوەی بوونی شانۆی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی دێرین، بەڵام مەرج نییە وەک هونەرێکی سەربەخۆ خۆی نیشان دابێت. ئەوەی بەتەواوی لە کورستانی خۆماندا لەبەر دەستدابێت، کاری نواندن و شانۆ، لەسەر دەستی چەند دەستەیەک لە پیشەکاران لە سلێمانییەوە بووە. پاشان لە کۆتایی بیست و سەرەتای سییەکانەوە وەک هونەری شانۆی قوتابخانەکان نەشونمای کردووە. لە بۆنە و ئاهەنگە تایبەتییەکاندا هونەری نواندن خۆی بە خەڵکی دەناساند و لە بیلۆگرافیای شانۆی کوردیدا بە تەواوی باسی لەسەر کراوە.

بەتایبەتی لە پەنجاکانیشدا شانۆ و هونەری نواندن گەلێک هۆشمەند و ڕۆشنیری بەخۆوە سەرقاڵ کرد. ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەم هونەرە تەنها لە ناوچە و شارێکدا نەمێنێتەوە، بەڵکو زۆربەی ناوچەکانی کوردستان ئاشناییان لەتەک ئەم هونەرە پەیداکردووە و تەنانەت چەندین تێکستی جیهانیش وەرگێڕانە سەر زمانی کوردی، یاخود بوونە سەرچاوەیەک بۆ کەڵکوەرگرتن لە نووسینی تێکستی کوردیدا و لەسەر شانۆ پێشکەشکران. هەر لەو سەردەمەشدا بوو ئافرەت ڕاستەوخۆ هاوبەشی شانۆی کردووە، بەڵام دووبارە باری سیاسی و ژیانی کۆمەڵگەی کورد، کەوتە بەر قاتوقڕی و کاولکارییەکی گەلێک بەرفراوان، ئەمەماڵوێرانیی بەسەر زۆرینەی کوردستاندا هێنا و هونەر و بوارەکانی تری بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردیش لێی بێبەش نەبوون. سستی و لاوازیی شانۆ تاکو کۆتایی شەستەکان و سەرەتای هەفتاکان بە ئاشکرا دیارە، بەڵام دوای بەیانی 11ی

ئازاری ساڵی 1970 کە ددان نرا بەبوونی گەلی کورددا و گەڕانەوەی هێوەری، بە شێوەیەکی بەرچاو بۆ ماوەی چەند ساڵێک جموجۆڵی شانۆ و نواندن سەرجەم ئاهەنگ و بۆنەکانی پێ دەوڵەمەند دەکرا، هەر لەو چەند ساڵەشدا بوو شانۆ لەسەر دەستی چەندین هونەرمەند لە زۆرینەی شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا بەرگی بوونی خۆی پۆشی، شانۆ خۆشەویست کرا. شانۆ بووە پێویستییەکی بوارەکانی خۆنیشاندان و ڕازاندنەوەی ئاهەنگەکان. شانۆکاران خۆنەویستانە لە هەوڵدابوون، ریتمی شانۆی ئەکادیمیا دەبیسترا و دەبینرا، تیپەکان خۆیان پۆشتە و گەڵاڵە کردەوە لە ڕووی زانست و بەرنامە و کاری هونەری جۆراوجۆرەوە. بەتایبەتی دەستەیەک لە دەرچووانی ئەکادیمیا و پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بووە هۆی ئەوەی شانۆ و هونەری شانۆ پیرۆز ڕابگرێت و شانۆ ببێتە مەڵبەندی پشووی ڕووحی و فێرگەیەکی پڕ زانست و تێکەڵکێش بوونمان بە جیهان و ژیانی گەلانی تریش. هەر ئەو ڕەوتەش بوو دوابەدوای نسکۆی 1975یش لە تاو و گوڕی خۆی هەر بەردەوام بوو، هەمیشە کارگەرانی ئەم بوارە سەرقاڵی دۆزینەوەی شێواز و هەڵوێستی نوێ بوون تاکو لە ڕێیانەوە بەرامبەر بە کۆمەڵ و ئازار و ئاواتەکانیان ببنەوە. بۆیە شانۆ بووە دیارترین ناوەند، کە کۆمەڵگە بە گشتی خۆی و خەم و ئاوات و خواستەکانی تێدا دەبینیەوە. دەتوانین ئەوە بڵێین شانۆکارانی کورد لەو سەردەمەوە دەگەڕان بەدوای ماهییەتی ڕاستەقینەی شانۆی کوریدا. هەوڵەکان درێژەیان بوو تاکو هەشتاکان و سیمای شانۆی کوردی لەسەر دەستی تیپەکان بە ڕەنگاڵەیی خۆی نواند. بۆ مێژوو ئەوە دەڵێم تیپی شانۆی سالار ڕۆڵێکی بەرچاوی لەو تاقیگەیەدا هەبوو، ئەوە نەبێت ئەمە بکاتە ئەوەی لە نرخی هەوڵی تیپەکانی تر کەم بکەمەوە، شانۆی کوردی لە نێوان ئەو 15 ساڵەدا بوو بووە نزیکترین سەنگەری بەرەنگاربوونەوەو خۆبەدەستەوەنەدان. سەرتاسەری کارە هونەرییەکان هونەرێکی فکری و شۆڕشگێڕانە و بەرهەڵستکارانە بوو، ئامانجی گەل و بەرەی شۆڕشی لە زۆرینەی نمایشەکاندا نەخش بۆ دەکێشرا. بۆیە هۆڵ و تیپ و کەسایەتییەکان لەلایەن دوژمنەوە هەمیشە لە ژێر سانسۆر و چاودێریدا بوون. شانۆ بووە بزوێنەری ڕۆحی شۆڕش و بیری پاراستنی گیانی نەتەوایەتی و شۆڕشگێڕی، لەتەک ئەمانەشدا لاوەکان هەمیشە سەرقاڵی خۆ ڕۆشنبیرکردن و ئەزموون و داهێنانی نوێ بوون.

لەتەک ڕزگاربوونی گەلی کورددا لە ڕۆژانی ڕاپەڕینیشدا لە زۆر رووی پێکهاتە ئیداری و سامانە نەتەوەیی و کۆمەڵگەییەکەدا، کە بەر شالاوی تالانییەکی ئێجگار گەورە کەوت، کە کەسێک نەبوو لە سەرەوە بۆ خوارەوەی کۆمەڵ خۆی بە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو میللەتە بزانێت، زۆرینە بەربوونە گیانی سەروەت و سامانی ئەو گەلە، بە جاش و باشەوە هاوبەش و هاوگیرفان بوون، مەڵبەند و بارەگا هونەرییەکانیش لەو تالانی و ماڵکاولییە بێبەش نەبوون، بە راستی لە پاڵ رزگاریدا بووە هۆی ماڵوێرانی و سەرلێشواندن لە هونەر و هونەرمەندان.

ئەمە ئاست تەنگییەکی تەواوی لە بەردەم هونەرمەنداندا دروستکرد پاش نائاسایی بارودۆخی کوردستان لە تەک هاتوهاوار و ترسی قاتوقڕی بۆ جارێکی تر هونەرمەندانیشی تووشی دڵەڕاوکێ کرد و هێدی هێدیش شانۆ چۆڵوهۆڵەکانیش هەروا بە چۆڵی بۆ ماوەی چەند ساڵێک مانەوە، هەروەها بێخەمیی دەسەڵاتی کوردی لە ڕۆڵی گرنگی هونەرمەندان لەناو کۆمەڵگەدا بووە هۆی سستیی کاروباری هونەرمەندان، هەروەها دەبێ پێ لەو ڕاستیەش بنێین، یەکێک لە هۆکارەکانی لاوازی ڕۆڵی شانۆی کوردی و هونەر بە گشتی دوای ڕاپەڕین هەنگاوی



هەڵەی ڕێکخراوە هونەرییەکان و یەکنەخستنی هەردوو ڕێکخراوی هونەری، کە بوونیان هەبوو، بەو شێوەیەی کە هونەر و هونەرمەندانی کوردی خوازیاری بوون. هەروەها دەستوەردانی هێزە سیاسییەکان لە بەڕێوەبردنی هەردوو ڕێکخراودا پاشان نەبوونی دیموکراسیەت بە مەفهومی ڕاستەقینەی خۆی لە ناوەندی ئەو دوو ڕێکخراوە و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانی تری، کەوا هونەرمەندانیش بەشێکن تێیدا، خاڵێکی تر کە بووە هۆی دیاربوونی لاوازی لە بواری شانۆدا دامەزراندنی چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی لەبەر نەبوونی کادری پسپۆڕ لەو بوارەدا تێکرا کەناڵەکان پشتیان بە دەرچووانی یان کارگەرانی ئەم بوارەدا و بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندی شانۆکار بەخۆوە خەریک بکات و لە ناوەندی تردا کاریان پێ بسپێرن و ئیستاشی پێوە بێت.

***وەک لەلای هەموومان ئاشکرایە ئەو قۆناغەی پێشووی کارکردنی هونەری شانۆیی قۆناغێکی ئاستەم و پڕ زەحمەت بوو و زۆرێک لە کێشەی سیاسی بۆ شانۆکارە بە هەڵوێستەکان خوڵقاند، ئەمەش بەهۆی بوونی ڕژێمێکی دڕندەی وەک بەعس. تۆ یادەوەرییەکانت لەگەڵ ئەو قۆناغەی ئیشکردندا چۆن بووە و تا چەند سانسۆر و ستەم تەنگی پێ هەڵچنیبوویت و وەک من ئاگادار بم و بۆیان باس کردبم لە یەکێک لە نمایشەکانتان لە سلێمانی، کە چەند ڕۆژێکی نمایشیش مابوو تۆ لەدەست ڕاوەدوونانی پیاوانی ڕژێم هەڵهاتیت بۆ شاخ، ئەمە لە کاتێکدا کە دەرهێنەری شانۆگەرییەکە بوویت، دەکرێت بە ووردی باسی ئەو قۆناغانەی شانۆ و ژیان لە سایەی ئەو سانسۆرەمان بۆ بکەیت؟**

-زۆرینەی هونەرمەندانی کورد، کاری هونەری پیشەی سەرەکیان نەبوو، بەڵام لەپاڵ بەهرە و توانایاندا و خۆشەویستییان بۆ هونەر و وڵات و گەلەکەیان، زۆربەی کات و توانایان بەبێ بەرامبەر بۆ خزمەتکردن بە گەل و نیشتمان لە بواری هونەردا تەرخانکردبوو. ئەم لەخۆبووردن و چوونە پێشەوەیە هیچی لە گیانی پێشمەرگایەتی لەو سەردەمانەدا کەمتر نەبوو. هەر خاوەن هەڵوێستێک بە جۆرێک لە جۆرەکان خزمەت و



دڵسۆزی و لەخۆبووردەیی لە پێناوی رۆشنبیر و خاوەن هەڵوێست بوون، شانۆکاران توێژاڵێکی رۆشنبیر و خاوەن هەڵوێست بوون، بەکارەکانیان شانۆیان کردبووە مەڵبەندی هۆشیاریی بەگژداچوونەوەو تینوگڕدان بە گیانی شۆڕگێڕانە و خۆ بەدەستەوەنەدان. لە ناوەندی هەفتاکانەوە تاکو دەمەدەمی رۆژانی راپەڕین، شانۆ نزیکترن سەنگەری بەگژداچوونەوەی داگیرکەران بوو، وەنەبێت دوژمنیش هێندە گێل بووبێت و هەستی بەو مەترسییەی شانۆ و شانۆکاران نەکردبێت، بۆیە هەمیشە لەژێر چاودێری و فشاردا بوون و بەشێکی تایبەت لە دەزگا سیخورەکانیان بۆ سانسۆرکردنی ئەم بوارە تەرخان کردبوو، هیچ کارێکی هونەری نەدەتوانرا بخرێتە سەر شانۆ ئەگەر بهاتایە و مۆڵەتی ئەوانی وەرنەگرتایە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرکات لە رۆژانی پرۆڤە و تاکو ئامادەی پێشکەشکردنی دەکرا دوورونزیک لەژێر کۆنترۆڵدا بوون. هونەرمەندان هەموو ساتێک مەترسیی ئەوەیان لەسەر بوو کارەکانیان پێ داخەن، یاخود خۆیان لەسەر کارە هونەرییەکانیان راپێچی لێپرسینەوە و زیندان بکرێن. زۆر لە هونەرمەندان کەوتوونەتە بەر لێپرسینەوەو چەندین جۆر هەڕەشەی ترسناک و سووکایەتی پێکردن، زۆینەی ئەو تێکستانەی پێشکەشکراون، بە جۆرەها حیلەی هونەری و ئەدەبی لەژێر دەست و مشتی سانسۆردا رزگاری بووە، بەش بەحاڵی خۆم چەندین جار بانگێشەی لێپرسینەوە کراوم و بە جۆرەها شێواز لێکۆڵینەوەیان لەگەڵمدا بەکارهێناوە. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی بە بڕیاری دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار دەستیان لەکار پێ کێشامەوە، کاتێک کە وەک مامۆستایەک لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی بەشی شانۆ وانەم دەگوتەوە، لە وەڵامی بەشەکەی تری پرسیارەکەت: بەڵێ تەنها لە یەکێک لە نمایشەکانمدا نەبووە کە پیاوانی رژێم بە دەستەڵاتی خۆیان مامەڵەیان لەتەکدا کردووم ناچار کرام شانۆ و شار جێبهێڵم و روو لە شاخ و بەرەی شۆڕش بکەم. هەر لە قۆناغی خوێندندا لە پۆلی چواری ئەکادیمیا بووم لە بەغدا، لە شانۆییەکمدا لە هۆڵی کۆمەڵەی رۆشنبیریی کوردی بە ناوی (بەندی و شێتخانە)وە بوو، لە چوارەم رۆژی نمایشکردندا بووین، یەکێک لە چڵکاوخۆرانی دوژمن بەناو سەرۆکی کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی بوو، سەرۆکی پارتێکی کارتۆنیی کوردی سەر بە رژێمی گۆڕبەگۆڕیش بوو، پاش ئیهانەکردنێکی زۆر و هەڕەشەی تۆقێنەرانە، فەرمانی راگرتنی شانۆییەکەیدا ئەگەر بێتو وتەیەک نەنووسم و ستایشی رژێمی تێدا بکەم، بەڵام سەرم بۆ داواکەی نەدا و ئەویش زۆر بە بێشەرمانە هەڕەشەی زیندانیکردنی لێ کردم، بەڵام هاوڕێی نووسەرم (مەحمود زامدار)ی خوالێخۆشبوو بە هەڵوێستی مەردانەی خۆی قوتاری کردم.

پاشان لە کۆمەڵی هونەرەجوانەکانی کورد، شانۆیی"دایک"ی برتۆلت بریشتم هەڵبژارد بۆ کارکردن، برای نووسەر (حەمەڕەشید هەرەس) وەری گێڕابووە سەر کوردی و شیعری کۆرسەکانیش مامۆستا (ئەحمەد سالار) نووسیبوویەوە، پاش ناردنی بۆ مۆڵەت وەرگرتن، لەلایەن لێپرسراوانەوە بە بڤە وەڵامی هاتەوە و زۆریش ترسیان دایە بەرم، لەبەر ئەوەی وەک لاوێک ئەو جۆرە شانۆییانە بۆ کارکردن هەڵدەبژێرم، پاش ئەویش شانۆیی (دوژمنی گەل) نووسینی نووسەری نەرویجی (هەنریک ئەپسن) و محەمەد فەریق حەسەن وەری گێڕابووە سەر زمانی کوردی، بۆ تیپی شانۆیی سالار بەنیازبووم کاری تێدا بکەم، بەڵام وەڵامی ئەویش بە نەگەتیف هاتەوە، بەڵام ئەم شانۆییە بۆ من هێز و توانایەک و خولیایەکی مەزنم بوو، بۆیە کۆڵم نەدا و لەتەک مامۆستا ئەحمەد سالاردا بە دوای رێیەکی تر کەوتین، کە ئەویش پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بوو،

60



وەک بەرهەمی ساڵانەی پەیمانگە.
لەوێ مامۆستا و قوتابی پێکەوە توانیمان پێشکەشی بکەین، بەڵام دیسانەوە پاش سێ رۆژ نمایشکردن، بە بیانووی جەنگی ئێران–عێراق خۆی خزانووەتە سەر سنوورەکانی ماوەت–چوارتا، ئەویشیان پێ وەستانم، هەرچەند یەشتا جەماوەرێکی زۆرمان هەبوو، ئەوانیشمان لێ دڵگران بوو بوون. هەروەها چەند ئەزموونێکم لەتەک قوتابیاندا لە پەیمانگە کرد، مەبەستم بوو هونەرمەندان و دانیشتووانی شارەکەم ببینن، بەڵام ئیدارەی پەیمانگە، کە پیاوێکی جەلادەکان عەمیدی بوو، پێی راگرتم و پێی راگەیاندم: بۆم نییە هیچ کەسێک لە دەرەوەی پەیمانگە بێت بۆ تەماشاکردنی.
دوا شانۆیشم کە بە تەواوی تێیدا نارەحەت کرام و ناچار بووم دوای دوو رۆژ لە نمایشکردنی شانۆییەکە روو بکەمە شاخ، ئەویش شانۆیی (سەرەتا لە کۆتایدا بوو)، ئەم شانۆییە، بریتییە لە شانۆیی (گەمەی خۆشەویستی و شۆڕش) لە نووسینی فەرحان بولبول و وەرگێرانی برای نووسەرم تۆفیق عەبدول.. بەڵام لەبەرئەوەی ئەویش لەلایەن سانسۆرەوە وەڵامەکەی بە نەخێر هاتەوە.. لەتەک مامۆستا ئەحمەد سالار رێککەوتین من کەمێک دەستکاریی بکەم و بە ناوێکی ترەوە کە (سەرەتا لە کۆتایدا بوو) بە ناوی مامۆستا ئەحمەد سالارەوە دیسانەوە بینێرینەوە بەو شێوەیە توانیمان مۆڵەتی کارکردنی تێدا وەربگرین. لە رۆژانی کارکرندا بوو وەک دەرهێنەرێک چەندین جار لەلایەن دەزگا سیخۆڕییەکانی دەوڵەتەوە بۆ لێکۆڵینەوە بانگ کرام. مەترسییەکی گەورە نەک تەنها لەسەر خۆم، بەڵکو لەسەر تێکڕای خێزانەکەشمان هەبوو. تاکە ئاواتم لەو رۆژانەدا تەنها ئەوەندەم دەرفەت بمێنێت بۆ پێگەیاندنی ئەو شانۆییەم و بتوانم ئاپۆرەی جەماوەر لە دەوری ببینم، لەبەر ئەوەی شانۆییەکە بەشێوەی بازنەیی پێشکەش کرا.. ئەوە بوو توانیم و پێداراگەیشتم تەنها دوو شەوی پێشکەشکردنی ببینم و خۆم قوتار کرد.
گرنگیی ئەو شانۆییە لەوەدا بوو سەرەتای ئەنفال و قاتوقڕی گوندەکانی نزیکە دەستی شار دەستی پێکرد بوو، زۆرینەیان بەر شاڵاوی بۆردوومانی کیمیاوی و کاولکاری کەوتن، هەرچەند رۆژانێکی رەش بوو، بەڵام هزر و هێزی دابووە رۆشنبیر و هونەرمەندی کورد، جەماوەری شانۆییەکە، بە جارێک رق و بێزاریی خۆیان دابووە دەم رووداوی شانۆییەکە و داوا و خواستی دوادیمەنی شانۆییەکە، کە داوایان دەکرد: بەسە راپەڕن. وا خاک و خوێن تێکەڵ بوو.. جەستە تەنها بارمتەکراوێکی ئەو رۆحە داخکراوە نەبێت چیتر نییە، دەبێ ترس لە بەری خۆڕاگرتندا برەوێتەوە.. خەڵکینە بۆ خوا و خاک و ویژدان راپەڕن و دەستتان لەسەر دەنگی تاساوتان لادەن..هتد...

***سەردەمانێک لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بەشی شانۆ مامۆستا بوویت، روخسارە گشتییەکانی کەشی خوێندن و ئەزموونی مامۆستایی خۆت لەو پەیمانگەیە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

–ئەگەرچی ماوەی رێپێدانم لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان وەک مامۆستایەک هێندە زۆری نەخایاند، تەنها چوار ساڵ بوو، وەکو پێشتریش ئاماژەم پێدا، لەبەر ئەوە بوو ئامادە نەبووم وەک هونەرمەندێک سەر بۆ بڕیاری دوژمن بدەم و لە یەکێک لە مۆڵگە و سەربازگەی جەیش شەعبیدا خۆم بەو بەرگە دۆڕاوەوە ببینم، بە بڕیاری دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار نەک تەنها لە پەیمانگە، بەڵکو بڕیار درا لە هیچ دەزگایەکی دەوڵەتیشدا نەتوانم کار بکەم.
لەگەڵ ئەو تەمەنەی لەگەڵ قوتابیانی پەیمانگەدا بردمانە سەر تاقیگەیەکی باش بوو.. لە گەلێک لایەنی وانەوتنەوە و کارکردنەوە شێوازی جودا جودام هەبوو. لەوەیە لێرەدا

دەرفەتی ئەوە نەبێت کەمێک باس لەو شێوازانە بکەم، کە هەوڵم لەگەڵیدا دابوو.. لە دەرفەتێکی تردا حەز دەکەم بە وردی باسیان لەسەر بکەم. بەگشتیش لەو ساڵانەدا پەیمانگە لە رووی چۆنیەتییەوە، کۆمەڵێک گەنج و مامۆستای دڵسۆز رۆژانی خوێندن و کارکردنیان بە هەزار دەردەسەری بەسەر دەبرد.

پەیمانگە تەنها مەڵبەندی خوێندن نەبوو، بەڵکو ناوەندی دروستکردن و پێگەیاندنی دەستەیەک لە لاوی هەڵچووی شۆڕشگێڕ و پڕتوانا بوو..لەوێ زۆر توانای هەمەجۆر وەک خونچەی نوێ هەست پێ دەکرا. لەگەڵ هەموو ئەو فشارەی لەسەر گشت لایەک هەبوو، دڵسۆزی بۆ پیشەکەمان وای لێکردبووین، گوێ نەدەینە بوونی ئەو ترس و بەرهەڵستانە. هەمیشە مامۆستا و قوتابی، پێکەوە لە یەک پۆلی خوێندن و سەنگەری بەرگریدا بۆ خۆبەدەستەوە نەداندا بوون.. لەو ساڵانەدا گەلێک ئەزموونی جوان و ڕاهێنانی بەسوود گەیشتە جێی خۆی.. گەورەترین خاڵ لە پەیمانگەدا بریتی بوو لەوەی مامۆستا و قوتابی یەک دەستەیی و یەک هەڵوێست بوون. دەرچووانی ئەو ساڵانە توانییان رۆڵی باش و بەرچاو لە کارەکانی تیپە شانۆییەکاندا ببینن، تەنانەت لە دامەزراندنی تیپی سالاریشدا، پشتئەستوورییەکی زۆرمان بەو کۆمەڵە گەنجە هەبوو، هەموو پێکەوە شەونخونیمان لە بونیادنانی کارەکانماندا دەکرد. هەر ئەوەش بوو ئەو رۆڵە جوانەی بە تیپی شانۆی سالار بەخشی و لە سەرتاسەری کوردستاندا رۆڵی دیار و بەرچاوی هەبوو..بە راستی دووبارە دەیڵێمەوە، پێویستە تیپی سالار بە ئەمەکانە، مامەڵە لەتەک ئەو کۆمەڵە هونەرمەندانەدا بکات، کە لە رۆژانی دامەزراندنییەوە پشتگیر و پشتئەستوری پلان و هەنگاوەکانی تیپ بوون.. هەر ئەوانیش بوون لە بونیادنان و پێشکەشکردنی خەرمانەیەک بەرهەمی زۆر سەرکەوتوو، بەبێ ئەو توانایانە، تیپی سالار نەیدەتوانی بگاتە ئەو لاپەڕە پرشنگدارە هونەرییەی تاکو ئەمڕۆش شانازیی پێوە دەکرێت. لەو کارانە: (کوێر ئۆغلی، سەرەتا لە کۆتایدا، نالی و خەونێکی ئەرخەوانی، شار، بەرەوخۆر و..هتد).

*** جگە لە بواری دەرهێنانی شانۆیی، خاوەن ئەزموونێکی باشی نووسینی تێکستی شانۆیت، ئەو ئەزموونانە و خۆ لە قەرەدانی نووسینی شانۆیی بەتەنها حەز بوو یان وەک هاوکارییەک بووە لە رەوتی شانۆی کوردی، بەوەی زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە شانۆی کوردی بە درێژایی قۆناغەکانی خۆی لە نەبوونی تێکستی خۆماڵیدا ژیاوە، تۆ ئەم بۆچوونانە چۆن لێکدەدەیتەوە، ئایا بزافی شانۆی کوردی بێ تێکستی شانۆی خۆماڵی گوزەری کردووە؟**

-لە بواری نووسینیشدا بەڵێ تاقیکردنەوەم هەیە، بێ لە تێکستی شانۆیی پتر لە بیست چیرۆکیشم نووووسیوە، هەروەها رۆمانێکیش و چەندین وتاری شانۆیی و لێکۆڵینەوەم لەبارەی شانۆوە نووسیوە..پتر لە پانزە تێکستی شانۆییم نووسیووە و زۆرینەشیان لە بڵاوکراوە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە.. هەروەها شانۆییەکم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی و لە ساڵی 1996دا لە پاریس لەلایەن تیپێکی شانۆیی فەرەنسی لە دەرهێنانی د.شوان جافەرەوە خراوەتە سەر شانۆ. دوو شانۆیشم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی. هەروەها خۆم لە ناوەندی کۆڕی رەخنە و لێکۆڵینەوەی شانۆیی تاقیکردۆتەوە و تاکو ئێستا پێنج کۆڕی تایبەتم بۆ ئەو بوارە بەستووە.. لەو شانۆییانەش کە کۆڕی هونەری و ئەدەبیم لەسەر کردوون لەوانە: شانۆیی (میراتی)، لە نووسینی قاسم محەمەد و وەرگێڕانی حەمە رەشید هەرەس.. لە کارەکانی کۆمەڵی هونەرەجوانەکانی کورد، مەڵبەندی گشتی لە سلێمانی. شانۆیی (بەرەو خۆر) نووسینی ئەنوەر قادر رەشید،

## شانۆ



دەرهێنانی ئەحمەد سالار، کە بۆ خۆم یاریدەدەری دەرهێنەر و هەم ئەکتەر و بەڕێوەبەری بەرهەمیش بووم. شانۆیی (غۆرێللا) نووسینی یۆجین ئۆنێل و وەرگێڕانی نووسەر شێرزاد حەسەن و دەرهێنانی هونەرمەند شەماڵ عومەر و..هتد.

لەمەڕ پێناسەی شانۆ و بوونی شانۆی تەواودا، بوونی بابەت و تێکستە، بەبێ بابەت و تێکست بوونی شانۆ مەحاڵە، تەنانەت لە شانۆی ناماقوڵ و عەبەسیشدا، مادام ناونیشانی شانۆیی هەیە، بێگومان بابەت وجودی هەیە، با بابەتێکی بێ سەروبەر و بێ ئاکامیش بێت، گرنگ رووداو و بەڕێچوونی ئەو بابەتەیە، ئیدی بەهەر ئاقارێکدا دەچێت و هەر بوونێکی هەبێت ئەوە بابەتێکی ترە، گرنگ ئەوەیە بابەت بوونی لە شانۆدا دەبێ هەبێت، ئەو بابەتە دەبێتە بنەچەی دامەزراندنی تێکست، دەرهێنەریش ئاکامی چۆنیەتیی ئەو تێکستە دەگەیەنێت. واتە تێکست دەبێتە خاوەنی بنچینەی سەرەکی لە بوونیادنانی شانۆیەکی تەواودا. شانۆی کوردیش پێویستی بە تێکست هەیە.. گرنگ نییە بابەت چییە، قسەمان تەنها لەسەر زەروورییەتی بوونی تێکست خۆیەتی. پرسیارێک دێت دەڵێت مانای تێکستی خۆماڵی چییە؟! بە ڕای من نووسەرێکی کوردی چ بابەتێک هەڵدەبژێرێت دەبێتە بنچینەی داڕشتنی تێکستەکەی، ئەو تێکستە خۆماڵییە.. نووسەری کورد بۆ کورد دەنووسێت. گرنگ ئەوەیە ئەو نووسەرە چۆن دەتوانێت جێی ترادسیۆنە کوردیەکە لە یەکەکانی پێکهاتە درامییەکە جێ بکاتەوە. فەرهەنگی کوردی فەرهەنگێکی گەلێک دەوڵەمەندە، زۆرجار بەرگوێم دەکەوێت قسەوباس لەسەر لاوازی فەرهەنگی کوردی دەکرێت.. ڕاستە ئێمە فەرهەنگی زانستیمان لە ئاستی داوای سەردەمدا نییە. بەڵام فەرهەنگی کولتووری و زمان و کارەسات و مەرگەسات و داستان و حیکایەت و یاری و مەزاق و کولتوورێکی فرە لایەن و کەلەپوورێکی باڵکێشراو بە چەندین پارچەوە.. ئەمانە هەموو بازنە و خەرمانەیەکی پڕسوود و پڕسۆز و پڕ هونەر و پڕ هۆنینەوەو دەستڕەنگینین، بەڵام نووسەری بە سەلیقە لە هۆنینەوەیاندا دووپاتی دەوڵەمەندیی ئەو فەرهەنگە دەکاتەوە.

تەنها بۆ نموونە (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) دیقەت لێبگرین، یەکەی نووسینەکە، بۆ خوێنەوار هیچ بنەمایەکی درامیی نییە، بەڵام دەرهێنەری نووسەر کە خاوەنەکەیەتی، لە کولتووری خۆیدا دەژی و ژیارانە تێی گەیشتووە، لە کاتێکدا لەسەر شانۆ پێشکەش کرا، بینیمان نالی چۆن بە ئاراستە کراوی بەدەم ئازاری شەقامی ئەمڕۆی کوردییەوە وەک تەیرێکی دابڕاو لە رۆژگارێکی پڕ شەرم و تەریودا باڵە فرەیەتی. بە توانای شیعرەکانی رتواڵێکی تری نەبەزیوی مێژوویمان دەکاتەوە بە گڕ رۆحی تۆراوماندا.. ئەو ڕۆحە تۆراوانەش ئەسیری ویژدانێکی تری داپڵۆسینن.. بڕوانن لە هەڵبژاردنی چەپکێک شیعر، چۆن رۆحی ململانێی دراماکە خۆی نیشان دەداو..زۆر بە هیۆرانە هەست بە ململانێ دەکەیت، ئەو بەرەنگاربوونەوە وێنە شیعریانە لە بۆتەی هونەریدا سەنگێکی هێندە مەزنی بۆ خۆی خوڵقاندووە، زەبری هەر وشەیەکی پڕ بە دەنگی ناپاڵمێک لە ناخماندا هاتوچۆیەتی، ئیتر چۆن دەتوانین بڵێین تێکستی خۆماڵی لە ناو ماڵی کوردەوە، دەردی دەروونی کورد ناپەڕێنێت؟! شانۆی تەواو مەرج نییە بابەتەکەی خۆیی بێت، گرنگ ئەوەیە شانۆییەکە لەسەر خواستی تەواوی دراما بونیاد بنرێت. ئەمڕۆ لابورە شانۆییە جیهانییەکان، لە فەڕەنسا بێت یان ئەڵمانیا.. یان لای هەر هونەرمەندێکی خاوەن دەسەڵات بێت، جیهان دەکەنە تێکستیان، ئەوەتا زۆرینەی میتۆد و ئاهەنگە میللی و بۆچوون و داستانە ئایینییەکان بوونەتە

کەرەسەی خامی داڕشتن و داهێنانە نوێیەکانیان.. ئەوانە عەودالّی وەڵامن بۆ گرێ مرۆییە تاکی و دەستەییەکان. ڕۆح لە گۆڕاندایە. متمانە نەبوون بە ژیان و گۆڕانە ئەلکترۆنییە بە پەلەکان، تێکرا مرۆڤ و مرۆڤایەتی سەرقاڵ کردووە.. نامەی هونەریش، خولیایەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەندێشە و گەیشتن بە ڕاستیەکانی ژیان. کاتێک ئەرستۆ هەوڵی دەدا، سەرجەم بۆ گەیشتن بە زانینی هەق بوو.. بۆ خۆی ددانی نا بەو ڕاستییەدا کە وتی نەمتوانی بگەم بەوەی بزانم هەق چییە و هەق بە کێیە. دوای ئەویش ئەفلاتون وەکو قوتابییەکی ئەو هەر بە دوای دۆزینەوەی ئەو هەقەدا گەڕا.. توانیی بەوە بگات بڵێت هونەر هەقێکە و خاوەنەکەی هونەرمەندە، بەڵام ئەویش سێبەری ڕاستەقینەی خودی مرۆڤ خۆی نییە. ئا لێرەوە دەتوانم بڵێم لە هەر کوێی ئەم جیهانەدا زۆرداری و چەوساندنەوە هەبێت و ژیان لە مرۆڤی تر لەنگ و تەنگ بکات، هەمان مەفهومی هەیە و لەهەر کوێ ئەو بابەتە ببێتە تێکستێکی شانۆیی هەمان مەبەست و بەگژاچوونەوە دەخوازێت.. واتە بابەت هەیە هەموو زمانێک دەتوانێت پێی بنووسێت و خۆی بە خاوەنی بزانێت، بابەتیش هەیە سەرچاوەکەی سنوردارە و مۆرکی ئەو گەلە هەڵدەگرێت.

هەر سەردەمێک لە مێژووە کورتەکەی شانۆی کوردیش وەربگرین، بەبێ بابەت نەبووە، لەوەیە بابەتە هەنوکی و سەردەمی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ..هتد، بووبێتنە بنچینەی داڕشتنی شانۆییەکە. لەنگی و ناکامڵی لە بنەمای داڕشتنی تێکستێکی تەواودا، گومانی تێدا نییە لەنگیش دەدات بە هونەرەکە، واتە خۆی بە کاڵوکرژی نیشان داوە، بەڵام کاتێک نووسینی نووسەرە جیهانییەکان کەوتنە دەست هونەرمەندی کوردەوە، شانۆکارانی بە زانستێکی تری قوڵتر ئاشناکرد، بێگومان ئەمە کاری کردە سەر نووسەری کوردیش و لە داڕشتنی نوێدا، تاووگوڕێکی تریاندا بە ڕووخسار و ناوەڕۆکی شێوازی نووسین. بەڵام بە ڕای من لە سەرەتای هەفتاکانەوە



**کەمال هەنجیرە و ئەحمەد سالار**



## شانۆ



نووسەری تێکستی شانۆیی پەی بە هەموو لایەنە پێویستەکانی دارشتنی شانۆیی کردووە. لەو سەردەمەوە، کە دەڕوانینە نووسینە درامییەکان لە زۆربەیاندا تووخمە سەرەکییەکان دەبینیت، وەکو کارەکتەرەکان و دیاریکردنی هەردوو هێزی ململانێ و مەبەست لە دارشتنی ئەو نووسینە و تێپەڕبوونی ڕووداوەکان، وەک سەرەتایەک و (برۆلۆجێک) و پاشان بەرەو هەڵچوون بەگژداچوونەوە و.. پاشان بەرەو ئاکام و کۆتایی. بە تەواوی هەست بە جۆرەکانی دراما و شانۆ دەکرا..پاشان گرنگترین خاڵی نووسینی تێکستێکی شانۆیی (پاش هەڵبژاردن) بریتییە لە دارشتنی توخمی ڕاکێشان و وروژاندن.. ئەم خاڵە گرنگانەش وردە وردە هەست پێ دەکرا، بەتایبەت لە نووسینەکانی نووسەر "فوئاد مەجید میسری"دا. زۆر بە تەواوی لە (خەج و سیامەند)دا بەدەرکەوت. بۆیە لە پێشبڕکێیەکی زانکۆکانی عێراقدا بەشداریی کرد و پلە و خەڵاتی یەکەمی پێ بەخشرا.

دەبێ ئاماژەش بەوە بدەین، هۆکارەکانی دواکەوتنی تێکستی تەواو دارێژراو لەسەر بنەمای درامیی گونجاو، بریتین لە:

*تەمەنکورتیی شانۆیی کوردی.

*لەبەرچاوگرتنی دابونەریتی کۆمەڵگە لە دارشتندا.

*نائاسایی باروگوزەرانیی ژیانی نووسەر و هونەرمەند. کە بوونەتە ڕێگرێکی تەواو لە بەردەم هەوڵوتەقەلا و خۆ دروستکردن و داهێنان.

*بوونی داگیرکەران و کاولکاری و قاتوقڕی.

*بوونی سانسۆری جۆربەجۆر لە بەردەم نووسەردا.

*نەبوونی دەرگای کراوە، لە بەردەم ڕۆشنبیری کوردا بۆ خۆپێگەیاندن لە ڕووی زانست و ڕۆشنبیری و خوێندنی باڵاوە.

*تێگەیشتن و ئاستی هوشیاریی تاک و کۆمەڵگەی کوردیش ڕێگرێکی تر بوون، لە بەردەم قبوڵ و ڕەفزی نووسەری کوردا.

*نەبوونی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی بڵاوکراوە بۆ پشتگیری لە نووسەری کورد.

لە تەک ئەمانەشدا ناتوانین بڵێین، ئێمە تێکستی باشمان نییە، یاخود نووسەری شانۆییمان نییە، بزاڤی شانۆی کوردی، لەتەک تەمەنکورتییەکەیدا، هاوشانی شانۆکارانی دەرودراوسێ، بووەتە خاوەنی زەخیرەیەک لە تێکست و کاری باشی کوردی و جیهانی..زۆر جار کارە هونەرییەکان بوونەتە هۆی کەڵکگەیاندن بە بینەر و ناچاری کردوون هەوڵ و تەقەلای ئەوە بدەن بە دووی زانست و شارەزایی بواری نووسین و ژیانی نوێ بکەوون.

ئەو دەمەی شانۆیەکی شکسپیر پێشکەش دەکرا ئەو دەمەی (ئادابا) بە کوردی کەوتە بەر دەستی خوێنەر.. ناچاربوون زێدەتر بە دووی ئەدەبیات و نووسینەکانی شکسپیر و ڕووداوە مێژوویی و بۆچوونە فکری و ئاینییەکان بکەون، بینەری کورد زۆرینە ئارەزوویان بەوە نەدەکرد بە گێلی بچنە هۆڵی شانۆکان. ئەو دەمەی (دوژمنی گەل) و (پۆنتیلاو ماتی) لەسەر دوو سیستەمی جیاواز پێشکەش کرا، بینەری شانۆیی بەرەو ئاقاری بیرکردنەوە و پێزانینی بوارە جوداکانی شانۆ برد.

ئەگەر تێکستی باش نەبوایە، شانۆی کوردی بەو تەمەنە کورتەشەوە، سەردەمی زێرینی بۆ خۆی دروست نەدەکرد و هیچی لێوە پەیدا نەدەبوو.. هەر ئەو پەیدابوونەشە چەندین پەیمانگای هونەریی لێوە دروست بوو.



بۆ ڕۆژی جیهانیی شانۆ...

# هەشت کتێبی شانۆیی
# دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم




**پانتایی بۆش و دەروازەیەک بۆ شانۆیەکی جودا**، کتێبێکە، نووسەر و شانۆکار، **دانا ڕەئووف** نووسیویەتی. بریتییە لە تێڕوانینێک لە ڕەوتی شانۆی **پیتەر برووک**، لە ڕوانگەی چەمکی پانتایی بۆشەوە. لێکۆڵینەوەیەکی ورد و هەمەلایەنەیە، دەتوانێت وەک سەرچاوەیەکی بەسوود بۆ فێرخوازانی شانۆ و هونەرمەندان سوودی لێ وەربگیرێت، چونکە هەم دانەرەکەی کەسێکە، سەرقاڵی دنیای شانۆ و هونەرە، هەم خودی لێکۆڵینەوەکەش پشتی بە چەندین سەرچاوەی گرنگ بەستووە.

**دانا ڕەئووف**، لێکۆڵینەوەکەی بە سەر هەشت بەشی سەرەکیدا دابەش کردووە و بۆ هەر بەشێکیش چەندین تەوەرە و ناونیشانی فەرعیی داناوە و قسەیان لە بارەوە دەکات. نووسەر لە دەستپێکدا، ئاماژە بە دنیای **برووک** دەکات و بەم شێوەیە وەسفی دەکات: "ڕەوتی شانۆی هونەرمەند و ریژیسۆری جیهانی، **پیتەر برووک**، زیاتر لە شەست ساڵە، شەست ساڵی ڕەنگاوڕەنگ و پڕ لە ئەزموون و داهێنان، شەست ساڵی دەوڵەمەند لە بوارەکانی شانۆ، ئۆپێرا، سینەما، لێکۆڵینەوە، نووسین و گەشتی جۆراوجۆر." دیارە کاریگەرییەکانی **پیتەر برووک** بە سەر شانۆی هاوچەرخی جیهانییەوە فرەڕەهەندە. هەموو سنوور و بەربەستەکانی شکاندوون و توانیویەتی مێژوویەکی نوێ بۆ شانۆی جیهانی بخولقێنێت، ئەڵبەت هەوڵەکانی **برووک** لە هیچوخۆڕایی و لە بۆشاییەوە سەرچاوەیان نەگرتووە، بەڵکو ئەزموونی ئەو بە بەردەوامییەکی ئاسایی مێژوو و ڕەوتی شانۆیی جیهانی دادەنرێت. ئەزموون و شانۆی **برووک**، شتێکی خۆڕسک و لەخۆوەدروستبوو نییە، بەڵکو شانۆی **برووک** بە شێوەیەکی پتەو لە سەر ئەزموونی شانۆکارانی هەزارەی ڕابردوو بنیاد نراوە و (ستانیسلاڤسکی، مایر هۆڵد، گۆردن گریک، ئارتۆ و برێخت) سەرچاوەی بەپێزی فیکری و ئیستاتیکیی ئەم هونەرمەندەن.

بە کورتی، ئەم کتێبە هەر وەک **دانا ڕەئووف** خۆی لە پێشەکییەکەدا ئاماژەی پێ داوە، دەرگەکردنەوەیەکی نوێیە بە ڕووی دنیای **بروو**کدا. بەشەکانی ئەم کتێبە و ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە ستراکتۆرێکی نوێدا ڕێک خراونەتەوە، نووسەر لە باسکردنی نمایشەکاندا زیاتر قووڵ بووەتەوە و زمانێکی سادە و پاراوی بەکار هێناوە.




**ئێمە پارە نادەین! پارە نادەین!**، بریتییە لە شانۆنامەیەکی نووسەری ئیتاڵی، **داریۆ فۆ**.

**دلاوەر قەرەداغی**، لە سوێدییەوە کردوویەتی بە کوردی.

**داریۆ فۆ**، شانۆکار، دەرهێنەر، نووسەر، ساتیرنووس و چالاکوانێکی سیاسیی ئیتاڵییە و لە ساڵی 1997ـدا خەڵاتی نۆبڵی پێ دراوە.

**قەرەداغی**، لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا زیاتر **داریۆ فۆ**مان پێ دەناسێنێت، کە لە ساڵی 1924ـدا لە سانتیاگۆی وڵاتی ئیتاڵیا، لە خێزانێکی دژەفاشیزمدا لە دایک بووە. ساڵی 1940 چووەتە میلانۆ و لەوێ لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی برێرا وەرگیراوە. لە دوای جەنگ، لە زانکۆی تەلارسازی خۆی ناونووس کردووە، بەڵام خوێندنەکەی بە نیوەچڵ بەجێ هێشتووە. بە پێی ئەو زانیارییەی وەرگێڕ لە دەستپێکی کتێبەکەیدا نووسیویەتی؛ دایکی **فۆ**، ژنێکی ڕووناکبیر بووە و بەردەوام دیداری ئەدەبیی لە ماڵەکەی خۆیدا ڕێک خستووە، بەم هۆیەوە **داریۆ فۆ** هەر زوو بە نووسەرانی وەک برێخت، مایکۆڤسکی و لۆرکا ئاشنا دەبێت و ساڵی 1925 بە نووسینی مەنەلۆگ بۆ رادیۆ، لە دامەزراوەی تەلەفزیۆن و ڕادیۆی دەوڵەتی ئیتاڵیا (ئارِ ئەی ئای) دەستی بە کار کردووە. شانۆنامە سیاسییەکانی ئەو قۆناغەی ژیانی **فۆ**، موتوربە بوون بە ڕەخنەکردنی کۆمەڵگە، پاڵەوانانی ساختە، بیرۆکراسییەت و سیاسەتەکەنی ئەمریکا.

ئەم نووسەرە، هەمیشە یەکێک بووە لە نەیارانی سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەردەمەکەی خۆی و ئەو دانونەکولانەشی لەگەڵ دەسەڵاتدا، لە زۆربەی شانۆنامەکانیدا، کە بەردەوام سانسۆر دەکران، ڕەنگی داوەتەوە. هەر بە پێی زانیارییەکانی **قەرەداغی**، ساڵی 1969 **داریۆ فۆ** یەکێک لە شاکارەکانی بە ناوی (نهێنییەکانی کۆمیدیا) خستە سەر شانۆ. ساڵی 1997 لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵدا، بە **فۆ**، ئەکادمیای سوێدی لە ڕاگەیاندنەکەیاندا، سەبارەت بە بەخشینی خەڵاتەکە بە **فۆ**، ئەوەیان خستە ڕوو، **داریۆ فۆ** وەک گاڵتەگێڕەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، دەسەڵات دەکوتێ و بەها دەگێڕێتەوە بۆ ئەو شتانەی بێبەها کراون. بەرهەمەکانی **فۆ** بریتین لە: شەمشەمەکوێرەی گوند، سەرگوزەشتەی بەورەکە، ژنێک، کەس دژی گیاکەی دایکم ڕاناپەڕێ، ئێمە پارە نادەین! پارە نادەین!، میستێرۆ بۆفۆ، نیگارکێشێک کە بە دەگمەن بە تەنیا دێت، دایدالۆس و ئیکارۆس، تەرمێک بۆ فرۆشتن، حەوتەمین فەرمان– تۆ دەبێت شتێک کەمتر بدزیت، هەموو دزەکان بۆ دزی نایەن.




ئەم کتێبە، لە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە و تێکستی شانۆیی پێک هاتووە، کە لە لایەن کۆمەڵێک نووسەری جیهانییەوە، تایبەت بۆ منداڵان و مێردمنداڵان نووسراون. **ڕزگار کەریم سەعید** لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی.

نووسەرەکانی ئەم کتێبە، پێک هاتوون لە: ڕیناتا ئالین، جەیمس سۆندەرس، دی ئێم بۆکاس و لارسن.

کتێبەکە لە سەر چەند ئاستێک باس لە بەرهەمی هونەریی منداڵان و مێردمنداڵان دەکات. جێی ئاماژەیە، پێشتر لە کوردستاندا، شتێکی ئەوتۆ نەبووە، بە ناوی شانۆی مێردمنداڵانەوە، بە تایبەتی بۆ ئاستی پەروەردەیی.

جگە لە شانۆنامەکان، بەشێکی دیکەی کتێبەکە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی سەرنجراکێشی **ڕزگار کەریم سەعید**، کە لە بارەی ئەزموون و یادەوەریی خۆیەوە نووسیویەتی، وەک دەرهێنەرێکی شانۆی منداڵان لە ساڵانی هەشتایەکاندا، بە ناوی "ئەزموونی کارکردنم لە شانۆی منداڵاندا؛ لەم بەشەدا، **ڕزگار کەریم سەعید**، چەندین وێستگە و قۆناغ و باری کۆمەڵایەتی و هونەریی ئەو کاتەی کوردستان دەخاتە ڕوو.

سەبارەت بە وەرگێڕانی بەرهەمە شانۆییەکانیش، **ڕزگار کەریم سەعید**، لە زمانی یەکەمەوە وەری گێڕاون و هەڵگری ڕەهەندێکی پەروەردەیی و فەنتازین و کەسیەتیی زۆر جوانی مێردمنداڵانەیان تێدا بەرجەستە بووە.

شانۆنامەکانی ناو دووتوێی ئەم کتێبە، بریتین لە: نسکۆی سەگ- جەیمس سۆندەرس، هیچ کەسێک ناوبانگی نییە- دی ئێم بۆکاس، ئەو پیرەمێردەی حەزی لە پشیلە بوو- جەیمس سۆندەرس.




**مردووە بێ کفن و دفنەکان**، بریتییە لە شانۆنامەیەکی بەناوبانگی **ژان پۆل ساتەر**.

**وەلید عومەر** لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی و **د. محەممەد کەمال** پێیدا چووەتەوە.

ئەم شانۆنامەیە یەکەم جار لە ژێر چاودێریی **سیمۆن بریۆ** هاوڕێی نزیک و خۆشەویستی نووسەر، لە ساڵی 1946ـدا نمایش کراوە.

کەسایەتی و کارەکتەرەکانی ئەم شانۆنامەیە، بریتین لە: فرانسوا، سوربییە، کانۆریس، لوسی، هێنری، ژان، کلۆشە، لاندریۆ، پۆلرێن و کوربیە، لەگەڵ کۆمەڵێک کارەکتەری تر، کە ڕۆڵی پاسەوان دەبینن.

بە گشتی، شانۆنامەکە باس لە دنیای جەنگ و نەهامەتی و کارەساتە ڕۆحییەکانی جەنگ دەکات، کە تێیدا سروشتی مرۆڤەکان دەگۆڕێت و بەهای مرۆییان دادەبەزێت. لە پاش جەنگیش، ئاسەوارەکان زیاتر کاریگەریی خۆیان لە سەر شێوەی ژیان و هەڵسوکەت و پەیوەندییە مرۆییەکان دادەنێن و بە یەکجاری ڕیتمی ژیان دەشێوێنن.

لەم شانۆنامەیەدا، ڕوئیا و دنیابینیی **سارتەر**، زۆر بە ڕوونی، لە دیالۆگ و کەسایەتییەکانی شانۆنامەکەدا دەبینینەوە.




ئەم کتێبە، بریتییە لە حەوت تێکستی شانۆیی نووسەر و هونەرمەند **شەفیق محەممەد**.

تێکستە ناو دووتوێی ئەم کتێبە، بریتین لە "ئەم نمایشە بۆ قەدەغەیە؟، قەڵای دمدم، سمکۆڵانی ئەسپەشێ، دەمامک، گەلەگورگ، ڕێوی لە پێستی شێردا، هاوڕێی گیانداران".

لە نێو ئەم شانۆنامانەدا، کە زۆربەیان لە ساڵانی هەشتاکاندا نووسراون و نمایش کراون، دووانیان ئۆپەرێتی منداڵانن، کە بریتین لە "هاوڕێی گیانداران و ڕێوی لە پێستی شێردا".

ئەم بەرهەمانە زۆر بە قووڵی کاریان لە سەر بنەمای درامیی دەق کردووە و خوێنەر لە ساتی خوێندنەوەی تێکستەکاندا، هەست دەکات لە بەردەم دەقێکی تایبەتمەندی شانۆدایە، نەک چیرۆک و پەخشان و هەندێک جاریش شیعر. لەم شانۆنامانەدا، بە ڕوونی سیناریۆ و هێڵی دەرهێنانی دەقە شانۆییەکان دەبینرێن، ئەمەش هاندەرێکی باش و کاریگەر دەبێت، بۆ ئەو دەرهێنەر و فێرخوازانەی، لە داهاتوودا بە نیاز دەبن، کار لەم دەقانەدا بکەن.

یەکێک لە ئادگار و تایبەتمەندییەکانی ئەم نووسەرە، وەک لە تێکستەکاندا دەیبینینەوە، ئەوەیە، نووسەر بەردەوام هەوڵی داوە بە زمان و شێوازی خۆی بدوێت و بنووسێت، هاوکات، بە تەکنیکی زۆر جوانەوە هەوڵی ئامادەکردن و بەشانۆکردنی بەرهەمی نووسەرانی تری کوردی داوە، وەک دەقەکانی "قەڵای دمدم و گەلەگورگ".

چاپکردنەوەی ئەم دەقانە، لە ڕۆژگاری ئێستادا، کارێکی پێویستە، چونکە ڕەنگە بەشێکی زۆر لە نەوەی نوێ، بێئاگا بن لەم بەرهەمانە و بەرچاویان نەکەوتبێت.

دوو شانۆنامەی **فێرناندۆ ئارابال**

- هەموو بۆنەکانی عەرەبستان
- دوو جەلاد




ئەم کتێبە، لە دوو شانۆنامەی نووسەری بەناوبانگی ئیسپانی **فێرناندۆ ئارابال** پێک هاتووە، بە ناوەکانی **هەموو "بۆن"ـەکانی عەرەبستان** و **دوو جەللاد**.

**محەممەد قادر** لە فارسییەوە کردوونی بە کوردی.

سەبارەت بە تێکستی **هەموو "بۆن"ـەکانی عەربستان**، ئاماژە بەوە دراوە، دەشێت ئەم تێکستە لە سەر جادە نمایش بکرێت، هاوکات دەشکرێت بە شێوەیەکی ئاسایی، لە هۆڵێکدا نمایش بکرێت. نووسەر بە وردی و ڕوونی، ئێکسسوار و فەزای شانۆکەی لە تێکستەکەیدا دەستنیشان کردووە، کە لە سەرووی بینەرەکانەوە، لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر، پەردەیەکی خوێناوییان هەڵواسیوە، لە ناوەڕاستی پەردەکەدا پەڵەیەکی خوێن هەیە؛ کەم کەم بەرەو بەشەکانی پەردەکە دزە دەکات. لە ژێر پەردەکەدا بینەر دانەنیشتووە، بەڵام بەرمیلێکی لێیە، کە بە درێژایی نمایشەکە دڵۆپ دڵۆپ خوێن دەتکێتە ناویەوە. هاوکات ئاماژە بە بوونی کاتژمێرێک کراوە، بە دیواری ستەیجی نمایشەکەوە دیارە، لە ژێر ئەو کاتژمێرەدا هاوسەری ئەو پیاوەی، بە مەرگ حوکم دراوە، وەستاوە و جۆرە کڵاوێکی وەک کڵاوی تەلەفۆنچییەکانی لە سەر کردووە.

شانۆنامەی **دوو جەللادیش**، وەک لە تێکستەکەدا هاتووە، تەواوی نمایشەکە لە ژوورێکی زۆر تاریکدایە و زۆربەی دیالۆگ و ڕووداوەکانی نمایشەکە، لەوێدا بەرجەستە دەبن.

نووسەری ئەم دوو شانۆنامەیە، ئیسپانییە و لە وڵاتی فەرەنسا نیشتەجێیە. لە شانۆی پووچیدا پێگەیەکی گرنگی هەیە و زیاتر بە زمانی فەرەنسی دەنووسێت. ئەڵبەت تێڕوانینی **ئارابال** بۆ پووچی ئێجگار تازەن و بیرکردنەوەی ئەو لە سەر پووچبوونی یاسا ئەخلاقییەکان، چڕ بووەتەوە.




**فیزیای جەستە**، بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی نووسەر و شانۆکاری کورد، **فازیل جاف**، کە بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی. **کامەران سوبحان** و **عەبدوڵڵا مەحموود زەنگەنە**، لە عەرەبییەوە کردوویانە بە کوردی. **فیزیای جەستە**، سەرەتا بە عەرەبی، ساڵی 2006 لە وڵاتی ئیمارات چاپ کرا. ساڵی 2012 بۆ جاری دووەم و لەبەر گرنگیی کتێبەکە، لە دار ئەلمەدا چاپ کرایەوە. کتێبەکە لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە، دەربارەی **مییرهۆڵد** و ڕەوتی هونەری وەک یەکێک لە گەورەدەرهێنەرانی دنیا.

بە بڕوای **فازیل جاف**، ئەزموون و وانەکانی **مییرهۆڵد** لە بواری پەروەردەی ئەکتەردا، هاوشانی ڕێبازەکانی ستانیسلاڤسکییە، بەڵام ئەزموون و دەرەنجام، وانە و دەسکەوتەکانی ئەو لە بواری هونەر و تەکنیکی دەرهێنانادا، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، پێشەنگە و لە ڕووی کردەییەوە هەموو قەوارەیەک دەبەزێنێت. نووسەر لە پێشەکیی چاپە کوردییەکەدا دەڵێت: "ڕێبازی **مییرهۆڵد** لە ناوجەرگەی فۆرمە ڕەسەنەکانی شانۆی دێرینی ئەورووپایی و شێوازەکانی شانۆی ئاسیایی و دەستکەوتەکانی زانستی فیزیک و وەرزش و یاساکانی جووڵەوە سەرچاوەی گرتووە، هەر بۆیە چەشنی بەرهەمەکانی شکسپیر بایەخێکی گەردوونییان هەیە." **فیزیای جەستە**، ڕەهەندێکی قووڵی فکری و میتۆدیی سەردەمییانەی لە خۆ گرتووە و هاوکات کۆمەڵێک وینەی تێدایە، باس لە جووڵەی ئەکتەر دەکەن و لەم بەشانە پێک هاتووە: (ڕۆبێرت لیچ و فەزای شانۆیی لای **مییرهۆڵد**، کۆمیدیا چییە؟، لیچ باس لە پرۆژەی شانۆیی خۆی دەکات، بیومیکانیک وەک میتۆدێک لە ئامادەکردنی نمایشی شانۆییدا، فەزای شانۆیی لای **مییرهۆڵد**، پەیوەندیی نێوان بیومیکانیک و تایلۆریزم، دابەزینی شانۆ لە سەر دەستی ئەرستۆکراتییەکان) و چەندین باس و تەوەرەی دیکە. **مییرهۆڵد**، گرنگیی دەستکەوتەکانی لەوەدایە، ئەو یەکەمین کەس بوو، لە پراکتیزەکردنی بیرۆکە و شێوازە تیۆرییەکان، بۆ تێپەڕاندنی مەزهەبی سروشتی لە دەرهێنانادا، سەرکەوتنی بە دەست هێنا. لە ماوەیەکی درێژخایەن و تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش هەژموونی خۆی هەبوو. **فازیل جاف** لە پوختەی لێکۆڵینەوەکەیدا پێمان دەڵێت: "**مییرهۆڵد** پێی وا بوو، ئەوەی لە سەر شانۆ هەیە هەمووی جووڵەیە، جووڵەش بە تەنها نییە، بەڵکو هەستەکان و شتەکانیش جووڵەن و ئەمەش مەسەلەیەکی گەوهەرییە لە بیومیکانیکدا. بیومیکانیک لە خۆرئاوادا تەنها لە ڕووی تیۆرییەوە وەرنەگیراوە، بەڵکو بە کار هێنراوە و هەنووکەش زۆر بە پەرۆشی لە شانۆدا، وەک میتۆدێکی مەشقپێکردنی ئەکتەر بە کار دەهێنرێت، زۆر لە دەرهێنەرانی خۆرئاواش پەنایان بردە بەر ئەو سەرچاوانەی **مییرهۆڵد** میتۆدەکەی لێوە فەراهەم هێنا.




**مەرگی تراژیدیا**، بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی فرەڕەهەندی **جۆرج شتاینەر** لە بارەی چەمکی دراما و تراژیدیاوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە نۆ بەش پێک هاتووە و **پێشڕەو حوسێن** لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی. نووسەر لە بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەیدا باس لەوە دەکات، درامای تراژیدی ئەوە دەسەلمێنێت، قەڵەمڕەوەکانی عەقڵ و پرەنسیپ و دادپەروەری سنووردارن و هیچ پێشکەوتنێکی تەکنیکی و زانستی ناتوانێت پەرە بە کاراییان بدات. نامۆیی مرۆڤ بە دنیا، لە دەرەوە و لە ناخی مرۆڤەکاندا هێلانەی کردووە.

لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەی **جۆرج شتاینەر**دا، سەبارەت بە درامای تراژیدی، باس لەوە کراوە: "تراژیدیا، گێڕانەوەی ژیانی تایبەتیی مرۆڤێکی ئەفسانەیی، یان ئەو گەورە پیاوەیە، کە لەوپەڕی خۆشبەختییەوە بەرەو فەنابوونی یەکجارەکی دەڕوات و چارەنووسێکی کارەساتبار چاوەڕوانی دەکات!" بە بۆچوونی نووسەر، ئەم پێناسەیە زیاتر لە پێناسەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەچێت.

لە بەشێکی تری لێکۆڵینەوەکەدا، نووسەر ئاماژە بەوە دەکات، لە شانۆنامەی پۆمۆیدا، کرداری تراژیدیاکە لەو شێوازەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بە هۆیەوە کاراکتەرەکان پێگەیەکی گۆشەگیرانە و دابڕاو وەردەگرن و تا ساتی فەنابوونیان بەرامبەریان وەفادار دەبن. هەروەها دەڵێت: "شانۆنامەی پۆمپی، ئەوە دەردەخات، کە چۆن جوانیی ڕواڵەتی و لۆژیکیی بێپەردەی وشەسازیی شکۆمەند، دەتوانێت سووکترین و دڕندانەترین پیلانە سیاسییەکان پەردەپۆش بکات، یان وەک شانازییەک دەریان بخات."

بە گشتی، **شتاینەر** لەم لێکۆڵینەوەدا، بە وردی قسە لە بارەی کۆمەڵێک تێکستی شانۆیی جیهانییەوە دەکات، کە بە زمانی هۆنراوە نووسراون. بە لێکدانەوەی نووسەر ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە؛ ئەو پێی وایە بۆ ماوەی دووهەزار ساڵ، چەمکی هۆنراوە و تراژیدیا، دوانەیەکی لێکدانەبڕاو بوون. چەمکی تراژیدیای پەخشانئامێز چەمکێکی مۆدێرنە و ئەمەش لە لای هەندێک شاعیر و ڕەخنەگر، کارکردێکی ناتەبا و نەگونجاوە و نموونەی تراژیدیای یۆنانی دەهێنێتەوە، کە هەر لە سەرەتاوە، لە قاڵبی هۆنراوەدا نووسراوە، ئەم ژانرە ئەدەبییەش لە دابونەریتی کۆن و ماتەمگێڕی و ئاهەنگەکانەوە سەرچاوەی دەگرت.